# گرنگی
# دیاردە جوگرافیەکان

٧٥

*بوونی داتای تازەی 2012-2013
*پێناسەیەک (ناساندنی) دیاردەکان بەکورتی
*گرنگی دیاردەکان بەخاڵ
*بوونی دیاردە سروشتی و مرۆییەکان بەگشتی
*دیاردە سروشتی و مرۆییەکان لەهەرێمی کوردستان
*شیکردنەوەو گرنگی زیاتری دیارەدەکان بەنمونەوە.

نوسین و کۆکردنەوەی
مقداد علی ئەحمەد



کتێبخانەی (PDF)

# گرنگی دیارده جوگرافیەکان

# گرنگی دیاردە جوگرافیەکان

نوسین و کۆکردنەوەی
مقداد علی ئەحمەد

## سوپاس و پێزانین

- بۆ خوای گەورە کە تەمەنی پێ بەخشیم بۆ تەواو کردنی ئەم پەرتوکە.
- بۆ دایك و باوکی بەڕێزم کە هەمیشە هاوکار و یارمەتی دەرم بون لە سەرەتای ژیانمەوە تا ئێستا.
- بۆ بەڕێز مامۆستا (زانا) کە هاوکاری کردم لە تەواوکردنیدا.
- هەروەها بۆسەرجەم ئەو کەس و فەرمانگانەی هاوکاریان کردم.
- هەروەها بۆ بەڕێزان (هێمن کمال, زرنگ شاوەیش).
- بۆ بەڕێز هاشم و تەها کە ئەرکی تایپیان گرتە ئەستۆ.

# ناوه‌ڕۆك


| ناوه‌ڕۆك | لاپه‌ڕه |
| --- | --- |
| پێشه‌کی | ١٥ |
| به‌شی یه‌که‌م: گرنگی دیارده سروشتیه‌کان | ١٧ |
| ١- ده‌ریا و زه‌ریاکان | ١٧ |
| ٢- بازنه‌کانی پانی و هێڵه‌کانی درێژی | ٢٤ |
| ٣- چیاکان | ٢٧ |
| ٤- به‌رگه هه‌وا | ٣٣ |
| ٥- دابه‌ش بونی وشکانی و ئاوی | ٣٦ |
| ٦- چینه‌کانی هه‌وا | ٣٩ |
| (٦-١) چینی ترۆبۆسفیر | ٣٩ |
| (٦-٢) چینی ستراتۆسفیر | ٤١ |
| (٦-٣) چینی میسۆسفیر | ٤١ |
| (٦-٤) چینی ئایۆنۆسفیر | ٤٢ |
| ٧- هێزی ڕاکێشانی زه‌وی | ٤٤ |
| ٨- سوڕانه‌وه‌ی زه‌وی | ٤٥ |
| ٩- شه‌و و ڕۆژ | ٤٨ |
| ١٠- زه‌وی و گرنگی بۆ ژیان | ٥٠ |
| ١١- خۆر | ٥٣ |
| ١٢- تیشکی خۆر | ٥٥ |
| ١٣- پله‌ی گه‌رمی | ٥٧ |
| ١٤- قه‌باره‌ی زه‌وی | ٦٥ |
| ١٥- گازه‌کانی زه‌وی | ٦٦ |
| (١٥-١) گازی ئۆکسجین | ٦٨ |
| (١٥-٢) گازی نایترۆجین | ٧٠ |
| (١٥-٣) گازی هایدرۆجین | ٧٢ |
| (١٥-٤) گازی دووه‌م ئۆکسیدی کاربۆن | ٧٣ |
| (١٥-٥) گازی کاربۆن | ٧٥ |

| | |
|---|---|
| (١٥-٦) گازی ئۆزۆن | ٧٧ |
| ١٦- شێوەی گۆی زەوی | ٧٩ |
| ١٧- دەشتەکان | ٨٠ |
| ١٨- جیمۆرفۆلۆجی | ٨٥ |
| ١٩- کەش و ئاووهەوا | ٨٧ |
| ٢٠- هەرێمەکان | ٩٦ |
| ٢١- باران | ٩٨ |
| ٢٢- بەفر | ١٠١ |
| ٢٣- شوێنی جوگرافیا | ١٠٥ |
| ٢٤- شێ | ١٠٨ |
| ٢٥- خاك | ١١٠ |
| ٢٦- خاڵە گرنگە جیاکەرەوەکانی کوردستان و عێراق | ١١٤ |
| ٢٧- شوێنی جوگرافیا مەکە | ١٢١ |
| ٢٨- نەوت | ١٢٣ |
| ٢٩- گازی سروشتی | ١٢٨ |
| ٣٠- خەڵوز | ١٢٩ |
| ٣١- وزەی خۆر | ١٣٣ |
| ٣٢- پەستانی هەوا | ١٣٥ |
| ٣٣- بایەکان | ١٣٧ |
| ٣٤- ڕوەك (ڕوەکی سروشتی و دارستانەکان | ١٤٣ |
| ٣٥- بوررزو نزمی | ١٥١ |
| ٣٦- هەور | ١٥٦ |
| ٣٧- شەونم | ١٥٩ |
| ٣٨- چڕبوونەوە | ١٥٩ |
| ٣٩- جێگیر بوونی زەپۆش | ١٦٠ |
| ٤٠- نەوتی عەرەب | ١٦٠ |
| بەشی دووەم/ گرنگی دیاردە مرۆیەکان | ١٦٣ |
| (٤١-١) پرۆژەکانی گاپ و گرنگی بۆ تورکیا | ١٦٣ |

| | |
|---|---|
| (٤١-٢) گاپ و گرنگی لەسەر کوردستانی(عێراق و تورکیا) | ١٦٦ |
| ٤٢- کەناڵ و گەروەکان | ١٦٨ |
| (٤٣-١) کەناڵی سوێس | ١٧٤ |
| (٤٣-٢) کەناڵی پەنەما | ١٧٧ |
| (٤٣-٣) کەناڵی کیل | ١٨١ |
| (٤٣-٤) گەروی هورمز | ١٨٣ |
| (٤٣-٥) گەروی جەبەل تاریق | ١٨٥ |
| (٤٣-٦) گەروی بابل مەندەب | ١٨٦ |
| ٤٤-بەندەرەکان | ١٨٧ |
| ٤٥- بەست و بەنداو | ١٩١ |
| ٤٦- پیشەسازی | ١٩٦ |
| ٤٧- کشتوکاڵ | ٢٠٠ |
| ٤٨- لۆکە | ٢٠٤ |
| ٤٩- گواستنەوە | ٢٠٦ |
| ٥٠- نەخشە | ٢١٣ |
| ٥١- زانستی جوگرافیا | ٢١٧ |
| ٥٢- ڕوباری نیل لە میصر | ٢٢٠ |
| ٥٣- ڕوباری نیل لە سودان | ٢٢٦ |
| ٥٤- جوگرافیای دانیشتوان | ٢٣٠ |
| ٥٥- کیشوەری ئاسیا | ٢٣٤ |
| ٥٦- سەر ژمێری دانیشتوان | ٢٣٧ |
| ٥٧- گەنم | ٢٣٨ |
| ٥٨- کیشوەری ئاسیا | ٢٤٢ |
| ٥٩- جۆ | ٢٤٤ |
| ٦٠- ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا | ٢٤٦ |
| ٦١- کیشوەری ئەفریقا | ٢٥٠ |
| ٦٢- کیشوەری ئەمریکای باکور | ٢٥١ |
| ٦٣- کیشوەری ئەمریکای باشور | ٢٥٣ |

| | |
|---|---|
| ٦٤- كیشوەری ئوسترالیا | ٢٥٥ |
| ٦٥- سامانی ئاژەڵ | ٢٥٦ |
| ٦٦- ڕوبەر | ٢٥٨ |
| ٦٧- شێوەی دەوڵەت | ٢٦١ |
| ٦٨-گەشت و گوزار | ٢٦٣ |
| بەشی سێیەم/ گرنگی دیاردە سروشتی و مرۆییەكانی لە هەرێمی كوردستان | ٢٦٩ |
| ٦٩- ڕووەك | ٢٦٩ |
| ٧٠- خاك | ٢٧٥ |
| ٧١- بەرزو نزمی | ٢٧٩ |
| ٧٢- دەشتەكان | ٢٨٦ |
| ٧٣- گەشت و گوزار | ٢٨٩ |
| ٧٤- كشتوكاڵ | ٢٩٣ |
| ٧٥- نەوت | ٢٩٥ |
| ٧٦- باران | ٢٩٨ |
| ٧٧- بەفر | ٣٠١ |
| ٧٨- بەست وبەنداو | ٣٠٦ |


## پێڕستی خشتەكان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | تایبەتمەندی هەندێ لە دەریا و زەریاكان | ٢٣ |
| ٢ | جۆری چیاكان و تایبەتمەندیەكانیان | ٣٢ |
| ٣ | ڕێژەی دابەش بونی وشكانی و ئاو بە پێی بازنەكانی پانی | ٣٨ |
| ٤ | تایبەتمەندی چینەكانی هەوا | ٤٣ |
| ٥ | جۆری دەشتەكان و تایبەتمەندییەكانیان | ٨٣ |
| ٦ | جیاوازی كەش و ئاووهەوا | ٨٨ |
| ٧ | جۆری خاك و سیفەتەكانی | ١١٣ |
| ٨ | جیاوازی نێوان كوردستان و عێراق | ١٢٠ |
| ٩ | خاسیەتەكانی نەوت | ١٢٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | جیاوازی نەوت و گاز و خەڵوز | ١٣٢ |
| ١١ | بەرهەم هێنانی تەختە لە جیهاندا | ١٥٠ |
| ١٢ | گرنگترین گەورەکانی جیهان | ١٧٢ |
| ١٣ | جیاوازی نێوان نۆکەندی سوێس و نۆکەندی پەنەما | ١٨١ |
| ١٤ | گرنگترین کەناڵەکانی جیهان | ١٨٢ |
| ١٥ | سیفەتەکانی گواستنەوە و جۆرەکانی | ٢٠٨ |
| ١٦ | زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لە میصر لە سالآنی (٢٠٢٠-٢٠٣٠) | ٢٢٢ |
| ١٧ | بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری جیا جیا لە میصر لە سالی (٢٠١١-٢٠١٢) | ٢٢٣ |
| ١٨ | ڕوباری نیل و گرنگیەکەی | ٢٢٤ |
| ١٩ | بەرکەوتەی ئاو بۆ یەك کەس لەسودان لەسالآنی (٢٠٠٠-٢٠٠٢-٢٠٠٣) | ٢٢٨ |
| ٢٠ | بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری جیاجیا لەسودان لەسالآنی (٢٠١١-٢٠١٢) | ٢٢٩ |
| ٢١ | تەرازوی ئاو لە سودان داو هەندێ پێش بینی | ٢٣٠ |
| ٢٢ | گەورە و قەبارەی دەوڵەت بە (کم) | ٢٥٩ |
| ٢٣ | بچوکی قەبارەی دەوڵەت بە (کم) | ٢٦٠ |
| ٢٤ | پێوەری پێکەوەیی وجۆرەکانی شێوەی دەوڵەت | ٢٦٢ |
| ٢٥ | ڕوبەر و چڕی و ڕێژەی دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان | ٢٧٣ |
| ٢٦ | جۆرەکانی خاك و گرنگیەکەی | ٢٧٥ |
| ٢٧ | چیاکان و گرنگیەکەی | ٢٨٠ |
| ٢٨ | ڕێژەی پلەی گەرما و داباربن بە پێی بەرزی لە ئاستی ڕوی دەریا | ٢٨٢ |
| ٢٩ | تایبەتمەندی هەندێ دەشت لە کوردستان | ٢٨٦ |
| ٣٠ | ژمارەی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان و گرنگیەکەی | ٢٩٢ |
| ٣١ | ڕێژەی بەفر بارین لە سالی (٢٠١٣)دا و گرنگیەکەی | ٣٠٥ |
| ٣٢ | بەنداوە دروست کراوەکانی کوردستان و گرنگیەکەی | ٣١٠ |
| ٣٣ | ناو و شوێن وجۆری بەنداوە پێش نیار کراوەکانی کوردستان | ٣١٢ |

# پێڕستی وێنەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دەریاکان | ٢٣ |
| ٢ | بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی | ٢٦ |
| ٣ | ناوچە چیایەکان | ٣٢ |
| ٤ | چینەکانی هەوا | ٧٨ |
| ٥ | ناوچەی دەشتایی | ٨٤. |
| ٦ | دیمەنی جیمۆرفۆلۆجی | ٨٦ |
| ٧ | بەست و بەنداو | ١٩٦ |
| ٨ | لۆکە | ٢٠٤ |
| ٩ | گواستنەوەی ئاوی | ٢٠٩ |
| ١٠ | ڕوباری نیل لە میصردا | ٢٢٦ |
| ١١ | گەنم لە هەرێمی کوردستان | ٢٣٩ |
| ١٢ | ناوچەیەکی گەشتوگوزاری لە شارباژێر | ٢٦٣ |
| ١٣ | ڕووەکی لێوار چەم و ڕوبارەکان | ٢٧٠ |
| ١٤ | ناوچە بەرزونزمیەکانی هەرێمی کوردستان | ٢٧٥ |
| ١٥ | بەست و بەنداوەکان | ٣٠٧ |


# پێڕستی نەخشەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دابەش بونی هەرێمە ئاووهوایەکان لە جیهاندا | |
| ٢ | دابەش بونی باران لە جیهاندا لە وەرزی زستاندا | |
| ٣ | ڕێژەی سالانەی شێ لە هەرێمی کوردستان | |
| ٤ | دابەش بونی نەوت و گاز و لە هەرێمی کوردستان | |
| ٥ | پالەپەستۆی هەوا لە ئاستی ڕوی دەریا لە هەرێمی کوردستان | |
| ٦ | ناوەندی خێرایی با و ئاراستەی لە هەرێمی کوردستان | |
| ٧ | دابەش بونی ڕووەکی سروشتی لە جیهاندا | |
| ٨ | ناوچە بەرزونزمیەکان لە عێراقدا | |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | ڕۆڵی کەناڵی سوێس لە نزیك بونەوەی دوریەکانی نێوان کەناڵی سوێس و ملەی ئاوات | |
| ١٠ | کەناڵی سوێس | |
| ١١ | بەیەکگەشتنی هەر دوو زەریای ئەتڵەسی و ئارام لە ڕێگەی کەناڵی پەنەماوە | |
| ١٢ | کەناڵی پەنەما | |
| ١٣ | کەناڵی کیڵ | |
| ١٤ | گەروی هورمز | |
| ١٥ | گەروی بابلمەندەب | |
| ١٦ | دابەش بونی وڵاتە پیشەسازیەکان | |
| ١٧ | بەروبومە کشتوکاڵیە پیشەسازییەکانی جیهان (لۆکە) | |
| ١٨ | بەرزونزمی کیشوەری ئاسیا | |
| ١٩ | بەرزونزمی کیشوەری ئەوروپا | |
| ٢٠ | دابەش بونی بەروبومەکانی دانەوێڵە لە جیهاندا (جۆ) | |
| ٢١ | یەکە سیاسیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | |
| ٢٢ | بەرزونزمی کیشوەری ئەفریقا | |
| ٢٣ | بەرزونزمی کیشوەری ئەمریکای باکور | |
| ٢٤ | بەرزونزمی کیشوەری ئەمریکای باشور | |
| ٢٥ | بەرزنزمی کیشوەری ئوسترالیا | |
| ٢٦ | دابەش بونی سامانی ئاژەڵ لە عێراق | |
| ٢٧ | گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان | |
| ٢٨ | دابەش بونی ڕووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستان | |
| ٢٩ | توانستی بەرهەم هێنانی خاك لە هەرێمی کوردستان | |
| ٣٠ | بەرزونزمی لە هەرێمی کوردستان | |
| ٣١ | گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان | |
| ٣٢ | دابەش بونی بەروبومە کشتوکاڵیەکان لە هەرێمی کوردستان | |
| ٣٣ | دابەش بونی نەوت و گاز و بۆریەکانی گواستنەوە و پاڵاوگەکان لە هەرێمی کوردستان | |
| ٣٤ | هێڵی یەکسانی باران بارینی ساڵانەلە هەرێمی کوردستان | |
| ٣٥ | تێکڕای ژمارەی ڕۆژانی بەفر بارینی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان | |
| ٣٦ | سامان ئاوی لە هەرێمی کوردستان | |

# چەند زانیاریەك دەربارەی ئەم کتێبە:

١- ئەم کتێبە زیاتر لە (٧٥) دیاردەی جوگرافی لەخۆ دەگرێت.
٢- بەشێك لە وێنەکانی بە دەستی نوسەر گیراوە.
٣- چەندین دیاردەی سروشتی و مرۆیی لە خۆدەگرێت.
٤- بە کورتی دیاردەکانمان ناساندووە و دواتر بە درێژی باسی گرنگیەکەمان کردووە.
٥- لەگەڵ ئەوەی چەندین سەرچاوەی تێدا بەکارهاتووە, بەڵام هەوڵ و توانای خۆم خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی سود لە ئەزمونی خۆم وەربگرم کەمتر پشت بەسەرچاوەکان ببەستم بە تایبەت لە باسی گرنگی دیاردەکاندا, کە تەنها داتام بەکارهێناوە لە چەند شوێنێکدا نەبێت.
٦- داتا و زانیاری تازەی تێدا بەکارهاتووە بەشێوەیەکی فراوان.
٧- سەرچاوەکان زیاتر لەو شوێنانەدا بەکارهاتوون کە باسی دیاردەکان دەکات.
٨- بونی ژمارەیەکی زۆر لە نەخشە و وێنە بۆ تەواو شی کردنەوەی بابەتەکان.
٩- گرنگی دیاردەکان بەشێوەی خاڵ باس کراوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی سودی لێ وەربگیرێت.
١٠- بەشێك لە دیاردەکان چ سروشتی بێت یان مرۆیی بە نمونەوە گرنگیەکەی ڕونکراوەتەوە بۆ ئەوەی تێگەشتنی ئاسانتر و ڕونتربێت.
١١- چەندین دیاردەی سروشتی و مرۆیی لەسەر هەرێمی کوردستان تێدایە لە بەشی سێیەمدا.

## پێشەکی

سەرەتا ئێرە و ئەم کاتە ئەو دوو چەمکەن کە زۆر شوکر و سوپاسی خوای گەورە بکەم لەسەر هەموو نیعمەتەکانی, بە تایبەت کە یارمەتی دام ئەم بەرهەمە تا تەواوە تەواو بکەم.

ئەم کتێبەی بەردەستت باس لە گرنگی هەندێ لە دیاردە گرنگەکانی ناو جوگرافیا دەکات بە تایبەت هەردوو بەشی جوگرافیای سروشتی و مرۆیی.

دیارە جوگرافیا شان بەشانی دیاردە زانستیەکانی تر گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی لە هەر شوێنێك بێت, بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم کاریگەری و گرنگیە لە دیاردەیەکەوە بۆ دیاردەیەکی تر جیاوازی هەیە و لە هەمان کاتیشدا ئەم دیاردانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازیان هەیە, هەروەها بە پێی شوێنەکانیش جیاوازیان هەیە.

دیارە جوگرافی ناسەکان لەم سەردەمەدا گرنگی و کاریگەریان بە جۆرێکە لێکۆڵەرانی ئەم دیاردانەش بە تەواوی توانای شیکاری ڕاستەوخۆی کاریگەریەکانیان نیە کە دیاردەیەك لەسەر ناوچەیەك بەجێ دەهێڵێت.

ئێمە لەم کتێبەدا گرنگی و بایەخی هەندێ دیاردەی جوگرافی شی دەکەینەوە بە ئامانجی زیاتر ئاشناکردنی دیاردەکان و گرنگیان و کۆکردنەوەی ئەم دیاردانە لەیەك پەرتوکدا.

شایەنی باس کردنە هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمێکی تایبەتمەند بە دیاردە جوگرافیەکان هەوڵمان داوە گرنگی و بایەخی دیاردەکان لە لایەك و کاریگەریان لەسەر ناوچەکە ڕون بکەینەوە لە لایەکی تر.

لەم کتێبەدا دیاردەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراون و کراون بە سێ بەشی سەرەکییەوە:

بەشی یەکەم: دیاردە سروشتیەکان.

بەشی دووەم: دیاردە مرۆییەکان.

بەشی سێیەم: دیاردە سروشتی و مرۆییەکان لە کوردستان.

ئامانجیشمان پڕکردنەوەی کەلێنێکی بچوکە لە کتێبخانەی کوردی بە تایبەت زانستی جوگرافیا بە زمانی کوردی, هەروەها لەم کتێبەدا هەستاوین بە باس کردنی دیاردەکان و پاشان باس کردنی گرنگی دیاردەکان بە شێوەیەکی سادەو ساکار بۆ ئەوەی خوێنەر بێ زار نەبێت لە کاتی خوێندنەوەیدا و بە کەمترین کات

زۆرترین سودی لێ وەربگیرێت کە ئامانجی سەرەکی ئێمە لەم کتێبەدا.

بێ گومان لە کاتی نوسین یان ئامادەکردنی هەر بابەتێکی زانستی یان هونەری یان ئەدەبی توشی هەندێ گرفت دەبێت، بۆیە ئێمەش لە کاتی نوسینی ئەم کتێبەدا هەندێ گرفت ڕوی لێ کردوین لەوانەش:

١- گرانی دەست کەوتنی داتای تازە لەسەر دیاردەکان.

٢- هەروەها کەمی سەرچاوەی جوگرافیا بە زمانی کوردی ئەمە یەکێکە لە کێشە گەورەکان.

٣- هەروەها نەبونی نەخشەی وورد لەسەر دیاردەکان بۆ ئەوەی دیاردەکان بە وردی ڕون بکاتەوە.

٤- هەروەها هەوڵی تەواومان داوە بە شێوەیەك بێت کە بگونجێت لەگەڵ هەموو ئاستەکاندا بۆ ئەوەی زۆرترین سودی لێ وەربگیرێت.

لە کۆتاییدا داوای لێ بوردن لە هەر کەم و کورتیەك دەکەین، ڕێزیش لە هەموو پێشنیار و ڕەخنەکانتان دەگرین و بە خۆش حاڵیەوە وەری دەگرین.

بۆیە هیوادارین توانیبێتمان ئەگەر سودێکی کەمیش بێت گەیەنرابێتە هەموو خوێنەرێك، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسدا.

مقداد علی ئەحمەد

٥/ ٥/ ٢٠١٣

هەڵەبجەی شەهید

# به‌شی یه‌که‌م

# گرنگی دیارده سروشتیه‌کان

## ١- ده‌رامه‌تی ئاو(ده‌ریا و زه‌ریاکان)

أ- زه‌ریاکان: زه‌ریاکان ئه‌و ڕوبه‌ره ئاوییه به‌رفراوانانه‌ن که له‌ڕێگه‌ی ده‌روازه‌ی فراوانه‌وه پێکه‌وه په‌یوه‌ستن, ئه‌م ده‌روازانه‌ش ده‌توانن جۆرێك له‌یه‌ك نزیك بونه‌وه‌و لێكچوویی له‌نێوان زه‌ریاکاندا دروست بکه‌ن له‌گه‌رمی ئاوو ڕاده‌ی سوێرییه‌که‌یاندا, هه‌روه‌ها زه‌ریاکان به‌قولاییه زۆره‌کانیان که‌ده‌گاته چه‌ند کیلۆمه‌تریك جیاده‌کرێنه‌وه, هه‌روه‌ك چۆن به‌جوڵه‌ی ئاوه‌کان تێیاندا ده‌ناسرێنه‌وه له‌شێوه‌ی شه‌پۆلێکی ده‌ریاییدا که‌ئاراسته‌ی تایبه‌تیان هه‌یه, له‌به‌رئه‌مه‌ش ده‌بینین که‌ئه‌و ڕووبارانه‌ی تییان ده‌رژێن ده‌لتا دروست ناکه‌ن ته‌نها له‌چه‌ند ڕه‌وشێکی دیاری کراودا نه‌بێت وه‌ك ڕه‌وشی زه‌ریای هیندی.

ب- ده‌ریاکان: ده‌ریاکان پانتایی ئاوین له‌ڕووی قوڵی و فراوانیانه‌وه زۆر بچوکترن له‌زه‌ریاکان, هه‌ندێکیان له‌هه‌موو لاکانیانه‌وه به‌زۆنگاو داده‌نرێت, هه‌میشه ئاوی ده‌ریاکان ئارامترن له‌ئاوی زه‌ریاکان, بۆیه زۆرێك له‌ڕووباره‌کان که‌ده‌ڕژێنه ناوده‌ریاکانه‌وه توانیویانه ده‌لتای گه‌وره بۆ خۆیان دروست بکه‌ن, ئه‌مه‌ش به‌یه‌کێك له‌ڕووه جیاوازه‌کانی نێوان ده‌ریاو زه‌ریاکان داده‌نرێت.

### گرنگیه‌که‌ی

١- ئاو به‌گرنگترین ده‌رامه‌ته سروشتی نوێبووه‌کان داده‌نرێت له‌سه‌ر ڕووی زه‌وی چ ئاوی سه‌ر زه‌وی بێت یان ژێر زه‌وی که‌مرۆڤ پشتی پێ ده‌به‌ستێت, وه‌هۆکاره بۆ بوونی ژیان له‌هه‌رشوێنێکدا بێت, بۆیه بۆخواردنه‌وه‌و به‌کارهێنانی ترله ژیانی ڕۆژانه‌دا , واته سه‌رچاوه‌یه‌کی سه‌ره‌کی ژیانه له‌سه‌ر ڕووی زه‌وی و به‌بێ ئاو ژیان نابێت, چونکه ئه‌گه‌ر سه‌یری پێکهاته‌ی لاشه‌مان بکه‌ین ئه‌وا له‌چه‌ندین لیتر ئاو پێك دێت و یارمه‌تیمان ده‌دات بۆ سه‌رله نوێ چالاك بوونه‌وه‌مان, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئاو واتای کۆبوونه‌وه‌ی ژیانه له‌ناوچه‌یه‌ك یان شوێنێك که‌خه‌ڵکی تێدا کۆده‌بێته‌وه, هه‌ر

له‌کۆنیشه‌وه کورده‌واری وتویانه ئاو و ئاوه‌دانی واته له‌هه‌ر شوێنێك ئاو هه‌بێت ئاوه‌دانیش هه‌یه و ژیانی تێدا ده‌ست پێده‌کات و خه‌ڵکی تێدا کۆده بێته‌وه، ئه‌گه‌ر سه‌یری ته‌واوی شارستانیه‌کان بکه‌ین هه‌تا ئه‌مڕۆو دروست بوونی شاره گه‌وره‌کانی جیهان له‌نزیك ئاو زۆر به‌یان کۆبوونه‌ته‌وه له‌هه‌ندێ ناوچه‌شدا هۆکاری شه‌ڕوو ئاژاوه بووه له نێوان ناوچه‌کان یان ده‌وڵه ته‌کاندا به‌تایبه‌تی له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا به‌هۆی که‌م بوونه‌وه‌ی ئاوی شیرین ئه‌م دیارده به‌شێوه‌یه‌کی فراوان سه‌ری هه‌ڵداوه، ده‌توانین ئه‌م باسه‌مان به‌چه‌ندین نمونه بسه‌لمێنین وه‌ك له‌وڵاتانی نێوان دوو ڕووباره‌که‌و چین و هندستان که‌له‌که‌ناری ڕووباره‌کاندا جێگیربوون، له‌سه‌ر کوردستانیش ئه‌م دیارده‌یه‌ش به‌دی ده‌کرێت و خه‌ڵکی لادێکان له‌ده‌وروپشتی کانی و کارێزه‌کان کۆبوونه‌ته‌وه‌و پێداویستیه‌کانی خۆیان له‌خواردنوو به‌کارهێنانی بۆ ئاژەڵ و کشتوکاڵ دابین کردووه.

٢- ئاو به‌یه‌کێك له فاکته‌ره گرنگ و به‌هێزه‌کان داده‌نرێت له‌ڕووی جوگرافیای سیاسیه‌وه چونکه هه‌ر وڵاتێك یان هه‌رێمێك ده‌توانێت وه‌ك کارتێکی به‌هێز به‌کاری بهێنێت بۆ به‌رامبه‌ره‌که‌ی ئه‌گه‌رچی له‌سه‌ر ئاستی کیشوه‌ر بێت یان دوو ده‌وڵه‌ت بێت یان زیاتر، به‌تایبه‌ت ئه‌و ڕووبارو زه‌ویانه‌ی که‌ده‌که‌ونه سنوری چه‌ند ده‌وڵه‌تێك کێشه بۆ ئه‌و ده‌وڵه‌تانه دروست ده‌کات بۆیه ئه‌و وڵاته‌ی که‌سه‌رچاوه‌ی ئاوه‌که‌ی تێدایه به‌کاری بێنێت به‌فشار خستنه سه‌ر ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی که‌ڕووباره‌که یان ڕێڕه‌وه ئاویه‌که‌ی پێدا ده‌ڕوات، له‌ئێستادا چه‌ندین نمونه‌ی ڕوون و ئاشکرا له‌جیهاندا سه‌ری هه‌ڵداوه چ له‌سه‌ر ئاستی نێو ده‌وڵه‌تی بێت یان له‌سه‌ر ئاستی هه‌رێمی و ناوچه‌ی، وه‌ك ڕووباری نیل که‌به‌وڵاتانی سودان و میصرو ئه‌سیوبیادا ده‌ڕوات و له‌ڕووی سیاسیه وه کێشه‌ی بۆ دروست کردووه، هه‌روه‌هاعێراق و سوریاو تورکیا که‌هاوبه‌شن له‌ڕووباری دیجله و فورات و تورکیاش وه‌ك کارتێکی فشار بۆ سه‌ر عێراق و سوریای داده‌نێت، هه‌روه‌ها ڕووباری سیروان که‌سه‌رچاوه‌یه‌که‌ی له‌ئێرانه‌وه دێت بۆ کوردستان هه‌میشه ئێران وه‌ك کارتێکی فشارله‌سه‌ر هه‌رێمی کوردستان به‌کاری دێنێت و چه‌ندین جار بڕیاری به‌ندکردنی ئاوی ئه‌و ڕووباره‌ی داوه به‌ته‌واوه‌تی، هه‌روه‌ها له‌ڕووی ئاسایشی خۆرکیشه‌وه کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر دانیشتوان.

٣- له‌ڕووی ئابورییه‌وه ئاو وه‌ك کردارێکی به‌هێز به‌شداری دروست بوونی وڵات و پێش که‌وتنی له‌سه‌رجه‌م بواره‌کاندا ده‌کات، هه‌ر وڵاتێك ڕووبه‌ری ئاوی

زیاتری هەبوو ئەوا ئەو کراوەترە بەڕووی جیهاندا و ناودەبرێت بەوڵاتە کراوەکان کەلەچەندین ڕووەوە بەهۆی ڕووبەرە ئاوییەکانی سود لەم بوارە وەردەگرێت و خۆی پێ پێش دەخات و ئابوری بەهێز دەکات بەتایبەتی لایەنی بازرگانی و گواستنەوە کەبەسەرچاوەی سەرەکی پێش کەوتنی وڵات دادەنرێت چونکە لەڕێی ئەو ڕوبەرە ئاوییانەوە دەتوانین بەئاسانی پەیوەندی بە وڵاتانی دراوسێیەوە بکات، وەك دەزانین گواستنەوەی ئاوی هەرزانترین نرخی هەیە بۆیە لەڕووی بازرگانیەوە بایەخێکی تەواوی پێ دراوە لەنێوان دەوڵەتەکاندا، هەروەها لەڕووی سامانی ئاوەوە ئاوەکەی وەك سامانی ماسی کەبەخواردنێکی سەرەکی دانیشتوان دادەنرێت و دەچێتە بواری پیشەسازی لەقوتونانەوە کەدیسان دەبێتە هۆی بەهێزی ئابووری وڵات، بەڵام ئەگەر وڵات لەسەر هیچ ڕوبەرێکی ئاوی نەبوو ئەوا ناودەبرێت بەوڵاتی داخراو، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر وڵاتەکە لەسەرجەم بوارەکاندا بەتایبەتی بواری ئابوری کەگاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دانیشتوان، لێرەدا دەتوانین بڵێین دابارین زۆری کاریگەری هەیە لەسەر پێشکەوتنی وڵات کە سەرچاوەی بژێوی کشتوکاڵە، بۆ نمونە وڵاتی ئەفغانستان و هەرێمی کوردوستان، ئەمەش وای کردووە لەڕووی چالاکی بازرگانییەوە لاوازبێت، هەرچەندە چەندین سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی هەیە، بەڵام بەهۆی بچوکی سەرچاوەکانی کەلەوڵاتێکی ترەوە دێت وای کردووە دەورێکی گرنگی نەبێت، هەروەها دەوڵەتە کراوەکان وەك وڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ،میصر.

٤- بوارێکی تری بەکارهێنانی ئاو لەڕوی گەشت و گوزارەوەیە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بوونی ئەو ڕوبەرە ئاوییانە چۆن لەبواری ئابورییەوە گرنگیان هەبووە بەهەمان شێوە بۆ ڕاکێشانی گشتیار دەورێکی سەرەکی و باڵای هەیە کەدەبێتە هۆی زیاتر خۆش کردنی سروشت، بەمەش ڕێژەی زیاتری گەشتیاران بەرەو ئەو شوێنانە دەچن کەدەکەونە سەر ڕووبار یان دەریا گەورەکان، دیسان کاریگەری گەشت و گوزار لەسەر لایەنی ئابوری وڵات دەردەکەوێت بۆ نمونە وڵاتی لوبنان کەبەبووکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت بەهۆی بوونی ئاووهەواییەکی لەبار بۆ گەشتیارەکان هۆکارەکەشی ڕووبەرە ئاوییەکانی دەریای ناوەڕاستە کە وای کردووە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێبکات بەتایبەت لەوەرزە گەرمەکاندا ژمارەی گشتیاری بەتەواوی زیاد دەکات و ڕوو لەکەناری دەریاکان دەکات وبەچەندین یارییەوە خەریك دەبن، وەك ڕاوەماسی و مەلەکردن و یاریکردن بەئاو و سواربوونی

بەڵەم، بەڵام ئەگەر سەیری کوردستان بکەین دەبینین دەرامەتی ئاو بەتایبەت دابارین (باران,بەفر) کاریگەری تەواوی لەسەر گەشت و گوزار هەیە لەڕێگەی خۆش کردنی ئاووهەوا و جوانکردنی سروست ودروست بوونی چەندین تاڤگەو سەرچاوەی ئاوی ناوخۆی کەهۆکارە بۆ ڕاکێشانی بڕێکی زۆری گەشتیار.

٥- ئاوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر خۆش کردنی ئاووهەوا چونکە ڕووبەرە ئاوییەکان سیفەتێکی تاك و ناوازەیان هەیە، ئەویش بەهۆکاری ڕاگرتنی هاوسەنگی گەرمی دادەنرێت لەسەر ڕووی زەوی، کاتێ کەڕووی وشکانی گەرمە ئەوا ڕوی ئاو فێنکە، هەروەها بەپێچەوانەوە ڕاستە، ئەمەش وا دەکات هەوا لەناوچەی فێنکەوە بڕوات بۆ ناوچەی گەرم و ئاڵوگۆڕی گەرمی لەنێوانیاندا ڕوودات و هاوسەنگی ئاووهەوا ڕابگرێت، ڕوبەرە ئاوییەکان وەك ئامێری تایبەت بەبەکارهێنانی ساردی و گەرمی وایە چۆن لەوەرزی هاویندا بەهۆی ئەو ئامێرانەوە خۆمان لەگەرمی دەپارێزین و لەوەرزی زستانیشدا خۆمان لەسەرما دەپارێزین واتە هاوسەنگی نێوان گەرمی و ساردیمان بۆ ڕادەگرێت، بە هەمان شێوە ڕوبەرە ئاوییەکان دەوری ئەو ئامێرانە دەبینن و هاوسەنگی (گەرم و سارد)ی سەر زەوی ڕادەگرن، بۆ نمونە هەندێ جار پلەی گەرمی لەبیابانی ئەفریقا (بیابانی گەورە) بە تایبەت لە لیبیا بەرزدەبێتەوە بۆ زیاتر لە (٥٥)پلە ئەمەش بەگەرمترین ناوچەی جیهان دادەنرێت، بەڵام لەناوچەی (ڤرغویانسك) لەسیبریا دەگاتە (٩٣) پلە ژێر سفر و بەساردترین ناوچەی جیهان دادەنرێت، کەبەبەردەوامی وبەردێژای ساڵ بەبەستەڵەك داپۆشراوە، ئەو جیاوازیە پلەی گەرمییەی لەنێوان ئەم دوو ناوچەیەدا درووست دەبێت دەگاتە نزیکەی (٤٥) پلەی سەدی لەسەر گۆی زەوی، بۆیە ڕووبەرە ئاوییەکان ئەم جیاوازییەی پلەی گەرمییەی کەمترە لەچاو ناوچە وشکانییەکاندا بەچەندین پلە، چونکە ڕووبەرە ئاوییەکان زۆر لەسەرخۆ گەرم دەبێت و زۆر لەسەرخۆش ساردەبێتەوە، بەپێچەوانەی ناوچە وشکانییەکان، ئەمەش وا دەکات ڕووبەرە ئاوییەکان وەك پێشتر باسمان کرد هاوسەنگی پلەی گەرمی گۆی زەوی ڕابگرێت، سەبارەت بەهەرێمی کوردستان هەرچەندە هیچ ڕوبەرە ئاوییەکی وای نیە کەشایەنی باس کردن بێت، بەڵام کاریگەری دەریاری ناوەڕاستی بەسەرەوەیە کەلەوەرزی هاویندا گەرم و وشکەو لەوەرزی زستاندا ساردو باراناوییەو ڕێژەیەکی باش باران و بەفر لێ دەبارێت و کاریگەری لەسەر خۆش کردنی ئاووهەوا هەیە.

٦- ئاو دەتوانێت لەڕێگەی هێزی کارۆئاوییەوە چەندین پرۆژەی بەسوودی لێ دروست بکرێت بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا, کەئێستا لەچەندین وڵاتدا پشتی پێ دەبەسترێت بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا, وەك وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا ڕێژەیەکی زۆری وزەی کارەبای لێ بەرهەم دێنن کەزیاترە لە(٤٠٪), هەروەها وڵاتی تورکیا لەسەر پرۆژەی (گاپ) چەندین وێستگەی کارەبای دروست کردووە بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا و فرۆشتنی ئەو کارەبا لەڕێگەی بازرگانی کردنەوە بەهەریەکە لەعێراق و سوریا لەداهاتودا, بەڵام ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرچاومان دەکەوێت, کەخۆی لەدوو بەنداودا دەبینێتەوە کەبەکاردەهێنرێت بۆ دروست کردنی وزەی کارەبا, ئەوانیش بەنداوی (دەربەندیخان و دووکان)ە.

٧- خوای گەورەش دەبارەی ئاو دەفەرموێت ( وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَاءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ) واتە هەموو شتێکی زیندوومان لەئاو دروست کردووە, کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئاو بەنوێ بوونەوەی ژیانی زیندەوەر دادەنرێت لەسەر گۆی زەوی.

٨- ئاو تەنیا هەربۆ ژیان گرنگ نیە, بەڵکو پێکهاتەی پیشەی سیستەمی ژینگەی دیاری دەکات, چونکە کەمی ئاو ڕاستەوخۆ هۆکارە بۆ پیس بوونی ژینگەو بڵاوبونەوەی مادە ژەهراویە قرکەرەکان کەئاو هاوسەنگیەکەی ڕاگرتووە.

٩- ئاو دەستێ وەردانی گرنگی هەیە لەگەڵە وزەدا, لەمەوە جیاوازی ژینگەیی و سروشتی دروست دەبێ, دیسان سوڕی سروشتی تەواوی توخمەکانی تریش پشتی پێ دەبەستن, چونکە وەکو ناوەندێکی توێنەرەوە بۆ هەڵمژینیان کاردەکات, پاشان بۆ کەم کردنەوەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەڕۆشنەپێکهاتندا.

١٠- ئاو پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕووەکە, ئەمەش قورئانی پیرۆز لەئایەتی (١٠-١١)ی سورەتی (نحل)دا خوای گەورە دەفەرموێت:(پەروەدگار ئەو زاتەیە لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێت کەلێی دەخۆنەوە, هەروەها تێکەڵ بەجۆرەها شەربەت و شلەمەنیش دەیخۆنەوەو دەبێتەهۆی گەشەکردنی درەخت و گژوگیاو ماڵاتی تێدا دەلەوەڕێنن, هەروەها بەو بارانە جۆرەها کشتوکاڵ دێتە بەرهەم لەگەڵ زەیتۆن و خورماو ترێ لەهەموو جۆرە بەروبومێك).

١١- هەروەها باران دەبێتە هۆی زیادبونی شێی ئەو هەوایەی کەلێوە دەبارێ, بەتایبەت ئەگەر بێت و وشك بێت.

١٢- لەکتێبی (گەردونناسی لەسایەی قورئان و فەرموودە)دا هاتووە: (د: کنیب)

دەڵێ:(چارەکردن بە ئاو لەو چەند وشانەی داکورت دەبێتەوە (تواندنەوە- لابردن- پتەوکردن) ئەوانە سیفەتی سەرەکی ئاون، دوپاتی دەکەینەوە ئاو چارەسەری هەر نەخۆشی یەك دەكات چاك بێتەوە، گەر بەچاکی بەکاربێ پەلاماری جێگای ئازارەکە دەدات و ئەم ئاکامانەی هەیە:

ا- شی کردنەوەی میکرۆبی ئەو نەخۆشیانەی لەخوێندان.

ب- دورخستنەوەی میکرۆب لەکۆئەندامەکە.

ج- پاکژکردنەوەوپالاَتەکردنی خوێن و قەرەبوکردنەوەی.

د- بەهێز کردنی لەشی لاواز و چاك کردنەوەی بۆ هەڵسان بەئەرکە جیاجیاکانی.

دیسانەوە مرۆڤ لەکاتی جووت بوون و کرداری سێکسی داو بەتاڵکردنەوەی بارگەی سێکسی دا گۆڕانێکی گەورە بەسەر دەمارو لەش و دەرونیدا دێ، لەشی مرۆڤ ماندو دەبێ و خەمۆك دەبێ و لێدانی دڵی خێرا دەبێ و هاوسەنگی دەرونی و جەستەی تێك دەچێت، بەلاَم کاتێ ئاو بەخۆیدا دەکات ئەو ئاوە هاوسەنگی بۆ دەگەڕێتەوەو دەمارەکانی ئارام دەکاتەوەو پەستی دەرونی لادەبات و پشوو بەلەش دەدات.

## خشتەی ژمارە ( ١ )

## تایبەتمەندی هەندێ لە دەریا و زەریاکان

| دەریا یان زەریا | دوری بە هەزاران کم2 | قولایی بە(م) | شوێن |
|---|---|---|---|
| زەریای ئارام | ١٦٥٣٨٤ | ١١٥٢٤ | لەنێوان هەدوو ئەمریکا و ئوسترالیا و ئاسیا دایە. |
| زەریای ئەتڵەسی | ٨٢٢١٧ | ٩٥٦٠ | لە نێوان ئەمریکای باکور و ئەوروپا و ئەمریکای باشور و ئەفریقا. |
| زەریای هندی | ٧٣٤٨١ | ٩٠٠٠ | لەنێوان ئاسیا و ئەوروپا و ئوسترالیادایە |
| دەریای ناوەڕاست | ٢٥٠٥ | ٥٨٤٦ | لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقادایە |
| دەریای بەڵتیق | ٤٢٢ | ٤٦٠ | دەکەوێتە ئەوروپا |
| دەریای کاریبی | ١٩٤٣ | ٧١٠٠ | دەکەوێتە ئەمریکای ناوەڕاست |
| دەریای چینی باشور | ٢٣١٨ | ٥٥١٤ | دەکەوێتە ئاسیا |
| دەریای زەرد | ١٢٤٢ | ٩١ | دەکەوێتە ئاسیا |
| دەریای ڕەش | ٤٦١ | ٢٢٤٥ | دەکەوێتە ئەوروپا |
| دەریای مەکسیک | ١٥٤٢ | ٤٣٧٧ | دەکەوێتە ئەمریکای ناوەڕاست |

وێنەی ژمارە (١) دەریاکان



## ٢- بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی

ا- بازنەکانی پانی: ئەو بازنانەن کەدەوری گۆی زەوییان داوەو ژمارەیان دەگاتە (١٨٠) بازنە، کەدابەش بوون لەنێوان هەردوو نیوە گۆی باکورو باشوری گۆی زەوی، واتە (٩٠) بازنەیان لەنیوەی باشورو (٩٠) بازنەی تریان دەکەوێتە نیوەی باکور کەهێڵی کەمەرەیی (ئیستوائی) لەیەکیان جیادەکاتەوەو بەپلەی (سفر) ناسراوە، ئەم بازنانە لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوای گۆی زەوی درێژدەبنەوەو ناودەبرێت بەبازنەکانی پانی.

ب- هێڵەکانی درێژی: بریتییە لەو هێڵانەی کەدەوری گۆی زەویان داوەو ژمارەیان دەگاتە (٣٦٠) هێڵ، بەهۆی هێڵی گرینجەوە کەخاڵی (سفر)ە لەیەك جیاکراونەتەوەو دابەش بوون بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، کە (١٨٠) هێڵیان لەرۆژهەڵات و (١٨٠) هێڵی تریان رۆژئاوای گۆی زەوی داگیرکردووە، ئەم هێڵانە لەباکورەوە بۆ باشور درێژدەبنەوەو هەموویان لەباکورو باشوری گۆی زەوی یەك دەگرنەوەو بەهێڵە درێژەکان ناسراون.

## گرنگی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی

١- هێڵەکانی درێژی گرنگیان زۆرە، بەڵام گرنگترینیان بریتیە لەدیاری کردنی کات لەهەموو ناوچەو شوێنە جۆراو جۆرەکان لەسەر گۆی زەوی، بۆیە دەتوانین لەرێگەی ئەم هێڵانەوە سودی لێ وەربگرین لەچەندین بواری جیاوازدا وەك (سەفەرکردن، گەشت و گوزار ... هتد)، هەروەها دیاری کردنی رووداوە سروشتیەکان و ئاگاداربون لێیان و خۆپاراستن لەم رووداوە سروشتیانە، ئەمەش لەرێگەی دیاری کردنی شوێنێك و دیاری کردنی پێگەکەی بەنیسبەت هێڵی کەمەرەیی باکورەوە بێت یان باشورەوە، ئەویش لەرێگەی پلەکانی پانیەوە، کەواتە هێڵە درێژەکان خاڵێکی گرنگن بۆ دیاری کردنی ناوچە جیاوازەکانی زەوی، ئەمەش بەم شێوەی خوارەوەیە:

جیاوازی نێوان هەر هێڵێك بۆ هێڵێکی تر (٤) خولەکە، کەواتە بۆ دیاری کردنی نێوان دوو شار یان دوو ناوچە هێڵەکانیان دیاری دەکەین پاشان لێکدانی (٤) دەکەین چەند دەرچوو ئەوەندە خولەکە ماوەی نێوان دوو شار.

نموونە١: هێڵ□ خولەك= خولەك

١٠ □ ٤= ٤٠ خولەك لەسەر وشکانی

وەك بغداد کەوتووتە سەر هێڵی (٤٥)ی ڕۆژهەڵات، هەروەها لەندەنیش کەوتووەتە سەر هێڵی (سفر).

واتە ٤٥ □ ٤= ١٨٠ خولەك

١٨٠ ÷ 60= 3 کاتژمێر جیاوازی کات لە نێوان بغداد و لەندەن

لەبەرئەوە شاری بغداد دەکەوێتە خۆرهەڵات و پێش لەندەن خۆری لێ هەڵدێت ئەوا بۆ زانینی کاتی بغداد (٣) کاتژمێر زیاد دەکرێت، واتە ئەگەر لە بغداد کاتژمێر (٩)ی شەو بێت ئەوا لە لەندەن کاتژمێر (٦)ی ئێوارەیە، چونکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای بغدادەوە بەوەش بغداد زوو ڕۆژی لێ هەڵدێ.

نموونە٢:

ئەگەر کاتژمێر (٢)ی شەوبێت لە شاری سەللومی میصریی کە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (٢٥) ڕۆژهەڵات، ئەوا لە شاری تەرابلوسی پایتەختی لیبیا کە لەسەر هێڵی درێژی (١٥)ی ڕۆژهەڵاتە دەبێت کاتژمێر چەند بێت؟


وەڵام:

جیاوازی نێوان پلەکانی درێژیی لە نێوان هەردوو شارەکەدا = ٢٥- ١٥= ١٠ هێڵی درێژی جیاوازی لە کاتی نێوان هەردوو شارەکەدا = ١٠ □ ٤ = 40 خولەك، لەبەرئەوە تەرابلوس دەکەوێتە ڕۆژئاوای سەللومەوە ئەوا کاتەکەی دواکەوتر دەبێت لە کاتی سەلوم، کەواتە کاتی تەرابلوس = ٢ ی شەو- ٤٠ خولەك = ٢٠ خولەك و ١ کاتژمێری شەو.

٢- دەتوانین لە ڕێگەی بازنەی پانیەوە بارودۆخی ئاووهەوا لەسەر گۆی زەوی دیاری بکەین و بیناسیەنەوە، ئەویش بە دیاری کردنی بازنە پانیەکان لەسەر نەخشە، بۆ نموونە بازنەی پانی هێڵی یەکسان بە ناوبردنی ئاووهەواکەی دەناسرێتەوە کە پلەی گەرمی بەرزەو بەدرێژایی ساڵ بارانی لێ دەبارێت و ڕێژەی بەهەڵم بوون بەرزەو پەستانی تێدا نزمە، بەڵام ئەگەر تەماشای بازنەی پانی (٩٠) بکەین بێ ئەوەی پیاهەڵدانی ئاووهەواکەی بکەین ناسراوەو بەدرێژایی ساڵ ساردە بەستوویەتی و بەرزترین ڕێژەی بەفر بارینیشی تێدا تۆمارکراوە لەسەر ڕووی زەوی و پلەی گەرمایی دادەبەزێت بۆ چەندین پلە ژێری سفر، هەروەها بەدیاری کردنی نێوان دوو بازنەی پانی (٢٣,٥-٦٦,٥)ی باکور کەبەخولگەی قرژاڵ ناسراوە دەردەکەوێت ئاووهەوایەکی فێنکی هەیە بێ ئەوەی باسی ئاووهەواکەی بکەین،

بەهەمان شێوە لەباشور لەنێوان بازنەکانی پانی (٢٣,٥-٦٦,٥)ی باشور بەناوچەیەکی فێنك دادەنرێت, چونکە تیشکی خۆر بەلاری لێ دەدات, کەواتە بازنەکانی پانی بەناوبردنیان بارودۆخی ئاووهەوامان بۆ دیاری دەکات لەسەر گۆی زەوی, دەشتوانین بەجۆرێکی تر بڵێین بێ ئەوە ئامارە بەناوچەکانی ئاووهەوا بکەین بۆ ناسینەوەی ئاووهەواکانیان ئاووهەوای گۆی زەوی دیاری دەکەین, ئەمەش بەسەیرکردنێکی نەخشەو دیاری کردنی بازنەکانی دەتوانین بەئاسانی ناوچەکەو جۆری ئاووهەواکەی دیاری بکەین, بۆیە هەتا لەناوچەی کەمەرەیی زەوی بەرەو باکور و باشور (جەمسەری باکور,جەمسەری باشور)ی گۆی زەوی بڕوین پلەی گەرمی کەم دەکات تادەگاتە ژێر سفری سەدی, هەروەها بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

٣- هەروەك چۆن زۆربەی بازنەکانی پانی لەناو هەرێمێکی جوگرافیدا بۆتە هۆی فرە جۆری بەرووبومە کشتوکاڵی و ڕووەکیە سروشتیەکان, ئەمەش پەرچ دەبێتەوە لەسەر فرە جۆری چالاکیە ئابوریەکانی دانیشتوانەکانی, ئەوەش بەڕۆڵی خۆی ڕەنگدەداتەوە لەسەر پەیوەندییە ئابورییەکان لەدانیشتوانی ناو هەرێمێك کە خۆی دەبینێتەوە لەئاڵوگۆڕی ئابوری و بەروبوم یان دەرامەتە ئابوریە کشتوکاڵیەکاندا, هەموو ئەمانەش بەیەکێك لەسەرچاوەکانی دەوڵەمەندبوونی دەوڵەت دادەنرێت و کاریگەری دەبێت لەسەر دانیشتوانەکەی.




وێنەی ژمارە (٢)

بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی

نەخشەی ژمارە (١)

هێڵی کاتی نێودەوڵەتی و ناوچەکانیان



نەخشەی ( 89 )
هێڵی کاتی نێودەوڵەتی و ناوچەکانیان

## ٣- چیاکان

چیا بریتیە لەناوچەیەکی زۆر بەرز لەئاستی ڕووی دەریا کەبەرزییەکەی زیاترە لەناوچە تۆبۆگرافیەکانی تری دەوروبەری، بەچەندین خاسیەت دەناسرێتەوە وەك بوونی لوتکەی بەرز کەدەبێت لە (١٠٠٠)م زیاتربێت ئەو کات بەچیا ناودەبرێت، هەروەها بوونی لێژی لەو چیایەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوخۆی کەلەئەنجامی چەند هۆکارێکەوە سەری هەڵداوە.

چیاکان بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە بەردەوامانەی کەبەسەریاندا هاتووە دروست بوون، بۆیە هەمیشە ئەم چیایانە توشی گۆڕانکاری دەبنەوە و هەندێ جاریش ئەم گۆڕانکاریانە دەبنە هۆی لەناوبردنیان، چونکە بەردەکان بەهۆی دیاردەکانی ناووهەواوە بە تایبەت باران و بەفر وئاوی بەخوڕ لەچیاکانەوە دێنەخوارەوە و هۆکارە بۆ داخورانی بەشێکی زۆر خاك لەسەر لوتکەی چیایەکە، بەجۆرێك کاریگەریەکی وەها بەجێ دەهێڵێت کەشێوەی چیایەکە دەگۆڕێت بۆ دەشتایی یان زۆرجار دەیگۆڕێت بۆ تەپۆلکە، ئەوکات خاسیەتی و سیفەتی چیایای لێ بەدی ناکرێت.

## گرنگییەکەی

١- ناوچە چیایەکان بەگرنگترین ئەو ناوچە گەشت و گوزاریانە دادەنرێت کە گەشتیار ڕووی تێ دەکات, بەهۆی خۆشی ئاووهەواکەی و بوونی چەندین دیاردەی ناوازەی وەك,(ئەشکەوت, تاڤگە ... هتد) کە وای کردووە گەشتیارێکی زۆر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت, لەگەڵ ئەوەشدا بوونی دیاردەی دابارین وەك داباریني بڕێکی زۆر باران لەگەڵ بارینی بڕێکی زۆر بەفر کەگەشتیاران بەچەندین یاری وەرزشی زستانە لەسەر ئەم بەفرانە ئەنجام دەدەن و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن جگە لەوەی بەفر دیمەنێکی جوان بەناوچەکە دەبەخشێت, لەگەڵ ئەوەشدا بوونی بڕێکی زۆر ڕووەکی سروشتی لەو ناوچە چیایانەدا کە دەبێتە هۆی خۆش کردنی ئاووهەوا و جوان کردنی سروشتی ناوچەکە و خۆئامادەکردنی بۆ پێشوازی کردن لەگەشتیاران کەبەخاڵێکی بنەڕەتی ئەژماردەکرێت بۆ ڕاکێشانی گەشیاران, هەروەها بوونی چەندین ئاژەڵی کێوی کەدیمەنێکی جوانی بەخشیەوەتە ناوچەکە, هەروەها بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆر وەك کانی و کارێز و تاڤگە کەزۆربەیان لەئەنجامی توانەوەی بەفرەکانی ئەو چیایانەوە سەریان هەڵداوە, ئەم دیاردە سروشتیانەی کەباسمان کرد هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە چیایەکان, کەواتە ناوچە چیاکان بەگرنگترین ناوچەی گەشت و گوزاری دادەنرێت بەتایبەت لەو وەرزانەی کەپلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە.

٢- ئاووهەوای ناوچە چیاکان بەخۆشترین ئاووهەوا دەژمێرێت, چونکە ناوچە چیاکان لەوەرزی هاوین پلەی گەرمیان مام ناوەندە و دەبێتە هۆی کۆبونەوەی دانیشتوان تێیدا, لەگەڵ ئەوەشدا نزم بوونەوەی پلەی گەرما لەوەرزی زستاندا دابارینی بڕێکی زۆر لە(باران, بەفر) کەسەرچاوەی ئاوێکی زۆرە لەناوچەکەدا, وەك پێشتر باسمان کرد هۆکاری دابارینی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێك بارویەڕوی سەختی چیایەك دەبێتەوە ناچار دەبێت بەرەو سەر سەربکەوێت, بەبەرزبونەوەشی پلەی گەرمی دادەبەزێت و دواتر بەهۆی چڕبونەوەیان ئەبێتە هۆی دابارین, وەك لە چیای (وایالاما) لەدوورگەی کاوای کەیەکێکە لەدوورگەکانی (هاوای) دەوڵەمەندترین شوێنی باران بارینە لەجیهاندا کەتێکڕای ساڵانەی باران بارین دەگاتە (١٢٠٠٠) ملم, لەگەڵ ئەوەشدا ناوچە چیایەکان چەندین دیاردەی ئاووهەوای تێدا دروست دەبێت, وەك دیاردەی (شنەی دۆڵ, شنەی چیا ... هتد), هەروەها بەبەرزبونەوەی بەرەو لوتکەی چیاکان دەبێتە هۆی نزم بونەوەی پلەی

گەرمی بە پێی ئاراستەی درێژبونەوەی زنجیرە چیاکان دەگۆڕێت, کاتێک کەئاراستەی درێژبونەوەی زنجیرە چیایەک لەنیوەی گۆی باکوری گۆی زەوی ڕۆژهەلأت بۆ ڕۆژئاوا بێت یان بەپێچەوانەوە دەبێت ئەوا لاکانی باکور دەپارێزێت لەبای گەرم و بەرزبونەوەی پلەی گەرماو لاکانی باشوری دەپارێزێت لەبای ساردو نزم بونەوەی پلەی گەرمی, بەلأم کاتێک کەئاراستەی زنجیرە چیاکان باشور یان باکور دەبێت یان بەپێچەوانەوە ئەوا ڕێگە خۆش کەر ئەبێت بەدرێژایی هەردوو سەمتەکە بەتایبەت ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا.

هەروەها چیاکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەجیاکردنەوەی سنورە ئاووهەواییە جیاوازەکان لەناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی بۆ نموونە لەچیای سیرانیڤادا لەنێوان دوو ناوچەی جیاوازە یان هەرێمی جیاوازە لەناوچەیەکدا لەبەشی ڕۆژهەلأتی تێکڕای بارانی بارینی سالأنە دەگاتە(٢٥٠)ملم, بەلأم لەڕۆژئاوای دەگاتە (١٧٥٠)ملم, هەروەها چیای ئەندیز لەشیلی و ئەرجەنتین بڕی بارانی سالأنەی لەڕۆژئاوا (٣٠٠٠)ملم, بەلأم لەڕۆژهەلأتی (١٥٠-٢٠٠)ملمە.

هەروەها لێژی چیاکان دەورێکی گرنگیان هەیە لەبەرزونزمی پلەی گەرمی بەجۆرێک هەتا پلەی لێژی چیاکە زیاتربێت ئەوا تیشکی خۆر بەشێوەیەکی ستونی ناگات بەچیاکە, بەمەش ڕێژەی هەلگەڕانەوەی تیشکی خۆر (ئالبیدۆ) کەمتر دەبێت و پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە, بەپێچەوانەشەوە ڕاستە, بۆیە ئەو لایانەی کەپلەی لێژی یان زۆرەو پلەی گەرمییان زیاترە بەبەراووردکردنی لەگەڵ ئەو سەمتانەی کەپلەی لێژیان کەمە.

هەروەها ناوچە چیاکان بەرپرسن لەجیاوازی بڕی دابارین لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر یان لەڕووبەرێکی بچوکیشدا بۆ نموونە لەدۆڵی مەزن کەڕووبەرەکەی دەگاتە (٤٩٠٠٠٠) کیلۆمەترو تێکڕای داباریەنەی سالأنەی لەشوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت, تێکڕاکەی لە نێوان (١٣٠-٧٦٠)ملم دایە.

٣- ناوچە چیایەکان دەتوانرێت وەک شوێنێک بۆ پرۆسە سەربازییەکان بەکاربهێنرێت, کەسەرچاوەی بەهێز و پتەوە بۆ خۆحەشاردانی سەربازی بەتایبەت چالاکیە سەربازییە بچوک و ماوە کورتەکان, بەهۆی شوێنی زۆر خۆحەشاردانی شاردنەوەی کەل و پەلە سەربازییەکان کەلەناوچە دەشتایی ونزمەکان کارێکی گرانە, لەناوچە چیاکاندا دەتوانرێت بەسەربازییەکی کەمەوە بەرگریەکی زۆر بکەن بەهۆی بەرز و نزمی زۆر و فراوان و لەهەمان کاتیشدا بوونی بەفرو باران و سەرما

بەتایبەت لەوەرزە ساردەکاندا, هەربۆیە هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر پۆڵندا دواکەوت بۆ چەند مانگێك بەهۆی سەختی وەرزی زستان بوو لەپۆڵندا, ئەمەش وەك یارمەتیەکی تر بۆ بەرگری کردن و مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەو ناوچانەدا.

هەروەها بەرزی چیاکان دیسانەوە سەرچاوەیە بۆ بەهێزی پرۆسە سەربازییەکان, چونکە هەتا چیاکە بەرزتر و فراوانتر بێت ئەوا شوێنی سەربازی زیاتر و کەرەستەی جەنگی زیاتری تێدا دەبنەوە, لەگەڵ ئەوەشدا داگیرکردنی لەلایەن دوژمنەوە ماوەیەکی زیاترو جەنگی زیاتری دەوێت, هەروەها بوونی دارستانە سروشتیە چڕو پڕەکان هۆکارێکی ترە بۆ پارێزگاری کردن لەدەست کەوتە سەربازییەکان, لەم بارەوە چەندین نموونە لەمێژوودا تۆمارکراوە وەك ئەو جەنگەی لەنێوان ئەڵمانیاو ڕوسیادا ڕووی داوە لەجەنگی دووەمی جیهانی کەتێیدا ڕووسەکان توانیان هێزی ئەڵمانیا بەسەرکردایەتی هیتلەر بشکێنێت, بەهۆی ئەوەی کەناوچەکە بەفرێکی زۆری لێ باری بوو, لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی بوو, کە زیاتر لە (٤٠٠٠) هەزار سەربازی ئەڵمانی ڕەق بونەوە لەسەرماندا و لەو شەڕەدا ئەڵمانیەکان بەجۆرێك دۆڕاندیان هەتا هەتا لەمێژوودا باس دەکرێت, هەروەها لەوڵاتانی ئەفغانستان و پاکستان چالاکیە سەربازییەکان دژ بەهێزەکانی ناتۆ لەو وڵاتەدا بەردەوامە کەهۆکاری سەرەکی ئەم ناوچە چیایانەن کە خۆیانیان تێدا حەشارداوە پاشان لەڕێگەی جەنگی پارتیزانیەوە ڕووبەڕووی هێزەکانی ناتۆ دەبنەوە کەزیاتر (١٠) ساڵە ئەو جەنگە بەردەوامە هەرچەندە سەرۆکی ڕێکخراوەکەش (ئوسامە بن لادن) کوژراوە, بەڵام هەربەردەوامن هۆکاری ئەمەش مانەوەی چەکدارەکانە لەناوچە چیا سەخت و بەرزەکاندا وەك چیای تۆرابۆار و ناوچەچیا بەرزەکانی سنوری نێوان ئەفغانستان و پاکستان.

٤- چیا سروشتێکی جوان و بێ وێنەی هەیە لەهەر ناوچەیەکدا بێت, ئەویش لەڕێگەی بوونی ڕووەکی جۆراو جۆر کەڕووی خاکەکەی سەوزکردووەو دیمەنێکی هەمیشە سەوزی بەخشیوە بە ناوچەکە کە سەرچاوەی خۆشکەری ئاووهەوایە و دەبێتە هۆی مەڵبەندی چەندین گیانەوەری جۆر بەجۆر کێوی کە دیسانەوە دەبنەهۆی جوان کردنی سروشت و پاك ڕاگرتنی ژینگەی ناوچەکە, کەواتە ناوچە چیاییەکان هۆکارە بۆ سروشتی جوان لەو وڵاتانەی کە چیایان تێ دەکەوێت, وەك وڵاتانی (ئیسپانیا, فەرەنسا, ئەمرکا, کەنەدا), هەربۆیە دیمەنی جوانی چیاکان لەم وڵاتانەدا بەدی دەکرێت, ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی یە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار,

چونکه ئاووهه‌وای ئه‌م ناوچانه ژینگه‌یه‌کی پاکی هه‌یه‌و گرنگه بۆ دانیشتوان و گه‌شتیارانی که‌ڕوو ده‌که‌ن ئه‌م وولآتانه.

٥- ناوچه چیاکان به‌وه ناسراون که‌بڕیکی زۆر ئاوی تێدایه چ ئاوی سه‌ر زه‌وی بێت یان ژێر زه‌وی یان دابارین , که‌دابارین برتییه له‌(باران, به‌فر, ته‌رزه ... هتد) سه‌رچاوه‌ی ئاون له‌ناوچه چیاکان, به‌هۆی توانه‌وه‌ی به‌فر له‌م چیایانه‌دا وای کردووه ڕێژه‌یه‌کی باش ئاوی ژێر زه‌وی تێدا کۆببێته‌وه‌و له‌ڕێگه‌ی کانیاو کارێزو بیره‌کانه‌وه دووباره ده‌ربکه‌وێته‌وه, هه‌روه‌ها چه‌ندین تاڤگه‌ش ده‌رده‌که‌وێت که دیسانه‌وه زۆربه‌یان سه‌رچاوه‌کانیان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌و دابارینه‌ی که له‌ماوه‌ی وه‌رزی داباریندا ده‌بارێت و بۆ ماوه‌یه‌کی دوور و درێژ له‌سه‌رخۆی ده‌توێته‌وه (به‌فر) و ده‌چێته نێو تاشه به‌رده‌کان, پاشان له‌م به‌ردانه‌وه ئاو ده‌رده‌چێت و چه‌ندین دیمه‌نی جوانی سروشتی له‌ناوچه‌که سه‌ر هه‌ڵ ده‌دات.

٦- چیاکان گرنگترین ده‌وری سه‌ره‌کی ده‌بینێت له‌ڕاگرتنی زه‌وی, چونکه وه‌ك مێخێك وایه زه‌وی ڕاگرتووه و ناهێڵێت بجوڵێت, وه‌ك خوای گه‌وره له‌قورئانی پیرۆزدا له‌ئایه‌تی (٦-٧)ی سوره‌تی (النبأ)دا ئاماژه‌ی پێ کردووه و فه‌رموویه‌تی:( زه‌وی وه‌ك لانکه‌یه‌که بۆ به‌دیهێنراوه‌کان, ملکه‌چیانه, جێگیر و چه‌سپاوه, زه‌ویمان به‌چیاکان جێگیر و له‌نگه‌رپێ گرتووه, هه‌روه‌ك چۆن خێمه به مێخ جێگیرده‌بێت).

ئه‌م چیایانه ڕه‌گیان چووه‌ته ناو زه‌وییه‌وه به‌جۆرێك به‌رزی ئه‌م چیایانه له‌سه‌ر زه‌وی چه‌ندبێت به‌هه‌مان شێوه ئه‌وه‌نده‌ی زیاتری له‌ژێر ئاوه‌کاندایه بۆ ئه‌وه‌ی هاوسه‌نگی زه‌وی بپارێزێت له‌هه‌موو جوڵه‌یه‌کی ترسناك, بۆ نموونه چه‌ندین چیا هه‌یه چه‌ندی له‌سه‌ر زه‌وی ده‌رکه‌وتووه ئه‌وه‌نده‌شی چووه به‌ناخی زه‌ویدا یان له‌ناو ئاوه‌کاندا وه‌ك چیای (ماوناکیا) له‌دوورگه‌ی (هاوای) که (٤٨٧٧)م له‌ژێر ڕووی ده‌ریاوه‌یه, که هۆکاره بۆ ڕاگرتنی زه‌وی.


٧- چیاکان هه‌رچه‌نده ناوچه‌ی سه‌ختن, به‌ڵام هه‌ندێ جار ده‌وڵه‌مه‌ندن به‌چه‌ندین ده‌رامه‌تی سروشتی گران به‌ها, وه‌ك (ئاسن, مس, خه‌ڵووز, نه‌وت, ده‌رامه‌تی ئاو . . . هتد).

بۆ زانیاری زیاتر ده‌رباره‌ی چیاکان سه‌یری خشته‌ی ژماره( ٢ ) بکه.

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

**جۆری چیاکان و تایبەتمەندییەکانیان**

| جۆری چیا | هۆی دروست بونیان | نموونە | گرنگیەکەیان |
|---|---|---|---|
| ڕاماڵراوەکان | بەهۆی کردارەکانی ڕاماڵین یان داماڵین دروست دەبن کە ڕووبەڕووی ئەم چیایانە بونەتەوە و دەبنە هۆی لابردنی لوتکەکەیان یان نزم بونەوەیان | چیاکانی ئیسپانیا | - بۆ گەشت و گوزار<br>- بۆ خۆش کردنی ئاووهەوا<br>- بۆ پرۆسە سەربازییەکان<br>- بۆ ڕاگرتن و هاوسەنگی زەوی<br>- زۆری دەرامەتی سروشتی |
| شکاوەکان | لە ئەنجامی ڕووبەڕو بونەوەی توێژاڵی زەوی دروست بووە | چیاکانی پەنین و فوج | |
| گڕکانەکان | بەهۆی هەڵچوونی دەمی گڕکانەکانەوە دروست بووە | چیاکانی کلیمنجارۆ و فۆجیاوا | |
| پێچاوپێچەکان | ئەو پاڵەپەستۆ بە هێزەیە کە لەلایەك یان دوو لاوە زۆر بەتوندی چینە بەردەکانی گوشیەوە.. | چیاکانی ئەپەلاش | |



وێنەی ژمارە (٣) ناوچەی چیاکان

## ٤- بەرگە هەوا

بەرگە هەوا بەگرنگترین ئەو بەرگە دادەنرێت کەدەوری گۆی زەوی داوەو هۆکارە بۆ بوونی ژیان لەسەر هەسارەی زەوی, ئەم بەرگە هەوایە هاوشانی چەندین بەرگی تری وەك (بەرگی بەردین, بەرگی ئاوی, بەرگی زیندەگی, بەرگی سەهۆڵین) دەبنە هۆی تەواو کاری ژیان لەسەر زەوی, هەروەها بەرگی هەوایی بەیەکێك لەپێکهاتە سروشتیە گرنگەکانی زەوی دەژمێرێت, لەگەڵ کۆمەڵێك گاز هەوای دەوری گۆی زەویان پێکهێناوە, ئەستوری ئەم بەرگە جیاوازە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لەهەمان کاتدا جیاوازی تێ دەکەوێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەهۆی چەندین هۆکاری سروشتی و مرۆییەوە, ئەم بەرگە هەوایە لەچەندین گاز پێکهاتووە کەدەوری گۆی زەویان داوە, گرنگترینیان بریتییە لە( ئۆکسجین, نایترۆجین, دوانە ئۆکسیدی کاربۆن, ئارگۆن), ئەو رێژە کەمەشی کە دەمێنێتەوە لەچەند گازێکی تر پێکهاتووە وەك گازەکانی (نیۆن, کنیتۆن), ئەم بەرگە هەواییە پەستانێك لەسەر رووی زەوی دروست دەکات کە برەکەی (١٠) کیلۆ باسکالە لەئاستی رووی دەریا, بەلاّم لەبەرزاییەکاندا کەمتردەبێتەوە و لەنزمای و شیوەکان و دۆڵەکاندا زیاتردەبێت, ئەستوری ئەم بەرگە گازە تا ئێستا بە تەواوەتی روون نەبووەتەوە لە نێوان زاناکاندا, بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی لەم دوایانەدا توانیان ئەستورییەکەی دیاری بکەن بەنزیکەی (٩٦٠٠) کیلۆمەتر خەملێنراوە لەئاستی رووی دەریاوە.

## گرنگی یەکەی

١- بەرگە گاز یان بەرگە هەوا هۆکارە بۆ هاوسەنگی گەیشتنی تیشکی خۆرو پلە گەرما بۆ زەوی بەپێی پێویستی ئەوانەی کەلەسەری دەژین, واتە بەرگە گاز وەك فیلتەرێك وایە بۆ پاکردنەوەی تیشکی رۆژ بۆ ئەوەی کاتێك دەگاتە زەوی لەگەڵ ژیاندا بگونجێت, چینە بەرزەکانی ئەم بەرگە هۆکاری سەرەکیە بۆ پاراستنی ژیان لەسەر رووی زەوی و ناهێڵێت تیشکەکانی سەرووەنەوشەیی بگاتە سەر زەوی کەزیان بەخشن بۆ ژیان, پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی لەلایەن ئەم بەرگەوە هەڵدەمژرێت و کۆتای دێت.

٢- بەرگی گازی بەرێکخەری گەرما دادەنرێت لەسەر رووی زەوی, واتە نەرێگە

بەگەرما دەدات ئەوەندە بەرزببێتەوە یان ئەوەندە زۆر نزم ببێتەوە کۆتایی ژیانی بەدوادا بێت کەلەهەسارەکانی تر ئەم دیاردەیە بەڕوونی دەبینرێت, بۆیە ڕوودانی زیادە ڕۆیی لەگەرما هۆکارە بۆ نەمانی ژیان لەو شوێنەدا, وەك لەهەسارەی عەتارد بەرزترین پلەی گەرمی لە ڕۆژدا تۆمارکردووە و دەگاتە نزیکەی (٤٣٠) پلەی سەدی و لەشەویشدا پلەی گەرما دەگاتە (١٧٠) پلەی سەدی ژێر سفر, هۆکاری ئەم جیاوازە لەپلەی گەرمیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بەرگە هەوایەکی تەنك لەچاو بەرگە هەوای زەوی کە ڕێکخەری گەرمییە لەسەر زەوی بەجۆرێك جیاوازی لەپلەی گەرمی زەویدا زۆر نیە وەك هەسارەی عەتارد, کاتێك بەرزترین پلەی گەرمی لە (عەزیزی)ە لەلیبیا تۆمارکراوەو دەگاتە نزیکەی (٥٨) پلە, بەلام بەپێی لێکۆڵینەوەو داتاتازەکان پلەی گەرمی بەرزبووەتەوە بۆ سەرو (٦٠)پلەی بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە, لە هەمان کاتدا نزمترین پلەی گەرمی لە (فرغۆیانسك) لە سبیریا تۆمار کراوە و دەگاتە (٩٣) پلە ژێر سفر,لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەبوونی ژیان لەم جیاوازییە کەمەی پلەی گەرمیدا ئاساییەو ڕێگە بەبوونی ژیان دەدات لەبەرامبەر هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆر (عەتارد, زوهرە, مەریخ, موشتەری .... هتد).

٣- ئەگەر بەرگە گاز نەبووایە چەندین دیاردەی گرنگ لەسەر ڕوی زەوی دەرنەئەکەوت ئەمەش دەبووە هۆی مەترسی ژیان لەسەر زەوی, چونکە بەنەبوونی بەرگە گاز ڕوناکی ڕۆژ و شینایی ئاسمان و ڕەنگی سوری شەفەق دروست نەئەبوو, بەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ژیان لە هەسارەی زەوی, هەربۆیە خۆرگیران خراپە بۆ تەندروستی مرۆڤ بەتایبەت لەکاتی بەربونیدا کاریگەری هەیە لەسەر چاوی زیندەوەران, چونکە خۆرگیران شەفەقی نیە واتە ڕاستەوخۆ لە تارکیەکی زۆرەوە بۆ ڕۆشناییەکی زۆر بێ ئەوەی بە نیمچە تاریکیدا تێ پەڕێت بەمەش شەفەقی نیە و زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت, ئەگەر بەرگە گاز نەبووایە ئەوا ئەم دیاردەیە بەردەوام ڕوی دەدا و دەبووە مایەی مەترسی ژیان لەسەر هەسارەکەمان, هەروەها شینایی ئاسمان دیسانەوە کاریگەری هەبوو لەسەر ژیان بەو پێیەی پێش بینەکان نەدەکران و ئەوکاتیش زانست و زانیاری پێش نەئەکەوت و گەشتەکانیش بۆ ئاسمان ڕادەگیرا.

٤- کارێکی تری بەرگە گاز ئەوەیە کەبەردەوام وەك پاسەوانێك وایە بۆ پاراستنی ژیان لەسەر ڕووی هەسارەی زەوی, ئەوەش لەکاتێکدا کە هەڵدەسێت بەسوتان و لەناوبردنی نەیزەك و شهوبەکان لەچینە بەرزەکانی ئەم بەرگە گازەداو ناهێڵێت

بگاتە سەر ڕووی زەوی لەناویان دەبات, خێرای ئەم نەیزەکانە (٦) مەترە لە چرکەیەکدا, ئەمە بەسە بۆ ئەوەی کەتێ پەڕبوونی بەلای مرۆڤدا بیسوتێنێت, بەلام بەهۆی ئەم بەرگە گازەوە دەسوتێن و لەناودەچن کەژمارەیان بەملوێنەها دانە ئەژماردەکرێت, کەواتە بەرگەگاز بۆ پاراستنی و ڕێکخستنی ژیانە لەسەر زەوی.

٥- بەرگە گاز هۆکارە بۆ بوونی ژیان لەسەر زەوی, ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەهەوای پاك بۆ مرۆڤ و گیانەوەرانی سەر زەوی دابین دەکات, چونکە بەنەبوونی بەرگە گاز ڕاستەوخۆ ژیان دەخاتە مەترسیەوەو لەناودەچێت, لەبەرئەوەی زیندەوەران (ئادەمیزاد و گیانلەبەرانی تر) ناتوانن بەبێ هەوا بژین لەچەند خولەکێك زیاتر, بەلام دەتوانن بەبێ خواردن و ئاو بۆ ماوەی هەفتەیەك یان دوو هەفتە بمێننەوە ئەمەش گرنگی بەرگە گاز دەردەخات, لەبەرئەوە بەنەمانی ژیان کۆتای پێ دێت.

٦- بەرگە گاز شەپۆلە بێ تەلەکان کەبۆ کرداری پەیوەندی پەخشی ڕادیۆ بەکەڵکە پێچەوانە دەکاتەوە, هەروەها بەنەبوونی ئەم بەرگە گازە دەبێتە هۆی تێکدانی سەرجەم پەیوەندییەکان و پەخشە ڕادیۆکان و ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر دواکەوتنی ژیان, چونکە بە نەمانی ژیان لەناو دەبێت و بەبونیشی ژیان بەردەوام و پێشکەتوو دەبێت.

٧- بە نەبوونی بەرگە گاز چەندین دیاردەی کەشی ڕوونادات کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زەوی, لەو دیاردانەش (چڕبوونەوە و دابارین)ە, ئەگەر چڕبونەوە ڕوونەدات هیچ جۆرە دابارنێك ڕوونادات, بەمەش دیاردە کەشیەکان ڕوونادات کەگرنگترینیان بارانە و کاریگەریشی هەیە لەسەر کەمی ئاوی سازگارو دەبێتە هۆی کەم بونەوەی ئاوی خواردنەوە لەسەر زەوی و پاشان سوڕ ئاو لە سروشتدا بەرەو نەمان و لەناچوون دەبێتەوە, ئەمەش وادەکات گۆڕانکاری ئاووهەوا کەم بێتەوە, چونکە دیاردە کەش و هەواییەکان گرنگترینیان دابارین بەرەو لەناوچون و کەم بونەوە دەچن.

کەواتە بەو باسەی کەلەخاڵەکانی پێشودا باسمان کرد دەردەکەوێت بەرگە هەوا گرنگە بۆ سەرجەم چالاکیە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ و گیانلەبرانی تر, لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی سەرەکیە بۆ بوونی ژیان لەسەر زەوی.

## ٥- دابەش بوونی وشکانی و ئاو

وشکانی و ئاوی ڕووی گۆی زەویان داپۆشیوە و هەریەکەیان خاسیەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە, بەمەش کاریگەری و گرنگیان لەنێواندا جیاوازە بەجۆرێك وشکانیەکان دەکەونە ئەو ناوچانەی گۆی زەوی کەلەئاستی ڕووی دەریا بەرزترن و ئاو دایان ناپۆشێت, کە ڕووبەرە ووشکانیانە کیشوەرەکان و ولأتە جیاوازەکان دەگرێتەوە کەژیانی زیندەوەرانی لەسەرەو دەگاتە نزیکەی (٢٩٪) کۆی ڕووبەری زەوی واتە نزیکەی (١٥٠) ملوێن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

بەلأم ڕوبەری ئاوی ئەو ناوچانەی ڕووی زەوی دەگرێتەوە کەلەناوچە وشکانیەکان نزمترن و ڕوبەرێکی فراوانی گۆی زەویان پێکهێناوە کەدەگاتە نزیکەی (٧١٪)ی کۆی ڕوبەری زەوی, ئەمەش دەکاتە سێ یەکی ڕووبەری زەوی, لەبەرامبەردا وشکانی یەك بەشی گۆی زەوی داگیرکردووە, ڕوبەری ئاوی بریتیە لە(دەریا و زەریا و ڕووبارەکان) کەنزیکەی (٣٦١,١) ملوێن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە لەکۆی هەموو ڕووبەری زەوی کەدەگاتە (٥١٠,١) ملوێن کیلۆمەتر چوارگۆشە, دابەش بوونی ڕوبەری ئاوی و وشکانی بەم شێوەی ئێستای چەندین سودو گرنگی هەیە کەبەدرێژی باسیان لێوە دەکەین.

## گرنگی یەکەی

١- دابەش بوونی دەریاو زەریاکان بەم شێوەیە, واتە ڕێژەی وشکانی لەبەرامبەر ئاودا لەسەر گۆی زەوی بریتیە لەیەك بۆ سێ, بۆیە گرنگ و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە زەوی و ئاویش هەوای لەبار و گونجاوە بۆ ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە, ئەگەر بێت و گۆڕانکاری لەم ڕوبەرە ئاوییانەدا ڕووبدات کاریگەری خراپ لەسەر زەوی بەجێ دەهێڵێت, چونکە بە گۆڕانکاری ڕوبەری ئاوی بە تایبەتی کەم بونەوەیان گۆڕانکاریش لەپلەی گەرمی زەویدا ڕوودەدات و بەمەش هاوسەنگی گەرمی لەسەر زەوی لەدەست دەدات و دواتر چەندین کارەساتی گەورەی بەدوادا دێت کە مەترسی لەناوچوونی ژیانی لێ کرێت, لەبەرئەوە ڕووبەری ئاوی بەو فراوانیەی کە گۆی زەوی داپۆشیوە بە هێواشی گەرم دەبێت, بەلأم بەشە وشکانیەکەی کە ڕێژەیەکی کەمی پێکهێناوە زوو گەرم دەبێت و زوو سارد دەبێتەوە, لەبەرئەوە تیشکی خۆر زۆر دەچێتە ناو دەریا

و زەریاکان بەقولایییەکی زۆر ئەمەش وادەکات ئاراستەیەکی پێچەوانە وەربگرێت بۆ هاوسەنگی گەرمی لەسەر زەوی و بەردەوام بۆ ژیان.

٢- جیاوازیەك یان گۆڕانکاریەك لەم ڕوبەرە ئاوی و وشکانی گۆی زەوی ڕووبدات کاریگەری ترسناکی دەبێت, بۆ نموونە ئەگەر ڕوبەری وشکانی زەوی لەچاو ڕوبەری ئاودا زیاتر بووایە لەسەر گۆی زەوی ئەوا یاساکانی ژیان پێچەوانە دەبونەوە بەجۆرێك زۆربەی زەوی دەبوو بە بیابانێکی بێ ڕووەکی وشك و بێ ئاو کەبەکەڵکی ژیان نەدەهات ئەو کات ڕوبەری بیابانەکان زیادی دەکردو پلەی گەرما بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبووەو باری کەشی زەوی بەرەو گەرم بوون و تێکچوون دەچوو.

٣- هەروەها بەنەبوونی ئەم ڕوبەرە ئاوەی ئێستا هیچ کام لەمیوە و خۆراك و لەوەڕگاو دارودرەخت و سەوزایی بەهەموو شێوەکانی و ئاوی پاك (شیرین) وەك ئێستا نەدەبوو, ژیان زۆر سەخت دەبوو بەوەش بەرەو لە ناوچوون دەبویەوە, چونکە بەنەمانی سەوزایی (داروەدەرەخت و گژوگیا) لەسەر زەوی خواردەمەنی بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ دەست نەدەکەوت, هەروەها بەهۆی نەمانی سەوزایی کەش و هەوا هاوسەنگی خۆی لەدەست دەداو لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دیاردەی نەخوازراو سەری هەڵ دەدا, هەروەها بڕی ئاوی شیرین کەخۆی لەڕوبارو کارێزەکاندا دەبینێتەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبویەوە, هەروەها دیاردەی بەبیابان بوون زۆر دەبوو ئەمەش دیاردەیەکی سروشتی ترسناکە چونکە گۆڕانکاری ئاووهەوا بەدوادا دێت, هەروەها کەمی سەوزایی کاریگەری هەیە لەسەر گازەکان بەتایبەت (ئۆکسجین و دووەم ئۆسیدی کاربۆن), چونکە ڕوبەرە سەوزاییەکان دوانەئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و ئۆکسجین دەدەنەوە, بەڵام بەپێچەوانەوە مرۆڤ و زیندەوەرانی تر ئۆکسجین هەڵدەمژن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەدەنەوە, بۆیە بەنەمانی سەوزایی ئەو ئاڵوگۆڕی هەناسەدانە لەنێوان مرۆڤ و ڕووەك تێك دەچێت, چونکە هەناسەدانی زیندەوەرانی زەوی پەیوەستە بە سەوزاییەکانەوە بەوەی ئۆکسجینی هەوامان بۆ دابین دەکات بۆ هەناسەدان, بەڕوودانی ئەم بارە ئەم گازەکان هاوسەنگی خۆیان لەدەست دەدەن, بەمەش ژیان کۆتای پێدێت لەسەر زەوی.

٤- بەهۆی ئەوەی کەڕوبەرێکی زۆری زەوی بریتیە لەئاوی دەریاو زەریاکان و بەهێواشی گەرم دەبن, چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد تیشکی خۆر دەچێتە ناو چینە قوڵەکانی ناو دەریاو زەریاکان, ئەمەش وا دەکات ئاوی دەریاو زەریاکان

ببێتە کۆگایەکی گەورەی وزە، بۆیە توانای گەرمی زیاترە لەبەرامبەر توانای گەرمی وشکانی، کەواتە دروست بون و دابەش بوونی بڕی ئاو و وشکانی لەسەر ڕوی زەوی بەم شێوەیە هۆکارە بۆ ڕێکخستن و بوونی ژیان لەسەر زەوی.

دکتۆر (تۆماس دافید بارکس) زانای کیمیا بڕوانامەی دکتۆرایی هەیە لە بەشی کیمیا لە کتێبی (الله یتجلی فی عصر العلم)دا دەڵێ:

ئاو: جگە لەم تایبەتی مەندییانە، هەندێ تایبەتمەندی تری هەیە کەزۆر گرنگن ئەگەر ئادەمیزاد تەماشا بکات زۆر بەرێك وپێکی نیشانەی ڕێکخستنی سەرسوڕهێنەرن.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دابەش بونی وشکانی و ئاوی سەیری خشتەی ژمارە(٣) بکە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ڕێژەی دابەش بونی وشکانی و ئاو بە پێی بازنەکانی پانی**

| بازنەکانی(پلە) | نیوە گۆی زەوی باکور | | نیوە گۆی زەوی باشور | |
|---|---|---|---|---|
| | ٪ ئاو | ٪ وشکانی | ٪ ئاو | ٪ وشکانی |
| صفر- ٥ | ٧٨,٦ | ٢١,٤ | ٧٥,٩ | ٢٤,١ |
| ٥- ١٠ | ٧٥,٧ | ٢٤,٣ | ٧٦,٩ | ٢٣,١ |
| ١٠- ١٥ | ٧٦,٥ | ٢٣,٥ | ٧٩,٦ | ٢٠,٥ |
| ١٥-٢٠ | ٧٥,٨ | ٢٤,٢ | ٧٦,٤ | ٢٣,٦ |
| ٢٠- ٢٥ | ٦٥,٢ | ٣٤,٨ | ٧٥,٤ | ٢٤,٦ |
| ٢٥- ٣٠ | ٥٩,٦ | ٤٠,٤ | ٧٨,٤ | ٢١,٦ |
| ٣٠- ٣٥ | ٥٧,٧ | ٤٢,٣ | ٨٤,٢ | ١٥,٨ |
| ٣٥- ٤٠ | ٥٦,٨ | ٤٣,٢ | ٩٣,٤ | ٦,٦ |
| ٤٠- ٤٥ | ٥١,٢ | ٤٨,٨ | ٩٦,٤ | ٠٣,٦ |
| ٤٥-٥٠ | ٤٣,٨ | ٥٦,٢ | ٩٧,٥ | ٠٢,٥ |
| ٥٠-٥٥ | ٤٠,٧ | ٥٩,٣ | ٩٨,٥ | ٠١,٥ |
| ٥٥-٦٠ | ٤٥ | ٥٥ | ٩٩,٩ | ٠٠,١ |
| ٦٠-٦٥ | ٣١,٢ | ٦٨,٨ | ٩٩,٧ | ٠٠,٣ |
| ٦٥-٧٠ | ٢٨,٧ | ٧١,٣ | ٧٩,٥ | ٢٠,٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٥-٧٠ | ٦٥,٥ | ٣٤,٥ | ٣٨,٦ | ٦١,٤ |
| ٨٠-٧٥ | ٧٧,١ | ٢٢,٩ | ١٠,٧ | ٨٩,٣ |
| ٨٥-٨٠ | ٨٥,٢ | ١٢,٨ | - | ١٠٠ |
| ٩٠-٨٥ | ١٠٠ | - | - | ١٠٠ |

## ٦- چینەکانی هەوا

بەرگە هەوای زەوی لەچوار چینی سەرەکی پێکهاتووە هەرچەندە تائێستا بەتەواوی ڕوونەبوەتەوە کەئەستوری ئەم چینانە چەندە, بەڵام بەگشتی پسپۆڕانی ئەم بوارە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەستوریان دەگاتە نزیکەی (٨٠٠) کیلۆمەتر لەخوارەوە ئاماژەمان بە جۆرەکانی کردووە.

١- چینی ترۆبۆسفیر.

٢- چینی ستراتۆسفیر.

٣- چینی میسۆسفیر.

٤- چینی ئایۆنۆسفیر.

### (٦-١) چینی ترۆبۆسفیر

ئەم چینە بەچینی یەکەمی بەرگە هەوای گۆی زەوی دەژمێرێت و بەشی خوارەوەی لەبەرگە هەوایەك پێکدێنێت و دەوری گۆی زەوی داوەو تێکڕای بەرزیەکەی (٨) کیلۆمەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریا و لەناوچە جەمسەرەکان نزیکەی (١١) کلیۆمەترو لەبازنەکانی ناوەڕاست نزیکەی (١٧) کیلۆمەتر لەسەر ناوچەی هێڵی یەکسانی دەبێت, وەك لەباسەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد ئەستوری ئەم چینە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت.

ئەم چینە بەگرنگترین چینی بەرگەهەواش دەژمێرێت, چونکە سەرجەم دیاردە کەشیەکان لەم چینەدا ڕوودەدەن, هەروەها لەم چینەدا بەشێوەیەکی گشتی بەبەرزبونەوە لەئاستی ڕووی دەریا پلەی گەرمی کەم دەکات بەشێوەیەکی گشتی.

ببێته کۆگایەکی گەورەی وزە، بۆیە توانای گەرمی زیاترە لەبەرامبەر توانای گەرمی وشکانی، کەواتە دروست بون و دابەش بوونی بڕی ئاو و وشکانی لەسەر ڕوی زەوی بەم شێوەیە هۆکارە بۆ ڕێکخستن و بوونی ژیان لەسەر زەوی.

دکتۆر (تۆماس دافید بارکس) زانای کیمیا بڕوانامەی دکتۆرایی هەیە لە بەشی کیمیا لە کتێبی (الله يتجلى فى عصر العلم)دا دەڵێ:

ئاو: جگە لەم تایبەتی مەندییانە، هەندێ تایبەتمەندی تری هەیە کەزۆر گرنگن ئەگەر ئادەمیزاد تەماشا بکات زۆر بەڕێك وپێکی نیشانەی ڕێکخستنی سەرسوڕهێنەرن.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دابەش بونی وشکانی و ئاوی سەیری خشتەی ژمارە(٣) بکە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ڕێژەی دابەش بونی وشکانی و ئاو بە پێی بازنەکانی پانی**

| بازنەکانی(پلە) | نیوە گۆی زەوی باکور | | نیوە گۆی زەوی باشور | |
|---|---|---|---|---|
| | ٪ ئاو | ٪ وشکانی | ٪ ئاو | ٪ وشکانی |
| صفر- ٥ | ٧٨,٦ | ٢١,٤ | ٧٥,٩ | ٢٤,١ |
| ٥- ١٠ | ٧٥,٧ | ٢٤,٣ | ٧٦,٩ | ٢٣,١ |
| ١٠- ١٥ | ٧٦,٥ | ٢٣,٥ | ٧٩,٦ | ٢٠,٥ |
| ١٥-٢٠ | ٧٥,٨ | ٢٤,٢ | ٧٦,٤ | ٢٣,٦ |
| ٢٠- ٢٥ | ٦٥,٢ | ٣٤,٨ | ٧٥,٤ | ٢٤,٦ |
| ٢٥- ٣٠ | ٥٩,٦ | ٤٠,٤ | ٧٨,٤ | ٢١,٦ |
| ٣٠- ٣٥ | ٥٧,٧ | ٤٢,٣ | ٨٤,٢ | ١٥,٨ |
| ٣٥- ٤٠ | ٥٦,٨ | ٤٣,٢ | ٩٣,٤ | ٦,٦ |
| ٤٠- ٤٥ | ٥١,٢ | ٤٨,٨ | ٩٦,٤ | ٠٣,٦ |
| ٤٥-٥٠ | ٤٣,٨ | ٥٦,٢ | ٩٧,٥ | ٠٢,٥ |
| ٥٠-٥٥ | ٤٠,٧ | ٥٩,٣ | ٩٨,٥ | ٠١,٥ |
| ٥٥-٦٠ | ٤٥ | ٥٥ | ٩٩,٩ | ٠٠,١ |
| ٦٠-٦٥ | ٣١,٢ | ٦٨,٨ | ٩٩,٧ | ٠٠,٣ |
| ٦٥-٧٠ | ٢٨,٧ | ٧١,٣ | ٧٩,٥ | ٢٠,٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٥-٧٠ | ٦٥,٥ | ٣٤,٥ | ٣٨,٦ | ٦١,٤ |
| ٨٠-٧٥ | ٧٧,١ | ٢٢,٩ | ١٠,٧ | ٨٩,٣ |
| ٨٥-٨٠ | ٨٥,٢ | ١٢,٨ | - | ١٠٠ |
| ٩٠-٨٥ | ١٠٠ | - | - | ١٠٠ |

## ٦- چینەکانی هەوا

بەرگە هەوای زەوی لەچوار چینی سەرەکی پێکهاتووە هەرچەندە تائێستا بەتەواوی ڕوونەبوەتەوە کەئەستوری ئەم چینانە چەندە, بەلام بەگشتی پسپۆڕانی ئەم بوارە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەستوریان دەگاتە نزیکەی (٨٠٠) کیلۆمەتر لەخوارەوە ئاماژەمان بە جۆرەکانی کردووە.

١- چینی ترۆبۆسفیر.
٢- چینی ستراتۆسفیر.
٣- چینی میسۆسفیر.
٤- چینی ئایۆنۆسفیر.

### (٦-١) چینی ترۆبۆسفیر

ئەم چینە بەچینی یەکەمی بەرگە هەوای گۆی زەوی دەژمێرێت و بەشی خوارەوەی لەبەرگە هەوایەك پێکدێنێت و دەوری گۆی زەوی داوەو تێکڕای بەرزیەکەی (٨) کیلۆمەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریا و لەناوچە جەمسەرەکان نزیکەی (١١) کلیۆمەترو لەبازنەکانی ناوەڕاست نزیکەی (١٧) کیلۆمەتر لەسەر ناوچەی هێڵی یەکسانی دەبێت, وەك لەباسەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد ئەستوری ئەم چینە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت.

ئەم چینە بەگرنگترین چینی بەرگەهەواش دەژمێرێت, چونکە سەرجەم دیاردە کەشیەکان لەم چینەدا ڕوودەدەن, هەروەها لەم چینەدا بەشێوەیەکی گشتی بەبەرزبونەوە لەئاستی ڕووی دەریا پلەی گەرمی کەم دەکات بەشێوەیەکی گشتی.

## گرنگیەکەی

١- وەك پێشتر باسمان کرد ئەم چینە (ترۆبۆسفیر) گرنگترین چینی بەرگە هەوایە کەدەوری گۆی زەوی، چونکە زۆربەی دیاردە کەش و ئاووهەوایەکانی تێدا ڕوودەدات، ئەم دیاردانەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر مرۆڤ و زیندەوەرانی تری سەر زەوی، دیاردەکانیش بریتیە لە( باران، بەفر، پلەی گەرمی، شێ، پەستانی هەوا، با) کەسەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ڕێکخستنی ژیان لەسەر زەوی، هەروەها ئەو گۆڕانکاریە ئاووهەوایانە پلەی گەرمیش دەگرێتەوە بەجۆرێك تالەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزببێتەوە پلەی گەرمی کەم دەکات.

٢- هەروەها گرنگی ئەم چینە لەوەدا دەردەکەوێت کەڕێژەیەکی بەرز لەگازەکانی تێدا کۆبۆتەوە کە دەگاتە نزیکەی (٧٥٪)، هەروەها چڕی هەوا لەم چینەدا لەهەموو چینەکانی تر زیاترە، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەژیانی دەکات.

٣- ئەم چینە خاڵێکی زۆر گرنگی هەیە کەلەچینەکانی تر جیای دەکاتەوە ئەوەیە کەزەوی دەپارێزێت لەو مادە زیان بەخشانەی کە لەسەرەوە بەرەو زەوی دێت وەك هەڵمژینی تیشکی سەرووەنەوشەی لەم چینەدا پێش ئەوەی بگاتە سەر ڕووی زەوی، ئەگەر ئەم بەرگرییە نەبووایە لەم چینەدا بۆ تیشکە گەردونیەکان ئەوا ژیان لەسەر زەوی بەرەو مەترسی لەناوچوون دەبووە.

٤- لەم چینەدا دوو دیاردەی کەشی گرنگ دروست دەبێت ئەوانیش بریتیە لە (هەور، هەوا) کە هەردووکیان سودی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەهۆی هەورەکانەوە لەم چینەدا دابارین دروست بووە، وەك (باران، بەفر، تەرزە، شەونم ... هتد)، هەروەها بەهۆی هەواشەوە ئەم هەورانە دەگوازێتەوە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری ڕووی زەوی بۆ ئەوەی سەرجەم ناوچەکان دابارین تێیدا ڕووبدات، کەواتە چینی ترۆبۆسفیر سەرچاوەیە بۆ سەرجەم دیاردە کەشیەکان و ئاووهەوایەکان.

٥- ئەم چینە چینێکی ڕوون و خاوێنە و ڕێگە بە تیشکی خۆر دەدات تابگاتە سەر زەوی بەهۆیشیەوە زەوی گەرم دەبێت و بەمەش هەواکەی دەوروبەری گەرم دەبێت و دواتر چینەکانی سەرەوەش گەرم دەبن و ڕێژەیەکی کەمتر لەو چینانەی خوارەوە.

## (٦-٢) چینی ستراتۆسفیر

دووەم چینە لەچینەکانی بەرگە هەوای گۆی زەوی کە ڕاستەوخۆ دوای چینی ترۆبۆسفیر دێت, لەم چینەدا چەند دیاردەی گۆڕانکاری پلەی گەرمی بەخێرایی ڕوونادات بەڵکو پلەی گەرما ورده ورده و لەسەرخۆی بەرەو بەرزبونەوە دەچێت, کە پلەی گەرمی تێدا لە نێوان (سفر- ٦٠) پلەی سەدی, بەلأم لەسەرچاوەیەکی تردا هاتووە کە دەڵێت: پلەی گەرمی (٦٠) پلەی سەدی لە ژێر سفرەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت, بەهۆی چینی ستراتۆتۆپۆز چینی ستراتۆسفیر لە چینی میزۆسفیر جیادەکاتەوە, بەرزی ئەم چینە نزیکەی (٥٠) کیلۆمەتر دەبێت.

### گرنگیەکەی

١- بەهۆی ئەوەی کە چینی ترۆبۆسفیری ناگاتە سەر ئەم چینە بۆیە فرۆکەکان بەرزدەبنەوە بۆ ئەم چینە و لە بەرزی (١٢) کیلۆمەتر دەفڕن و خۆیان لەو دیاردە کەشیە نا هەموارانە دەپارێزێت کە لەچینی یەکەمدا (ترۆبۆسفیر)دا ڕوودەدات بە تایبەت ئەو دیاردە کەش و هەوایانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشتە ئاسمانیەکانەوە هەیە وەك (تەم, باران, بەفر, هەوا .... هتد) کە دەبێتە هۆی وەستانی گەشتە ئاسمانیەکان.

٢- ئەم چینە دیاردە کەشییانەیان پێ ناگات تەنها دوو جۆر هەوای جولأوەی تێدایە, کە بەدەوری زەویدا دەسوڕێنەوە.

٣- ئەم چینە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە ئەویش ئەوەیە کەڕێژەی زۆری پێکهاتووە لەگازی ئۆزۆن, ئەم گازەش تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ پاراستنی ژیان, چونکە ئەم گازە وەك بەربەستێك وایە هەڵدەسێت بە مژینی تیشکی سەروونەوشەی و تیشکە درێژەکانی تر.

## (٦-٣) چینی میسۆسفیر

ئەم چینە بە سێ یەم چینی بەرگە هەوا دادەنرێت لەدوای هەریەکە لەچینی ترۆبۆسفیر و ستراتۆسفیر کە ڕاستەوخۆ لەدوای (٥٠) کیلۆمەتر لە چینی ستراتۆسفیرەوە دەست پێ دەکات تا بەرزی (٨٠) کیلۆمەتر, لەم چینەدا بە بەرزبونەوە پلەی گەرمی کەم دەکات تا دەگاتە نزیکەی (٩٠)پلەی سەدی ژێر سفر.

## گرنگیەکەی

ئەم چینە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە, ئەوەش ئەوەیە کە شهوب و نەیزەکەکان لەم چینەدا لەناودەچن و ناگاتە خوارەوە بۆ چینەکانی تری نزیک لەزەوی وەك چینی ستراتۆسفێر و ترۆبۆسفێر بۆیە لەم چینەدا پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە کە هۆکاری تەقینەوەی ئەم شهوب و نەیزەکانەیە لەم چینەدا, کەواتە ئەم چینە شهوب و نەیزەك لەناودەبن و ناهێڵێت ژیان لەسەر زەوی بکەوێتە مەترسیەوە, چونکە کەوتنە خوارەوەی یەك نەیزەك بەسە بۆ ئەوەی کۆتای پێ بهێنێت.

## (٦-٤) چینی ئایۆنۆسفێر

ئەم چینە چوارەم چینی بەرگە هەوای گۆی زەوی یە کە بەرزییەکەی (٨٠) کیلۆمەتر دەست پێ دەکات دوای چینی میسۆسفێر و دەگاتە (٢٠٠) کیلۆمەتر, ئەم چینە بە چینی (سیرمۆسفێر) ناسراوە, بەمەش ئەستوری لەهەموو چینەکانی تری گۆی زەوی زیاترە, لەم چینەدا پلەی گەرمی بەرزە و دەگاتە زیاتر لە (١٠٠٠) پلەی سەدی, بەهۆی هەڵمژینی بەشێکی زۆر لەتیشکی خۆر لەلایەن ئەم چینەوە, هەروەها تاکە چینە گازەکان چین چین لەسەریەك کەڵەکەبوون.

## گرنگیەکەی

١- ئەم چینە هەواکەی لەباری ئایۆن بووندایە و ئەگۆرێت بۆ هێزی کارەبایی سارد و گەرم.

٢- ئەم چینە مەترسی زۆر لەسەر زەوی و ژیانی مرۆڤ لەناو زەوی لادەبات و دەیپارێزێت لە تیشکە گەردونیەکان وەك تیشکی (سینی) کوشندە و تیشکی (ئێکس), هەروەها مەترسی ئەو پارچە ئەستێرانەی کە لەسەرەوە بەرەو زەوی دێن.

٣- ئەم چینە (ئایۆنۆسفێر) کارەبایی یە بەجۆرێك ئەو شەپۆلانەی کە لەڕادیۆکان بەرز دەبنەوە بە پێچەوانەوە دەگاتەوە زەوی.

کەواتە دەردەکەوێت هەریەکێك لەم چینەدا گازانە خاسیەت و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و خوای گەورە ڕێکی خستووە بۆ پاراستنی ژیان لەسەر زەوی کە لەسەر هەسارەکانی تر ئەم چینانە نیە بۆیە ژیان لەسەریان نیە, ئەگەر هەشبێت زۆر ئەستەمە لەبەرامبەر ژیان لەسەر زەوی.

لەسەر ئەو چوار چینەوە سێ چینی تری هەیە کە بەرزیەکەیان دەگاتە نزیکەی (٨٠٠) کیلۆمەتر, هێشتا زاناکان زانیاریان دەربارەی ئەم سێ چینە کەمە, لێرەوە دەردەکەوێت کە حەوت چینی گازی هەیە, کە لەقورئاندا (١٤٣٤) پێش ئێستا باس کراوە و ڕوون کراوەتەوە و تائێستاش زانیاری نەگیشتۆتە ئەو سێ چینەی کۆتای و زاناکان دەستەوەستان بوون لەم سێ چینەی کۆتای.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**تایبەتمەندی چینەکانی هەوا**

| چینەکان | بەرزییەکە بە (کم) | گرنگی | پلەی گەرمی |
|---|---|---|---|
| ترۆبۆسفیر | ٨ | ١- ڕودانی دیاردە کەشیەکان. ٢- کۆبونەوەی گاز بە نزیکەی (٧٥٪) لەم چینەدا. ٣- هەڵمژینی تیشکە زیان بەخشەکان. | ٦,٥ |
| ستراتۆسفیر | ٨-٥٠ | ١- گونجاوە بۆ فرۆکەوانی, چونکە دیاردە کەشیەکانی ترۆبۆسفیر ناگاتە ئەم چینە. ٢- زۆری گازی ئۆزۆن تێیدا کە هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی تیشکی سەرووەنەوشەی. | (سفر- ٩٠) |
| میۆسفیر | ٥٠- ٨٠ | ١- لە ناوچونی شهوبەکان لەم چینەدا. | (-٩٠) |
| ئایۆنۆسفیر | ٨٠- ٢٠٠ | ١- دوورت بوونی هێزی کارەبا. ٢- پێچەوانە کردنەوەی شەپۆلی ڕادیۆکان. | (-١٠٠٠) |

## ٧- هێزی ڕاکێشانی زەوی

هێزی ڕاکێشانی زەوی بریتیە لەو هێزەی کە گەردەکانی هەوا کێش دەکات بەرەو ناوەندی زەوی, ئەم هێزە بە بەرزبونەوە لە ئاستی ڕوی دەریا لاواز دەبێت بەجۆرێك لەنزیك ڕوی زەوی هێزی کێش کردنی زەوی بەهێزە, بەڵام لە گەردە وردەکاندا هێزەکەی بەرەو لاوازتر دەڕوات, هێزی کێش کردنی زەوی لەبەرامبەر هێزەکانی تری زەوی بەهێزە و هەموو مادەکانی دەوروبەری بۆ خۆی کێش دەکات ئەگەر بەراوورد بکەین لەگەڵ هێزەکانی تردا ئەوا بەچەند ئەوەندەی ئەوان بەهێزە.

### گرنگیەکەی

١- گرنگی ئەم هێزە لەوەدایە کە شتەکان بۆ ناوەندی زەوی ڕادەکێشێت و بەوەش هاوسەنگی بۆ شتەکانی سەر زەوی دەگرێتەوە, بۆ نموونە کاتێك پاسکیل بەسەر زەویدا دەڕوات لەسەر دوو تایە و ناشکەوێت, ئەمەش تەنها هۆکەی هێزی کێش کردنی و هاوسەنگی زەوییە, بۆیە بەهۆی هێزی کێش کردنی زەوییەوە شتەکان لەسەر زەوی جێگیر و چەسپاون, ئەگەر ئەو سیفەتەی کێش کردنی زەوی نەبووایە ژیان ئەستەم دەبوو, کێشی هەوای هەر شتێك لەسەر زەوی بەندە بە هێزی کێش کردنی زەوییەوە بۆ ئەو تەنە, خوای گەورە لەسورەتی (المرسلات)دا لەئایەتی (٢٥-٢٦) وشەی:(کیفاتا) هاتووە, وشەی (کفاتا) لە وشەی (کف)وە هاتووە, ئەم وشەیەش بە واتای (ڕاکێشان یان گرتن ) دێت, زەویش یەکێك لەسیفەتەکانی هێزی ڕاکێشانی تێدایە, هەر لەبەر ئەم هێزی کێش کردنی زەوییە کە ئاو لەسەر زەوی وەستاوە, هەرچەندە زەوی شێوەیەکی خڕی هەیە, بۆیە بەهۆی ئەم کێش کردنەوە ژیان لەسەر زەوی گونجاوە ئەگەر بەراورد بکەین بە هەسارەکانی تر.

٢- ئەگەر هێزی کێش کردنی زەوی نەبووایە, مرۆڤ لەسەر زەوی نەی دەتوانی بە ئاسانی هاتووچۆ بکات و کار و بارەکان بەڕێوە ببات, بەشێوەیەك مرۆڤ لەسەر ڕوی زەوی بەرزدەبێتەوە, هەروەك لەسەر هەندێك لە هەسارەکانی تر کە هێزی کێش کردن کەمترە, بۆ نمونە هێزی کێش کردنی مانگ ⅙ هێزی کێش کردنی زەوی یە, واتە ئەگەر لەسەر هەسارەی زەوی یەك هەنگاو بنێت بەرامبەرە بە (٦) هەنگاو لەسەر هەسارەی مانگ, چونکە هێزی کێشان لەسەر مانگ کەمترە بەرامبەر

هەسارەی زەوی، ئەمەش هۆکارە بۆ دواکەوتنی ژیان هەرچەندە زانایان دەڵێن: ژیانی لەسەر هەیە.

٣- هێزی کێش کردنی زەوی کاریگەریەکی توند و بەهێزی هەیە لەسەر گازە قورسەکان، بەڵام توانای ڕاکێشانیان کەمترە وەك لەگازە سوکەکان، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر پەستانی هەوا بەهۆشیەوە تا بەرەو سەرەوە بڕۆین پەستانی هەوا کەم دەکات، بەهۆی لاوازی کاریکەری کێش کردنی زەوی لەسەری.

٤- بەهۆی هێزی کێش کردنی زەوی بۆ ناوەوەی خۆی واتە بۆ سەنتەری زەوی وا دەکات مرۆڤ هەست بە هیچ جۆرە جوڵانەوەیەکی زەوی نەکات لەجوڵانەوەی بەدەوری خۆیدا و بەدەوری خۆردا.

کەوابوو ئەگەر هێزی ڕاکێشانی خۆی نەبووایە، هەرچی لەسەر زەوی دایە لە ئاووهەوا و وشکانی و هەموو بونەوەرێك پارچە پارچە دەبوو و بلاوئەبویەوە لە بۆشایی ئاسماندا، لێرەوە دەردەکەوێت هێزی ڕاکێشان لە هەردوو جەمسەری زەوی دا زۆرترە و لە هێڵی کەمەرەیی زەوی.

## ٨- سوڕانەوەی زەوی

هەرکارێك لە کارەکان کە زەوی پێی هەڵدەسێت بۆ بەردەوام و ڕێکخستنی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە، دیارە سوڕانەوەی زەویش یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کە بەهۆیەوە چەندین دیاردەی سەرنج ڕاکێشا و بەبەها دروست دەکەن، ئەم زەوی چەندین سوڕانەوەی هەیە کە هەرسوڕانەیەك دیاردەیەکی گرنگ ڕودەدات کە لەدواتر باسی لێوە دەکەن، بەبێ ئەوەی مرۆڤ هەست بەم جوڵانەوەیە بکات لەسەر زەوی، ئەم زەویەی ئێمەش زیاتر لە (١٠) سوڕانەوەی هەیە، بەڵام تەنها دوو سوڕانەوەی گرنگی هەیە ئەوانیش سوڕانەوەی بە دەوری خۆردا لەماوەی یەك ساڵدا کەچوار وەرزەکە دروست دەکات، هەروەها سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا کەشەو ڕۆژ پێکدەهێنێت.

## گرنگیەکەی

١- وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد زەوی چەند سوڕانەوەیەکی هەیە گرنگی هەیە لەوانە: سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆر و خۆیدا دوو دیاردەی گرنگن لەسەر زەوی دروست دەکەن ئەوانیش دیاردەی شەو و ڕۆژ و چوار وەرزەکە.

دیارە شەو و ڕۆژ کە لەئەنجامی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا لەماوەی (٢٤) کاتژمێر دروست دەکات, کاتێ زەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە هەموو بەشەکانی لەگەڵیدا دەسوڕێتەوە چ بەشەکانی دەرەوە بێت یان ناوەوە, ئەم خێرای سوڕانەوەش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە بەپێی شوێنکەی لەتەوەرەی زەوییەوە, بەڵام ئەگەر بهاتایە زەوی نەسوڕایەتەوە ئەوا ئەو بەشەی کە لەخۆرەوە بوو بەردەوام ڕۆژ بوو ئەو بەشەی تری کەپشتی لەخۆرەوە شەو دەبوو, یان ئەگەر خێرایی سوڕانەوەی زەوی لەوەی ئێستا کەمتر بووایە, ئەوا درێژی شەو و ڕۆژ زیاتر دەبوو بەنزیکەی (١٢٠) کاتژمێر شەو (١٢٠) کاتژمێر ڕۆژ, بەهۆی درێژی ڕۆژەوە گەرمای ڕۆژ وای دەکرد کە ڕووەك لەسەر زەوی بسوتێنێت, لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە دەمایەوە بە شەودا هەموو دەیبەست , ئەم سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیداو دروست بونی شەو و ڕۆژ هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ڕێکخستن و جوان کردنی ژیان بۆ ئەوەی مرۆڤ بەئاسودەی بژی لەسەر زەوی و هەلی لەباربونی ژیانیان بۆ ئاسان بکات, کە لەهەسارەکانی تردا ئەم هەلە نەڕەخساوە, چونکە سوڕانەوەی هەسارەکانی تر وەك سوڕانەوەی هەسارەی زەوی نین, هەندێکیان خێرای و سوڕانەوەی زیاترە لەزەوی بەمەش ماوەی شەو و ڕۆژ کەمتر دەبێت, وەك سوڕانەوەی موشتەری بەدەوری خۆیدا خێراترە لەسوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا هەرچەندە موشتەری بارستەکەی دوو هێندەی بارستەی هەموو هەسارەکانی تر دەبێت و (٣١٨) جاریش لەزەوی گەورەترە, کەواتە سوڕانەوەیەك بەدەوری خۆیدا لەماوەی (٩) کاتژمێر و (٥٠) خولەکدا تەواو دەکات, لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هەسارەی تر هەیە زۆر هێواش تر لەزەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە, وەك هەسارەی عەتارد کە لەماوەی (٨٨) ڕۆژدا بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە, واتە ساڵێکی غەتارد تەنها شەو وڕۆژێکە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا یاسایەکە بۆ ڕێکخستن و هاوسەنگی پلەی گەرما و دیاردەکانی تری گۆی زەوی بۆ ئەوەی بمانپارێزێت لەتیشکی بە تینی خۆر, هەروەها بەکەم و

زیادی ئەو ماوەیە (٢٤) کاتژمێر شەو و ڕۆژ دەچێت و ژیان بەرەو نەمان و لە ناوچوون دەبێتەوە.

هەروەها دروست بونی جیاوازی کات لەنێوان شەو و ڕۆژدا لەناوچە جیاوازەکانی زەوی، بەجۆرێك درێژی شەو و ڕۆژ لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری سەر ڕووی زەوی جیاواز دەبێت.

٢- سوڕانەوەی دووەمی زەوی بەدەوری خۆردایە، کەهیچی لەسوڕانەوەی یەکەم کەمتر نیە (سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا)، بەهۆی ئەم سوڕانەشەوە دیاردەیەکی گرنگە ڕوودەدا کەبریتیە لەڕوودانی چوار وەرزەکە (بەهار، هاوین، پایز، زستان)، سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا لەماوەی یەك ساڵدا(٣٦٥) ڕۆژ ئەم سوڕانەوەیە تەواو دەکات بەخێرای (٣٠) کیلۆمەتر لەیەك چرکەدا دەبڕێت، ئێمە هەست بەم کارە ناکەین بەهۆی ئەوەی کە خێرای یەکەی (١٠٧,٢٠٠ کم/ کاتژمێر)دا، ئەم سوڕانەوەیەش بەشێوەیەکی هێلکەییە، بەمەش لەکاتی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دوور دەکەوێتەوە و نزیك دەبێتەوە، هەربۆیە گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر لەسەر زەوی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز دەبێت، بەمەش گەرمی لەسەر زەوی جیاواز دەبێت لەکاتێکدا پلەی گەرمی لەو شوێنانە بەرزدەبێت کە تیشکی خۆر بە شێوەیەکی ستونی لێی دەدات و وەرزی هاوین دروست دەبێت، بەڵام لەشوێنێکی تر بە شێوەیەکی لار لێی دەدات، بەمەش تیشکەکە لاواز دەبێت و پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە، چونکە تیشکی خۆر ماوەیەکی زۆر دەبڕێت بەناو بەرگە گازدا، ئەم جیاوازی لەتیشکی خۆردا دەبێتە هۆی ڕوودانی چوار وەرزەکە، چونکە کاتێك تیشکی خۆر ستونە لەسەر (خولگەی قرژاڵ) کە هاوکاتە لەگەڵ (٢١) حوزەیران دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی و وەرزی هاوین ڕوودەدات، لەهەمان کاتیشدا بەهۆی دوری لە خۆرەوە نیوە گۆی باشور دەبێتە زستان و پلەی گەرمی دادەبەزێت.

پێچەوانەی ئەم دیاردەیەش ڕوودەدات لەنیوە گۆی باشور لە (٢١) کانوونی یەکەم کەناسراوە بە هەڵگەڕانەوەی زستان، لەم کاتەدا تیشکی خۆر ستونە لەسەر خولگەی کارژۆڵە، بەمەش پلەی گەرمی بەرزدەبێت و وەرزی هاوین ڕوودەدات لەنیوەی گۆی زەوی باشور پێچەوانەوە دەبێتەوە لەنیوەگۆی باکور و وەرزی زستان ڕوودەدات، چونکە تیشکی خۆر ماوەیەکی زۆر دەبڕێت بەبەرگە گازدا تادەگاتە ئەو

ناوچانه، هەروەها لەمانگی ئازاردا تیشکی خۆر ستون دەبێت لەسەر هێڵی کەمەرەی، ئەمەش وا دەکات تیشکی خۆر بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بێت لەنێوان هەردوو نیوە گۆکەی زەوی، بۆیە لەم کاتەدا تیشکی خۆر لار دەبێتەوە بۆ نیوەی باشوری زەوی و وەرزی پایز ڕوودەدات و پلەی گەرمی مامناوەندە، لەنیوەی باکوریش وەرزی بەهار ڕوودەدات، چونکە تیشکی خۆر بەلاری لێ دەدات و پلەی گەرمی تێدا زۆر بەرزنابێتەوە، ئەم دیاردەیەش لەمانگی مارسدا پێچەوانە دەبێتەوە لەنێوان نیوە گۆی باشور و باکوری زەوی.

ڕودانی وەرزەکانی سالْ و جیاوازی لەناوچەکانی نیوە گۆی باکور و نیوە گۆی باشوری زەوی و هەروەها جیاوازی پلەی گەرمی لەناوچەکانی سەر ڕوی زەوی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، لەهەمان کاتدا ستونی تیشکی لەسەر ئەم هێڵانە لەچەند کاتێکی دیاری کراودا (کارژۆلە، قرژالْ، کەمەرەی زەوی) هۆکارێکی زۆر گرنگە، چونکە بەشێوەیەکی یەکسان پلەی گەرمی بەرز و نزم (ئەم دابەش بونی گەرمای وەرزی زستان و هاوین لەسەر زەوی و لەهەمان کاتدا هاوسەنگی گەرمی لەوەرزی پایز و بەهاردا و ستونی لەسەر هێڵی کەمەرەی لەم کاتەدا بەسەر زەویدا دابەش دەبێت، چونکە ئەگەر ئەم سوڕانەوەیە نەبووایە ئەم جیاوازی پلەی گەرمی ڕوی نەئەدا و وەرزەکانی سالیش بەم شێوەی ئێستا دەرنەئەکەوتن.

## ٩- شەو و ڕۆژ

یەك سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خولگەکەی دا ( ٢٤) کات ژمێرە و شەو و ڕۆژێکی تەواو دەخایەنێت، ئەم جولەیە ڕۆژانەیە و کاتێك زەوی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە بە پێچەوانەی میلی کات ژمێر ئەو کاتە نیوەی ڕووی لەتیشکی خۆر دەبێت و لەئاکامی بەرکەوتنی تیشکی خۆر ڕۆژ دروست دەبێت و لەبەشەکانی دی کەیدا شەو دەبێت، هەرکاتێك کە خۆر لەجێگایەك هەڵهات لەسەر زەوی ئەوە ئەو جێگایە بەر تیشکی خۆر دەکەوێت، وە هەرکاتێك خۆر ئاوادەبێت لەجێگایەکی سەر زەوی ئەو کاتەوا دەردەکەوێت کەخۆر بەشێوەیەکی ئاسۆی لەو ناوچەیەدا نەماوەو زەوی لەدەوری تیشکی خۆر دەسوڕێتەوە تا تاریکی باڵی بەسەر ئەو ناوچەیەدا بکێشێ بەدوایەکدا هاتنی شەو ڕۆژ دروست دەبێت، ئەم دیاردەیەش لەبەر ئەم هۆکارانە ڕودەدەن:

أ- شێوە گۆیەکەی

ب- سوڕانەوەی زەوی لەسەرتەوەرەکەی خۆی، کە هەمیشە لاری ئەم تەوەرەیە بۆلایەکە .

ج- بەردەوامی سەرچاوەی ڕوناکی (خۆر).

## گرنگیەکەی

دیاردەی ڕودانی شەو و ڕۆژ کە لەئەنجامی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا دروست دەبێت چەندین گرنگی بەجێ دەهێڵێت کە بەدرێژی باسی لێوە دەکەین ئەوانیش:

١- شەو بەگرنگترین کاتەکان دادەنرێت بۆ حەوانەی مرۆڤ، هەروەها ڕۆژیش کاتی بڵاوبونەوەیە بەسەر ڕووی زەوی دا بۆ کار و کاسپی و دەست خستنی ڕەزق و ڕۆزی، وەك خوای گەورە لەسورەتی (النبأ)دا لەئایەتی (٩-١١) دەفەرموێت:(شەومان گێڕاوە بە مایەی حەسانەوە بۆتان* وە ڕۆژیشمان کردووە بەکاتێك بۆ ئەوەی کار و کاسپی تێدا بکەن و ژیانی خۆتانی تێدا دابین بکە)، ئەم ئایەتانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شەوی کاتێکی تایبەت و گرنگە، چونکە لەم کاتەدا پشوو دەدرێت، وەك بیستراویشە ئەگەر کەسێك شەو نەخەوێت ئەوا ڕۆژێك تا ئێوارە بخەوێت قەرەبوی نەك شەوەکە بەڵکو تەنها دوو کاتژمێریش ناکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا کاتی ڕۆژ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە بڵاوبونەوەی بەسەر زەویدا کارێکی ئاسانە بۆ دەست خستن و دابین کردنی ژیان لە بەرامبەر شەودا کە پێویست ناکات ئێمە لێرەدا باسی دەکەین.

٢- بە پێی لێکۆڵینەوەی زانستە نوێ یەکان دەرکەوتووە کە کارکردن لەڕۆژدا کۆمەڵێك سودە هەیە تەندروستی هەیە، بەتایبەت گەر کارکردن لەسەرەتای ڕۆژدا بێت، چونکە ئەوەی کار دەکات لەبەیانی زودا تیشکی خۆری بەردەکەوێت لەو کاتەدا دەوڵەمەندە بەتیشکی سەرووەنەوشەیی کە ئەم تیشکەش گرنگی خۆی هەیە زیادەیە، چونکە ڤیتامین (دی) دروست دەکات و چالاکی بەجەستە دەبەخشێت و ئێسەکەکان پتەو دەکات.

٣- هەروەها دەرکەوتووە بەرزترین ڕێژەی گازی ئۆزۆن لەکەشدا لەبەرەبەیاندایە، لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا ڕێژەی ئۆزۆن کەم دەبێت و بەرەو نەمان و لەناچوون دەبێتەوە، ئەم گازە کاریگەریەکی بەسودی هەیە بۆ کۆئەندامی دەمار و چالاك

کردنی کرداره هزر و ماسولکه‌یه‌کان له‌به‌ره‌به‌یاندا.

٤- ڕژێنی سنه‌وبه‌ری له‌مێشکدا مادده‌ی میلاتۆنیت ده‌رده‌دات, ده‌ردانی ئه‌م مادده‌یه له‌تاریکیدا زیاد ده‌کات و له‌ڕوناکیشدا زۆر که‌م ده‌بێته‌وه, ئه‌م مادده‌یه‌ش ڕاسته‌وخۆ کاریگه‌ری له‌سه‌ر خه‌وتن هه‌یه.

٥- ڕژێنی سنه‌وبه‌ری که له‌تاریکدا چالاك ده‌بێت, په‌ستانی خوێن به‌بڕی (١٥-٢٠ ملم) داده‌به‌زێنێت و هه‌ندێك له‌قورسی و ماندوویه‌تی یه‌کان له‌سه‌ر دڵ که‌مده‌کاته‌وه.

٦- هه‌روه‌ها سه‌لمێنراوه به‌رزترین ڕێژه‌ی کۆرتیزۆن له‌خوێندا له‌کاتی به‌ره‌به‌یاندایه, ئه‌م مادده‌یه کارده‌کاته سه‌ر زیادکردنی چالاکیه‌کانی جه‌سته‌و زیادکردنی ڕێژه‌ی شه‌کر له‌خوێندا, ئه‌مه‌ش وزه به‌لاشه ده‌به‌خشێت.

٧- مرۆڤ و زینده‌وه‌ران به‌شه‌و ده‌خه‌ون, وه‌ك خوای گه‌وره له‌سوره‌تی (النبأ)دا له‌ئایه‌تی ( ١٠) ده‌فه‌رموێت:( شه‌ومان گێڕاوه به‌مایه‌ی حه‌سانه‌وه بۆتان), له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا گه‌ڵاکان به‌شه‌و ده‌خه‌ون.

## ١٠- زه‌وی و گرنگی بۆ ژیان

زه‌وی سێ یه‌م هه‌ساره‌ی کۆمه‌ڵه‌ی خۆره به‌پێی دوور و نزیکیان له‌خۆره‌وه له‌دوای هه‌ریه‌که له هه‌ساره‌کانی (عه‌تارد, زوهره) دێت, جیاوازی هه‌ساره‌ی زه‌وی له‌گه‌ڵ هه‌ساره‌کانی تری کۆمه‌ڵه‌ی خۆردا زۆره, ئه‌ویش له‌و ڕوانگه‌یه‌وه که‌زه‌وی لانکه‌ی ژیانی مرۆڤ و زینده‌وه‌رانی تره, واته هه‌لومه‌رجی ژیانی تێدا ڕه‌خساوه, ئه‌گه‌ر له‌ڕووی قه‌باره‌وه باسی بکه‌ین ئه‌وا له‌هه‌ندێك له‌هه‌ساره‌کانی تری کۆمه‌ڵه‌ی خۆر بچوکتره و له‌چه‌ند دانه‌یه‌کی تر گه‌وره‌تره, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا دوریه‌که‌ی له‌خۆره‌وه نزیکه‌ی (١٤٩) ملوێن کیلۆمه‌تر, واته به‌پێی نزیکی ئه‌بوایه پله‌ی گه‌رمی به‌رزبوایه ژیان له‌سه‌رنه‌بووایه, به‌و پێیه ژیان له‌سه‌ر مه‌ریخ و موشته‌ری گونجاوتر بوو, چونکه ده‌که‌ونه ناوه‌ندی کۆمه‌ڵه‌ی خۆره‌وه, به‌ڵام خوای گه‌وره زه‌وی به شێوه‌یه‌کی موعجیزه له‌و شوێنه‌دا داناوه و ژیانی تێدا ڕه‌خساندووه و کۆمه‌ڵێك یاسا و ڕێسای تایبه‌تی به‌ڕێوه‌ی ده‌به‌ن, که‌واته ده‌رده‌که‌وێت زه‌وی به‌هۆی چه‌ندین خاسیه‌تی ناوازه‌وه جیاکراوه‌ته‌وه له‌هه‌ساره‌کانی تری کۆمه‌ڵه‌ی خۆر, وای کردووه ژیانی تێدا دروست ببێت و به‌رده‌وامیش بێت. بۆیه له خواره‌وه گرنگی زه‌وی به‌درێژی باس ده‌که‌ین.

# گرنگیەکەی

١- گەر زەوی دوو ئەوەندە ئێستای لەخۆر دوورتربوایە، واتە نزیکەی (٤٥٠) ملوین کیلۆمەتر لەخۆرەوە دووربووایە بڕی ئەو گەرمییەی دەمان گەیشتێ دەبوو چارەکێکی ئەوەی ئێستا دەمان گاتێ، بەمەش زەوی بەماوەیەکی درێژتر خولی خۆیی تەواودەکرد، دوابەدوای ئەوەش وەرزی زستان درێژتر دەبوو و بەوەش هەموو زیندەوەرەکانی سەر زەوی ڕەق دەبوونەوە و دەیان بەست، بەهەمان شێوەش وەرزی هاوینی تێک دەچوو چونکە گۆڕانکاری لە کاتەکەیدا ڕوی دەدا بەهۆی درێژبونەوەوە.

٢- ئەگەر زەوی لەخۆر نزیك ببێتەوە بە ئەندازەی نیوەی ئێستای، واتە نزیکەی (٧٥) ملوێن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دووربوایە، ئەو کاتە ئەو بڕی گەرمییەی زەوی لەخۆری وەردەگرێت دەبێتە چوار هێندەی ئەوەی ئێستای کە وەری دەگرێت، خێرایی سوڕانەوەشی بەدەوری خۆردا خێراتر دەبێت و ئیتر ژیان ئەستەم دەبوو.

٣- ئەو بەرگە هەوای کەدەوری گۆی زەوی داوە وەك پارێزەرێك وایە بۆ پاراستنی زەوی لە شهوب و نەیزەکەکان کە لە دەرەوە بەرەو خوارەوە دێت، هەروەها پاراستنی لەتیشکە گەردوونیەکان بەتایبەت تیشکە درێژەکان و تیشکی سەرووەنەوشەی کە لەچینی ئۆزۆندا دەمژرێت و ناهێڵێت بگاتە سەر ڕووی زەوی، ئەگەر بڕێکی لێ بگاتە زەوی ژیان خاپور و لەناودەچێت.

٤- ئەگەر بڕی ئۆکسجین کە ئێستا (٢١٪) گۆڕانکاری بەسەردا بهاتایە ئەوا ژیان بەرەو لەناوچون دەچێت، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی هەناسەدانی مرۆڤ و گیانلەبەرانی سەر ڕوو زەوی، کاتێ بڕی ئۆکسجین لە هەوادا زیاد دەکات بە ڕێژەی لە (٥٠٪) ئەوا هەموو ئەو مادانەی توانای گڕگرتنیان هەیە لەجیهاندا ئەگەری کڵپە سەندنیان هەیە، بە ڕادەیەك کە پریشکی درەختێك دەبێتە هۆی سوتانی تەواوی دارستانێك، خۆ ئەگەر ڕێژەی ئۆکسجین (١٠٪) بێت، دیسانەوە ژیان لەسەر ڕووی زەوی نامێنێت.

٥- تەوەری گۆی زەوی بەلاری (٢٣) پلە لارە لەگەڵ ئاسۆدا، ئەم لاریەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بە جۆرێك ئەگەر زەوی بەم ڕادەیە لار نەبووایە، ئەوا هەردوو جەمسەرەکە لەتاریکی بەردەوامدا دەمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەڵمە ئاوەی کە لەزەریاکانەوە بەرز دەبووەوە باکور و باشوری زەویان داگیردەکرد، هەروەها هێڵی کەمەرەی بیابانێکی وشکی گەورەی تێدا پەیدادەبوو، لەم کاتەشدا باران لەهەموو

ناوچەکانی سەر زەوی دا کەم دەبووەوە و ترسناکی و لەناوچون باڵی دەکێشا بەسەر زەویدا.

٦- ئەگەر جیاوازیەکی زۆر لەو پلەی گەرمیەی زەوی ڕوبدات بۆ نمونە بەرزبێتەوە ئەوا بڕی ئاوی بەستوی سەر جەمسەرەکان دەتوێتەوە و دەبێتە ئاوی سەر زەوی, ئەو کاتە ئاستی ئاوی دەریا و زەریاکان بەرزدەبێتەوە و زۆربەی کیشوەرەکان (وشکانی) سەر زەوی داگیردەکەن و ژێر ئاو دەکەون, چونکە فراوانی ڕوبەرە ئاویەکان هاوسەنگی دیاردە کەش و ئاووهەوایەکان لەسەر ڕووی زەوی تێك دەدات, لەگەڵ ئەوەشدا لانکەی نیشتەجێ بوونی مرۆڤە.

٧- ئەگەر ئاوی دەریا و زەریاکان وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە سوێر نەبونایە, واتە ئاوی ئەم دەریا و زەریایانە شرین بونایە ئەوا هەر زوو ئەم ئاوانانە بۆگەنیان دەکرد و بە بۆنی ناخۆشیان یەکجار مرۆڤیان پەرێشان دەکرد, بەڵام ئەم ئاوانە بەڕادەیەك خوێی تێدا کۆبووەتەوە کە لەو دیاردە بیان پارێزێت, لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی ئەم کردارە کاتێك بەتەواوی دەردەکەوێت کاتێك سەیری پێکهاتەی خوێ بکەین ئەویش بریتیە لە صۆدیۆم و کلۆر کە یەکیان گرتووە و خوێیان لەسەر زەوی و ناو زەریا و دەریاکان پێکهێناوە.

٨- ئەگەر هێزی ڕاکێشانی زەوی نەبووایە, ئەوا هەموو شتەکانی سەر ڕوی زەوی لە زەوی دوردەکەوتنەوە و ژیان بەرەو دواکەتن دەچوو, بەڵام بەهۆی ئەوەی کەزەوی هێزی ڕاکێشانی هەیە وای کردووە سەرجەم شتەکان سەر زەوی بۆ خۆی کێش بکات و هاوسەنگی تەواو بۆ زەوی بگێڕێتەوە, بۆیە بەهۆی ئەم هێزی کێش کردنی زەوی ژیان لەسەری گونجاوە و بەرەو پێش کەوتن هەنگاو دەنێت.

٩- ئەگەر چیاکان نەبوونایە لەسەر زەوی دیسانەوە کێشەی گەورە بۆ ژیان دروست دەبوو, چونکە چیاکان وەك مێخێك وایە بۆ ڕاگرتن و پاراستنی زەوی لەجوڵەی بەهێز و پەرت بون, خوای گەورەش لەم بارەیەوە لە سورەتی (النبأ)دا لەئایەتی (٧)دا دەفەرموێت:(ئایا کێوەکانیشمان نەکردووە بە مێخ و کوتاومانن بەزەویدا بۆ ئارام گرتنی).

کەواتە دەردەکەوێت زەوی بەم خاسیەتە ڕێك و پێك و ناوازانە کە لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد موعجیزەیەکی گەورەیە بۆ بەردەوامی ژیان لەسەر زەوی کە خوای گەورە بۆ مرۆڤی کردووە بە دیاری بۆ ئەوەی بژی و تیایدا بەردەوام بێت.

# ١١- خۆر

خۆر نزیکترین ئەستێرەیە لەزەوی یەوە, کە تەنها (١٥٠) ملوێن کیلۆمەتر لەزەوی یەوە دوورە, ئەگەر بەراوردی خۆر و زەوی بکەین ئەوا زۆر لەزەوی گەورەترە و بەجۆرێك قەبارەکەی (١٢٥٠٠٠٠) هەزار لەزەوی گەورەترە, پێکهاتەی ناوەوەی خۆر بریتیەلە لە (هیلیوٚم و هایدرۆجین), هەربۆیە چڕی گاز لەخۆردا یەکسان نیە تاوەکو بەرەو ناوەندی خۆر بڕۆین چڕی زیاتردەبێت, بەپێچەوانەوە ڕاستە, پلەی گەرمی ناوەندی بەرزە و هەتا بەرەوە دەرەوەی بێن پلەی گەرمی یەکەی کەم دەکات تادەگاتە (٦٠٠٠) پلەی سەدی لەسەر ڕوی خۆر.

## گرنگیەکەی

١- بە سەرچاوەیەکی سەرەکی گەرمی دادەنرێت بۆ سەر ڕووی زەوی, بەهۆی تیشکی خۆر و دابەش بونی جوگرافی لەسەر ڕوی زەوی کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر پلەی گەرمی سەر ڕوی زەوی و هەوای دەوروبەری, بەجۆرێك پلەی گەرمی یەکەی نەئەوەندە زۆرە کەهۆکاربێت بۆ سوتانی شتەکان لەسەر زەوی یان ئەوەندە کەم بێت لەهەموو شتەکان لەسەر زەوی بیبەستێت, وزەی گەرمی زۆری عەمبارکردووە بەشێکی کەمی دەگاتە سەر ڕوی زەوی هەر ئەو گەرمیە کەمە زەریاکان دەپارێزێت و ژیانیان تێدا بەردەوام دەبێت, ئەویش بەهۆی گونجانی دوری زەوی لە خۆرەوە کە نزیکەی (١٤٩- ١٥٠) ملوێن کیلۆمەتر دورە لە زەوی یەوە و هەروەها سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا و پاشان بە

دەوری خۆردا هۆکارێکی ترە کە بۆ هاوسەنگی و ڕێك خستنی گەرمی لەسەر زەوی, چونکە سوڕانەوەی بە دەوری خۆردا وا دەکات هەرجارێك ڕووەیەکی زەوی لە خۆرەوە بێت پلەی گەرمی بەرزبێت و وەرزی هاوینی تێدا دروست دەبێت, بەپێچەوانەوە لە نیوەکەی تری کە ڕوی لەخۆرەوە نیە زستان دروست ببێت, هەروەها سوڕانەوەی بەدەوری خۆریشدا وا دەکات کاریگەری خۆر لەناوچەیەك بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك نەمێنێت ئەویش دیاردەی ڕودانی شەوی بەدوادا دێت, هەروەها دەرکەوتنی لەناوچەیەك بە ڕۆژ دادەنرێت, کەواتە دەردەکەوێت خۆر وەك سەرچاوەیەکی سروشتی زۆر گرنگ و بایەخ دارە و کار لەسەر زەوی دەکات و بوارەکانی بۆ ژیان تێدا ڕەخساوە.

٢- دیسانەوە خۆر بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ڕوناکی بۆ سەر زەوی دادەنرێت، کە مرۆڤ و گیاندارەکان و ڕووەکەکان سودی لێ وەردەگرن بۆ بەردەوامی ژیانیان، هەروەك خوای گەورە لەسورەتی (النبأ)دا لەئایەتی (١١) دەفەرموێت:(چرایەکی تیشك دەرەوەمان دروست کردووە کە مەبەست لێی خۆرە).

لە ئایەتەکەوە ڕون دەبێتەوە کە خۆر وەك سەرچاوەیەکی ڕوناکی بۆ زەوی دانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی تیشکی خۆرەوە چەندین دیاردەی گرنگ ڕودەدەن لەسەر زەوی، گرنگترینیان دیاردەی کلۆرۆفیل کە بۆ دروست کردنی خۆراك بۆ ڕووەکەکان سودی تایبەت و گرنگی هەیە چونکە ئەم ڕوەکانە بەبێ تیشکی خۆر ناتوانن ئەم خواردنە دروست بکەن.

٣- هەروەها بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ گەرم بونەوەی سەر ڕوی زەوی، هەربۆیە دەبێتە هۆی گەرم بونی زەوی و پاشان ئەم گەرمیە لە ڕوی زەوی یەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەوە و دەبێتە هۆی گەرم بونی چینەکانی ژێرەوە زەوی هەتا لە ئاستی ڕوی زەویش بەرزببینەوە ئەم پلەی گەرمیەش بەرەو کەم بونەوە دەچێت بەشێوەیەك بۆ هەر (١٠٠) مەترێك (٠,٦) پلەی سەدی کەم دەکات.

٤- خاڵێکی تری گرنگی ئەستێرەی خۆر ئەوەیە کەزەوی بە دەوریدا دەسوڕێتەوە لەماوەی (٣٦٥) ڕۆژ و یەك لەسەر چواری ڕۆژێکدا چوار وەرزەکە (بەهار، هاوین، پایز، زستان) دروست دەکات، کە بەگرنگترین دیاردەی زەمینی دادەنرێت لەسەر ڕوی زەوی.

٥- هەروەها ئێستا لەچەندین وڵاتدا تیشکی خۆر وەك سەرچاوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا، ئەمەش چەندین خاسیەتی تایبەتی هەیە کەجیادەکرێتەوە لەسەر چاوەکانی تری وزە وەك نەوت و خەڵوز و ووزەی ناوکی و لەو خاسیەتانەش بریتیە لەوەی کەتیشکی خۆر وزەیەکی نوێبووەوەیە و کۆتای نایەت، هەروەها ئەم سەرچاوەیە بە سەرچاوەیەکی پاك دادەنرێت لەچاو سەرچاوەکانی تری ووزە بۆ پیس بونی ژینگە و هیچ پاشماوەیەکیشی نیە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕی خەرج کردنی تێدا کەمە بۆ مەبەستی وەبەرهێنانی وزەی کارەبا.

٦- دەورێکی گرنگی هەیە لەسوڕی ئاو لە سروشتدا، ئەم سوڕەش سیستەمێکی هێواش و لەسەرخۆ و بازنەیی بەردەوامە کەهاتنە خوارەوە تیشکی خۆرەوە دەست پێ دەکات و بەگەڕانەوەی ئاو بۆ دەریا و زەریاکان ئەم خولە کۆتایی دێت، کاتێك تیشکی خۆر دێتە خوارەوە و دەگاتە سەر ڕوی زەوی و بەر ڕوبەرە ئاوییەکان

دەکەوێت (زەریا و دەریاکان و ڕوبارەکان و جۆگەکان) دەبێتە هۆکاری بەهەڵم بوون لەسەر ئەم ڕوبەرە ئاوییە, چەندین فاکتەریش کاری تێ دەکات سەر ئەم بەهەڵم بوونە لەگەرمی و خێرایی (با) و بڕی هەڵمی ئاو لەهەوادا و ڕوبەری ڕوی ئاوەکە, پاشان ئەوەی دەبێت بەهەڵم دواتر چڕ دەبێت و دەبێت بەهەور و دوبارە بەشێوەی دابارین( باران, بەفر, تەرزە, شەونم, .. هتد), دەبارێتەوە سەر زەوی لەسەر ڕووەکەی وەك باران یانِ بەفر, هەندێکی دەچێتە نێو خاکەوە لەنێوان چینە جیاوازەکانی بەردا, بەشی زۆریش لێ لە ڕێگای ڕوبارەکانەوە جارێکی تر بەرەو زەریاکان دەجوڵێت, بەم شێوەیە سوڕەکە بەردەوام دەبێت, کە سەرچاوەی سەرەکی ویەکەم بۆ دروست بونی تیشکی خۆر کە پێشتر ئامارەمان بۆ کرد, ئەو خولەش زۆر لە موعجیزەیی وردی بەڕێوە دەڕوات, یەکێ لەو وردەکاریانە ئەوەیە ئەو ڕێژە ئاوەی دەبێتە هەڵم لە ساڵێکدا زۆرترە لەوەی کەدا دەبارێتە سەریان, ئەو بارانەی دێتە سەر وشکانیش لە ساڵێکدا زۆرترە لەوەی لێ ی دەبێتە هەڵم, جیاوازیەکەشی لەمەدا یەکسان دەبێتەوە, دەڕواتە ناو دەریا و زەریاکان تا ڕێژەی ئاوەکە بەپلەیەکی نەگۆڕ بپارێزێ لەیەك ماوەدا, ئەم سوڕەی ئاو موعجیزەییە لەزەوی دا, بۆیە ئەگەر تیشکی خۆر نەبوایە ئەم سوڕە ڕوی نەئەدا و ئەگەر ئەم سوڕەش نەبووایە ئاوی زەوی دەگۆڕا و ڕۆژیش زەوی گەرمیەکی کوشندەی بەسەردا دەهات وبە شەویش سەرمایەکی توندی توش دەبوو.

## ١٢- تیشکی خۆر

خۆر نزیکترین ئەستێرەیە لە گۆی زەویەوە وە ناوەندی کۆمەڵەی خۆرە, وە تەنیا (٨,٣٣) خولەکی تیشکی لە گۆی زەویەوە دورە, واتە ڕوناکی پێویستی بە (٨,٣٣) خولەکی تیشکی هەیە بۆ ئەوەی لەخۆرەوە بگاتە سەر زەوی, تیشکی خۆر بەبۆشای گەردوندا بەشێوەی شەپۆلی کارۆموگناتیسی وە بەخێرای تیشك تێپەڕ دەبێت, هەرچەندە شەپۆلەکانی تیشکی خۆر بەگشتی کورتن بەبەراورد لەگەڵ شەپۆلەکانی تیشکی زەوی, بەلآم جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا. شەپۆلە کورتەکانی (٩٩٪)ی تیشکی خۆر پێکدنن, بەو شەپۆلانە دەوترێت کە درێژیان لەنێوان (١, ٠- ٤) مایکرۆنە, شەپۆلە درێژەکان بەو شەپۆلانە دەوترێت کەدرێژیەکەیان لەنێوان (٤, ١٠٠- ٢٠٠) مایکرۆنە, ئەم جۆرە تیشکە چاوی مرۆڤ نایبینێت بۆیە پێی دەوترێت تیشکی (تاریك) بە پێچەوانەوەی تیشکە شەپۆلە کورتەکان کەتیشکی (ڕوناك) یان تیشکی (وزە) ناسراون.

# گرنگیەکەی

١- گرنگە بۆ ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی (بۆ لەش) زۆربەی نەخۆشیەکان بەهۆی کەمی تیشکی خۆرەوەیە, وەك ئێسکە نەرمە کە بەنەخۆشیەکی ترسناك دادەنرێت کاتێك توشی مرۆڤ دەبێت کەتیشکی خۆری کەم بەرکەوێت, بەڵام لەهەمان کاتدا زۆری تیشکی خۆر دەبێتە هۆی بەرزی پلەی گەرمی و دیاری کردنی ڕەنگی پێست بۆ نمونە لەناوچەکانی باکوری ئەفریقا (سۆماڵ و سودان) ڕەنگی پێستیان ڕەش بەهۆی کاریگەری تیشکی خۆر کەبەڕونی لەسەریان دەردەکەوێت, چونکە بەهۆی تیشکی خۆرەوە پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە و ئەم کاریگەریە بەجێ دەهێڵێت, هەروەها تیشکی خۆر کەخۆی لەپلەی گەرمیدا دەبینێتەوە کاریگەری هەیە لەسەر شێوەی مرۆڤ .

٢- تیشکی خۆر لەگرنگترین ئەو هۆکارانەیە کە بۆ گەشەی ڕووەك پێویستە کەگرنگیەکەی کەمتر نیە لە (شی, پلەی گەرمی) لە دابەش کردنی هەرێمی ڕووەکی لە جیهاندا, هەروەها گرنگی هەیە بۆ ڕووەك و گەشەی ڕووەك و بەربومەکانی تر وەك لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەم گرنگیەش کاتێ دەردەکەوێت کە تیشکی خۆر ڕووەك وەك سەرچاوەیەك بەکاردێنێت بۆ پێداویستی یەکانی خۆی لەخۆراك کە لەگەڵ ئاو و خوێی تواوە لەزەوی یەوە وەردەگرێت و ڕۆشنە پێکهاتن دروست دەبێت بۆ دروست بونی خۆراك و دابین کردنی خۆراکی خۆی لەزەوی, کەواتە تیشکی خۆر هۆکارە بۆ بونی دیاردەی کلۆرۆفیل کە بەهۆیەوە خۆراك دروست دەکات و ژیانی خۆی پێ دابیان دەکات.

٣- گرنگی تیشکی خۆر بۆ کشتوکاڵ بەسەرچاوەیەکی گرنگ و بایەخ دار دادەنرێت بۆ بەرهەم هێنانی هەموو بەروبومە کشتوکاڵیەکان, بۆ نمونە بەرهەم هێنانی لۆکە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە تیشکی خۆرەوە بەجۆرێك تا درێژی ڕۆژ زیاتر بێت بەرهەمەکەی زیاتر دەبێت و بەمەش بەرهەمی سپی جوان و تاڵ درێژ بەرهەم دێت, وەك ئەوەی کە لە میصردا بەرچاو دەکەوێت هەروەها لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەردەکەوێت, هەروەها تیشکی ڕۆژی کەمیشی کاریگەری هەیە لەسەر بەروبومی خۆراکیەکانیش, چونکە هەندێ بەروبوم پێویستی بەکەمی تیشکی خۆر هەیە.

٤- هەروەها کاریگەری گەورە و گرنگی هەیە لەسەر لایەنی پیشەسازی بەتایبەت پیشەسازی بەرهەم هێنانی کارەبا وەك سود وەرگرتن لەتیشکی خۆر و

بەکارهێنانی لەبواری بەرهەم هێنانی کارەبادا کە ئێستا لە چەندین وڵاتی جیهاندا پشتی پێ دەبەسترێت بۆ بەرهەم هێنان, گرنگی تیشکی خۆر بەردەوام لەزیادبوندایە بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بەتایبەت لەچەند وڵاتێکی ئەوروپی, چونکە تیشکی خۆر وەك پێشتر ئامارەمان بۆ کرد چەندین خاسیەتی گرنگی هەیە, بەهۆی ئەم خاسیەتانەوە لەچەند ساڵی داهاتودا بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا پشت بە تیشکی خۆر دەبەسترێت.

٥- هەروەها تیشکی ڕۆژ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاووهەوا و دەبێتە هۆی گۆڕانکاریە ئاووهەواییەکان, چونکە تیشکی خۆر بەشێوەیەکی جیاواز دەگاتە سەر ڕوی زەوی, ئەم جیاوازیەش لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە, بۆیە تیشکی خۆر لەسەر ئەو ناوچانەی کە ستونە زیاتر پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە بەمەش وەرزی هاوین ڕوودەدات, بەڵام لەهەمان کاتدا تیشکی خۆر بەلاری دەدات لەناوچەیەکی تری گۆی زەوی بەمەش پلەی گەمی نزم دەبێتەوە و وەرزی زستان ڕوودەدات بۆیە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گۆڕانکاری کەش و ئاووهەوایەکان لەسەر زەوی, کەواتە دەتوانین بڵێین تیشکی ڕۆژ بەگرنگترین هۆکار دادەنرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر دیاردە کەش و ئاووهەوایەکان.

٦- هەروەها تیشکی خۆر گرنگە بۆ ناوچە گەشت و گوزاریەکان و ڕاکێشانی گەشتیار کەخۆی دەبینێتەوە لە گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر و درێژی ماوەی تیشك و درێژی ماوەی خۆرهەڵاتی ڕاستەقینە و بڕی تیشکی خۆر ئەمانە هەموو بە فاکتەری خستنە ڕوی گەشتیاری و ناڕاستەکردنی جوڵەی گەشتیار دادەنرێت, بە تایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی کە تیشکی خۆر و درێژی ماوەی خۆرهەڵاتن کەمە, وەك باکوری ئەوروپا.

## ١٣- پلەی گەرمی

پلەی گەرما گرنگترین توخمی کەش و ئاووهەوایە چونکە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر توخم و دیاردە کەش و هەواییەکانی تر, گرنگی پلەی گەرما لەسەر خاك دەردەکەوێت بەکاریگەری لەسەر پرۆسەکانی کشتوکاڵ کردن بەتایبەتی لەقۆناغی ڕووەك بوون و گەشەی تۆودا. دابەزینی پلەی گەرما لەڕووی خاکیش بۆ ژێر پلەی بەستن (سفری سەدی) دەبێتە هۆی ڕوودانی زوقم کەکاریگەری ترسناکی لەسەر کشتوکاڵ هەیە, هەروەها پەیوەندی

ڕاستەوخۆی بەژیانی هەموو زیندەوەرانی سەر گۆی زەوییەوە هەیە و کاردەکاتە سەر تەندروستی گشتی و چالاکیەکانی مرۆڤ وەك کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بازرگانی و پیشەسازی.

## گرنگیەکەی

١- لەدوای ڕەگەزی هەوا بۆ هەناسەدان و ئاو بۆ خواردنەوە پلەی گەرما یەکێکە لەگرنگترین ڕەگەزەکانی بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتی بەتایبەتی و ژیانی هەموو زیندەوەران بە گشتی.

٢- پلەی گەرما گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بۆ درەخت و ڕووەك, چونکە بەهۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت لەسەر گەشەکردن و سەوزبونی ڕووەکەکان, ڕووەکەکان جیاوازن لەڕوی پێویستیان بۆ پلەی گەرمی بەجۆرێك هەندێ ڕووەك هەیە پلەی گەرمی بەرزی پێویستە بۆ سەوزبون و گەشەکردن وەك قاوە لە وڵاتی سودان پێویستی بەپلەی گەرمی بەرز هەیە, لەهەمان کاتیشدا بەپێچەوانەوە هەندێ ڕووەك و درەختی بەرهەم داری تر پێویستیان بەپلەی گەرمی نزم یان مامناوەند هەیە.

ڕووەکەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت بەپێی پێویستیان بۆ گەرمی, واتە هەر ڕووەکێك پێویستی بە بڕێکی دیاری کراو لە گەرمی هەیە, بەڵام گرنگترین پلەی گەرمی کە ڕووەك پێویستی یەتی بۆ گەشە بریتیە لە کۆتای گەورە- بچوك, واتە هەندێ ڕووەك هەیە پێویستی بەپلەی گەرمی بەرز هەیە و هەشە پێویستی بەپلەیەکی گەرمی کەم هەیە وەك پێشتر باسمانکرد.

ئەو پەڕی پلەی گونجاو بۆ گەشەی ڕووەك (٦,١) پلەی سەدیە, ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەپلەی گەرمی لەوە نزمتر بوو ئەوا ڕووەك دەمرێت, بەڵکو لەژێر ئەو پلەیەوە چالاکی و گەشەی ڕووەك لاواز دەبێت, گەشەی ڕووەك بەیەکجاری دەوەستێت ئەگەر هاتوو ئاوی خاك پلەی گەرمی دابەزی بۆ ئاستی بەستن, وە هەموو ڕووەکێکیش پێویستی بەپلەیەکی گەرمی لەڕوی بەرزیەوە پێویستە, دیسانەوە بەپێی ڕووەك و ئەو هەرێمەی لێ دەڕژێت پلەی گەرمی پێویست گۆڕانکاری بەسەردا دێت, ڕووەکی ناوچە ساردەکان ناتوانن بژین ئەگەربێت و پلەی گەرمی یان ناوەندی پلەی گەرمی ڕۆژانەی زیاتربێت لە (٢٢) پلە, بەڵام ڕووەکی ناوچە گەرمەکان بەرگەی پلەی گەرمی (٣٠) زیاتر دەگرن.

پەیوەندیەکی ئالۆز هەیە لە نێوان بڕی شێ ی هەوا و گەرمی هەیە واتە بە بەرزبونەوەی پلەی گەرمی ڕووەك پێویستی بەبڕێکی زۆرتر هەیە بۆ شێ وە بە دابەزینی پلەی گەرمی ڕووەك پێویستی بەبڕی شێ ی کەم هەیە.


پۆلێن کردنی ڕووەکەکان بەپێی پلەی گەرمیان دابەش دەکرێت بۆ چوار جۆر:

أ- ئەو ڕووەکانەی گەشە دەکەن لەپلەی گەرمی بەرزدا, بە شێوەیەکی گشتی لەکۆی مانگەکاندا ناوەندی پلەی گەرمی بەرزترە لە (١٨) پلە.

ب- ئەو ڕووەکانەی گەشە دەکات لەپلەی گەرمی مام ناوەندا, کەتێکڕای ساردترین مانگەکانی ساڵ لە نێوان (٦- ١٨) پلە, وە پلەی گەرمی گەرمترین مانگەکانی لەسەروو (٢٢) یەوە.

ج- ئەو ڕوکانەی گەشە دەکەن لە پلەی گەرمی نزمدا, کە پلەی گەرمی ساردترین مانگی لەسەرو(٦) پلەوەیە, وە پلەی گەرمی گەرمترین مانگیشی لەنێوان (١٠- ٢٢) پلەیە.

د- ئەو ڕووەکانەی گەشە دەکەن لەپلەی گەرمی جەمسەری, کەپلەی گەرمی گەرمترین مانگی کەمترە لە (١٠) پلە.




نەخشەی ژمارە (٢)
تێکڕای پلەی گەرمی سەدی لە عێراق

٣- پلەی گەرمی بە گرنگترین ڕەگەزی ئاووهەوا دادەنرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر کشتوکاڵ، ئەم پلەی گەرمیە هۆکارە بۆ بونی چەندین جۆر بەرهەمی جۆراوجۆر، چونکە وەك چۆن ڕووەك ودرەختەکان بۆ پلەی گەرمی جیاوازن بەهەمان شێوەش کشتوکاڵ بۆ پلەی گەرمی جیاوازە، بۆ نموونە لۆکە پێویستە بەپلەیەکی گەرمی زۆر هەیە، لەو ناوچانەش گەشە ناکات کە ئاووهەوای سارد و مامناوەندە، ئەم بەرهەمە بۆ ئەوەی گەشە بکات و بەرهەمی باشی هەبێت وەك پێشتر باسمان کرد وڵاتی میصر باشترین نمونەیە بۆ بەرهەم هێنانی لۆکە، چونکە پلەی گەرمی بەرزە و تیشکی ڕۆژ درێژە، ئەمەش وا دەکات بەرهەمی زۆربێت و تاڵی سپی جوانی درێژی هەبێت، هەروەها گەنم پێویستی بەپلەیەکی بەرز هەیە و ئەو پلە گەرمیەش نزیکەی (٣٢- ٣٧) پلەیە ئەو کات گونجاوە بۆ بەرهەم هێنان و دەست کەوتنی بەرهەمی باش لێی، هەروەها کاڵەك کە بەروبومێکی هاوینەیە پێویستی بەپلەیەکی گەرمای بەرز هەیە کە دەگاتە نزیکەی (٤٤- ٥٠)پلەی سەدی ئەو کات بەرهەمی باش و زۆری لێ دەست دەکەوێت، وە ناوەندی پلەی گەرمیشی لەنێوان (٣١- ٣٧) پلەی سەدی دایە.

٤- پلەی گەرما گرنگە لەبواری پیشەسازیدا و بەخاڵی بنەڕەتی دامەزراندنی زۆربەی پیشەسازیەکان دادەنرێت، پێویستی پیشەسازیەکان جیاوازە بۆ گەرمە، بە جۆرێك هەندێ پیشەسازی هەیە پێویستی بە پلەی گەرمی بەرزە تا دەگاتە (١٠٠) پلەی سەدی بەتایبەت لە پیشەسازی ئاسن و پۆڵا واتە پیشەسازیە قورسەکان کە ئەم پلە گەرمی یە بەرزە بەکاردەهێنرێت بۆ توانەوەی ئاسن و بۆ دوبارە دروست کردنەوە و بەکارهێنانی ئاسنەکە، بەڵام هەندێ پیشەسازی هەیە پێویستی بە پلەی گەرمی کەم هەیە، بۆیە لە دامەزراندنی پیشەسازیدا هەمیشە حسابی تایبەتی بۆ پلەی گەرمی دەکرێت، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت لە پیشەسازیە جۆربەجۆرەکاندا بەکادرێت، پلەی گەرمی نزمیش بەکادرێت بەتایبەت لە پیشەسازی قوتونان و بەتایبەتیش بۆ گواستنەوە ئەو بەرهەمانەی کەزوو تێك دەچن لە کاتی گواستنەوەدا، وەك گواستنەوەی بەرهەمی سپیایی و ماسی، کەواتە پلەی گەرمی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر جۆری پیشەسازی بەپێی زۆر و کەمی پلەی گەرمی.

٥- هەروەها پلەی گەرما گرنگی هەیە بۆ بواری کانزا و کانزاکاری، بەجۆرێك پلەی گەرمی سودی هەیە بۆ کانزاکان لە کاتی توانەوەیان و گۆڕانیان لەبارێکەوە

بۆ بارێکی تر بۆ نموونە قورقوشم کە لەکاتی توانەوەیدا پێویستی بەپلەی گەرمی زۆر بەرزی هەیە و لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی توانەوەیدا بەکاردێت لەکارگەکاندا، قورئانی پیرۆز ئاماژەی داوە بەپوختەکردنی کانزاکان لە ناکانزاکانەوە، ئەوەش بەتواندنەوەیان لەفرنی تایبەتیدا کەپلەی گەرمی تێدا بۆ ئەو پلەیە بەرزدەکرێتەوە کەمادە خاوەك پێویستیەتی بۆ توانەوە، بۆ ئەوەی ئەو کانزا و خڵتە نەخوازراوانەی تێدایە بتوێتەوە، ئەوەش بەخڵتەی سپی ناودەبرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پلەی گەرمی بەکاردێت بۆ کانزا دەرهێنان و پوختەکردنی بەپلەی گەرمی جیاواز، کەواتە پلەی گەرمی پێویستیەکی سەرەکی بۆ دەرهێنان و دروست کردنی کانزا و کانزاکاری بەجۆرێك بەبێ پلەی گەرمی هیچ جۆرە کانزایەك بەرهەم نایەت.

٦- بەهەمان شێوە پلەی گەرمی گرنگی تایبەتی هەیە بۆ لاشەی مرۆڤ، لە کاتێکدا لاشەی مرۆڤ لە (٣٧) پلە زیاتر بێت یان کەمتر کار لەتەندروستی مرۆڤ دەکات، ئەگەر لە (٣٧) پلە زیاتر بوو و بەردەوامیش بوو ئەوا کاریگەری خراپ هەیە لەسەر لاشەی مرۆڤ بەجێ دەهێڵێت و دەبێتە هۆی بێزاربونی لەگەرما وەك ئەوەی لە وڵاتانی کەنداودا ڕودەدات لەوەرزی هاویندا کەپلەی گەرما بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (٥٠) پلەی سەدی بەتایبەت لەتەموزدا وەك وڵاتانی (سعودییە، قەتەر، ئیمارات، کوێت .... هتد)، ئەگەر ئەم دیاردەی بەرزبونەوەی پلەی گەرما بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەردەوا بوو ئەوا ناودەبرێت بەشەپۆلی گەرما، هەندێ جاریش وا لەمرۆڤ دەکات بەرەو سستی و تەمەڵی بڕوات و توانای کارکردنی کەم ببێتەوە، چونکە ئەم بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەتوانی مرۆڤ بەدەرە بۆیە مرۆڤ لەم کاتانەدا ڕوو لەناوچە فێنکەکان دەکات یان بۆ ماوەیەکی زیاتر لەو شوێنانەدا دەمێنێتەوە کەئامێری فێنك کەرەوەی لێیە، لەهەمان کاتیشدا دابەزینی پلەی گەرمی دیسانەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر لاشەی مرۆڤ، چونکە توانای مرۆڤ بۆ پلەی گەرمی دیاری کراوە بۆیە ئەگەر پلەی گەرمی نزم بێتەوە بۆ پلەی سفری سەدی ئەوا کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ، بۆ نمونە ئەوەی لە ئەوروپا بەتایبەت بەشەکانی باکوری ڕودەدات لەزستاندا و پلەی گەرمی زۆر دادەبەزێت و چەندین ڕۆژ و هەفتە بەردەوام دەبێت و وادەکات مرۆڤ هەموو چالاکیەکانی بوەستێ و تەنانەت چەندین کەسیش بەهۆی ئەم نزمی پلەی گەرمیەوە گیان لەدەست دەدەن، کەواتە دەردەکەوێت نزم بونەوە و بەرزبونەوەی پلەی گەرمی

کاریگەری هەیە لەسەر لاشەی مرۆڤ, ئەگەر پلەی گەرمی (۳۳)پلە بێت ئەوا بە شێوەیەکی گشتی ئاووهەوای ئەو ناوچەیە گونجاوە لەگەڵ تەندروستی مرۆڤ.

٧- پلەی گەرمی کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانکاری کەش و هەوای گۆی زەوی وەك توانەوەی سەهۆڵ بەندانەکان کە بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی زەوی ڕودەدەن و دەبێتە هۆی توانەوەی بەشێکی زۆری ئەو پارچە سەهۆڵانەی کەسەدەها ساڵە لەسەریەك کەڵەکە بون, ئەم دیاردەی (بەرزبونەوەی پلەی گەرمی) بەهۆی زۆربونی ڕێژەی گازی ئۆزۆنەوە ڕودەدات لە هەوادا و وادەکات پلەی گەرمی ڕوی زەوی بەرزبێتەوە و بەمەش دەڵێن ( قەتیس بونی گەرما) کە بەشێکی زۆر لە بەفر و سەهۆڵبەندانەی ناوچە جەمسەریەکان و چەندین چیای جیهان بەرەو توانەوە و نەمان چوون وەك چیای (کلیمنجارۆ) لەئەفریقا کە ڕێژەیەکی زۆر بەفری تواوەتەوە و ڕەنگی سپی هەمیشەی لەدەست داوە و چاوەڕوان دەکرێت لەچەند ساڵی داهاتودا بەتەواوی بتوێتەوە, ئەم توانەوەیە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاوی سەر زەوی (زەریا, دەریا, ڕوبار) بەمەش برێکی زۆر وشکانی داگیردەکات و ژیانی گیاندارانی کێوی بەهۆی ئەم داگیرکردنەوەوە وای کردووە لەناوچەیەکەوە کۆچ بکەن بۆ ناوچەیەکی تر.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەقەتیس بونی گەرما بەنمونەیەك ڕونی دەکەینەوە کاتێك ئۆتۆمبێلێك لەبەر هەتاو ڕای دەگریت و جامەکانی بەتەواوی دادەخەیت لەم کاتەدا برێکی زۆر تیشکی خۆر بەناو جامەکەدا دەچێتە ناو ئۆتۆمبێلەکە و تێیدا کۆدەبێتەوە وهەر بەهۆی جامەکانەوە ناهێڵێت تیشکەکە بێتە دەرەوە بۆیە پلەی گەرمی ناو ئۆتۆمبێلەکە بەرز دەبێتەوە بەڕادەیەك ئەگەر جامەکان نەکەینەوە ئەوا دەبێتە هۆی تەقین و درزبونی جامەکان بەتایبەت لە وەرزی هاویندا, زەویش وەك ناو ئۆتۆمبێلەکەیە و گازی ئۆزۆنیش کەهۆکارە بۆ بەرزبونەوەی پلەی گەرمی زەوی بریتیە لە جامەکانی ئۆتۆمبێلەکە و تەقین و درزبونی جامەکانیش دەوری توانەوەو نەمانی بەفر و سەهۆڵ بەندانەکان دەبینین لەسەر ڕوی زەوی, کەواتە پلەی گەرما گرنگ وکاریگەری خۆی هەیە بۆ دیاردە کەش و ئاووهەوایەکان.

٨- پلەی گەرما بۆ گەشت و گوزار بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار, ئەو شوێنەی کە پلەی گەرمی گونجا و لەبارە بۆ حەوانەوەی گەشتیار زیاتر ڕوی تێ دەکەن بەهۆی گونجاوی ئەم پلەی گەرمیەوە, بۆ نمونە بەهۆی نزم بونەوەی پلەی گەرمی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ناوچەکانی باشور

و ناوەڕاستی عێراق ئەمەش وای کردووە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری عەرەب ڕوو لەهەرێمی کوردستان بکەن بە تایبەت لەوەرزە گەرمەکاندا، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە چونکە نزم بونەوەی پلەی گەرمی تاڕادەیەك کاریگەری هەیە لەسەر توانستەکانی گەشت و گوزار ئەوەش لەڕێگی چەندین دیاردەی ناوازە لە وەرزی زستاندا وەك بەفر بارین و یاری خلیسکان کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی گەشتیار وەك لە ولاَتانی( ئیتالیا و کەنە)دا یاری خلیسکان لەسەر بەفر ئەنجام دەدرێت و بووە بەیاریەکی جیهانی و سالاَنە بەهەزارەها یاریزان و گەشتیار ڕودەکەنە ئەو ناوچانە، ئەمە جگە لەیاری کردن بەبەفر (شەڕە بەفر).

٩- کاریگەری گەرما لەچاخە جیۆلۆجیە جیاوازەکاندا کاریگەری گرنگی هەبوو، بەشێوەیەك کە لە چاخێکدا بەهۆی نزم بونەوەی پلەی گەرمی زەوی بووە بەیەك پارچە سەهۆلّ و ڕووی گۆی زەوی داپۆشیوە، ئەمەش چەندین سالّی خایاند و ژیانی لەسەر گران بووە، بەلاَم لەچاخێکی تردا پلەی گەرمی بەرزبوەتەوە، ئەم چاخە سەهۆلّینانە بەرەو نەمان و لە ناوچون چون و ڕوبارەکانیش کەمیان کردووە، با چاخی ناوەڕاست وەك نمونە وەرگرین کە چۆن پلەی گەرمی کاریگەری کردۆتە سەر گۆڕانکاری ئاووهەوای لەو چاخەدا بەم شێوەیە:

ا- بەرفراوان بونی بەستەڵەکی زەریای بەستوی باکور، تاگەیشتە ئەوپەڕی زەریای ئەتڵەسی و چواردەوری دورگەی گرینلەندی داو بەمەش بووە هۆی گیرانی ڕێگە دەریاییە کۆنەکانی گریلەند کە بۆ نزیکەی (٣٠٠) سالّ بەکارهێنران (١٠٠٠-١٣٠٠)ز.

ب- فراوان بون و ئەستور بونی بەردەوامی بەستەڵەکی کیشوەری گرینلەند، گەورەبونی قەبارە بەستەڵکەکان، لە ئایسلەندە و نەرویج و چیاکانی ئەلبا.

ج- دابەزینی ئاستی هێڵی درەختەکان لەبەرزاییەکانی ئەوروپای ناوەڕاست و چیاکانی ڕۆکی ئەمریکا.

د- زیادبونی شێی زەوی و بلاَوبونەوەی دەریاچە و هۆر لەزۆر شوێنی ئەوروپا.

هـ- ڕوبار و دەریاچەکان زیاتر بەستنیان بەسەردا هات.

و- زیاد بونی توندی زریانەکان، کەدەبووە هۆی لافاوی ئاوی ڕوبارەکان، بەتایبەت لە هێڵی پانی (٥٠-٦٠) باکورەوە، بەتایبەت لەسەدەی (١٣) و ناوەڕاستی سەدەی (١٤).

١٠- پلەی گەرمی گرنگی خۆی هەیە لە بارە جیمۆرفۆلۆجیەکاندا وەك

(کەشکاری و ڕامالین)، چونکە پلەی گەرمی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەریان بەهۆکارێك لە هۆکارەکان دادەنرێت بۆ ڕودانی ئەم دیاردە جیمۆرفۆلۆجیانە کە لێرەدا تەنها باسی کاریگەری پلەی گەرمی دەکەین لەسەر کەشکاری (فیزیای و کیمیایی).

پرۆسەی کەشکاری واتە گۆڕینی خاسیەتی کیمیای یان فیزیای یان هەردوکیان کە بەسەر کانزاکانی بەردا دێت و بەهۆی چەندین هۆکاری گرنگی وەك پلەی گەرما کە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە لێرەدا باسی لێوە دەکەین، ئاووهەوا بەتایبەت پلەی گەرمی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کەشکاری فیزیایی، بە جۆرێك پلەی گەرمی هێز و جۆری پرۆسە کەشکاریەکان دیاری دەکات کەدەنکۆڵەکانی پێکهاتەی کانزاکان ڕوبەڕوی پارچە پارچە بون و درز و قڵیشان دەبنەوە بەهۆی جیاوازی پلەی گەرمی ڕۆژانە کە وادەکات ئاو لە نێوان چینەکانی بەردا بیبەستێت و بیکاتەوە بەوەش قەبارەی گەورە دەبێت و ڕوبەڕوی شکان و درزبون دەبنەوە.

بەڵام کەشکاری کیمیایی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا هەموو کاری تێ دەکات بە تایبەت باران کە دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی بەردەکە، کەواتە دەردەکەوێت هەرچەندە پلەی گەرمی و باران بەرزبێت ئەوا پرۆسەکانی کەشکاری چالاك تر دەبێت و کەشکاری کیمیایی لەو ناوچانەدا چالاك دەبێت کەبڕی داباریین بەرزە، بەڵام کەشکاری فیزیای لەو ناوچانەدا چالاکن کەپلەی گەرمی بەرزە.

١١- گەرما بەڕەگەزی دووەم دادەنرێت دوای باران ئەویش بەهۆی ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیەی کە هەیەتی لەسەر بەردەکان و گۆڕینیان بۆ مادەی بنچینەی خاك کە دروست دەبێت لەسەری، هەروەها بەهۆی ئەو کارگەرییەوە کەهەیەتی لەسەر خێراکردنی هەموو پرۆسە کیمیاییەکان کە لەکاتی دروست بون و پێکهاتنی خاکدا ڕودەدەن، چونکە خێرایی کارلێکی کیمیای زیاد دەکات ئەگەر پلەی گەرما یەك پلەی سەدی زیادی کرد، هەروەها گەرما کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر ڕێژەکانی بە هەڵم بون و دەلاندن، کە ئەمانە بە ڕۆڵی خۆیان کاردەکەنە سەر ڕەوشەکانی شێ لە خاکدا. هەروەك چۆن گەرما کاریگەریەکی ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دروست بونی خاك بەهۆی ئەو کاریگەرییە ڕونەی کە هەیەتی لەسەر ژیانی ڕووەکی، سەرەڕای کاریگەریەکەی لەسەر فشاری هەوایی و ئاراستەکەی و دابەش بوونی با و شێی ڕێژەی، هەموو ئەم فاکتەرانەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ

و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر پرۆسەکانی پێکهاتن و دروست بوونی ئەو خاکەی کە دەکەوێتە سنوری بوون و کاریگەرییانەوە.

١٢- بەرزبونەوەی پلەی گەرمی هەوا دەبێتە هۆی کەم بونەوەی چڕیەکەی، پاشان ئەو پەستانەش کەم دەکات کە لێیەوە بەرهەم هاتووە، هەوای گەرم و مەیلە و گەرم چڕییان کەمترە لەهەوای سارد، بەهای پەستانی هەوای بەرزیش لەناوچە ساردەکاندا تۆماردەکرێت وەك سیبریا و کەنەدا و ناوچە جەمسەرییەکان نەك ناوچە بیابانیە گەرمەکان.

جیاوازی لە بڕی بەرزایی نێوان ئاستی ڕووی ئاوەکان و وشکانیەکان ، هەتا بەرزاییەکان زۆرتر بن پەستان سوکتر دەبێت، بەپێچەوانەوە هەتا بەرزاییەکان کەمتر بن پەستانەکە قورستر دەبێت، چونکە لە بەرزاییەکاندا ئەستوری ستونە هەواکە کەمتر دەبێت بۆیە چڕیەکەشی کەمتر دەبێت.

## ١٤- قەبارەی زەوی

قەبارەی گۆی زەوی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و ئەندازەیەی دانراوە بۆ گونجاندنی ژیان لەسەری و بەردەوام بوونی، قەبارەی گۆی زەوی لەبەرامبەر هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆردا جیاوازە بەجۆرێك نزیکەی (٣١٨) جار لەهەسارەی موشتەری بچوکترە و لە چەندین هەسارەی تر گەورەترە، کەواتە ئەم گەورو بچوکی قەبارەی زەوی لەبەرامبەر هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆر هۆکارە بۆ بونی ژیان لەسەری، قەبارەی گۆی زەوی نزیکەی١/١ ملوێن کیلۆمەتر سێ جایە، کەواتە هەڵکەوتنی قەبارەکەی بەم شێوەیە هۆکارە بۆ گونجاندنی ژیان کە لەخوارەوە باسی گرنگی قەبارەی گۆی زەوی دەکەین، کەواتە لە نێوان هەموو هەسارەکانی تری دەوری خۆردا تاکە هەسارەیە کە گونجاوبێت بۆ ژیان لەسەری.

## گرنگیەکەی

١- ئەگەر قەبارەی گۆی زەوی بچوکتر یان گەورەتر بووایە ئەوا کارێکی گەورەی دەکردە سەر بوونی ژیان، بەو جۆرە گۆڕانکاریەکی دیاری هەست پێکراو لەشوێن و ڕێی زەوی دا ڕوودەدا و دەبووە هۆی ئەوەی کە ژیان لەسەری بوەستێت و مرۆڤەکان بەئەستەم دەیانتوانی بجوڵێت.

٢- ئەگەر قەبارەی گۆی زەوی گەورەتر بووایە ئەوا هێزی کێش کردنی زەوی تێك دەچوو بەجۆرێك ئەوەندە هێزی کێش کردنەکەی زیاد دەبوو هیچ شتێك خۆی لەبەردەمدا ڕانەدەگرت، ئەمەش وای دەکرد کەهەموو نەیزەك دوورەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت و هاوسەنگی زەوی و ژیان لەسەر تێك بدات، چونکە بەهاتنی نەیزەکەکان بۆ زەوی تەنها یەك نەیزەك بەس بوو بۆ سوتان و لەناوبردنی ژیان لەسەر هەسارەی گۆی زەوی، کەواتە ئەم هاوسەنگیە بەشێوەیەکی ئەندازە دانراوە و ڕێکخراوە.

٣- گەورە و بچوکی قەبارەی گۆی زەوی لەبەرامبەر ئەوەی ئێستای کاریگەر هەبوو لەسەر بەرگە گازیش بەیەك هەڵەی بچوکیش لەبەرگە گازدا دەبووە هۆی لەناوچونی ژیان لەسەر زەوی، لە بەرئەوەی دەبووە هۆی گۆڕانکاری گازەکان لە بەرگە گازدا بڕ و ڕێژەی هەر گازێك گۆڕانکاری بەسەردا دەهات و تێك دەچوو بەمەش گۆڕانکاری ژیاتی بەدوادا دەهات لەسەر زەوی، ئەگەر واش دابنێین کە قەبارەی گۆی زەوی گەورتر بووایە ئەوا هەموو بەرگە گازی دەقۆسێتەوە و ژیان بەرەو لە ناوچوون دەبرد، لەهەمان کاتیشدا بچوکی قەبارەی گۆی زەوی کاریگەری خۆی هەبوو، چونکە یاسا و ڕێك خستنەکانی سەر زەوی گۆڕانکاری تەواوی جەوهەریان بەسەر دەهات، کەواتە بوونی زەوی بەو قەبارەی ئێستای کە مرۆڤی لەسەر دەژی گەورەترین ڕێك خستن و جوانترین بەدی هێنانی بۆ گونجاندنی ژیانە لەسەر زەوی و جیاوازی لە بەرامبەر هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆر کە ژیان لەسەریان زۆر ئەستەمە، چونکە قەبارەکەیان جیاوازە و ئەم جیاوازیەش بووەتە هۆی ئەوەی چەندین خاسیەتی تایبەتی هەبێت کە ژیانی لەسەر نەڕەخسێت، چونکە ئەم قەبارە جیاوازانە کاریگەریان هەیە لەسەر هەموو دیاردەکانی تر کە لەسەر ڕوی هەسارەکاندا پەیدادەبێت.

## ١٥- گازەکانی زەوی

ئەو هەوایەی کەدەوری گۆی زەوی داوە لەچەندین گاز پێکهاتووە گرنگترینیان بریتیە لە ( ئۆکسجین، نایترۆجین، هایدرۆجین، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن)، دەورێکی سەرەکیان هەیە بۆ ژیان لەسەر ڕووی زەوی، چونکە هەریەکەیان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەچەندین خاسیەتی گرنگ و ئەندازەی جوان فەراهەم بوون بۆ ژیان لەسەر زەوی بەکەم بونەوەیان یان زیادبونیان تێکچونی ژیانی بەدوادا دێت. ئەم گازە

گرانانەی کە باسمان کرد هەموو یان بە تێکەڵی لەهەوادا بڵاوبونەتەوە, بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر تێکەڵ بەیەك نابن, چونکە گیراوەنین واتە یەك ناگرن, بەڵام لەگەڵ هەندێ مادەی توکڵی زەوی یەکیان گرتووە, بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری لە گازە سەرەکیەکان لە هەوای هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆر وای کردووە ژیانی تێدا گران بێت بۆ نموونە لەسەر ڕووی هەسارەی (مەریخ) بەرگە هەواکەی پێکهاتووە لەئاوێتەیەك لە گازی (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) بەشێوەیەکی چڕ, هەروەها( زوهرە)بەشێوەیەکی چڕ لەگازی (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) پێکهاتووە, بەهەمان شێوە (زوحەل) کە دوای (موشتەری) گەورەترین هەسارەی کۆمەڵەی خۆرە و بەرگە هەواکەی پێکهاتووە لە (٧٥٪)ی هایدرۆجین و لە (٢٥٪) هیلیۆم, ئەمەش دەری دەخات کەژیان لەسەر ئەم هەسارانەی تری کۆمەڵەی خۆر نیە, چونکە گازەکانی بەشێوەی ڕێك و پێك دابەش نەبوون, هەروەها نەبوونی تەواوی گازە سەرەکیەکانی وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن لەهەریەکە لەم هەسارانەدا, بەڵام زەوی بە پێچەوانەی ئەم هەسارانەوە بەشێوەیەکی زۆر ئەندازەی ئەم گازانەی تێدایە و ژیانی بۆ مرۆڤ زیندەوەرانی تری سەر گۆی زەوی فەراهەم هێناوە.

ئەم گازانەی کەباسمان کرد ڕێژەکەیان جیاوازە لە گازێکەوە بۆ گازێکی تر بەم شێوەی خوارەوە:

١- نایترۆجین (٧٨٪).

٢- ئۆکسجین (٢١٪).

٣- ئارگۆن (٠,٠٠٠٦٪).

٤- دووەم ئۆکسیدی کاربۆن (٠,٠٠٠٠١٪).

ئەم گازانە بەگازە هەڵمژراوەکان ناسراون, چونکە بەشداری کرداری هەناسەدانی مرۆڤ و زیندەوەرانی سەر گۆی زەوی دەکەن, ئەو گازانەی تر کە ماون بریتیە لە (کرپیتۆن و کنیتۆن و نیۆن ... هتد) کەڕێژەیەکی زۆر کەمی پێکهێناوە و بە گازە دەگمەنەکان ناودەبرێت, ئەگەر وانەبووایە ژیان لەسەر زەوی نەئەبوو, هەروەکو چۆن ژیان لەسەر مانگ نیە.

زانای ئەمریکی (کرینس موریسون) سەرۆکی ئەکادیمی زانستی لەنیۆرك ئەڵێ: هەرچەندە ئەو گازانەی لە زەوی بەرزئەبنەوە بەدرێژایی زەمان زۆربەیان ژەهراوین, لەگەڵ ئەوەشدا هەوا بەپاکی دەمێنێتەوە و پیس نابێت وهیچ

پێویستیه‌کی ژیانی ئاده‌میزادی تێك نادات.

بۆیه لێره‌دا به‌درێژی باس و گرنگی هه‌ریه‌که له‌م گازانه ده‌که‌ین

## (١٥-١) گازی ئۆکسجین

گازی ئۆکسجین به‌گرنگترین گاز داده‌نرێت له‌سه‌ر ڕووی زه‌وی، چونکه په‌یوه‌ندیه‌کی ڕاسته‌وخۆی به ژیانی مرۆڤ و زینده‌وه‌ره‌وه هه‌یه که‌ڕێژه‌یه‌کی گونجاوی وه‌رگرتووه و ده‌گاته (٢١٪) له‌تێکڕای گازه‌کانی سه‌ر ڕووی زه‌وی و ئه‌م گازه‌له هه‌وادا نابینرێت و گازێکی چالاکه و له‌گه‌ڵ توخمه‌کانی تردا یه‌ك ده‌گرێت و ئاوێته‌ی کیمیایی پێکدێنێت، ئه‌مه‌ش به‌گرنگترین سیفه‌تی ئه‌م گازه داده‌نرێت، هه‌روه‌ها له‌کاتی جیابونه‌وه‌ی زه‌وی له‌خۆر ئه‌م گازه زۆر به خێرایی له‌گه‌ڵ توخمه‌کانی تردا یه‌کی گرت و ئاوێته‌ی تازه‌ی پێکهێنا که هۆکاره بۆ ڕێك خستنی چه‌ندین دیارده‌ی ناوازه و ده‌گمه‌ن.

### گرنگیه‌که‌ی

١- هه‌ڵکه‌وته‌ی ڕێژه‌ی گازی ئۆکسجین به (٢١٪) به خاڵێکی زۆر گرنگ داده‌نرێت، چونکه ژیانی له‌سه‌ر گۆی زه‌وی ڕێك خستووه به‌شێوه‌یه‌کی سه‌رسوڕهێنه‌ر، ئه‌گه‌ر ئه‌م ڕێژه‌ی ئێستای ئۆکسجین گۆڕانکاری به‌سه‌ردا بهاتایه ئه‌وا بێ گومان ژیان به‌ره‌و له‌ناوچون ده‌چوو، له‌به‌رئه‌وه به‌که‌مبونه‌وه‌ی ڕێژه‌ی ئۆکسجین بۆ (١٥٪) ئه‌وا زۆر هۆکار نه‌ده‌هاته‌کایه‌وه، ئه‌مه‌ش کاریگه‌ری ڕاسته‌وخۆی هه‌بووله‌سه‌ر ژیان ئه‌گه‌ر ژیانیش هه‌بووایه له سه‌ره‌تادا بوو به‌وه‌ش هیچ پێشکه‌وتنێك له‌ژیاندا ڕوی نه‌ئه‌دا، هه‌روه‌ها ئه‌م که‌می ئۆکسجینه به‌شی هه‌ناسه‌دانی زینده‌وه‌رانی سه‌ر گۆی زه‌وی نه‌ده‌کرد، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌زیادبوونی له‌و ڕێژه‌ی ئێستای بۆ له (٤٠٪) ئه‌وا پێچه‌وانه‌وه ده‌بووه‌وه به‌جۆرێك ته‌نها هه‌وره بروسکه‌یه‌ك به‌س بوو بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو دارستانه‌کانی سه‌ر زه‌وی بسوتێنێت.

٢- ئۆکسجین توخمێکی چالاك و سه‌ربه‌خۆیه و زۆر به‌خێرای له‌گه‌ڵ توخمه‌کانی تردا یه‌ك ده‌گرێت و ئاوێته‌ی گاز پێك دێنێت.

٣- ئۆکسجین نزیکه‌ی (٨٠٪) ئاوی سه‌ر ڕوی زه‌وی پێکهێناوه که به‌گرینترین دیارده داده‌نێت له‌سه‌ر زه‌وی که مرۆڤ و زینده‌وه‌رانی تر پشتی پێ ده‌به‌ستن و

بەکاری دەهێنن بۆ خواردنەوە و چالاکیەکانی ڕۆژانە .

٤- پەیوەندیەکی بتەو و هاوسەنگ هەیە لەنێوان ئۆکسجین ودووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە ئەویش لەڕێکخستنی ژیانی گیانلەبەران و ڕووەکەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە سەر زەوی، ئەم دوو گازە پێچەوانەی یەکترین لە کاتی هەناسەدانی گیانەوەران و ڕووەکەکانی سەر زەوی (گیانلەبەران ئۆکسجین هەڵدەمژن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەدەنەوە و ڕووەکەکانیش بەپێچەوانەوە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و ئۆکسجین دەدەنەوە).

٥- ئۆکسجین دەورێکی گرنگی هەیە لە کرداری هەناسەداندا, بۆیە مرۆڤ لە کاتی هەناسە وەرگرتندا ئۆکسجین هەڵدەمژێت, بەهۆی دەم و لوتەوە و لەوێوە بۆ بۆری هەوا و بەرەو سیەکان کە لەم کاتەدا بەهۆی کشانی ماسولکەی ناوپەنچکەوە کشاون- دەڕوات.

سی یەکان زۆر تورەکەی ورد وردیان تێدایە کە پێیان دەوترێت تورەکە هەواییەکان, لەبەرگی ئەم تورەکە هەواییانەشدا ژمارەیەکی زۆر ملولەی خوێن بڵاوبوونەتەوە. کاتێ سی یەکان بەهەوا پڕدەبن, بەهۆی کرداری بڵاوبونەوەی ئۆکسجین لەناو سی یەکانەوە دەچێتە ناو خوێنەوە, خوێنیش ئەم ئۆکسجین دابەش دەکات بەسەر هەموو خانەکانی لەشدا, ئەو خواردنە هەرس کراوەی گەیشتوەتە خانەکان بەهۆی ئەم ئۆکسجینەوە کە خوێن هێناویەتی دەسوتێنرێت و وزە و گەرمی لێ پەیدادەبێت, بەرماوە و پاشەڕۆکەشی بە زۆری دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو دەگەڕێتەوە بۆ سی یەکان و بەهەناسەدان مرۆڤ لێ یان ڕزگار دەبێت, ئەمە جگە لە هەندێ خوێی تر کە لە ڕێگەی ئارەق کردنەوەوە فڕێ دەدرێتە دەرەوە, بەم شێوەیە مرۆڤ و زۆر گیانەوەرانی تریش سوود لە ئۆکسجینی سەربەستی هەوا وەردەگرن بۆ گەشەکردن و بەردەم بوونی ژیان.

هەروەك دەشزانین کرداری هەناسەدان لە گرنگترین کردارە ژیانییەکانە کە زیندەوەران پێی هەڵدەستن بەشێوەیەك کەمرۆڤ لەڕێگەی ئەم کردارەوە هەوای دەوڵەمەند بەئۆکسجین بۆ سی یەکان دەنێرێت.

(هەناسە وەرگرتن), ئەم کردارە بۆ لەشی مرۆڤ کردارێکی زۆر گرنگ و بەبایەخە و هەرگیز هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لەچەند خولەکێك پتر هەناسە نەدات, نزیکەی (٣٠٪) ئۆکسجینەی لەهەوادا هەیە ڕووەکەکان بەرهەم دێنن, لە (٧٠٪)کەی تریش ئەو ڕووەك و زیندەوەرە تاك خانانە بەرهەمی دێنن کە لەدەریا و

زەریاکاندا دەژین.

٦- ئۆکسجین لەپێکهێنانی زۆر جۆری خواردنەکان بەشدارە, وەکو نان و شیر و هێلکە و میوە و ئاو, دیسان لە مەیدانی پیشەسازی دا بەکەڵکە, ئۆکسجین گازێکە بێ تام و ڕەنگ و بۆنە و کەسێ لەهەوا سوکترە و لە ئاودا دەتوێتەوە.

٧- قورئان ئاماژە بەکرداری ڕۆشنە پێکهاتن و هەناسەی ڕووەك دەکات لەسورەتی (التکویر) لەئایەتی (٦)دا دەفەرموێت:(سوێند بەبەرەبەیان کاتێ هەناسە دەدات). هەناسەدانی بەیانی بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر کرداری ڕۆشنە پێکهاتن, لێرەدا قورئان بەریان بەکەسێ دەچوێنێ کە لەگەڵ بەرەبەیاندا هەناسە دەدات, ئەمەش ئاماژەیە بەپێویستی بوونی ئۆکسجین لەکاتی بەرەبەیاندا, کرداری ڕۆشنە پێکهاتن لەگەڵ گزنگدا دەست پێ دەکات, کرداری ڕۆشنە پێکهاتن وەکو گرنگی ئۆکسجین بۆ مرۆڤ بەسود دادەنێت و زەوی ناتوانێ پێویستی پێ نەبێت بۆ ژیان.

(٣٠٪) ئۆکسجینی ناو هەوا ڕووەکانی سەری پێکی دێنن, ئەم کردارەش بەچاوی ئاسایی تێبینی ناکرێ چونکە ئەم میکانزمە ئەلیکترۆنەکان و گەردیلە و گەردەکان بەکار دێنێت, بەڵام بەرهەمی کرداری ڕۆشنە پێکهاتن دەبینرێت, لەماوەی ئەو ئۆکسجینەدا توانای هەناسە و خۆراکمان دەداتێ کەژیانمان دەپارێزێت. ڕۆشنە پێکهاتن سیستەمێکی ئاڵۆزە و شێوازی کیمیایی چەند یەکەیەکی کێش بەکاردێنێ لە بازنەیەکی تەسکدا و زۆر دەزگای وردی هەستیار پێك دێت, لەهەر ڕووەکێکدا ملیۆنەها تاقیگەی کیمیایی هەڵدەستن, سەرباری ئەوە ڕووەك ئەو ئۆکسجینە بەرهەم دێنن ئێمە بەکاری دێنین و وزە لەو وەردەگرین, ئەم کردارەش ملیۆنەها ساڵ بەردەوامە.

## (٢-١٥) نایترۆجین

بە یەکێك لە گرنگترین گازەکان دادەنرێت کە دەوری گۆی زەوی داوە و ڕێژەی لە (٧٨٪) ئەم بەرگە هەوایە پێکدێنێت و بەرزترین ڕێژەی گازی پێکهێناوە لە بەرگە هەوادا, خاسیەتی و گرنگی خۆی هەیە کەهیچی لە گازەکانی تر کەمتر نیە, ڕێژەی ئەم گازە بەو جۆرەی کەهەیە لە بار و گونجاوە بۆ بوونی ژیان لەسەر هەسارەی زەوی, ئەم گازە گازێکی سستە و بەگران لەگەڵ گازەکانی تردا یەك دەگرن, هەربۆیە ئەو ڕێژە زۆرەی نایترۆجین کە لەهەوادایە مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر ناتوانن

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سودی لێ وەرگرن, بەڵام کاتێك نایترۆجین لەگەڵ گازەکانی تردا یەك دەگرێت و ئاوێتە پێکدێنێت ئەوا گرنگیەکەی دەردەکەوێت بۆ ژیان بەتایبەت بۆ ڕووەکان, چونکە بۆ گەشەی خۆی بەکاری دێنێت.

## گرنگیەکەی

١- بوونی نایترۆجین بەڕێژە بەرزەی ئێستا کە دەگاتە (٧٨٪) هەوای گۆی زەوی, ئەم ڕێژە بەرزە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە, چونکە وەك دەزگایەکی چالاك وایە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ئۆکسجین بۆ ئەوەی گونجاوبێت لەگەڵ بوونی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە.

٢- وەك ئاماژەمان بۆ کرد نایترۆجین گازێکی سستە و لەگەڵ گازەکانی تردا یەك ناگرێت, پێویستە بۆ چەند پێکهاتەیەك بگۆڕێ دوایی مرۆڤ و گیانداران بتوانن بەکاری بێنن, ئەم گۆڕانانە دروست دەبن بەبروسکە و چالاکی بروسکە و چالاکی بورکانی یان(بەکتریا)ی ناو خاك کە بە گۆڕینی (نایترۆجین)ی هەڵدەستێ (بۆ نیترات) پاشان بۆ (ترشی ئەمینی) و (پرۆتینەکان), زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن کە لەکارەبا و جێگیری (کیمیا- ڕوناکی) پەیدا دەبێت.

لێرەدا شێوەی نایترۆجینی هەیە ڕووەکە باڵاکان (الراقیە) و قەوزە دەتوانن لەڕێگای ڕەگەکانیانەوە بەکاریان بێنن لە شێوەی (نترات) و (نتریت) و (ئامۆنیا)دا, ئەو بەشداری دەکات لە بنیاتنانی (پرۆتینەکان) لە ناو لەشی ئەو زیندەوەرانەدا, لەوانە پاشماوەی پێك هاتەی کیمیایە تر.

کاتێ مرۆڤ و گیانداران لەم ڕووەکانە دەخۆن ئەو کەرەستە ئەندامی یانەیان بۆ دەگوازێتەوە و دوای مردنیان کرداری شی بونەوە دەست پێ دەکات بەهۆی زیندەوەرە شیکەرەوەکان (بەکتریاکان و کەڕووەکان), کاتێ نایترۆجین بۆ شێوەی نا ئەندامی ئەگۆڕێ کە (ئامۆنیا)یە بە شێوەی سەرەکی پاشان بەکتریا بەگۆڕینی هەڵدەستێ بۆ نیتریت پاشان بۆ نیترات, پاشان لە ڕێگای ڕەگەزەکانەوە دەگوازرێتەوە, بۆ گازی نایترۆجین دەگۆڕێت و بۆ ناو هەوا دەگەڕێتەوە, چونکە ئەگەر ئەم گازە بەم شێوە بەم بەرزییەی ئێستا (٧٨٪) سست نەبووایە ئەوا هەموو گازەکانی تر تێك دەدات و ئاوێتەیەکی زۆر ترسناك و جیاواز دروست دەکەن.

٣- ئەگەر ڕێژەی ئەم گازە کەمتربێت یان زیاتربێت ئەوا هاوسەنگی ژیان لەسەر زەوی تێك دەچێت, کەواتە بوونی ڕێژەی نایترۆجین بەم شێوەیە کارێکی ئەندازە و

ڕێك و پێك و سەرچاوەی ژیانە لەسەر زەوی.

٤- هۆکارە بۆ بوونی بە پیتی خاك بەتایبەتی لە کاتی هەورە بروسکەدا، نایترۆجینی هەوا لەگەڵ هەندێ لە ئۆسجینەکەدا یەك دەگرێت و ئاوێتەی نایترۆجینی پێك دەهێنێت و لەگەڵ بارانەکەدا بەسەر زەویدا دادەبارێت و دووبارە بەپیتی بۆ دەگێڕنەوە، بەڵام ئەمە بەشی بەپیتی خاك ناکات، چونکە مرۆڤ بەردەوام بەکاری دەهێنێت و کشتوکاڵ تیا دەکات.

٥- ئەگەر نایترۆجین و ئۆکسجین لەهەوادا تێکەڵ ببونایە بارانێکی ترەشەڵۆکی کوشندە کە لەئاگر پێکهاتووە ئەباری، زیندەوەرە و ئاژەڵ و ڕووەك و خاك و بەرد و هەموو شتێکی لەسەر زەوی ئەسوتاند.

٦- جگە لەمانە گرنگترین کار و سودی نایترۆجین پارێزگاری زەوی ئەکات بەگشتی، ئەو پارچە ئاگرانەی لە بۆشایی ئاسمانەوە بەرەو زەوی دێت نایترۆجین پارچە پارچەیان دەکات پێش ئەوەی بکەونە سەر زەوی، پارچە ئاگرە گەورەکان نایترۆجین وردیان ئەکات.

## (١٥-٣) گازی هایدرۆجین

گازی هایدرۆجین بەگازێکی گرنگ و پێویست بۆ ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی ئەژماردەکرێت، چونکە بەبێ ئەم گازە ژیان توشی گرفت دەبێت و بەرەو نەمان و لەناوچون دەچێت، کەواتە گازی هایدرۆجین هیچی لە گازەکانی تر کەمتر نیە کە لەخوارەوە باس لەگرنگی ئەم گازە دەکەین.

### گرنگیەکەی

١- وەك باسمان کرد گرنگی گازی هایدرۆجین هیچی لەگازەکانی تر کەمتر نیە، بۆیە هایدرۆجین خاڵێکی بنەڕەتی ژیانە لەسەر ڕووی زەوی، چونکە هۆکاری سەرەکی یە بۆ بوونی ئاو لەسەر زەوی، ئاویش پێکهێنەرکێ سەرەکی خانە زیندووەکانی زۆربەی زیندەوەرانە و هیچ زیندەرەوەرێك ناتوانێت واز لە ئاو بهێنێت، ئاویش لەدوو ڕەگەزی سەرەکی ئۆکسجین و هایدرۆجین پێکهاتووە.

٢- هەروەها ئۆکسجین و هایدرۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەگەر بەتەنها بن یان بەیەکگرتویی، ئەوا بە ڕەگەزە زیندەگی یە سەرەکیەکانی ژیان دادەنرێت و کۆبونەوەیان پێکەوە لەیەك کاتدا و بەڕێژەی تەواو لە پێویستی یە سەرەکیەکانی ژیانی زیندەوەران.

## (١٥- ٤) گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن

بە هەمان شێوە گازێکی گرنگە بۆ ژیان چونکە لە سوڕی هەناسەدانی مرۆڤ و گیانەوەردا دەورێکی سەرەکی هەیە, ئەم گازە پێکهاتووە لەهەردوو گازی ئۆکسجین و کاربۆن, ڕێژەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادا بەگازی دەگمەن دادەنرێت و ڕێژەیەکەی (٠,٠٠٠١٪) هەوا پێک دێنێت, بڕی ئەم گازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە, بەجۆرێك ڕێژەکەی بەرزدەبێتەوە لەو شوێنانەی کە چالاکی پیشەسازی و بەکارهێنانی ئامێرەکانی گواستنەوە تێدا بەکاردێت بەمەش ڕێژەی سوتاندنی سوتەمەنی زیاتردەبێت و کاریگەری لەسەر زۆربوونی ئەم گازە هەیە, هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا زۆری مرۆڤ هۆکارێکی ترە بۆ زیادبوونی ئەم گازە لەهەوادا, بەڵام لەو ناوچانەی کە دانیشتوانی تێدا کەمە پیشەسازییەکانی تێدا کەمترە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر کەم بوونی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەهەوای ئەم ناوچەیەدا.

### گرنگیەکەی

١- ئەم گازە گازێکی گرنگە بەتایبەت بۆ پڕکردنەوەی خواردنە گازیەکان سودی تایبەتی لێ وەردەگیرێت.

٢- ڕووەك پشت بەگازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەبەستێت بۆ کردارە ڕۆشنە پێکهاتن بەم شێوەیە: لەسەر ڕووی گەڵای ڕووەکەکان کونیلەی ورد ورد هەیە، کەلێیانەوە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی هەوا هەڵدەمژێت، ئەو ڕەگانەش کە بەناخی زەویدا ڕۆچوون ئاو خوێی تواوە دەمژن و بەهۆی هەندێ بۆری تایبەتیەوە بەرەو گەڵاکان بەرز دەبنەوە، ڕووەك توانایەکی سەیری هەیە و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەکە دەشکێنێت و ئۆکسجینەکە فڕێ دەداتە دەرەوە و کاربۆنەکە گل دەداتەوە، لەگەڵ هایدرۆجینی ئاوەکەدا بەهۆی ڕەنگی سەوزی گەڵاکەو تیشکی خۆرەوە وەك کیمیا گەرێکی لێزان و شەکرو کاربۆهیدرات و سلیلۆن و گوڵ و میوەی تام و بۆن جیاجیای لێ دروست دەکات، کە خواردنێکە بۆ خۆی و هەرچی یەکیشی لێ زیاد ببێ مرۆڤ و گیانەوەرانی تر سودی لێ دەبینن، ئەگەر ڕووەك ئەم توانا گەورەو سەرسوڕهێنەرەی نەبوایە ژیان لەماوەیەکی زۆر کورتدا کۆتای پێ دەهات.

٣- دیسانەوە ڕێژەی کەمی ئەم گازە کە بەگازی دەگمەن ناودەبرێت کاریگەرو گرنگی خۆی هەیە، چونکە زۆری و کەمی لەو ڕێژەی ئێستا کاریگەری خراپی لەسەر گۆی زەوی بەجێ دەهێڵێ، بۆیە بەرزبونەوەی ڕێژەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادا دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمای ڕووی زەوی، بەمەش دەبێتە هۆی توانەوەی شاخە سەهۆڵینەکان و شاخە بەفرینەکان ئەمەش بەڕوونی دەردەکەوێت لەچیای (کلیمنجارۆ) لەئەفریقا کەڕێژەیەکی زۆر لەبەفرەکەی تواوەتەوە، هەروەك دەرکەوتووە پلەی گەرما بەرز بۆتەوە بەتایبەت لەدوای ساڵی (١٩٢٥) ئەویش بەهۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی خێرای پیشەسازییەوە کەتێکڕای ڕێژەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە (١٠٪) زیادی کردووە، هەر بۆیە لەئامارەکانی یەکێتی جیۆفیزیك ناسەکانی ئەمریکا دەڵێن کە لەم (١٥٠) ساڵەی ڕابردودا تێکڕای پلەی گەرما بە ڕێژەی (٠,٥) پلەی سەدی زیادی کردووە.

٤- بایەخی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەردەکەوێت کاتێك ڕێگە دەدات بەهاتنی تیشکی خۆری شەپۆل کورت بۆسەر زەوی، بەپێچەوانەوە ڕێگا لەتیشکی گەرمی زەوی شەپۆل درێژ دەگرێت و هەڵی دەمژێت دەیگێرێتەوە بەرەو ڕووی زەوی و هەوای دەورو پشتی، بەم پرۆسەیەش (گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) لە هەوادا دەبێتە هۆی بەرز بونەوەی پلەی گەرمای سەر ڕووی زەوی، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە سەر نمونەکەی پێشوو کەپێویستە لێرەدا دووبارە ئاماژەی بۆ بکەین و بە نمونەیەك ڕونی دەکەینەوە کاتێك ئۆتۆمبێلێك لەبەر هەتاو ڕای دەگریت و جامەکانی بەتەواوی دادەخەیت لەم کاتەدا بڕێکی زۆر تیشکی خۆر بە ناو جامەکەدا دەچێتە ناو ئۆتۆمبێلەکە و تێیدا کۆدەبێتەوە وەهەر بەهۆی جامەکانەوە ناهێڵێت تیشکەکە بێتە دەرەوە بۆیە پلەی گەرمی ناو ئۆتۆمبێلەکە بەرز دەبێتەوە بەڕادەیەك ئەگەر جامەکان نەکەینەوە ئەوا دەبێتە هۆی تەقین و درزبونی جامەکان بەتایبەت لەوەرزی هاویندا, زەویش وەك ناو ئۆتۆمبێلەکەیە و گازی هایدرۆجین کەهۆکارە بۆ بەرزبونەوەی پلەی گەرمی زەوی بریتیە لە جامەکانی ئۆتۆمبێلەکە و تەقین و درزبونی جامەکانیش دەوری توانەوەو نەمانی بەفر و سەهۆڵ بەندانەکان دەبینین لەسەر ڕوی زەوی.

٥- هەروەها دەربارەك گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن (د. زەغلول) دەڵێ: سەلماوە زۆربەی گازەکان کە لە بورکانەوە دێتەدەر دوای هەڵمی ئاو دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە, بەبنەمای کرداری ڕۆشنە پێکهاتن دادەنرێت ڕووەکە سەوزەکان

بەئەنجامدانی هەڵدەستن، ئەم گازە و ئاو و هەندێ توخمی زەوی بەکاردێنن بۆ دروست کردنی چەند (کاربۆهایدرات)ێك کە (خانەی ڕووەکی و شانەکانی) پێك دێنن، قورئان ئاماژە بەدەرچونی ئەم گازە و گازی تر دەکات بەشێوەیەکی مەجازی بەدەرچووانی لەوەڕ (ومرعاها)، چونکە گەر دووەم ئۆکسیدی کاربۆن نەبووایە ڕووەك و سەوزیی لەزەوی دا نەدەهاتە بوون.

## (١٥- ٥) گازی کاربۆن

ئەو گازانەی کەدەوری گۆی زەویان داوە هەریەکەو چەندین خاسیەتی تایبەتی و گرنگی هەیە بۆ پاراستنی ژیان لەسەر ڕووی زەوی، دیارە کاربۆنیش یەکێکە لەو توخمانەی کەگرنگی خۆی لەنێو ئەم گازانەی کەبەرگە هەوایان پێکهێناوە پەیداکردووە، بەجۆرێك لەگەڵ چەندین گازی تر و دروست کردنی چەندین ئاوێتە و دیاردەی جیاواز لەسەر ڕووی زەوی گرنگی خۆی سەلماندووە، کەواتە کاربۆن بە هاوڕێیەتی گازەکانی تر هۆکارە بۆ بەردەوامی و ڕێکخستنی ژیان لەسەر ڕووی زەوی، لەهەمان کاتدا بە گازێکی دەگمەن و بەتێکەڵەی لەگەڵ گازەکانی تردا گرنگیەکەی دەردەکەوێت بۆیە ئەگەر بەم ڕێژە کەمەش نەبێت ئەوا ژیان توشی گرفتی گەورە دەبێت.

## گرنگیەکەی

١- کاربۆن بەهۆی تێکەڵ بوونی لەگەڵ گازی ئۆکسجین دووەم ئۆکسیدی کاربۆن پێك دەهێنێت و بە گرنگترین گاز دادەنرێت بۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکانی سەر ڕووی زەوی، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەیە بە هەناسەدانی مرۆڤ و زیندەوەران و ڕووەك لەسەر زەوی، چونکە ڕووەك دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژێت ئۆکسجین دەداتەوە بە پێچەوانەوە مرۆڤ زیندەوەرانی تری گۆی زەوی ئۆکسجین هەڵدەمژن و گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەدەنەوە، کەواتە کردارێکی پێچەوانەوە دروست دەبێت بۆیە بۆ پەیدانی بوونی هەناسەدان و ژیان لەسەر زەوی، دەورێکی گرنگ و باڵای هەیە.

٢- بەهەمان شێوەی گازەکانی تری بەرگە هەوا بوونی ڕێژەی کاربۆن بەو شێوەیەی ئێستا دەیسەلمێنێت کە یاسایەکی ڕێك و پێك تایبەت دانراوە بۆ

بەدیهێنانی ژیان لەسەر زەوی، ئەگەر هەر کەم و زۆریەك لەڕێژەی ئەم گازە لەبەرگە هەوادا ڕووبدات ئەوا ژیان توشی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە، ئەگەر ڕەگەزی کاربۆن زۆر بوو لەهەوادا لەم ڕێژەی ئێستای کە هەیە، ئەوا گەرمای زەوی زۆربەرز دەبێتەوە و بەفری بەستەڵەکەکان هەموو ئەتوێتەوە و ئەبێتە هۆی فراوانی ڕووبەرە ئاویەکان ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر گیانداران بەجێ دەهێڵێت لە سەر زەوی، بەهەمان شێوە ئەگەر ڕێژەی کاربۆن لەم ڕێژەی کەئێستا هەیە کەمتر بووایە ئەو کاتە تیشکە زیان بەخشەکان زیاتر زۆری بەمرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکەکان دەگەیەنێت لەسەر زەوی، کەواتە دەردەکەوێت ئەو ڕێژە کەمەیەی کاربۆن لەبەرگە هەوای زەویدا زۆر تەواوی بەجێ یە و کارەکانی زەویش بە باشی ڕێك دەخات بێ ئەوەی توشی هیچ کێشیەك ببێتەوە.

٣- هەموو ڕووەکێ پشت بەکاربۆنی ناو هەوا دەبەستێ و هەڵی دەمژێ، گەڵای ڕووەکەکان وەکو سی یەکان ئەو کارلێکردنە کیمیایی یە دروست دەکەن کە بەکرداری ڕۆشنە پێکهاتن ناسراوە واتە: گەڵاکان لەبەر ڕوناکی خۆردا دووەم ئۆکسیدی کاربۆن پارچە بکەن بۆ کاربۆن و ئۆکسجین، ئۆکسجین دەردەدات و کاربۆن تاقەت دەکات لەگەڵ هایدرۆجین یەك دەگرێ کەڕووەك لەڕەگەکانەوە وەری دەگرێت و شەکر و سلیلۆز و ماددەی کیمیایی تر و میوە و گوڵی لێ دروست دەکات.

ڕووەك ئۆکسجین بەرەڵا دەکات کەناتوانێت لەپێنج خولەك زیاتر پێی بژین، بەم شێوەیە دەبینین تەواوی ڕووەکەکان و دارستانەکان و گژوگیا و قەوزە و هەرچی کشتوکاڵە پێکهاتەی خۆی بەتایبەتی لەئاو و کاربۆن پێك دێنێت.

٤- ڕێژەیەکی زۆری کاربۆن بۆ کەرەستەی عەمبارکراو دەگۆڕێت وەکو (خەڵوز) و (پیرۆڵ) کە لەناو زەوی دا بە عەمبار کراوی دەمێنێتەوە، پاشان دوای دەرهێنانی مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت، سەرباری بڕی ئەو کاربۆنەی لەشێوەی (بەردی کلس)دا عەمباردەبێت.

٥- نایترۆجین خۆراکی سەرەکی ڕووەکە، بێ ئەو ڕووەك ناژی، ئەو گازە بە دوو ڕێگە ڕووەك کەڵکی لێ وەردەگرێ، یەکەم لەڕێگای بەکتریای نایترۆجینەوە دووەم لەڕێگای گرمە و بریسکەی هەواوە کەئۆکسجین و نایترۆجین یەکتری دەگرن وەکو نایترۆجینەکی پێکهاتە لەگەڵ باراندا دەبارێت.

## (١٥- ٦) گازی ئۆزۆن

گازی ئۆزۆن بەگرنگترین بەرگە هەوای گۆی زەوی دادەنرێت کەکاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیان لەسەر ڕووی زەوی, کەنزیکەی لە (٧٠- ٩٠٪) لەچینی ستراتۆسفیر دایە کە بەرزییەکەی زیاترە لەچەند کیلۆمەترێك لەسەر ڕووی زەوی, ڕێژەی گازی ئۆزۆنیش لەبەرگە هەوادا جێگیر نیە بەهۆی دیاردەکانی دروست بوون و شی بوونەوەی ئۆزۆن لەبەرگە هەوادا, ئەم گازەش بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە ئۆکسجین( ئۆ توو) و گەردێکی تری (ئۆ) کەبەم شێوەیە دەنوسرێت:

$O2+ o= o3$

=O2 گازی ئۆکسجین

=O گەردیلە

=O3 گازی ئۆزۆن

## گرنگیەکەی

هەر گازێك لەگازەکانی بەرگە هەوای گۆی زەوی بگریت خاسیەت و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ژیان لەسەر ڕووی زەوی, بەڵام ئەم گرنگیە لەگازێکەوە بۆ گازێکی تر جیاوازە بەپێی گازەکە لەبەرگە هەوادا, گازی ئۆزۆنیش یەکێکە لەو گازە گرنگانەی کە لەبەرگە هەوادا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەورێکی سەرەکی دەبینێت بۆ پاراستنی ژیان لەسەر زەوی کە لەخوارەوە باسی ئەم گرنگیە دەکەین:

١- هەرچەندە ڕێژەی گازی ئۆزۆن لەبەرگە هەوادا کەمە بەڵام بایەخی گرنگی هەیە بۆ ژیان لەسەر هەسارەی زەوی, چونکە وەك فیلتەرێك وایە بۆ پاڵاوتنی تیشکی سەرو وەنەوشەی بە بەرگە گازدا بۆ سەر ڕووە زەوی بەجۆرێك کەژیانی زیندەوەرانی لەسەر ڕووی گۆی زەوی مسۆگەر کردووە.

٢- گازی ئۆزۆنیش هەروەکو هەموو گازەکانی تر ئەم ڕێژەی کەئێستا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەکەم کردن و زیادکردنی زیانی زۆر بەژیانی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت و کاریگەریەکانی بەتەواوەتی دەردەکەوێت لەسەر ژیان.

٣- زیاد کردنی ڕێژەی گازی ئۆزۆن لەبەرگە هەوادا کاریگەری بەرچاوی دەبێت چونکە بەرزبونەوەی ڕێژەی گازی ئۆزۆن ڕێگە دەگرێت لەگەیشتنی تیشکی


سەرووەنەوشەیی بۆ سەر زەوی، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی چەندین نەخۆشی جیاواز کەڕووبەڕووی زیندەوەرانی گۆی زەوی دەبێتەوە وەك دروست نەکردنی ڤیتامین (دی) و وەستانی گەشەی ئێسکی گیانداران و توشبونیان بە ئیفلیجی.

٤- داخورانی گازی ئۆزۆن کەمی لەچینی ستراتۆسفیردا بەهۆی چالاکیەکانی مرۆڤ و ئەمەش دەبێتە هۆی پیس بوونی بەرگە هەوا و زۆربونی ئاوێتەکانی کلۆر و فلۆر لەبەرگە هەوادا، ئەمەش هۆکارە بۆ نەمان یان کەم بوونەوەی بڕێکی زۆر تیشکی سەروەنەوشەیی لەسەر ڕووی زەوی و دیاردەی خۆربردن ڕوودەدات.

٥- بەهۆی نەمانی یان داخورانی گازی ئۆزۆن لەبەرگە هەوادا دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە کەڕووبەڕووی مرۆڤ بووەتەوە لەسەر ڕووی زەوی، چونکە بەرزبونەوەی پلەی گەرما و قەتیس بوونی دەبێتە هۆی توانەوەی بەفر و شاخە سەهۆڵینەکان لەناوچە جەمسەر ساردەکاندا و دروست بوونی چەندین گرفت وەك بەرزبونەوەی ڕێژەی ئاو بەهۆی ئەم توانەوانە.

وێنەی ژمارە (٤)

چینەکانی بەرگەهەوا



# ١٦- شێوەی گۆی زەوی

شێوەی گۆی زەوی بەتەواوی خڕ نیە بەڵکو شێوە هێلکەیەکی وەرگرتووە، خوای گەورەش لەقورئانی پیرۆزدا پێش (١٤٣٤) ساڵ ئاماژەی بەمە کردووە و پشت ڕاستی کردووەتەوە کە لەسورەتی (الانبیاء) لە ئایەتی (٣٠) دەفەرموێ:(ئایا کافرەکان نازانن کەوا ئاسمانەکان و زەوی پارچەیەکی پێکەوە لکاو بوون و لێکمان کردنەوە و هەموو شتێکی زیندومان لەئاو دروست کردووە).

هەروەها تەوەرەی گۆی زەوی بەشێوەیەکی ڕێك نیە بەڵکو تەوەری گۆی زەوی بە (٢٣) پلە لارە لەگەڵ ئاسۆدا، کە ئەم لاریەش گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم هەسارەیە (زەوی)دا لەخوارەوە باسی دەکەین:

## گرنگیەکەی

١- هەردیاردەیەکی سروشتی کەخوای گەورە فەراهەمی هێناوە بۆ ئێمە کار و چالاکی تایبەتی خۆی هەیە و بێ حیکمەتیش دروست نەکراوە کەخوای گەورە وەك موعجیزەیەك نیشانی ئێمەی دەدات بۆ ئەوەی لەپاڵ گرنگی ئەم دیاردەیە بۆ ژیان بیر لەدەسەڵات و توانای خوای گەورە بکەینەوە و بێ وەفا نەبین بەرامبەر نیعمەتە بەهاو گرنگەکانی بۆ گونجاندن و ڕەخساندنی ژیان لەسەر زەوی.

٢- لاری تەوەرەی شێوەی زەوی بەم شێوەیە گرنگی خۆی هەیە چونکە ئەگەر ئەم تەوەرەیە بەم شێوەیە لارنەبووایە ئەوا هەردوو جەمسەرەکە بەشێوەیەکی بەردەوام لەتاریکیدا بوون، واتە جەمسەری باکور و باشور بەردەوام دیاردەی شەو ڕوویدەدا و دیاردەی ڕۆژیش ڕوی نەئەدا، بەمەش تاریکی بەدرێژایی ساڵ باڵی دەکێشا بەسەر ئەم جەمسەرانەدا و ژیان توشی گرفتێکی گەورە دەبوو.

٣- ئەو هەڵمە ئاوەی کە ئیستا بەسەر ڕووی زەویدا بڵاودەبێتەوە، ئەگەر شێوەی زەوی وانەبوایە ئەو کاتە هەردوو جەمسەرەکە (باکور و باشور) ئەو هەڵمەی کە لەدەریا و زەریاکانەوە بەرزدەبونەوە هەمووی لە جەمسەرەکاندا کەڵەکە دەبوون و ناوچەکانی ناوەندی زەوی یان بەجێ دەهێشت و بەمەش کەلێنێکی گەورە دەکەوتە نێو ژیان لەسەر ڕووی زەوی.

٤- گۆڕانکاری تەواو لەژیاندا ڕوو دەدات لەسەر زەوی پاش دابەش بوونی هەڵمەکە بەشێوەیەکی نایەکسان کە لەهەردوو جەمسەرەکەدا کەڵەکە دەبێت و ئەو

کات ڕێژەی باران بارین کەمی دەکرد, چونکە هەڵم هۆکارێکی سەرەکی دابارینی بارانە لەسەر زەوی, بەمەش گۆڕانکاری لەئاووهەوای زەوی بەتەواوی ڕووی دەدا وەك ئەوەی کە لەچاخە جیۆلۆجیە کۆنەکاندا ڕوویداوە, بەمەش زیان بەژیانی زیندەوەرانی سەر زەوی دەکەوت و ئاراستەی ژیانی بۆ بەرەو پێش چوونی نەداو لەناودەبرد.

٥- هەروەها بەهۆی کەمی ڕێژەی باران بارین لەسەر زەوی بەتایبەت لەناوچە کەمەرەییەکان ئەمەش دەبووە هۆی دروست بوونی بیابانیەکی گەرم و ووشك لەم ناوچانەدا, ئەم جیاوازی ئاووهەوایەش لەناوچە جەمسەرییەکانی زەوی و ناوچەکانی هێڵی کەمەرەی زەوی, واتە (نزمی پلەی گەرمی لەجەمسەرەکان بە بەردەوامی و بەرزی پلەی گەرمی بیابانەکان لەناوچەکانی ناوەندی زەوی بەمەش ژیان زۆر ئەستەم و قورس دەبوو.

٦- بەهۆی ئەم کردارانەی کە لەپێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد مەترسی لەناوچوونی ژیان دەهاتەکایەوە لە کاتێکدا بەهۆی ئەم بەستەڵەکانەوە لەجەمسەرەکاندا چەندین گۆماوی خوێی گەورە لەسەر ڕووی زەوی دروست دەبوو, بەمەش دیاردەی بە هەڵم بوون کەمی دەکردو و دواتر دیاردەی کەمی دابارین بەدوادا دەهات کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

## ١٧- دەشتەکان

دەشتەکان بەو ناوچانەی گۆی زەوی دەوترێت کەتەختن و کەمێك لەئاستی ڕووی دەریا بەرزترن و کەمێکیش لەبانەکان نزمترن, ئەم دەشتانە بەچەندین هۆکاری جۆرا و جۆر دروست بوون وەك (داماڵین, ڕووتان)ەوە دەشتەکان بەشێوەیەکی گشتی دەناسرێنەوە بەناوچەیەکی پان و بەرین و تەخت و بەرزایی تێدا کەمە, بەگرنگترین ناوچەش دادەنرێت بۆ مرۆڤ لەڕووی سودی ئابوری و نیشتەجێ بوون کەدواتر باسی دەکەین, گرنگترین دەشتەکانیش وەك دەشتی پەمپاس لەئەرجەنتین کە بەگرنگترین ناوچە دادەنرێت لەو وڵاتەدا بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ.

## گرنگیەکەی

١- دەشتەکان بەگرنگترین ناوچە دادەنرێن بۆ پەیوەندی کردن و گواستنەوە, چونکە دەشتەکان چەندین هۆکاری هەیە کە مرۆڤ پێویستیەتی بۆ ئەوەی بەئاسانی کارەکانی تێدا بەئەنجام بگەیەنێت, وەك ئاسانی گواستنەوە ئەویش بەوەی کە لەماوەیەکی کەم و بڕە پارەیەکی کەم لەبەرامبەر شوێنەکانی تری ڕووی زەوی وەك (بان, دۆڵ, چیا) دەتوانرێت ئەو گواستنەوەیە ئەنجام بدرێت, کەئەمەش بەخاڵێکی گرنگی دامەزراندنی پیشەسازی و کانزاکاری و ... هتد ئەژماردەکرێ.

٢- هەروەها ناوچە دەشتاییەکان بەگرنگترین ناوچە دادەنرێت بۆ نیشتەجێ بوون و دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ, لەبەرئەوە بەئاسانترین و کەمترین نرخی تێچوون ئەم یەکە نیشتەجێ بونانە دروست دەکرێت, کە بەگرنگترین خاڵ دادەنرێت لەژیانی مرۆڤدا و وای کردووە کەمرۆڤ لە شوێنێکدا نیشتەجێ ببێت و ژیانی تێدا بەردەوام بەسەر بەرێت و لەکۆچی بەردەوام بەدووری بێت.

٣- دەشتەکان بەشێوەیەکی گشتی گرنگی زۆری هەیە بۆئاژەڵەکان، چونکە بەمەڵبەندی لەوەڕگا دادەنرێت لەهەندێ وڵاتدا کە بەهۆیەوە ئاژەڵەکانی تێدا بەخێو دەکەن وەك دەشتی پەمپاس لەئەرجەنتین لەکیشوەری ئەمریکای باشوور کە بەگرنگترین دەشت دادەنرێت لەجیهاندا بۆ لەوەڕای ئاژەڵەکان، کەچەندین جۆری ئاژەڵی تێدا بەخێودەکرێت و سودی لێ وەردەگیرێت بۆ گۆشتەکەی و شیرەکەی کەدواتر ئەمانەن دەچنە پیشەسازییە جۆراو جۆرەکانەوە، کەواتە دەشتەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر مرۆڤ و چالاکیەکان کە دەتوانن سوودی تەواوی لێ وەربگرن بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیان.

٤- هەروەها دەشتەکان گرنی و بایەخی زۆری هەیە بۆ گواستنەوە, چونکە دروستکردنی ڕێگاکان لەم ناوچانەدا هیچ کێشەیەکی وا نایەتە ڕێی کە شایانی باسکردن بێت لەبەرامبەر شوێنەکانی تری ڕووی زەوی (دۆڵ،چیا،بان)، بۆیە بەئاسانی ڕێگاکانی گواستنەوە لەناوچە دەشتەکاندا دروست دەکرێت و هیچ گرفتێکی بەرزونزمی توش نابێت کەهەر بەرزییەك دەبێتە هۆی گرفت لەدروست کردنی ڕێگای گواستنەوەو نرخێکی زیاتریشی دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوە لەم ناوچانەدا ئاسانە چونکە تەختە یان بەرینن هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن بەئاسانی دەگەیەنرێت بەیەك لەم ناوچانەدا، کەواتە دەشتەکان هۆکارێکن بۆ

ئاسانکردنی پەیوەندی کردن و گواستنەوە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کە هۆکارە بۆ بوونی پەیوەندی کردنی دانیشتوان لەم ناوچانەدا وەك ناوچەکانی دەشتی نیشتەنی لەعێراق هەروەها ناوچەکانی دەشتی شارەزوور لەهەرێمی کوردستان.

٥- کشتوکاڵ بەپیشەیەکی باو کۆن دادەنرێت لەژیانی مرۆڤدا کەهەر لەسەرەتای دەست پێکردنی ژیانەوە کشتوکاڵ کردن دروست بووە ئەم کشتوکاڵ کردنەش زۆربەی لەناوچە دەشتایەکاندا بووە کەچەندین جۆری کشتوکاڵی لەخۆ گرتووە، چونکە دەشتاییەکان بەناوچەیەکی بەپیت و تەخت و ئاسان دادەنرێت بۆ کشتوکاڵ کردن، هەروەها ئامێرەکانی کێڵان و دوورینەوە و هەروەها ئاودانی کشتوکاڵ گرانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کشتوکاڵ کردن لەناوچەکانی تری ڕووی زەوی بەتایبەت لاپاڵە لێژەکان کەتوشی چەندین گرفتی کشتوکاڵی دەبێتەوە کەلە ناوچە دەشتەکاندا بەدی ناکرێت وەك داڕووتان و نەمانی زەوی و داشۆرین لەو ناوچانەدا کە بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەن، بەڵام ناوچە دەشتەکان بەپێچەوانەوە بەگرنگترین ناوچەی کشتوکاڵکردن دادەنرێت وەك دەشتی نیل لەمیصر.

٦- هەروەها دەشتەکان دەورو ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەدامەزراندنی پیشەسازیدا، چونکە پیشەسازی لەکاتی دامەزراندنیدا پێویستی بەزەوییەکی تەخت و پان وبەرین هەیە بۆ ئەوەی پیشەسازیەکەی لەسەر دابمەزرێنێت، هەر بۆیە زەوی بەبنەمایەکی گرنگی دامەزراندنی پیشەسازی دادەنرێت لەهەر ناوچەیەکدا بێت، بۆیە پیشەسازیەکان لەو ناوچە دادەمەزرێت کە ڕووبەری زەوی تەختی زۆرە بۆ ئاسانی ئامێرەکانی پیشەسازی و هۆیەکانی گواستنەوەو پەیوەندی کردنی تێدا ئاسانە، دەشتایەکان گرنگن بۆ گواستنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان لەشوێنی پیشەسازیەکەوە بۆ بازار، بەهۆی ئاسانی گواستنەوەو پەیوەندی کردن، کەواتە دەردەکەوێت دەشتەکان خاڵی بەهێزو گرنگن لەدروست کردن و بونیادنانی پیشەسازیەکاندا، بەجۆرێك ئەگەر ناوچە تەختایەکان نەبن ئەوا دامەزراوەی پیشەسازی ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبێتەو کە ناتوانرێت بەئاسانی چارەسەر بکرێت، بەڵکو پێویستی بەبڕێکی زۆر پارە هەیە بۆ ئەوەی ئەو پیشەسازیانە دابمەزرێت وەك دامەزراندنی پیشەسازی لەناوچەی شارەزوور ئاسانترە وەك لەناوچەی هەورامان.

کەواتە دەشتەکان بەگرنگترین ڕواڵەتی سروشتی دادەنرێت کەکاریگەری

ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیان و مرۆڤ و چالاکیە جۆر بەجۆرەکانی، چونکە دەتوانیٚ بەئاسانی هەموو چالاکیەکانی تیٚدا ئەنجام بدات کەسەرچاوەن بۆ دەسکەوتنی داهاتیٚکی زۆر.

٧- هەروەها دەشتەکان لەڕووی ئاووهەواشەوە گونجاوە بۆ نیشتەجیٚبونی مرۆڤ، چونکە پلەی گەرمی زۆر دانابەزیٚت و ڕیٚژەی بەفربارین و باران بارین وەك ناوچە شاخاوییەکان نیە ڕیٚگە لەچالاکیەکان بگریٚت کە زۆربەی کاتەکانی ساڵ بەبەفر داپۆشراوەو پلەی گەرمیشی دادەبەزیٚت بۆ ژیٚر سفرو چالاکیەکان تیٚدا دەوەستیٚت، بەلاٚم ناوچە دەشتایەکان گونجاو لەبارە بۆ نیشتەجیٚبوون و چالاکیەکان بەپیٚچەوانەی ناوچە چیاییەکانەوە وەك ناوچە چیاییەکانی ئەفغانستان کە چالاکی مرۆی تیٚدا زۆر کەمە بەهۆی سەختی و نزمی پلەی گەرمیەوە، بەلاٚم ئەمە بەپیٚچەوانەوە لەدەشتەکانی میصرو سودان کەچالاکی مرۆڤ و نیشتەجیٚبوونی ئاسانە لەچاو ناوچە چیاکان.

٨- ناوچەی دەشتای لەهەر شویٚنیٚك و لەهەر ووڵاتیٚکدابیٚت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە, بەلاٚم ئەم گرنگیە جیاوازە لەوڵاتیٚك بۆ وڵاتیٚکی تر بەهۆی پلان و ستراتیجی وڵاتەکە, بۆیە چەندین وڵات هەیە لەڕیٚگەی ئەم دەشتانەوە لایەنی ئابوری خۆی پیٚ بەهیٚز کردووە بەدانانی پلان و ڕیٚك خستنی ناوچەکە بۆ کشتوکاڵ کردن و دامەزراندنی پیشەسازی لەسەری, چونکە ئەم ناوچانە دروست کردنی یەکەی نیشتەجیٚ بوون یان دامەزراندی پیشەسازی کەمی تیٚ دەچیٚت لەبەرامبەر ناوچەکانی تری ڕووی زەوی, کەواتە دەشتەکان ناوچەیەکی گرن بەهان بەرهەمی دەوڵەتیٚك بکەن و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر سەرجەم چالاکیە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ.

خشتەی ژمارە (٥)

جۆری دەشتەکان و تایبەتمەندییەکانیان

| جۆری دەشتەکان | هۆی دروست بونیان | نموونە | گرنگیەکەی |
|---|---|---|---|
| ڕماڵراوەکان | بەهۆی کردارەکانی ڕماڵین یان داماڵین دروست دەبن کە ڕوبەڕوی ئەم چیایانە بونەتەوە و دەبنە هۆی لابردنی لوتکەکەیان یان نزم بونەوەیان | دەشتی کردڤان لە سودان | ١- ناوچەیەکی گرنگی نیشتەجیٚ بونن.<br>٢- گونجاوە بۆ چالاکی پیشەسازی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نیشتەنیەکان | بەهۆی نیشتەنی ڕوبارەوە دروست دەبێت | دەشتی ڕوباری نیل | ٣- گونجاوە بۆ چالاکی کشتوکاڵی. |
| کەناریەکان | لە کەناری کیشوەرەکاندا دروست دەبن لە ئەنجامی نیشتەنیەکی زۆری دەریا و زەریاکان لەو شوێنانەی کە ناوەکانیان تەنکە. | دەشتەکەناریەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور | ٤- گونجاوە بۆ ئاژەڵداری.<br>٥- گونجاوە بۆ گواستنەوە.<br>٦- گونجاوە بۆ کانزاکاری و چالاکیە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژانە. |

**وێنەی ژمارە (٥)**

**ناوچەی دەشتایی**



## ١٨- جیمۆرفۆلۆجی

ووشەیەکی یۆنانیە و لەسێ بەش پێکهاتووە (جیۆ) واتە زەوی (مۆرفۆ) واتە شێوە (لۆجی) واتە زانست بەهەرسێکیانەوە واتە زانستی شێوەکانی زەوی, کەواتە ئەم زانستە بریتیە لەزانستی شێوەکانی سەر ڕووی زەوی, بۆیە بەشێوەیەکی گشتی وەصفی شێوەکان و ڕووخساری سەر زەوی دەکات لەڕووی بەرز و نزمی و بنچینەی دورست بونیان, هەربۆیە هەوڵ دەدات شێوەکانی سەر ڕووی زەوی ڕوون بکاتەوە و کۆییان بکاتەوە لەهەرێمێکی دیاری کراوی زەویدا باسیان بکات و پرۆسەکانیش بەتەواوی ڕوون بکاتەوە.

## گرنگیەکەی

١- وەك لە پێناسەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە, جیمۆرفۆلۆجیا هەوڵ دەدات شێوەکانی سەر ڕووی زەوی بناسێت و وەصفێکی تەواوی ڕوخسار و پێکهاتنیان بکات لەسەر زەوی, کەواتە دەردەکەوێت زانستی جیمۆرفۆلۆجیا بایەخێکی گرنگ و تەواو دەدات بەو شێوانەی کە لەسەر ڕووی زەوی هەیە, وەك (بان, دەشت, دۆڵ, چیا).

٢- هەروەها کاریگەری پرۆسە جیمۆرفۆلۆجیەکان وەك (ڕامالین, کەشکاری, داماڵین) ڕوون دەکاتەوە لەسەر شێوەکانی ڕوی زەوی لەڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەمرۆڤ و گیاندارانی تر لەسەر ڕووی زەوی, هەروەها کاریگەری کەشکاری فیزیایی و کیمیایش لەسەر ئەم دیاردانە بەتەواوی ڕون دەکاتەوە.

٣- جیمۆرفۆلۆجی پەیوەندیەکی بەهێزی بەجیۆلۆجیاوە هەیە, چونکە زانستی جیمۆرفۆلۆجیا گرنگی تەواو دەدات بەدیاردە جیۆلۆجیەکان و لێی دەکۆڵێتەوە و شی دەکاتەوە, هەربۆیە دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بەیەکەوە وەك پەیوەندی نێوان چینە بەردەکان و پرۆسەکانی (ڕامالین, کەشکاری), ئەم نمونە دەیسەلمێنێت کەپەیوەندی هەیە لەنێوان ئەم دوو زانستەدا.


٤- زانستی جیمۆرفۆلۆجیا لقێکی ئاسان نی یە لەجوگرافیادا, بەڵکو لقێکی سەرەکی جوگرافیایە, چونکە هەموو دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەچالاکی یەکانی مرۆڤەوە.

٥- زانستی جیمۆرفۆلۆجیا گرنگی دەدات بەدیاردە بچوك و گەورەکان سەر ڕووی زەوی، وەك کیشوەرەکان و ئاوەزێڵەکان و کەنارەکان .... هتد، ئامانجی ئەم زانستە تێگەیشتنە لەبوون و سەرهەڵدانی ئەم شێوانەی زەوی، هەروەها گرنگی دەدات بەسەرهەڵدان و گۆڕانکاریەکانی سەر ڕووی زەوی.

٦- پرۆسە جیمۆرفۆلۆجیەکان شوێنەوار و کاریگەریەکی ڕونیان هەیە لەسەر ڕووی گۆی زەوی و هەر پرۆسەیەکیش شێوەیەکی دیاری کراوی تایبەتی خۆی هەیە کەدەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەم پرۆسە خۆی کە شێوەکەی دیاری دەکات و دەری دەخات، بۆ نمونە دەشتی لافاوکردەکان و دەلتای ڕوبارەکان و پلیکانە ڕوبارەکان و دورگە ڕوبارییەکان، ئەمانە هەموویان بەهۆی ئاوی ڕووبارەکانەوە دروست دەبێت، هەروەها تۆپەڵە لمیەکان بەهۆی باوە پەیدادەبێت، هەر دوو نمونەکە ڕوونی دەبێتەوە کەهەر شێوەیەك لەشێوەکانی سەر ڕووی زەوی بەهۆی پرۆسەیەك یان هۆکارێك سەرهەڵدەدات.

وێنەی ژمارە (٦)

دیمەنێکی جیمۆرفۆلۆجی



## ١٩- که‌ش و ئاووهه‌وا

که‌ش و ئاووهه‌وا به‌دوو دیارده‌ی گرنگی جوگرافیای سروشتی داده‌نرێت, به‌شێوه‌یه‌کی ڕاسته‌وخۆ و توندوتۆڵ په‌یوه‌ندییان هه‌یه به‌یه‌که‌وه, چونکه هه‌ردووکیان له‌چه‌ندین ڕه‌گه‌زی هاوبه‌ش ده‌کۆڵنه‌وه, وه‌ك (پله‌ی گه‌رمی, په‌ستان, با, شێ, به‌هه‌ڵم بوون, باران), که‌په‌یوه‌ندی ڕاسته‌وخۆیان هه‌یه به‌ژیانی مرۆڤ و کاریگه‌رییه‌که‌یان به‌رده‌وام ده‌بێت, ئه‌م دوو زاراوه‌یه (که‌ش و ئاووهه‌وا) به‌شێکن له‌زانستی (میترۆلۆجیا) و ئه‌م زاراوه‌ش له‌دوو به‌ش پێکهاتووه‌و ماناکه‌شی واته (زانستی دیارده به‌رزه‌کان) که به‌هه‌مان شێوه‌ی که‌ش و ئاووهه‌وا باسی ئه‌و دیاردانه ده‌کات له‌چینی هه‌وای نزیك ڕووی زه‌ویدا ڕووده‌ده‌ن, به‌پێی بیروڕای زۆربه‌ی پسپۆڕانی ئه‌م بواره ده‌ڵێن زانسته‌کانی که‌ش و ئاووهه‌وا به‌شێکه له‌زانستی میترۆلۆجیا که‌به‌هه‌مان شێوه له هه‌مان دیارده‌کانی ئه‌تمۆسفێر ده‌کۆڵێته‌وه, هه‌روه‌ها ئه‌م دوو زانسته (که‌ش و ئاووهه‌وا) له‌ڕه‌گه‌زه‌کانیان ده‌کۆڵنه‌وه له‌چینی ترۆبۆسفێردا, سه‌ره‌ڕای په‌یوه‌ندی توندو تۆڵ له‌نێوان زانستی که‌ش و ئاووهه‌وادا چه‌ندین جیاوازی گرنگیش هه‌یه له‌نێوان ئه‌م دوو زانسته بۆ جیاکردنه‌وه‌یان له‌یه‌کتری و ناساندنی هه‌ریه‌که‌یان وه‌ك زانستێکی سه‌ربه‌خۆ که‌له‌دواتردا به‌درێژی باسی له‌هه‌ر یه‌که‌یان ده‌که‌ین.

### أ- که‌ش

وه‌ك ئاماژه‌مان بۆ کرد که‌ش یه‌کێکه له لقه‌کانی جوگرافیای سروشتی, که له‌ڕه‌گه‌زه سه‌ره‌کیه‌کانی که‌ش ده‌کۆڵێته‌وه‌و له‌ناو به‌رگه هه‌وای نزیك ڕووی زه‌وی که‌بریتیه له‌ڕه‌گه‌زه‌کانی وه‌ك (پله‌ی گه‌رمی, په‌ستان, با, شێ, به‌هه‌ڵم بوون, باران) له‌ماوه‌یه‌کی کورتدا که‌کاتژمێرێك یان چه‌ند کاتژمێرێك یان ڕۆژێك یان چه‌ند ڕۆژێك یان سێ ڕۆژ یان هه‌فته‌یه‌ك, چونکه که‌ش به‌گوێره‌ی کاته‌کانی ده‌گۆڕێت جا بڕی ئه‌و گۆڕانه هه‌رچه‌ندێك بێت, هه‌ربۆیه ئه‌و کاتانه‌ی که‌که‌شیه‌کان تێدا ده‌گۆڕێت و به‌دوایه‌کدا دێت زۆرکورتن.

### ب- ئاووهه‌وا

زانستی ئاووهه‌وا یه‌کێکه له‌زانسته گرنگ و بایه‌خداره‌کانی که‌کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر سه‌رجه‌م چالاکیه‌کانی مرۆڤ له‌سه‌ر ڕووی زه‌وی, ئه‌م زانسته‌ش باس له‌هه‌مان ڕه‌گه‌زه‌کانی زانستی که‌ش ده‌کات وه‌ك (پله‌ی گه‌رمی, په‌ستان, با, شێ,

به‌هه‌لم بوون، باران) بۆ ماوه‌یه‌کی درێژی که‌زیاتره له (٣٠) سالْ، که‌واته زانستی ئاووهه‌وا ئه‌و په‌یوه‌ندییانه ده‌رده‌خات که له‌نێوان دیارده‌کانی که‌ش و ڕووه وشکانیه‌که‌ی زه‌وی و ڕووه ئاوییه‌کانیدا (ده‌ریا و زه‌ریا و ڕووباره‌کان .... هتد).

خشته‌ی ژماره (٦)

جیاوازی که‌ش و ئاووهه‌وا

| که‌ش | ئاووهه‌وا |
|---|---|
| ١- ڕه‌گه‌زه‌کانی که‌ش ڕوون ده‌کاته‌وه له ماوه‌یه‌کی کورتدا بۆ کاتژمێرێك یان چه‌ند کاتژمێرێك یان ڕۆژێك یان چه‌ند ڕۆژێك. | ١- ڕه‌گه‌زه‌کانی ئاووهه‌وا ڕوون ده‌کاته‌وه له ماوه‌یه‌کی درێژدا وده‌گاته نزیکه‌ی (٣٠) سالْ. |
| ٢- ڕه‌گه‌زه‌کانی که‌ش له ناوچه‌یه‌کی بچوکی سه‌ر ڕووی زه‌وی ڕوون ده‌کاته‌وه. | ٢- ڕه‌گه‌زه‌کانی ئاووهه‌وا ناوچه‌یه‌کی فراوانی سه‌ر ڕووی زه‌وی ده‌گرێته‌وه. |
| ٣- که‌ش دیارده‌کانی گۆڕانکاری خێرایه به‌سه‌ردا دێت و به‌رده‌وامیش له گۆڕاندایه. | ٣- به‌لاّم زانستی ئاووهه‌وا گۆڕانکاری که‌می به‌سه‌ردا دێت و زیاتر سه‌قامگیره. |
| ٤- که‌ش زیاتر گه‌شتیاران پشتی پێ ده‌به‌ستن چونکه بۆ ماوه‌یه‌کی که‌مه. | ٤- به‌لاّم ئاووهه‌وا بۆ ئه‌وانه به‌کاردێت که بۆ کۆچه‌ران بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌و شوێنانه‌ی که ده‌یانه‌وێت کۆچی بۆ بکه‌ن. |

## کاریگه‌ری و گرنگی که‌ش و ئاووهه‌وا

١- ئاووهه‌وا گرنگی و بایه‌خی خۆی هه‌یه له‌سه‌ر کشتوکالْ، بۆیه به شێوه‌یه‌کی گشتی ئاووهه‌وا جۆری ڕووه‌که‌کان دیاری ده‌کات که گه‌شه ده‌کات له هه‌رێمێکدا له جیهاندا، وه گرنگترین هۆکاره‌کانی که‌ش و ئاووهه‌وا که کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر ڕووه‌ك بریتییه له (پله‌ی گه‌رمی و باران)، گه‌رما هۆکارێکه بۆ دابه‌ش بوونی ڕووه‌که‌کان و دیاریان ده‌کات، بۆ نمونه ڕوناکی و هه‌وا ده‌بێته هۆی زیادبوونی ڕووه‌ك بۆ ئاو، تێبینی ئه‌وه ده‌که‌ین که‌هه‌ر به‌روبومێك که‌مرۆڤ هه‌ڵده‌سێت به‌چاندنی پێویستی به‌پله‌ی گه‌رمی دیاری کراو هه‌یه، وه ڕێژه‌یه‌ك له‌باران یان

ئاودێری گونجاو, بۆ نمونە گەنم بەرگەی گەرمای نزم لەنێوان (صفر- ٥) پلەی ژێر سفری سەدی, هەتا تێکڕای پلەی گەرمی نێوان (٢٥- ٣١)دەگرێت. بەڵام سنوری ئەو پەڕی بۆ بەرهەم هێنانی گەرمیەکەی دەگاتە نێوان (٣٢- ٣٧) پلەی سەدی, بەڵام سەبارت بەکاڵەك کە بەروبومێکی هاوینە دەردەکەوێت لەنزمترین پلەی گەرمی نێوان (١٥- ١٨) پلەی سەدی, وە ناوەندی نێوان (٣١- ٣٧) پلەی سەدی, بەڵام بەرزترین پلەی گەرمای دەگاتە نێوان (٤٤- ٥٠)پلەی سەدی, لەگەڵ ئەوەشدا لۆکە لەو شوێنانە گەشە ناکات کەهەرێمەکانی ساردو مامناوەندە, یان کشتوکاڵی خورماو مۆز لەهەرێمی ئاووهەوای سارد و مامناوەندا گەشە ناکەن, هەروەها کاریگەری بارودۆخی ئاووهەوا دەردەکەوێت لەسەر خێرایی گەشەی ڕووەك, بۆ نمونە هەندێك بەروبومی کشتوکاڵی هەیە وەك گەنم پێویستی بە (٩٠) ڕۆژ هەیە بۆ گەشە لەم ماوەیەدا دەبێت پلەی گەرمی بەرزبێت و ماوەی دەرکەوتنی تیشکی خۆریش زۆربێت بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بەرووبومەکە بەرهەم دێت, ئەگەر وانەبوو ئەوا توشی نەخۆشی و دواکەوتنی گەشە و لەناوچون دەبێتەوە.

٢- ئاوهەوا کاریگەری هەیە لەسەر گەیاندن بە هەمو جۆرەکانیەوە, هیچ گومانی تێدانیە بەیەکێك لەهۆکارە سروشتیە گرنگەکان دادەنرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر هەموو جۆرەکانی گواستنەوە چ گواستنەوەی دەریای یان هەوای یان ووشکانی بێت, بۆ پاراستنی گەشتیە ئاسمانیەکان لەڕێگەی فڕۆکەوە پێویستە شارەزایمان هەبێت لەسەر باری کەش و ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەریدا دێت لەکاتی ئەنجام دانی گەشتە ئاسمانیەکان, بەتایبەت زانینی بارودۆخی کەش لەچینە بەرزەکانی هەوادا, هەروەها پێش بینی کردن بۆ کەش بۆ داهاتوو لە وێستگەکانی کەشی ناسی لەسەر ڕووی زەوی, ئەمەش بۆ پاراستن و سەلامەتی فڕۆکەکان لەتەم و شەپۆلەکانی بەفرو باران و با, هەروەها بۆ پاراستنی لەخۆڵ باراین و بەمەش بینیین کەم دەبێتەوەو کاریگەری دەبێت لەسەر گەشتە هەواییەکان.

هەروەها پێویستە لەسەر گەشتە دەریاییەکان زانیاری تەواویان هەبێت لەسەر ئاراستەی باو خێراییەکەی و بارستە هەواییەکان کەڕوو دەدەن لەسەر درێژای هێڵی گەشتە دەریاییەکان, هەروەها زانینی ڕوودانی گەردەلول و دابەزینی هەواو تێ پەڕینی تۆپەڵە هەوا جیاوازەکان و ڕادەی بەرزبونەوەی شەپۆلەکان بۆ کەم کردنەوەی مەترسی و دابین کردنی سەلامەتی کەشتیەکان لەئەگەر ڕوودانی

گەردەلول و بەرزبونەوەی شەپۆلەکانی دەریا کەشتیەکان دەچنە مینە بۆ پاراستنیان لەو ڕووداوانە, هەروەك پاراستنی کەشتیەکان لە زەریاکانی جەمسەرەکاندا کاتێك کەڕوبەڕوی ئاوە بەستووەکان دەبنەوە, وەك بەستنی ڕووباری (سانت لۆرەنس) کەدەبێتە هۆی پەککەوتنی گەشتەکان لەم ڕووبارەدا.

بەلاٌم سەبارەت بەگواستنەوەی وشکانی بەهەمان شێوەی تری گواستنەوەکانی پێشتر کاریگەری تەواو و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەری, لەگەڵ گۆڕانکاری کەشیەکان وەك هەڵکردنی بای خۆڵاوی لەسەر درێژایی ڕێگای ووشکانی و ئاسن کەتێ دەپەڕێت بەبیاباندا و دەبێتە هۆی کەم بونەوەی بینین و زۆربونی ڕووداوە نەخوازراوەکان, هەروەها ڕێژەی کارەسات و ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل بەرزدەبێتەوە کاتێك کەتەم زۆردەبێت و بەمەش ماوەی بینین کەم دەبێت و ئەم دیارادانە دروست دەبن, یان زۆرجار ڕێگا شاخاوییەکان لەهەندێ وڵاتدا دادەخرێت بەهۆی دابارینی ڕێژەیەکی زۆری بەفر, لەگەڵ ئەوەشدا زۆری بڕی باران بەهەمان شێوە کاریگەری هەیە ڕێگای وشکانی و دەبێتە هۆی پەك خستن و داخزینی بەشێکی زۆر بەتایبەت لەناوچە شاخاوییەکاندا وەك لەکوردستاندا بەدی کراوە بەتایبەت لەوەرزی زستاندا, گەورەترین داڕووخانی زەوی و شەق بردنی لەیەکێك لەدوورگەکانی فلیپین لەڕۆژی ١٨/ ٢/ ٢٠٠٦دا بوو هۆکارەکەشی زۆری باران بوو کەبووە هۆی داپۆشینی گوندێك بەتەواوی لەناوچوونی نزیکەی (٣٠٠٠) کەس.

٣- خاڵێکی تری گرنگی ئاووهەوا ئەوەیە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەو سەوزبوونی درەختەکان بەتایبەت ڕووەکی سروشتی, جۆراوجۆری ڕووەکی سروشتی بەندە بەجۆری ئاووهەوای باوی کەلەهەر ناوچەیەك لەناوچەکانی سەر ڕووی گۆی زەویدا, واتە جۆری ئاووهەوا جۆری ئەو ڕووەکانە دیاری دەکات لەو ناوچانەدا, بۆ پشتێنەی دارستانی کەمەرەیی بەتایبەت لەحەوزی ئەمازۆن لەبەرازیل کە بەدارستانی چڕو پڕو بەرز ناسراون و هەندێ داری هەیە بەرزیی تێدایە دەگاتە نزیکەی (٧٥) مەتر بەهۆی بوونی بارانی بەردەوام و زۆر و تیشکی خۆر کەڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ئەم دارستانانە بۆ گەشەیان, هەربۆیە بەدرێژای ساڵ بەسەوزی دەمێنێتەوە, ئەم دارستانانە ناسراون بەخێرای گەشەکردنیان و نزیکی دارەکانیان لەیەکتریەوە.

بەلاٌم لەناوچە ساردو مامناوەندە ساردەکاندا چڕی ڕووەکی سروشتی کاریگەرە بەپلەی گەرمی و هەوا, هەربۆیە کاتێك ناوەندی پلەی گەرمی مانگانە

دادەبەزێت بۆ ژێر پلەی سفری سەدی, لەبەرئەوەیە ئەم پلەی گەرمیە گونجاونیە بۆ گەشەی ڕووەك, چونکە ڕووەکی سروشتی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە کاریگەری ژێر دوو ڕەگەزی سەرەکی ئاووهەوا و ئەوانیش بارانی ڕۆژانە و جیاوازی پلەی گەرمی, هەربۆیە نزمی پلەی گەرمی لە ناوچە ساردو مام ناوەندەکاندا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گەشەی ڕووەك و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لەگەشەی دەیوەستێنێت, کەواتە دەردەکەوێت هەر ڕووەکێکی سروشتی بارودۆخی ئاووهەوای تایبەتی هەیە بۆ گەشەی ڕووەکی, ئەم بارودۆخەش لەژینگەیەکی دیاری کراو یان کاتێکی دیاری کراوی ساڵدا دەبێت, لەنمونەی ئەمەش ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست کەئەم ئاووهەوایە وای کردووە دارەکانیان چەندین خاسیەت و ڕەگەزی جیاوازیان هەبێت و جیابکرێتەوە دارەکانی تری هەرێمە ئاووهەوایەکانی تری ناوچەکانی دەوروبەری لەو خاسیەتانەش (درێژی ڕەگەکانیان, گەڵایی مۆمی یان دڕکاوی .... هتد) یان درەختە ڕێگرەکان لەدارستانی کەمەرەیی بەهۆی دەست کەوتنی بڕێکی گەورە لەتیشکی خۆر.

٤- هەروەها کاریگەری و گرنگی ئاووهەوا بە شێوەیەکی ئاشکرا لەسەر ژیانی ئاژەڵان و باڵندەکان و ڕەنگی داوەتەوە, بەجۆرێك جیاوازی جۆراوجۆری ئاژەڵەکان و دابەش بونیان لەسەر ڕووی زەوی بەستراوە بەجیاوازی ئاوهەواوە جائەم کاریگەری و جیاوازییەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بێت هەربۆیە هەرجۆرە ئاوهەوایەك ئاژەڵ و باڵندەی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها ئاوهەوا کاریگەری هەیە لەسەر ئاژەڵەکان و وایان لێ دەکات کە لەناوچەیەکەوە کۆچ بکەن بۆ ناوچەیەکی تر بۆ خۆگونجان لەگەڵ ئاوهەواکەیدا وەك کۆچکردنی باڵندەکان و ئاسکی ڕەنەو کاریبۆ لەناوچە ساردەکان بۆ ناوچە ناوەندەکان لەماوەی ساڵێکدا وەهەروەها کۆچکردنی ئاسکی نەوی ئەفریقی کە لەژێر دەسەڵاتی ئەفریقادا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر.

٥- ئاووهەوا کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر خاك بەتایبەت هەردوو ڕەگەزی ( پلەی گەرمی وباران ) کە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر خاك جێ دەهێڵێت، بەجۆرێك بەبێ ئەم دوو جۆرە ڕەگەزەی خاك نەگەشە دەکات و نەدروست دەبێت، پێشکەوتنی خاك و گەشەسەندنی پێویستی بەماوەیەکی درێژ هەیە لە نێوان (٤٠-١٠٠) ساڵ، هەتا پۆلێن دەکرێت بەخاکێکی پێگەیشتوو، لەبەرئەوە هۆکارەکانی کەش و ئاووهەوا بەرپرسە لەکەرەستەی ئەندامیەکان لەخاکدا، لەکاتێکدا

وه‌ستانی کرداری پاڵاوتنی خاك به‌کالیسیۆم له‌سه‌ر پله‌ی گه‌رمی و ڕێژه‌ی باران وه‌ستاوه، هه‌روه‌ها ئاووهه‌وا به‌ڕێژه‌یه‌کی زۆر هۆکار بۆ چالاك بوونی به‌کتریا له‌خاکدا وه‌ك وڵاتی ئه‌رده‌ن که‌خاکه‌که‌ی کۆبووه‌ته‌وه له‌به‌رزاییه‌کان و بیابانه‌کاندا ده‌رده‌که‌وێت و خاکه‌که‌ی به‌شێوه‌یه‌کی پله پله، له‌خاکی ده‌ریای ناوه‌ڕاستی سوور بۆ خاکی ده‌ریای ناوه‌ڕاستی زه‌رد پاشان بۆ خاکی زه‌رد له‌هامشی بیابانی (ناوچه‌ی گواستراوه له نێوان به‌رزاییه‌کان وبیابانه‌کاندا)، پاشان خاکی لمی بیابان له هه‌رێمی بیابانی، له‌ده‌رئه‌نجامی پله‌پله‌ی ڕێژه‌ی باران و ڕووه‌کی سروشتی.

٦- با به‌هۆی ئه‌و سیفه‌تانه‌ی که‌هه‌یه‌تی وه‌ك خێرایی و شێ و ڕێژه‌ی و پله‌ی گه‌رماوه کاریگه‌ری گه‌وره‌ی هه‌یه له‌سه‌ر کشتوکاڵ بۆ نمونه بای سمومی گه‌رم که هه‌ڵده‌کاته سه‌ر باشوری عێراق له‌وه‌رزی هاویندا، به‌مه‌ش ڕووه‌که‌کانی توشی زیانی زۆر ده‌بن و هه‌ندێك جار به‌ره‌و له‌ناوچون ده‌چن بۆیه ئه‌م کاریگه‌ریه له‌سه‌ر به‌روبومی برنج ده‌رده‌که‌وێت، به‌هۆی تیشکی خۆریشه‌وه جیاوازی هه‌یه له‌به‌روبوومی کشتوکاڵدا له‌شوێنێکیه‌وه بۆ شوێنێکی تر، ئه‌و تیشکه ده‌گاته ناوچه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ ناوچه‌یه‌کی تردا جیاوازه ئه‌مه له‌لایه‌که‌وه، له‌لایه‌کی تریشه‌وه ئه‌وه‌ی که‌ڕووه‌که‌که پێویستێتی به‌گوێره‌ی جۆری ڕووه‌که‌که ده‌گۆڕێت، هه‌ندێکیان بۆ ئه‌وه‌ی گوڵ بکات پێویستی به‌وه هه‌یه که ڕۆژ کورت بێت وه‌ك (توتن) له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌ناوچه خولگه‌ییه‌کاندا سه‌رکه‌وتوو نابێت چونکه ڕۆژ درێژه له‌ناوچانه‌دا، وه هه‌روه‌ها هه‌ندێ کشتوکاڵ هه‌یه پێویستی که‌میان به‌تیشکی خۆره وه‌ك چاو کاکاو قاوه که‌زیاتر له‌سێبه‌ردا ده‌چێنرێت بۆ ئه‌وه‌ی له‌تیشکی خۆر بپارێزرێت.

٧- ئاووهه‌وا له‌سه‌رده‌مه‌کانی پێشوودا کاریگه‌ری زۆری هه‌بووه له‌سه‌ر پیشه‌سازیه‌کان, به‌تایبه‌ت له‌سه‌ر هه‌ڵبژاردنی شوێنی پیشه‌سازی, چونکه هێشتا زانست ئه‌وه‌نده پێش نه‌که‌وتوو بوو که‌بتوانێت پیشه‌سازیه‌کان بگونجێنێت له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زه‌کانی ئاووهه‌وا, نمونه‌ش بۆ ئه‌و پیشه‌سازیه لۆکه چنینه که له‌هه‌وای شێداردا نه‌بووایه دانه‌ده‌مه‌زرا, به‌ڵام پاشان توانرا ئه‌م جۆره پیشه‌سازییه له‌ناوچه وشکه‌کانیشدا بلاوببێته‌وه, چونکه هه‌ڵم ده‌کرایه ناو هۆڵی کارگه‌کانه‌وه, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا تا ئێستاش په‌یوه‌ندی له‌نێوان جۆری ئاووهه‌وا و دامه‌زراندنی هه‌ندێ جۆری پیشه‌سازییه‌کان بۆیه پیشه‌سازی په‌یکه‌ری فرۆکه پێویستی به‌و جۆره ئاووهه‌وایه که‌خۆر به‌ده‌ره‌وه‌بێت و ڕۆژیش سایه‌ق بێت له‌به‌رئه‌وه له‌ناوچه‌ی باشوری ڕۆژئاوای ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا دامه‌زراوه, له‌کاتێکدا

پیشەسازی مەکینە (دینەمۆ)ی فرۆکە لەبەشەکانی باکوری ڕۆژهەلاتدا دامەزراوە.

بەشێوەیەکی گشتی پێنج هۆکاری سەرەکی هەیە کەکاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرۆژە پیشەسازیەکان ئەوانیش:

١- پلەی گەرمی.

٢- بەفر.

٣- بای بەهێز.

٤- بارانی زۆر.

٥- هۆکاری تر وەك بەرزی ڕێژەی شێ.

پلەی گەرمی کاریگەری لەسەر پیشەسازی هەیە بە تایبەت لەسەر توانای کرێکارەکان, چونکە پلەی گەرمی بەرز هۆکارە بۆ کەم بوونەوەی چالاکی مرۆیی, بەمەش توانی کرێکاری بەپێی پلەی گەرمی جیاوازدەبێت, پلەی گەرما لەو ناوچانەش کە دووچاری شەپۆلی سەرما و سۆلەی توند دەبێتەوە و چالاکی پیشەسازی دەوەستێت، بۆ نمونە پیشەسازی ئاسن دەرهێنان لەسوید بەهۆی نزمی پلەی گەرمیەوە کاریگەری دەبێت لەسەر بڕی بەرهەم هێنان، هەروەها بەپێچەوانەشەوە ڕاستە چونکە بەرزبونەوەی پلەی گەرمی زۆر دەبێتە هۆی سستبونی پیشەسازی، هەروەها دابارینی بەفر لەشاردا دەبێتە هۆی پچڕانی جولەی هاتووچۆ و گواستنەوە.

هەروەها لەکاتی دروست کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون ئەندازیارانی بیناسازی ڕەچاوی هەڵبژاردنی ئاراستەی خانو و فراوانی دەکەن بەشێوەیەك دروست دەکەین کەپێچەوانەوەی هەوای ساردبێت واتە (هەوای بەفر) یان هەوای توندە و سارد, هەروەها جێ بەجێ کردنی کاری ئەندازیاری لەدەرەوەی کارگەکاندا, کاتێ خێرایی بای بەهێز دەگاتە نێوان (٦٣- ٩٤) کیلۆمەتر لەکاتژمێرێکدا, یان لەهەندێ شوێن و کاتی دامەزراندنی کارگەیەکدا حسابی بۆ ئاراستەی با دەکرێت وەك شوێنی پاڵاوگەی (دۆرە) کە لەبەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی بغداد وا هەڵبژێراوە کە شێوەی هەڵکردنی بای گشتی بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات بێت بۆ ئەوەی دووکەڵ و خۆڵ و بوونی ناخۆش لەگەڵ خویدا ڕامالێت, هەروەها بارانیش کاریگەری لەسەر دابەش بوونی پیشەسازی هەیە و هۆکارێکی ترە بۆ جێگیربوونی پیشەسازی بەتایبەت ئەگەر باران بەدرێژای ساڵ بێت یان باران زۆر ببارێت وەك باسمان کرد دامەزراندنی پیشەسازی فرۆکە لەبەشی ڕۆژئاوی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەزۆر دەرکەوتنی خۆر و ماوەی بینینی زۆر لەزۆربەی ڕۆژەکانی ساڵدا جگە لەچەند ڕۆژێکی دەگمەن نەبێت.

٨- ئاوهەوا بەیەکێك لەفاکتەرە سەرەکیە سروشتیەکان دادەنرێت کەکاریگەری گرنگ و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دامەزرندن و بەردەوامی و بەهێز بوونی دەوڵەت، ئەم بنەما سروشتیە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ دەوڵەت چونکە ئاووهەوا کاریکی گەورە دەکاتە سەر دەوڵەت، لەبەرئەوەی ڕەگەزو بنەماکانی کەبریتین لە ( گەرمی، شی، دابارین) کە کار لەچالاکیە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەکەن و کار لەجۆری چالاکی ئابوری و جۆری کشتوکاڵ و بازرگانی و گواستنەوە تەنانەت پیشەسازیش دەکات و بڕی ئەو ئاوەش کە بۆ ئاوداشتن و ئەو چالاکیەیانەی کەڕۆژانە مرۆڤ بەکاردی دێنێت.

٩- ڕەگەزەکانی کەش و ئاووهەوا چەندین ڕەگەزی هەستیار و جێ گرنگی پێدانی کەسانێکی زۆرن، نەك تەنها هەر کەسانی پسپۆڕانی ئەم بوارەبێت، بەڵکو سەرجەم ڕۆشنبیران و ڕاگەیاند کارەکان خاوەن پیشە و چالاکیە جۆربەجۆرەکان و بوارەکانی پەیوەندی کردن و هاتووچۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکان بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە قۆناخێکی بەرزی پێشکەوتندان گرنگی بەم زانستە دەدەن و بە وردی گۆڕانە شوێنی و کاتیەکانی ڕەچاودەکەن، چونکە ئاووهەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیان و چالاکیە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەسێك حەزدەکات زانیاری هەبێت دەربارەی کەش و ئاووهەوا بەگشتی و بەتایبەتیش ئاووهەوای داهاتوو وەك ئاووهەوای سبەینی بۆ گونجاون لەگەڵ کاروبارو چالاکیەکانی ژیانی سود وەرگرتن لێی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانە، کەواتە دەردەکەوێت جوگرافیای ئاوهەوا بابەتێکی گرنگ و هەستیارە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەستراوە نەك بەژیانی پسپۆڕانی ئەم بوارە بەڵکو هەموو ئەو کەسانەی کە لەپێشتردا ئاماژەمان بۆکرد، ئەمەش دەیسەلمێنێ کەزانستێکی گرنگ و بایەخدارە و بەردەوامیش بەرەو پێش دەڕوات و زانیاری زیاتریشی لێوە وەردەگرێت.

١٠- ئاووهەوا بەتایبەت پلەی گەرمی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گواستنەوە، بە شێوە ڕوونی دەکەینەوە:

أ- پلەی گەرمی نزم: پلەی گەرمی نزم کاریگەری هەیە لەسەر گواستنەوە و جوڵەی مرۆڤەکان، گەرمای نزم لە ناوچە ساردەکانی وەکو سیبیریا و بەستەڵەکی

باكوری و بەستەڵەكی باشوری هەیە كەبۆتە هۆی ئەوەی كە دانیشتوان لەم ناوچانەدا نەبێت یاخود زۆركەم بێت بۆ نمونە پلەی گەرمی لەشاری (فرغۆیانسك) كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی سبیریا لەڕوسیا دادەبەزێت بۆ (٩٣) پلە ژێر سفر، سەرەڕای ئەوەش جوڵەی گواستنەوە دیاری كراوە، بەڵام لەكاتێكدا كەبەفردەباریٚ، لەناوچە ساردەكان ڕێگای گواستنەوە دەوەستیٚ بەهۆی بەفرەكەوە.

ب- پلەی گەرمی بەرز: بەرزی پلەی گەرمی كاریگەری هەیە لەسەر هۆكاری گواستنەوە كەدەبێتە هۆی وەستانی جوڵەی گواستنەوە هەندیٚ ناوچە هەیە لەجیهاندا بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی یەوە دانیشتوانی تێدا نی یە وە ڕێگای گواستنەوەشی تێدانی یە، وەكو ناوچەی (روبع الخالی) لە سعودییە.

١١- ڕەگەزەكانی ئاووهەوا كەبریتیە لە (باران، پلەی گەرمی، شیٚ، پەستان، با، بەهەڵم بوون) كاریگەریان هەیە لەسەر جۆری دابەش بوونی لادیٚ نشینەكان و لەكاتی كرتێكردنیان بۆ كشتوكاڵ و جۆری دورینەوەیان و دیاری كردنی توانای زەوی بۆ بەرزكردنەوەی قەبارەیەكی دیاری كراو لەدانیشتوانی و قەبارەی ئامادەبوونی لادیٚ نشینەكاندا، ئەو ناوچانەی كەباران بارینیان كەمە و بە نمەنمە دەبارێت، بەمەش قەبارەی لادیٚ نشینەكان و بەرهەم هێنانی و بەروبومی كشتوكاڵ كەم دەبێت، نەتوانای بەرزی و زۆری ئامادەبوونی لادیٚ نشینەكان لەو ناوچانەی كەبارانیان كەمە بایەخ بەسەرچاوەكانی ئاوی سەر زەوی دەدەن وەك ڕوبار و كانی و كارێزەكان هەروەكو ئێستا كە لەپارێزگای ئەنبار لەخواری عێراق دەردەكەوێت.

١٢- ئاووهەوا پەیوەدنی بەچالاكی مرۆڤەوە هەیە، چونكە ئاووهەوای گەرم تاڕادەیەك كاری خراپ دەكاتە سەر چالاكیەكانی مرۆڤ، تەمەڵ و خاو و خلیچكیان دەكات، بەپێچەوانەوە ناوچەی ساردو فێنكەكانەوە كە چالاكی و گوڕوتین دەداتە مرۆڤ، لەوانەیە زۆرترین گەلانی جیهان و زۆرترین دەوڵەتە دواكەتووەكان ئەوانە بن كەكەوتوونەتە دەوروبەری هێڵی یەكسانی نێوان هەردوو خولگەی (قرژاڵ و كارژۆڵ) لەباكور و باشور.

١٣- ئاووهەوا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بەكاروبارە جەنگیەكانەوە هەیە لەڕووی هێرش بردنەوە بێت یان لە ڕووی بەرگریەوەبێت، ئەم پەیوەندیەش زۆر بەڕوونی دەردەكەوێت ئەگەر تەماشایەكی مێژوو بكەین و بگەڕێینەوە بۆ سەدەی نۆزدە كەڕووسیا توانی بەهۆی ئاووهەوای سارد و باران و بڕێكی زۆر بەفر لەكاتی شەڕ دژی سەركردەی فەرەنسی ناپلیۆن توانی بەئاسانی ئەو هێرشە ڕابگرێت و

نەهێڵێت وڵاتەکەی داگیربکرێت، ئەمەش بەهان شێوە بۆ (هیتلەر) لەسەدەی بیستەمدا ڕاستە کاتێك کەنیازی بوو ڕوسیا داگیربکات، بەڵام بەهۆی سەرمایی زۆرەوە ڕێژەیەکی زۆر لەسەربازەکانی ڕەق بوونەوە بەهۆی زۆری بەفر لەو ناوچانەدا کە جەنگەکەی تێدا ڕویدا و مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر، بەجۆرێك زیاتر لە (٦٠٠) هەزار سەرباز نزیکەی (٥٠) هەزار سەرباز گەڕانەوە لەو شەڕ ئەوی تریشی لەناوچوو، بەمەش هێرشەکەی هیتلەر شکا و گەڕایەوە نەیتوانی ڕووسیا داگیربکات.

## ٢٠- هەرێمەکان

پۆلێن کردنە ئاووهەواییەکان یەکێکە لەڕێگاکانی گشتاندن و پێشکەش کردنی زانیاری ئاووهەوایی بە کەڵك لەهەرێمە ئاووهەوا جیاوازەکاندا، لەو زانیاریانەش سوود وەردەگیرێت بۆ هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیان، گرنگترینیان:

١- بواری کشتوکاڵ: پێشکەش کردنی زانیاری بەتایبەت بەئاووهەوای هەر هەرێمێك و پاشان دیاری کردنی جۆرەکانی بەروبوم و ئەو کشتوکاڵەی لەهەر هەرێمێکدا دەچێنرێت، هەموو بەروبومە کشتوکاڵیەکان پێویستی بەئاووهەوایەکی دیاری کراو هەیە، هۆکاری ئاووهەواییش لایەنێکی گرنگە سەبارەت بەبیابان بوون (تصحر) کە دەرەنجامەکەی خراپ بوونی زەوی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها ئاووهەوا کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی خۆراك بۆ کۆمەڵی مرۆڤایەتی. ئاووهەواش هۆکارێکی گرنگە بۆ بڵاوبونەوەی برسێتی لە هەندێك ناوچەی جیهاندا لەئەنجامی سەرنەکەوتنی بەرهەم هێنانی خۆراکی پێویست بۆ دانیشتوان.

٢- بواری ئاسودەیی مرۆڤ: زانیارییە ئاووهەواییەکان کەڵك بەمرۆڤ دەگەیەنن لەبواری پلان دانان بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی باشتر، چالاکیەکانی مرۆڤ بەبارودۆخی ئاووهەوایی کاریگەر دەبێت. زۆرجار ڕەگەزێکی وەڕس کەر دروست دەکات و ئاسودەیی مرۆڤ کەم دەکاتەوە و کاریگەری نەرێیی لەسەر چالاکیەکانی دروست دەکات، زانیاریە ئاووهەواییەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت بۆ دیاری کردنی پێویستی مرۆڤ بەگەرم کردن لە وەرز ساردەکان و ساردکردن لەوەرزە یان ناوچە گەرمەکان، ئەمەش لەپێناو بەدەست هێنانی بارودۆخێکی زەپۆشی ئاسودەیە بەخش.


٣- بواری گەشتوگوزار: هەروەها ئاووهەوای هەرێمی زانیاری پێویست

پێشکەش بەمرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئاووهەوا وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی لەبواری گەشتوگوزار و بوارەکانی تردا بەکاربهێنێت, لەپاڵ جۆرە جیاوازەکانی گەشتوگوزاردا چەندین جۆر گەشتوگوزار هەیە کەپشت بەسەرنج ڕاکێشانی ئاووهەوایی دەبەستێت, وەك هاوینە هەوارەکان و ناوچە گەشتوگوزاریە زستانیەکان و ناوچەکانی خلیسکان لەسەر سەهۆڵ و ناوچە هەتاوییەکان و هیتر.

٤- بواری ووزە: پۆلێنکردنە ئاووهەوایەکان زانیاری بەکەڵك و گرنگ پێشکەش دەکەن دەربارەی ڕەگەزەکانی ئاووهەوا وەك توندەبا و تیشکی خۆر, ئەوەش زانیاریەکە مرۆڤ دەتوانێت سودی لێ وەربگرێت بۆ دیاری کردنی ناوچەیەکی گونجاو بۆ دروست کردنی وزەی تازەبوو, وزەی تازەبووەوەی با و تیشکی خۆریش لەو جۆرانەی ووزەیە کەمرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی باشتر بەکاریان بهێنێت.

**نەخشەی ژمارەی (٣)**

**دابەش بونی هەرێمەکان لە جیهاندا**



## ٢١- باران

باران بەگرنگترین ڕەگەزی ئاووهەوا دەژمێرێت, کاریگەری و گرنگی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بوارەکانی جوگرافیا و ئەوانی تر, کە بەشێوەیەکی شل دەگاتە سەر ڕوی زەوی, باران بلاْوترین شێوەکانی دابارینە, باران بارین جیاوازە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوایانەی کەبەسەر ناوچە جیاجیاکاندا تێ دەپەڕن ئەمە سەرەڕای کاریگەری بەرزونزمی لەئاستی ڕوی دەریا, بارانیش کاتێک دەبارێت کەپلەی گەرمی هەڵمی لەچینە بەرزەکانی سەرەوەدا دابەزێت بۆ ژێر پلەی ئاورینگ لەو کاتەدا خەست بونەوە دروست دەبێت لەسەر شێوەی دەنکۆڵەی ئاوی بچوك و هەوری لێ پێکدێت دەنکۆڵەکان یەك دەگرن و دواتر دەبارێتە سەر ڕوی زەوی.

### جۆرەکانی باران

١- بەرزونزمە باران.

٢- بارانی بەرزە ڕۆ.

٣- بارانە بەرەییەکان.

٤- کشاوە باران.

٥- کۆکراوە باران.

٦- باراندن (بارانی دەستکرد).

### گرنگیەکەی

١- باران بەگرنگترین ڕەگەزی سەرەکی سوڕی گشتی ئاو دادەنرێت لەسروشتدا, چونکە باران سەرچاوەی ئاوی شیرینە لەسەر ڕووی زەوی و کۆدەبێتەوە و ڕێڕەو دەکات بۆ ناو زەریا و دەریاکان و پاشانیش نیوەکەی تری دەچێتە ناو چینەکانی زەوی دواتر بەشێوە جیاوازەکانی وەك (کانی, کارێز, بیر) سودی لێ وەردەگیرێت, هەروەها بەشداری پرۆسەی بەهەڵم بوون دەکات, چونکە بەشێکی تری لەڕێگەی بەهەڵم بوونەوە بەرزدەبێتەوە بۆ چینەکانی سەرەوەی هەوا.

٢- باران بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دەست کەوتنی ئاوی خواردنەوە لەسەر زەوی, چونکە ئەگەر باران نەبارێت ئەوا ئاوی خواردنەوە لەسەر زەوی دەست نەئەکەوت یان بەرەو کەم بوونەوە و لە ناوچوون دەڕۆشت, چونکە

ئاوی دەریا و زەریاکان سوێرن و ڕێژەی خوێی تێدا بەرزە بەوەش بەکارنایەت بۆ خواردنەوە, بەڵام ئاوی باران شیرینەوە بەبێ هیچ جۆر گرفتێك بەکاردێت بۆ خواردنەوە کە دەگاتە نزیکەی (٢٪) ئاوی ڕووی زەوی, ئەم کەمی بارانە ئێستا وای کردووە کێشەی کەمی ئاوی بە گشتی و ئاوی خواردنەوە بە تایبەتی لە هەندێ وڵاتدا کەم بکات کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کەمی بارانەوە هەیە, ئەو وڵاتانەی کەڕێژەی باران بارین کەمە وەك وڵاتانی کەنداو بە تایبەت (ئەردەن) کەمی ڕێژەی باران بارین وای کردووە کە دووبارە ئاوی پیس بەکاربهێننەوە بۆ خواردن بەکارهێنانەکانی تری رۆژانە لەو وڵاتەدا کە بڕێك زۆر داهاتی دەوێت بۆ دەست کەوتنی ئەم بڕە ئاوە پاکە.

٣- هەروەها بەڕەگەزێکی سەرەکی ئاووهەوا دادەنرێت کەڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر سەوزبون و گەشەسەندنی دانەوێڵە و ڕووەك و باخ و بێستانەکان لەسەر زەوی و جوان کردنی سروشتی و ئاووهەوا بەهۆی ئەم سەوزکردنەوەوە, چونکە ئەم سەوزیانە وەك مرۆڤ بەردەوام پێویستیان بەئاوی بارانە بۆ بەردەوامی گەشەکردنیان لەسەر زەوی و ناوچە جیاوازەکانی زەوی, بۆیە لەهەر شوێنێك باران هەبێت سەوزایی و سروشتی جوان هەیە, بەڵام بەپێچەوانەوە ڕاستە چونکە ناوچە بیابانیەکان بەهۆی کەمی باران و بەرزی پلەی گەرمیەوە وای لێ هاتووە کە بەناوچەیەکی وشك و گەرم ئەژماربکرێت و هیچ جۆرە سەوزاییەکی تێدا نەبێت .

٤- باران بارین کاریگەری هەیە لەسەر نیشتە جێ بوونی مرۆڤ بەتایبەت لادێ نشینەکان, مرۆڤ لەو شوێنانەدا نیشتەجێ دەبێت کە باران و ئاوی سەر زەوی (بیر, کانی, کارێز)ی تێدابێت, هەروەها کەمی باران دەبێتە هۆی کەمی کشتوکاڵ بەمەش کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی بەدوادا دێت, بۆیە کەمی بەرهەمی کشتوکاڵی کاریگەری هەیە لەسەر کەمی دانیشتوانی لادێ نشینەکان, بەڵام ئەگەر باران بەپێی پێویستی باری ئەوا ڕێژەی دانیشتوانی لادێ نیشنەکان زۆردەبێت و بەهۆی زۆری کشتوکاڵ و جۆراوجۆری بەرهەمی کشتوکاڵی کەسەرچاوەکەی بارانی زۆرە لەم ناوچەیەدا, وەك ناوچەکانی باشوری عێراق بەتایبەت لە پارێزگای ئەنبار بەهۆی کەمی بارانە و کەمی کشتوکاڵەوە ڕێژەی دانیشتوانی تێدا کەمە, بەڵام لەهەرێمی کوردستان بەتایبەت لەپارێزگای سلێمانی ڕێژەی گوند نشین زیاترە بەهۆی بارانی بارین تەواو کشتوکاڵی زۆر و چەندین هۆکاری تر کەڕاستەوخۆ باران لەسەر ژیانیان ڕەنگی داوەتەوە.

٥- باران وەك ڕەگەزێكی ئاووهەوای گرنگیشی لەبواری سەربازیدا هەیە و لەدەست نەداوە, چونكە لەكاتی هێرش كردن و بەرگری كرندا دەتوانێت بەباشترین شێوە سودی لێ وەربگیرێت چ بۆ بەرگری كردن بێت یان بۆ هێرش بردبێت, باران چالاكیە سەربازیەكان تاڕادەیەكی زۆر چالاكیە سەربازیەكان پەك دەخات بەمەش لە كاتی جەنگدا ئامارەی تایبەتی بۆ دەكرێت, ئەم دیاردەیەش چەندین وڵات سودی لێ وەرگرتووە لەكاتی جەنگدا لەسەردەمەكانی پێشتردا بۆ نمونە لەساڵی (١٩٣٥) كە ئیتالیا هێرشی كردە سەر حەبەشە وەرزی زستانە وشكەكەی هەڵبژارد بۆ دەست پێ كردنی هێرشەكەی, چونكە هاوینی حەبەشە گەرم و بەبارانە, هەروەها ئەڵمانیا مانگی ئەیلولی هەڵبژارد بۆ هێرش كردنە سەر پۆڵندا, بۆ ئەوەی زۆرێ پۆشەكانی توشی ئەو قوڕە زۆرە نەبن.


٦- باران وەك چۆن گرنگە بۆ خواردنەوە ئاواش گرنگە بۆ ئاوداشتنی جۆرە جیاوازەكانی بەروبومە كشتوكاڵیەكان و باخ و بێستانەكان چ لەڕێگەی ئاوی ڕوبارەكانەوە بێت یان لەڕێگەی بیری و كانی و كارێزەوە, بۆ نمونە لەهەرێمی كوردستان ئێستا زیاتر پشت بەئاوی بیر و كارێز و كانی دەبەسترێت بۆ ئاوداشتنی كشتوكاڵ و باخ و بێستانەكان كەسەرچاوەی هەموویان بریتیە لەئاوی باران.

٧- ڕەگەزەكانی دابارین بەتایبەت باران سەرچاوەیەكی سەرەكی یە بۆ زیندوو بونەوەی زەوی پاشا ئەوەی توشی وشك بون و مردن دەبێت وەك خوای گەورە لەئایەتی (٦٥)ی سورەتی (النحل)دا دەفەرموێت:(هەر خوا باران لەئاسمانەوە دەبارێنێت و زەوی پێ زیندوو دەكاتەوە دوای ئەوەی كەمردبوو).

٨- باران بەگرنگترین ڕەگەزەكانی كەش دادەنرێت كە بەرپرسە لەدروست بوونی خاك چونكە ئەوە سەرچاوەی سەرەكی ئاوی ڕووی زەویە, جا ئەم ئاوە یان زەوی دەبڕێت و بەناو مادەكانیدا لەخاك و مادە بنچینەییەكان و بەردەكانیدا ڕۆچێت تا لەناو عەمبارەكانی ناوەوەی زەویدا جێگیردەبێت, لەكاتی چوونی بەناو ئەم مادانەشدا, ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لەپرۆسەكانی دروست بوون و پێكهێنانی خاكدا, یان ئەوەتا بەسەر ڕووی زەویدا دەڕوات و ڕێڕەوجۆگەلەی ئاویی دروست دەكات, كەئەمەش كار دەكات لەسەر هەڵكۆڵینی بەردەكان و ڕاماڵینی مادەكان و نیشتنیان بەشێوازی جۆراجۆر, ئەم پرۆسانەش ڕۆڵێكی سەرەكی دەگێڕن لەدروستكردنی مادەی بنچینەیی لافاوەكان و ئەو خاكەی كە بەهۆیەوە دروست دەبێت.

نەخشەی ژمارە (٤)

دابەش بونی باران لە جیهاندا لە وەرزی زستاندا



## ٢٢- بەفر

کریستاڵن لەخەست بوونەوەی هەڵمی ئاو بەڕێگەی بەهەواداچوون (التسامی) دروست بوون, لەسەر ناوکی تایبەت بەزۆری لەهەوری چین چیندا.

پلەی گەرمیەکەشی نزم بووەتەوە بۆ ژێر پلەی سفری سەدی, کریستاڵەکان لەسەرەتادا وردن, لەشێوەی پارچەی تەنکی شەش پاڵوودا دەردەکەون, لەگەڵ گەشەکردنی دا ئەستوریەکەشی زۆر دەبێت, هەتا ئەو ئاستەی بەسەر بەرگری ستوونە هەواکەی ژێریدا سەردەکەوێت کەپلەی گەرمیەکەی لەژێر سفرەوەیە و دەکەوێتە خوارەوە, لەئەنجامی بوون بەیەك و بەریككەوتن لەكاتی هاتنە خوارەوەیاندا شێوە شەش پاڵوییەکە کەمێك ئاڵۆز دەبێت, ئەگەر پلەی گەرمیەکە لە (-١٨) پلەی سەدی دانەبەزێت ئەوا کەوتنە خوارەوەیان لە شێوەی پارچە پارچەدا دەبێت, ئەگەر کەوتنە خوارەوەکە لەپلەیەکی نزمتردابوو ئەوا بەشێوەی دەنکۆڵەی سپی بچوك کە تیرەکانیان لە (١ملم) کەمتر دەبێت و دەکەونە خوارەوە, ئەگەر دڵۆپە

ئاوی زیادە ساردیان لەسەر کەڵەکە بوو ئەو کاتە دەنکۆڵەکان گەورەتردەبێت.

کەوتنە خوارەوەی پارچەکان هێواش و لەسەرخۆیە چونکە سوکن و بڕێکی زۆر هەوایان تێدایە، کە هەندێ جار دەگاتە نزیکەی (٩٠٪)ی کێشەکەی، کەتیرەکەی گەیشتە (٥ملم) خێراییەکەشی دەگاتە (١م/ چرکە) بەرانبەر بە (٨- ١٠ م بۆ دڵۆپە بارانێك کە هەمان تیرەی هەبێت)، کە لەئەنجامی بەیەکدا چونیاندا لە کاتی داکەوتندا تیرەکانیان گەیشتە (٢٠ملم) ئەو کاتە خێراییەکەیان بەرز دەبێتەوە بۆ (٢م/ چرکە)، ئەم بەهێواش دابەزینە لەگەڵ فراوان بوونی ڕووەکانیان دوو دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، یەکێکیان بوون بە هەڵمی هەندێ بەشی پارچە کریستاڵەکان و ئەوی تریشیان دابەزینی زۆری پلەی گەرمی ئەو هەوایەیە کە بەناویدا دێتە ژێرەوە، ئەگەر هەواکە جوڵاو بوو بە با ئەوا گەردەلولی بەفرینی لێ پێکدێت، پارچەکانی هێرش دێنن بۆ دەم و چاوی مرۆڤ و شوێنە ڕووتەکانی بەلێواری پارچەکانی وەك ئەوەی ئامێرێکی تیژیان پێبێت ئازاری مرۆڤ بدەن، ئەگەر لەکاتی داباریندا بەناو هەوایەکی گەرم دا تێپەڕین ئەوا ڕەنگە هەموویان بتوێتەوە و بە شێوەی دڵۆپە باران بگەنە سەر زەوی.

## گرنگیەکەی

١- بەفر دەورێکی سەرەکی دەبینێت بۆ ئاوی ژێر زەوی و بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ زیادبوونی بەتایبەت لەو ناوچانەی کەڕێژەی بەفر بارینیان زۆرە و بەردەوام بەبەفر داپۆشراون، ئەمەش بەهێڵی هەمیشەی بەفر ناودەبرێت و دەناسرێتەوە، هەروەها توانەوەی بەفر بەشێوەیەکی لەسەرخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ئەم زیادبوونە، چونکە هێواش دەتوێتەوە و بەوەش دەچێتە ناو چینەکانی ژێرەوەی زەوی کە سودی هەیە بۆ زیاد بوونی ئاوی ژێر زەوی، وەك لەو ناوچە چیایانەی کەبەرزییەکەیان زیاترە لە (٣٠٠٠)مەتر ئەمەش بە ناوچەی هەمیشە بەفر یان هێڵی سنوری بەفر ناسراوە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کەبەفر بەدرێژای ساڵ لەم ناوچانەدا دەمێنێتەوە.

٢- وەك چۆن سەرچاوەیە بۆ ئاوی ژێر زەوی بەهەمان شێوە هۆکارێکی باشە بۆ زیادبوونی ئاوی ڕووبار و دۆڵەکان کەناسراوە بەئاوی سەر زەوی، وەرزی توانەوەی بەفر سودی تەواو لەئاوی بەفر وەردەگرێت و بڕێکی باشی دەچێتە ناو ڕووبار و دۆڵەکان بەشێوەی ئاوی سەر زەوی بەرەو دەریا و دەریاچەکان ڕێ دەکات و تێدا

کۆدەبێتەوە، کەواتە بەفر گرنگیەکی زۆری هەیە چ بۆ ئاوی سەر زەوی بێت یان بۆ ئاوی ژێر زەوی، بەڵام ئەم سەرچاوەیە وەك باران بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دانانرێت، چونکە بڕی ئاو تێدا کەمترە لەباران بە جۆرێك (١ملم) لەباران بەرامبەرە بە (١٠ ملم) لەبەفردا واتە (١٠ملم) بەفر ئینجا یەك (١ملم) بارانی تێدایە، بەڵام هەر کاریگەری و گرنگی خۆی لە دەست نەداوە.

٣- کاریگەری هەیە لەسەر بواری گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئەو ناوچانەی کەبەفر لێ دەبارێت، چونکە بارینی بەفر لەهەندێ ناوچەی جیهاندا هەرنابارێت و لەهەندێ ناوچەی تریشدا بەدەگمەن دەبارێت، بۆیە گەشتیارانی لەکاتی بارینی بەفردا ڕوودەکەنە ناوچە چیاکان و بەچەندین یارییەوە خەریك دەبن وەك شەڕ تۆپەڵ و هەروەها خواردنی بەفر چونکە لەساڵێکدا چەند جارێك دەبارێت و ماوەیەکی کورت ودیاری کراودا، بۆیە گەشتیار لەم ناوچەیەدا بە ژمارەیەکی زۆر سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن وەك ناوچە چیاکانی نەمسا کەگەورەترین پێش بڕکێی جیهانی لەسەر ئەنجامدرا لەبەرواری ٢٠١٣/١/١٣ بەوەش ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە سەرانسەری جیهانەوە ڕوویان لەم ناوچەیە کرد بۆ تەماشاکردنی ئەم یاریانە، هەروەها لەسویسرا بەهۆی زۆری سەرماو بارینی بەفرێکی زۆر وای کرد بەشێکی زۆری ئەو وڵاتە ببێتە سەهۆڵ بەندان بۆیە یاری گۆڵف لەسەر سەهۆڵەکە بکرێت لە ١/١٥/ ٢٠١٣دا ئەمەش بە ڕونی کاریگەری و گرنگی بەفر پیشان دەدات لەو ناوچانەدا بۆ گەشتوگوزار، هەروەها ئەو ناوچانەی کە بەدرێژای ساڵ بەفریان پێوەیە چەندین یاری لەسەر دەکرێت وەك خلیسکان لەسەر بەفر کە بەیاریەکی ساڵانە دادەنرێت و هەرجارێك لەوڵاتێك دەکرێت کە گونجاوبێت بۆ ئەم یاریە وەك (ئیتالیا، ئیسپانیا، کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا).

٤- لەگەڵ ئەوەی بەفر چەندین کاریگەری نەرێی هەیە لەسەر ڕووی زەوی، بەڵام خاسیەتی باش و سودمەندیشی زۆرە کەبەردەوام سودی لێ وەردەگیرێت و گرنگیشی زیاد دەبێت لەو ناوچانەی کەلێی دەبارێت گرنگترینیان بریتیە لەوەی کەدەبێتە هۆی زیادبوونی بڕێکی زۆر شێی خاك.

٥- هەروەها بەفر کاریگەری هەیە لەباروذۆخی ئاووهەوا بەجۆرێك کەدەبێتە هۆی زیادبوونی پلەی ساردی هەوا لەو ناوچانەی کەبەفر لەسەر ڕووی زەوییەکە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەفر دەبێتە هۆی زیادبوونی گەرمی ساڵانە، چونکە لەو ناوچانەی کەبەفری تێدایە پلەی گەرمیەکەی زۆر دادەبەزێت و ئەم دابەزینەش بۆ ماوەیەك

بەردەوام بێت هەتا ئەو کاتەی بەفرکە دەمێنێتەوە، ئەمەش لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە بەپێی بڕو توانای مانەوەی بەفرەکە، پاشان لەوەرزی هاویندا بەرزدەبێتەوە، هەروەها بەردەوامی کەڵەکەبونی بەفر دەبێتە هۆی زیادبوون و بەردەوام بوونی سەرمایەکی سەخت، بەمەش سەرەتای وەرزی بەهار دوادەخات و پاشان سەرەتایی کشتوکاڵ و چاندیش دوادەخات، ئەم پلەی گەرمیە سارده دەبێتە هۆی لانکەی چەندین ئاژەڵی کێوی وەك ئاسکی ڕەنە و ورچ و کاریبۆ.

٦- ڕەگەزەکانی ئاووهەوا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەکاروبارە جەنگیەکانەوە هەیە لەڕووی هێرش بردنەوەبێت یان لەڕووی بەرگرییەوە دەوری خۆی دەبینێت و کاریگەریەکەی دەردەکەوێت، یەکێك لەو ڕەگەزانەی بریتیە لەبەفر کەڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت کە لەجەنگدا دەبێت و بایەخ و حسابی تایبەتی بۆ دەکرێت بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کەدەیانەوێت هێرش بکەن سەر وڵاتانی دوژمن، بۆیە دەبێت بەردەوام ئاگایان لەبارودۆخی ناوچەکەبێت لەڕووی ئاووهەواوە بەتایبەت لەڕووی بەفر بارینەوە چونکە بەفربارین دەبێتە هۆی وەستانی هەموو کردە سەربازیەکان و دابەزینی پلەی گەرمی بۆ ژێر سفر کە دەبێتە هۆی سست بوون و لەناوچوونی چالاکی سەربازی ڕەق بوونەوەی بڕێکی زۆر سەرباز کەدواتر شکان و دۆڕانی جەنگی بەدوادا دێت، ئەم نمونەش لەسەر ئەم باسە زۆرە لەمێژووی جەنگەکاندا کاتێك هیتلەر سەرکردەی نازیەکان بوو بەنیازبوو ڕووسیا داگیربکات بۆیە ئەگەر ڕووسیای داگیربکردایە ئەوا هەموو جیهانی دەکەوێتە ژێر ڕکێفیەوە بۆیە هەوڵیدا ڕووسیا لەناوبەرێت بۆ ئەمەش هێرش کردە سەر ڕووسەکان، بەڵام بەهۆی نەزانین و حساب نەکردنی بۆ بارودۆخی ئاووهەوا هەر زوو جەنگەکەی دۆڕاند و ژمارەیەکی زۆر سەربازیشی لەو جەنگدا ڕەق بوویەوە کەدەگاتە نزیکەی (٥٠٠) هەزار سەرباز، بەجۆرێك تێکشکا کە ئەڵمانیا بوو بەدوو بەشەوە ئەوانیش ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بۆیە دەبێت حسابی تەواو بکرێتەوە بۆ ئاووهەوا بەتایبەت ڕەگەزی بەفر چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆ و بەردەوام هەیە لەسەر ئاستی کاروبارە جەنگیەکان وەك دابەزینی پلەی گەرمی و گرتنی ڕێگاوبانەکان و وەستانی سەرجەم چالاکیەکان.

# ٢٣- شوێنی جوگرافیا

شوێنی جوگرافیا خاڵێکی بنەڕەتە بۆ دەوڵەت، چونکە کاریگەری ڕاسەوخۆی هەیە چ لەناوخۆی وڵات بێت یان لەدەرەوەی وڵات بێت، ئەم کاریگەریەش لەڕووی سەربازی و پیشەسازی و بازرگانی و تەنانەت سیاسیشەوە دەور و کاریگەری خۆی گێڕاوە و بەردەوامیش ئەم کاریگەریە زیاتر دەبێت، شوێنی جوگرافیا چەند خاسیەتێکی گرنگ و بەسودی هەیە کە لەدواتر بەدرێژی باسی لێوە دەکەین.

## گرنگیەکەی

١- شوێنی جوگرافیا دەورێکی کاریگەر و سەرەکی هەیە لەبەرهەم هێنانی کانزادا، چونکە شوێنی جوگرافیای لەبارە بۆ کانزاکاری جیادەکرێتەوە بەوەی کە لەبارە بۆ هۆیەکانی گواستنەوە واتە(ئەوەندە شوێنەکەی ئاسان و نزیکە بەڕێژەیەکی کەم پارە و بەماوەیەکی نزیك دەتوانێت کارەکە ئەنجام بدرێن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەڕێگاوبان و ڕێکخستنی زۆر نیە) و کۆبونەوەی دانیشتوان و نزیکی لەمەڵبەندەکانی چالاکی یە پیشەسازیەکانەوە، ئەم شوێنی جوگرافیایەش زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەت گرنگی هەیە لە بواری کانزاکاریدا، بۆ نمونە وەك لەمیصر کە سامانە کانزاییەکانی لەدەشتی کەناری کەنداوی سوێس و دەشتە کەناریەکانی دەریای سوور لەدۆڵی نیلدا نزیك لەمەڵبەندەکانی ئاوەدانی و هۆی گواستنەوە کۆبونەتەوە، کەواتە شوێنی جوگرافیا کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لەسەر بەرهەم هێنانی کانزا بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێت کە کاردەکاتە سەر بەرهەم هێنانی کانزا.

٢- شوێنی جوگرافیا لەڕووی سیاسیەشەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە شوێنی جوگرافیایی دەوڵەت بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بە دەست نیشان کردنی پلەی سیاسی ئەو وڵاتە لەڕووی لاوازی یان بەهێزی دەوڵەت، هەربۆیە ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە ناوەڕاستەوە بایەخیان زیاترە وەك لەو وڵاتانەی کە دەکەونە ناوچە کەناریەکان (پەراوێزەکان)ەوە، لەبەرئەوەی دەوڵەتی ناوەڕاست بەردەوام پەیوەندی بەکێشە و ڕووداوە جیهانیەکانەوە هەیە، لەگەڵ گرنگیەکی زۆری هەیە بەڵام زۆرجار توشی زیانیش دەبێت و بەهۆی شوێنەکەیەوە توشی داگیرکردن دەبێت، بەڵام وڵاتە سەرپەرەکان یان کەنارەکان کەمتر توشی ئەم کێشانە دەبن،

چونکە دوورن لەناوەندی جەنگ و کێشە نێودەوڵەتیەکان, بۆ نمونە دەوڵەتانی (عێراق و سعودییە و کوەیت) کەزیاتر توشی کێشە و گرفتەکان دەبنەوە بەهۆی شوێنەکەیانەوە کەدەکەونە ناوەندەوە, بۆیە لەگەڵ ئەوەی شوێنێکی زۆر گرنگ و ستراتیجیان هەیە بەڵام بەردەوام توشی گرفت و کێشە دەبنەوە دیسانەوە هەر بەهۆی شوێنەکەیانەوەیە, بەڵام ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە لەوڵاتە دورە دەستەکانی وەك (شیلی, پیرۆ ..... هتد) بەهۆی سەرپەڕیانەوە لەهەمان کاتیشدا گرنگن نین چونکە دەکەونە ناوچە دوورە دەستەکانەوە و پەیوەندی کردن پێیانەوە گرانە.

٣- هەندێ دەوڵەت هەیە لەجیهاندا گرنگی ستراتیجی زۆر بەهێزی هەیە, بۆیە ئەو دەوڵەتە یان ناوچەیەك لەو دەوڵەتە دەکرێتە بنکەی سەربازی گرنگ بۆ دەست بەسەرداگرتن و پارێزگاری کردن لەڕێگاوبانە ستراتیجیەکان, ئەم خاڵەش لەمانگی (کانونی دووەمی) ساڵی (٢٠١٣)دا بەڕوونی دەرکەوت کاتێك (ئەمریکا و هۆڵندا و هاوپەیمانەکانیان) بڕیاریان دا بەجێگیرکردنی چەکی (پاترۆیت) لەتورکیا کەمەبەستی سەرەکیان پێی ئێرانە, بۆیە (هۆڵندا)دا لە بەرواری( ٥/ ١/ ٢٠١٣) هەستا بەناردنی ئەم چەکانە بۆ تورکیا ئەوەش لە ڕێگەی دەزگا ڕاگەیاندراوە جیهانیەکانەوە بڵاوکرایەوە , جێگیرکردنی ئەم موشەکە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی ستراتیجی ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی ناوچەکە بۆ بەرگری کردنی لەهەر هەڕەشەیەکی ئێران لەناوچەکەدا. یان بۆ هێرش کردن یان بۆ بەرگری کردن و دەست بەسەراگرتنی گواستنەوەی کەلوپەل و شتومەکدا, وەك گەرووەکان و نۆکەندەکان کەشوێنێکی ستراتیجی گرنگن, کاتێ (راس الرجال الصالح) دۆزرایەوە واتە (ڕێگای ملەی ئاوات) بەمەش بەشێکی زۆری بازرگانی ڕۆژهەڵات ڕووی تێکرد, هەروەها پلەوپایەی بازرگانی میصر کەم بویەوە هەتا نۆکەندی سوێس هەڵکەنرا, دیسانەوە گرنگیەکەی بۆ گەڕایەوە و بوو بەپارەوی ئاوی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا, یان گەرووی جەبەل تاریق , یان شوێنی بەریتانیا بەهەمان شێوەی میصر پێش دۆزینەوەی ئەمریکا گرنگی نەبوو, بەڵام دوای دۆزینەوەی هەردوو ئەمریکا شوێنێکی ستراتیجی گرنگی پێکهێنا لە ئاستی جیهاندا, چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕێگا بازرگانیەکانی باکوری زەریای ئەتڵەسی کە بەگرنگترین ڕێگاکانی کەشتیوانی دادەنرێت لەجیهاندا و دوو ناوچەی بازرگانی گرنگی جیهانی بەیەکەوە دەبەستێت لەنێوان ڕۆژئاوای ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا.

٤- شوێنی جوگرافیا وەك چۆن بەخاڵێکی گرنگی بنەڕەتی بۆ کانزاکاری

ئەژماردەکرێت, بەهەمان شێوەش کاریگەری لەسەر چالاکی پیشەسازی هەیە و بەخاڵێکی بنەڕەتی جێگیربوونی پیشەسازی دادەنرێت, لەبەرئەوەی شوێنی جوگرافیای لەبار وادەکات بەرهەم هێنانی پیشەسازی زۆربێت و لەهەمان کاتیشدا بە ماوەیەکی کەم بەرهەمێکی زۆر بەرهەم بێت, شوێنی جوگرافیای لەبار کار ئاسانی دەکات بۆ پیشەسازی لە ڕووی گواستنەوەی کەرەستەی خانوو بۆ کارگەکان و دیسانەوە نزیکیان لەبازاڕ بۆ ئەوەی کەرەستە بەرهەم هێنراوەکان بەبڕێك پارەی کەم بگاتە بازاڕ و بەوەش گواستنەوەی ئاسان دەبێت, ئەگەر ئەم شوێنە جوگرافیانە لە بارنەبوو ئەوا بەپێچەوانەوەی ئەوەی پێشوو ڕوودەدات و توشی گرفتێکی زۆر دەبێت لەبواری پیشەسازیدا, کەواتە دەردەکەوێت کەشوێنی جوگرافیا بەخاڵێکی بەهێز دادەنرێت بۆ پیشەسازی.

٥- شوێنی جوگرافیا کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیش هەیە, بەجۆرێك زۆرێك لەدەوڵەتە گەورە پیشەسازیەکان هەستاون بەگۆڕینی ناوەندە گرنگەکانی پیشەسازی و سیاسی لەناوچە سنوریەکانەوە کە تاڕادەیەك مەترسی هێرشی دوژمنی لەسەر بوو بۆ ناوەوەی وڵات, ئەمەش بەیەکێك لە سیاستە تازەکانی ئەم دەوڵەتەنە دادەنرێت, هەروەها یەکێکی تر لەو سیاسەتەکانی بەرگرتنە لەکۆبونەوەی چڕی دانیشتوان و پیشەسازی و سەرمایەگوزاری لەیەك ناوچەیەك, ئەم سیاستە یەکێتی سۆڤیەتی جاران جێ بەجێ کردووە و خۆی پاراستووە لەزیادبوونی ناوەندی پیشەسازی لەبەشەکانی ئەوورپیەکەی ڕووسیا و هەوڵی دانەمەزراندنی ناوەندی پیشەسازی تازەی لەڕۆژهەڵاتی ئۆراڵ و سیبریای ڕۆژئاوا داوە.

٦- سەرەڕای زۆری گەروەکان و بڵاوبونەوەیان لەزۆربەی ناوچەکانی جیهاندا, بەڵام گرنگیان بەپێی شوێنی جوگرافیا دەگۆڕێت, گرنگیان بەپێی ئەو ڕوبارانەی بەیەکەوە دەیان بەستێت دەگۆڕێت دوو زەریا بەیەکەوە دەبەستێت وەك گەروی ماجەلان کەدەریا دەگەیەنێت بەزەریا یان وەك گەروی جەبەل تاریق, پێویستە ئەوەمان بیرنەچێت کەقەبارەی گواستنەوە لەگەرووەکاندا گرنگی زۆریان هەیە لەدیاری کردنی گەرودا واتە ئەو شتومەکانەی کە بەگەرووەکاندا تێپەڕ دەبن و ڕۆڵیان هەیە لەسەر گەرووەکان, ئەمەش پەیوەندی هەیە بە شوێنی جوگرافیەوە, هەربۆیە گواستنەوەی شتومەك لەگەروی جەبەل تاریقەوە زیاترە وەك لەگەروی بێرنگ یان لەهەندێ گەرووەکانی جیهان.

٧- وڵاتەکان بەپێی شوێنی جوگرافی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە بەپێی ئەو شوێنەی کەلێی هەڵکەوتووە, وڵاتێك کەکەوتووەتە سەرو ڕووبەرە ئاویەکان زیاتر کراوەترە بەڕووی دەرەوەدا لەبەرامبەر ئەو وڵاتانی کەداخراون و لەهەرچوارلاوە بەئاو دەورەدراون کەبۆ بازرگانی لەم وڵاتانەدا دەبێت پشت بەوڵاتێك تر بەست بێت واتا بازرگانی سەربەخۆ نیە, هەروەها ئەوانەی کەدەکەونە سەر ڕووبەرە ئاویەکان, هەر لەگەرووەکان بگرە تا زەریاکان لەچەندین ڕووەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە وەك بازرگانی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و کەلتوری و دەرامەتی سروشتی و کەشتیوانی و گواستنەوە و گەشتوگوزار, بۆ نمونە وڵاتێك کەکەوتووەتە کەناری ڕێڕەوە زۆر گرنگەکان یان گەروە نێودەوڵەتیەکان و گرنگی ستراتیجی سودمەند دەبێت, چەندین گەروی گرنگ هەیە کە لەڕوی سیاسی و ستراتیجیەوە گرنگی زۆریان هەیە, وەك دەوڵەتی تورکیا بەهۆی کۆنترۆڵ و چاودێری بەسەر گەروەکانی بسفۆڕ و دەردەنیل, بۆتە جێگای سەرنجی زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکا و ڕووسیا.

## ٢٤- شێ

شێی زەپۆش بریتیە لەهەڵمی ئاوی ناو بەرگە هەوا, کە بەنزیکەی (٠,٠٠١٪)ی ئاوی زەوی دەخەمڵێنرێت, جێگیربوونی هەڵمی ئاو لەهەوادا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە و لەنێوان (سفر بۆ ٤٪) دەبێت, یانی (٤) گرام لەهەڵمی ئاو لە هەور (١٠٠) گرامە لە هەوادا. هەوا هەڵمی ئاوی دەست دەکەوێت لەڕێگەی هەردوو کرداری بەهەڵم بوون (گۆڕان لە ئاوەوە بۆ هەڵم) و بەهەواداچون (گۆڕان لە سەهۆڵەوە بۆ هەڵمی ئاو), هەواش هەڵمی ئاو لەدەست دەدات لەڕێگەی هەردوو کرداری چڕبونەوە (گۆڕان لە هەڵمی ئاوەوە بۆ ئاو) ونیشتن (گۆڕان لە هەڵمی ئاوەوە بۆ سەهۆڵ), هەندێ هەڵمی ئاوی چڕ بوەوەش لە شێوەی باران و بەفر دائەبارێتە سەر زەوی.

## گرنگیەکەی

١- شێ وەك ڕەگەزێکی سەرەکی ئاووهەوا ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی هەیە لەلێکۆڵینەوەی کەشدا, چونکە هۆکاری سەرەکیە لەدروست بوونی دیاردەکانی چڕبوونەوەی جۆراوجۆر لە هەور و باران و بەفر و تەم.

٢- شێ یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانە کە لەژیانی ڕووەك زۆر پێویستە, چونکە

ڕووەك ناتوانێ بەبێ شێ بژیت دیارە مەبەست لەشێ شێی هەوا نی یە, بەڵكو ئەو شێیەی لەباران و شێوەكانی تری دابارین و شێی خاكە, وە شێی هەوا سودێكی زۆری بۆ ڕووەك بەجۆرێك زۆربونی شێی هەوا چڕی ڕووەكیش زیاد دەكات, هەروەها ڕووەك بەجیاوازی لەبڕی شێ دا چڕییەكەی دەگۆڕێت, بۆ نمونە ئەو ناوچانەی بەدرێژایی ساڵ شێدارن ئەوا بەڕووەك دەوڵەمەندە بەزۆریش لەجۆری دارن, بەڵام ئەو ناوچانەی كەدرێژەی شێی كەمە ئەوا ڕووەكەكان لە كورت و بچوك دەبێت واتە (گژوگیا).

٣- بوونی شێ پێویستە بۆ ڕوودانی بەهەڵم بوون, بەهەڵم بوون ڕوونادات ئەگەر هاتوو ئاو نەبوو, بۆیە زۆربەی بەهەڵم بوون لەسەر ڕوبەرە ئاوی گەروەكان ڕودەدەن كەسێ لەسەر چواری زەویان پێكهێناوە, هەروەها تێكڕای بەهەڵم بوون لە خاكێكی شێداردا زیاترە وەك لەخاكێكی وشك.

٤- شێی هەوا بایەخێكی جوگرافی هەرە گەورەی هەوا, چونكە ڕووەكەكان و خۆگرتنی خاك لەهەوای شێداردا جیاوازە لەوەی لەهەوای وشكدا هەیە.


٥- شێی زەپۆشیش هۆكارێكی زۆر گرنگە لەدیاری كردنی تێكڕای بەهەڵم بوون و ئارەق كردن, بەهەڵم بوون كەم دەكات لەگەڵ زیادبوونی شێی ڕێژەی لەزەپۆشدا ئەگەر هاتوو هەوای دەوروپشتی سەرچاوەی ئاوەكە وشك بوو, ئەوا زۆرتر تینو نەبێت و پێویستی بەهەڵمی ئاو هەیە لەهەوای شێدارەوە, بۆیە تێكڕای بەهەڵم بوون زیاد دەكات لەگەڵ زیادبوونی وشكی هەوا.

٦- شێی خاك ئەگەری ڕوودانی تیشكاوەرە زوقم كەم دەكاتەوە, چونكە ئاو دابەزینی پلەی گەرمی هێواش دەكات, بۆیە دووبارەبونەوەی ڕوودانی زوقم كەم دەكات هەرچەندە شێ لەخاكدا زیاد بكات, وە بوونی ئاو لە خاكدا ئەبێتە هۆی زیادبوونی گەیاندنی گەرمی و ئەو توانا گەرمییەی كەدابەزینی پلەی گەرمی كەم دەكات.

٧- شێی هەوا ئەو بارستە هەڵمە ئاوەی كە لەهەوادایە پەستانی هەوا كەم دەكاتەوە, هەوایەكی گەرم و شێدار چڕی و پەستانەكەی نزمترە لەهەوایەكی گەرم و وشك, هەرچەندە بارستەی هەڵمی ئاو لەهەوادا زیاد بكات پەستانی بارستەی هەوای شێدار لەبارستەی هەوایەكی وشك كەمترە, كاتێك هەڵمی ئاو (كەسوكە) شوێنی هەوای وشك (قورسترە) دەگرێتەوە كێشی هەواكەی كەم دەكات و پاشان پەستانی هەواكەشی كەم دەكات.

## نەخشەی ژمارە (٥)

## ڕێژەی ساڵانەی شێ لە هەرێمی کوردستان




## ٢٥- خاك

خاك بریتیە لەچینێك یان ڕوویەکی ناسکی پەرش و بڵاو کەڕووی توێکڵی زەوی دادەپۆشێت و ئەستوریەکەی لەنێوان چەند ساتیمەترێك بۆ چەند مەترێك دەبێت, کە لەئەنجامی کارلێکی فاکتەرە کەشیەکانەوە لەگەڵ پێکهاتەی جیۆلۆجی بەرد و کانزاکان و پاشماوەی ئاژەڵ و جۆری ڕووەکە سروشتیەکانەوە دروست بووە؟

خاکیش یان ئەوەیە ناوچەیی دەبێت یان گوازراوە دەبێت جۆری یەکەمیش لەخاك بەهۆی ورد و خاش بوونی بەردە ناوچەییەکانەوە دروست بووە وەك خاکە قسڵیی یان لمینەکان.

بەڵام خاکی گوێزراوە هەوا هەڵدەگرێت بۆ شوێنە دوورەکان بەهۆی کردارە جۆراجۆرەکانی گواستنەوەوە لەڕێگەی ڕوبارەکان یان باکان یان سەهۆڵەوە وەك خاکی لویسی گوێزراوە لەڕێگەی با یان خاکی لافاویی بەهۆی ڕوبارەکانەوە.

## گرنگیەکەی

١- خاك بەیەكێك لەدەرامەتە سروشتەكان ئەژماردەكرێت, كەچالاكی ئابوری لەسەر وەستاوە, چونكە هەموو چالاكە ئابوریە جۆربەجۆرەكان چ چالاكی پیشەسازی یان كشتوكاڵ یان بازرگانی یان گواستنەوە .... هتد, پێویستیان بە خاك هەیە و بەهۆیەوە دەتوانن چالاكیەكانیان ئەنجام بدەن, بۆ نمونە چالاكی كشتوكاڵی پێویستی بەخاڵێكی بەپیت هەیە لەگەڵ ئاو پێداویستی یەكانی تردا بۆ ئەوەی بڕی بەرهەمی زیاتربێت, هەربۆیە ئەو خاكەی بڕی بەرهەمی زیاتربێت ئەوا بەخاكێكی پێگەیشتو و بەپیت ئەژماردەكرێت و سەرچاوەی لایەنی ئابوری پێدابین دەكرێت, بەهەمان شێواز جیاوازی بەكارهێنانی خاك لە بوارە جۆربەجۆرەكانی چالاكی تردا كەڕاستەوخۆ وەستاوە سەر باش و خراپی خاك بۆ ئەو چالاكیانە, كەواتە دەردەكەوێت بەبێ خاك چالاكیە ئابوریەكان توشی گرفت و كێشە دەبن یان هەر بەتەواوی دەوەستن, هەربۆیە خاك و چالاكیە ئابوریەكان پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆیان هەیە بەیەكەوە.

٢- خاك بەڕەگەزێكی سەرەكی دادەنرێت لەڕەگەزەكانی بەرهەم هێنانی كشتوكاڵ و دارودرەخت, چونكە ناكرێت كشتوكاڵ بكرێت یان دارودرەخت لەسەری بەردی ڕووتی بێ خاك گەشە بكات, بەڵكو دەبێت خاك هەبێت بۆ گەشەی ڕووەك و دارودرەخت و كشتوكاڵ, بەشێوەیەك جۆری خاك ئەو جۆرە ڕووەكە دیاری دەكات كە گونجاوە بۆ سەوزبوون و گەشەكردنی ئیتر بەهۆی زۆر و كەمی ڕێژەی لم یان قوم بێت یان بەهۆی زۆر و كەمی ڕێژەی تفتی و ترشی خاك بێت كەڕاستەخۆ كاریگەریان هەیە لەسەر جۆری ڕووەكەكە لەو ناوچانەدا, بۆ نمونە لە هەر كەم و زیادەیەك كەلە بڕی ترشی و تفتی خاكدا ڕوبدات ئەوا گۆڕانكاری لەجۆری كشتوكاڵدا دەكات, بەشێوەیەكی گشتی خاكی هاوسەنگ بۆ كشتوكاڵ پێكهاتووە لە (٧) هایدرۆجین, كەبۆ زۆر جۆر لەكشتوكاڵ لەبارە بەتایبەت گەنم, بەڵام ئەگەر ئەم ڕێژەیە لە (٧) زیاتر بوو ئەوا توشی ترشێتی خاك دەبێت بۆ زۆربەی ڕووەكەكان دەست نادات و یارمەتی گەشە و سەوزبونیان نادات, هەروەها بەپێی پێكهاتەكانیشیان دەگۆڕێت ئەو ناوچانەی كەزیاتر خاكەكەیان لمینە ئەوا بەخاكێكی باش دادەنرێت بۆ سەوزەوات لەبەرامبەر خاكەكانی تردا, بەوەش نەك تەنها بەپیتی و بێ پیتیەكەی كاردەكاتە سەر پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی دانیشتوان لەجل و بەرگ و خۆراك و پەناگە و ماڵ, بەڵكو لەسەر جۆری خۆراك و

پۆشاك و جلوبەرگیش.

٣- جۆری خاك كار لەزوقم دەكات لەڕووی توانایەوە لەسەر پارێزگاری كردن لەئاو، وە ڕوودانی زوقم لە خاكێكی لیمنی كێلراو زیاد دەبێت كەتوانای پارێزگاری كردنی لەئاو لاواز بێت، بەڵام لەخاكی قوڕینی قورس ڕووادنی كەم دەبێت.

٤- خاك بەیەكێك لەبنەما سروشتیە گرنگەكانی پیشەسازی دادەنرێت، چونكە بەبێ بوونی خاك ناتوانێت پیشەسازی دابمەزرێت، پیشەسازی بەپێی پێویستیان بۆ بونی خاك جیاوازە بەجۆرێك هەندێ لە پیشەسازیە گەورەكان پێویستیان بەزەویەكی فراوان هەیە، بەڵام پیشەسازیە بچوكەكان ڕوبەری زەویان كەمترە، كەواتە خاك بە خاكێكی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ دامەزراندنی پیشەسازی لەهەرناوچەیەكدا بێت.

٥- هەروەها بەهەمان شێوەی پیشەسازی پیشەی كانزاكاری پێویستی بەخاك هەیە بۆ پوختەكردن و گواستنەوەی بۆ شوێنی بەكارهێنانی، بۆیە خاك بەبنەمایەكی سروشتی گرنگ دادەنرێت لەچالاكی كانزاكاریدا، ئەم هۆیە دەورێكی دیار و بنەڕەتی لەبەرهەم هێنانی كانزادا دەبینێت، كانزا هەیە بەباشی خاكەكەی جیادەكرێتەوە بەجۆرێك لەبارە بۆ گواستنەوە و كۆبۆنەوەی دانیشتوان و نزیكی لەمەڵبەندەكانی چالاكی پیشەسازییەوە.

٦- خاك بەیەكێك لەبنەماكانی دامەزراندنی دەوڵەت دادەنرێت، ئەو دەوڵەتەی كە لە جیهاندا سەربەخۆی وەردەگرێت پێویستە سنورێكی دیاری كراوی هەبێت و لەسەر خاكێكی دیاری كراودا بژین.

٧- خاك بەگرنگترین هۆكار دادەنرێت بۆ نیشتەجێ بوون بەتایبەت نیشتەجێ بوونی لادێكان، بەتایبەت ئەو خاكانەی كە بەپیت و بەرەكەتن بەزۆری لادێ نیشینەكانی تێدایە و قەبارەیان زۆر دەكات، بۆ نمونە ناوچە دەشتە نیشتووەكانی عێراق لەگەڵ ناوچە خاكە بە پیتەكانی یابان، بەپێچەوانەشەوە كەمی ژمارەی لادێ نشینەكان و بچوكی قەبارەیان لە ناوچە گەچ و بەردینەكان و لماویەكان هەروەكو گردەكانی ڕۆژئاوا لە عێراقدا، لێرەوە دەردەكەوێت خاكی خراپ و ناوچەی بیابانی قەبارەی گوندنشین و ژمارەی گوندنیشینی تێدا كەمە، وەك لاوازی چڕی دانیشتوان لە (بنبرسكا)دا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئەو خاكە لماویەی كە هەیەتی، بەڵام بەپێچەوانەوە خاكی بەپیت چڕی دانیشتوانی تێدا زۆرە. وەك ناوچە لادێیەكانی كوردستان بەتایبەت لە سلێمانی.

## خشتەی ژمارە (٧)

### جۆری خاك و سیفەتەکانیان

| جۆری خاك | ڕێژەکەی | نمونەکەی | گرنگیەکەی |
|---|---|---|---|
| سور | ١٧,٥ | لە حەوزی ئەمازۆن و باشوری ڕۆژهەلاتی بەرازیل و ناوەڕاستی ئەفریقا. | ١- هۆکارە بۆ نیشتەجێ بوونی لادێیەکان.<br>٢- هۆکارێکە بۆ دامەزراندن و بەهێزبوونی دەوڵەت.<br>٣- بە بنەمایەکی گرنگی کانزاکاری دادەنرێت.<br>٤- خاڵێکی بنەڕەتی دامەزراندنی پیشەسازییەکانە.<br>٥- توانای پارێزگاری کردنی ئاوی هەیە بە پێی جۆری خاکەکە.<br>٦- هۆکارە بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و داردرەخت.<br>٧- چالاکی ئابورییەکانی لە سەر وەك (گواستنەوە و بازرگانی و ..... هتد). |
| پۆدزل | ٩,٢ | باکوری ئەوروپا و ئەمریکای باکور و ڕۆژهەلاتی ئاسیا لە ولاتای (کۆریا و چین و یابان). | |
| تەندرا | ٤ | بەسەر پانتایە فراوانەکانی ناوچە جەمسەرییەکاندا و لەسەر لوتکەی بەرزاییەکاندا بلاوبووەتەوە. | |
| چرۆنزم | ٥,٢ | لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا. | |
| پەراری | ٣,٥ | لە ناوەڕاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژهەلاتی ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیادا. | |
| سێپسی قاوەیی | ٨,٩ | سودان لە ئەفریقا و بیابانی کلهاری لە باشوری ئەفریقا. | |
| لافاوی نیشتوو | ٣,٩ | دۆلی نیل و دەلتاکەی لە میصر و سودان. | |
| خۆڵەمێشی | ٩,٤ | بانی کۆلۆمبیا و باکوری ڕۆژئاوای دکن و باکوری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بانی ئەسوبیا لە ئەفریقا. | |
| بیابانی | ٧,٨ | لە بیابانەکانی هێلەکانی ناوەڕاست و خولگەی بلاوبووتەوە. | |
| کەستەنائی | ٨,٩ | هەرێمی کوردستان. | |

## ٢٦- خاڵە گرنگە جیاکەرەوەکانی کوردستان و عێراق

ا- عێراق: یەکێکە لەو وڵاتە عەرەبیانەی کەدەکەونە سەر کەنداوی عەرەبی و بڕێکی ئێجگار زۆر نەوتی هەیە و ئەندامە لە ڕێکخراوی ئۆپیك, ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٤٣٨,٣١٧) کیلۆمەتر چوارگۆشە, دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٢٦- ٣٧)ی باکوری هێڵی یەکسانی و هەردوو هێڵی درێژی (٣٨- ٤٨)ی ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینجەوە, درێژییەکەی لەباکور بۆ باشور واتە بەهەرێمی کوردستانیشەوەی دەگاتە نزیکەی (٩٢٥) کیلۆمەتر و پانیەکەشی دەگاتە (٩٥٠) کیلۆمەتر ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات, ئەم شوێنە بە شێوەیەکی گشتی بەشوێنگەی گواستنەوەی ئاووهەوای بیابانی گەرم و ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست دەناسرێتەوە, هەروەها بەرزونزمیەکەی زیاتر خۆی لە دوو ناوچەدا دەبینێتەوە ئەوانیش (دەشتی نیشتەنی و بانی ڕۆژئاوا), خاکەکەشی ڕێژەی خوێی تێدا بەرزە و بەکەمی سودی لێ وەردەگیرێت بۆ کشتوکاڵ.

ب- کوردستان: یەکێکە لەهەرێمەکانی عێراق و ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (٨٧٣١٧) کیلۆمەتر چوارگۆشە کەدەگاتە نزیکەی لە (١٩,٦٪)ی خاکی عێراق, زۆربەی ناوچەکانی شاخاوی و نیمچە شاخاوین ئەویش کۆکراوەتەوە لەدوو ناوچە وەك (ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی) و بەرزیەکەشیان لەنێوان (٢٠٠م- ٣٦٠٠م) لەئاستی ڕوی دەریاوە, ئاووهەواکەی بە شێوەیەکی گشتی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە واتە (بەرزی پلەی گەرمی لەهاوین و نزمی پلەی گەرمی و ڕێژەی بارانی زۆر لەزستاندا), بەخاکێکی زۆر بەپیت دادەنرێت بۆ کشتوکاڵ وەك دەشتەکانی شارەزوور و بتوێن کە بەناوبانگترین دەشتەکانی جیهان ئەژماردەکرێت, هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٣- ٣٧)ی باکوری هێڵی یەکسانی و هەردوو هێڵی درێژی (٤١- ٤٦)ی ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینج.

## خاڵە جیاکەرەوە گرنگەکان

١- لە ڕووی جیۆلۆجیەوە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازەکانی لە ناوچەکانی تری ناوەڕاست و باشوری عێراق, بە جۆرێك لە بەرامبەر ناوچەکانی عێراقدا تاکە هەرێمە پێچاوپێچی تێدابێت و پێچەکانیشی لە ئاڵۆزەوە دەست پێ دەکات بۆ

سادە واتە هەموو جۆرە بەرزونزمیەکی تێدا بەدی دەکرێت کە لەناوچەکانی تری عێراقدا نیە.

٢- هەرێمی کوردستان لەڕووی ئاووهەواوە بەتایبەت پلەی گەرمی و بارانەوە جیاوازیەکی زۆری لە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق لەهەرێمی کوردستان ڕێژەی باران بارین زۆر زیاترە لەناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق, لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی باران بارین لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە لە هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ناوچەکانی تری عێراق, بە جۆرێك کە بڕی باران بارین لە (٢٥٠- ٣٠٠)ملم لە ناوچەکانی خانەقین و کەلار دەست پێ دەکات بۆ بەرزترین ڕێژەی باران بارین لەناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەلاتی بەتایبەت لەپێنجوێن بۆ (١٢٠٠- ١٣٠٠)ملم لە ساڵێکدا.

بەلام ئەگەر سەیری ناوچەی باشور و ناوەڕاستی عێراق بکەین دەبینێت ڕێژەی باران بارین بەگشتی لە (٣٥٠)ملم کەمترە, بەمەش جیاوازیەکی زۆر دەردەکەوێت دابارین بەتایبەت باران, هەروەها ڕێژەی بەفر بارین لەهەرێمدا بەڕێژەیەکی باش و دەبارێت لەوەرزی زستان بەتایبەت ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەلات و ناوچە شاخاوییە بەرزەکان کۆبونەوە لەسەری بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە هەندێ ساڵ دەگاتە نزیکەی (٧) مانگ بە تایبەت لەناوچەی چیا بەرزەکان, هەندێ جاریش ڕێژەکەی (١٠٠)سم تێ دەپەڕێت وەك ئەوەی کە لە مانگی (کانونی دووەمی)ی (٢٠١٣)دا لە (حاجی ئۆمەران) باری و گەیشتە زیاتر لە (١٥٠)سم بەفر, بەلام لە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق دیمەنێکی زۆر جیاوازترە بەجۆرێك ڕێژەی بەفر زۆر کەم و دەگمەنە لە ساڵێکدا ئەگەر یەك جار بەفر ببارێت یان هەندێ جار دەگاتە (٣-٤) ساڵ جارێك ئینجا یەك بەفر دەبارێت لە ناوچەکانی ناوەڕاست کە بەدیاردەیەکی زۆر نامۆ سەیر دەکرێت و خۆشی ڕوو دەکاتە هاولاتیان ئەگەر ببارێت, بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی باران بارین لە (٥٠- ٣٥٠)ملمە.

بەهەمان شێوەش پلەی گەرمی جیاوازەیەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت, لەهەرێمی کوردستان شێوەی دابارین و پلەی گەرمی جیاوازە, بەجۆرێك هەتا بەرەو باکور و باکوری ڕۆژهەلات بڕۆین پلەی گەرمی کەم دەکات هەتا دەگاتە ژێر پلەی سفری سەدی لەناوچە شاخاوییەکاندا, لەوەرزی هاویندا بەرزترین پلەی گەرمی لە (خانەقین) تۆماردەکرێت کە دەگاتە نزیکەی (٥٠) پلەی سەدی, ئەم پلەیەش لەناوچەکانی تری کوردستان کەم دەکات و جیاوازی تێ دەکەوێت و هەتا بەرەو

باکور و باکور و ڕۆژهەلات بڕۆین پلەی گەرمی دادەبەزێت بە تایبەت ناوچە شاخاوییەکان لەوەرزی زستاندا نزیکەی چەند هەفتەیەك بەبەردەوامی پلەی گەرمی لەژێر سفردایە وەك ناوچەکانی قەندیل و هەورامان و پێنجوێن کەکاریگەری خراپی هەیە لەسەر چالاکیەکانی مرۆڤ, بەلام بەشێوەیەکی گشتی پلەی گەرمی لەزستاندا لە نێوان (٥- ١٥) پلەی سەدیدایە.

بەلام ئەگەر سەیری ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بکەین دەبینین بەشێوەیەکی گشتی پلەی گەرمی (٥٠) پلەی سەدییە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایدا بەهۆی گۆڕانکاری ئاووهەوایەکان و کەم بونەوەی بڕی دابارین, هەروەها پلەی گەرمیش لە وەرزە زستاندا زۆر بە دەگمەن دەگاتە پلەی سفری سەدی, بەلام لە بەرامبەر وەرزی هاویندا بە شێوەکی بەرچاو دادەبەزێت و هەندێ جا دەگاتە (٥- ١٠)پلەی سەدی.

٣- هەروەها بەرزونزمی بە خاڵێکی گرنگی دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لەناوچەی باشور و ناوەڕاستی عێراق, لە هەرێمدا هەموو جۆرەکانی بەرزونزمی دەبینرێت هەر لەچیا بەرزەکانەوە بۆ ناوچە نیمچە بەرزەکان و پاشان بۆ ناوچەی پێ دەشتەکان و پاشان بۆ ناوچە دەشتاییەکانی وەك دەشتی هەولێر و بان و گردەکانی حەمرین لەباشوری ڕۆژئاوا بە جیاکەرەوەیەکی گرنگی نێوان هەرێمی کوردستان وعێراق دادەنرێت, چونکە ئەگەر لەحەمرین بەرەو ناوچەکانی خوارو بڕۆین ئەوا بەرزونزمی نامێنێت و هەموو وەك بیابانیەکی تەخت و گەرم دێتە پێش چاو, بەلام بەپێچەوانەوە ئەو ناوچانەی کەدەکەونە هەرێمی کوردستان کە ئێستا بە(ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم) ناسراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە, هەتا بەرەو باکور واتە هەرێمی کوردستان بڕۆین بەرزونزمی زیاتردەکات, هەرێمی کوردستان لەبەرزی (٣٦٠٠)مەتر دەست پێ دەکات تا (٢٥٠) مەتر لەبەرزاییەکانی حەمرین لەسنوری نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان.

بەلام ناوچەکانی باشور و ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی تەخت و بەرزونزمی زۆر بەکەمی تێدا دەردەکەوێت, بەشێوەیەك هەموو بەناوچەیەکی بیابانی وشك و گەرم داپۆشراوە, هیچ جۆرە بەرزاییەکی تێدا نابینرێت کەزیاتربێت لە (٢٥٠)مەتر لەئاستی ڕوی دەریاوە, ئەمەش بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەعێراقی عەرەبی جیادەکاتەوە.

٤- هەروەها خاڵێکی تری جیاوازی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان بریتیە

لەجیاوازی لەڕووەکی سروشتیدا, لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان چەندین جۆر ڕووەکی سروشتی دەردەکەوێت, ئەمەش بەهۆی جۆراوجۆری ئاووهەوا و بەرزونزمی جیاوازی زۆری دەرامەتی ئاو کەوای کردووە هەمە جۆرە ڕووەك لەم ناوچانەدا سەوزبێت و گەشە بکات, بەجۆرێك ڕووەکی سروشتی لەناوچە شاخاوییەکان جیاوازە لەناوچە دەشتای و لێوار چەم و ڕووبارەکان, کەزۆربەیان لەڕووی خۆش بوونی ئاووهەوای و دەرامەتی ئابوری جۆربەجۆرەکان سود لێ وەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێت, لەناوچە شاخاوییەکان ڕووەکی (بەڕو و قەزوان) دەردەکەوێت و لەناوچە دەشتایەکانیش (هەنار, بەلەك, توو ..... هتد) دەردەکەوێت و لەلێوار و چەم و ڕووبارەکانیش (بی) و چەندین ڕووەکی دەردەکەون.

بەڵام لەناوچەکانی تری عێراق (باشور و ناوەڕاست) ئەم جۆراوجۆری ڕووەکی بەدی ناکرێت چونکە ئەو بارەی لەکوردستان گونجاوە بۆ ئەم ڕووەکانە لەڕوی (ئاووهەوا و خاك وبەرزونزمی) لەناوچەکانی تری عێراقدا نەڕەخساوە, بۆیە لەم ناوچانەدا ڕووەکی سروشتی لەبەرامبەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان زۆر کەم و دەگمەنە و تەنها چەند ڕووەکێکی بیابانی وشکی تێدایە وەك حوشتر خۆرە.

٥- هەروەها جیاوازییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت لە ڕووی هەرێمەکانی ئاووهەواوە, هەرێمی کوردستان لەچەندین جۆر هەرێمی ئاووهەوای پێکهاتووە وەك ( هەرێمی دەریای ناوەڕاست و نیمچە بیابانی).

بەڵام لەناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق زیاتر هەرێمی ئاووهەوای بیابانیە کە بە (بەرزی پلەی گەرمی و کەم باران )ی ناسراوە.

٦- خۆشی ئاووهەوای لەهەرێمی کوردستان بەهۆی جیاوازی ناوچە بەرزنزمیەکان و زۆری ڕێژەی دابارین کە وای کردووە ئاووهەوا یەکی لەبارو گونجاو بێتەکایەوە کە لەباربێت بۆ تەندروستی مرۆڤ, هەرچەندە جیاوازی تێدا دەردەکەوێت لەنێوان وەرزی هاوین و زستاندا.

بەڵام لەناوچەکانی باشور و ناوەڕاست پلەی گەرمی بەرزە و ڕێژەی دابارین کەمە, بەمەش ئاووهەوایەکی وشك و گەرم سەرهەڵدەدات لەزۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ کەڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر بێزاربوونی مرۆڤ و کەم کردنەوەی چالاکیەکانیان بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی و وشکی و کەم ئاوی, هەروەها دیاردەی خۆڵ بارین لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق لەزۆربەی ڕۆژەکانی ساڵدا بە تایبەت لەوەرزی هاویندا, ئەمەش بە هەمان شێوە کاریگەری خراپی لەسەر

تەندروستی مرۆڤ بەجێ دەهێڵێت, لەم چەند ساڵەی دوایدا هەرێمی کوردستان ئەم دیاردە بەشێوەیەکی فراوان سەری هەڵداوە, هۆکارەکەی زیادبوونی دیاردەی بە بیابان بوون و چەندین هۆکاری تری مرۆی, بەڵام هێشتا کەمترە وەك لەناوچەکانی باشور و ناوەڕاست.

٧- هەروەها بوونی چەندین جۆر لەدەرامەتی ئاوی وەك (ئاوی سەر زەوی, ئاوی ژێر زەوی, دابارین) لە هەرێمی کوردستان, ئەمەش وای کردووە بەئاسانی لەناوچەکانی تری عێراق جیا بکرێتەوە, هەروەها لە هەرێمی کوردستان چەندین تاڤگە هەیە وەك (ئەحمەدئاوا, گەلی عەلی بەگ), لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بەست و بەنداوی تێدایە وەك (دوکان, دەربەندیخان), هەروەها بوونی هەزارەها کانی و کارێز و بیر کە خۆیان لەئاوی ژێر زەویدا دەبیننەوە.

بەڵام ئەگەر سەیری باشور و ناوەڕاستی عێراق بکەین ئەوا جیاوازیەکی زۆر لەڕووی دەرامەتی ئاوییەوە دەردەکەوێت, چونکە لەڕووی ئاوی ژێر زەویەوە لاوازە ئەگەر هەشبێت ئەوا توشی شۆرەکات بووە لەهەمان کاتدا ئاوی سەر زەوی دیاری کراوە کەخۆی دەبینێتەوە لەهەردوو ڕوباری دیجلە و فورات, هەروەها تاڤگە و هیچ دیمەنێکی سروشتی جوانی ئاوی تێدانیە وەك هەرێمی کوردستان چونکە ڕێژەی باران کەمە, هەروەها کانی و کارێزی تێدایە نی یە, جگە لەوەش بڕێکی زۆر لەئاوەکەی توشی شۆرەکات دەبێت, بەمەش دەتوانین بەئاسانی ئەم ناوچەیە لەیەك جیابکەیتەوە.

٨- گەشتوگوزار بەخاڵێکی گرنگی جیاکەرەوەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی عەرەبی دادەنرێت, چونکە لەهەرێمی کوردستان چەندین دیاردەی ناوازە هەیە کە گەشتوگوزاری تێدا بەشێوەیەکی باش پێش کەوتووە و گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێ دەکات وەك بوونی ئاووهەوای جۆراوجۆر و چەندین دیاردەی ناوازە.وەك (ئەشکەوت, تاڤگە, بارینی بەفر ... هتد) کەگەشتیارێکی زۆر بەهۆی ئەم دیاردە ناوازانەوە ڕووی تێ دەکەن, هەروەها بوونی زۆری ڕووەکی سروشتی و گیانلەبەری جۆراوجۆر لەناوچە چیاکان, هەروەها دەرامەتێکی زۆر ئاو کەسەرچاوەیەکی باشە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار, هەروەها بە هۆی خۆشی ئاووهەواوە بەتایبەت نزمی پلەی گەرمی لەناوچە گەشتیاریەکان لەوەرزی هاویندا وای کردووە ڕێژەیەکی زۆر گەشتیاری عەرەب لەناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراقەوە ڕوی تێ بکەن.

بەڵام لەناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق لەڕووی گەشتوگوزارەوە لەبارو

گونجاو نیە بۆ گەشتیاران, ئەمەش بەهۆی نەبونی ئەو هۆکارانەی کە لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد, چونکە ناوچەکەیەکی وشك و گەرم و کەم ڕووك و کەم ئاوە و دیاردەی خۆڵ بارین و باران کەم وای کردووە هەلی لەبار بۆ گەشتوگوزارەوە نەڕەخسێت.

٩- هەروەها لەڕوی مرۆییەوە لەهەرێمی کوردستان چەندین جیاوازی تێدا بەڕوونی دەردەکەوێت لەگەڵ باشور و ناوەڕاستی عێراقدا وەك بوونی چەندین نەتەوەی جیاواز لەپاڵ نەتەوەی کوردا لەوانە (عەرەب, تورك,کلدان, ئاشور) لەکاتێکدا کە کورد ڕێژەیەکی زۆری پێکهێناوە , لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مەزهەبی تێدا گرنگترینیان وەك (شیعە و سون)ە, هەروەها چەندین ئاینی تێدایە وەك (موسڵمان, کاکەی, یەزیدی, مەسیحی .. هتد).

بەڵام ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبن و موسڵمانن و لە مەزهەبی (شیعە و سون)ە پێکهاتوون, لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی عەرەبن و بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن لەگەڵ بوونی چەندین نەتەوەی بچوك کە ڕێژەیان زۆرکەمە.

١٠- یەکێك لە سیفەتە گرنگەکانی خاکی هەرێمی کوردستان کە لە ناوچەی خوار و ناوەڕاستی عێراق جیا دەکاتەوە بەهۆی کەمی ڕێژەی خوێ تێیدا, ئەمەش وادەکات کە ناوچەی ناوەڕاست و خواروی عێراق بە کەڵکی کشتوکاڵ و ڕووەکی سروشتی نەیەت چونکە ڕێژەیەکی بەرز خوێی تێدایە کەبوار بەگەشەسەندن و سەوزبونی ڕووەك نادات لەناوچەکەدا, بەپێچەوانەوە خاکی هەرێمی کوردستان ڕێژەی خوێی زۆر کەمە تەنها لەو ناوچانەدا نەبێت کەهاوسنورن لەگەڵ عێراقدا (ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی هەرێم) کە ڕێژەی خوێی تێدا تاڕادەیەك بەرزە لەبەرامبەر ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان, بۆیە هەتا بەرەو باکور و باکوری ڕۆژهەڵات بڕۆین ڕێژەی خوێ کەم دەکات, لەبەرئەمەشە هەمە جۆرە ڕووەك و کشتوکاڵی تێدا سەرکەوتوو دەبێت بەپێی ڕێژەی باران بارین, کەواتە سیفەتی کەم خوێ یەکێکە لەخاڵە گرنگەکانی خاکی هەرێمی کوردستان.

## خشتەی ژمارە (٨)

## جیاوازی نێوان کوردستان و عێراق

| کوردستان | عێراق |
|---|---|
| ١- بە ناوچەی پێچاوپێچی زۆر ناسراوە لە ڕووی جیۆلۆجیەوە، کە لە ئالۆزەوە دەست پێ دەکات تا سادە. | ١- بەڵام ناوچەکانی باشور و ناوەڕاست زیاتر شێوەی سادەی وەرگرتووە. |
| ٢- ئاووهەواکەی خۆشە و پلەی گەرمی زۆربەرزنابێتەوە بە دەگمەن دەگاتە (٥٠) لە وەرزی هاویندا، ڕێژەی باران بارینیش زۆرە و دەگاتە ١٣٥٠ ملم لە پێنجوێن. | ٢- ئاووهەواکی گەرم و وشکە و پلەی گەرمی زۆربەرزە، بە جۆرێك دەگاتە نزیکەی (٥٠) پلەی سەدی لە زۆربەی ناوچەکانیدا. هەروەها بەرزترین ڕێژەی باران بارینی دەگاتە نزیکەی (٢٥٠)ملم. |
| ٣- ئاووهەواکەی دەریای ناوەڕاستە. | ٣- ئاووهەواکەی بیابانیە. |
| ٤- هەمە جۆرە بەرز و نزمی تێدا دەردەکەوێت و بەدوو ناوچە ناسراوە (ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی) لە (٢٥٠)م دەست پێ دەکات بۆ (٣٦٠٠)م. | ٤- بەشێوەیەکی گشتی تەخت و بەرزونزمی کەمە، بە جۆرێك بەرزاییەکەی لە(٢٥٠)م کەمتر نیە، بە دوو ناوچە ناسراوە (دەشتی نیشتەنی و بانی ڕۆژئاوا) |
| ٥- جۆراوجۆری ڕووەکی سروشتی وەك ڕووەکی شاخاوی و دەشتایی و لێوار چەم و ڕوبارەکان. | ٥- ڕووەکی سروشتی تێدا کەمە، بە جۆرێك تەنها ڕووەکی بیابانی تێدا دەردەکەوێت. |
| ٦- ناوچەیەکی گونجاو و لەبارە بۆ گەشتوگوزار، بەهۆی بوونی ڕووەکی سروشتی و ئاووهەوای خۆش و دەرامەتی ئاوی زۆر و گیانلەبەری کێوی. | ٦- لە بارنیە بۆ گەشتوگوزار، چونکە ئەو هۆکارانەی تێدا نیە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. |
| ٧- لە ڕووی مرۆیەوە بونی چەندین نەتەوە و دینی جیاواز لە هەرێمدا | ٧- بەڵام ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی زۆربەی ئاینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە و نەتەوەی عەرەبن. |
| ٨- خاکی هەرێمی کوردستان ڕێژەی خوێی تێدا کەمە بۆیە بە کەڵکی کشتوکاڵ دێت. | ٨- خاکی ناوەڕاست و باشوری عێراق بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت بەهۆی زۆری ڕێژەی خوێ تێیدا. |

## ٢٧- شوێنی جوگرافیای مەککە

مەکە یەکێکە لەشارە گرنگ و پیرۆزەکانی وڵاتی سعودییە و دەکەوێتە ناوەندی ئەو وڵاتەوە, لەگەڵ ئەوەی ناوەندی وڵاتی سعودییە لە هەمان کاتیشدا بە ناوەندی جیهانیش دادەنرێت بەهۆی ئەو توێژینەوانەی کەزانا موسڵمانەکان و ئەورپیەکان کردویان و ئەمەیان بەتەواوی بۆ ڕوون بووەتەوە, بە بەکارهێنانی هەریەکە لە بەرنامەکانی (گۆگڵ ئێرس و سیبلا لاکاتۆر) دەتوانرێت ماوەی نێوان مەککەی پیرۆز و ناوچەکانی دەوروبەری دیاری بکەین, زانایان و لێ کۆڵەرانی ئەم بوارە بوون بەدوو بەشەوە سەبارە بەناوەندنی بوونی مەکە, بە شێکیان پشتگیری خۆیان بۆ (د. حسین کمال الدین) دەربڕی کە وتبوی مەکە ناوەندی زەوی, بەشێکی تریان دژایەتیان کرد, ئەویش لەبەرئەوەی بەپێوەرێکی زانستیانەی وورد نەسەلمێنرابوو, لەبەرئەوە هەندێك لە زانایانی موسڵمانی سەردەمی نوێ هەوڵیاندا بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم زانستە, چەند لێ کۆڵینەوەیەکیان ئەنجام دا, لە ناویاندا (د. مسلم شلتوت) بوو ئەویش لەڕێگە بەکارهێنانی پرۆگرامێکی کۆمپیتەری بۆ سەلماندنی ناوەندنی بوونی مەکەی پیرۆز لەوشکانی گۆی زەوی, لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەسورەتی (النعام) لەئایەتی (٩٢)دا بە (ام القری) ناوی بردووە واتە مەکە ناوەندی زەوییە, ئەمەش هەموو ئەو بیروبۆچونە نا ڕاستە کەدەوترا لەسەر ناوەندی بوونی بەدۆردەخاتەوە و بە ناوەندی گۆی زەوی دادەنێت کەئێستا زانستی تازە گەیشتۆتە ئەو ڕاستە.

### گرنگیەکەی

١- بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە سەلمێنرا مەکە ناوەندی زەوییە, بۆیە چەندین گرنگی لێ دەرکەوت وەك ئەوەی کەهێڵی کاتژمێری جیهانی پێویستە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆزبێت نەوەك هێڵی (گرینج).

زانراوە کەهێڵی گرینتش هەڵبژێردرا بەهێڵی کاتژمێری بنچینەی بۆ ئەژمارکردنی کات لەساڵی (١٨٨٢)ز, لەکۆتای سەدەی نۆزدەهەمدا, ئەو کاتەی کە ئینگلتەرا ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو کەخۆری تیائاوا نەدەبوو, لەبەرئەوەی ئەم هێڵە تێپەڕدەبێت بەنزیکی پایتەختی بەریتانیا (لەندەن), هەروەها نیشانەیەکی دەستکرد دانرا لەشوێنی ئەم هێڵە بە بەکارهێنانی شریتی کانزایی لەسەر زەوی کە

شوێنی تێپەڕبونی هێڵەکە دیاری دەکات.

هەڵبژاردنی هێڵی گرینتش هیچ گرنگیەکی زانستی و لۆژیکی نیە لەسەر هێڵەکانی درێژی لەبەرئەوە لۆژیك لەوەدایە کە هێڵی درێژی بنچینەیی ئەو هێڵەبێت کە بەو شوێنەدا تێپەڕدەبێت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی سنوری وشکانیەوە، واتە مەککەی پیرۆز.

٢- پیرۆزی شوێنی مەکە بێ هاوتا و نمونەییە کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ هیچ شوێن و شارێکی تر، هەروەکو چۆن قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردووە بە (ام القری)، هەروەها لێکۆڵینەوەکە چەند بەڵگەیەکی بەرجەستە ڕوون دەکاتەوە کەپەیوەستە بە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز کەدەتوانرێت لەڕێگەیەوە ئاراستەی باکور و باشوری ڕاستەقینە دەست نیشان دەکرێت، واتە ئەو هێڵەی دەکەوێتە نێوان هەردوو شاخی (صەفا و مەروە)، هەروەها تیرەی بنەڕەتی کەعبەی پیرۆز واتە(ئەو هێڵەی کە تێدەپەڕێت بە ڕوکنی یەمەن و عێراقدا)، هەروەها هێڵی نێوان مەککە و مەدینە، هەموو ئەم هێڵانە ئاماژە بەباکور و باشوری ڕاستەقینە دەکەن.

٣- هەروەها گرنگییان دا بەکێشانی ئاراستەی ئەو ڕێگایانەی کەبەرەو مەککە دەچن بۆ خزمەتی ئیسلام و ئاسانکاری موسڵمانان، لەبەرئەم هۆیە موسڵمانان گرنگیەکی زۆریاندا بەدیاری کردنی ئاراستەی ڕاستی ماڵی خوادا کە کەعبەیە و قیبلەی موسڵمانانە لەڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوای زەوی.

٤- هەروەها ئەم شوێنە گرنگی تایبەتی هەیە لەلایەن موسڵمانەکانەوە ئەویش بەدیاری کردنی قیبلە بۆ موسڵمانان کەگەیشتبوونە ئەوپەڕی چین و ئەوروپا، چونکە هەر لەڕێگەی ئەم شوێنە و نەخشە و ئاراستەکانی جەنگیان دیاری دەکرد.

٥- بەناوەندێکی بازرگانی جیهانی گرنگ دادەنرێت، چونکە شوێنێکی ستراتیجی گەورە و گرنگی هەیە بەوەی کەهەموو کیشوەرەکان لەم ناوچەیەدا یەکدەگرنەوە چ کیشوەرە کۆنەکانی جیهان بێت یان کیشوەرە نوێیەکان، بۆیە لە کۆن و ئێستاشدا بە پارەوێکی بازرگانی گرنگ ئەژمارکراوە بەتایبەت لەدەریای سوورەوە کە هاوسنوورە لەگەڵ ئەم دەریایەدا و بڕێکی ئێجگار زۆر شتومەك و نەوت بەمەبەستی بازرگانی پێدا دەڕوات.

٦- ناوکی زەوییەوە دەکەوێتە ناوەندی زەوی ئەمەش بەیەکێکە لەخاسیەتە باشەکانی دادەنرێت بۆ بازرگانی و گواستنەوە، چونکە دەتوانێت بەئاسانی پەیوەندی بکات بەناوچەکانی تری جیهانەوە و شتومەك بگوازێتەوە بۆ وڵاتانی تر،

یان بەپێچەوانەوە, ئەمەش گواستنەوە و بازرگانی ئاسان کردووە و وای کردووە بەڕێژەیەکی کەم پارە بڕێکی زۆر بگوازێتەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان ئەمەش بەڕوونی لەبازرگانی نەوتدا دەردەکەوێت, چونکە ناوچەیەکی سەنتەرە و دەتوانێت بە هەر چوار ئاراستەکەدا نەوت هەناردە بکات کە سەرچاوەیەکی ئابوری باشە بۆ وڵاتی سعودییە, هەروەها کەرەستە جۆربەجۆرەکانیش بە ئاسانی هاوردە دەکات بەمەش نرخی کەمی تێ دەچێت.

٧- ناوەندی ڕاکێشانی زەوییە و هەموو شتەکان بۆ ناوەندی زەوی کێش دەکات, بەمەش هاوسەنگی بۆ شتەکانی سەر زەوی دەگێڕێتەوە.

## ٢٨- نەوت

سوتەمەنیەکی شلە و لە ناو جەرگەی زەوی دەردەهێنرێت, ئەم گیراوەیە بەشێوەیەکی گشتی لەکۆی ماددە هایدرۆکاربۆنیەکان بەشێوەی سروشتی پێکهاتووە, نەوت لەدوو وشەی لاتینی پێکهاتووە یەکەمیان واتە تاوێرەو دووەمیشیان واتە چەوری بەگشتیش واتە چەوری تاوێرە, بەڵام بە مانا بازرگانیەکەی پێی دەوترێت نەوتی خاو یان زەیت, لەنێوان ئەمانەشدا مادەیەکی گازی دەردەچێت پێی دەڵێن گازی سروشتی, هەروەها چەند مادەیەکی تری هەیە کەپێیان دەوترێت (بیتومین, ئەسفەلت), هەروەها هایدرۆکاربۆن کەتێکەڵە لە گازەکانی (هایدرۆجین و کاربۆن), وەك لەخشتەی ژمارە (٩) ئاماژەی بۆ کراوە.

زانایان ڕایان جیاوازە دەربارەی بنچینەی دروست بوونی نەوت هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ سەر بنچینەی ئەندامی و هەندێکی تریان دەیگەڕێننەوە سەر بنچینەی نائەندامی , بەڵام بەڕای پەسەند و بڵاو ئەوەیە کەدروست بوونی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووەك و زیندەوەرانەی لەناوە گەرمەکاندا ملیۆنەها ساڵ لەمەوبەر ژیان و ماونەتەوە و بوون بە ژێر نیشتەنی لەبنی دەریا و زەریاکاندا و دووچاری پاڵەپەستۆیەکی زۆر و گەرمی بەرز هاتوون و ئەم مادانە گۆڕاون بۆ ئاوێتەیەکی هایدرۆکاربۆنی بەکارتێ کردنی جۆرەها بەکتریای ناهەوایی کۆن, ئەو مادە ئەندامیانە گۆڕان بۆ ماوەیەکی شل لەنەوت و ئاو و گاز.

## گرنگیەکەی

١- نەوت بەشمەکێکی ستراتیجی گرنگ دادەنرێت لەجیهاندا, چ لە کاتی ئاشتی و چ لەکاتی جەنگیدا بێت, بە هۆیەکیش لەهۆیە سەرەکیەکانی دووبەرەکی ئابوری و رامیاری ئەم جیهانەی ئێستامان دادەنرێت, لەمەشەوە هۆی هەڵپەی ئیمپریالیەتمان بۆ دەردەکەوێت کە بۆچی دەیەوێت نیشتمانی عەرەب بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە, چونکە خاوەنی نیوەی پاشەکەوتی نەوتی جیهان دەبن.

٢- بەسەرچاوەیەکی بنچینەیی وزە دادەنرێت, کە ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا پشتی پێ دەبەستن بۆ بەدەست هێنانی ووزە, ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

ا- ئەگەر بەدروستی بەکاربێت سوتەمەنیەکی خاوە.

ب- توانای دەرپەڕاندنی وزەی لەخەڵوز زیاترە.

ج- تێچونی گواستنەوەی بەبەراوورد لەگەڵ سوتەمەنی تر کەمتر بەتایبەت خەڵوز.

د- هۆکارەکانی گواستنەوەی زۆرە.

ه- بارکردن و داگرتنی ئاسانە.

هەربۆیە بەکارهێنانی وەك سوتەمەنی بەردەوام رووی لەزیادبوونە بە جۆرێك لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بەکارهێنانی بۆ سوتەمەنی گەیشتووەتە نزیکەی لە (٥٠٪) سوتەمەنیەکانی تری جیهان.

٣- بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ئابوری و دارایی هەندێ وڵاتی جیهان دادەنرێت بەتایبەت وڵاتانی کەنداوی وەك قەتەر و سعودییە و کویت و ئیمارات کە نزیکەی (٥٠٪) نەوتی جیهان دەکەوێتە کەنداوی عەرەب و وڵاتانی عەرەب, هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابوری کوردستان و عێراقیشە هەتا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەی لایەنی ئابوری وڵات, چونکە بەپێی راپۆرتێك کە وەزارەتی دارای عێراق لە مانگی (تشرینی دووەم)ی ساڵی (٢٠١٢) بڵاوی کردەوە لە (٩٣٪)ی داهاتی عێراق لەسەر نەوتە, بڕوا وایە ئەگەر نەوتی کەرکوك دەربهێنرێ بەدادپەوەری داهاتەکەی دابەش بکرێت دەتوانێ (٥٠) ملوێن کەس خۆش گوزەران بکرێت.

٤- لەگەڵ ئەوەشدا نەوت گرنگی یەکی زۆری هەیە و بەشداری دەکات لە سەرجەم چالاکیەکانی مرۆڤ و سود و قازانجێکی زۆری هەیە, هەربۆیە کاریگەری

زۆری بەسەر ئاسایشی و ولآت و پەیوەندییەکانەوە, چونکە زۆربەی جەنگەکەکان و ململانێکــان بــەهۆی نەوتــەوە ڕوودەدەن بەتایبــەت لەناوچــەکانی ڕۆژهــەلآتی ناوەڕاست, چونکە ئەم ناوچانە ڕێژەیەکی زۆر یەدەگی نەوتی تێدایە و یەکێك لەوانە ولآتی سعودییە کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە لەسەر ئاستی جیهان, وەك جەنگی عێراق و ئەمریکا لە ساڵی (١٩٩١), دواتر داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی(٢٠٠٣)دا.

٥- وەك کەرەستەیەکی خاو بەشداری گەلێك پیشەسازی دەکات وەك پیشەسازی کیمیاوی پترۆکیمیاوییە جیاوازەکان, وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکاردێت بۆ دروست بوونی ڕۆنی چەورکردن, سەرەڕای ئەوەش بەشداری پیشەسازی پەینی کیمیــاوی و داودەرمــانی پزشــیکی و پاکــەرەوە دەکــات, هــەروەها کەرەســتەی خۆراکیش دروست کرا کە پشت بەنەوت دەبەستێت بەهۆی دەرهێنانی پرۆتین لەهەندێ بەروبومی نەوت.

٦- هــەروەها وەك ســوتەمەنیەکی گــرنگ کــە لەبەرامبــەر سەرچاوەکانی تــری سوتەمەنی کەمتری تێ دەچێت , گرنگی ئەم سەرچاوەی ووزە لەکاتی جەنگ و ململانێکان دەردەکەوێت بەجۆرێك ئەگەر ولآتانەی کەبەرهەم هێنانی نەوتن, چونکە ڕێژەی بەرهــەم هێنانی کــەم دەکات, بەمــەش ووزە بۆ پیشەسازی کــەم دەکات و وادەکات پیشەسازیەکان توشی کێشە بن, بۆ نمونە لەساڵی (١٩٩٠)ز لە جەنگی کەنــداو کاتێك عێراق لەئابلوقەی ناردنە دەرەوەی نەوتدا بــوو, ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕێژەی ناردەنی نەوتی ڕۆژهەلآت بۆ ڕۆژئاوا کەم ببێتەوە, ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر قــەیرانی کــەمی ووزەی لەولآتــە پیشەسازیەکان, چونکە نــەوت وەك سەرچاوەی ووزە دادەنرێت بۆ پیشەسازیەکان, بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ڕێکخراوی ئۆپیك داوای لــەولآتانی تری ڕۆژهــەلآتی کرد کە ڕێژەی ناردنی نەوتی خۆیــان زیــاد بکــەن تاجێگــەی نــاردنی عێــراق بگرێتــەوە و ســوتەمەنی بــۆ پیشەسازیەکانی ولآتانی ئەوروپا و ئەمریکا و .... هتد دابین بکەن.

٧- ولآتــانی نــەوت چــەندین بەرهــەمی لێ دەســت دەکــەوێت گرنگترینیــان گــازە سوکەکانە کەبەکاردێت بۆ چێشت لێنان و خۆ گەرم کردنەوە و ڕوناکی.

٨- بەڕێژەیەکی بەرز بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات بەتایبەت لــەو ولآتانەی کەبەرهەم هێنانی نەوتیان تێدایە وەك ولآتانی عێراق و ئێران و قەتەر و سعودییە کە لەپێشتردا ئامارەمان بۆ کرد, بۆ نمونە سعودییە ڕۆژانە زیاتر لە (١٠) ملوێن

بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی نەوتی سعودییە کە لەکۆتایەکانی ساڵی (٢٠١٢) بلاْکرایەوە, لە هەمان کاتیشدا بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق کە لە مانگی (تشرینی دووەمی) ساڵی (٢٠١٢)دا بلاوی کردەوە کە ڕۆژانە وڵاتی عێراق نزیکەی (١,٥) یەك ملوێن و پێنج سەد هەزار بەرمیل ڕۆژانە دەنێرێتە دەرەوە, هەروەها وەزارەتی سامانەسروشتی یەکانی هەرێم لە ساڵی (٢٠١٢) بلاوی کردەوە کە ڕۆژانە نزیکەی (٤٥٠) هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە دەنێرێتە دەرەوە.

٩- هەروەها بەنزین کەپێی دەڵێن (گازوایل) بەکاردێت بۆ سوتەمەنی ئۆتۆمبێل و فرۆکە.

بەرهەمەکانی نەوتی پالاْوتە:

ا- گازە سوکەکان: بۆ چێشت لێنان و خۆ گەرم کردنەوە و ڕووناکی بەکاردێت.

ب- بەنزین(گازوایل): بۆ سوتەمەنی ئۆتۆمبیل و فرۆکەکان.

ج- نەوتی سپی: بۆ چێشت لێنان و گەرم کردنەوەی.

د- ڕۆنی گاز(گازۆیل): بۆ ئەو ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەرانە بەکاردێت دیزلیان هەیە.

و- نەوتی ڕەش: لە جیاتی ڕەژوو خەلوز بەکاردێت.

ه- ڕۆنی چەورکردن: بۆ چەورکردنی ئامێرەکانە تالێك نەخشێن پارچەکانی.

ز- (قیرش- نەسفلت) بۆ قیرتاوی شەقام و بناغەی خانووەکان بەکاردێت.

ی- ئەلکەهول: شلەیەکی بێ ڕەنگە زوو دەسوتێ, بۆ هەندێ چرا بەکاردێت.

**خشتەی ژمارە (٩)**


**خاسیەتەکانی نەوت**

| ڕەگەز | ڕێژە | گرنگیەکەی |
|---|---|---|
| کاربۆن | ٨٤- ٨٧ | ١- گرنگی ستراتیجی هەیە لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا.<br>٢- سەرچاوەیەکی سەرەکی سوتەمەنی یە.<br>٣- بە سەرچاوەیەکی ئابوری زۆر دەوڵەت دادەنرێت وەك عێراق, قەتەر, سعودییە.<br>٤- بەهۆی گرنگی نەوتەوە کە مرۆڤ لە سەرجەم چالاکیەکان سودی لێ وەردەگرێت, بەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایشی |
| هایدرۆجین | ١١- ١٤ | |

| | | |
|---|---|---|
| کبریت | ٠,٠٥ – ٤ | نەتەوەی. |
| نایترۆجین | ٠,١ – ٢ | ٥- بەشداریەکی گەورە دەکات لە چالاکیە پیشەسازییەکاندا. ٦- چەندین بەهەمی لێ دروست دەکرێت وەک ڕۆن، نەوتی ڕەش، ڕۆنی چەوری. |
| ئۆکسجین | ٠,١ – ٣ | ٧- بەکاردێت لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا وەک خۆم گەرم کردن و چێشت لێنان. ٨- بەشداری بازرگانی جیهانی دەکات و داهاتی هەندێ وڵات پێکدێنێت. |

نەخشەی ژمارە (٦)

دابەش بونی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان



## ٢٩- گازی سروشتی

گازی سروشتی بەخاوێنترین جۆری سوتەمەنی دادەنرێت کە لەپیشەسازی دا بەکاردێت, لەشەستەکانی سەدەی ڕابردووە بایەخی زیاتر بوو, هەروەها وەکو نەوتیش وایە کە بەئاسانی دەگوێزرێتەوە بە لولە یاخود بەدۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ شل کردنەوەی, زۆرجاریش بەهۆی ئۆتۆمبێلە (تەنکەر) بارهەڵگرەکانەوە دەگوازرێتەوە کە ئێستا لەکوردستانە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت بەتایبەت لەناوخۆدا, گازی سروشتی لە نەوت بەرهەم دێت, ئەم بەرهەمە لەکاتی ئێستادا لە کوردستاندا بەهەدەر دەڕوات و ناتوانن سودی لێ وەربگرن ئەویش لەڕێگەی ئەو ئاگرانەوە کە بەردەوام لەدەمی کانەکانەوە دەردەچن, ئەگەر بێت و ئەم گازە بەرهەم بێت لەم کانانەدا ئەوا داهاتێکی زۆری وەك نەوتمان دەست دەکەوێت.

## گرنگیەکەی

١- گازی سروشتی کاتێك دەردەکەوێت وەك سەرچاوەیەکی وزە گرنگی و بایەخی زۆر بەهێز بووە چونکە بە خاوێنترین جۆری سوتەمەنی دادەنرێت لەبەرامبەر سوتەمەنیەکانی تردا, بۆیە پێشبڕکێی دەرکرد لەگەڵ سەرچاوەکانی تری ووزە وەك (نەوت و خەڵووز و ووزەی ئاو و ووزەی کارەبا ... هتد), بۆیە ئەم سەرچاوەیە وای لێ هات بەشێوەیەکی فراوان بەکاربێت بۆ دەست کەوتنی وزە, پاش شارەزا بوونی جیهان لەسەر ئەم وزەیە بەمەش بەکاردەهێنانی زیادی کرد, هەروەها خواستی ئێجگار گەورە لەسەر گازی سروشتی بە جۆرێك زیادی کرد کە لەم ساڵانەی دوایدا وزەی گاز گەیشتە نزیکەی (٢٠٪)ی وزەی بەکارهێنراوی جیهان, ئەمەش وای کرد لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکاربێت, هەتا گەیشتە ئەوەی بۆ ماڵان ڕابکێشرێت و وەك سەرچاوەیەکی وزە سودی لێ وەربگیرێت بۆ خۆ گەرم کردنەوە و پێداویستییەکانی تر, وەك وڵاتی ئێران کە بە شێوەیەکی فراوان بۆری کەشی بۆ گاز کراوە بۆ ئەوەی لە ماڵاندا بەکاربێت.

٢- هەروەها وەك ئاماژەمان بۆ کرد لەبەکارهێنانەکانی ناوماڵدا بەکاردێت بەشێوەیەکی فراوان, بە باشترین جۆری سوتەمەنی ناسراوە, چونکە بەهۆی ئەو سیفەتانەی کە لەم سەرچاوەیەی وزەدا دەردەکەوێت وەك (سوتانی بەشێوەیەك هیچ پاشماوەیەکی لێ بەجێ نامێنێت لە کاتی سوتانیدا, لەڕووی ئابورییەوە کەمی

تیٚ دەچیٚت ... هتد).

٣- لە بواری پیشەسازیدا بەربەرەکانێی سەرچاوەکانی تری (خەڵوز و نەوت ... هتد) بۆ بەکارهێنانی وەك سوتەمەنیەکی بەکەڵك, چونکە توانای زیادکردنی بەرهەمداری کورەی زیاد دەکات, ئەمەش وای کردووە بەشداری بکات لە دەرهێنانی وزەی کارەبادا, هەروەها لەپیشەسازی کانزا و پالاوتنی کاغەز, هەروەها لە پیشەسازی چیمەنتۆدا.

٤- هەروەها بەکارهێنانی لەبواری پیشەسازیدا بەرەو پێش چوونی بەخۆیەوە بینی بەهۆی ئەو خاسیەتانەی کە لە پێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد بەتایبەت لە پیشەسازی پترۆکیمیاوی بایەخێکی تر, ئەوەش بە کەرەستەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت لەپیشەسازی پەین و ئەمۆنیا و هایدرۆجین و ئیسپرتۆی ئەسیلی و ئۆکسیدی کاربۆن و ... هتد, لەپاڵ ئەوەی وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە دادەنریٚ لە پیشەسازیەکاندا.

٥- هەروەها بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات وەك نەوت و سەرچاوەکانی تری وزە کە هۆکارە بۆ بەهێزبوونی لایەنی دارایی و ئابوری وڵات, کە لە چەندین وڵات دەنێرێتە دەرەوە وەك وڵاتی ئێران و سعودییە ... هتد, بەڵام هەناردەی گازی ئێران بۆ بازاڕەکانی جیهان کەمی کردووە بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابورییەی کە خراوەتە سەری بە تایبەت لە ساڵی (٢٠١٢) بەهۆی پیتاندنی یۆرانیۆمەوە کە بەردەوام گەمارۆی ئابوری زیاتر دەخەنە سەر ئێران.

٦- لەگەڵ ئەوەی بەکاردێت بۆ بازرگانی و پیشەسازی و ناوماڵ و لەکاتی ئێستاشدا بەکارهێنانییێکی تری هاتووەتە کایەوە ئەویش بەکارهێنانیەتی لەجیاتی بەنزین بۆ ئۆتۆمبیل کەبڕێکی ئابوری کەمتری دەوێت لە بەرامبەر بەنزین, ئەم دیاردەیەش تازە و ئێستا لەچەندی وڵاتی جیهان کاری پیٚ دەکرێت.

## ٣٠- خەڵوز

پێش سەدان ملیۆن ساڵ بەر لەئێستا کەڕووی زەوی بەدارستانی چڕ داپۆشرا بوو, پاشماوەی ڕووەك و درەختە مردووەکان چینێکیان پێکهێنا لەژێر ئاوی زۆنگاوەکان شی بۆوە و نیشتوی وەك زیخ و قوڕی کەوتە سەری و تواندییەوە, دواتر لەسەر ئەم چینە زەوییەکی نویٚ دروست بوو کەدارستانی تری لەسەر گەشەکرد, ئەم کرداری شی بوونەوە و دروست بوونەوەی خاك و گەشەی

دارستانەکان، لەماوەیەکی زۆردا چەند جارێك دوبارە دەبێتەوە، تادەبێتە هۆی دروست بوونی چەند چینێك لەلاشەی ڕووەکی شی بۆوە کەهەر چینێك دەکەوێتە نێوان دوو چینە نیشتووەکەی قوڕ و لم، لەژێر پەستان و پلەی گەرمی بەرزدا گۆڕان لەپێکهاتەی کیمیاییەکەی ڕوودەدا، ڕێژەی کاربۆن تێیدا زیاد دەکەن ئیتر وردە خەڵوزی لێ پێکهات.

کانە خەڵوزییەکان زیاتر لەپەنجا وڵاتی جیهاندا هەیە، کەجێگەی نەوت و گازی گرتۆتەوە، خەڵوز سەرچاوەیەکی مەزنی وزەیە بۆ دروست کردنی وزەی کارەبا، ئاشکراشە خەڵوز توانای زیاتر لە(٢٠٠) ساڵ خزمەتی مرۆڤایەتی بکات کەزیاترە لەماوەی خزمەتی گاز و نەوت.

## گرنگیەکەی

١- خەڵوز سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی وزە بووە هەتا کۆتایی ساڵی (١٩٦٠) ز بەردەوامیش گرنگیەکەی لە دەست نەداوە و تاوەکو ئێستاش خەڵوزی بەرد سەرچاوەیەکی گرنگی پێکدێنێت لەسەرچاوەکانی وزە، زۆر هۆکار هەیە کەخەڵوزی کردووە بەسەرچاوەیەکی گرنگی وزە وەك:

ا- خزمەتێکی فراوانی بەمرۆڤایەتی کردووە.

ب- خەڵوز مادەیەکە مەترسی لێ ناکرێت چونکە توندە و ئاسان یەك دەگرێ و بەکاردێت.

ج- خەڵوز دەتوانێ بەخاوێنی بسوتێ و کەم ژینگە پیس ناکا.

د- خەڵوز پێشەنگی وزەکان بووە بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا کە لەپێش گاز و نەوت و یۆرانیۆم و تیشکی خۆر بەکاردێت.

و- یەدەگێکی زۆری ماوە و دەگونجێ دوای کۆتای هاتنی نەوت و گازی سروشتی مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە.

٢- بەرهەم هێنانی خەڵوز بەشێکی زۆری لەناوخۆی وڵاتاندا بەکاردێت، ئەم بەکارهێنانەش چەندین جۆرە وەك بەکارهێنانی خەڵوز لەپیشەسازی و کاروباری ناوماڵ و هۆیەکانی هاتوچۆ وەك بەکارهێنانی بۆ ئیشی پێ کردنی شەمەندەفەر، هەروەها خەڵوزی کوك لەپیشەسازی ئاسن و پۆڵادا بەکاردێت، بۆ نمونە کۆبونەوەی پیشەسازیەکان لەڕۆژئاوای ئەڵمانیا، بەتایبەت پیشەسازی ئاسن و پۆڵا، چونکە ئەم ناوچەیە دەوڵەندە بە خەڵوز.

٣- لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری لەناوخۆدا بەکاردێت, بەڵام بەڕێژەیەکی کەمیش بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات لە نێوان دەوڵەتاندا کە لە (٥- ٧٪) تێپەڕ ناکات, ئەمە ڕێژەیەش زۆر کەمە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ڕێژەی نەوت لەبازرگانی نێوان دەوڵەتان کەدەگاتە نزیکەی لە (٥٠٪), هۆی کەمی چالاکی بازرگانی خەڵوز دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك ئەوانیش وەك:

أ- سروشتی خەڵوز وایە کە بەئاسانی نەگوێزرێتەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و بەشدارنەبێت لە بازرگانی نێوان دەوڵەتاندا بەشێوەیەکی فراوان چونکە قورسە و قەبارەی گەورەیە و گواستنەوەشی زۆری تێ دەچێت.

ب- هەندێ دەوڵەتی پیشەسازی پەنا دەبەنە بەر سەرچاوەی وزە وەك نەوت و دەرهێنانی کارەبا لەتاقگەی ئاو وەك ئیتالیا و ژاپۆن و هی تر کەکاری کردۆتە سەر بازرگانی خەڵوزی نێوان دەوڵەتان.

٤- ژمارەیەکی دیاری کراو دانیشتوان خەریکی خەڵوز دەبن و لەکانەکانیاندا ئیش دەکەن, ئەم چالاکیە تا ئێستاش بەردەوامە لەهەندێ وڵاتدا وەك چین کەڕۆژانە چەندین کارەساتی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتەهۆی لە ناوچوونی کرێکار لەکاتی کارکردنیدا, کە ڕۆژانە دەیان کرێکار لەم کانانەدا لەوڵاتی چین لەناودەچن کۆتا تەقینەوەی ئەم کانانەش لەبەرواری ١٨/ ١٢/ ٢٠١٢ کەبووە هۆی کوشتنی زیاتر لە(٣٠) کرێکار, هەروەها ئەڵمانیا کەدووەم وڵاتە لەئەوروپا لەبەرهەم هێنانی خەڵوزدا و ڕێژەیەکی دەگاتە نزیکەی (٢٠٠) تەن پاشکەوت, گرنگترین کانیشی بریتیە لە(ڕۆر) لەڕۆژئاوای وڵات, ئەمەش بووە بەمەڵبەندێکی گەورەی پیشەسازی لەناوچەکەدا کەبەم چالاکیە و پیشەسازییەوە خەریکن.

خشتەی ژمارە (١٠)

جیاوازی نێوان نەوت و گاز و خەڵوز

| خەڵوز | نەوت | گازی سروشتی |
| --- | --- | --- |
| ١- مادەیەکە مەترسی لێ ناکرێت, چونکە توندە و ئاسان یەك دەگرێ و بەکاردێت. | ١- سوتەمەنیەکی خاوێنە لە کاتی بەکارهێنانیدا. | ١- بەخاوێنترین جۆری سوتەمەنی دادەنرێت لە کاتی بەکارهێنانیدا. |
| ٢- بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات بە ڕێژەی لە (٥- ٧٪). | ٢- بە ڕێژەیەکی بەرز بەشداری بازرگانی جیهانی دەکات. | ٢- بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات بە ڕێژەیەکی کەمتر لە نەوت. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣- بەکاردێت لە پیشەسازیدا وەک خەڵوزی کوک بەشداری پیشەسازی ئاسن و پۆڵا. | ٣- بەشداری دەکات لە پیشەسازیدا وەک پیشەسازی داو دەرمان، ڕۆنی ڕووەکی. | ٣- بەکارهێنای لە بواری پیشەسازیدا وەک پیشەسازی پترۆکیمیای و ئامۆنیا. |
| ٤- هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر کرێکار دەڕەخسێنێت. | ٤- سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابوری وڵاتە بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە نەوت بەرهەم دێنن. | ٤- لە ڕووی ئابوریەوە داهاتی کەمترە لە نەوت و زیاترە لە خەڵوز. |
| ٥- لە بواری ناوماڵ و پیشەسازیدا بەکاردێت، بەڵام کەمترە لە نەوت و گازی سروشتی. | ٥- بەکاردێت بۆ سوتەمەنی فڕۆکە و ئۆتۆمبێل و ناوماڵ. | ٥- بەکارهێنانی لە ناوماڵدا بەهۆی ئەو سیفەتانەی کە هەیەتی. |
| ٦- پێشەنگ بووە بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا لە پێش نەوت و گازی سروشتی. | ٦- شمەکێکی ستراتیجی گرنگە چ لە کاتی ئاشتیدا بێت یان جەنگدا بێت. | ٦- بە سەرچاوەیەکی نوێی ووزە دادەنرێت لە بەرامبەر هەریەکە لە نەوت و خەڵووز. |
| ٧- یەدەکی زۆرە و دەگونجێ دوای کۆتایی هاتنی هەریەکە لە نەوت و گازی سروشتی بەردەوام بێت. | ٧- پێش بینی دەکرێت دوای چەندین ساڵی تر کۆتای بێت. | ٧- بە تەواو بوونی نەوت ئەم بەرهەمەش کۆتایی دێت. |
| ٨- ئێستا لە کاروباری ناوماڵدا بەکارنایەت تەنها ئەو وڵاتانە نەبێت کە زۆر دواکەوتون. | ٨- بەکارهێنانی لە ناوماڵدا کەمترە لە بەرامبەر گازی سروشتی دا. | ٨- بەکارهێنانی لە ناوماڵدا بە شێوەیەکی فراوان. |
| ٩- گواستنەوە و بارکردن و داگرتنی گرانە. | ٩- هۆکارەکانی گواستنەوە و داگرتن و برکردنی ئاسانە. | ٩- وەک نەوت وایە. |
| ١٠- توانای کەمترە لە لە هەریەکە لە نەوت و گاز. | ١٠- توانایی دەرپەڕاندنی ووزەی لە خەڵووز زیاترە. | ١٠- وەک نەوت وایە لە ڕووی ووزەوە بگرە زیاتریشە لە بەرهەم هێنانیدا. |

# ٣١- وزەی خۆر

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خۆر وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە بەکاردێت، بەراوورد بەهەموو ئەو وزانەی تا ئێستا دۆزراونەتەوە توانایەکی شاراوە و بێ سنوری هەیە لەوزەداندا.

بڕی ئەو وزەی خۆرەی کەسالانە دەگاتە زەوی نزیکەی (١٥٠٠٠) کاتژمێر، ئەمەش سامانێکی گەورەیە بۆ جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا مادەیەکی پیس کەر نیە و لەبن نەهاتووە.

سود وەرگرتن لەوزەی خۆر بۆ وڵاتانی باشور کۆسپی زۆری هەیە لەبەرهەم هێنانیدا کە تائێستا سودی لێ وەرنەگیراوە لەکاتێکدا زۆرترین ڕێژەی ڕوناکیان بۆ دەچێ، بەڵام لەوڵاتانی باکوردا زۆر بڵاوە و تەنانەت بۆ گەرم کردنەوە و سارکردنەوەی ماڵانیش بەکاردێت، لەداهاتوشدا تاکە وزەی خاوێن دەبێ لەبەکارهێنانیدا کە بەدەست هێنانی کەرەستە خاوەکەی هیچی تێ ناچێت.

## گرنگیەکەی

١- وزەی خۆر بەسەرچاوەیەکی سەرەکی وزە دادەنرێت لەسەر ڕووی زەوی و وەك وزەیەکی نوێبووە ئەژماردەکرێ لەبەرامبەر سەرچاوەکانی تری وزە، ئەم سەرچاوەیە لەبەرامبەر سەرچاوەکانی تری وزەدا باشترە، چونکە ئەم وزەیە بەردەوام لەنێبونەوە دایە و کۆتایە نایەت، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسی پیس بوونی ژینگەی لێ ناکرێت وەك سەرچاوەکانی تری وزە لەوانەش نەوت، هەروەها پاشماوە کەشی کەمە، ئێستا ئەم وزەیە بەکارهێنانی ڕوو لەزیادی کردووە بەتایبەت لەو وڵاتانەی کەپێش کەوتوون دەگەڕێن بەدوای دۆزینەوەی وزەی نوێ.

٢- وزەی خۆر لەکۆنەوە بەکارهێنراوە، ئەغریقیەکان بۆ ڕوناك کردنەوەی پەرستگای (دلفی) لەیۆنان بەکاریان هێناوە، هەروەها ئەرخەمیدس ئاوێنەی ڕوچاڵی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی تیشکی خۆر، گەلە کەشتی ڕۆمانیەکانی پێ بسوتێنن، تائێستاش لێکۆڵینەوە هەیە بۆ کەڵك وەرگرتن لەتیشکە خۆر، خۆر وزەیەکی گەورەی لێ پەیدادەبێت وە بڕی تیشك دانەوەی خۆر کەپێویستی جیهان پڕ بکاتەوە بۆ مەبەستی بەرهەم هێنانی وزە دەگاتە (٠,٠١٪) لە تێکڕای ئەو وزەیە.

٣- وزەی خۆر بایەخێکی گەورەی هەیە لەژیانی مرۆڤدا و هۆکارە بۆ بوونی ژیان

و گەشەسەندنی چالاکیەکانی مرۆڤ و پێش کەوتنی، بۆیە ئەو ناوچانەی کە ووزەی خۆری تێدا کەمە چالاکیەکانی مرۆڤیشی تێدا دیاری کراوە بەهۆی نزمی پلەی گەرمی و بەستنی لەزۆربەی ڕۆژەکانی ساڵدا وەك ولاتانی ئەسکەندەنافیا(دانیمارك, نەرویج, سوید, فلەندا).

٤- هەروەها کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانی ڕووەك, هۆکاری سەرەکیە بۆ دابین کردنی خۆراك بۆ ڕووەك لەڕێگەی کرداری ڕۆشنە پێکهاتنەوە, بەوەش خۆراکی تەواو بۆ ڕووەك دابین دەکات, بۆیە ڕووەکەکان بە پێی جیاوازی کەم و زۆری وزە خۆر جیاوازن, بۆ نمونە لەناوچەیەك تیشکی خۆر زۆربێت ئەو ڕووەکانە گەشەدەکەن کەتوانای زۆریان هەیە بۆ گەرمی, هەروەها ئەو ناوچانەی کەووزەی خۆری کەمە ئەو ڕووەکانە گەشەدەکەن کەپێویستیان بۆ وزە کەمە, کەواتە دەکرێت بوترێت جۆری ڕووەکەکان بەپێی جیاوازی وزەی خۆر دەگۆڕێت.

٥- بەهەمان شێوە ووزەی خۆر بایەخێکی گەورەی لە ژیانی ئاژەڵدا هەیە, ئەگەر خۆر نەبووایە ئەم ژیانەش ڕێك نەدەکەوت بەم شێوەی ئێستا, بەجۆرێك توشی ناهاوسەنگی و تێك چوون دەبوەوە, ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئاژەڵان هەروەك چۆن کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبوو, کە لەخاڵی پێشتردا ئامارەمان بۆ کرد.

٦- هەرچەندە ئێستا لەجیهاندا بەکارهێنانی وزەی خۆر وەك سەرچاوەیەکی ووزە بەڕێژەیەکی کەم بەکاردێت, بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەئێستا وزەی خۆر نەخراوەتەوە گەڕ بۆ سود لێ وەرگرتنی, بەڵکو کوورە پشت بەخۆر دەبەستێت و بەکاردەهێنرێت بۆ دروست کردنی خۆراك و گەرم کردن و ساردکردنەوە و دڵۆپاندن, بەلام واچاوەڕوان دەکرێت ئەم سەرچاوەیە لەداهاتوودا ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەو خاسیەتە باشانەی کەهەیەتی.

٧- وەك سەرچاوەیەکی وزە بۆ دەست خستنی کارەبا سودی لێ وەردەگیرێت ئەویش لەڕێگەی ئامێرێکەوە کە پێی دەڵێن (طاقةالشمس)ی بە تایبەت لەو ڕۆژانەی کە خۆر بە دەرەوەیە و دەبێتە هۆی دروست بوونی ووزەی کارەبا کەئێستا لەهەندێ ولاتدا بەکاردێت, وەك هەرێمی کوردستان لەسەر شەقامەکان دانراوە و سودی زۆری لێ وەرگیراوە چونکە پێویستی بەڕاکێشانی تەلی کارەبایی نیە بۆ گەیاندنی کارەبا کە ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە کاریگەری دەبێت, هەروەها دەست کەوتنی وزەی خاو لە وزەی خۆر هیچ کێشەیەکی ئابوری و ژینگەی لێ بەجێ نامێنێت وەك سەرچاوەکانی تری وزە.

## ٣٢- پەستانی هەوا

پەستانی هەوا هەوڵدانە بۆ ئەوەی فراوانترین پانتایی لەبۆشایی هەوایی پەرش و بڵاودەبێتەوە, هەوا لە هەڵکردنیدا بەپێی جیاوازی پەستانی هەوایی پەرش و بڵاودەبێتەوە بەشێوەیەك لەناوچەکانی پەستانی بەرزەوە دەڕوات بۆ ناوچەکانی پەستانی نزم.

مەبەست لەپەستانی هەوایش بڕی کێشی هەوایە لەسەر هەر خاڵێکی سەر ڕووی زەوی, ئەم کێشەش لە ڕەوشی ئاساییدا دەگاتە (١٤,٧)ڕەتڵ لەیەك ئینجی چوارگۆشەدا, ئەمەش هاو بەرامبەری ستونێکە لەجیوە بەرزاییەکەی (٧٦سم یان ٣٠ ئینج بێت لەجیوە یان ١٠١٣,٢ ملیبار کەدەگاتە نزیکەی (٧٦٠ملیمەتر)).

خوای گەورە لەسورەتی (الانعام)دا لەئایەتی (١٢٥)دا دەفەرموێت:( ئەوەی خوا بیەوێت هیدایەتی بدات سینەی ساف و پاك و ئامادە دەکات بۆ ئاینی ئیسلام, ئەوەش کەبیەوێت گومڕای بکات, دڵی دەگوشێت و سنگی توند دەکات و هەناسەی سوار ەکات, هەروەك ئەوەی بەرەو ئاسمانی بەرزبێتەوە).

لەم ئایەتەدا بەڕونی و ئاشکرایی تەواوەوە ئاماژە بەدوو ڕاستی دەدات کەزانستیش لەوەودوا دۆزییەوە و دانی پێدانا:

یەکەم: گۆڕانی گەورە لەپەستانی هەوادا لەکاتی بەرزبوونەوەی خێرا لەئاسماندا ڕوودەدات, بۆ مرۆیش دەبێتە هۆی سنگ تەنگبوون و نارەحەتی لە هەناسەداندا.

دووەم: چەند لەئاسمانەوە بەرزببینەوە پەستانی هەوا دادەبەزێت و بڕی ئۆکسجین کەم دەکات.

لەساڵی (١٦٤٨)ز زانای ناودار ((بلیز باسکاڵ)) سەلماندی بەبەرزبونەوە لەئاستی ڕووی دەریاوە پەستانی هەوا کەم دەکات, لەئینسایکلۆپیدیای جیهانیشدا هاتووە: بارستەی مەزنی هەوا بەشێوەیەکی یەکسان بە ئاراستەی ستوونی دابەش نەبووە, بە ڕادەیەك کە (٥٠٪)ی بارستایی هەوای کەش لە نێوان ڕووی زەوی و بەرزی (٢٠) هەزار پێ لەسەروو ڕووی دەریادایە, (٩٠٪)ی لەنێوان ڕووی زەوی و بەرزی (٥٠) هەزار پێیە لەڕووی زەوییەوە, بەم جۆرە چڕیی هەوا بەپێی بەرزبوونەوەمان بەستوونی بۆ سەرەوە بەخێرایی کەم دەکات, تاکو دەگەینە بەرزییەکی زۆر, ئیتر چڕیی هەوا دەگاتە بڕێکی زۆر کەم.

## گرنگیەکەی

١- پەستانی هەوایی بەگرنگترین ڕواڵەتەکانی بەرگە هەوا دادەنرێت کەپێویستە بپێورێت و دابەش بکرێت بەسەر ڕووەکانی گۆی زەویدا, ئەویش لەبەرئەوەی کەوا کەش لەزۆرێك لەڕواڵەتەکانیدا پەیوەستە بە سستمی فشاری هەوایی و دابەش کردنی و ناسینی ناوچەکانی پەستانی بەرز و پەستانی نزم, هەواش وەك هەموو شلەکان پەستان یان گواستنەوەی هەیە.

٢- پەستانی هەوا گرنگیەکەی وای کردووە لەهەموو وێستگەکانی کەشناسیەکانی جیهاندا بپێورێت, هەروەها زۆر لەئاستەکانی چینی ترۆبۆسفیریشدا دەپێورێت بەهۆی ئامێری ڕادیۆسۆندەوە, ئەو داتا کۆکراوانەوە کە بەهۆی پێوانیەوە دەست دەکەوێت بەکاردێت بۆ کێشانی نەخشەی کەش و نەخشەی ئاووهەواییەکان کەگرنگن بۆ زانینی بارودۆخی زەپۆشی لەئێستا و داهاتودا.

٣- پەستانی هەوا گرنگیەکی بەرچاوی هەیە لەوێستگەکانی کەشناسیدا, چونکە زانیاری لەسەر هەوای چینە زەپۆشیەکانی سەرەوە دەخاتە ڕوو, نزم بونەوەی پەستان لەسەر شوێنێکی ڕووی زەوی نیشانەی ئەوەیە کە لەو ناوچەیەوە هەوا دابەش دەبێت یان لەدەست دەچێت و بەمەش پەستانەکەی کەم دەبێت, ئەمەش نیشانەیە بۆ دابەش بوونی توندەبا لە سەرەوە, بەڵام بەرزبونەوەی پەستانی هەوای ناوچەیەکی تر ئاماژەیە بۆ زیادبوونی هەوا لەسەرەوە, بەو مانایەی کە هەوا لەدەوری ئەو ناوچەیە کۆدەبێتەوە و پەستان لەسەری زیاد دەکات.

٤- هەروەهاپەستانی هەوا نیشاندەرێکی گرنگە بۆ دابەش بوونی توندەبا لەسەر ڕووی زەوی لەڕووی جیاوازی ئاراستە و خێراییەکەی کەئاووهەوا و کەش لەسەر ڕووی زەوی دیاری دەکەن.


٥- هەروەها پەستان کاریگەری و گرنگی هەیە لەسەر هەموو ئاراستەکان، لەسەرەوە, لەخوارەوە, لە لاتەنیشتەکانەوە, ئەمەش شیکەرەوەی چۆنیەتی بەرگە گرتنی هەموو ئەو شتانەی سەر ڕووی زەوییە بەرامبەر ئەو پەستانەی کە لەسەریەتی, هەموو شتەکان سورن لەسەر ئارام گرتن بەرامبەر ئەو پەستانە هەواییەی لەسەریانە و هەروەها هێزی ڕاکێشانی زەویش.

٦- لەئەنجامی لێژیی پەستانی هەواوە هێزێکی ئاراستەکراو لەپەستانی باڵاوە بۆ پەستانی نزم دروست دەبێ کە ناودەبرێت بە هێزی لێژی پەستان و بەرپرسە

لەدەست پێکردنی جوڵەی هەوا، بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەپەستانێکی باڵاوە بەرەو پەستانێکی نزم دەڕوات بەئاراستەیەکی یەکسان لەگەڵ هێڵی پەستاندا، ئەم جوڵەیەش هاوشێوەی جوڵەی ئاوە لەبەرزایی چیاکانەوە بۆ دۆڵ و ناوچە نزمەکان.

**نەخشەی ژمارە (٧)**

**پاڵەپەستۆی هەوا لە ئاستی ڕوی دەریا لە هەرێمی کوردستان لە هاویندا**




# ٣٣- بایەکان

با بریتیە لەهەوای جوڵاو لەسەر ڕووی گۆی زەوی، کەهەمیشە لەناوچەکانی فشاری بەرزەوە هەڵدەکات بۆ ناوچەکانی فشاری نزم.با بەناوی ئەو ناوچەیەوە ناودەبرێت کەلێیەوە هەڵدەکات، بۆ نمونە دەوترێت بای باشور ئەگەر لەباشورەوە

هەڵبکات، باکاریگەرییەکی گرنگی هەیە چونکە لەگەڵ خۆی گەرما و شێ و هەورەکان و باران هەڵدەگرێت و دەبێتە هۆی شەپۆلە دەریاییەکانیش، هەروەک چۆن فاکتەرێکی گرنگە لە فاکتەرەکانی داماڵین و ڕوتانەوەی زەوی.

خێرایی با لەڕێگەی ئامێرێکی تایبەتیەوە دەپێورێت بە(ئەنیمۆمەتر) دەناسرێت یان جیهازی پێوانەکردنی با، هەروەک چۆن دەکرێت ئاراستەی با لەڕێگەی ئامێرێکەوە دیاری بکرێت کەناسراوەبە با نیشان، کە لەوێستگەکانی چاودێری کردنی ئاسمانیدا و لەچەند کاتژمێرێکی دیاری کراودا و لەهەموو ڕۆژێکدا ئاراستەی با تۆمار دەکات و ناوەندی ڕۆژانە و مانگانە تۆمار دەکات و تێیدا ڕێژە سەدییەکان دەخاتە ڕوو بۆ جارەکانی هەڵکردنی با ئاراستەی جیاوازەکانەوە.

## گرنگیەکەی

١- بایەکان توانای متوربەکردنیان هەیە و زۆرێ گژوگیا و ڕووەکەکان متوربە دەکات، ئەنجا هەور.

وەك خوای گەورە لەسورەتی (الحجر)دا لەئایەتی (٢٢)دا دەفەرموێت:(بامان ناردووە بەمتوربەکەر، ئەنجا ئاومان لەئاسمانەوە بۆ باراندوون پێمان نۆشین)، لێرەدا قورئان با بەمتوربەکار دەزانێ، ئاوی ئاسمانیش بە ئاوێکی سازگار و پالأوتە و خاوێن دەزانێ بۆ ئاوی ڕوبارەکان و چەمەکان و کانیاوەکان و ئاوی ژێر زەوی.

کەگوڵ پێ گەشت (پۆرگ)ی نێرە ئەندامی (الاسدیە) درز دەبات و هەڵاڵە بەشێوەی دەنگی بچوکی زەرد لێی دێتە دەرێ، لەهەمان کاتیشدا کۆسپ (المیسم) پێ دەگات و لینج ئەبێ تایارمەتی پێوەلکانی هەڵاڵە بدات، بەگواستنەوەی وردە هەڵاڵە بۆ کۆسپ دەڵێن: (پەڕین). بەو پێیە ڕووەکیش نێر ئەندام و هێلکەدانی هەیە، واتە نێر و مێ یەی هەیە و لەو ڕێگایەوە زۆر دەبێت.

یارمەتی دانی ئەو پەڕینەش مرۆڤ و مێروله و ئاو و باڵندە و بایە.

(با) بایەخی زۆری بۆ پەڕین هەیە، چونکە یارمەتی گواستنەوەی هەڵاڵە دەدات بۆ شوێنی دوور، کاتێ هەندێ لەوردە هەڵاڵەکان دەکەونە سەر کۆسپی گوڵەکان پەڕین ڕوودەدات، وەك خوای گەروە لەسورەتی (یسن)دا لەئایەتی (٣٦)دا دەفەرموێت:(پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو خواییەی دوانەی لەوەدا دروست کردووە،

که ده‌یرپوێنن, وه له‌خودی خۆتانداوه, له‌وه‌دا نایزانن.

٢- با ڕه‌گه‌زێکی سه‌ره‌کی و گرنگی به‌رگه هه‌وای زه‌وی داده‌نرێت, چونکه ڕاسته‌وخۆ په‌یوه‌ندی به‌ژیانه‌وه هه‌یه له‌سه‌ر ڕووی زه‌وی, ئه‌م به‌رگه هه‌وایی‌ه‌ش چه‌ندین کیلۆمه‌تر ده‌بێت و له‌ناوچه‌یه‌که‌وه بۆ ناوچه‌یه‌کی تر گۆڕانکاری به‌سه‌ردا دێت, هه‌روه‌ها هۆکاره بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕووه‌ك, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر چه‌ندین دیارده وه‌ك گه‌یشتنی خۆر به‌ڕووی زه‌وی به‌جۆرێك ئه‌گه‌ر به‌رگه هه‌وا توشی هه‌ندێ دیارده ببێت وه‌ك خۆڵ بارین, ئه‌وا هه‌وای ئه‌و ناوچه پیس ده‌بێت و ئه‌مه‌ش هۆکاره بۆ گه‌یشتنی تیشکی خۆر به ڕێژه‌یه‌کی که‌م بۆ زه‌وی.

٣- کاتێ به‌هۆی خۆر ئاو ده‌بێ به‌هه‌ڵم و بۆ ئاسمان به‌رز ده‌بێته‌وه باهه‌ڵی ده‌گرێ به‌هه‌موو لایه‌کدا به‌ره‌و ژوورو به‌رزی ده‌کاته‌وه, به‌ساردکردنه‌وه‌که هه‌ڵمه‌که چڕ ده‌بێته, گه‌ر زیاد له‌خۆی تێر بوو ده‌بێ به‌هه‌ور, کاتێ دڵۆپه‌کانی ئاو ده‌ست به‌چڕبوونه‌وه و ساردبونه‌وه ده‌که‌ن, تا ئاستێکی زانراو بۆ خاڵی وردیله په‌رش ده‌بنه‌وه, زۆر نابات گه‌وره ده‌بن و جارێکی تریش پارچه پارچه ده‌بنه‌وه له‌کاتی ئه‌و که‌رت بونه‌دا به کاره‌بای موجه‌ب بارگاوی ده‌بنه‌وه, ئه‌نجا به‌و کاره سالبه‌ی با هه‌ڵی گرتووه جیا ده‌بنه‌وه, پاش ماوه‌یه‌ك هه‌وره‌که به ته‌واوی بارگاوی گاره‌بایی ده‌بێته‌وه, کاتێ هه‌ردوو بارگه لێك نزیك ده‌بنه‌وه به‌هۆی باوه شۆرت ڕووده‌دات و خاڵی ده‌بێته‌وه له‌کاره‌با و بروسکه‌ی ڕووده‌دات, ئه‌نجا گرمه‌ی هه‌ور ده‌بیسترێت, ئینجا باران ده‌بارێت.

هه‌روه‌ك خوای گه‌وره له‌سوره‌تی (الاعراف) له‌ئایه‌تی (٥٧)دا ده‌فه‌رموێت:(خودا با به‌موژده ده‌نێرێ له‌سۆز و میهری خۆیه‌وه, هه‌تا کاتێ هه‌ورێکی قورسی هه‌ڵگرت و بۆ شارێکی مردوومان نارد, ئه‌نجا ئاومان له ئاسمانه‌وه بۆ نارد, له هه‌موو جۆره میوه‌هاتێکمان پێ ڕواند, ئاواش مردوان زیندوو ده‌که‌ینه‌وه).

٤- په‌یوه‌ندیه‌کی به‌هێز هه‌یه له‌نێوان با و باران ئه‌ویش به‌و جۆره که با هۆکاری سه‌ره‌کیه بۆ پێکهاتنی باران له‌هه‌رناوچه‌یه‌کدا بێت, ئه‌ویش له‌ڕێگه‌ی کرداری گواستنه‌وه‌وه, هه‌رچه‌نده هه‌ڵمی ئاو له‌هه‌وادا له‌چاو گازه‌کانی تر ڕێژه‌ی که‌مه و ته‌نیا (٠٣٪)یه که‌چی بۆ په‌یداکردنی که‌ش و هه‌وا و گواستنه‌وه‌ی وزه له زه‌وییه‌وه‌و بۆ زه‌وی له‌شێوه‌ی وزه‌ی بینراو و نه‌بینراودا میکانیزمی هه‌وای زه‌وی و

ئاوییه، بڕی ئەو ئاوەی یەك باو گەردەلولی هێڵی یەکسانی هەڵی دەکات (١٠)تەن دەبێ، ئەو بڕە وزەیەی فڕێی دەدا لە وزە (٤٠٠)بۆمبای هایدرۆجینی دەبێ لەڕادەی (٢٠)میگا تەندا، تەنیا (٧٪)ی وزەکە بۆ با دەگۆڕێت، بۆ نمونە هەوری بازرگانی لەسەر کیشوەرەکانی بازنەیی پانی (٣٠)دا وزەیەك دەگوازێتەوە بە قەد وزەی هەموو بایەکانی زەوی دێت.

وە بۆ گەورەیی و قورسی هەڵم و هەورەکان کە با هەڵی یان دەگرێ و دەیانگوازێتەوە (بڕی ئاو لە هەوردا (١گم/ م3) و ئەستووری هەور لەسەر هەردوو جەمسەرەکان (٨) کیلۆمەتر لەسەر هێڵی یەکسانی (١٦) کیلۆمەتربێت).

٥- بە هەمان شێوە با و شەپۆلەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و تەواویان بەیەکەوە هەیە، زانستی نوێ سەلماندویەتی، کەشەپۆلە دەریایەکان جوڵەیەکی لوتکەیی یە، ئاو لەدەریاوە بەهۆی هەڵکردنی باوە لەئاراستەیەکەوە هەڵدەستێ، دیسان و هەڵکشان و داکشانی ئاوی هەیە، ئەو شەپۆلانە هەیە بومەلەرزەی دەریایی پەیدای دەکات، ئەو شەپۆلانە بەدرێژایی ڕوی دەریا بەخێرایی یەکی تایبەتی دەڕۆن، کەچی ئاو بەئاراستەی لوتکەیی بەهەر جێگایەکدا بێ بەتوندی بەرزدەبێتەوە، بەچەند ژمارەیەکی تایبەتی دا لەهەر کاتێکی دیاری کراودا بێ، بۆیە دەبینین هەر شەپۆلە و خێرایی تایبەتی خۆی هەیە لەبڵاوبونەوەدا، لەرەکانی فراوانی دیاری کراوی خۆی هەیە، نێوانی هەر دوو شەپۆلێك پێی دەگوترێت: درێژی شەپۆل، هەریەکە لەو خاسیاتانە پەیوەندی یان هەیە بە با و قوڵایی ئاوە هەیە، لێرەدا جۆرە شەپۆلێکی دەریایی هەیە دەتوانێ بکرێ بەنیشانەیەك بۆ هاتنی ڕەشەبای دەریایی، ئەو ئاوەی بەدرێژایی دەریا تەنی شەپۆلەکەی لەگەڵدا ناگوازێتەوە، بەڵکو هەر بەشەی لەڕێڕەوێکی نیمچە بازنەیدا دەجولی، پشت بەهێڵی ڕێڕەوی شەپۆلەکە دەبەستێ، چونکە لەکۆتایی جوڵە بازنەیی یەکەیدا زۆر لەشوێنی بنەڕەتی خۆی نزیك دەکەوێتەوە، لادانی بچوکی ئاو بەئاراستەی بڵابونەوەی شەپۆلەکەدا ڕوودەدات.

ئەو شەپۆلانەی ڕەشەبا و گەردەلولی خۆجێی لەگەڵدایە لەسەر کەناردا بەزۆری بەرزبونەوەی ئاستی دەریایی گشتی لەگەڵدا هەیە، ئەو بەرزبونەوەی ئاو لەناو کەشدا کتوپڕ دەبێ، هەندێ جار گەر بای پێچەوانە هەڵبکات، یان پشتی بگرێ شەپۆلەکان نامێنن، گەر بایەکە بەئاراستەی شەپۆلەکانەوە بێ فراوانتر دەبێ، دەکرێ بایەکە شەپۆلەکان پێچەوانە بکاتەوە، گەر بەلادانێکی ڕێژەی هەڵبکات.

٦- خاڵێکی تری گرنگی با ئەوەیە کەهەڵدەسێت بەکاری گواستنەوە وەك گەرمی و شێ و مادەی پیسی ژەهراوی لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر یان لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و دووبارە دابەش کردنەوەی بە بەردەوامی, لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری گواستنەوەیە بۆ دیاردەکانی هەڵم و هەور دەیانگوازێتەوە, کەواتە دەردەکەوێت خاڵێکی گرنگی هەوا بریتیە لەکرداری گواستنەوە, هەربۆیە بەهۆی کەشتیە چارۆکە دارەکان لە ناوچەیەکەوە یان لە شوێنێکەوە دەچن بۆ شوێنێکی تر لەدەریادا کەهۆکارە سەرەکیەکانی هەوا بۆ گواستنەوەی هەور و فڕینی فڕۆکە ڕاستەوخۆ پشت بەهەوا دەبەستێت و پاشان لەپەروانەی فڕۆکەوە دەردەپەڕێت.

٧- هەروەها با هۆکارە بۆ دروست بوونی وزەی کارەبا بەجۆرێك هەڵدەسێت بەجوڵانی تۆربینی گەورە بۆ بەدەست هێنانی وزەی کارەبا, کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چەندین وڵات پشت بەم جۆرە بەرهەم هێنانە دەبەستێت بۆ وزەی کارەبا, چونکە بڕێك پارەکەی تێ دەچێت و هیچ پاشماوەیەکی زیان بەخشی نەبۆ خاك نەبۆ ژینگە و نەبۆ تەندروستی مرۆڤ بەجێ ناهێڵێت, لەگەڵ ئەوەشدا ئاسان دەست دەکەوێت ئەویش لە ڕێگەی کارپێکردنی پانکەی ئاوێنە لەسەر تۆرباینی گەورە کەدەبێتە هۆی بوژانەوە و کارپێکردنی مۆلیدە کارەباییەکان ئەم ڕێگەیە بەزۆری لەبەدەست هێنانی وزەی کارەبا بەکاردەهێنرێت لەو ناوچانەی کە بە ناوچەی بای توند ناسراون, لە شوێنێکدا دادەنرێت بە ئاراستەی هەڵکردنی با لە ناوچەکەدا, ئەم جۆرەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا ئێستا لەهەندێ وڵاتی ئەوروپی دا هەیە وەك (هۆڵندا, بەریتانیا, سوید) بەڵام ڕێژەی بەرهەم هێنانی کەمە لەبەرامبەر سەرچاوەکانی تری وزەی بۆیە بەشێوەیەکی کەمتر پشتی پێ دەبەسترێت بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا.

٨- هەروەها بەکاردێت بۆ سوڕانەوەی ئاشی هەوای بۆ بەرزکردنەوەی ئاو.

٩- هەروەها با ڕۆڵێکی کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر بەهەڵم بوون و ئارەق کردن, زیادبوونی خێرایی با تێکڕایی بەهەڵم بوون زیاد دەکات, لەجەوێکی هێمنی بێ توندە بادا هەڵمی ئاو لەهەوادا دەمێنێتەوە لەنزیك سەرچاوەی بەهەڵم بوونەکەدا, کرداری بەهەڵم بوون هەڵمی ئاو دەگوازێتەوە بۆ چینێکی تەنك (پانتایی چەند سانتیمەترێك)ی دەوری ڕووی زەوی, ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی شێی خۆجێیی و تێکڕای بەهەڵم بوون کەم دەکات, کاتێك ئەو چینە بەهەڵمی ئاو تێرئەبێت بەهەڵم بوون دەوەستێت, وە کاتێك کەخێرایی با زیاد دەکات کاردەکاتە

سەر گواستنەوەی ئەو چینە لەهەوای شێدار و لەشوێنیدا هەوایەکی زۆر وشك جێگای دەگرێتەوە کەدەبێتە هۆی زیادبوونی بەهەڵم بوون، زیادبوونی بەهەڵم بوون پشت بە خێرایی با دەبەستێت بۆ جولاندنی هەوای شێدار، لەگەڵ بوونی بادا بەهەڵم بوون بەردەوام دەبێت بەتێکڕایەکی گەورەتر.

١٠- هەروەها توندە با بەشێوەیەکی زۆر گەورە کاریگەری لەسەر پلەی گەرما هەیە، بەتایبەتی کاتێك ڕاستەوخۆ لەپشتێنەی ژوورووەوە هەڵدەکات، توندەبای باکور وەك بای میسترال و بۆرای سارد دەبێتە هۆی دابەزینێکی زۆری پلەکانی گەرمای ئەو ناوچەیەی کەهەڵدەکاتە سەری لەباشوری ئەوروپا، توندەبای سارد لە وەرزی زستاندا لەناوچەی دەریای ناوەڕاستدا چالاکە و دەبێتە هۆی ڕوودانی شەپۆلی سارد.

بەڵام توندەبای گەرم و وشك وەك توندەبای خەمماسین لەناوچە بیابانیەکانەوە هەڵدەکات و دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی پلەی گەرمای ناوچەکانی باکوری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ناوچەکانی پشتێنەی ناوەڕاست زیاتر دووچاری توندەبا دەبێتەوە بۆیە تێبینی جیاوازەیەکی زۆر دەکرێت لەپلەی گەرمادا لەنێوان وەرزی هاوین و زستان، بەڵام کاریگەری توندەبا لەسەر ناوچەکانی کەمەرەیی و ناوچەکانی نزیکی زۆر سوك و سادەیە، بەهۆی لێکچوونی تایبەتمەندیەکانی توندەبا لەڕووی پلەی گەرمیەوە، ئەم بارەش بەسەر ناوچە جەمسەرەکاندا جێبەجێ دەبێت کەدووچاری بای سارد دەبن.

١١- ئاراستەی بای توند بەشێوەیەکی گەورە کاریگەری دەبێت لەسەر مەودای وەرزی، توندەبای باکوریی جەمسەری سارد کە لەوەرزی زستاندا باوە دەبێتەهۆی دابەزاندنی پلەکانی گەرما و توندەبای باشوری گەرم کە لەناوچە بیابانەکانی ئاو کیشوەرەکانەوە دێن و لەوەرزی هاویندا باون پلەکانی گەرما بەرزدەکەنەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی مەودای گەرمی وەرزی وەك ئەوەی لەئەوروپا و هەندێك ناوچەی پشتێنەی ناوەندا دەبینرێت.

١٢- هەروەها با دەبێتەهۆی پێکهێنانی شەپۆل لەڕووبەرە ئاویەکاندا کەپەیوەندیەکی باش (ئەرێ)ی هەیە لەگەڵ بەهەڵم بوون، بەرزبونەوە و نزم بوونەوەی ئاوی شەپۆلەکانی ئەبێتەهۆی پەرش و بڵاوکردنەوەی دڵۆپە ئاوی بچوك (دڵۆپی بچوکتر لە ٠,٠٥ ملم) لەهەوادا، ئەمەش ئەبێتەهۆی زیادبوونی تێکڕای بەهەڵم بوون، چونکە بەهەڵم بوونی دڵۆپە ئاوی بچوك خێراترە لە بەهەڵم بوونی

ئاوی دەریاکان, لەکاتی توندی شەپۆلەکان و زیادبوونی بەرزیەکدا بەهەڵم بوون لەسەر شەپۆلەکان زیاترە لە بەهەڵم بوون لەئاوەکە خۆیدا.

١٣- هەوا گرنگە لەژیانی ڕووەکدا چونکە پێویستی بەگازەکان ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و نایترۆجین و هەڵمی ئاو هەیە, کەئەمەش پەیوەندی هەیە بەژیانی ڕووەکەوەو کاریگەری لەسەر سەوز بوون و گەشەسەندنی ڕووەك لەهەرناوچەیەکدا بێت.




نەخشەی ژمارە (٨)
ناوەندی خێرای با و ئاراستەکەی لە هەرێمی کوردستان

## ٣٤- ڕووەك (ڕووەکی سروشتی و دارستانەکان).

١- ڕووەکی سروشتی: ڕووەکی سروشتی بەو ڕووەکانە دەوترێت کەمرۆڤ دەستی لەڕواندن و چاندن و سەوزکردنیاندا نەبووەو خۆی بەشێوەیەکی سروشتی خۆی گونجاندووە لەگەڵ ئاووهەوای ئەو ناوچەیەدا سەوزە بووە.

خەریکە هیچ ناوچەیەك نەبێت لەجیهاندا کەخاڵی بێت لەڕووەکی سروشتی تەنها ئەو ڕووپۆشە سەهۆڵیانەی ئەو شوێنانەی نەبێت کەتێیاندا باران نابارێت, ئەمە لەکاتێکدا شێوە ڕووەکیە باوەکان دەیانبینین جیاوازی لەهەریەکێك لەڕوپۆشە ڕووەکیەکاندا لەزۆرێك لەتایبەتمەندییە سەرەکیەکاندا و لە ڕادەی گونجانیان لەگەڵ ڕەوشە ژینگەییە جۆراجۆرەکاندا و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا کە لەوانەیە ڕووبدەن تێیدا.

درەختەکانیش بەگەورەترین شێوە ڕووەکییەکان دادەنرێت کەڕووەکی داریی مەزنن و بەوەدا جیادەکرێتەوە پرچ و گەڵایان زۆرەن, بەڵام جۆرەکانی و تایبەتمەندییەکانی هەریەکێك لەم جۆرانە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازن, ئەمەش بە پێی ڕەوشەکانی سازانی سروشتی لەگەڵ ڕەگەزەی ئەو ژینگەیەدا کە تێیدایە, هەیانە هەمیشە سەوزن و هەشیانە لەوەرزێکدا گەڵاکانی هەڵدەوەرێت, جۆری گەڵاکانیش هەیانە پانە یان بچوکە یان دەرزیلەییە.

ئەمانە ڕووەکی هەستیارن بۆ وشکەساڵی بەتایبەتی لەناوچەکانی گەشەکردنی یەکەمدا, بۆیە گواستنەوەیان لەناوچە شێدارەکانەوە بۆ ناوچە وشکەکان لەشێوەی بچوك بونەوە و پوکانەوەدا دەبێت لە قەبارەی درەختەکاندا کەدەگۆڕێن بۆ درەختی بچکۆلە و ژمارەیان کەم دەبێتەوە یان پەرش و بڵاودەبنەوە یان تەنها بوونیان لەو شوێنانەدا دەبێت کەزیاتر ئاودارن.

٢- دارستانەکان: دارستانەکان بەوە دەناسرێتەوە کەڕوپۆشی ڕووەکین لەهەر شوێنێك لەسەر ڕووی زەوی ئیتر پلەی چڕی و تایبەتمەندییەکەی هەرچەندێك و چۆنێك بێت, جیاوازی فاکتەرە سروشتیەکانیش کە یارمەتی گەشەکردنی ڕووەکان دەدات لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەبێتە هۆی جیاوازی ڕوخساری دارستانی لەدارستانی زۆر چڕەوە وەك دارستانە خولگەییەکان بۆ دارستانی تەنك کەدرەختەکانیان کەمێك لەیەکەوە دوورن بۆ دارستانی زۆر شاش و پچڕ پچڕ, ئەمە لەکاتێکدا کەئەو زەویەی کەبێ درەخت دەمێنێتەوە لەنێوان درەختەکاندا درەختی کورت و گژوگیای پڕی دەکاتەوە.

لەکاتی ئێستادا پانتایی دارستانەکان لەنێوان چارەك و سێیەکی ڕووی وشکانی داگیر دەکەن واتە دەکاتە (٤٠,٢) ملیۆن کیلۆمەتر دووجا, پانتاییەکەشی لەڕابردوودا زۆر زیاتر بوو لەوەی ئێستا هەیە بەڵام بە درێژبوونەوەی مێژووی مرۆیی ئەو پانتاییە کەمی کردووە بەهۆی پێویستی هەمیشەیی مرۆڤ بۆ خۆراك و لابردنی دارستانەکان بۆ ئەوەی شوێنەکەی بکات بەکێڵگەی کشتوکاڵی, هەروەها بۆ ئەوەی وەك سەرچاوەیەك بۆ وزە بۆ بەکاربهێنێت و لێیەوە کاغەز و چنراوە پیشەسازییەکانی دەست بکەوێت.

بۆ نمونە مارز و شیبمان, تێکرای بەرتەسك بونەوەی دارستانە خولگەییەکان بە نزیکەی (٢٠- ٣٠) هێکتار/ خولەك دەخەمڵێنن لە ماوەی سەدەی بیستەمدا, ئاراستەی هاوچەرخەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە دارستانەکان بەرتەسك دەبنەوە لەوڵاتانی تازە گەشەسەندودا بەشێوەیەکی ڕێژەیش لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا زیاد دەکەن بەهۆی چاندنی دارستانەکانەوە.

بەو پێیەی دارستان و ڕووەکی سروشتی کە لەیەك توخم پێکهاتوون ئەوانیش

بریتیە لەدار، بەڵام لەڕووی ڕواندنەوە جیاوازن بەشێوەیەك دارستانەکان زۆربەیان دەست کردن، بەڵام ڕووەکی سروشتی ناوی خۆی بەخۆیەوە بەشێوەیەکی سروشتی دەڕوێت وەك لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش هاتوین گرنگی دارستان و ڕووەکی سروشتی پێکەوە باس دەکەین و گرنگیەکەیان ڕوون دەکەینەوە کە لە هەموو بوارەکاندا گرنگیەکەیان وەك یەك و هیچ جیاوازییەکیان تێدا نییە کە لەخوارەوە بەدرێژی باسیان لێوە دەکەین، هەربۆیە ناوی ڕووەك بەکاردێت بەشێوەیەکی گشتی لەشوێنی هەردووکیان چونکە ڕووەکی سروشتی و دەست کرد دەگرێتەوە.

## گرنگیەکەی

١- ١- ڕووەك هەر لەکۆنەوە وەك یەکەم سەرچاوەی سەرەکی بۆ خۆ گەرم کردنەوەبەکارهاتووە، وەك سوتەمەنی پشتی بەدار بەستووە، لەو کاتەوەی مرۆڤ فێری بەکارهێنانی ئاگربووە بۆ گەرم کردنەوەو چێشت لێنان و پاراستنی خۆی ، سوتەمەنی دار سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە بووە تا ئەمڕۆ و تائەم ئاستەی تەکنەلۆجیا، هێشتا دار سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی وزەیە لەوڵاتە پێش نەکەوتووەکان و تێبینیش دەکرێت نزیکەی ٩٠٪ درەختەکان لەوڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا وەك سەرچاوەیەکی سوتەمەنی بەکاردێت، هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی بەکارهێنانی دار وەك سوتەمەنی ڕێگە پێدراو نیە ، بەڵام وەك شتێکی باو و بەربڵاو لەوڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و نیوە کیشوەری هیند بەکاردێت.

ئەم وڵاتانە سەرمایە و تەکنەلۆجیایی پێویستیان لەبەردەستدا نیە تا لەشوێنی سوتەمەنی دار بەکاری بهێنن، بۆیە ئاستی خواست لەسەری سوتەمەنی دار زۆر بووە، جگە لەوە تەقینەوەی گەورەی دانیشتوان لەم ناوچانە ئاراستەیەکی پێچەوانەوەی وەرگرت بەرامبەر نوێ بوونەوەی دارستانەکان کە بووتە هۆی سوتاندنی ناوچە ڕووەکیەکان بەڕێژەیەکی زیاتر بۆ نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵ کردن، ئەمە جگە لەبەرزبوونی ئاستی بەکارهێنانی دارستانەکان.

ئێستا لەهیندەستان سوتەمەنی دار و سەرجەم سوتەمەنیەکانی تر هەیە و ناتوانێ پێداویستی خەڵك دابین بکات هەربۆیە خەڵك پشت بەدار دەبەستێت، وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی وزەی سوتەمەنی.

بۆیە لە چاخە هەرکۆنەکانەوە دارستانەکان سەرچاوەی سەرەکی بوون بۆ سوتەمەنی، بەڵکو هەتا ئێستاش هێشتا (٤٤٪)ی داری جیهان لەسوتەمەنیدا سودی لێ وەردەگیرێت.

٢- بەرگی ڕووەکی کەخۆی لە ڕووەکاندا دەبینێتەوە کاریگەری لەسەر بەرهەم هێنان و گلدانەوەی گەرما ئەم کاریگەرییە دەگۆڕێت بەگۆڕینی جۆر و ڕەنگی بەرگەی و چڕیەکەی بەگشتی دەتوانین بڵێین:

ا- پێکهاتەی داپۆشراو بەبەرگی ڕووەکی بڕێکی کەمتر لەتیشکی خۆر هەڵدەمژێت واتە بەبەراوورد لەگەڵ بیابانەکان بڕێکی کەمتر لەگەرما بەرهەم دەهێنێت.

ب- ڕووی زەوی داپۆشراو بەبەرگی ڕووەکی لەشێوەی دارستان بڕێکی زیاتر لەتیشکی خۆر هەڵدەمژێت بەبەراورد لەگەڵ ڕووی زەوی داپۆشراو بەگژوگیا و بەروبومی کشتوکاڵ، واتە بڕێکی زیاتر گەرما بەرهەم دەهێنێت.

ج- بڕی ئەو گەرماییەی کەڕووی زەوی داپۆشراوە بەرگی ڕووەکی بەرهەمی دەهێنێت دەگۆڕێت بە گۆڕینی ڕەنگی بەرگی ڕووەکەکانیان، ڕەنگە تاریکەکانی بەرگی ڕووەکی بڕێکی زیاتر لەتیشکی خۆر هەڵدەمژن واتە بڕێکی زیاتر گەرما بەرهەم دەهێنن بەبەراورد لەگەڵ ڕەنگە کاڵەکان بۆ نمونە ڕەنگی سەوزی گەڵای دارستانە سنۆبەریەکان تاریکترن لە ڕەنگی سەوزی دارستانەکانی ناوچە خولگەیەکان.

د- بەرگی ڕووەکی بڕێکی دیار لەو گەرما کەبەرهەم دێنین خەرجی دەکات لەپرۆسەی بەهەڵم بوون لە ڕووەکدا کە لە گەڵاکانیاندا ڕوودەدات، پرۆسەی بە هەڵم بوون لەڕووەکدا وەك پرۆسەی بەهەڵم بوون، کە دەبێتە مایەی نزم بونەوەی پلەی گەرما، شان بەشان لەگەڵ پرۆسەی بەهەڵم بوون لەڕووەکدا، پرۆسەی بەهەڵم بونیش لەڕووی زەوی داپۆشراو بەبەرگی ڕووەکی بەردەوامە وە بەرێژەیەکی بەرزتر لەڕووی زەوی ئەو شوێنانەی کەهەژارن هەژارن بەبەرگی ڕووەکی.

ح- بەرگی ڕووەکی ڕێگرە لەپەیدابوونی دیاریدەی زێدەڕۆی گەرمایی، ئەو پێکهاتانەی کە بەبەرگی ڕووەك داپۆشراون لەڕۆژ و هاوین پلەی گەرمایان نزمترە لەو شوێنانەی کەخاوەنی بەرگی ڕووەکی نین یان هەژارن بەبەرگی ڕووەکی وە لەشەو و زستانیشدا پلەی گەرمایان بەرزترە، هۆکاری نزم بونەوەی پلەی گەرمای ئەو شوێنانەی کە بەبەرگی ڕووەکی داپۆشراون.

٣- پێکهاتەی فیسۆلۆجی ڕووەك کاریگەری هەیە لەسەر کرداری ئارەق کردن کەپشت بە شێی خاك و شێی هەوای دەوروپشتی ڕووەکەکە دەبەستێت، هەروەها لەسەر ژمارە و قەبارەی کونیلەکانی گەڵای ڕووەك، زۆری ژمارەی گەڵا و گەورەیی و کونیلەی گەورە بڕێکی زۆر لەئاوی لێوە دێتەدەر بەبەراوورد لەگەڵ گەڵای بچوك، وەلەو ڕێگایانەی کەڕووەك ئەتوانێت لەڕێیەوە خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەیدا بگونجێنێت پێکهاتە فیسۆلۆجیەکەیەتی لەڕووی ڕەگ و قەد و گەڵاوە، ئەگەر تائەمرێت یان ئەپوکێتەوە.

پێویستی بەبوونی هۆکاری یارمەتیدەرە وەك گەرم بوونی توندو بوونی بەرە هەوایی یە ساردەکان، هەروەها هەموو بارەکانی جێگیری زەپۆشیش ڕۆژە خۆر و سامالەکان لەخۆناگرێت، لەوەرزی زستاندا زۆرجار هەوای گەرم بەرزنابێتەوە بەسەر هەوای سارد دا ( بۆ نموونە وەك بەرە هەواییەکان) کەهۆکاری دروست بوونی جێگیری باری زەپۆشن، بەڵام هەور پێکدێت و باران دەبارێت.

٣- جێگیری زەپۆشی کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوبونەوەی مادده پیس (ژەهراوییە) کانی زەپۆش، جا لەبەرئەوەی کەجێگیری باری زەپۆش بایەکی هێمن هاوڕێیەتی، بۆیە دەبێتە هۆی زیادبوونی جێگیر بوونی مادەکانی پیس بوونی زەپۆش بەتایبەتی لەناوچە دۆڵ و لاپاڵی چیاکاندا، مادە پیسەکان بەشێوەیەکی ڕوون لەسەر ئاسمانی (عەممان) دەردەکەون، لەماوەی پێش هەڵاتنی خۆر کاتێك کەجێگیری باری زەپۆشی باوە بەهۆی تیشکاوەرە ساردبونەوە، بەڵام مادە پیسەکان خێراتر دەگوازرێنەوەو جێگیرییان کەمتر دەبێتەوە لەباری ناجێگیری زەپۆشدا.

٤- بۆ کەم کردنەوەی پیس بوون لەبارەکانی جێگیری زەپۆشیدا پێویستە دوکەڵ کێشی کارگەکان لەچینی جێگیربوون یان کۆدێتای گەرمی بەرزتر بکرێنەوە، تا وابکات دوکەڵکە لەچینە بەرزەکانی زەپۆشدا بڵاوببێتەوە لەسەروو چینی جێگیری زەپۆشدا.

شێوەی بڵاوبونەوەی دوکەڵ لەدوکەڵ کێشی کارگەکانیشدا پەیوەندی بەباری جێگیربوونەوە هەیە، لەجێگیری باری زەپۆسیدا دوکەڵ بەهێواشی و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دابەش دەبێت، بەڵام لەناجێگیری باری زەپۆشیدا دوکەڵ بەخێرایی و بەشێوەیەکی شەپۆلاوی بڵاودەبێتەوە.

## ٤٠- نەوتی عەرەب

بەپێی توێژینەوە تازەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کەنەوت نیشتمانی گەورەترین و فراوانترین یەدەیەکی نەوتی هەیە لەجیهاندا بەوەش لەڕووی تەواوبونییەوە دەکەوێتە دوای هەموو نەوتەکانی جیهان، نەوتی نیشتیمانی بەنەوتێکی پاك و نزیك لەڕوی زەوی و ئاسانی گواستنەوەی دەناسرێتەوە بۆ بازارەکانی جیهانی بەهۆی نزیکی لەبازاڕەکانی جیهانەوە لەگەڵ چەندین خاڵی گرنگی تر کەباسی دەین لەگرنگیەکەیدا، بەمەش بایەخێکی ئابوری گرنگ و سەرەنج ڕاکێشی هەیە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کەهەیەتی وای کردووە بەردەوام لەسەر ئاستی جیهان بەڕێژەیەکی بەرز بەشداری بازرگانی جیهانی بکات، بۆیە بەهۆی زۆرو گرنگی ئەم دەهاتە لەگەڵ

چەند وڵاتێکی تری دەرەوەی نیشتیمانی عەرەب ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە بەناوی ڕێکخراوی (ئۆپیک) ئەم ڕێکخراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەو بەشداری کردنی ئەو وڵاتانی کەنەوت بەرهەم دەهێنن لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ڕێك خستن و دیاری کردنی فرۆشتنی بڕی نەوت، کەئەمەش وای کرد زۆربەی دەوڵەتە پێش کەوتووەکان بەگرنگ لەم ڕێکخراوە بڕوانن چونکە بەردەوام پێویستیان بەکڕینی نەوت هەیە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان.

## گرنگییەکەی

١- زۆری بەرهەمە چاڵە نەوتەکان وای کردووە لەنیشتیمانی عەرەب کەپلەی یەکەم وەربگرێت لەبەرهەمدا، کە گەیشتووەتە نزیکەی (٣٩,٨٪) لەسەرجەمی هەموو بەرهەمی جیهانی بەپێی ساڵی (٢٠١٢) ئەم ڕێژەیە بەرزبووەتەوە چونکە لەساڵی (١٩٩٦) بەرهەمەکەی نزیکەی (٢٧,٥٪) بەهەمی جیهان بووە هۆی ئەم زیادبونەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی جەنگ و بەربەرکانیە نێودەوڵتیەکان بۆیە وای کردووە ڕێژەی بەرهەمێهنانی زۆر بەرزببێتەوە، هەروەها ئەوەندە بەس کەبەراورد بکەین لەنێوان بەرهەمی چاڵە نەوتێکی ڕوسیا و چاڵە نەوتێکی عێراق، بیرە نەوتێکی عێراق (٨٠٠٠) بەرمیل نەوت دەدات لەڕۆژێکدا، بەڵام لەڕوسیا ڕۆژی تەنها (١٣٠) بەرمیل نەوت دەدات.

٢- زۆری یەدەکی نەوتی نیشتیمانی عەرەب کەدەگاتە نزیکەی لە (٧٠٪)ی یەدەکی جیهانی، هەرچەندە هێشتا زۆر ناوچەی نیشتیمانی عەرەب هەیە بەتەواوی لەباری جیۆلۆجیەوە لێی نەکۆڵراوەتەوە.

٣- نەوتەکەی لەڕوی زەوییەوە نزیکەو ئەمەش یارمەتی ئەوە دەدات کەهەڵکەندنی کەمی تێ بچێت و بەرهەم هێنانیشی کەمی تێبچێت، هەروەها ڕادەی کەم کرێشی کەم ببێتەوە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەنزوێلا.

٤- نیشتیمانی عەرەب کەوتووەتە شوێنێکی ستراتیجی یەوە لەجیهانداوە کۆبونەوەی سەرچاوەکانی نەوت لەدەورووپشتی کەنداوی عەرەب و نۆکەندی سوێس یاخود نزیك کەناری دەریایی ناوەڕاست مانای وایە ناوچەی وەبەرهێنانی نەوت و پاڵاوتنی و ناردنە دەرەوەی دەکەوێتە سەر گرنگترین ڕێگای دەریای جیهان کە ڕۆژهەڵات دەبەستێت بەڕۆژئاواوە، سەرەڕای ئەوەی کەوتۆتە نێوان دووناوچەی کەم نەوتەوە کەئەوروپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، ئەمەش لە بایەخی زیاد کردووە.

٥- نەوتی نیشتیمانی عەرەب جۆرەکەی باشە و ڕێژەی خڵتەی و کبریتی کەمە،

ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو نەوتەدا کە لەوڵاتەکانی تری جیهان بەرهەم دەهێنرێت.

٦- نەوتی نیشتیمانی عەرەب دەورێکی کاریگەری هەیە لەبازرگانی جیهانیدا وەبەشداری نزیکەی (٥٠٪) سەرجەم بازرگانی جیهانی دەکات لەساڵی (٢٠١٢) دا، دەتوانین بڵێین دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بە تەواوی پشتیان پێ بەستووە ئەمەش وای نیشتیمانی عەرەب کردووە کەسەرچاوەیەکی هێزی ئەوتۆ گرنگی هەبێت ئەگەر بە باشی بەکاربێت وەك چەکێکی ئابوری و ڕامیاری بۆ بەرژەوەندی کێشەکانی نیشتیمانی عەرەب.

٧- نیشتیمانی عەرەب هەژارە لەبوونی سەرچاوەکانی تری وزەدا، ئەمەش وای کردووە نەوت ببێتە تاکە سەرچاوەیەك بۆ پەیداکردنی وزە، بۆ نمونە ئەو خەڵوزەی نیشتیمانی عەرەب هەیەتی (٦٪)ی بەرهەمی جیهان پێکدێنێت، وە بەکاردەهێنانی وزەی کارەباش لەهەندێك دەوڵەتی نیشتیمانی عەرەبی وەك عێراق و میسر و جەزائیر تێ ناپەڕێت.

٨- نەوتی نیشتیمانی عەرەب بنەڕەتی زۆر لەدەوڵەتە عەرەبەکان پێك دەهێنێت و بەتەواویش پشت دەبەستێن بەناردنە دەرەوەی، نەوت ڕێژەیەکی گەورەی ناردەنی سعودییەو لیبیا دەگرێتەوە.

٩- زۆری بەرهەمی نەوت لەنیشتیمانی عەرەبدا وای کردووە بەرهەم هێنانی هەر بەرمیلێك نەوت کەمی تێ بچێت لەبەرامبەر ناوچەکانی تری بەرهەم هێنانی نەوتدا لەجیهاندا وەك ئەوەی ئێستا کە لەوڵاتانی سعودییە و عێراق و قەتەردا بەرچاو دەکەوێت.

١٠- وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد نەوتی نیشتیمانی عەرەب نزیکە لەڕوی زەوی ئەمەش وا دەکات لەکاتی دەرهێنانیدا کەمی تێ بچێت.

# بەشی دووەم

# گرنگی دیاردە مرۆییەکان

## (٤١-١)پرۆژەکانی گاپ وگرنگیەکەی بۆ تورکیا

گاپ بەگەورەترین پرۆژەی ستراتیجی دادەنرێت لەمێژووی ولاتی تورکیادا, هەروەها سێ یەم گەورەترین پرۆژەیە لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست, کەمەبەست لێی بوژانەوەیە لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشت و گوزار و کارەبا کەسودێکی ئابوری زۆری هەیە بۆ ولاتی تورکیا, وشەی گاپ کورت کراوەی سێ ووشەی تورکیە کەبریتیە لە ( پرۆژەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ) دێت, هەروەها بەزمانی ئینگلیزی واتە (پرۆژەی ئەنادۆلی مەزن), کەپێکهاتووە لە (١٧) بەنداو لەسەر رووباری فورات و (٥) بەنداو لەسەر ڕوباری دیجلە.

## گرنگی گاپ بۆ تورکیا

١- پرۆژەکە (١٩) وێستگەی کارەبا لەخۆدەگرێت بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا, بێ گومان بوونی بەنداوی گەورەی گاپ, کەخۆی زیاتر لە(٢١) بەنداو دەبینێتەوە, بڕێکی باش وزەی کارەبا بەرهەم دەهێنێت, ڕێژەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەم پرۆژانەدا بەشی هەموو تورکیا دەکات ودەشتوانێت بەشی هەموو عێراق و سوریاش بدات, ئەمەش وەك بازرگانیەکی گەورە سودی لێ وەردەگرێت و داهاتێکی ئابوری باشی دەست دەکەوێت کەهیچی لەنەوت کەمتر نییە, چونکە سالانی پێشوو تورکیا بەدەست بوجەی زۆر بۆ بەدەست هێنانی وزەی کارەبا دەینالاند, ئەویش بەهۆی ئەوەی کەبڕێکی پارەی زۆری خەرج دەکردو بڕێکی کەم کارەبای دەست دەکەوت لەچاو وزەی بەرهەم هێنراوی کارەبا لەم پرۆژانەدا, بەلام ئێستا بەهۆی ئەم بەنداوانەوە دەتوانن بەڕێژەیەکی کەم پارە بڕێکی زۆر کارەبا بەرهەم بهێنن و لەڕێگەشیەوە داهاتێکی باشی دەست بکەوێت کە لەمێژووی تورکیادا ئەوەی بەخۆوە نەدیوە, بەشێوەیەك کە هەردوو وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کارەبای حکومەتی عێراق ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کەکارەبا لە حکومەتی تورکیا بکڕن, بۆ دابین کردنی بڕی کارەبای پێویست بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان, کەواتە دەتوانین بلێین ئەم پرۆژەیە (گاپ) بەسەرچاوەی سەرەکی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا

دادەنرێت لەداهاتودا بۆ حکومەتی تورکیا.

٢- خاڵێکی تری گرنگی ئەم پرۆژەیە (گاپ) ئەوەیە, کەبڕێکی زۆر ئاو بۆ ڕووبەرە زەوییە کشتوکاڵییەکان بەتایبەت ئەوانەی دەکەونە باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کەزیاترە لە(٢٠٪)ی ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان لەتورکیا دابین دەکات, ئەمەش کاریگەری بەهێز و گرنگی دەبێت لەسەر زیادبوونی بەرهەم کشتوکاڵییەکان و دابینکردنی بڕێکی زۆری بەروبومە جۆربەجۆرەکانی کشتوکاڵ لەو وڵاتەدا, کەپێوستی بەوڵاتانی دراوسێ نیە بۆ دابینکردنی ئەو بەربوومە کشتوکاڵیانە, بەڵکو بەزیادیشەوە دەنێردرێتە دەرەوە لەڕێگەی بازرگانی دەرەکی یەوە کەسودێکی ئابوری زۆری هەیە بۆ ئەم وڵاتە, کەسەرچاوەی بژێوی بڕێکی زۆر دانیشتوانە, هەروەها ئەم زۆری بڕی ئاوە هۆکارە بۆ بەرهەم هێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەجارێك زیاتر لەساڵێکدا, بەوەش زۆری بەرهەمی بەدوادا دێت کەسەرچاوەیەکی ئابوری باش پێکدێنێت, کەواتە پرۆژەی گاپ دەبێتە هۆی بوژانەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان, لەهەمان کاتیشدا بەراوکردنی ڕووبەرێکی زەوی فراوانی کشتوکاڵی.

٣- گرنگی ئەم پرۆژانە ئەوەیە کەحکومەتی تورکیا مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیە, ئەویش بەداگیرکردنی چەندین ناوچەی کوردنشین لەکوردستانی باکورو گواستنەوەی دانیشتوانە کوردەکەی بۆ ناوچەیەکی تر, کە دەگاتە نزیکەی حەوت پارێزگا, ئەمەش هۆکارە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی کورد کەتورکیا مەبەستی سەرەکیەتی و گواستنەوەیان بۆ ناوچەیەکی تر و بڵاوەپێکردنی تورك لەشوێنیان بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی و سەرپەرشتی کردنی ئەو پرۆژانە بگرنە دەست, بۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێکهاتەی نەتەوەی بەتەواوی بگۆڕدرێت و لەشوێنی دابونەریتی تورکی تێدابڵاوبکرێتەوە, هەروەها لەناوبردنی تەواوی چالاکیە سەربازیەکان کەسەرچاوەکەیان لەم ناوچانەوە سەرهەڵ دەدەن کەحکومەتی تورکیا خاك و نیشتمانی خۆیانی لێ قەدەغەکردون.

٤- بوونی ئەم (٢١) بەنداوە گرنگی ناوچەکەی زیادکردووە بەجۆرێك ناوچەکە دەبێتە شوێنێکی گرنگی سامانی ماسی نەك لەسەر ئاستی وڵاتی تورکیا بەڵکو لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش, بۆیە حکومەتی تورکیا دەتوانێت بڕێکی باش بەرهەمی ماسی دابین بکات بۆ ناوخۆی و بەشێکی زۆریشی لێ دەنێرێتە دەرەوە, دیارە ماسی خۆراکی سەرەکی بڕێکی زۆر لەدانیشتوان, کەدەچێتە بواری پیشەسازی لەقوتونان و بەشی ناوخۆی لێ دابین دەکرێت و ئەوی تریش دەنێرێتە دەرەوە بەتایبەت لەچەند ساڵی داهاتوودا کەئەم پرۆژەیە هەموو تەواودەبێت.

٥- هەروەها بەهۆی ئەم پرۆژەیە گەورەوە کە بەپرۆژەی ئەنادۆڵی مەزن ناودەبرێت,

٧- هەروەها ڕووەکەکان هۆکارە بۆ کەم کردنەوەی لافاو بەتایبەت لەو ناوچانەی کەلێژیان زۆرە و خاکەکەی توشی چەندین دیاردەی جیمۆرفۆلۆجی دەبێت وەك ڕامالین کەدەبێتە هۆی لەناوبردنی خاك و دواتریش بەکەڵکی کشتوکاڵ و بەربوومەکان ناشێت, بۆیە ئەم ڕووەکانە هەڵدەستن بەکەم کردنەوەی خێرایی ئەم ئاوە لەڕێگەی ڕێژەیەکی زۆر ڕووەك لەو لاپاڵانەدا کەڕەگەکانیان چووە بەزەویدا وەك بەربەستێك وایە لەبەردەم ئاوو بارانی بەخوڕ, بۆیە ئەو ناوچانەی کە ڕووەکیان زۆرە خاکیشی بە شێوەیەکی باش هەیە کە گونجاوە بۆ گەشەی ڕووەکەکان, بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو لاپاڵانەی کە ڕووەکیان پێوە نیە خاکەکەیان تەنك و کرداری ڕامالینی تێدا ڕوودەدات, بەمەش ڕووەك و گژوگیای لێ سەوز نابێت چونکە خاکی ناوچەکە پێکهاتووە لە بەرد.

٨- هۆکاری سەرەکییە بۆ هەناسەدان لەسەر زەوی, چونکە مرۆڤ ئۆکسجین هەڵدەمژێت و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەداتەوە, بەڵام ڕووەك بە پێچەوانەوە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژێت و ئۆسجین دەداتەوە, ئەم دوو کرداری هەناسەدانە تەواوی کاری یەکترین و بەبێ یەکتری ژیان لەسەر زەوی نامێنێت, چونکە ئەگەر ڕووەك ئۆکسجینی پاك بەرهەم نەهێنێت ئەوا هەناسەدانی مرۆڤ ڕوبەڕوی کێشەی گەورە دەبێتەوە و ڕەنگە ئەو کێشەیە ببێتە هۆی لە ناوچوونی زیندەوەرانی زەوی, چونکە زیندەوەرانی زەوی بەبێ خواردن و ئاو بۆ ماوەی یەك هەفتە یان دوو هەفتە دەتوانن بژین, بەڵام هەوای پاك ناتوانن لە چەند خولەکێك زیاتر بژین, لەگەڵ ئەوەشدا هەوا پاك دەکاتەوە بەهەڵمژینی ڕێژەیەکی زۆر دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

٩- بە مەڵبەندێکی نیشتەجێ بوون و خۆحەشاردانی گرنگ دادەنرێت بۆ ئاژەڵە کێوییەکان و باڵندە کێوییەکان و هەندێ جاریش بەمەڵبەندی دەست کەوتنی خۆراك بۆ هەندێ گیانداران, ئەمەش یەکێکە لە دەرامەتە سروشتیەکان کەبۆ مرۆڤ فەراهەم بووەو بەردەوام سودی لێ وەردەگرێت, ئەمەش دەردەکەوێت لەدارستانەکانی ئەفریقادا بەتایبەتی لەدارستانە کەمەرەییەکان لەهەردوو وڵاتی ئۆگەنداو کینیا کە ژمارەیەکی زۆر لەگیانلەبەر تێدایە وەك (زەڕافە, پڵنگ, ڕێوی, شێر, کەمتیار, ئاسك, مانگای کێوی, گوێدرێژی کێوی ... هتد), ئەمانە هەندێکیان ئەم دارستانانە وەك حەشارگەیەك بەکاردێنن و هەندێکی تریشیان وەك سەرچاوەی خۆراك بەکاری دێنن بەتایبەت گۆشت خۆرەکانی وەك (پڵنگ و شێر و کەمتیار) کەبەردەوامی هەوڵی ڕاوکردنی ئەم گیاندارانە دەدەن کە لەم دارستانەدا هەیە و بە هۆیەوە خۆراکی خۆیان بێ چوەکانیان دابین دەکەن, هەروەها بەهەمان شێوە گیانلەبەرە شیردەرەکانیش خۆراکی خۆیان لەم دارستانانە دەست دەخەن و خۆیانی تێدا حەشاردەدەن لەترسی گیاندارە گۆشت خۆرەکان.

١٠- هەروەها دارەکان لەبوارە جۆرە بەجۆرەکانی پیشەسازیدا بەکاردێت، وەك پیشەسازی کەشتیەکان پێویستی بەبڕێکی زۆر تەختە هەیە، هەروەها ئەو پیشەسازیانەی کە لەسەر توێکڵی دارەکان دەوەستێت هەروەها پیشەسازی کاغەز و سیلۆز و .... هتد، وێڕای بەروبومەکان و بەرهەمەکانی تری دارستان وەك لاستیك و تەپەدۆر، کەئەمەی دواییان لەپیشەسازی تەپەدۆردا بەکاردەهێنرێت. هەروەها لەدارەکانی دارستان هەندێك مادده دروست دەکرێت، کە بەکارهێنانیان لەپیشەسازی ڕوپۆشی کەشتیەکاندا زۆر بڵاوە.

١١- دارستانەکان وەك سەرچاوەیەك بۆ دەست خستنی خۆراك تێیاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پیشەی کۆکردنەوە و چنینەوەی بەری درەختەکانەوە وەك گوێزی هیندی و خورما و زەیت و مۆز و ئەوانەی تر کەڕاستەوخۆ وەك خۆراك دەخورێن، هەروەك چۆن دارستانەکان ڕۆڵی گێڕاوە وەك سەرچاوەیەك بۆ دەست خستنی کەتیرە یان هەنگوین یان کەرەستە پزیشکیەکان و ئاڵف و مۆد و مادە کەتیرەییەکان لەڕووەکی ڕاتنج و ئەوانی تر.

١٢- ڕوپۆشی ڕووەکی بەگرنگترین فاکتەرەکانی پێکهاتنی خاك دادەنرێت، چونکە بەپاشماوە ڕووەکیەکان (گەڵاکان و ڕەگ و ڕیشکە مردووەکان) خاك دەوڵەند دەکات، هەروەها بەرپرسی سەرەکیە لەپێکهاتەی ئۆرگانیی لەخاکدا، هەروەك چۆن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەهەندێك لەپرۆسەکانی ووردکردن و لەرزۆکردنە میکانیکی و کیمیاییەکاندا، ڕەنگیشە ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆی هەبێت لەڕێگەی ڕێکردن و هاوسەنگکردنی کەشی خاك و کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییەکانی. جۆری جیاوازی ڕووەکەکانیش کەهەن کاریگەری جیاوازیان دەبێت لەسەر جۆری ئەو خاکەی کەبەرهەم هاتووە یان دروست بووە، ئەویش لەئەنجامی جیاوازی چەندێتی و چۆنیەتی پاشماوە ئۆرگانیەکانی و شوێنی شی بونەوەی لەخاکدا.

بڕ و دابەش بوونی مادەی ئۆرگانی لەبەشەکانی خاکدا جیاواز دەبێت بەپێی جۆر و چڕی بوونی هەریەکێك لەم بەشانە، لەوانەشە لە ناو یەك بەشدا جیاوازبێت بەپێی جۆرێتی و چڕی بوونی هەریەکێکیان، بۆ نمونە ئەو بڕە یان پارچە زەویانەی خاکەکەی لەژێر ڕوپۆشێکی گیاییەوەیە ئەوا بڕێکی زیاتر مادەی ئۆرگانی تێدایە کە بەشێوەیەکی ڕێك دابەش بووە لەگەڵ قوڵاییدا زیاتر لەو خاکانەی کە لەژێر درەختی دارستانەکاندا دروست بوون، هەروەها ئەو خاکەی کە لەژێر درەختی دارستانە خەزانیەکاندا دروست بوون بڕێکی زۆرتر مادەی ئۆرگانیان تێدایە لەو خاکەی کە لەژێر درەختە هەمیشە سەوزەکاندا دروست دەبن، هەروەها ئەو خاکەی کە لەژێر درەختەکانی دارستانە گەڵا پانەکاندا دروست دەبێت بڕێکی زیاتر مادەی ئۆرگانیان

تێدایە لەو خاکەی کە لەژێر درەختی گەلا دەرزیلەییەکاندا دروست دەبێت، بەو شێوەیە بەپێی جیاوازی جۆر و چڕی بوونی هەریەکێکیان.

١٣- دارستانەکان نمایشی سەرچاوەیەکی سەرەکی دەکات بۆ دار و تەختە کە بەڕۆڵی خۆی لەکەرەستەکانی بونیادناندا بەکاردەهێنرێت، ئەم بەرهەم هێنانەی تەختە لەدار جیاوازە لەکیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی تر، کیشوەری ئاسیا پلەی یەکەمی وەرگرتووە و ڕێژەی بەرهەم هێنانی داری دەگاتە نزیکەی (٣٦٪) لەکۆی بەرهەمی جیهانی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی پانتایی دارستانەکان تێیدا کەدەگاتە نزیکەی (٥٧٤,٨) ملیۆن هێکتار، هەروەها کیشوەری ئەفریقا دەگاتە نزیکەی (٢٢٪) بەرهەمی جیهان و پلەی دووەمی وەرگرتووە کە لە خشتەی ژمارە (١١) ڕون کراوەتەوە، هەروەها کیشوەری ئەمریکای باکور و ناوەڕاست پلەی سێیەمی وەرگرتووە و بەرهەمەکەی دەگاتە نزیکەی (١١٩,٧) ملیۆن تەن واتە یەکسانە بە (١٤,٨) بەرهەمی جیهان، هەریەکە لەکیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باشور و ئۆقیانوس لەپلەکانی چوارەم تاشەشەم دێن.

خشتەی ژمارە (١١)


بەرهەم هێنانی تەختە لە جیهاندا

| کیشوەر | پانتایی | ٪ | پشکی تاک بە هێکتار | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ئەوروپا | ١,٠٣٩,٢٥١ | ٢٦,٩ | ١,٤ | ١ |
| ئەمریکای باشور | ٨٨٥٦١٨ | ٢٢,٩ | ٢,٦ | ٢ |
| ئەفریقا | ٦٤٩,٨٦٦ | ١٦,٨ | ٠,٨ | ٣ |
| ئەمریکای باکور و ناوەڕاست | ٥٤٦,٣٠٥ | ١٤,٢ | ١,١ | ٤ |
| ئاسیا | ٥٧٤,٧٩٢ | ١٤,١ | ٠,٢ | ٥ |
| ئۆقیانوس | ١٩٧,٦٢٣ | ٥,١ | ٦,٦ | ٦ |
| جیهان | ٣,٨٦٩,٤٥٥ | ١٠٠ | ٠,٦ | - |

١٤- هەروەها دارستانەکان بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی کەفەروییان هەیە.

١٥- هەروەها جێی ئاماژە بۆ کردنە کەبازرگانی دار لەنێوان دەوڵەتان و کیشوەرە جیاوازەکاندا بەبازرگانیەکی گرنگی و نێودەوڵەتی ئەژماردەکرێت و لەڕێیەوە چەندین وڵات سودی ئابوری لێ دەست دەکەوێت، بۆ نمونە داری ماهۆجینی بەگرنگترین درەختە بازرگانیەکان دادەنرێت کە لەدارستانە خولگەییەکاندا هەیەو زیاتریش

بایەخی پێ دەردرێت، دارەکانیش لەنێوان خۆیاندا بەشێوەیەکی جیاواز بەشداری بازرگانی جیهانی دەکەن و لەدارێکەوە بۆ دارێکی تر دەگۆڕێت، بەجۆرێك دارە ڕەقەکان بە پشکی نزیکەی (٢٠٪) بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا کەدرەختە نەرمەکان بە نزیکەی (٨٠٪) بەشداری ئەم بازرگانیە دەکەن ئەویش بەهۆی زۆر بەکارهێنانی لەپیشەسازیدا، ولاّتان ڕێژەیەکی بەرز تەختە بەکاردەهێنن و هاوردەی دەکەن لە ڕێگەی بازرگانی دەرەکیەوە وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەپلەی یەکەمدا دێت و تێکڕای بەکاربردنی تەختی گەیشتووەتە نزیکەی (١١٥,٨) ملیۆن مەتر سێجا، هەروەها یابان بە (٧١,٨) قلەی دووەمی وەرگرتووە، چینیش بە(٤٥,٨) پلەی سێیەمی وەرگرتووە.



نەخشەی ژمارە (٩) دابەش بوونی ڕووەکی سروشتی لە جیهاندا

## ٣٥- بەرزونزمی

بەرزونزمی بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو بەرزونزمیانە دەگرێتەوە کە لەسەر ڕوی زەوی هەن جائیتر شێواز و قەبارەیان هەرجۆرێك بێت، هەندێ لەجوگرافی ناسەکان بەبەرزونزمیەکانی سەر ڕووی زەوی دەڵێن ڕوخسارەکانی ڕوی زەوی، بەرزنزمیەکانی سەر ڕوی زەوی بریتیە لە(چیا، بان، دەشت، دۆڵ) کە بەچەند شێوەیەکی جیاواز لەسەر ڕوی زەوی دەردەکەون و بەرزونزمیەکانی ڕوی زەوی دەنوێنن کە لەنزمترین شوێنی ڕوی زەوی دەست پێ دەکەن و بەبەرزترین شوێنی سەر زەوی کۆتایی دێت.

## گرنگیەکەی

١- بەرزونزمی بەگرنگترین هۆکار دادەنرێت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر پەستانی هەوا, چونکە پەستانی هەوا بەخێرایی دەگۆڕێت بەبەرزوبونەوەی لەئاستی ڕووی دەریاوە واتە هەتا لەئاستی ڕوی دەریاوە بەرزبونەوە پەستانی هەوا کەم دەکات, بەم پێیەش پەستانی هەوا لەناوچە دۆڵ و دەشتەکاندا زیاترە وەك لەچیاکاندا ئەمەش لەبەرئەوەی چیا لەدەشتەکان و دۆڵەکان بەرزترە لەئاستی ڕوی دەریاوە, کەواتە دەردەکەوێ بەرزونزمی بەگرنگترین ئەو هۆکارانە دەژمێرێت کەکاریگەری هەیە لەسەر کەم و زۆری پەستانی هەوا.

٢- بەرزونزمی کاریگەری و گرنگە لەسەر ڕوی زەوی لەسەر بەرهەم هێنان و گلدانەوەی گەرما کەلەم خاڵانەدا باسیان لێوەدەکەین:

ا- شوێنە بەرزەکان (چیا و بانەکان) بڕێکی زۆرتر لەتیشکی خۆر دەگاتە سەریان, بەبەراورد لەگەڵ شوێنە نزمەکان (دەشت و دۆڵەکان)چونکە تیشکی خۆر تاگەیشتنی بەو شوێنە بەرزانە بڕێکی کەمی لێون دەبێت لەبەرگی گازیدا لەڕێگای پرۆسەکانی هەڵمژین و هەڵگەڕانەوە و تێکشکاندن بەهۆی بەرزیان لەلایەك و ڕونی بەرگی گازی لەسەر شوێنە بەرزەکان لایەکی ترەوە, گەیشتنی بڕی زۆر لەتیشکی خۆر بۆ سەرشوێنە بەرزەکان دەبێتە مایەی بەهێزبوونی بەرهەم هێنانی بڕێکی زۆر لەگەرما.

ب- پلەی (گۆشەی) لێژی ڕوی بەرزەکان تازیاتر بێت گۆشەی داکەوتنی تیشکی خۆر بەرزتر دەبێت کەئەمەش دەبێتە مایەی بەرهەم هێنانی گەرمای زیاتر لەم شوێنانە.

ج- ئاراستەی ڕوی بەرزایەکان بەتایبەت لەدەرەوەی ناوچە خولگەییەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بەرهەم هێنانی گەرما, لەنیوە گۆی زەوی باکور ئاراستەکانی ڕوی بەرزای بەرەو باشور زیاتر تیشکی خۆر لێ دەدات کەئەمەش دەبێتە مایەی بەرهەم هێنانی گەرمای زیاتر بەبەراورد لەگەڵ ئاراستەکانی بەرەو باکور, بە پێچەوانەوە نیوە گۆی زەوی باکور, لەنیوەی گۆی زەوی باشور ئاراستەکانی بەرەو باکور زیاتر تیشکی خۆر لێ دەدات وەزیاتر گەرما بەرهەم دەهێنێت بەبەراورد لەگەڵ ئاراستەکانی بەرەو باشور.

د- شوێنە بەرزەکان بەهۆی خێرای باو کەمی هەڵمی ئاو و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کەمتر توانای گلدانەوەی گەرمیان هەیە بەبەراورد لەگەڵ شوێنە نزمەکان و داخروەکان.

٣- بەرزونزمی لەدوو لاوە کاردەکاتە سەر کشتوکاڵ, یەکەمیان بەبەرزبونەوە لەئاستی ڕوی دەریا, دووەمیش پلەی لێژی قەد پاڵەکەو بۆ چ لایەك لێژە, بەرزبونەوە

کار دەکاتە سەر پلەی گەرما, تاوەکو (١٠٠)م بەرزبینەوە بڕی گەرما (١,٨) پلە کەم دەکات, لەناوچە خولگەییەکاندا تابەرزبینەوە بۆ (٢٠٠)م کشتوکاڵی بەروبومی ناوچە فێنکەکان دەبینین وەك گەنم و جۆ و شۆفان یان بەروبومەکە دەفەوتێت بەهۆی ئەو زوقمەوە کە لەسەر ناوچە هەرە بەرزەکان دروست دەبێت, ئەمەیش بەپێی شوێن لەهێڵە پانەکانەوە دەگۆڕدرێت, تاوەکو لەهێڵی یەکسانەوە نزیك بینەوە وەك لەکینیا بەبەرزای (٢٣٠٠) مەتر وە بەبەرزی (١٥٠٠) مەتر لەزیمبابۆی, لەکشتوکاڵدا بەرزی کارناکاتە سەر پلەی گەرمی بەتەنها بەڵکو بێجگە لەوەش کاردەکاتە سەر بڕی ئەو بارانەی کەدەبارێت, ئەو بڕەیەش تابەرزبینەوە زیاد دەکات بۆ نمونە ئەو بارانەی لەباکوری وڵاتی عێراق (هەرێمی کوردستان) دەبارێت زیاد دەکات تابەرەو باکوری ڕۆژهەڵات بڕۆین چونکە بەو پێیەش بەرزی زیاد دەکات تادەگاتە (٣٠٠٠)ملم لای چیا هەرە بەرزەکان لەهەرە باکوری ڕۆژهەڵات, لەکاتێکدا لە (٣٠٠)ملم تێناپەڕێت لەوناوچانەدا کەدەکەونە باشوری ڕۆژئاوای ئەم چیایانەوە, لەم بارەدا دەتوانرێت پشت بەباران ببەسترێت بۆ کشتوکاڵ کردن چونکە بڕی باران یارمەتی ئەوە دەدات ئەگەر پێویستی یەکانی تری بەرهەم هێنان یارمەتی گونجاوبێت بۆ کشتوکاڵ کردنی گەنم و جۆ.

لێژی زەویش لە چەند لایەنێکەوە کاردەکاتە سەر کشتوکاڵ, لێژی زۆر دەبێتە هۆی داڕوتانی زەوی کە بۆ کشتوکاڵ پێویستە, لەبەرئەوە کشتوکاڵ لەو ناوچانەدا دەکرێت کەلێژی کەمە وەك ناوچەی پێ دەشتەکان, لە کاتێکدا لە ناوچە بەرزاییەکاندا کەمترن, هەڵکەوتنی لێژی زەوی بە گوێرەی بای باراناوی و تیشکی خۆر کاردەکاتە سەر کشتوکاڵ, ئەو قەد پاڵانەی بەرەو باری باراناوین دەتوانرێت زیاتر کشتوکاڵی تێدا بکرێت, بە پێچەوانەوە ئەو قەدپاڵانەی کەوشکن و لەسێبەری باراندان, هەروەها چەند بەرەو خۆربێت ئەوەندە کاردەکاتە سەر توانای کشتوکاڵ, ئەو قەد پاڵانەی کەبەرەو خۆرن بەتایبەتی لەهێڵە پانەکانی ژوروودا کشتوکاڵی باشتری تێدا دەکرێت, بەڵام ئەو قەد پاڵانەی لەناوچە وشکەکانی هێڵە پانە خولگەییەکاندایە کەکەمتری خۆری بەردەکەوێت بارەکەی دەگونجێت بۆ گەشەکردنی ڕووەك لەبەرئەوەی بەهەڵم بوون کەمتر ڕوودەدات.

٤- بەرزونزمی دوبارەبونەوەی ڕودانی زوقم لەدۆڵی لاپاڵی چیاکاندا زیاد دەبێت, کاتێك کەدووچاری هەڵکردنی با(شنەی چیا)ی سارد دەبن لەشەودا بەرەو دۆڵەکان و ئەبێتە هۆی ڕودانی زوقم, بەپێچەوانەوە لەناوچە دەشتەیایەکان کەمتر بەهۆی جیاوازی بەرزونزمیان لەئاستی ڕوی دەریا.

٥- بەرزونزمیەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەکەشدا, وەك زانراوە پلەی گەرما یەك

پلە دادەبەزێت هەرکاتێك (١٥٠) مەتر بەرزبوینەوە لەئاستی ڕوی دەریاوە، بۆیە شتێکی سەیر نیە کەبەفر لوتکەی چیاکان دادەپۆشێت سەرەڕای ئەوەی کەئەو لوتکانەش کەوتبنە ناوچە کەمەرەیی و خولگەییەکانەوە.

هۆکاری دابەزین لەپلەی گەرماشدا لەگەڵ هەر بەرزبونەوەیەکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کەدەبینین ئەو بەرگە هەوایەی دەوری گۆی زەوی گرتووە تێیدا دەنکۆڵەکانی تەپوتۆز و هەڵم زۆرن و کاردەکەن لەسەر ڕێکخستنی وەرگرتنی تیشك و هەڵمژینی بەشێکی و پەرچکردنەوەی بەشێکی تری، ئەم دەنکۆڵە و هەڵمانە تایبەتمەندی ئەوەیان هەیە کەڕێگە دەگرن لەڕۆشتنی ئەو تیشکەی کەزەوی پەرچیی دەکاتەوە، واتە بەهۆی زۆربونی ئەم دەنکۆلانە و هەڵمانە لەنزیك ڕوی زەویەوە ڕێگە دەگرێت لەدزەکردنی تیشکدانەوەی زەوی بۆ ئاسمانی بەمەش حاڵەتی پەنگخواردنەوەی گەرمی (احتيباس الحراري) لەم ناوچانەدا ڕودەدات و بەمەش بەرگە هەوای نزیك لە زەوی بە گەرمی دەمێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەشەکانی سەرەوە بەهۆی کەمی ئەو دەنکۆلانەوە تەپوتۆز و هەڵم تێیدا ناتوانێت پارێزگاری لەم گەرمایە بکات یان گلی بداتەوە بەڵکو لێیەوە دزە دەکەن و دەردەچن بەمەش دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمی لەبەرزاییەکاندا کەمتر ڕوودەدات.


٦- بەرزونزمیەکان بەگرنگترین فاکتەرەکانی دروست بونی خاك دادەنرێت لەجیهاندا بەهۆی ئەو کاریگەریەیانەوە کەهەیانە لەسەر کەش و ڕوپۆشی ڕووەکی لەلایەك، چونکە چەند بەرزای زیاد بکات لەڕووی ئاستی دەریاوە ئەوا پلەی گەرما کەم دەبێتەوەو کەش شێدار و سارد دەبێت، لەمەوە جیاوازیش لەجۆر و چڕی بوونی ڕوپۆشی ڕووەکیشدا دروست دەبێت، پاشانیش لەجۆری ئەوخاکەی کەهەیە، لەلایەکی ترەوە بەرزونزمیەکان کار لەو بڕی ئاوە دەکەن کەبەنێو خاکدا دەڕوات (کەشی ناوچەی) بەهۆی ئەوکاریگەریەوە کە بەرزونزمیەکان هەیانە لەسەر ڕێکردنی ئاوەکە، پاشانیش سەرهەڵدانی ڕەوش و کەش و هەوای شێداری جۆراجۆر لەیەك ناوچەدا بەپێی بەرزاییەکان و نزماییەکانی و لێژاییەکان کەدەبێتە هۆی دروست بونی چەندین جۆری جیاوازی خاك.

هەروەها بەرزونزمیەکان و شێوەکانی ڕووی زەوی کاریگەریان هەیە لەسەر گەرمای خاك، بۆنمونە قەدپاڵ و لێژاییەکان بەپێی پلەجیاوازەکانی لاری و شێوازە جۆراوجۆرەکانیان وسستمی هەڵکەوتنیان تیشکی خۆر بەگۆشەی جیاواز وەردەگرن، هەر ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بڕی گەرمای بەدەست هاتوو لەهەر شوێنێکدا، کەئەمەش بەڕۆڵی خۆی کاردەکاتە سەر جۆر و چڕی بوونی ڕوپۆشی ڕووەکی، کەئەمەش بەڕۆڵی خۆی کاردەکاتە سەرجۆری ئەو خاکەی کەدروست بووە،

دواجاریش بەرزونزمیەکان کاریگەرییەکی گەورە دەکەنە سەر قوڵی ئاستی ئاوی ژێر زەوی, دواجاریش کاریگەریەکی گەورە دەکاتە سەر پێکهاتنی یان دروست بوونی خاکی ناوچەیی, بەتایبەتی لەناوچە بیابانییەکان و نیمچە بیابانیە وشکەکاندا.

٧- بەرزونزمی دیاردەیەکە لەهەموو دیاردە سروشتیەکانی تر زیاتر کاری لەدەوڵەت کردووە, دەوڵەتێك بەهێزە کەهەموو شێوەیەکی جۆربەجۆری بەرزونزمی تێدادەبێت, چونکە دەرامەتی سروشتی جۆراوجۆر و ئاووهەوای جیا جیای تێدادەبێت کەئەمەش تەواوکارییەکی ئابوری بۆ دەرەخسێنێت و هێزداری دەکات, جگە لەوە جۆری بەردان و بەڕێك خستنی ئاویش پەیوەندی بەبەرزونزمی یەوە هەیە, دەشتوانین کەباشترین ژینگەی نیشنەیی و ئابوری ئەودەشتانەیە کەدەرامەتی ئاو و خاکی بەپیتی زۆرە, ئەو جۆرە دەشتانە بەئاسانیش ڕێگاوبانی هاتوچۆ و هێڵی ئاسنی پێدا ڕادەکێشرێت.

٨- جۆرە جیاوازییەکی بەرزونزمی یەکێکە لەو هۆجیاوازەی کە لەجۆری لادێ نیشینەکان و ناوچە دەشتی یە ساردەکان و زۆری شێوەی بەرزی ونزمی خۆڕاهێنان بۆ لەباری ئیش و کاری کشتوکاڵی و درێژی دان بەڕێگای هاتوچۆ قلّیش (درز)کردنی نۆکەندەکانی ئاودێری لەناوچە شاخاوییەکان و بەقەبارەیەکی بچوك (کەم) وە ئەمەش تەنها لەم ناوچانەدا, بەلاّم لەناوچەکانی تری دەشتی یەکانی نێوان زنجیرە شاخەکان ڕوو نادات, ئەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی تر و ڕاکێشانی دانیشتوان تێدا بۆ نمونە وەکو دەشتی شارەزور و ڕانیە و سلێمانی.



نەخشەی ژمارە (١٠)
ناوچە بەرزونزمیەکانی عێراق وەك نمونەیەك

## ٣٦- هەور

هـەور کۆبونـەوەی دڵۆپـەکانی ئـاوە, یـان تەنۆلکـەی بەفرییـە, یـان ئاوێتـەی هەردوولایە, بەهۆی سوکی یان سـەر هـەوا دەکـەون, بەهۆی بەرکەوتنی خۆر پێیان، کەدەیدەنەوە دەبینرێ.

هەور کاتێك دروست دەبێت کەهەوایەکی گەرمی شێدار سارد ببێتەوە هەتا ئەو ئاستەی بێتـە ژێـر خاڵی شـەونمەکەیەوە, ئـەو کاتـە هەڵمـە ئاوەکـەی ناوی خەست دەبێتـەوە, لـەدۆخێکی گـازی نـەبینراوەوە دەگۆڕێـت بـۆ دۆخێکـی تـری بینراو کەهەورەکەیە.

هـەور چینێك یان بارستە هەوایـەکی شـێدارە, بڕێکـی زۆری دڵۆپیلکەی ئاو و کریسـاڵی بـەفر سـەهۆڵی تێدایـە, یـان هـەموو ئەمانـەی تێدایـە بـە هـەڵمی ئاویشەوە، دەجوڵێت و هەندێ جار لەسەرەخۆ و هەندێ جار بە خێرایی لەناو چینی ترۆبۆسفێردا لەبەرزایی جیاوازدا کە بەگشتی لەنێوان سەدان یان هـەزاران مەتردایـە, جا چ لەسەر ڕوی ئاوبێت یان لەسەر ڕوی وشکانی.

ئەگـەر نـاوکی گونجـاو دەسـتەبەر بـوو و خەسـت بوونەوەکـەش لەسـەروو پلەی سفری سەدیەوە ڕویدا ئەوا خەست بوونەوەکە هـەوری ئاویی دروست دەکات, بەڵام ئەگەر خەست بوونەوەکە لەژێر پلەی سفری سەدییەوە ڕویدا ئەو کاتە شێوەی هەوری بەفرین وەردەگرێت.

### گرنگیەکەی

١- بەهای بواری کارەبای ناو هەور (٩٠٠- ٢٠٠٠) ڤۆڵت/ سم دەبێ, بەر لەشۆرتەکە لەوە زیاتر دەبێت, لەپلەی گەرمی سفردا دەگاتە چڵە پۆپە, لەهەوری کەڵەکەی گەشە کردوودا لاوازە, بەڵام لەکاتی بارینـدا زۆر دەبێ, وادیـارە کـەبواری بەهێز پەیوەندی بەبارگەی سالبی هەور و بارگەی موجەبی بۆشاییەوە هەیە لەخوار بنکەی هەورەکەدا.

بۆرانی هەورە گرمە دیارترین دیاردەی کارەباییە, چونکە زۆر ڕوودەدات لەهەوای شێواودا, بێ لەوەش زۆر دیاردەی کارەبایی تری جوان لەهەوادا ڕوودەدات و دەبینرێ، لەناوچەکانی گۆی زەوی دا دەردەکەون, وەکو سورایی جەمسەری و ئاگری قەتیس بوو هی تریش.

٢- هـەور سەرچاوەیە بۆ دابـارین, بـەجۆرێك بـەبێ هـەور دابـارین ڕونـادات, ئەم هـەورەش لەناوچـەیەکەوە بـۆ ناوچـەیەکی تـر جیـاوازە, بۆیـە جیـاوازی بڕی دابارین لەبەفر و باران کەم و زیاد دەکات, هەروەها بەپێی جۆرەکانی هەور بڕی دابارین کەم و

زیاد ده‌کات، وه‌ك له‌هه‌وری چین چین به‌بارانه که‌به‌رده‌وام باران و به‌فر ده‌باریت، ئه‌مه‌ش هه‌وریکی به بارانه و چینیکی پانه و له هه‌وری نزم که هه‌تا به‌رزاییه‌کی مامناوه‌ند دریژ ده‌بیته‌وه، ره‌نگه‌که‌ی تیره و هه‌وریکی به‌بارانه و بارانه‌که‌شی مامناوه‌ند بۆ سوکه و دابارینه‌که‌یشی له‌کاتژمیریکه‌وه بۆ رۆژیکی ته‌واو به‌رده‌وام بیت، به‌هۆی ته‌وژمی سه‌رکه‌وتووه وه دروست ده‌بیت له‌گه‌ڵ به‌ره هه‌واییه‌کان یان به‌هۆی به‌رزونزمی یه‌وه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌وری چین چین بارانه‌که‌ی ناگاته سه‌ر زه‌وی، بۆیه هه‌ر جۆره هه‌وریك بریکی دیاری کراو دابارینی تیدایه که له‌جۆریکه‌وه بۆ جۆریکی تر جیاوازه.

٣- هه‌روه‌کان ریگه له‌تیشکی خۆر ده‌گرن بۆ سه‌ر رووی زه‌وی، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ریگه له‌هه‌ڵهاتنی تیشکی زه‌وی ده‌گریت بۆ ئاسمانی ده‌ره‌وه، به‌مه‌ش کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر برو جۆری پله‌ی گه‌رمی هه‌وای زه‌وی، چونکه ریگه له‌تیشکی خۆر ده‌گریت که به‌شیوه‌یه‌کی به‌رده‌وام بگاته سه‌ر رووی زه‌وی به‌مه‌ش پله‌ی گه‌رمی رووی زه‌وی داده‌به‌زیت.

٤- هه‌روه‌ها هه‌وره‌کان کار ده‌کاته سه‌ر بری تیشکی خۆر چونکه هه‌ڵده‌سیت به‌هه‌ڵمژین و گه‌راندنه‌وه‌ی به‌شیك له‌و تیشکه‌ی خۆره پیش گه‌یشتنی بۆ زه‌وی، بۆیه رۆڵیکی گرنگی هه‌یه له‌دروست کردنی هاوسه‌نگی وزه، ئه‌ویش به‌کاریگه‌ری له‌سه‌ر تیشکی خۆر، له‌میانه‌ی کاریگه‌ری دانان له‌سه‌ر ئه‌م ره‌گه‌زانه وه‌ك (هه‌ڵگه‌رانه‌وه، هه‌ڵمژین، بڵاوبونه‌وه).

٥- هه‌وره‌کان که‌ئاسمانیان داپۆشیه‌وه له‌هه‌ندێ له‌کاته‌کانی ساڵدا ئه‌مه‌ش وای کردووه به‌شیك له تیشکی خۆر بشاریته‌وه و نه‌هێڵیت بگاته سه‌ر رووی زه‌وی، به‌مه‌ش کار ده‌کاته سه‌ر پله‌ی گه‌رمی رۆژانه‌ی سه‌ر زه‌وی.

٦- هه‌روه‌ها هه‌وره‌کان ئه‌بێته هۆی که‌م کردنه‌وه‌ی پله‌ی گه‌رمی هه‌ره‌به‌رز له رۆژدا و پله‌ی هه‌ره گه‌رمی نزم له‌شه‌ودا به‌رزده‌کاته‌وه، به‌مه‌ش ده‌بێته هۆی که‌م کردنه‌وه‌ی مه‌ودای گه‌رمی رۆژانه.

٧- هه‌ور تیشك به‌ره‌و ئاسمانی ده‌ره‌وه ده‌رده‌کات، هه‌روه‌ها تیشکیش به‌ره‌و رووی زه‌وی ده‌رده‌کات و پله‌ی گه‌رمیه‌که‌ی به‌رز ده‌کاته‌وه.

٨- هه‌روه‌ها هه‌ور رۆڵیکی گرنگی هه‌یه له‌گۆرانکاری پله‌ی گه‌رمی رووی زه‌ویدا، ئه‌گه‌ر هه‌ور به‌به‌رده‌وام له‌ئاسماندا نه‌بووایه ئه‌وا پله‌ی گه‌رمی زه‌وی له‌م باره‌ی ئیستای (پیس بوون) به‌رزتر ده‌بوویه‌وه‌و گه‌یشته (٣٠)پله له‌جیاتی تیکرایی ئیستای که(١٥)پله، هه‌روه‌ها له‌هۆکاره گرنگه‌کانی ساردکردنی زه‌ویه.

## ٣٧- شەونم

شەونم بریتیە لەچەند نمێك لەئاو بەیانیان زوو لەسەر گەڵای درەختەکان و تەنە ڕەقەکان دەردەکەوێت کەهەوایان بەردەکەوێت, چەند فاکتەرێك دەبنە یارمەتیدەر لەدروست بوونی شەونمدا ئەوانیش:

١- پاکی ئاسمان لەکاتی شەودا.

٢- بوونی با.

٣- نزم بونەوەی پلەی گەرمای تەنە ڕەقەکان لەکاتی شەودا.

## گرنگیەکەی

١- شەونم سەرچاوەیەکی گرنگ پێکدەهێنێت بۆ شێی خاك و ڕووەك بەتایبەتی لەناوچە بیابانی و نیمچە بیابانیەکاندا, بەم پێیە شەونم (١٥٪)ی پێویستی ڕووەك بۆ ئاو دابین دەکات و ناوەندی بڕی شەونمیش لەماوەی شەودا نزیکەی (٠,٣) ملم دەبێت.

٢- شەونم بۆ ماوەیەك بەربەست لەبەردەم کرداری بەهەڵم بوون و ئارەقەکردن دادەنێت, بەوەش لەدەست دانی لەڕووەك و خاکدا کەم دەکاتەوە.

٣- ڕووەك ڕاستەوخۆ دڵۆپە شەونم هەڵدەمژێت و کاردەکاتە سەر هاوسەنگی ئاو لەناو ڕووەکەکەدا, بۆیە هاوسەنگی ئاو بەئیجابی و لەبەرژەندی ڕووەك ئەمێنێتەوە تادوای نەمانی شەونمەکە.

٤- ڕووەك لەهەندێ ئافات و دەردی کشتوکاڵی دەپارێزێت, ئەوانەی کەناتوانن بچنە ناو گەڵای ڕووەکێك تەڕ (پاراو) بووبێت بەشەونم.

٥- شەونم کاریگەرییەکانی لەسەر ئاووهەوا ئەوەیە کەپلەی گەرمای هەرە نزم کەمدەکاتەوە, ئەوەی کە لەباری ئاساییدا پێش هەڵهاتنی خۆر تۆمار دەکرێت, ئەو وزە شاراوەیەی کە لەچڕبونەوەی هەڵمی ئاو دروست دەبێت و شەونم پێکدێنێت نزم بونەوەی پلەی گەرما کەم دەکاتەوە, بۆیە پلەی گەرمای هەرە نزم لەپلەی شەونم نزمتر نابێتەوە, هەروەها کاتێك کەشەونم دوای هەڵهاتنی خۆر ئەتوێتەوە ئەبێتە هۆی زیادبوونی شێی زەپۆشیی.

# ٣٨- چڕبوونەوە

چڕبونەوە بریتیە لەگۆڕانی هەڵمی ئاوی هەڵواسراو لەهەوادا لەدۆخی گازیەوە بۆ دۆخی شلی، ئەم چڕبونەوەیەش لەهەوادا بەهۆی دابەزینی پلەی گەرماوە ڕوودەدات.

شێوەکانی چڕبونەوە: چڕبونەوە دوو شێوە یان ڕوخساری هەیە ئەوانیش:

أ- چڕبونەوە لەسەر ڕوی زەوی کەخۆی لە(تەم، شەونم، زوقم)دا دەبینێتەوە.

ب- چڕبونەوە لەچینەکانی بەرزی هەوادا کەخۆی لە(هەرو، باران، بەفر، تەرزە)دا دەبینێتەوە.

## گرنگیەکەی

١- کرداری چڕبونەوە گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ کردارەکانی زەپۆش.

٢- چڕبونەوەی بنەمای پێکهاتنی دیاردە ئاوییە جۆراوجۆرەکانە وەك (شەونم، تەم ومژ، زوقم، هەور) پاشان جۆرەکانی تری دابارین وەك باران و بەفر و تەرزە.

٣- چڕبونەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەوزەی شاراوە کردنە هەڵمی ئاوەوەو دەبێتە هۆی زیادکردنی وزە بۆ بەرگە هەواو گەرم بوونی.

٤- چڕبونەوە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەبەدەست هێنانی هاوسەنگی وزە لەسەر زەوی و دابین کردنی وزەی پێویست بۆ کردارە زەپۆشی یەکانی تر، هەروەها چڕبونەوە گرنگی هەیە لەخولی ئاویدا.

# ٣٩- جێگیربوونی زەپۆش

جێگیربونی زەپۆشی پشت بەجوڵەی ستونی هەوا دەبەستێت کەتەوژمی داکەوتوو یان تەوژمی سەرکەتووە، جوڵەی ستونی هەواش پێکدێت لەئەنجامی وەڵام دانەوە (استیجابە)ی ئەو هۆکارانەی کەکار لەهەوا دەکەن، ئەگەر بزانین ئەو هۆکارانەی کەکار لەجوڵەی ستونی هەوادەکەن جیاوازن لەو هۆکارانەی کار لەسەر جوڵەی ئاسۆیی هەوا دەکەن.

## گرنگیەکەی

١- جێگیربونی زەپۆشی گرنگی و ڕۆڵێکی پڕ بایەخی هەیە لەباری زەپۆشدا، ناجێگیری باری زەپۆش بار (جەو) ێکی خراپی لەگەڵدایە، هەور پێك دێت و باران دەبارێت، گەردەلولە توندەکان و بۆران و گێژاوەکەی تۆڕنادۆ بەبوونی بارێکی بەهێزی ناجێگیری زەپۆشی گەشە دەکەن، بەڵام لەئەنجامی جێگیری باری زەپۆشی جەوێکی ساماڵ و بێ هەور دروست دەبێت.

٢- هەموو بارێکی ناجێگیری زەپۆش نابێتە هۆی بارینی باران، بەڵکو ئەوە

دەبێتە شوێنێکی گەشتیاری بەهێز و وادەکات سالأنە ڕێژەیەکی زۆر گەشتیاری ڕووی تێ بکات بەچەندین پیشەوە خەریکن وەك (ڕاوەماسی، مەلەکردن .... هتد) کەبڕبڕەی پشتی ئابوری ولأتی تورکیا دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا خۆش کردنی ناوچەکەو ڕێك خستن و پلان دانان تێیدا بۆ حەوانەوەی گەشتیاران کە لەداهاتوودا بەتەواوی پرۆژەکە جێ بەجێ دەبێت و گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەم ناوچەیە دەکات، هەرچەندە ناوچەکانی تری تورکیا لەڕووی گەشتیارەوە گرنگن، بەلأم پرۆژەی گاپ کە لەخاکی کوردستانی باکوردا دروست دەکرێت چەندین پرۆژەی گەورەی لەخۆ گرتووە لەو شوێنانەی تری تورکیا گرنگترە بۆ گەشت و گوزار، چونکە گەشت و گوزاری ئەم ناوچەیە هەموو لایەنەکانی سروشتی و مرۆیی تێدایە، کەپرۆژەی گاپەو سروشتێکی جوانی بەخشییەوە بەناوچەکە لەسەر ئاستی ولأتی تورکیا، کەحکومەتی تورکیا ڕێ و شوێنی تەواوی گرتووەتە بەر بۆ دابین کردنی خزمەت گوزارییە گەشت و گوزاریەکان و بەرەو پێش چوونی ناوچەکە لەڕووی گەشت و گوزارەوە.

٦- هەروەها پرۆژەی گاپ تورکیا وەك کارتێکی سیاسی بەکاری دێنێت بەرامبەر هەریەکە لە (سوریا و عێراق)، ئەویش لەڕێگەی کەمکردنەوەی بڕی ئاوی دیجلەو فورات بۆ ئەودوو ولأتە، چونکە بەپێی وتەی زانایانی ئەو بوارە چۆن سەدەی بیست بەسەدەی نەوت دادەنرێت، سەدەی بیست و یەکیش بەسەدەی ئاو ئەژماردەکرێت، ئەم دیاردەش زیاتر بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا جێ بەجێ دەبێت، چونکە بڕی ئاو لەم ناوچانەدا ڕوو لەکەم بونەوەیە و کێشەی تەواوی تێ کەوتووەو خەریکە دەگاتە کێشەی نێودەوڵەتی وەك کێشەی نێوان (سودان و میصر) هەروەها (عێراق و تورکیا)، کەهەمیشە تورکیا وەك فشارێکی سیاسی بەکاردێنێت بەرامبەر عێراق، ئەویش لەڕێگەی کەمکردنەوەی بڕی ئاوی گەیشتوو بۆ عێراق، بەجۆرێك کە بڕەکەی (١٥٠٠م3/چرکە) کەمکرایەوە بۆ (١٠٠٠م3/چرکە)، هەروەها لەکاتی ئێستادا کەمترکراوەتەوە بۆ (٧٠٠م3/ چرکە)، حکومەتی تورکیا پلانیش داناوە بۆ کەمترکردنەوەی بڕی ئەو ئاوەی کەئێستا دەگاتە عێراق لەکاتی تەواوبوونی پرۆژەی گاپ، بۆیە کێشە بۆ ولأتی عێراق دروست دەکات لەڕووی سیاسیەوە، چونکە سەرچاوەی ئاوەکەی دەکەوێتە خاکی تورکیاوە، کەبەردەوام عێراق هەوڵ دەدات لەڕێگەی دیبلۆماسیەوە چارەسەری بکات، هەروەها بیروڕایەکی تریش هەیە بۆ وشك بوونی ڕووباری دیجلە لەعێراقدا دوای ساڵی (٢٠٢٥) لەکاتی تەواوبونی پرۆژەکەی گاپدا کەزیاتر لە (٢١) بەنداو لەخۆدەگرێت.

٧- لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە ناوچەکە گرنگی تەواو بەخۆییەوە دەبینێت لەڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار و بەرهەمی ماسی و وزەی کارەبا،

کەمەبەستی سەرەکی لەم پێش کەوتن و گەشەپێدانە ئەوەیە کەناوچەکانی ڕۆژهەلات و باشوری ڕۆژهەلات تورکیا وەك ناوچەکانی ڕۆژئاوای لێ بێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگی تەواو لەناوچەکانی تورکیادا دروست بکات لەڕووی پێش کەوتنی ئابورییەوە، بەم شێوەیە هاوسەنگی لەنێوان کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتە بێتە ئاراوەو جیاوازی کۆمەلایەتی نەمێنێت، کەئەمەش خاڵێکی بەهێز و گرنگە، کەحکومەتی تورکیا جێ بەجێی دەکات.

٨- خاڵێکی تری گرنگی پرۆژەی بۆ تورکیا کەشارەزایان بەخاڵێکی شاراوەی دادەنێن، ئەویش بریتییە لەفرۆشتنی ئاو لەچەند ساڵی داهاتوودا، وەك باسمان کرد کەمی ئاو بووەتە گرفت لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەعێراق و سوریا کەسەرچاوەی ئاوەکانیان لەتورکیاوەیە، ئەمەش بەرەوام گرفتیان بۆ دروست دەکات، بۆیە تورکیا ئێستا پلان بۆ ئەوە دادەنێت کە لەداهاتوودا ئاو بفرۆشێت وەك چۆن عێراق نەوت دەفرۆشێت، کەهیچی لەنەوت کەمتر نی یە ئەگەر گرنگترنەبێت لەڕووی ئابوریەوە، ولاتی تورکیا هەر لەئێستاوە ئەم پرۆژەیەی خستۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ئەویش لەڕێگەی کەمکردنەوەی ئاوی ڕووباری دیجلەو فورات ساڵ لەدوای ساڵ، دەتوانین بڵێین ئەمە هەنگاوی یەکەمی تورکیایە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژە گەورەیە، بۆیە دەبێت هەر لەئێستاوە هەردوو حکومەتی (عێراق، سوریا) پلانی تەواویان هەبێت بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ڕووبەڕوی ئەم کێشەیە بونەتەوە بتوانن چارەسەری بکەن.

## (٤١-٢) گاپ و کاریگەری لەسەر کوردستانی (عێراق وتورکیا)

پرۆژەی گاپ لەگەورەترین پرۆژە ئابورییەکانی تورکیایە و شەش ویلایەتی کوردنشین دەگرێتەوە کە بریتیە لە(ئاویامان، دیاربەکر، غازی عێنتاب، ماردین، سیرت، شانلی، ئورفە) تێکڕای ڕووبەڕەکەیان دەوروبەری (٪٩٤)ی سەرجەمی تورکیا دەگرێتەوە، ئەم پرۆژەیە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد (٢١ بەنداو و ١٧ وێستگەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا پێکدێ و خەرجی یەکەی نزیکەی (١٨) ملیار دۆلار دەبێ، گەورەترین بەشی ئەم پرۆژەیە بەنداوی ئەتاتورکە کەدەتوانێ (٤٨) ملیار/م3 ئاو گل بداتەوە و بەچوارەم گەورەترین بەنداوی جیهان دەژمێرێت.

## کاریگەرییەکەی

١- پرۆژەی گاپ گەورەترین پرۆژەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە و پێکهاتووە لە (١٧) بەنداو لەسەر ڕوباری فورات و (٥) بەنداو لەسەر ڕووباری دیجلە, بەمەش ڕووبەرێکی فراوان داگیردەکات لەکوردستانی باکور و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەدیمۆگرافیای کوردستان و زیان گەیاندن بەڕێژەیەکی زۆر کەخۆی لەنزیکەی (١٥٥) گوندا دەبینێتەوە کەبوون بەژێر ئاوەوە, پاشان ئەم دانیشتوانە ڕاگوێزراون بۆ ناوچەیەکی تر.

٢- بەهۆی فراوانی ئەم بەنداوانە کەڕووبەرێکی زۆری ناوچەی کوردستانی باکوری داگیرکردووەو وای لێ کردووە ڕێژەیەکی زۆری زەوی کشتوکاڵی لەم ناوچەیەدا ببێت بەژێر ئاوەوەو دەبێتە هۆی ئەوەی بەروبومە کشتوکاڵییەکان بەرەو کەم بونەوەو لەناوچوون دەچن, ئەمەش بووەتە هۆی کەمی سەوزایی کەڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر بەخێوکردنی مەڕو ماڵات لەناوچەکەدا, لە کاتێکدا نزیکەی (٥) ملوێن مەڕ و (٢) ملوێن بزن لەناوچەکەدا هەیەو بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە خەریکە بەرەو لەناوچون دەبنەوە, لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕوبەرە ئاوییە فراوانانە بووەتە هۆی تێکدانی ژیان ئاژەڵە کێوییەکان و کۆچکردنیان بۆ ناوچەیەکی تر.

٣- هەروەها گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەکە لەکوردی ڕەسەنەوە کەشوێنی باوباپیرانیان بووە, هەڵدەسن بەگواستنەوەو دەرکردنیان بۆ ناوچەیەکی دوورە دەست کەدەگاتە کە دەگاتە نزیکەی (٥٥٪) خاوەن زەوییەکان لەناوچەکەدا, پاشان هێنانی تورك و نیشتەجێ کردنی لەشوێنی ئەم کوردانە, ئەمەش وادەکات ڕێژەی دانیشتوانی کورد کەم بکات و ڕێژەی دانیشتوانی تورك زیاد بکات لەناوچەکەدا, کە بەگرنگترین ئامانجی سیاسی تورکیا دادەنرێت لەجێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژەدا, ئەویش لەڕێگەی گواستنەوەی نزیکەی (٥٠) هەزار کوردی گوند نشینی پارێزگای (ئورفە) و (٢٥) هەزاری ناوچەی (کەنداوی کەمیبان) و (١٧) هەزار کوردی لەناوچەکانی بەربەست و کەنداوی (ئەتاتورك).

٤- کۆبونەوەی بڕێکی زۆری ئاو لەو بەنداوانەدا کەقورسایەکی زۆری خستووەتە سەر ناوچەکە بەتایبەت لەناوچەی کوردستانی باکور ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی خاکی ئەم ناوچەیە کەهۆکارە بۆ ڕوودانی دیاردە سروشتیەکان بەتایبەت زەمین لەرزە کەمەترسی بۆ دانیشتوانەکەی دروستکردووە.

٥- بەهۆی جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژە ئاوییە گەورانەوە لەکوردستانی باکور چەندین شوێنی گەشت و گوزاری بوون بەژێر ئاوەوە و دیارنەماون, کە لەڕابردوودا

شاری (سامات) بوو بەژێر ئاوەوەو ئێستاش شاری (حسن کیف) هەمان چارەنوسی هەیە کەگەنجینەیەکی ئارکۆلۆجی یە و تەمەنەکەی نزیکەی (١٠) هەزار ساڵە.

٦- دروست کردنی ئەم پرۆژانە بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر کوردستانی باشور (عێراق) هەیە، ئەویش خۆی لەکەمکردنەوەی بڕی ئاودا دەبینێتەوە و بەردەوام تورکیا لەهەوڵ دایە بۆ کەمکردنەوەی، ئاوی ڕووبارەکە نزیکەی (٣,٥ ملیار م3 ) لەساڵێکدا کەمی کردووە، بۆیە بەشی ئاوی هەرێمی کوردستانی عێراق لەڕووباری دیجلە زۆر کەمی کردووە کەمەترسی تەواوی وشك بونی لێ دەکرێت لەساڵە ووشکەکاندا بەمەش کاریگەری تەواو دەبێت لەسەر ناوچەکە.

٧- هەروەها کەمی ئاوی ڕوباری دیجلە بەهۆی پرۆژەی گاپەوە وای کردووە ڕێژەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەبەنداوی موصل کەم بکات کەکاریگەری هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەم خاڵە زیاتر کاریگەری لەسەر عێراق بەجێ دەهێڵێت لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی لەسەر کوردستان هەیە ئەگەر بەڕێژەیەکی کەمیش بێت.

٨- کەم بونەوەی بڕی ئاوی ڕوباری دیجلە بەبەردەوامی مەترسی پیس بوونی لێ دەکرێت، بۆیە مەترسی خواردنی لێ دەکرێت، ئەویش بەهۆی فرێدانی پاشماوە کشتوکاڵیە بەکارهێنراوەکان وەك (پەین)، هەروەها پاشماوەی پیشەسازیەکان کەدواتر ئاوەکەی بەکەڵکی خواردنەوە نایەت و ڕێژەی خوێی تێدا بەرزدەبێتەوە.

## ٤٢- کەناڵ و گەرووەکان

گەروو بەو ناوچە تەسکە ئاوییە دەوترێت کەدوو ناوچەی ئاوی یان دوو ناوچەی بازرگانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە یان بریتیە لەڕێڕەوێکی ئاوی تەسك کەدوو ڕوبەری ئاوی فراوان بەیەکەوەدەبەستێتەوە بەیەکەوە، گەرووەکان ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بەساڵ گرنگیان زیاد دەکات بەهۆی چەندین خاسیەتی گرنگی کە لەم گەرووانەدا دەردەکەوێت وەك لەبواری گواستنەوەی دەریایی لەگەرووی (جەبەل تاریق، هورمز، بابلمەندەب)، گەروەکان جیاوازن لەپانیدا بەشێوەیەك هەندێ گەروو هەیە پانیەکەیان زیاترە لە(٩٠) یاردە وەکو گەرووە تورکیەکان (دەردەنیل، بسفۆڕ)، هەروەها هەندێکی تریش پانیەکەیان دەگاتە (٢٠) میل وەك گەرووی (دۆڤەر) لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا، گەرووی (بێرنگ) لەنێوان ڕوسیاو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە دەگاتە زیاتر لە(٦) میل.

## شێوەی گەرووەکان

بە شێوەیەکی گشتی گەرووەکان چەند شێوەیەکی جیاوازیان هەیە وەك:

١- ئەو گەرووانەی کەزەریا دەبەستێتەوە بەدەریاوە وەکو گەرووی (بسفۆڕ، دەردەنیل) کەهەردووکیان دەریای ڕەش دەبەستێت بەزەریای مەرمەڕەوە.

٢- ئەو گەرووانەی کەدەریا دەبەستێت بەزەریاکانەوە وەك گەرووی (جەبەل تاریق) کەدەریای ناوەڕاست دەبەستێت بەزەریای ئەتڵەسیەوە.

٣- ئەو گەرووانەی کەدوو زەریا دەبەستێت بەیەکەوە وەك گەرووی (بێرنگ) کەزەریای هادی و زەریای بەستوی باکور بەیەك دەگەیەنێت یان گەرووی ماجەلان کەزەریای ئەتڵەسی و هادی بەیەك دەگەیەنێت.

کەناڵەکان

کەناڵەکان هەمان پێناسەی و دەوری گەرووەکانیان هەیە، گرنکترینیان بریتیە لە(سوێس، کیل، پەنەما).

## گرنگی کەناڵ و گەرووەکان

١- گەرووەکان گرنگی تایبەتیان هەیە لەدانەیەکەوە بۆ دانەیەکی تر جیاوازە بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیانەوە، هەربۆیە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین گرنگی گەروەکان دیاری بکەین بۆ ئەو وڵات و ناوچانەی کە دەکەونە سەر ئەم گەرووانە، گرنگی گەرووەکان لەوەدایە کە هۆکارێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی شت و مەك و نەوتی خاو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر یان لەکیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێك بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کە نەوتی خاویان کەم یان هەرنیانە، وەك گەرووە تورکیەکان (دەردەنیل، بسفۆڕ) گرنگی یەکی تایبەتیان هەیە لەبواری بازرگانیدا، چونکە ئاراستەی بازرگانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران وەك دەوڵەتانی (جۆرجیا، بولگاریا)، هەروەها دەوڵەتی (تورکیا) ئەم سود لەم گەرووە وەردەگرن و بەکاری دەهێنن، ئەم گرنگیەش لەوەدایە کەبازرگانی نەوت لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا هەر لەڕێگەی ئەم گەرووانەوە دەکرێت، بەجۆرێك ئەم گەرووانە ئاوەکانیان بە درێژایی ساڵ لە بار و گونجاوە بۆ کەشتیوانی ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ گواستنەوەی شمەکەکان بە شێوەیەکی ئازاد و بەردەوام بەدرێژای ساڵ لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا.

٢- هەروەها گەروو و کەناڵەکان بەگرنگترین ئەو ڕێڕەوە ئاوییانە دادەنرێت کەهۆکارە بۆ کەم کردنەوەی ڕێگا ماوە دورەکانی نێوان وڵاتان و کیشوەرییەکان بۆ ماوە نزیك و گونجاوەکان، ئەمەش کاریگەری هەیە لەبڕی تێچون و لایەنی ئابوری واتا

هاتووچۆکردن لەڕێگەی ئەم گەروو و کەناڵانەوە تێچونی کەمترە وەك تێ پەڕین بە گەرو و کەناڵەکانی تردا، چونکە ماوەیەکی زیاتری دەوێت ئەمەش پێویستی بەدامەزراندنی بنەمایەکی ئابوری بەهێزترە بۆ تەواوکردنی ئەم ڕێگە درێژە، وەك کەشتیوانی کردن لەڕێگەی ملەی ئاواتەوە (راس الرجاء الصالح)ەوە بووە کەکەشتیەکان لەباشوری ئەفریقاوە دەڕۆیشتن، بەڵام بەهۆی دامەزراندنی کەناڵی سوێس وای کرد ئەو دووریە کەم ببێتەوە بەوەی شتومەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو هند بەئاسانی دەگەیشتنە بەندەرەکانی ئەوروپاو ئەمریکا، کەپێشتر دەبووایە بەڕێگای ملەی ئاواتدا (باشوری ئەفریقا) بڕۆیشتنایە کە جیاوازیەکەیان لەگەڵ کەناڵی سوێسدا زۆربوو بۆکەشتیە بارهەڵگرەکان، بەشێوەیەك جیاوازی نێوان دووری لەلەندەن و لیڤەرپولەوە بۆ سنگافورە نزیکەی (١١٨٠٠) میلی دەریا بوو، بەڵام لەڕێگەی نۆکەندی سوێسەوە جیاوازی ئەم شارانە زۆر نزیکتربووە کەگەیشتبووە (٨٣٠٠) میلی دەریا، کەواتە جیاوازیەکی زۆر لەدوورییەکاندا دەردەکەوێت کە گەیشتبووە (٣٠٪) جیاوازی نێوان.

٤- هەروەها ئەم ڕێگە ئاوییانە باشترین ڕێگای گواستنەوەی بۆ نەوت و داهاتی تر کەدەچێتە بواری بازرگانیەوە، چونکە ڕێگای ئاوی کەگەروەکان و کەناڵەکان بەشێکن لەم ڕێگەیە و بەڕێگەیەکی ئاسان و هەرزان دادەنرێت بۆ گواستنەوەو بازرگانی نێوان وڵاتان، چونکە بەبڕێکی پارەی کەم دەتوانێت ڕێژەیەکی زۆر نەوت یان هەرشمەکێکی تر بیەوێت بگوێزرێتەوە، هەروەها هەڵگرتنی بڕێکی زۆری شتومەك لەیەك کاتدا کەجۆرەکانی تری گواستنەوە ئەم برە زۆرەی توشی گرفت دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا توشی گرفتی کەمتر دەبێت لەم ڕێگەیەدا چونکە ڕێگە ئاوییە نێودەوڵەتیەکان ئەمەیان ئاسان کردووە کەهیچ دەوڵەتێك ناتوانێت باج و سەرانە لەسەر ئەم ڕووبەرە ئاوییە نێودەڵەتیانە دابنێت، وەك گواستنەوەی شت وەکی پیشەسازی و کشتوکاڵی لەڕێگەی گواستنەوەی ئاوی ڕۆژئاوای ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا لەڕێگەی زەریای ئەتڵسیەوە، هەروەها گواستنەوەی شت وەك لەڕێگەی گەرووی جبل تاریق کەدەکەوێتە نێوان ئەفریقاو ئەوروپاوە.

٥- هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کەدەکەونە سەر ئەم گەروو و کەناڵانە گرنگیان زۆردەبێت و لەڕێیەوە ئابورییەوە بەهێز دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانە نیە کەدەکەونە سەر ئەم کەناڵ و گەرووانە بەڵکو بۆ ئەوانەش هەیە کەدەکەونە سەر ڕێڕەوە بازرگانیە چونکە پشکی قازانج و سودی ئەم بازرگانیانەیان بەردەکەوێت، هەموو ئەو وڵاتانەی کەسودیان لە کەناڵی سوێس وەرگرتووە کەبریتیە لە(میصر، سودان، سۆماڵ ... هتد)، کە لەڕووی بازرگانی و گواستنەوە دەسکەوتێکی

ئابوری زۆریـان دەسـت دەکـەوێت سـاڵانە داهاتەکـەی دەگاتـە سـەدەها ملیـار دۆلار کەسەرچاوەیەکی باشە بۆ داهاتی میصرو بەپێی تازەترین هەواڵیش کە لەڕاگەیاندنە جیهانیەکاندا بلاوکرایەوە بۆ مانگی (١١)ی ساڵی (٢٠١٢) کۆی داهاتی کەناڵی سوێس گەیـشتە نزیکـەی (٤٤٣) ملـوین دۆلار, هـەروەها گـەرووە تورکییـەکان (دەردەنیـل و بسفۆڕ) بەهەمان گرنگیەکی ئابوری باشیان هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کەدەکەونە سەر ئەم ڕێگە ئاوییانەوە بەتایبەت تورکیا کەئەم گەرووانە دەکەونە ناو سنوری ئەم وڵاتەوە بۆیە بە گەرووە تورکیەکان ناویان دەرکردووە, دیسانەوە گرنگی ئەم گەروو و کەناڵانە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کەدەکەونـە سـەریان دەردەکەوێت لەڕێگەی ناردنە دەرەوەی ئەو شتومەکانەی کەبەرهـەمی دێنێـت و هـەروەها هێنـانی ئەو بەرهەمانـەی کە لەڕێگـەی بازرگانیەوە دەیهێنێت و پێداویستی یەکانی خۆی پێ دابین دەکات, کەواتە دەتوانین لەڕێگەی ئەم ڕێڕەوە ئاویانەوە بەئاسانی گواستنەوە و بازرگانی ئەنجام بدەین, بەڵام بەپێچەوانەوە ئـەو دەوڵەتانـەی ناکەونـە سـەر ڕێڕەوییـە ئاوییەکانـەوە گواستنەوە و بازرگانی تێدا گران دەبێت و بڕێکی زیاتر تێ دەچێت.

٥- ئـەم ڕووبـەر ئاوییـە تەسکانە (گـەرووەکان, کەناڵـەکان) گرنگیـەکی تـری هەیـە ئەویش بریتیە لەبەستنەوەی ڕووبەرە ئاوییـەکانی سـەر ڕووی زەوی بەشێوەیەکی گونجـاو لـەبارە بـۆ سـەرجەم چـالاکیەکانی مـرۆڤ وەك بەسـتنەوەی دەریـا بـەزەریاوە ئەویش لەگەرووی جەبەل تاریق دەردەکەوێت, هەروەها بەستنەوەی دەریا بەدەریاوە لەڕێگـەی کـەناڵی سوێـسەوە, هـەروەها گـەرووی بێـرنگ زەریـای بەسـتەڵەکی باکورو زەریایی هادی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٦- هەروەها کەناڵ و گەرووەکان گرنگی ڕامیاریشیان هەیە وەکو گەرووی (جەبەل تاریق) کەدەکەوێتە نێوان کیشوەری ئەوروپا و ئەفریقاوە بە جۆرێك هەر وڵاتێك زاڵ بێ بەسـەریدا ئـەوا زاڵـە بەسـەر دەریـای ناوەڕاستدا, ئـەم گرنگییـەش دەردەکـەوێت لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا بەتایبەت لەکاتی سەرکردایەتی کردنی تاریقی کوڕی زیاد کەگەرووەکەش هەر بەوناوە نـراوە, کەواتـە دەردەکـەوێت گەرووەکان و کەناڵـەکان لەڕووی ستراتیجی یەوە گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە چونکە دەست بەسەرداگرتنی شوێنی ستراتیجی گرنگی بایەخی خۆی هەیە لەکاتی ئاشتی و جەنگدا.

٧- هـەروەها بەشـێوەیەکی گـشتی گرنگـی بازرگـانی گـەورەیان هەیـە نـەك لەسـەر ئاستی دەوڵـەتان بـەڵکو لەسـەر ئاستی کیشوەرەکان و جیهانیش, چونکە بازرگـانی جیهان لەڕێگەی ئەم کـەناڵ و گەرووانەوە دەبێت وەك بازرگانی کیشوەرەی ئەوروپاو باکوری کیـشوەری ئـەفریقاو باشـوری کیـشوەری ئـەوروپا واتـە (یۆنـان, ئیتالیـا, ئیسپانیا, فەرەنـسا) هـەموویان بەگـەرووی جەبـەل تاریقـدا تـێ دەپـەڕن, هـەروەها

بازرگانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەورووپاو ئەمریکای باکور بەهەمان شێوە بەم گەرووەدا تێ دەپەڕێت, هەروەها گەرووی هورمز کەدەریای سور و دەریای عەرەب بەیەکەوە دەبەستێت و بەڕێگایەکی گرنگی بازرگانی نیمچە دوورگەی هندو ئەورووپا دادەنرێت, یان کەناڵی سوێس کە لە(٨٠٪)ی بازرگانی جیهانی پێدا دەڕوات و کەهەردوو دەریای سور و ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بەردەوام گرنگی ئەم کەناڵ و گەرووانە زیاد دەکات لەڕووی بازرگانیەوە.

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**گرنگترین گەرووەکانی جیهان**

| ژ | گەرووەکان | شوێنەکەی |
|---|---|---|
| ١ | گەروی اغاتو | – |
| ٢ | گەروی اکاشی | دەکەوێتە یابان |
| ٣ | گەروی اوریسن | دەکەوێتە نێوان سوید و دانیمارک |
| ٤ | گەروی اترنتۆ | دەکەوێتە نێوان البانیاو إگالیا |
| ٥ | گەروی بابل المندب | دەکەوێتە نێوان دەریای سور و ئۆقیانوسی هندی |
| ٦ | باس | دەکەوێتە نێوان تاسمانیاو استرالیا |
| ٧ | بالی | دەکەوێتە نێوان دورگەی بالی و دورگەی جاوەوە |
| ٨ | بیرنگ | دەکەوێتە نێوان ئەمریکای باکور(الاسکا) و ئاسیاو روسیا |
| ٩ | بسفۆر | دەکەوێتە نێوان ئاسیا و ئەورووپاوە |
| ١٠ | بونیفان شیو | دەکەوێتە نێوان سردینیاو استرالیا |
| ١١ | باللك | دەکەوێتە نێوان هند و سریلانکا |
| ١٢ | بافن | دەکەوێتە نێوان گرینرد و دورگەی بافنی کەندوی یەوە |
| ١٣ | تیران | دە دەکەوێتە سەرەتای کەنداوی عەقبە کەدوورگەی تیران لەشاری شرم شیخ جیادەکاتەوە لەنیمچەدورگەی سینا. |
| ١٤ | تورس | دەکەوێتە نێوان (ئوستڕالیاو عنیای تازە) |
| ١٥ | جورجیا | – |
| ١٦ | جبل گارق | ئەفریقاو و ئەورووپا لەیەك جیادەکاتەوە |
| ١٧ | دایفس | دەکەوێتە نێوان دورگەی بافت و گرینلاند |
| ١٨ | دەردەنیل | ئاسیا و ئەورووپاو لەیەك جیادەکاتەوە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | دۆڤه‌ر | له‌نێوان فه‌ره‌نساو ئینگلته‌را |
| ٢٠ | دانیمارک | له‌نێوان ایسله‌نداو گرینلاند |
| ٢١ | زنجبار | ده‌که‌وێته نێوان دورگه‌ی زنجبار و کیشوه‌ری ئه‌فریقاوه. |
| ٢٢ | سانت جۆرج | له‌نێوان ئیرله‌نداو وێلزدایه |
| ٢٣ | سوند | ده‌که‌وێته نێوان سومگره و جاوه‌وه |
| ٢٤ | گه‌روی باکور | ده‌که‌وێته نێوان اسکتلندا و ئیرله‌ندای باکور |
| ٢٥ | فلوریدا | فلۆریدا و کوبا به‌یه‌که‌وه ده‌به‌ستێ |
| ٢٦ | فرموزا | له‌نێوان چین ز تایواندایه |
| ٢٧ | کوک | ده‌که‌وێته نێوان به‌شی باکوری دورگه‌ی نیوزله‌نداو به‌شی باشوری دورگه‌که |
| ٢٨ | کوریا | له‌نێوان نیمچه‌دورگه‌ی کۆریاو یابان |
| ٢٩ | کیتان | ده‌که‌وێته یابانه‌وه |
| ٣٠ | کانمون | ، هونشو و کیوشو به‌یه‌ك ده‌گه‌یه‌نێ |
| ٣١ | کاتجات | ده‌که‌وێته دانیمارك یه‌که‌م گه‌روه دوو گه‌روو به‌یه‌ك ده‌گه‌یه‌نێ له‌نێوان (ستاجراك واورسین) |
| ٣٢ | کبرش | له‌نێوان نیمچه دورگه‌ی قرم و روسیا له‌ده‌ریای ره‌شدایه |
| ٣٣ | لابیروز | ده‌که‌وێته نێوان هوکابه و سخالین له‌ئۆقیانوسی ئارام |
| ٣٤ | مادورا | له‌نێوان دورگه‌ی جاوه و دورگه‌ی مادورای ئه‌ندۆنیزیایه |
| ٣٥ | ماجرون | ده‌که‌وێته نێوان زه‌وی ئاگر(ارچ نار) و رأس هورن له‌ئه‌مریکای باشور |
| ٣٦ | مانیل | ده‌ریای قه‌زوین |
| ٣٧ | مسینا | ده‌که‌وێته نێوان هکیه و إگالیا |
| ٣٨ | مکسر | ده‌که‌وێته ناو ئه‌ندۆنیزیاوه له‌ئۆقیانوسی ئارام |
| ٣٩ | مالقه | ده‌که‌وێته نێوان مالیزیاو سۆمگره |
| ٤٠ | موزه‌مبیق | پانترین گه‌روه له‌جیهاندا ئه‌فریقا جیاده‌کاته‌وه له‌دورگه‌ی مدغشقر |
| ٤١ | ناروتو | له‌نێوان دورگه‌ی اواجی یابانی و ناوچه‌ی شیکوکو له‌یابان |
| ٤٢ | هورمز | نیمچه دورگه‌ی عه‌ره‌بی له ئێران جیاده‌کاته‌وه |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٣ | هدسن | ده‌كه‌وێته‌كه‌نه‌داوه ده‌كه‌وێته نێوان دوو كونداو(كه‌نداوی هدسن و كه‌نداوی بافت). |
| ٤٤ | یوكاتان | له‌نێوان كوباو یۆتوكان له‌مه‌كسی |
| ٤٥ | سكا جراك | ده‌كه‌وێته باكوری ئه‌وروپاوه |

## (٤٣- ١) كه‌ناڵی سوێس

ئه‌م نۆكه‌نده له‌ساڵی (١٨٦٩) كراوه‌ته‌وه, درێژیه‌كه‌ی نزیكه‌ی (١٩٠) كیلۆمه‌تره كه‌ده‌ست پێ ده‌كات له‌به‌نده‌ری (بۆرسه‌عید تا به‌نده‌ری سوێس) نزمترین قولآیی له‌م نۆكه‌نده‌دا (٣٨) پێ یه و ناوه‌ندی پانیه‌كه‌ی ده‌گاته (١٦٠- ٢٠٠) مه‌تر , كه‌ده‌توانێت به‌رگه‌ی ئه‌وهه‌موو كه‌شتیانه بگرێ كه‌كێشیان قورسه‌و ده‌گاته نزیكه‌ی (٥٠٠٠٠٠) ته‌ن, رۆژانه ئه‌م نۆكه‌نده نزیكه‌ی (٧٠) كه‌شتی پێدا ده‌ڕوات, له‌م نۆكه‌نده‌دا چه‌ندین ده‌ریاچه‌ی گرنگ هه‌یه له‌وانه ده‌ریاچه‌ی (تیمساح), ئه‌م كه‌ناڵه به‌گرنگترین ڕێگه‌ی ئاوی داده‌نرێت, چونكه هه‌ردوو ده‌ریای سور و ناوه‌ڕاست به‌یه‌كه‌وه ده‌به‌ستێت, ئه‌م نۆكه‌نده خزمه‌تی چه‌ندین كیشوه‌ر ده‌كات وه‌ك كیشوه‌ره‌كانی ( ئاسیا, ئه‌وروپا, ئه‌فریقا), به‌ڕێگه‌یه‌كی ئاسان و گونجاو داده‌نرێت بۆ بازرگانی و گواستنه‌وه له‌نێوان ده‌وڵه‌تان و كیشوه‌ره‌كان كه‌ده‌كه‌ونه سه‌رئه‌م ڕێگه بازرگانیه.

### گرنگییه‌كه‌ی

١- نۆكه‌ندی سوێس چه‌ندین تایبه‌تمه‌ندی گرنگی هه‌یه كه له‌كه‌ناڵه‌كانی تردا ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییه نیه یان كه‌متره ئه‌ویش بریتیه له‌وه‌ی كه‌ته‌ووژمی ئاوی به‌شێوه‌یه‌كی سروشتی یه‌و به‌تاڵه له‌ڕووی كۆسپی جیۆلۆجیه‌وه.

٢- نۆكه‌ندی سوێس گرنگی جیهانی هه‌یه له‌سیاسه‌تی ده‌وڵه‌تاندا چونكه ئه‌م كه‌ناڵه به‌شوێنێكی ستراتیجی گرنگی جیهانی داده‌نرێت, بۆیه هه‌ر وڵاتێك توانی ده‌ست به‌سه‌ر كه‌ناڵی سوێسدا بگرێت ئه‌وا ده‌توانێت به‌شێكی زۆری بازرگانی جیهانی به‌لای خۆیدا ڕابكێشێت و كۆنترۆڵی بكات كه‌ده‌گاته (٨٠٪)ی بازرگانی جیهان, هه‌روه‌ها ده‌توانێت تاڕاده‌یه‌كی زۆری كۆنترۆڵی كیشوه‌ره‌كانی (ئاسیا, ئه‌فریقا, ئه‌وروپا) بكات له‌ڕووی ئابوری و سیاسی و بازرگانی و گواستنه‌وه‌وه.

٣- وه‌ك پێشتر ئاماژه‌مان بۆ كرد كه‌ناڵی سوێس گرنگترین ئه‌و كه‌ناڵانه‌ن كه‌دوو ده‌ریای گه‌وره‌ی جیهانی به‌یه‌كه‌وه ده‌به‌ستێت ئه‌وانیش ده‌ریایی (سور, ناوه‌ڕاست),

ئەم دوو دەریایەش بەدڵی جیهان دادەنرێت لەسەرجەم چالاکیەکانی مرۆڤدا وەك (گواستنەوە، بازرگانی، سەربازی، ئابوری، پیشەسازی).

٤- نۆکەندی سوێس بەهۆی قوڵیەکەیەوە گرنگی تایبەتی هەیە، بۆیە ڕۆژانە زۆرترین کەشتی ڕووی تێ دەکات کەدەگاتە زیاتر لە (٧٠)، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی گەورە لەسەر ئاستی جیهان، هەروەها ئاراستەی کەشتیەکانیش بەیەك ئاراستە دەبێت لەم کەناڵەدا ئەمەش یەکێکە لەخاڵە گرنگەکانی.

٥- هەروەها ئەم کەناڵە داهاتێکی ئابوری باش پێشکەش بەچەندین وڵات دەکات لەسەرو هەموویانەوە وولاتی میصر ڕێژەیەکی ئابوری باشی دەست دەکەوێت بەهۆی بازرگانی و گواستنەوە لەڕێگەی ئەم کەناڵەوە، بەجۆرێك تەنها مانگی (١١) ساڵی (٢٠١٢) بڕی داهاتی ئەم کەناڵە گەشتە نزیکەی (٤٤٣) ملوین دۆلار وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، کەواتە هیچی لە گەشت و گوزار میصر کەمتر نیە بۆ پڕکردنەوەی داهاتی ئابوری وڵاتی میصر بگرە لەپێشتریشە بەهوی ئەو بڕە داتاتە زۆرەی کە لەماوەیەکی کەمدا لەم کەناڵەدا دەست دەکەوێت.

٦- بەخاڵێکی گرنگی بازرگانی دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهانی، چونکە بازرگانی هەرسێ کیشوەری (ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقا) بەیەکەوە دەبەستێت و نزیکەی لە (٨٠٪) ی بازرگانی جیهانی لەم کەناڵەدا جێ بەجێ دەکرێت ئەویش بەهۆی نزیکی ماوەی گواستنەوە و سەلامەتی کەناڵەکە لەڕووی سروشتی یەوە کە هیچ کۆسپێکی تێدا نییە، هەربۆیە بەڕێڕەوێکی ئاوی گرنگ ئەژماردەکرێت بۆ گواستنەوەی نەوتی عەردب بۆ کیشوەرەکانی (ئەوروپا و ئەمریکا)و هێنانی شتومەك و پێویستی یەکاکیان لەهەمان ڕێگەوە.

٧- کورت کردنەوەی ماوە دوورەکان بەهۆی هەڵکەندن و دروست کردنی کەناڵی سوێس لە ساڵی (١٨٦٩)دا، کە یارمەتی کورت کردنەوەی ماوەی داوە لە نێوان ڕۆژئاوای ئەوروپا و باشوری ئاسیا (لەندەن- بۆمبی) کە نزیکەی (٨٣٠) کیلۆمەتر نزیك بووەتەوە ئەگەر بەراووردی بکەین بەڕێگا کۆنەکەی کە دەوری دەکرد بە کیشوەری ئەفریقادا، هەروەها بووە هۆی کورت کردنەوە ماوەی نێوان باشوری فەرەنسا و (بەندەری مارسیلیا لە سەر دەریای ناوەڕاست) و شاری (ملبۆرن) لە ئوسترالیا وەك لە نەخشەی ژمارە (١١) دەرکەوتووە، ئەمەش ڕێگایەکە کە کەمترین کات و تێکۆشان و پارەی دەوێت لەبەرامبەر ڕێگاکەی پێشدا هەڵکەندی نۆکەندی سوێس.

نەخشەی ژمارە(١١)

ڕۆڵی کەناڵی سویس لەنزیک کردنەوەی دوریەکانداو جیاوازی دووری ڕێگای بازرگانی لە نێوان کەناڵی سوێس و ڕێگای ملەی ئاوات




٨- قورساییەکی جیۆپۆلۆتیکی و ستراتیجی گەورەی هەیە، چونکە دەست گرتن بەسەریدا واتە دەست گرتنە بەسەر (٨٠٪)ی بازرگانی جیهان وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. لەهەمان کاتیشدا دەست گرتنە بەسەر هەردوو دەریای سور و ناوەڕاستدا.

**تایبەتمەندییەکانی کەناڵی سوێس**

١- درێژییەکەی (١٩٠) کیلۆمەترە.

٢- ژمارەی ئەو کەشتیانەی کە لەڕۆژدا پێدا دەڕۆن زیاترە لە (٧٠) کەشتی.

٣- ئەم نۆکەندە سێ کیشوەری (ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقا) بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەڕووی بازرگانی و گواستنەوە و .... هتد.

٤- ئەم نۆکەندە تایبەتمەندە بەوەی کەهیچ کۆسپێکی سروشتی تێدا نیە.

٥- لە (٨٠٪) بازرگانی جیهانی تێدایە.

٦- دوو دەریای گرنگ بەیەکەوە دەبەستێت وەك دەریای (سور و ناوەڕاست).


٧- کەشتیەکان یەك ئاراستەیان هەیە.

٨- هۆکارە بۆ کورت کردنەوەی ڕێگا ماوە دوورەکان بۆ ماوە نزك و گونجاوەکان وەك ماوەی نێوان (نیۆرك و بەندەری تەندەرە).

٩- (٢٨) پێ قوڵە و پانیەکەی نزیکەی (١٦٠- ٢٠٠) مەتر دەبێت.

نەخشەی ژمارە (١٢)

کەناڵی سوێس




## (٤٣-٢) کەناڵی پەنەما

ئەم نۆکەندە لەساڵی (١٩١٤) لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کراوەتەوە، درێژیەکەی نزیکەی (٦٥) کیلۆمەترەو قوڵیەکەشی نزیکەی (١٢) مەترە، هەروەها ژمارەی ئەو کەشتیانەی کەپێیدا دەڕۆن نزیکەی (٣٠) کەشتیە لە ڕۆژێکدا، بە هەمان شێوەی نۆکەندی سوێس وەك ئاراستەی هەیە بۆ ڕۆیشتنی کەشتیەکانی، ئەم نۆکەندە چەندین دەریاچەی دەست کردی تێدایە بۆ عەمبارکردنی ئاو و پاشان دەیگوازنەوە بۆ نۆکەندەکە، ئەم نۆکەندە دەست کردەو بەهۆی سەدەوە ئاوەکەی زیاد دەکرێ بۆ ئەوەی بەکاربێت بۆ جوڵەی کەشتی و ئەم نۆکەندە خزمەتی هەریەکە لەکیشوەرەکانی (ئەمریکای باکور و باشور) دەکات.

## گرنگیەکەی

١- کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانکاری ئاووهەوای گۆی زەوی و وادەکات تەوژمە هەواییەکان بگۆڕێت و دابارینیش لەناوچە جیاوازەکان بگۆڕێت بەهۆی دروست بوونی کەناڵی پەنەماو پەیوەندی نێوان هەردوو زەریای ئەتڵەسی و ئارام نامێنێت و تەوژمە ئاوە گەرمەکانی کاریبی و کەنداوی مەکسیک بەرەو ئەوروپا ئەکەوتە ڕێ، ئەمیش ئەبێتە هۆی گۆڕانێکی سەرەکی لەهەموو ئاووهەوای زەوی دا.

٢- لەهەمان کاتیشدا کاریگەری لەسەر گیاندارانی هەردوو کیشوەرەکە هەیە بەجۆرێك ئەم گیاندارانە بەهەردوو ئاراستەکەدا دەکەونە کۆچ کردن، کەواتە کردنەوەی کەناڵەکە کاریگەریشی لەسەر کۆچکردنی گیانەوەران هەیە.

٣- لەبەرئەوەی قوڵیەکی گونجاوی هەیە کەدەگاتە (١٢) مەتر زیاترە، کەواتە دەتوانرێت بەئاسانی کەشتیوانی تێدا بکرێت بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ کێشیەك ببێتەوە.

٤- گرنگی یەکی گەورەی هەیە بۆ ئاسان کردنی پەیوەندی لەنێوان ڕۆژئاوای ئەوروپاو ڕۆژئاوای ئەمریکا وە دوورترین ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا، بەهۆی کەمی ئاوی دەریای (جاتۆن) لەوەرزی وشکەو کەم ئاویدا.

٥- لەئەمریکای باشور لەبەر گرنگی کەناڵی پەنەما پێی دەڵێن دڵی زەوی، لەبەرئەوەی کە سەرچاوەی کۆبونەوەی دوو گەورەترین زەریایە لەجیهاندا کەبریتیە لەزەریای (هادی، ئەتڵەسی).


٦- ئەم کەناڵە گرنگە بۆ ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا لەبەرئەوە کەشتیە جەنگیەکانی بەئاسانی هاتووچۆ دەکات لەنێوان زەریایی ئەتڵەسی و زەریای هادی بەکەمترین کات.

٧- ئەم کەناڵە ڕێگایەکی بازرگانی گەورەی جیهان پێکدێنێت کەدەگاتە (٢٠٪)ی بازرگانی جیهان.

٨- ئەم نۆکەندە هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکورو ئەمریکای باشور بەیەکەوە دەبەستێتەوەو خزمەتێکی زۆر بەهەریەکە لەم دوو کیشوەرە دەکات و سەرچاوەیەکی ئاسانە بۆ گواستنەوەو بازرگانی لەنێوانیاندا.

٩- هەروەها هۆکارە بۆ کەم کردنەوەی ڕێگا ماوە دوورەکانی نێوان زەریاکانی پاسفیك و ئەتڵەسیدا کەپێشتر دەبووایە بسوڕایەتەوە بەدەوری (ملەی هۆڕندا) کەماوەیەکی زیاتری دەویت بۆ گەیشتنی کەشتیە بازرگانیەکان، بەمەش گواستنەوە گران دەبوو، بەڵام بەکردنەوەی ئەم کەناڵە ئەم کێشەیە بەتەواوی چارەسەرکرا.

**نەخشەی ژمارە (١٣)**
**بەیەك گەشتنی هەردوو زەریای ئەتلەسی و ئارام لەریگەی كەناڵی پەنەماوە**




١٠- لەڕووی ئابوریەوە گرنگە, چونكە ئەم كەناڵە ماوە دوورەكانی كورت كردۆتەوە بەمەش بڕی تێچونی پارە و كاری كەمترو ماوەی كەمتریشی دەوێت كەهۆكارێكی سەرەكی بوو لەكەم كردنەوەی بڕی داهاتی ئابوری لەچالاكیەكانی گواستنەوە و بازرگانی دا لە كەناڵەدا.

١١- لەڕووی ستراتیجی یەوە گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە, چونكە دەست بەسەردا گرتنی ئەم ڕێڕەوە ئاوییە واتە دەست بەسەرداگرتنی بازرگانی نێوان هەردوو ئەمریكا لەلایەك و بازرگانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەلایەكی تر, بۆیە ئەمریكا بەردەوام هەوڵ دەدات هێزی خۆی لەم كەناڵەدا بەهێز بكات بۆ ئەوەی بەئاسانی دەست بگرێت بەسەر هەردوو ئەمریكادا, بەپێی ڕێكەوتنێك كە لەنێوان (پەنەما و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا)دا كراوە تائێستاش هاتووچۆی كەشتیەكانی هەردوو وڵات لەم كەناڵەدا ئازادە, بەهۆی ئەمەشەوە ئەمریكا دەستی گرتووە بەسەر بازرگانی هەردوو ئەمریكادا.

**تایبەتمەندییەکانی کەناڵی پەنەما**

١- درێژییەکەی نزیکەی (٦٥) کیلۆمەترە.

٢- ژمارەی ئەو کەشتیانەی کەبەم کەناڵەدا تێ دەپەڕن لەڕۆژدا دەگاتە (٢٠) کەشتی.

٣- ئەم نۆکەندە خزمەتی هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکورو باشور دەکات.

٤- دوو زەریا گەورەکەی جیهان بەیەکەوە دەبەستێت (هادی، ئەتڵەسی).

٥- لە (٢٠٪) بازرگانی جیهانی تێدا دەکرێ.

٦- کەشتیەکان یەك ئاراستەیان هەیە.

٧- لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەساڵی (١٩١٤) دروست کراوە.

٨- قوڵییەکەی دەگاتە زیاتر لە(١٢) کەتر.


٩- لەڕووی ئابوری و ستراتیجی یەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

١٠- هۆکارە بۆ کەم کردنەوەی ڕێگا ماوە دوورەکان.

١١- کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانکاری ئاووهەوای گۆی زەوی.

١٢- کاریگەری هەبووە لەسەر کۆچکردنی گیاندارانی هەردوو کیشوەرەکە.

نەخشەی ژمارە (١٤)
کەناڵی پەنەما



خشتەی ژمارە (١٣)

جیاوازی نێوان نۆکەندی و سوێس و نۆکەندنی پەنەما

| نۆکەندی سوێس | نۆکەندی پەنەما |
| --- | --- |
| ١- نۆکەندی سوێس درێژییەکەی بە (١٩٠) کیلۆمەتر مەزندە دەکرێت. | ١- درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی (٦٥) کیلۆمەتر. |
| ٢- نۆکەندی سوێس سروشتی یە کە ئاوی دەریای ناوەڕاست و دەریای سور بۆ دێ بەشێوەیەکی سروشتی. | ٢- نۆکەندی پەنەما دەستکردە بەهۆی سەدەوە ئاوەکەی زیاد دەکرێ بۆ ئەوەی بەکاربێ بۆ جوڵەی کەشتی. |
| ژمارەی ئەو کەشتیانەی کە پێیدا دەڕۆن نزیکەی (٧٠) کەشتییە. | ٣- ژمارەی ئەو کەشتیانەی کە پێیدا دەڕۆن نزیکەی (٣٠) کەشتییە. |
| ٤- نۆکەندی سوێس گرنگی جیهانی هەیە لە سیاسەتی دەوڵەتدا. | ٤- گرنگی ئەم نۆکەندە دیاری کراوە لە سیاسیەتی دەوڵەتدا. |
| ٥- ئەم نۆکەندە خزمەتی سێ کیشوەر دەگات وەك (ئاسیا, ئەوروپا, ئەفریقا). | ٥- ئەم نۆکەندە خزمەتی کیشوەری ئەمریکای باکور و باشور دەکات. |
| ٦- نۆکەندی سوێس تایبەتمەندە بەوەی کە یەك ئاراستەی هەیە بۆ ڕۆیشتن. | ٦- نۆکەندی پەنەما هەمان سیفەتی هەیە چونکە یەك ئاراستەی هەیە بۆ ڕۆیشتنی کەشتیەکان. |
| ٧- تایبەتمەندە بەوەی کە چەندین دەریاچەی گرنگی تێدایە لەوانە دەریاچەی المنزلە و تیمساح. | ٧- چەند دیاردەیەکی دەستکردی تێدایە بۆ عەمبارکردنی ئاو و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ نۆکەندەکە. |
| ٨- نۆکەندی سوێس توانایەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین کەشتی ڕوی تێ بکات بەهۆی قوڵاییەکەیەوە. | ٨- تواناکەی دیاری کراوە بەهۆی هەندێ پێکهاتەی جیۆلۆجیەوە. |
| ٩- تایبتمەندە بە تەوژمی ئاوەکەی بە شێوەیەکی سروشتی. | ٩- ئەم نۆکەندە تازە دروست کراوە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم. |
| ١٠- ئەم نۆکەندە (٨٠٪)ی بازرگانی جیهانی پێدا دەڕوات. | ١٠- ئەم نۆکەندە (٢٠٪)ی بازرگانی جیهانی تێدایە. |

## (٤٣- ٣) کەناڵی کیلْ

ئەم کەناڵە یەکێکە لەکەناڵە نێودەوڵەتیەکان کەدەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکاوە و بەچەندین شێوە فەرمان ڕەوای تێدا دەکات بەجۆرێك ماوەیەك دەیکاتەوەو ماوەیەك دای دەخات بەهۆی جەنگ و ئاشتی و ئەم کردن و داخستنەوەش چەندین جار ڕوویداو دواترینیشیان کردنەوەی ئەم کەناڵە بوو بەڕووی هەموو کەشتیەکاندا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی, ئەم کەناڵە دەریایی بەڵتیق بەدەریای باکورەوە دەبەستێت, ئەڵمانیا ئەم کەناڵەی دروست کردووە و لەساڵی (١٩٨٣) کراوەتەوە.

## گرنگیەکەی

١- دیارە کردنەوەی هەر کەناڵێك یان گەروویەك یان هەر ڕێڕەوێکی ئاوی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و سود و قازانجی بەپێی ئەو شوێنە لێ وەردەگیرێت, کەناڵ کیڵیش لەبەرئەوەی کراوەیەو شوێنێکی ستراتیجی سەبارت بەئەڵمانیا, چونکە بەکەناڵێکی ئاوی نێودەوڵەتی دانی پێدانرا لەدادگای دادی نێودەوڵەتی, ئەمەش بۆ ئاسان کردنی هاتووچۆ بەدەریای بەڵیتقدا.

٢- هەروەها کردنەوەی کەناڵی کیڵ گرنگی بازرگانیشی بەدوادا هات چ بازرگانی ناوخۆ بێت یان بازرگانی دەرەکی, بەتایبەت لەنێوان شاری (هامبۆرگ, بەرلین) بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاستدا, هەروەها سەبارەت بەبازرگانی باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپا کەناڵەکە دەورێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو.

٣- ڕێژەیەکی زۆر شتومەکی پێدا دەگوازرێتەوە, بەجۆرێك نزیکەی (٥٦) ملۆین تەن شتومەکی پێدا گوازراوەتەوە لەساڵی (١٩٧٠)دا, بەهۆی پێش کەوتن و چاکردنی ئەم کەناڵە بەردەوام گرنگی و بایەخی زیاد دەکات بۆ گواستنەوەی شتومەك بۆ ئەڵمانیا و لەوێشەوە بەپێچەوانەوە بۆ وڵاتانی تر کەزیاتر لەهێنانی نەوت و ناردنی کەرەستەکانی پیشەسازیەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

٤- هەروەها دەریای بەڵتیق و دەریای باکور بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٥- ئەڵمانیا سودی لێ وەرگرتووە لەکاتی جەنگدا بەرامبەر دوژمنەکانی, بەجۆرێك هەستاوە بەداخستنی ئەم کەناڵە بەڕووی کەشتیەکانیاندا تەنها ئەو کەشتیانە نەبێت کەهاوپەیمانن لەگەڵیدا, ئەمەش یارمەتی دەربووە لە پاراستنی وڵات و کەم کردنەوەی مەترسیەکان لەسەری, کەواتە کاریگەری هەیە لەسەر باری ئەمنی وڵات بەتایبەت لەجەنگی جیهانی یەکەمدا لەساڵی (١٩١٤) و جەنگی جیهانی دووەم ساڵی (١٩٤٥) لەسەردەمی هیتلەردا.

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**گرنگترین کەناڵەکانی جیهان**

| ژ | گەروو | شوێنەکەی |
|---|---|---|
| ١ | سوێس | هەردوو دەریای سور و ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێت |
| ٢ | پەنەما | دەکەوێتە نێوان هەردوو کیشوەری ئەمریکا |
| ٣ | کیڵ | دەریای بەڵتیق بە بە دەریای باکورەوە دەبەستێتەوە |




نەخشەی ژمارە (١٥)

کەناڵی کیل

## (٤٣- ٤) گەرووی هورمز

گەرووی هورمز کەنداوی عەرەبی کەنداوی عوممان بەیەکەوە دەبەستێت، بەجۆرێك بەشە فراوانەکەی دەکەوێتە بەشی باکوری لەنێوان دوورگەی (لارك) لەسەر کەناری وڵاتی ئێران و دوورگەی (سەلامە و ناتها) لە بەشی (عوممان) ئەم فراوانیە لە (٣٩) کیلۆمەتر تێناپەڕێ و قوڵترین خاڵی گەرووی هورمز (٥٠)مەترە، ئەم گەرووە ڕۆژانە نزیکەی (٢٠- ٣٠) پاپۆڕی نەوتی پێدا دەڕوات، بۆیە بەگەروویەکی گرنگی ئابوری و ستراتیجی دادەنرێت بۆ وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی ئەوانەی کەنەوت هەناردەی دەرەوە دەکەن تەنانەت ئێرانیش.

## گرنگیەکەی

١- گرنگی ئەم گەرووە لەگەرووەکانی تر جیاوازترە چونکە بەربرەی پشتی هەناردەکردنی نەوتی عەرەب و ئێران دادەنرێت بۆ بازاڕەکانی جیهانی، کەبەهایەکی بەرزی هەیە لەبازرگانی و گواستنەوەدا، لەکاتێکدا کەڕێژەیەکی زۆر کەدەگاتە نزیکەی (٧٠٠) ملیار بەرمیل نەوت لەوڵاتانی کەنداودایە کەئەمەش دیسانەوە گرنگی ئەم گەرووە دەسەلمێنێت بۆ بازرگانی و چالاکی تر بەجۆرێك ئەگەر ئەم گەرووەدا بخرێت ئەوا سعودیی (٨٨٪)، عێراق (٩٠٪)، ئیمارات (١٠٠٪)، قەتر و کوێت (٩٠٪) زیانمەند دەبن بەهۆی ئەوەی کە لەو گەرووە نەوت هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکەن.

٢- هەروەها گەرووی هورمز یەکێکە لەگرنگترین ڕێڕەوە ئاوییەکانی جیهان، چونکە هەردوو کەنداوی عەرەب و دەریای سور بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ڕۆژانەش نزیکەی (٢٠- ٣٠) کەشتی نەوت هەڵگر پێدا دەڕوات.

٣- شوێنێکی ستراتیجی گرنگە، چونکە لە (٩٠٪)ی نەوتی جیهانی پێدا دەڕوات، کەسەرچاوەیە بۆ پێش کەوتنی سەرجەم دەوڵەتەکانی جیهان.

٤- گەروویەکی ئابوری گرنگە، چونکە ئابوری زۆربەی دەوڵەتانی عەرەب لەسەرە بەهۆی ناردنی نەوتەکەیان لە ڕێگەی ئەم گەرووەو پاشان هێنانی کەرەستە جۆربەجۆرەکانی بۆ دابین کردنی پێداویستی یەکانی مرۆڤ.


٥- لەبەرئەوەی قوڵیەکەی زۆرەو دەگاتە (٥٠) مەتر ئەوا کەشتی نەوت هەڵگر دەتوانێت بەئاسانی پێدا هاتووچوو بکات و بێ ئەوەی ڕووبەڕی هیچ گرفتێك ببێتەوە لەم گەرووەدا.

٦- لە هەمان کاتدا ئەم گەرووە گرنگە بۆ هەریەکە لە(ئەمریکا، یابان، کۆریای باشور، چین) بەبێ بوونی ئەم گەرووە بەبڕێکی زۆر لە پێداویستی نەوتیان بەرەو نەمان دەچێت بۆیە بەردەوام گرنگی و بایەخی تایبەت دەدەن بە ئەم گەرووە.

٧- هەروەها بەهۆی گەرووە دەتوانێت بەئاسانی پەیوەندی بەئەورووپا و ئەمریکا و ئاسیا بکەین بۆ وڵاتانی کەندا و ئێران و وڵاتانی وەك (یابان، چین، کۆریای باشور).

٨- سود و گرنگی بۆ وڵاتانی سەر ئەم گەرووە و ئەوانەش هەیە کەدەکەونە سەر ئەم هێڵە بازرگانیە بەردەوامە.

کەواتە دەردەکەوێت گەرووی هورمز بەبڕبڕەی پشتی ئابوری جیهان دادەنرێت ئەویش لەو ڕووەوە کە لە(٩٠٪) گواستنەوەی نەوتی خاو بەم گەرووەدا تێ دەپەڕێت و جیهان پشتی پێ دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەردەکەوێت شوێنێکی بازرگانی و گواستنەوە گرنگەو کاریگەری ڕاستەوخۆ هەیە لەسەر ئەو وڵاتانەی کەدەکەونە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیجیەتیەکەی بێ وێنە و کەم بایەخی هەیە.




نەخشەی ژمارە (١٦)
گەروی هورمز

## (٤٣- ٥) گەرووی جەبەل تاریق

گەرووی جەبەل تاریق بەگەروویەکی ستراتیجی گرنگ دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان کەدەکەوێتە نێوان کەنارەکانی ئیسپانیاو ناوچەکانی باکوری (مراکیش) تایبەتمەندە بەدرێژی کەنارەکانی کە (٦١) کەقولیەکەی (٦٠٠) پێ یە، هەردوو دەریای ناوەڕاست و زەریای ئەتلەسی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کەسەرچاوەیەکی بازرگانی بەهێزی نێوان ئەوروپاو ئەمریکاو باکوری ئەفریقایە، ناوی گەروی جەبەل تاریف دەگەڕێتەوە بۆ ناوی سەرکردەی موسڵمانەکان کەناوی (تاریقی کوڕی زیاد)بوو بۆیە بەم ناوە ناو نراوە لەساڵی (٧١١) میلادی.

### گرنگیەکەی

١-گەرووی جەبەل تاریق بەگرنگترین ڕێگەی بازرگانی ئاوی دادەنرێت،چونکە دەریای ناوەڕاست دەبەستێتەوە بەزەریای ئەتلەسیەوەو تاکە ڕێگەی ئاویە بۆ زەریای ئەتلەسی بۆیە سەرجەم کاڵاو شمەکە بازرگانیەکان و تەنانەت نەوتیش کەلە کەنداوی عەرەب و دەریای سورو نۆکەندی سوێسەوە دێت بەم ڕێگایە تێدەپەڕێت، ئەم گەرووە لەڕووی بازرگانیەوە هیچی لەکەناڵی سوێس کەمتر نیە،چونکە تەواوکەری کەناڵی سوێسەو بەداخستنی ئەم گەرووە ئەوا هەردوو کیشوەری ئەمریکا ڕێگەی بازرگانیان بۆ ئاسیاو چەندین وڵاتی باشورو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا توشی نارەحەتی دەبن بۆ گواستنەوەو بازرگانی بگەڕێنەوە سەر ڕێگا کۆنەکە کەلە (راس الرجه الصالح) هاتوچۆ بکەن، کەئەویش بازرگانیەکان نرخێکی ئابووری زۆر وکاتی زۆری دەوێ، هەروەها بەپێچەوانەی بازرگانی ئەمریکاوە ناگاتە ئەو وڵاتانەی باسمان کرد بەمەش کێشەی تێدەکەوێ.

٢- ئەم گەرووە بەوە ناسراوە کەئاڕاستەی کەشتیەکانی بەسێ ئاڕاستە دەڕۆن، یەکەم بۆ ڕۆژهەڵات ئاڕاستەی دووەم بۆ ڕۆژئاواو ڕێگای سێیەمیش بەهێڵی جیاکەرەوەی نێوان هەردوو ڕێگاکە دادەنرێت بۆ سەلامەتی کەشتیەکات.

٣- گرنگی ئەم گەرووە لەوەدایە کەهیچ کۆسپێکی سروشتی نیەو تا ئێستاش شتی وا ڕووی نەداوە کە کەشتیەکان توشی شکان و لەناوچون بن.

٤- لەڕووی ستراتیجیەوە گرنگە، چونکە دەست بەسەردا گرتنی ئەم گەرووە ئەوا دەست دەگرێت بەسەر کلیلی دەریای ناوەڕاستدا کە لەڕێگایەوە دەگاتەوە زەریای ئەتلەسی بۆیە گەورەکە گرنگی زۆری هەیە لەلای وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا.

٥- جگە لەوەی ئەم گەرووە دوو کیشوەری ئەوروپاو ئەمریکا لەیەك جیادەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەریای ناوەڕاست و زەریای ئەتلەیشی بەیەکەوە ببەستێتەوەو

ڕێگایەکی بازرگانی و گواستنەوەی گرنگ پێکدەهێنێت لەسەر ئاستی جیهان.

٦- بەهەمان شێوەی گەرو و کەناڵەکانی تر هۆکارە بۆ کەم کردنەوەی ڕێگا بازرگانیەکانی جیهان بەجۆرێك کە پێشتر بۆ گواستنەوەی شتومەك بۆ ئەمریکا لەڕێگەی (راس الرجاء الصالح) بوو، بەڵام بەکردنەوەی ئەم گەرووە گرنگیەکەی زیاتر بووەو ماوەی ئەم ڕێگەشی کەم کردۆتەوە.

## (٤٣- ٦) گەرووی بابلمەندەب

ئەم گەرووە یەکێکە لەگەرووە گرنگ و ستراتیجی یەکانی جیهان کەدەریای سور و کەنداوی (عدن) لەدەریای عەرەبدا بەیەکەوە دەبەستێت، ئەم گەرووە پانیەکەی (٢٤) کیلۆمەترە و تەسك دەبێتەوە تاوەکو(١٩,٥) کیلۆمەتر لەبەشی باشوری ڕۆژهەلاتیەوە بەهۆی بوونی دوورگەی (بریم) گەرووەکە دابەش دەکەن بۆ دوو بەش کەبەشی ڕۆژهەلاتی پانیەکەی نزیکەی (٣) کیلۆمەترە بەقوڵی (٢٦) مەتر ئەمە لەنێوان دوورگەکەو کەناراوەکانی یەمەندا، بەڵام بەشی دووەمی گەورەترە کەنزیکەی (١٦) کیلۆمەترە لەنێوان دوورگەی بریم و دەریای ئەفریقی لەبەرامبەرکەنارەکانی جیبۆتی.

## گرنگیەکەی

١- گەرووی بابلمەندەب بەشێونگەیەکی ستراتیجی تاك یان دیار دادەنرێت، کە بەدەرگای باشوری دەریای سور و دەریای عەرەبی یان کەنداوی عەدەن و دواتریش ئاوی زەریای هادی و هندی دادەنرێت.

٢- لەڕووی جیۆپۆلۆتیکەوە شوێنێکی گرنگەو پێنج دەوڵەت دەسەڵاتی دەستی بەسەردا گرتووەدەوڵەتانی ئاسیاوی دەسەڵاتێکیان هەیە بەسەریدا لەڕێگەی یەمەنەوە هەریەکە لە دەوڵەتانی ئەریتریا و جیبۆتی و بەشێکی گەورە لەصۆماڵ لەئەفریقاوە دەسەڵاتیان هەیە بەسەریدا.

٣- بەڕێگایەکی بازرگانی گرنگی نێوان نیمچە دوورگەی هیند و وڵاتانی ئەوروپا و هەردوو ئەمریکا، هەروەها بازرگانی نەوتی پێد تیێ پەڕدەبێت بۆ وڵاتانی (کۆریا، یابان،چین .... هتد)، لەباشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەپێچەوانەشەوە گواستنەوەی شتومەك لەڕێگەی ئەم گەرووە بۆ وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی تر بۆ دەریای سور و کەنداوی سوێس و دەریای ناوەڕاست بۆ ئەوروپاو یان بۆ زەریای ئەتڵەسی هەردوو ئەمریکا.

٤- بەهۆی گرنگی ئەم گەرووە لەبازرگانی گواستنەوەدا بەشداری کردنی

بەرپێژەیەکی زۆر سودو قازانجێکی زۆر دەگەیەنێت بەو دەوڵەتانەی کەدەکەونە سەر ئەم گەرووە, هەروەها بایەخ و گرنگیشی هەیە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کەدەکەونە ئەم ڕێگا بازرگانیەوەو سودێکی ئابوری گرنگی هەیە بۆیان.

٥- بەگرنگترین ڕێگا دادەنرێت بۆ گواستنەوەی نەوتی کەنداوی عەرەب بۆ هەریەکە لەباشوری ئاسیا و ڕۆژهەلاتی.

٦- وەکو هەموو کەناڵەکانی تر هۆکارە بۆ کەم کردنەوە ڕێگا ماوە دوورەکان کەدەبێتە هۆی کەم کردنەوەی بە هەزاران کیلۆمەتر, بەمەش ماوەی کورت و کاتی کەم و لایەنی ئابوری کەمتری دەوێت لەبەرامبەر ڕێگا دوورەکاندا.




نەخشەی ژمارە (١٧)
گەروی بالمەندب

## ٤٤- بەندەرەکان

بەندەرەکان ئەو شوێنەیە کە لەدەریا و زەریاکاندا هەیە کە کەشتیەکان کەلوپەل شتومەکی لێ باردەکرێت, ئەمەش لەبارە بۆ پێشوازی کردن لەکەشتیە بارکایەکان, وە لەو بەندەرانەدا کۆگای گەورە هەیە بۆ دانان و عەمبارکردنی ئەو کەل و پەلانەی کەکەشتیە بارهەڵگرەکان هەڵی دەگرن, وەهەموو بەندەرێك پێویستە (موانع ) هەبێت کەئەویش بریتیە لەو شوێنەی کەقولاییەکی زۆری هەبێت و لەباربێت بۆ پێشوازی کردنی کەشتیەکان, ئەم (موانع )انە سروشتی بن یان مرۆیی.

## جۆرەکانی بەندەر

١- بەندەرە بازرگانیەکان: بۆیە بەم ناوە بەندەری بازرگانی یەوە ناونراوە، چونکە لەم بەندەرانەدا ئاسان کاری بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکات و دەورێکی سەرەکی هەیە، ئەم بەندەرە بازرگانیانەش کاتێك بایەخ و گرنگیان زیاترو بەهێزتر دەبێت کەبکەوێتە سەر ڕێگایەکی بازرگانی سەرەکی (نێودەوڵەتی) لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی بەڕێگای بازرگانی و وشکانیشەوە هەبێت بێتەوە سەر ئەم ڕێگا بازرگانیە (بەندەرەکان)، کەواتە بەندەرەکان هۆکارە بۆ ئاسان کردنی بازرگانی، وەك بەندەری لازیقیە لەسوریاو ئەمستردام لەهۆڵندا.

٢- بەندەری جەنگی: ئەم بەندەرە تایبەتە بەلایەنی سەربازی و ئەو کەشتیانەی تێدا دەوەستێت کەتایبەتە بە جەنگ، ئەمەش بۆ پاراستن و بەرگری کردنی ئەو وڵاتە لەکاتی جەنگدا، هەربۆیە بەناوی بەندەری جەنگی ناونراوە، چونکە زیاتر بایەخ بەلایەنی سەربازی دەدرێت وەك بەندەری سان فرانسیسکۆ.

٣- بەندەری نەوت: ئەو بەندەرانە دەگرێتەوە کەتایبەتە بە گواستنەوەی نەوت لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ مەبەستی بەکارهێنانی بازرگانی، ئەمەش لەڕێگەی بۆریەوە واتە لولەکەشی لەو ناوچەی کەنەوت بەرهەم دێنن و دەینێرن بۆ ئەم بەندەرانە و دواتر لەم بەندەرانەوە بۆ بازاڕەکانی بەکارهێنانی نەوت لەجیهاندا، ئەم بەندەرانە تایبەت بەگواستنەوەی نەوت بۆیە ناوی بەندەری نەوتی لێ نراوە، وەك بەندەری بانیاس لە سەر دەریای ناوەڕاست.

٤- بەندەری عەمبارکردن: ئەمەش بەگرنگترین جۆری بەندەر دادەنرێت کە لەبواری بازرگانی و گواستنەوەدا دەورێکی گرنگ و سەرەکی هەیە بۆ گواستنەوە و عەمبارکردنی شتومەك و کەلوپەلەکان، لەهەمان کاتیشدا بارکردن و داگرتن، بۆیە لەم بەندەرانەدا هەزاران تەن شتومەك عەمباردەکرێت و ئامادەکرێت بۆ گواستنەوەی بۆ ئەو ناوچانەی کەبازرگانی لێوەدەکرێت، هەربۆیە بەو ناوە نراوە، وەك بەندەری لەندەن و لیڤەرپول.

٥- بەندەری ڕاو: ئەم بەنداوانە تایبەت کراون بەڕاو بەتایبەت ڕاوە ماسی کەخەڵکێکی زۆر بەم پیشەوە خەریك دەبێت بۆ دەست کەوتنی بەرهەمی ماسی، چونکە وەك خۆراکێکی سەرەکی دانشتوان، هەروەها لەبواری پیشەسازی و بازرگانی دا بەکاردێت کەزۆربەیان لەڕێگەی ئەم بەندەرانەوە دەستیان دەکەوێت و بەبەندەری ڕاو ناویان دەرکردووە، وەك بەندەری ئەبەردین لەبەریتانیاو نارڤك لەنەرویج.

## موانیئ

ئەو شوێنەیە کەبەستراوەتەوە بەبەندەرەکانەوەو پێویستە قوڵایەکی زۆری هەبێت و لەباربێت بۆ پێشوازی کردن لەکەشتیە بارهەڵگرە جۆربەجۆرەکان کەڕوودەکەنە بەندەرەکان ئیتر بۆ بارکردن یان داگرتنی شتومەك و کەلوپەلەکان و نەوت.

لەبەرئەوەی موانیئ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەبەندەرەکان و جگە لەوەش دەکەوێتە ناو بەندەرەکانەوە بەمەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە لێرەدا تەنها باسی جۆرەکانی موانیئ دەکەین و باسی گرنگیەکەی ناکەین, چونکە هەمان گرنگی بەندەرەکانی هەیە, گرنگترین جۆرەکانیشی بریتیە لە:

### جۆرەکانی (موانئ )ی سروشتی

١- ئەو موانیئانەی کەدەکەونە قوڵایی کەنداوکان.

٢- ئەو موانیئانەی کەدەکەونە لێواری دەریاکان وەك لەکۆڵۆمبیا.

٣- ئەو موانیئانەی کەدەکەونە کەنداوی مەرجانی وەك لەبەرزایەکانی عەدەن.

٤- ئەو موانیئانەی کەدەکەونە قوڵایی کەنداوەکان.

٥- ئەو موانیئانەی کەدەکەونە سەر لێواری فیوردەکان وەك لەکۆڵۆمبیا و باکوری نەرویج و ئالاسکا.

٦- ئەو موانیئانەی کەدەکەونە دوورگەکانەوە وەك هۆنگ کۆنگ و نیۆرك.

٧- موانیئە شکاوەکان وەکو موانیئی ولنگتنی پایتەختی نیوزلەندا کەدەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئوستراليا.

٨- موانیئی سواکن دەکەوێتە (سودان).

٩- ئەو موانیئانەی کەبەندەرەکانیان لێواری هەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێك لەبەردەم تێکچوونی بەندەرەکە وەك سینئ لە ئەفریقا.

### جۆرەکانی موانیئی دەست کرد

١- موانیئە بەربەستەکان لەم ناوچانەدا هەیە وەکو بەندەری جەزائیر و یۆکۆتان.

٢- موانیئی هێمای ڕووداوەکان وەك موانیئی (تەنورە) دەکەوێتە سەرو کەنداوی عەرەب و سەرو سعودیەوە بۆ ناردنی نەوت.

## گرنگیەکەی

١- بەندەرەکان گرنگترین کاریان بریتیە لەعەمبارکردنی شتومەك و کەلوپەلە بازرگانیەکان کە لەڕێگەی کەشتیە بازرگانیەکانەوە دەگوازرێنەوە, دروست بوونی بەندەرەکان بەخاڵێکی گرنگ بۆ بەرەو پێش چوونی بازرگانی جیهانی دادەنرێت, چونکە گواستنەوەی شتومەکەکانی ئاسان کرد ئەویش بەکۆکردنەوەی لەبەندەرەکاندا

و داگرتن و بارکردنی شتومەکەکان بەشێوەیەکی ئاسان تر و خێراتر، بەندەر هەیە لەم جۆرە کەباسمان کرد واتە تەنها بۆ عەمبارکردن بەکاردێت وەك بەندەری (لەندەن، لیڤەرپول).

٢- ئەم بەندەرانە وەك شوێنێکی پارێزراو وایە بۆ پاراستنی کەشتیەکان لەهەموو لافاوێك و دیاردە سروشتیەکانی تر کە لەدەریا و زەریاکاندا زۆرجا ڕوودەدەن و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بەدوادا دێت.

٣- لەگەڵ ئەوەشدا کاری سەرەکی بەندەرەکان تەنها بریتی نیە لەعەمبارکردن و داگرتن و بارکردنی شتومەك بەڵکو چەندین بەندەر هەیە بۆ ئەم مەبەستە بەکارنایەت و کارێکی گرنگتری هەیە ئەویش تەواوی کردنی گەشتە بازرگانیە دوورەکانە و ئەم بەندەرانە بە درێژای ڕێگا بازرگانیە دوورەکاندا دەبێت و کەشتیە بازرگانیەکان لادەدەن لەم بەندەرانەدا بۆ ئەوەی کەسوتەمەنی و ئاو و خواردن وەربگرن و پێداویستی یەکانی خۆیان و کەشتیەکە دابین بکەن لەم بەندەرانەدا بۆ تەواو کردنی گەشتە بازرگانیە دوورەکان.

٤- هەروەها بەندەرەکان دەتوانرێت لەڕووی سەربازی و جەنگیشەوەی سودی لێ وەربگیرێ بۆیە دەوڵەتان لەهەندێ بەندەردا کەشتی جەنگی ئامادە دەکەن بۆ پاراستنی وڵات و هێرش کردنە سەر دوژمنەکانیان کەزۆرجار ئەم بەندەرانە بەبەندەری جەنگی ناودەبرێن، بۆیە لەم بەندەرانەدا زیاتر گرنگی و بایەخ بەکەشتیە سەربازییەکان دەدرێت وەك لەکەشتیە بازرگانیەکان.

٥- ئەم بەندەرانە سودی ئابوری گرنگیان هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی کەدەسەڵات دارە بەسەریدا، بەهۆی زۆری بازرگانی و گواستنەوەی شتومەك و داگرتن و بارکردن داهاتێکی ئابوری زۆریان دەست دەکەوێت، یان لەڕێگەی وەرگرتنی باج و سەرانە لەو کەشتیە بارهەڵگرە بازرگانیانەی کەبەم بەندەرانەدا تێدەپەڕن، هەروەها دامەزراندنی چەندین شوێن لەم بەندەرانەدا بۆ داگرتن و بارکردنی شتومەکو ڕێکخستنی یاسای کار بەکارپێکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراوی کرێکار لەم بەندەرانەدا کەکاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانی ئابووری هاوڵاتیان و داهاتی ئابووری وڵات.

٦- دەرکەتن و ناساندنی وڵات بەهۆی بەندەرەکانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، چونکە بەندەرەکان کەشتی گەلی بازرگانی جۆراوجۆر ڕووی تێدەکات، بەمەش کەسانی بیانی سەردانی ئەم بەندەرانە دەکەن و تێدا بۆماوەیەکی درێژ ئەم کارەش بەدرێژای ساڵ دووبارە دەبێتەوە بۆیە کاریگەری دەبێت لەناساندن و دەرکەوتنی داب و نەریتی وڵات، هەروەها لەڕێکەوتنە بازرگانیەکاندا حسابی تایبەتی بۆ دەکرێت بەهۆی ئەوەی کەبەندەرەکان هۆکارێکی ئاسانن بۆ گواستنەوەو بازرگانی و

داگرتن و بارکردنی شتومەکەکان.

٧- شوێنێکی گرنگە بۆ ڕاوە ماسی بەتایبەت بۆ بەدەست هێنانی بەرهەمی ماسی کەسەرجەم خزمەتگوزاریەکانی ڕاوکردنی تێدا فەراهەم بووە، دەست کەوتنی بڕێکی زۆر بەرهەمی ماسی لەڕێگەی ئەم بەندەرانەوە دیسانەوە کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی ئابووری چونکە بەرهەمی زۆری ماسی خواردنی سەرەکی ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانەو بڕێکی زۆریشی دەچێتە بواری بازرگانیەوە.

## ٤٥- بەست وبەنداوەکان

بەست یا بەنداو بریتیە لەکۆکردنەوەی ئاو لەناوچەیەکی دیاریکراوی سەر ڕووی زەوی، بەمەرجێك ئەو شوێنەی کەبەنداوەکەی تێدا دروست دەکرێت لەڕووی جیۆلۆجیەوە گونجاوبێت بۆ دروست کردنی بەنداو، چونکە جیۆلۆجی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەم بەنداوانە بەوەی کەچینە بەردەکانی ئەم ناوچە چ جۆرێکن؟ ئایا توانای بەرگەگرتنی ئەم بڕە زۆرەی ئاویان هەیە؟ کاتێك لەسەر ئەم بەنداوە کۆدەبێتەوە, هەروەها بەست و بەنداوەکان دەبێت لەناوچەیەکدابێت بکەوێتە نێوان دوو ناوچەی بەرزەوە و کەمترین پانتایی هەبێت بۆ ئەوەی توانای ڕاگرتنی ئاوەکەی ئاسان تربێت.

یان بریتیە لەو پرۆژە دەست کردانەی کەمەبەست لێی کۆنترۆڵ کردنی ئاو و دەست بەسەرداگرتنی و بەکارهێنانی بۆ کاتی پێویستی, ئەم پرۆژانە لەسەر ڕووبارەکان دروست دەکرێت, بەجۆرێك دەتوانین لەسەر ڕووبارێك چەندین بەست و بەنداو دروست بکرێت, بەمەرجێك ڕێڕەوی ئاوی ڕووبارەکە ئەوەندەبێت گونجاوبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاو لەم بەنداوانەدا.

ئەم بەست وبەنداوانە دروست کردنی بۆ چەند مەبەستێك بەکاردێت کەسوودو گرنگیان تایبەتی زۆریان هەیە بەتایبەت بۆ ئەوەی ولاتانی کەبڕی ئاوی سەر زەویان کەمە بۆیە بەست و بەنداو گرنگی تایبەتی هەیە بۆ ژیانی مرۆڤ و دەتوانێت لەچەندین ڕووەوە سودی لێ وەربگیرێت وەك بۆ کۆکردنەوەی ئاو و بەکارهێنانی لەکاتی پێویستدا بەتایبەت لەوەرزە وشك و کەم بارانەکاندا, هەروەها بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی وزەی کارەبا کەبڕێکی باش کارەبا بەرهەم دێنێت و هیچی لەسەرچاوەکانی تر کەمترنیە, هەروەها بۆ گەشتوگوزار چونکە گەشتوگوزار پەیوەندی توند و تۆڵی هەیە بەئاوەوە بەتایبەت بەست و بەنداوەکان, لەبەرئەوەیە کە بەست و بەنداوەکان دیاردەیەکی دەست کردوی زۆر دەگمەنن, هەروەها بۆ مەبەستی سامانی ماسی

سودێکی باش و کاریگەری هەیە, لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئاوداشتنی بڕێکی زۆر لەزەوی کشتوکاڵی و بەرهەم هێنانی بەرووبومە جۆربەجۆرەکان, هەروەها بۆ کەم کردنەوەی مەترسی لافاو لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کەبەنداوەکانی لێ دروست دەکرێت, کەلێرەدا بەدرێژی باسی هەریەکە لەم گرنگیانە دەکەین.

## گرنگیەکەی

١- ئامانج لەدروست کردنی بەست و بەنداو و کۆکردنەوەی ئاو لەناوچەیەکدا بۆ چەندین مەبەست یەکێك لەو مەبەستانە بۆ ئاودێری کردنی زەوییە کشتوکاڵیەکان لەناوچەی دەوڵەتێکدا یان هەرێمێکدا, چونکە دەرامەتی ئاو هۆکارە بۆ گەشەکردن و سەوزبوون و بەرهەم هێنانی بەرهەمە کشتوکاڵیە جۆربەجۆرەکان, بۆیە پێش ئەوەی نیازی کشتوکاڵ کردنت هەبێت پێویستە بیر لەوە بکەیتەوە چۆن ئاوی بۆ دابین بکەیت تاتوشی کێشەی کەمی ئاوی نەبێت, ئێستا کێشەی کەم ئاوی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنگوباسێکی زۆر گەرمە بەجۆرێك ئەم کێشە چووەتە بواری سیاسیەوە و گەیشتووەتە ئەوەی کەکێشەی سیاسی دروست بکات, بۆیە لەم کاتەدا وڵاتان بەگشتی بیر لەوە دەکەنەوە بۆ ئاودێری کشتوکاڵەکانیان پشت بەدروست کردنی بەنداو ببەستن, کە چەندین نمونەی زیندومان لەبەردەستدایە وەك لە وولاتای تورکیا و ئێران, کە ئێستا لەتورکیا چەندین بەنداو و دروستکراوە بۆ ئەم مەبەستە, وەك بەنداوی (کارزان) کە لەسەر ڕووباری دیجلە دروست کراوە بۆ مەبەستی ئاودێری زەوی یە کشتوکاڵیەکانی ئەو ناوچە دروست کراوە کەزیاتر لە(٦٠٠٠٠) هەزار هێکتار زەوی لەدەشتەکانی (کارزان) ئاودێری دەکات, هەروەها وڵاتی میصر کەچەندین بەنداوی لەسەر ڕووباری نیل دروست کراون بۆ ئاودێری کەخۆی لە(٦) بەنداودا دەبینێتەوە ئەوانیش بریتیە لەبەنداوی (سەدلعالی یەك, سەدلعالی دوو, سەدلعالی سێ, سەدلعالی چوار, سەدلعالی پێنج, سەدلعالی شەش) کە بەهۆیەوە ملیۆنەها دۆنم زەوی ناوچەکە ئاودێری دەکەن لەزەویشە کشتوکاڵیەکانی میصر و باشترین جۆری بەرهەمی لۆکەی تێدا بەرهەم دەهێنرێت و داهاتوویەکی باشی هەیە.

٢- ئامانجی دووەم لەدروست کردنی بەست وبەنداو بریتیە لەدروست کردن وزەی کارەباو بەرهەم هێنانی بەڕێژەیەکی زیاتر لەچاو هەندێ سەرچاوەی تری وزەدا بۆ بەرهەم هێنانی کارەباو بەرهەم هێنانی وزەیەکی زۆر, ئەم سەرچاوەی وزەیە بەسەرچاوەیەکی باش و نایاب دادەنرێت لەبەرامبەر زۆربەی سەرچاوەکانی تری وزەدا کەئێستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکاردێت بەتایبەت لەکیشوەری ئەفریقا, چونکە

بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەڕێگەی ئەم بەست و بەنداوانەوە چەندین خاسیەتی تایبەتی و گرنگی هەیە کە لەسەرچاوەکانی تری وزەدا بەدی ناکرێت وەك:

أ- بەرهەم هێنانی بڕێکی زۆر لەوزەی کارەبا بەبەکارهێنانی ڕێژەیەکی کەمی پارە لەم پرۆژانەدا.

ب- هەروەها ئەم سەرچاوەیە ژینگە پیس ناکات لەکاتی بەرهەم هێنانیدا وەك سەرچاوەکانی تری وزەی ئەتۆم و نەوت و گاز کەئێستا بەشێوەیەکی فراوان لەجیهاندا پشت بەم سەرچاوانە دەبەستن بۆ بەرهەم وزەی کارەبا, بۆیە گرنگی پێدەدرێت.

ج- لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەرچاوەیە (ووزەی کاهرۆئاوی) هیچ پاشماوەیەکی لێ بەجێ نامێنێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پیس بوونی ژینگە, لەگەڵ ئەوەشدا پاشماوەی نیە بۆیە نابێتە هۆی گواستنەوەو پیس بوونی زەوی کە لەسەرچاوەکانی تری وزەدا دەردەکەوێت.

د- هەروەها بەدەرامەتێکی نوێبووەش دادەنرێت چونکە توانایی زیاد بوونی هەیە بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی باران بارین زۆرە وەك وڵاتانی, لەبەرامبەر سەرچاوەکانی تری وزەدا بەتایبەت نەوت, چونکە ڕۆژێك دێت نەوت کۆتای پێ دێت.

ئەم خاسیەتە باشانەی وزەی (کاهرۆئاوی) بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا کەخۆی لەدروست کردنی بەست و بەنداوەکاندا دەبینێتەوە لەچەندین وڵاتی جیهاندا پشتی پێ دەبەسترێت وەك وڵاتانی (تورکیا و ئێران), بۆ فرۆشتنی وزەی کارەبا سودی لێ وەردەگرن بەمەش دەچێتە بواری بازرگانیەوە بەتایبەت بازرگانی دەرەکی و دەست کەوتنی بڕێکی زۆر پارە لەڕێگەی ئەم سەرچاوەوە, ئێستا لێرەدا باسی چەندین نمونە دەکەین لەسەر ئەم خاڵە وەك وڵاتی تورکیا کەنمونەیەکی زیندووەو ئاشکرایە لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە جیهانیش وەك پرۆژەکانی (کراك کینەر) کە لەسەر ڕووباری دیجلە درووست کراون و چەندین بەست و بەنداو لەخۆدەگرێت کەبریتیە لەبەنداوەکانی:

أ- بەنداوی وێستگەی کارەبای کراك گیزی: ڕووبەرەکەی ئەو هەلەی بۆ پێکدێنێت کە(٩١٩) ملیار م3 ئاو گل بداتەوە, وێستگەیەکی کارۆئاوی لێ دابین دەکرێت (٩٠) میگا وات و وزەیەك بەبڕی (١٤٦) ملوێن کیلۆوات/ کاتژمێر بەرهەم بهێنێ.

ب- بەنداو و وێستگەی کارۆئاوی دیجلە: بەنداوەکە دەتوانێ (٠,٩٥) م3 ئاو گل بداتەوە, توانای وێستگەکە (١١٠٠) مێگا واتە, بەرهەم هێنانی وزەی (٢٩٨) ملیۆن کیلۆوات کاتژمێر لەساڵێکدا.

هەروەها تورکیا سودێکی زۆر لەڕێگەی فرۆشتنی بڕێکی زۆر کارەبا لەڕێگەی

بازرگانیەوە وەردەگرێت وەك دەرامەتێکی گرنگ سودی لێ وەردەگیرێت، چونکە بڕی وزەی بەرهەم هاتووە کارەبا لەم بەنداوانەدا دوای تەواوبوونی دەگاتە نزیکەی (٣٢)ملیار کیلۆوات/ کاتژمێر کارەبا ساڵانە بەرهەم دێنێ کەدوو ئەوەندەی بەرهەمی وزەی کارەبای هەموو گەلی تورکیا، هەربۆیە لەداهاتوودا کارەبای خۆی پاشانیش بەشی زۆریشی لێ بنرێتە دەرەوە بۆ مەبەستی بازرگانی، وەك چۆن ئیران ئێستا بڕێك کارەبای داوە بەهەرێمی کوردستان لەناوچەی پێنجوێن، کەپێش بینی دەکرێت شوێنی وزەی نەوت بگرێتەوە بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەتورکیا.

٣- خاڵێکی تری گرنگی بەست و بەنداو دروست بوونیان لەناوچەیەکدا کاریگەری هەیە لەسەر بزاڤی گەشتوگوزار، بەهۆکارێکی باش دادەنرێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بەلای خۆیدا، ئەم دیاردە دەست کردە کە مرۆڤ هەڵ دەستێت بەدروست کردنی شێوەیەکی جوان و ناوازە دەبەخشێتە ئەو ناوچانەی کەلەسەر دروست دەکرێت و چەندین تایبەتمەندی وەردەگرێت کە لەناوچەی تری جیادەکاتەوە لەڕووی گەشتوگوزارەوە، هەربۆیە کاتێ گەشتیار ڕوودەکەنە ناوچەی بەست و بەنداوەکان بە چەندین دیاردەی خەریك دەبن لەناوچەکانی تردا نیە وەك ڕاوەماسی و مەلەکردن بەتایبەت لەوەرزە گەرمەکاندا کەپلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە، هەروەها یاری کردن بەبەلەم و پێشبڕکێ، ئەمانە کەباس کران هەموویان خاڵە بنەڕەتیەکانی گەشتوگوزارلەهەر ناوچەیەکدا کە تێیدا کۆدەبێتەوە، کەواتە دەردەکەوێت ناوچەی بەست و بەنداوەکان ناوچەیەکی باشە بۆ گەشتوگوزارو ڕاکێشانی گەشتیار، چونکە سەرجەم خزمەت گوزاریەکانی گەشتوگوزاری تێدا دەست دەکەوێت ئەگەر هاوکاری حوکمەتی لەگەڵدا بێت بۆ دابین کردنی پێداویستی یە گەشتوگوزاریەکان، بەجۆرێك گەشەپێدانی شارە گەشتیارەکان و کردنەوەی ئوتێل و سەیرانگای زیاتر و مۆدێرنە لەناوچەکەدا، هەروەها ئەم دیاردەش لەچەندین وڵاتانی تری جیهاندا دەردەکەوێت وەك عێراق بەتایبەتی هەرێمی کوردستان لەهەردوو بەنداوی (دوکان، دەربەندیخان).

٤- بەست و بەنداوەکان گرنگیان زیاتردەبێت، چونکە بەعەمبارێکی سەرەکی ئاو دادەنرێت بۆ خەزن کردن و بەکارهێنانی لەکاتی پێویستدایە بەتایبەت لەوەرز و ساڵانەی کەڕێژەی باران بارینی کەم، بۆیە لەڕێگەی ئەم بەنداوانەوە ئەو ئاوەی زیادەی کە لەکاتی بارانی زۆردا خەزن کراوە دەتوانێت بەئاسانی بەکاربێنێت بێ ئەوەی توشی هیچ گرفتێك بێت.

٥- هەروەها خاڵێکی بەهێزی بەست و بەنداوەکان بریتیە لەکۆکردنەوە و پاراستنی ئەو ناوچانەی کەمەترسی لافاوی لێ دەکرێت، چونکە بەست و بەنداوەکان بڕێکی زۆر لەئاوی تێدا کۆدەبێتەوە ناوچەکانی خواروی خۆی لەو مەترسی گەورە دەپارێزێت و


پێویستە دەوڵەت بەردەوام چاودێری ئەم بەست و بەنداوانە بکات بەمەستی پاک کردن و نوێژەن کردنەوەی بۆ مەبەستی خۆپاراستنی لەمەترسیەکانی لافاو وەک دروست کردنی بەنداوی دەربەندیخان بۆ پاراستنی ناوچەی خواری لەلافاو هەتا شاری بغدادیش کەکاریگەری هەیە لەسەریان.

٦- بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری کەلەڕێگەی ئەم بەست و بەنداوانە دەتوانن ئاوی خواردنەوە دابین بکەن بۆ ڕێژەیەکی زۆر لەدانیشتوان بەجۆرێک دەتوانین لەسنووری ئەو ناوچەیەش دەربچێت کەبەنداوەکەی تێدایە، ئەم خاڵە بەڕوونی دەردەکەوێت لەهەرێمی کوردستان کە پشت بەهەردوو بەنداوی دەربەندیخان و دووکان دەبەستێت.

٧- بوارێکی تری گرنگی ئاوی بەست و بەنداوەکان بریتیە لەبازرگانی کردن بەئاوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانی کردنی بەبەرهەم هێنانی وزەی کارەبای ئەم بەست و بەنداوانە، بۆ نمونە دروست کردنی چەندین بەنداو لەسەر ڕووباری (دیجلە و فورات) لە وڵاتی تورکیا کە بەپرۆژەی (گاپ) ناسراوە بۆ چەندین مەبەستی گرنگ لەوانە کەبەئامانجی شاراوە ناودەبرێت لەلایەن پسپۆڕانی ئەو بوارە ، وەدەڵێن مەبەستی سەرەکی تورکیا پرۆژەی سەرخستنی فرۆشتنی ئاوە بەتایبەت بەوڵاتانی کەنداو کەئێستا کێشەیەکی گەورەیان هەیە لەکەمی ئاودا، بۆیە بەبیروڕای پسپۆڕانی سەدەی بیست بەسەدەی نەوت و سەدەی بیست و یەکیش بەسەدەی ئاو دادەنرێت، بەتایبەت لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەتوشی کێشەیەکی گەورەی کەم ئاوی بووە، بۆیە تورکیا دەیەوێت بیخاتە بواری بازرگانیەوە و بەپرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیجی دادەنێت بۆ چەند ساڵی داهاتوو، بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە داهاتێکە ئابوری باشی دەست بکەوێت کەبۆ ژێرخانی ئابوری سودێکی زۆری هەیە، تورکیا لەساڵی (١٩٨٨) پرۆژەیەکی لەژێر ناوی (پرۆژەی بۆریەکانی ئاشتی) پێشکەش بەدەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و کەنداو و نیمچە دوورگەی عەرەب کرد کەتایبەتە بەفرۆشتنی ئاو بەو وڵاتانە.

٨- بۆ زیادکردنی بەرهەمی ماسی و گەشەپێدان و پێش خستنی پیشەسازی، کەسالانە دەکرێت چەندین جۆر بەرهەمی ماسی لێ بەرهەم بێت، کەئەمەش کەرەستەیەکی سەرەتایە بۆ پیش کەوتنی پیشەسازی وەک پیشەسازی کشتوکاڵ و دانەوێڵە و دەرهێنانی ڕۆنی ڕووەک، هەروەها بەرهەمی ماسی بەشداری پیشەسازی لەقوتونان و دووبارە ناردنە دەرەوەی لەڕێگەی بازرگانیەوە، هەروەها لەناوخۆشدا بەخواردنێکی سەرەکی زۆربەی دانیشتوان دادەنرێت، لە هەمان کاتدا بوونی پیشەسازی جۆراوجۆر هۆکارە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر

لەدانیشتوانی ئەو ناوچانەدا بەتایبەت لەکەرتە پیشەسازیەکاندا، بۆیە ناوچەکە پێش دەکەوێت لەڕووی بازرگانی و پیشەسازییەوە کەبڕبڕەی پشتی ئابوری وڵات دادەنرێت، نمونەی زۆر هەیە لەسەر ئەم خاڵە وەک لە(ئەمریکا، ئێران، تورکیا، ... هتد).



وێنەی ژمارە (٧)
بەست و بەنداوەکان

## ٤٦- پیشەسازی

پیشەسازی بریتیە لەگۆڕینی کەرەستەی خاو لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر، بەمەرجێك ئەو بارەی کەبۆی دەگۆڕێت سودو کەڵکی تەواوی هەبێت لەباری یەکەم (کەرەستەی خاو)، بۆ نمونە لۆکە کاتێك دەچێتە پیشەسازی ڕستن و چنینەوە دەگۆڕێت بۆ بارێکی جیاوازتر کەسودە زیاتر دەبێت و بەچەندین شێوە سوود لێ وەردەگیرێت.

یان بریتیە لەگۆڕینی کەرەستەکان لەباری ئاساییەوە بۆ باری بەکارهێنراو و سود لێ وەرگرتن، بەمەش دەوترێت پیشەسازی، یان گۆڕینی کەرەستە خاوەکەیە بۆ بەرهەم هێنراوی نوێ بۆ ئەوەی بەکارهێنانی ئاسان بێت، ئەو خاوانە بەمادەی یەکەمی یان سەرەتایی یان مادەی خاو دەناسرێت.

گەشەسەندن و پێش کەوتنی پیشەسازی لەوڵاتی بەریتانیاوە دەستی پێ کردووە، چونکە یەکەمین جار کارگەکان دامەزرێنران لەشانشینی یەککرتوو، هەروەها یەکەمین جار کارگەکان دامەزرێنران لەم وڵاتەدا، هەروەها شۆڕشی پیشەسازی کەئامێری زۆر پێش کەوتوو هاتەکایەوە گۆڕانکاری خێراو پێشکەوتنی تێدا ڕووی داوە، هەروەها شۆڕشی پیشەسازی کاری کردە سەر ئەوەی کەگۆڕانکاریەکی گشتی و

ته‌واو بکات له‌پێکهاتنی پیشه‌سازی و شێوه و هۆکانیدا، هه‌روه‌ها بووه هۆی ئه‌وه‌ی به‌رهه‌م زۆر زیاد بکات، به‌لاّم پیشه‌سازی ده‌ست کرد به‌ره‌و له‌ناووچوون پۆشت، چونکه که‌وته باریکه‌وه نه‌ی ده‌توانی به‌ربه‌ره‌کانێی ئه‌و به‌رهه‌مانه بکات که‌پیشه‌سازییه‌که‌ی ئامێری تێدا به‌کارهاتووه به‌شێوه‌ی به‌رده‌وام و فراوان بۆ پێشکه‌وتن و گه‌شه‌سه‌ندنی.

جۆره‌کانی پیشه‌سازی

١- پیشه‌سازی گران: ئه‌و پیشه‌سازیه قورسانه ده‌گرێته‌وه که‌بڕێکی زۆر له‌ئامێرو که‌ره‌سته‌ی خاوی ده‌وێت بۆ ئه‌وه‌ی به‌رهه‌می ده‌ست بکه‌وێت تێدا وه‌ك پیشه‌سازی ئاسن و پۆلاو پیشه‌سازی پالاّوتنی نه‌وت و پیشه‌سازی پترۆکیمیای نه‌وت و پیشه‌سازی ڕستن و چنین، ئه‌مانه به‌پیشه‌سازی قورس داده‌نرێت چونکه هه‌ریه‌که له‌مانه پێویستی به‌سه‌رمایه‌کی زۆرو بازاڕی فراوان هه‌یه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌ریه‌که له‌م پیشه‌سازیانه خاسیه‌تی تایبه‌تی خۆی هه‌یه و به‌هۆیه‌وه له‌پیشه‌سازی سوکه‌کان جیاده‌کرێته‌وه.

٢- پیشه‌سازی سوك: ئه‌م پیشه‌سازیه جیاوازه له‌پیشه‌سازی قورس به‌و شێوه‌ی که‌سه‌رمایه‌ی که‌م و که‌ره‌سته‌ی خاوی که‌می ده‌وێت له‌به‌رامبه‌ر که‌ره‌سته‌ی پیشه‌سازی قورس که به‌پێچه‌وانه‌وه زیاتر که‌ره‌سته سوکه‌کان ده‌گرێته‌وه که له‌ناو خاك دروست ده‌کرێت وه‌ك پیشه‌سازی پۆشاك که‌تیایدا که‌ره‌سته‌ی سه‌ره‌تای سوك به‌کاردێ بۆ به‌رهه‌م هێنانی کالاّ سوکه‌کان، ئه‌مه‌ش زیاتر له‌ناوچه‌کانی نیشته‌جێ بووندا دروست ده‌کرێن به‌جۆرێك زیان نه‌گه‌یه‌نێت به‌دانیشتوان.

## گرنگیه‌که‌ی

١- پیشه‌سازی یه‌کێکه له‌و چالاکیه مرۆیانه‌ی که‌ڕاسته‌وخۆ ئابوری ولاّتی له‌سه‌ره‌و هۆکاره بۆ به‌ره‌و پێش چوون و گۆڕانکارێکی فراوانی له‌ژیانی خه‌ڵکدا دروست کردووه به‌تایبه‌ت له‌ناوچه پیشه‌سازیه‌کاندا، ئه‌مه‌ش له‌م دوو سه‌ده‌ی کۆتایدا (بیست و بیست و یه‌ك)دا به‌ڕوونی ده‌رده‌که‌وێت، ئه‌مه له‌کاتێکدا پیشه‌سازی له‌قۆناغێکه‌وه چووه‌ته قۆناغێکی تر و گۆڕانکاری و پێش که‌وتنی تێدا دروست بووه، ئه‌و گۆڕانه‌ش وه‌ك ده‌ستکه‌وتی ئابوری ئه‌وانه زیادی کرد که‌خه‌ریك بوون به‌کارکردن له‌پیشه‌سازیه‌کاندا، به‌مه‌ش ژیانی خه‌ڵکی گۆڕی و چینێکی تازه‌ی خه‌ڵکی هێنایه‌کایه‌وه که‌ژیانیان پێش که‌وتو و سه‌رمایه‌ی زۆریشیان له‌ڕێگه‌ی ئه‌م چالاکیه‌وه ده‌ستکه‌وت، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا په‌یوه‌ندی خه‌ڵکی گۆڕی.

٢- هه‌روه‌ها پیشه‌سازی په‌ره‌ی به‌کشتوکاڵ داو ده‌رفه‌تێکی باش و فراوانیشی بۆ

کشتکار ڕەخساند و ڕووبەرێکی فراوانیشی بۆ کشتوکاڵ دابین کردو دەرگای ژیانی تازەی لەهەموو ڕوویەکەوە خستە سەر پشت، هەربۆیە پیشەسازی بووە بەبناغەیەکی سەرەکی گەشەندو و ڕەسەنی شارستانی مرۆڤایەتی، ئەم گەشەسەندن و پەرەسەندنەش بەردەوام بایەخی زیاد دەکات بۆ یارمەتی دانی مرۆڤ و ئاسانکاری کار و چالاکیەکانی و بەرهەم هێنانی ئامێرە جۆربەجۆرەکان و بەکارهێنانی و سود لێ وەرگرتنیان.

لەپیشەسازیدا بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێت بەتایبەت ئەوانەی دەچنە بواری پیشەسازیەوە و پێداویستی و شتومەکی لێ دروست دەکرێت، ئەمەش وای کردووە ڕێژەیەکی زۆری بەرهەمەکانی لەبواری پیشەسازیدا بەکاربێت و بازاڕێکی ساغکردنەوەی بۆ ئەم بەرهەمانە دروست بکات لەڕێگەی پیشەسازیەوە، چونکە پاش گۆڕانیان سەرەتاییەوە بۆ بارێکی بەکارهێنراو و سود لێ وەرگیراو.

٣- لەکاتی ئێستاشدا پیشەسازی هۆکارێکی سەرەکی و بەهێزە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ژیان و گوزەرانی گەلان و هۆکارە بۆ دروست کردنی هەلی کار بۆ بێکاران و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وڵات و سەرخستنی باری ئابوری و پڕکردنەوەی کەم و کورتیەکانی لایەنی ئابوری وڵات، لەهەمان کاتیشدا پێش کەوتنی لایەنی ئابوری کاریگەری هەیە لەسەر پێش کەوتنی وڵات، ئەو دەوڵەتانەی پیشەسازیان نەبێت ناتوانن ئاستی ژیانی گەلەکانیان تەنیا لەڕێگەی کشتوکاڵەوە یان لەڕێگەی پوختەکردنی کانزاکان و فرۆشتنیانەوە بەرزبکەنەوە، ئەو دەوڵەتەش بیەوێت هەلومەرجی ژیان لە قۆناغێکەوە بگۆڕێت بۆ قۆناغێکی باشتر و دەوڵەتێکی دوڵەمەندەو خاوەن سەرمایەکی زۆر پێک بهێنێت تەنیا لەڕێگەی سازدان و دامەزراندنی پیشەسازیەوە دەتوانێت ئەو خۆش گوزەرانییە بهێنێتەوە، بۆ نمونە وڵاتی سویسرا یان وڵاتانی ئەسکەندەنافیا (دانیمارک، نەرویج، سوید، فلەندا) لەڕێگەی دامەزراندنی پیشەسازیەوە پێشکەوتنی تەواویان بەدی هێناوەو گەشتونەتە ئەو پەڕی پلەی خۆش گوزەرانی، لەکاتێکدا زەوی کشتوکاڵیان کەمە و زۆربەی ڕووبەری ئەو وڵاتانە چیایە و لەبەرد پێکهاتووە، هەروەها زەوی یەکانیان گەشتووەتە ناوچەی جەمسەری باکوری زەوی کەتوشی بەستن دەبنەوە لەزۆربەی ڕۆژەکانی ساڵدا، ئەم دیاردانە کاریگەریان نیە لەسەر ئەم وڵاتانە، چونکە گرنگی تەواویان داوە بەبواری پیشەسازی و هەمیشە هەوڵی گەشەسەندنیشی دەدەن.

هەروەها وڵاتی چین بەهۆی پیشەسازییەوە داهاتێکی زۆری دەست دەکەوێت و لایەنی ئابوری پێ پڕ دەکاتەوە بەجۆرێك بەشی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان بکات کەدەگاتە زیاتر لە (یەك ملیار و سێ سەد ملوێن) کەس بەشێکی زۆریشی لێ بنێرێتە

دەرەوەو بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات، بەپێی بیروڕای پسپۆڕان و ئابوری ناسانی چین لەچەند ساڵی داهاتوودا لە(١٠٠) جۆر شمەکی بازرگانی (٥٠)ی دروست کراوی چین بێت کەئێستاش گەشتووەتە ئەو ڕێژەی کەپێش بینیان کردبوو، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەی کە لەبواری پیشەسازیدا هەیە وای کردووە ئەم سەرکەوتنە گەورە بەدەست بهێنێ.

٤- دامەزراندن و پێشکەوتنی پیشەسازی و گەشەسەندنی هۆکارە بۆ سەربەخۆی گەلان و ڕزگاربوون لەدەست داگیرکەران کەزۆر زوتر ڕزگاریان دەبێت، هەرلەبەر ئەمەشە پیشەسازی بووەتە ئامانجێکی گەورەی دەوڵەتی تازە پێگەیشتوەکان تا لەرێگەیەوە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوریی خۆیان شادبن و خۆیان لەتەنگەتاوی سیاسی و ئابوری دەوڵەتە پێش کەوتووەکان ڕزگار بکەن.

٥- هەروەها پیشەسازی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا.

٦- هەروەها پیشەسازی داهاتی نەتەوەیی بەگشتی زیاد دەکات و دەرفەتیش بۆ کارکردن کرێکاران فراوانتر دەبێت و بێ کاریش کەمتر دەبێتەوە.

٧- هەروەها پیشەسازی چەندین مادەی جۆربەجۆری لێ پەیدادەبێت، ئەوانیش دوبارە وەکو کەرەسەیەکی خاو بۆ دروست کردنی شمەکی تازەی تر بەکاردەبرێت و دوو ئەوەندەی تر داهاتی زیاد دەبێت و دەرەفەتی زیاتریش بۆ کرێکاران دەرەخسێنێ.

٨- هەروەها زۆری شمەکی دروست کراو لەوڵاتدا کاتێك کە لەبەشی پێداویستی یەکانی ناوخۆی زیاترە لێ دەنێرێتە دەرەوە و بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات لەنێوان دەوڵەتەکاندا دەکرێت بەوەش ئەو شمەکەی کەپێشتر بەپارەیەکی زۆر دەستی دەکەوت ئێستا بەبڕێکی مادی کەم دەستی دەکەوێت و وادەکات دەوڵەتێکی سەقامگیری بەهێز پێك بێت لەڕووی بازرگانی و ئابوریەوە، هەروەها بەهۆی بەشداری کردنی لەبازرگانی دەرەکی دا دەبێتەهۆی ئەوەی وڵاتەکە پارەی جۆراوجۆری بێگانەی زیاتربێت، کەئابوری نەتەوەیی پێ بەهێزتردەبێت و توانای دارای بەهێز دەبێت.

٩- بێ گومان ئەوانەی کە لەپیشەسازیدا کاردەکەن دوای کاری ڕۆژانەیان دەرفەتێکی زیاتریان بەدەستەوە دەمێنێتەوە لەوانەی کە لەکشتوکاڵ و چالاکیەکانی تردا کاردەکەن، ئەمە سەرەڕای دەستکەوتنی بڕێکی زۆری سەرمایە لەپیشەسازیدا لەبەرامبەر چالاکیەکانی تر.

١٠- هەروەها ئەو ماوەیەی کە لەپیشەسازیدا کاردەکرێت لەبەرامبەر کشتوکاڵ و چالاکیەکانی تر کەمترە، بۆیە زیاتر سود لەو دەرفەتە وەردەگیرێت و ڕۆشنبیری و


زانست و شاره‌زایی خۆیان زیاتره ده‌که‌ن و کاروباری خۆیان به‌ره‌و باشتر ده‌به‌ن له‌ناو خۆیاندا بۆ به‌دیهێنانی داخوازییه‌کانیان, به‌و جۆره پیشه‌سازی پله‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابوری و ڕۆشنبیری کارکه‌ران به‌رزده‌کاته‌وه و کۆمه‌ڵگایه‌کی باشتر و جیاوازتر له‌کۆمه‌ڵگاکانی تر ده‌هێنێته دی وه‌ك جیاوازی نێوان وڵاتانی ئه‌وروپاو وڵاتانی جیهانی سێیه‌م که به‌ڕوونی ده‌رده‌که‌وێت.

١٢- پیشه‌سازی لێزانین و شاره‌زایی و ده‌ست سوکیه‌کی ته‌واوی پێویسته‌و فێربوونی زانیاری کارامه‌یی و ته‌مه‌نی ده‌وێت, بۆیه ژیانی‌پیشه‌سازی به‌رزترین قۆناغی ژیانی شارستانی پڕ له‌چالاکی ده‌نوێنێت له‌ژیانی مرۆڤدا.

١٣- کاریگه‌ریشی هه‌یه له‌سه‌ر بواری سیاسی و سه‌ربه‌خۆی و سه‌ربه‌ستی گه‌لان و ده‌بێته هۆی ئازادی و سه‌ربه‌خۆی وڵات له‌ده‌ست بێگانه و داگیرکه‌ره‌کان وه‌ك له‌پێشتر ئاماژه‌مان بۆ کرد.

نه‌خشه‌ی ژماره (١٨)

دابه‌ش بونی وڵاته پیشه‌سازیه‌کانی



## ٤٧- کشتوکاڵ

کشتوکاڵ به‌و چالاکیه فراوانه‌ی مرۆڤ ده‌وترێت که‌زه‌ویه‌کی به‌رفراوانی له‌سه‌رجه‌م کیشوه‌ره‌کاندا داگیرکردووه, ئه‌مه‌ش بۆ دابین کردنی چه‌ندین جۆر به‌روبومی هاوینه و زستانه, ئه‌م چالاکیه جیاوازه له‌چالاکیه‌کانی تری مرۆڤ, چونکه پێویستی به‌ده‌ستی کارکه‌ری زۆر و زه‌وی فراوان هه‌یه, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا بڕی داهاتی

کەمترە لەبەرامبەر چالاکیەکانی تری مرۆڤدا بەتایبەت پیشەسازی, چونکە ئەم چالاکیە زەوییەکی زۆرو دەستی کارکەری زۆری دەوێت, چاندنی زەوییە کشتوکاڵیەکان بۆ بەدەست هێنانی بەروبومە خۆراکیەکانە بەپلەی یەکەم وەك (گەنم, برنج) کەبەشێوەیەکی فراوان لەکیشوەری ئاسیا دەچێنرێت بەتایبەت (برنج) لەباشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا لە(یابان و چین) کەساڵانە دوو بۆ سێ جار دەچێنرێت, ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین نیوەی دانیشتوانی جیهان لەگوندەکاندا نیشتە جێن, بەشێوەیەك کەژیانیان پەیوەندە بەکشتوکاڵەوە, هەروەها چالاکی کشتوکاڵ بەکۆنترین چالاکی مرۆڤ دادەنرێت کەپشتی پێ دەبەسترێت بۆ دەست کەوتنی خواردنی سەرەتایی و هەتا دابین کردنی خۆراکی سەرەکی دانیشتوان و پاشان بەشداری کردنی لەچالاکیەکانی تردا.

## گرنگیەکەی

١- کشتوکاڵ یەکێکە لەچالاکیە کۆن و سەرەکیەکانی مرۆڤ کەبەردەوام پشتی پێ بەستووە بۆ دەستکەوتنی خۆراك لەڕابردوو و ئێستاو داهاتووشدا, کەسەرچاوەی خۆراکی سەرەکی و لاوەکی بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان دابین دەکات, هەربۆیە مرۆڤ لەڕێگەی کشتوکاڵەوە گەورەترین پێداویستی لەکەرەستەی خۆراکی دەست دەکەوێت, بۆ نمونە (برنج) کەخۆراکی سەرەکی ژیانی ملیۆنەها دانیشتوانی لەسەر گۆی زەوی پێوە بەندە, ئەم بەرهەمە بەخۆراکی سەرەکی دانیشتوانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا دادەنرێت, چونکە ئەم ناوچەیە گەورەترین ناوچەی جیهانە لەبەرهەم هێنانی برنجدا بەجۆرێك ڕێژەکەی دەگاتە (٩٠٪)ی بەرهەمی جیهان, لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی زۆری ژمارەی دانیشتوانی هەیە کەدەگاتە زیاتر لە(⅓)ی دانیشتوانی جیهان, لەگرنگترین ئەو دەوڵەتانەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا وەك (ڤێتنام, کەمبۆدیا, لاوس) کەساڵێکدا زیاتر لەجارێك دەیچێنن بەهۆی پێویستی دانیشتوان بۆ خۆراکی ئەم بەرهەمە گرنگە, چونکە هۆکارە سروشتیەکانی بڕی باران و بەرزی پلەی گەرمی گونجاوە بۆ بەرهەم هێنانی, وڵاتی چین بەگەورەترین بەرهەم هێنەری برنج دادەنرێت بەڕێژەی (٤٠٪) بەشداری بازرگانی جیهانی دەکات.

هەروەها بەرهەمێکی تری گرنگ کە خۆراکی سەرەکی دانیشتوانی جیهانە ئەویش بریتیە لەگەنم کەڕووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە لەسەر ئاستی بەرهەمە چێنراوەکانی دانەوێڵە لە جیهاندا, ئەم بەروبومە بەردەوام بایەخی زیاد دەکات, چونکە بەخۆراکی سەرەکی دانیشتوان دەژمێرێت لەجیهاندا و بەشداریەکی گەورە

له‌بازرگانی ده‌ره‌کیدا ده‌کات و به‌رهه‌مێکی بڵاوفراوانه له‌به‌رامبه‌ر به‌رهه‌مه‌کانی تری دانه‌وێڵه‌دا.

٢- چالاکی کشتوکاڵ به‌چالاکیه‌کی گرنگ و بایه‌خدار داده‌نرێت له‌ژیانی مرۆڤدا, چونکه به‌تاکه چالاکی مرۆڤ داده‌نرێت که‌رێژه‌یه‌کی زۆر کرێکار تێیدا کارده‌کات و به‌مه‌ش هه‌لی کار بۆ ژماره‌یه‌کی زۆر له‌کارکه‌ران ده‌ره‌خسێنێت که‌ژماره‌یان له‌به‌رامبه‌ر چالاکیه‌کانی تری وه‌ك (پیشه‌سازی, کانزاکاری ... هتد) زۆر زیاتره, بۆ نمونه له‌وڵاتی چین ژماره‌یه‌کی زۆر له‌دانیشتوان خه‌ریکی پیشه‌ی کشتوکاڵن که‌داهاتێکی زۆریان ده‌ست ده‌که‌وێت و لێیشی ده‌نێرنه ده‌ره‌وه بۆ بازرگانی جیهانی, ڕێژه‌ی کرێکارانی ئه‌م چالاکیه له‌کیشوه‌رێکه‌وه بۆ کیشوه‌رێکی تر جیاوازه, به‌جۆرێك له‌کیشوه‌ری ئاسیا ده‌گاته (٥٥٪) کارکه‌ر له‌بواری کشتوکاڵدا ئه‌مه‌ش به‌رزترین ڕێژه‌ی تۆمارکردووه له‌سه‌ر ئاستی کیشوه‌ره‌کانی جیهان, هه‌روه‌ها که‌مترین پله‌ش له‌کیشوه‌ری ئه‌مریکای باکوردا تۆمار کراوه که‌ده‌کاته (٩,٩٪), هه‌روه‌ها له‌وڵاتێکه‌وه بۆ وڵاتێکی تر جیاوازه له‌کاتێکدا له‌وڵاتی نه‌یجه‌ر به‌رزترین ئاستی تۆمار ده‌کات و ده‌گاته (٨٨,٩٪) , به‌ڵام له‌وڵاتی به‌ریتانیا که‌م ده‌کات بۆ (٢٪) به‌هۆی پێشکه‌وتنی چالاکی کشتوکاڵ و به‌کارهێنانی ئامێر به‌شێوه‌یه‌کی فراوان.

٣- به‌رهه‌مه کشتوکاڵیه جۆربه‌جۆره‌کان له‌ناوچه جیاوازه‌کانی سه‌ر ڕووی زه‌وی به‌شداریه‌کی گه‌وره له‌بازرگانیدا ده‌کات به‌تایبه‌ت له‌بازرگانی ده‌ره‌کی له‌نێوان کیشوه‌ره‌کان و ده‌وڵه‌ته جیاوازه‌کاندا, ئه‌مه‌ش زیاتر ئه‌و به‌روبومانه ده‌گرێته‌وه که‌گواستنه‌وه و به‌رهه‌م هێنانیان ئاسانه وه‌ك به‌روبومه‌کانی دانه‌وێڵه له‌گه‌نم و جۆ و برنج... هتد, که‌سه‌رچاوه‌ی داهاته بۆ زۆربه‌ی ده‌وڵه‌ته به‌رهه‌م هێنه‌ره‌کانی کشتوکاڵی, ئه‌مه‌ش به‌ڕوونی له‌ناوچه‌کانی باشوری ئاسیا ده‌رده‌که‌وێت له‌به‌رهه‌م هێنه‌کانی برنجدا به‌تایبه‌ت له چین و یابان .... هتد, که‌به‌شی خۆراکی خۆیان ده‌کات و به‌شێکی زۆریشی لێ ده‌نرێته‌وه ده‌ره‌وه بۆ بواری بازرگانی به‌خاڵێکی به‌هێزی بازرگانی ده‌ره‌کی داده‌نرێت له‌ئه‌و وڵاتانه‌دا که‌سه‌رچاوه‌ی ئابوری پێ به‌هێز ده‌که‌ن, هه‌روه‌ها به‌رهه‌م هێنانی گه‌نم له‌وڵاتانی کیشوه‌ری ئاسیادا هه‌یه (چین و هیند و پاکستان و عێراق و سوریا و سعودیه) به شێوه‌یه‌کی به‌رفراوان ده‌گرێت و دواتر به‌شداری بازرگانی ده‌ره‌کی ده‌کات له‌سه‌ر ئاستی جیهان که هیچی له‌سه‌رچاوه‌کانی تر که‌متر نیه بۆ بواری بازرگانی.

٤- به‌رهه‌مه جۆربه‌جۆره‌کانی کشتوکاڵ به‌شداریه‌کی گه‌وره ده‌کات له‌پیشه‌سازییه جیاوازه‌کان و به‌که‌ره‌سته‌یه‌کی بنه‌ڕه‌تی زۆربه‌ی پیشه‌سازیه‌کان داده‌نرێت که‌به‌هۆیانه‌وه چه‌ندین جۆر به‌رهه‌می پیشه‌سازی جیاوازمان ده‌ست ده‌که‌وێت و

بەشێکی زۆرمان بۆ خۆراکی دانیشتوان (پیشەسازیە خۆراکیەکان) ئەم جۆر کشتوکاڵە لەزۆر ولاّتانی جیهاندا بلاّوە، لەگرنگترین دەوڵەتانی بەرهەم هێنانی دەکەوێتە (تورکستان، ئۆزباگستان، قریغستان) کەزیاتر پشت بەئاو دەبەستێت و بەشداری دەکات لەپیشەسازیەکانی ڕستن و چینین. هەروەها بەشداری پیشەسازی خۆراکی دەکات و بەشێوەیەکی فراوان دەردەکەوێت لەولاّتانی (هیند و چین و سیلان) بەڕێژەی لە(١٧٪) لەکۆی بەرهەمی جیهانی، هەموو ئەم بەرهەمانە دەچنە بواری پیشەسازی خۆراکی.

٥- بەرهەم هێنانی میوەی جۆراوجۆر بۆ خواردن و بەکارهێنانەکانی تر گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە و بەردەوامیش ئەم بایەخەی زیاد دەکات بۆ نمونە بەرهەمی مۆز کە بەمیوەیەکی گرنگی و باش دادەنرێت لەڕووی تەندروستیەوەو خۆراکی زۆربەی دانیشتوانە، گرنگترین ئەو ولاّتانەی کەڵێ بەرهەم دەهێنرێت بریتیە لە(هیند، مەلاوی، تایوان، لوبنان، ئیکوادۆر) بەشی ناوخۆیان دەکات و هەندێکیشی لێ دەنێرن بۆ عێراق و سوریا، هەروەها خورما کەئاسیا بەسەرچاوەی بەرهەم هێنانی دادەنرێت و خۆراکێکی خۆشە و ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان حەز بەخواردنی دەکەن، جگە لەوەش سودێکی زۆر دەبەخشێت بەلاشەی مرۆڤ لەڕووی تەندروستیەوە.

٦- بەسەرچاوەیەکی خۆراکی ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ دادەنرێت و پشتی پێ دەبەستن بەتایبەت لەشێوازی ئاژەڵ لەوەڕاندن، کەئەمەش بلاّوبووتەوە لەڕووبەرێکی فراوانی جیهانی بەتایبەت لەهەردوو ئەمریکا و ئوسترالیا و نیوزلەندا کەمەبەستی سەرەکی بەخێوکردنی ئاژەڵ و دابین کردنی بڕێکی باش ئالیك و بەخێوکردنی ئاژەڵەکان و بەرهەم هێنانیان بەمەبەستی بازرگانی، ئەمەش گۆشت و پێست وخوری دەگرێتەوە کەبەشداری لە بازرگانیدا دەکات جگە لەوەش ئاژەڵی زیندوو، هەروەها چەندین بەروبومی کشتوکاڵی هەیە کەبۆ بەروبومی ئالیکیش بەکاردێت وەك گەنمەشامی و جۆ، هەروەها لەشێوازی کشتوکاڵی تێکەڵدا بەشێکی بۆ ئاژەڵداری و بەخێوکردنی ئاژەڵ بەکاردێت کەزیاتر پشت بەو بەهەرمە کشتوکاڵیانە دەبەستن و بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێت، ئەمەش لەکیشوەری ئەورووپا دەردەکەوێت لەئەوپەری خۆرئاوای بۆ ئەوپەڕی خۆرهەلاّتی، هەروەها لەکیشوەری ئەمریکای باکور هەر لەخۆرئاوای بەرزاییەکانی ئەپلاش تاوەکو خۆرهەلاّتی دەشتاییەکان درێژدەبێتەوە، هەروەها لەئەمریکای باشور لەباشوری بەرازیل و ناوەڕاستی ئەرجەنتین و شیلیدا دەردەکەوێت، هەروەها کشتوکاڵی تێکەڵ لەکیشوەری ئەفریقا دەکەوێتە نێوان یەکێتی باشوری ئەفریقاو زامبیا.

٧- کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵیە جۆربەجۆرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین

خاسیەتی گرنگی و بایەخداری هەبوو کەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لەڕێگەی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی دەتوانێت چارەسەری چەندین جۆر نەخۆشی بکەین بۆ نمونە خەستی خوێن چارەسەر دەکرێت بەسیر و سەوزە وەك کەرەوز کەسوود و گرنگی خۆی هەیە بۆ تەڕکردنەوەی خوێن، هەروەها مێژووی ڕەش کاریگەری هەیە لەسەر زۆربوونی خوێنی مرۆڤ .... هتد.

## ٤٨- لۆکە

لۆکە یان پەموو یەکێکە لەو بەرهەمە سەرەکیانەی کشتوکاڵ کەبەردەوام بایەخی زیاد دەکات کەمرۆڤ بە کشتوکاڵ کردنیەوە خەریك دەبێت و هێشتا پارێزگاری ئەو بایەخەی کردووە کەهەیەتی لەپیشەسازی بەروبوم و دەرهێنانی ڕۆنی ڕووەکیدا.

بەرهەم هێنانی لۆکە پێویستی بەباری گونجاوی ئاووهەوایە هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش گەشە بکات و بەرهەمی زۆربێت، بۆ کشتوکاڵ کردنی دەبێت پلەی گەرما لە(٢١) پلەی سەد زیاتربێت بۆ ماوەیەك کە لەپێنج مانگ کەمترنەبێت بەمەرجێك شان بەشانی وەرزی گەشە سەندنی بێت، ماوەیەك کە لە(٢٠٠) ڕۆژ کەمتر زوقمی تێدانەبێت، چونکە سپێتی و درێژی تاڵەکانی بەندە بەدرێژی وەرزی گەشەسەندنەوە، شان بەشانی ئەوەیش چەند کاتژمێرێك زیاتر تیشکی خۆر لێی دەدات و پێویستیشی بە(٥٠٠) ملم باران هەیە.



وێنەی ژمارە (٨) لۆکە

## گرنگیەکەی

١- لۆکە بەیەکێك لەهەرە بەروبومە گرنگەکانی پیشەسازی دادەنرێت و لەپیشەسازی ڕستن و چنینیدا لۆکە بەکاردێت، بەهۆی ئەم بەروبومەوە جل و بەرگ دروست کرێت لەم پیشەسازیانەدا، هەروەها دەنکەکەشی ڕۆنی لێ دەردەهێنرێت و لە پیشەسازی ڕۆنی ڕووەکی و سابوندا بەکاردێ کە ئەم بەرهەمە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو کەم بونەوەی چووەو لەناووچون بووەتەوە بەهۆی لە بارنەبوونی کەش و هەوا یان بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی یان بەهۆی

جێگرەوە سەرچاوەی تری لەشوێنی ئەمە لەپیشەسازیدا کە بەئاسان دەست دەکەوێت و بەرهەم دێت، ئەمەش بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ کەم بونەوەی ئەم بەرهەمە لەپیشەسازیدا، ئەم بەرهەمە لەزۆر وڵاتانی جیهاندا هەیە لەگرنگترین ناوچەکانی بەرهەم هێنانی لەکیشوەری ئاسیا بریتیە لەکۆماری (تورکستان و ئۆزباگستان و قریفستان و میصر) کەپشت بەئاودێری دەبەستێت، هەروەها وڵاتانی چین بەپلەی دووەم دێت بەرێژەی (٢٠٪) بەرهەمی جیهانی پێکهێناوە لەساڵی (١٩٨٧).

٢- لۆکە لەو بەرهەمانەیە کەبەرێژەیەکی زۆر بەشداری بازرگانی دەکات بەتایبەت لەو وڵاتانەی کەبەرهەم هێنی ئەم جۆرە بەروبومەن، بەمەش گرنگی هەمە جۆرەی ئابوری لێ دەکەوێتەوە و سودێکی باشی لێ دەست دەکەوێت لەبواری ئابوری کە لەرێگەی بازرگانی دەرەکیەوە دەست ئەو وڵاتە دەکەوێت کەبەرهەمی دەهێنێت، ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ بەرەو پیش چوونی وڵات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ نمونە وڵاتی پیرۆ بەوە ناسراوە کەبەناوبانگترین وڵاتی کیشوەری ئەمریکای باشورە لەبەرهەم هێنانی جۆرێك لەلۆکەی نایاب، هەروەها میصر لەدوای ئەوە دێت لەرووی نایابی جۆرەکەیەوە کەدەچێنرێت، ئەم وڵاتانە دەتوانن بەشێکی زۆری لێ بنێرنە دەرەوە لەرێگەی بازرگانی دەرەکیەوە، بەمەش داهاتی نەتەوەی پێ دەبوژێتەوە.

چاندنی لۆکە لەدۆڵی ڕووبارەکان و ئەو نزمایانەی کەدرێژبونەتەوە بەدرێژایی کەناراوەکانی زەریای هێمن بڵاودەبێتەوە، وشکی ئاووهەواکەی ڕۆڵێکی کاریگەری دەبینێ لەزاڵبوون بەسەر ئەو نەخۆشیانەی کە توشی لۆکە دەبن لەناوچە شێدارەکانی تردا بەتایبەت کرمی قۆزاغەی لۆکە، هەروەها بەرکەوتنی تیشکی خۆریش هۆیەکی گرنگە لەبەرهەم هێنانی جۆرێکی نایاب لەلۆکەی تاڵ درێژی سپی.

٣- پەموو جگە لەوەی بەکەرەستەیەکی پیشەسازی دادەنرێت و بەرێژەیەکی باش بەشداری پیشەسازییە جۆربەجۆرەکان دەکات، لەهەمان کاتیشدا بەشداری بازرگانی دەرەکی دەکات بەشێوەیەکی فراوان بەتایبەت لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستدا کەرێژەیەکی فراوانی لەبازرگانی جیهاندا داگیرکردبوو وەك لەخاڵەکانی پێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد کە چین لە ساڵی (١٩٨٧) بەهۆی ئەو بەرهەمە زۆرەی کە گەیشتە نزیکەی (٢٠٪)ی بەرهەمی جیهانی توانی بەشێوەیەکی فراوان لەبازرگانی دەرەکیدا بەکاری بێنێت وەك سەرچاوەیەکی ئابوری سودی لێ وەربگرێت.

٤- هەروەها لۆکە بەچەندین شێوە بۆ خۆراکی ئاژەڵ بەکاردێ چ بەتەڕی بێت یان بەوشکی بێت بەکاردێت، لاسکەکەی بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێت پاش تێکەڵ کردنی لەگەڵ جۆرێکی تر لەئالیك کە بەسەرچاوەیەکی باش دادەنرێت بۆ خۆراکی ئاژەڵ بەتایبەت لەو وەرزانەی کەتوانای خۆراك دەست کەوتنی گرانە بۆ ئاژەڵ وە وەرزی

زستان به‌هۆی باران و به‌فر و نزمی پله‌ی گه‌رمی، یان له‌گه‌ڵ هه‌ڵگرتنی به‌رهه‌مه‌که‌ی ڕاسته‌وخۆ به‌سه‌وزی به‌کاردێت و سودی لێ وه‌رده‌گیرێت وه‌ك ئه‌و چه‌ند ساڵه‌ی پێشوو که له‌هه‌رێمی کوردستان ده‌رده‌که‌وت به‌تایبه‌ت له‌کۆتاییه‌کانی سه‌ده‌ی بیستدا.

٥- هه‌روه‌ها له‌چه‌ندین وڵاتی دواکه‌وتوو به‌هۆی نه‌بوونی سه‌رچاوه‌ی سوته‌مه‌نی تری وه‌ك (نه‌وت، گاز، دار ... هتد) که‌به‌کارده‌هێنران بۆ سوته‌مه‌نی، ئه‌مه‌ش زیاتر ئه‌و وڵاتانه ده‌گرێته‌وه که له‌ڕووی ئابوریه‌وه دواکه‌وتن و به‌رنامه و پلانی داهاتوویان نیه یان به‌هۆی خستنه‌سه‌ر گه‌مارۆی ئابوری له‌لایه‌ن نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانه‌وه، وای کردووه له‌ناچاریدا ئه‌م سه‌رچاوه ساده‌یه به‌کاربێنن له‌سوته‌مه‌نیدا وه‌ك ئه‌وه‌ی که‌به‌سه‌ر کوردستاندا هات به‌تایبه‌ت گوند نشینه‌کان له‌کۆتایه‌کانی سه‌ده‌ی ڕابردوو به‌تایبه‌ت له‌ساڵه‌کانی (١٩٩٠- ١٩٩٩)، بۆیه به‌هۆی نه‌بوونی سه‌رچاوه‌کانی تره‌وه دانیشتوانی گونده‌کان ناچار بوون پاشه‌که‌وتی بکه‌ن بۆ وه‌رزی زستان و دواتر به‌کارهێنانی له‌و وه‌رزه‌دا بۆ خۆ گه‌رم کردنه‌وه‌و چێشت لێنان و به‌کارهێنانه‌کانی تری ڕۆژانه.



نه‌خشه‌ی ژماره (١٩) به‌روبومه کشتوکاڵیه پیشه‌سازیه‌کانی له جیهاندا (لۆکه)

## ٤٩- گواستنه‌وه

گواستنه‌وه یه‌کێکه له‌کرداره کۆنه‌کانی مرۆڤ که‌ئه‌نجامی داوه بۆ گه‌یاندن و ده‌ست که‌وتنی پێداویستی یه‌کانی جائیتر ئه‌مه به‌هه‌ر ڕێگایه‌کی گواستنه‌وه (وشکانی و ئاوی و ئاسمانی) بێت، گواستنه‌وه ڕۆڵێکی دیارو گرنگی هه‌یه له‌سه‌ر ژیانی مرۆڤایه‌تی و به‌رده‌وامیش گرنگی زیاد ده‌کات و به‌سه‌رچاوه‌یه‌کی گرنگی په‌یوه‌ندی کردن داده‌نرێت له‌نێوان ده‌وڵه‌تان و ناوچه جیاوازه‌کانی یه‌ك ده‌وڵه‌ت، سه‌ره‌تا به‌ڕێگای وشکانی ده‌ست پێ ده‌که‌ین ئه‌ویش گواستنه‌وه بوو به‌هۆی گیانله‌به‌ره باربه‌ره‌کان (گوێدرێژ، ئه‌سپ، ئێستر)، پاشان ئه‌م ڕێگایه به‌ره‌و پێش چوو و هۆکاره‌کانی تری گواستنه‌وه هاته‌کایه‌وه وه‌ك (ئۆتۆمبێل، شه‌مه‌نده‌فه‌ر) گۆڕانکاریان له‌گواستنه‌وه‌ی وشکانیدا کردوو به‌شێوه‌یه‌کی باش به‌ره‌و پێشه‌وه ڕۆشتووه، چونکه

ڕێژەیەکی زیاتری شمەك و پێداویستی یەکانی هەڵدەگرت و بەماوەیەکی کەم دەگەیشتە شوێنی بەکارهێنانی وەك هێڵی ئاسن لەیابان کەنزیکەی (٢٥- ٣٠) هەزار کیلۆمەتر ئاستی تێدایە ئەم ڕێگایانە بەخێرایی زۆرو توانای خزمەتگوزاری بەرز ناسراوە لەوڵاتدا, هەروەها هێڵی ئاسنی بەناوبانگی سیبریای گەورەیە لەکیشوەری ئاسیا کەشاری (لینگراد)ی ڕۆژئاوا دەگەیەنێت و لەبەندەری (فیلادڤسك) کۆتای دێت. درێژییەکەشی (٨٩٦٠) کیلۆمەتر خزمەتی چەند شارێك دەکات وەك (قازان و ئاومسك) هەروەها خزمەتی هەندێ لەئۆردوگاکانی سیبریا دەکات

دواتر گواستنەوەی ئاوی ئەویش لەڕێگەی (ڕووبار و دەریا و زەریاکان و بەندەرەکان و گەرووەکان ... هتد) کە بەگواستنەوەی ئاوی دادەنرێت, هەر زوو لەعێراقدا ئەم ڕێگەیە بەکارهاتووە بۆ گواستنەوەی شتومەك و پێداویتسیەکانیان. هەروەها بۆ یەکەم جار کەشتی هەڵمی لەبەریتانیا بەکارهێنرا, ئەم ڕێگایە لەماوەیەکی کەمدا بەرەو پێش چوون و گۆڕانکاریەکی تەواوی بەخۆیەوە بینی بەهۆی گواستنەوەوە, چونکە ڕێگەی ئاوی چەندین خەسڵەتی جیاوازی هەیە کە لەڕێگاکانی تری گواستنەوە جیادەکرێتەوە, چونکە دەتوانێت بڕێکی زۆر شتومەك هەڵبگرێت و بەئاسانی ئاراستەکەی بگۆڕێت و لەگەڵ هەندێ خاسیەتی تر, وەك ڕوبارەکانی (یانگستی, هوانگهو, سند و گەنج) کە بەگرنگترین ڕوبارەکانی ئاسیا دادەنرێت بۆ گواستنەوەو کەشتیوانی و زۆربەیان لەگواستنەوەی شمەك و کەرەستی خاو و بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و پیشەسازییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

هەروەها ڕێگەی ئاسمانی کە بەڕێگەیەکی تازە دادەنرێت لەبەرامبەر دوو ڕێگەکەی پێشوودا بۆ مەبەستی گواستنەوەی شتومەك و بارە قورسەکانی بازرگانی, ئەم ڕێگەیە گۆڕانکاریەکی گەورە و فراوانی لەبواری گواستنەوەدا هێنایەکایەوە توانرا بەماوەیەکی زۆرکەمتر و خێراتر بڕێکی زۆر شمەك و پێداویستی لەڕێگەوە بگوازرێتەوە کەئەمەش جیاوازی زۆرە لەبەرامبەر ڕێگاکانی تری گواستنەوە, وەك گواستنەوەی فراوانی نێوان و شاری (دوبە)ی ئیمارات و وڵاتانی ئەوروپا, یان گواستنەوەی هەوای فراوانی (لەندەن)ی بەریتانیا بۆ وڵاتە جیاوازەکانی جیهان, بەپێی تازەترین هەواڵ ڕۆژانە نزیکەی (٣٠٠) فرۆکە هاتووچۆ دەکات لەم فرۆکەخانەیەدا.

لەخوارەوە باسی جۆرەکانی گواستنەوە دەکەین کەبریتیە لە:

١- گواستنەوەی وشکانی:

أ- ئۆتۆمبێل.

ب- شەمەندەفەر.

ج- بۆری.

٢- گواستنەوەی ئاوی:

ا- دەریایی.

ب- ڕووباریی.

ج- بۆری.

٣- گواستنەوەی ئاسمانی:

ا- فڕۆکە.


ب- کەشتیە ئاسمانیەکان.

لەم خشتەی خوارەوە زانیاری زیاتر لەسەر ڕێگاکانی گواستنەوە و جۆرەکانی دەبینین.

خشتەی ژمارە (١٥)

سیفەتەکانی گواستنەوە و جۆرەکانیان

| ئاوی | وشکانی | ئاسمانی |
|---|---|---|
| سێ جۆر دەگرێتەوە ئەوانیش: ڕووباری و دەریای و زەریای. | سێ جۆر دەگرێتەوە ئەوانیش: بارهەڵگرەکان، ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر. | دوو جۆر دەگرێتەوە ئەوانیش: فڕۆکە و کەشتیە ئاسمانیەکان. |
| هەڵگرتنی بارێکی زۆر لە بەرامبەر ڕێگاکانی تردا کە بە هەزاران تەن ئەژماردەکرێت. | بارێکی کەم هەڵدەگرێت لە بەرامبەر لە دوو ڕێگاکەی تردا. | بارەکەی لە وشکانی زیاترە و لە ئاوی کەمترە. |
| بە هەرزانترین ڕێگاکانی گواستنەوە دادەنرێت. | بڕی تێچونی کەمترە لە ڕێگای ئاسمانی. | بڕی تێچوونی گواستنەوەی زۆری دەوێت. |
| ماوەیەکی زۆری دەوێت لە گواستنەوەدا. | ماوەی گواستنەوەی کەمترە لە ڕێگای ئاوی. | بە خێراترین گواستنەوە دادەنرێت. |
| بڕی تێچونی کەمە، چونکە ڕێگایی ئاوی هیچ جۆرە باج و سەرانەیەکی لەسەر دانانرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاسانی دەتوانیت ئاراستەکەی بگۆڕیت. | بڕی تێچونی زۆری دەوێت لە بەرامبەر ڕێگای ئاوی، هەروەها لە بەرامبەر ڕێگای هەوایدا تێچونی کەمترە. | خەرجیەکی زۆری دەوێت ئەویش لە ڕێگەی باج و سەرانەی ئەو فڕۆکانەی کە بە وڵاتاندا تێدەپەڕێت |
| وەك گواستنەوەی نێودەوڵەتی نێوان ڕۆژئاوای بەریتانیا و ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا لە ڕێگەی زەریایی ئەتڵەسیەوە. | وەك ڕێگای گواستنەوەی کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە سوریا و لوبنان بە کەنداو دەبەستێتەوە کە بەعێراقدا تێ دەپەڕێ. | وەك ڕێگای گواستنەوەی هەوایی نێوان لەندەن و وڵاتە جیاوازەکان. |



وێنەی ژمارە (٩) گواستنەوە لە ڕێگەی ئاوەوە

## گرنگیەکەی

١- گواستنەوە ڕۆڵێکی دیار و گرنگی هەیە لەکرداری دوبارە دروست کردنەوەی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە, لەڕووی ئابوریەوە لەگەڵ دەرکەوتنی بازرگانی دەرەکی گواستنەوە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەپڕکردنەوەی لایەنی ئابوری دەوڵەت و پڕکردنەوەی کەم و کورتیەکان, بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کەدەکەونە ڕێڕەوە ئاویە گرنگەکەکانی جیهان وەك دەریاو زەریاکان و ڕوبارەکان, کە بێ گومان لەڕێگەی بازرگانیەوە سودو قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوێت, چونکە گواستنەوەو بازرگانی و دوو خاڵی گرنگی تەواوکاری یەکتری دادەنرێت بەجۆرێك نەبازرگانی بێ گواستنەوە دەبێت و نەگواستنەوە بێ بازرگانی گرنگی خۆی دەدۆزێتەوە, بۆ نمونە وڵاتانی عەرەبی لەڕێگەی بازرگانی دەرەکیەوە نەوت بەبۆری دەگوازێتەوە بۆ سەر دەریای ناوەڕاست و دەریای سور داهاتێکی ئابوری باشیان دەست دەکەوێت بەتایبەت لەدوای بەرزبونەوەی نرخی نەوت.

٢- گواستنەوە بەگرنگترین چالاکی ئابوری دادەنرێت لەم سەدەدا کەکاردەکاتە سەر ئابوری نەتەوە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین پەیوەندی ئابوری نەتەوە بەم شێوەی دیاری بکەین.

ا- گواستنەوە بنەمایەکی بەرهەم هێنانە کەدەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی توانای کارکردن بۆ بەرهەم هێنان.

ب- گواستنەوە هۆیەکە بۆ گواستنەوەی هێزی کارو بەکاربردنی گرنگی هۆیەکانی بەرهەم هێنان کە لەناوەندە جیاو تازەکانی گواستنەوەدا بەدی دەکرێت.

ج- گواستنەوە بەکۆڵەکەی پیشەسازی دادەنرێت چونکە شمەکی تەواو دروست کراو هیچ بەهایەکی نابێت تانەگاتە بەکاربەران.

٣- هەروەها گواستنەوە کاریگەری هەیە لەسەر باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کەدەکەونە ڕێگا سەرەکیە جۆربەجۆرەکانی جیهانەوە، وەك ڕێگای ئاوی چونکە بەڕێگایەکی هەرزان و ئاسان و زۆر قەرەباڵغ دادەنرێت لەبەرامبەر ڕێگاکانی تری گواستنەوەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بڕێکی زۆر لەکەلوپەل و شتومەك و لێ دەگوازرێتەوە بۆ ناوچەیەکی دوورە دەست، ئەم خاسیەتانەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وەك ئەوەی لەشاری (بەصرە) لەعێراقدا دەبینرێت بەوەی کەدانیشتوانی ئەم شارە زیاتر ڕوشنبیرترن لەناوچەکانی تری ئەوەش بەهۆی گواستنەوەی ئاوی لەڕێگەی کەنداوی عەرەبییەوە کەگەشتیار و بازرگانێکی زۆری جیهان ڕودەکەنە ئەم ناوچەیە، بەمەش تێکەڵی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەدا ڕودەدات و وادەکات ڕۆشنبیریەکی جیهانی وەربگریت، بەڵام لەناوچەکانی تری عێراق وانیە چونکە ناکەوێتە سەر هیچ ڕێگایەکی سەرەکی.

٤- گواستنەوەی بەرهەمە جۆربەجۆرەکان و دەست کەوتنیان بەشێوەیەکی ئاسان لەڕێگەی گواستنەوەوە بەتایبەت گواستنەوەی ئاوی کەبۆ گواستنەوەی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتیەکان و گازی سروشتی و کەرەستە کانزاییەکان و بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و ڕووەکی و ئاژەڵی یەکان و پیشەسازیەکان بەکاردێت بەتایبەت دوای زیادبوونی بەرهەمی وڵاتان، هەروەها بەهۆی گواستنەوەوە دەتوانین بەئاسانی کەرەستە سروشتیەکان پێش بخەین لەهەرشوێنێکدابێت یان لەهەر جۆرێك بێت بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانی وەك پیشەسازی و کانزاکاری .... هتد، کە بەخاڵی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ ئەم چالاکیانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕو جۆری بەرهەمەکە، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر فراوان بوونی بازاڕی ناوخۆی و دەست کەوتنی هەل و کار و گەرم بوونی بازاڕ لەڕووی زۆری ئیش و کارو فراوان بوونی خواستی خستنە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا فراوان بوون و زیادبوونی زۆری شمەکەکان هەرزانی بەدوادا دێت وەك زنجیرەك، وەك گواستنەوەی بەرهەمە جۆراجۆرەکانی ئەمریکا بۆ ڕۆژئاوای ئەوروپا لەڕێگەی گواستنەوەی ئاوی زەریای ئەتڵەسی کە بەناوبانگترین ناوچەی بازرگانی جیهان دادەنرێت و بڕێکی زۆری بازرگانی لەم ڕێگە ئاویەوە دەکرێت.

٥- گواستنەوە بەخاڵێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ پەیوەندی کردنی مرۆڤەکان لەوڵاتە جیاوازەکان، بەشێوەیەکی زۆر ئاسان و لەماوەیەکی کورتدا لەهەر ڕێگەیەکی گواستنەوەوە بێت، بۆیە بەئاسانی دەتوانێت پەیوەندی بکەین بەوڵاتانی دەرەوەو

لەڕێگەیەوە چەندین پەیوەندی جۆراوجۆر ببەستێن کەهۆکارە بۆ بەرەو پێش چوونی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ولات, بەهۆی گواستنەوەوە لەهەندێ ولاتدا دەتوانێت بەئاسانی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە دەکرێت, وەك ولاتی ژاپۆن لەکیشوەری ئاسیا بەهۆی گواستنەوەی دەرەکی دەتوانێت پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە بکات, ئەویش لەڕێگەی بەندەرەکانی لەسەر کەناری ڕۆژهەلاتی زەریای هێمن درێژدەبێتەوە گرنگترینیان (یۆکۆهاما)یە پاشان بەندەری (یوکوزوگۆ) و (وی) و (توکوشیما) لەدورگەی (شیکۆگۆ), هەروەها بەندەری (ناکازاکی) لەدورگەی (کیۆشۆ) کەدەتوانێت لەڕێگەی ئەم بەندەرانەوە پاشان لەوێشەوە بۆ ڕێڕە دەریاکان و دواتریش پەیوەندی کردنی بەجیهانی دەرەوە لەڕێگەی ئالوگۆڕی بازرگانی و شتومەك و هاتوچۆی خەلك و گەشتیاران.

٦- ڕێگای گواستنەوە جۆربەجۆرەکانی (ئاوی, هەوای, وشکانی) بەهۆیەکی گرنگ دادەنرێت لەدیاری کردنی توانای بەرهەم هێنانی کانزا لەڕووی ئابورییەوە, چونکە هەندێك کانزا کێشیان قورسە و قەبارەیان گەورەیە و کەم بایەخن بەگوێرەی کێش و قەبارەیان و هەروەها زۆربەی کانزا فلزییەکان لەکاتی پیشەسازیاندا کێشیان گەلێك کەم دەبێتەوە, ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەزۆر مادەی خاو بگوێزرێتەوە بۆ دەست هێنانی فلزێکی کەم, لەبەرئەوە هۆی گواستنەوە دەورێکی بالا لەم ڕووەوە دەبینێ.

بوونی هۆی گواستنەوەی هەرزان و ئاسان بەتایبەتی گواستنەوەی ئاوی هانی وەبەرهێنانی کانزاکە دەدات و لەوانەیە وەبەرهێنانی بەڕادەی ئاسانی گواستنەوەی خاوەکەیەوە بەندبێت, بۆ نمونە وەبەرهێنانی کانەکانی خەلوزی مەنشوریا بۆ ماوەیەکی زۆر خرانە پشت گوێ لەبەر گواستنەوەی خەلوزەکە بۆ شوێنی بەکاربردنی زۆری تێ دەچوو, هەروەها هەمان شتیش ڕاستە بۆ ئاسن لەبەرازیل کەتەنیا پێش چەند سالێك دەست کراوە بە بەرهەم هێنانی.

٧- ڕێگاکانی گواستنەوە هۆکارێکی بنەڕەتیە بۆ بەرهەم هێنانی نەوت و بەکاربردنی بۆ ناوچەی پالاوتن, چونکە ئەگەر ڕێگەی گواستنەوە نەبێت ئەوا نەبەرهەم دێت و نەبەکاریش دێت, بۆیە نەوت لەکاتی دەرهێنان و گواستنەوە بۆ شوێنی بەکارهێنانی پێویستی بەچەندین ڕێگای گواستنەوە هەیە وەك گواستنەوە بەبەهۆی (بۆری و پاپۆڕ و ئۆتۆمبیل), کرداری گواستنەوەی نەوت لەکانەکانەوە بۆ ناوچەی بەکاربردن یاخود پالاوتنی ئاسان دێتە دەست, گواستنەوەی لولەکەشی بۆ گواستنەوەی نەوت سەرمایەکی زۆری دەوێت, بەلام لەڕووی ئابوریەوە پارەو دەرامەتێکی زۆر بۆ ولات گل دەداتەوە, بۆ نمونە گواستنەوە بەهۆی لولەوە کەلەسەر وشکانی زۆر باوەو هەرزانترین هۆیشە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەلْ هۆیەکانی تردا.

به‌کارهێنانی لوله کێشی بۆ گواستنه‌وه‌ی نه‌وت سه‌رمایه‌کی زۆری ده‌وێت, به‌ڵام وه‌ك پێشتر باسمان کرد له‌ڕوی ئابوریه‌وه پاره‌و ده‌رامه‌تێکی زۆر بۆ وڵات گل ده‌داته‌وه, وه‌ك گواستنه‌وه‌ی نه‌وتی عێراق له‌ڕێگه‌ی بۆرییه‌وه بۆ بانیاس و ته‌رابلوس له‌سه‌ر ده‌ریای ناوه‌ڕاست.

٧- به‌شێوه‌یه‌کی گشتی پیشه‌سازی ئه‌و شوێنانه بۆ خۆی هه‌ڵده‌بژێرێت که‌هاتوچۆیان تێدا ئاسان و هه‌رزانه, وه‌ك به‌نده‌ره‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکاو ڕۆژئاوای ئه‌وروپاو ژاپۆن.

هه‌روه‌ها ڕێگه‌ی گواستنه‌وه یارمه‌تی دامه‌زراندنی پیشه‌سازی نوێ ده‌دات به‌ده‌رگا کردنه‌وه به‌ره‌و سه‌رچاوه‌کانی مادده‌ی سه‌ره‌تایی یاخود به‌ره‌و سه‌رچاوه‌کانی وزه یاخود بازاڕ, بۆ نمونه زۆربه‌ی گه‌شه‌کردنی پیشه‌سازی له‌سیبریادا به‌نده به‌ڕاکێشانی ئه‌و هێڵه ئاسنه‌ی پێیدا تێ په‌ڕده‌بێ.

هه‌روه‌ها ده‌ریاچه گه‌وره‌کان وه‌ك ڕێگایه‌کی ئاوی ده‌ورێکی گه‌وره‌یان هه‌بوو له‌دامه‌زراندنی مه‌ڵبه‌نده پیشه‌سازییه‌کان له‌وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا و که‌نه‌دا.

٨- هه‌روه‌ها گواستنه‌وه‌و چالاکیه جۆربه‌جۆره‌کانی لایه‌نی سه‌ربازی په‌یوه‌ندیه‌کی به‌هێز هه‌یه له‌نێوانیاندا, چونکه له‌کاتی هێرش کرندابێت یان له‌کاتی به‌رگری کردندا بێت پێویستیان به‌ڕێگای ئاسان هه‌یه بۆ گواستنه‌وه‌ی چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نی یان بۆ گواستنه‌وه‌ی سه‌ربازی له‌هه‌ردوو باره‌که‌دا, ئه‌گه‌ر ڕێگاکه ئاسان بوو ئه‌وا که‌ره‌سته‌کانی جه‌نگ وه‌ك زرێپۆشه‌کان و تۆپ و ... هتد, به‌ئاسانی ده‌گوازرێته‌وه و له‌ده‌ستی دوژمن ده‌ربازی ده‌بێت ئه‌گه‌ر هاتوو شکست بوون, به‌ڵام به‌هۆی پێش که‌وتنی ته‌کنه‌لۆجیای جه‌نگه‌وه له‌کاتی ئێستادا ئه‌م کاریگه‌ریه که‌م بۆته‌وه, ئه‌ویش له‌به‌رئه‌وه‌یه ئێستا ده‌وری سه‌ره‌کی بریتیه له‌موشکی دورهاوێژ و فرۆکه که له‌ماوه‌یه‌کی که‌مدا ئامانجه‌کانیان ده‌پێکن, لێره‌شدا ده‌رده‌که‌وێت هۆکاری گواستنه‌وه‌ی ئاسمانی له‌کۆن و ئێستا و داهاتوشدا ده‌ورێکی سه‌ره‌کی ده‌بێت له‌جه‌نگ و ململانێکان و ده‌وڵه‌تانیش به‌رده‌وام هه‌وڵی به‌هێزبوونی ئه‌م هێڵه ده‌دات, چونکه به‌هۆی ئه‌م ڕێگه‌یه‌وه له‌ماوه‌یه‌کی که‌مدا ئامانجی خۆی ده‌پێکێت.

٩- هاتوچۆ و گواستنه‌وه کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر دیاری کردنی نرخی شتومه‌ك و پێداویستی یه‌کانی تر, چونکه ئه‌گه‌ر ڕێگه‌ی گواستنه‌وه جۆربه‌جۆره‌کان (وشکانی, ئاوی, ئاسمانی) توشی گرفت بوون ئه‌وا نرخی شتومه‌کیش به‌هه‌مان شێوه توشی به‌رزبونه‌وه ده‌بن, به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌کی ئاسایی بوو ئه‌وا نرخه‌کانی وه‌ك خۆیان ده‌مێنێته‌وه, بۆیه بازرگانه‌کان کرێی گواستنه‌وه ڕاسته‌خۆ له‌سه‌ر شتومه‌ك و کاڵاکان داده‌نێن, به هه‌رکۆسپێك له‌ڕێگه‌ی گواستنه‌وه‌ی شتومه‌که‌کان هه‌تا به‌رزده‌بێته‌وه بۆ

نمونە گواستنەوەی مۆز لەئیکوادۆر لەکیشوەری ئەمریکای باشور بۆ بازارەکانی جیهان کەمی تیٚ دەچیٚت بەهۆی ئاسانی و هەرزانی ڕیٚگای گواستنەوەی ئاوی هەرزان لەنیٚوان ئەم وڵاتەوە بۆ بازاڕە گەورەکانی جیهان کەزەریای ئەتڵەسی سەرچاوەی ئەم بازرگانیە, بۆیە نرخی مۆز لەبازاڕەکانی جیهاندا زۆر گونجاو لەبارە, بەڵام بەهەر کۆسپیٚك ئیتر ئەو کۆسپە سروشتی بن یان مرۆیی کەتوشی ئەم ڕیٚگایە دەبیٚت وادەکات نرخی موز لەبازاڕەکانی جیهاندا بەرزبیٚتەوە, چونکە گواستنەوەی گران و نارەحەت دەبیٚت, بەمەش نرخی زیاتری دەویٚت و دواتر نرخەکەی بەرزدەبیٚتەوە, هەروەها گواستنەوەی ئۆتۆمبیٚل بۆ هەریٚمی کوردستان لەئیٚستادا توشی گرفتی گواستنەوە بووە بەهۆی شەڕی ناخۆی سوریاوە, بەمەش ڕیٚگای گواستنەوە تەگەری تیٚ کەوتووە, بۆیە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەرزبونەوەی نرخی ئۆتۆمبیٚل لەهەریٚمی کوردستان, کەواتە دەردەکەویٚت هاتوچۆ و گواستنەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر نرخی شتومەك و کاڵاکان.

## ٥٠- نەخشە

نەخشە هۆیەکی بەچاو بینراوی فیٚرکردنە کەبەهۆی ویٚنە و هیٚماکانی ناوییەوە هەموو دیاردە سروشتیەکان و مرۆییەکانی سەر ڕووی زەوی بەئاسانی دەخویٚنیٚتەوە و شارەزایان دەبین, لەبەرئەوەی چاوی مرۆڤ تەنها مەودایەکی دیاری کراو دەبینیٚت, کەواتە پیٚویستی بە نەخشەیە بۆ ئەوەی ڕووبەریٚکی گەورەتر شارەزابیٚت و ببینیٚت, چونکە نەخشە دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی بە بچوککراوەی نیشان دەدات, پیٚش کەوتنی نەخشە کیٚشان و پەرەسەندنی ئامرازەکانی نەخشە کیٚشان خودی نەخشەکانی زیاتر ڕوون کردۆتەوە و هۆی زانین و فیٚرکردنی ناویانیش چڕتر کرد, نەخشە وای لیٚ هات کەبتوانیٚت پەیوەندی نیٚوان دیاردە جۆربەجۆرەکانی جوگرافیایی بخاتە بەرچاو, بۆیە نەخشە لەهەموو لیٚکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مەرامی تری ئاشتی و جەنگیش بایەخی دوو ئەوەندە زیاد دەکات.

جۆرەکانی نەخشە:

١- نەخشەی سروشتی.

٢- نەخشەی مرۆیی.

١- گرنگترین نەخشەی سروشتی بریتیە لە:

أ- نەخشەی بەرزونزمی.

ب- نەخشەی ئاووهەوا.

ج- نەخشەی دەریا و زەریاکان.

د- نەخشەی زیندەوانیەکان.

٢- گرنگترین نەخشەی مرۆیی بریتیە لە:
أ- نەخشەی دابەش کردنی ئابوری.
ب- نەخشەی دانیشتوان.
ج- نەخشەی سیاسی.
د- نەخشەی گواستنەوە و گەیاندن.

## گرنگیەکەی

١- نەخشە بەخاڵێکی بنەڕەتی و گرنگ دادەنرێت بۆ دیاری کردنی سنور و جیاکردنەوەی ناوچەیەك لەناوچەیەکی تر یان جیاکردنەوەی وڵاتێك لەوڵاتێکی تر, چونکە دیاری کردنی سنوری سیاسی یان ئابوری کێشەی زۆری لێ دەکەوێتەوە ئەگەر پشت بە نەخشە نە بەسترێت بۆ دیاری کردنی, هەر لەسەردەمانی زووەوە کاتێك کەنەخشە قوڕی لەسەر ئاگر سورکراوەتەوەو چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا لەمیسردا دروست کراوە, لەو سەردەمەدا خاوەن زەویەکان نیشانەیان بۆ سنوری زەوییەکانیان دادەنا لە هەمان کاتیشدا پاشاکانیش بۆ دیاری کردنی سنوری دەسەڵاتی خۆیان پشتیان بەنەخشە دەبەستێ بۆ زانینی سنوریان, ئەم کێشە لەسەر سنوری سیاسی بەرەو کەم بونەوە چووە لەم چەند ساڵەی پێشوودا, چونکە سنووره سیاسیەکان بەهۆی ئەوەی لەسەر نەخشە دیاری کراوە کێشەکەی کەم بۆتەوە تەنها چەند وڵاتێك نەبێت وەك هەرێمی کوردستان و عێراقی عەرەبی, هەروەها فەلەستین و ئیسرائیل ... هتد, کەواتە نەخشە خاڵێکی بنەڕەتیە بۆ چەسپاندنی سنوری سیاسی هەر دەوڵەتێك و گەلێك و مافی تەواویان هەیە لەسەر ئەو خاکە بەسەربەخۆی بژین.

٢- نەخشەکان کەبازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی لەخۆ گرتووە لەڕێگەیەوە دەتوانێت بەئاسانی ئاووهەوای گۆی زەوی دیاری بکەین لەهەر ناوچەیەك بتەوێت بێ ئەوەی بڕۆین توێژینەوەو گەڕانی زۆر و بەردەوامی بەدوادا بکەین, بەجۆرێك تەنها بەسەیرکردنێك دەتوانێت ئاووهەوای ئەو ناوچەیە دیاری بکەین کەدەتەوێت لەسەر گۆی زەوی, بۆ نمونە ئەو ناوچانەی کەدەکەونە سەر هێڵی سفر کەناسراوە بەهێڵی (کەمەرەیی) یەکسانی بەشێوەیەکی گشتی پلەی گەرمی تێدا بەرزەو باران بەدرێژای ساڵ دەبارێت وەك وڵاتانی ئیکوادۆرو بەرازیل لە ئەمریکای باشور, کینیاو کۆنگۆ لە ئەفریقا, ئەندەنوسیا لەئاسیا, هەروەها بەسەیرکردنی نەخشەکە دەتوانین ڕاستەوخۆ

دوو ناوچەی فێنك لەسەر گۆی زەوی دیاری بکەین ئەوانیش ناوچەی فێنکی باکور کەدەکەوێتە نێوان خولگەی قرژاڵ و بازنەی جەمسەری باکور واتە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٢٣,٥– ٦٦,٥) باکور, باشوریش بەهەمان شێوە ناوچەی فێنکی باشور دەکەوێتە نێوان خولگەی قرژاڵ و بازنەی جەمسەری باشورەوە, واتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٢٣,٥– ٦٦,٥) باشور, هەروەها دیاری کردنی دوو ناوچەی ساردی باکور کە لەبازنەی پانی (٦٦,٥) دەست پێ دەکات بۆ (٩٠) لەباکور, ناوچەی ساردی باشوریش بەهەمان شێوە لە(٦٦,٥)ی باشورەوە دەست پێ دەکات بۆ (٩٠) لەباکور, کەواتە دەردەکەوێت بەسەیرکردنی نەخشە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەبتوانێت جۆری ئاووهەواکانی وڵاتان دیاری بکەین.

٣- هەروەها لەڕێگەی ئەم هێڵانەوە کە لەسەر نەخشە کێشراون دەتوانین بەئاسانی کاتەکان لەسەر زەوی دیاری بکەین ئەویش لەڕێگەی هێڵی درێژی بەناوبانگی گرینج کەکاتژمێری جیهانی ناوبانگی دەرکردووە, هەروەها کاتژمێری بەناوبانگی مەکەی موکەڕەمە لەسعودییە کە کراون بەدوو خاڵی بنەڕەتی بۆ دیاری کردنی کاتژمێرەکان لەسەر گۆی زەوی و دووری هەر هێڵێك بۆ هێڵێکی تریش بە(٤) خولەك دانراوە, بەمەش ئەو وڵاتانەی کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی لەکاتدا لە پێشترن, بۆ نمونە ئەگەر لەبغداد کاتژمێر (١٢) بێت ئەوا لەلەندەن کاتژمێر (٩)یە واتە (٣) کاتژمێر جیاوازیانەو بەریتانیا لەدواوەیە, چونکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای جیهانەوە لەبەرامبەر بغداد, بەڵام عێراق نیو کاتژمێر لەدوای ئێرانەوەیە بۆ نمونە ئەگەر لەئێران (١٢,٣٠) بێت ئەوا لەعێراق (١٢,٠٠)ە, چونکە ئێران دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی جیهانەوە بەوەش زوتر خۆری لێ هەڵدێت, کەواتە بەسەیرکردنی هێڵی درێژی لەسەر نەخشە دەتوانێت کاتەکان دیاری بکەین و جیاوازییەکانیش لەوڵاتانێك بۆ وڵاتێکی دیاری بکەین کە لەچەند بواری چالاکی مرۆڤدا دەورێکی سەرەکی و گرنگی هەیە و کات سەرچاوەیە بۆ پلان دارێژی و پێش کەوتنی وڵات.

٤- هەروەها بەهۆی نەخشەوە فڕۆکەوانەکان دەتوانن بەئاسانی ئاراستەو ماوەی خۆیان بگۆڕن و دیاری بکەن, لەگەڵ ئەوەشدا دیاری کردنی ئەو هێڵانەی کەپێیاندا دەڕۆن بەبێ لادان, چونکە بەلادانی سەرپێچیەوە پێچەوانەوە یاسای نێودەوڵەتیە و بەشکاندنی یاساکە تۆمەت باردەکرێت, چونکە هەموو وڵاتێك سنوری ئاسمانی دیاری کراوی خۆی هەیە, فڕۆکەوانەکان لەڕێگەی دیاری کردنی نەخشەوە دەتوانن بەهەزارەها کیلۆمەتر بەئاسماندا بڕن بێ ئەوەی توشی هیچ گرفتێك ببێت, چونکە نەخشە وەك بەرچاو ڕوونیەك بەکاردێت بۆ ئەوەی گەشتەکەی پێ تەواو بکەن, لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی گەشتەکەشت بۆ دیاری دەکات کە چەند کیلۆمەترە لەنێوان ئەو

ولآتانەدا بەشێوەیەك (١سانتیمەتر) لەسەر نەخشە بەرامبەرە بە (١كیلۆمەتر) لەسەر زەوی لەرێگەی ئەمەوە دەتوانێت ماوەی فڕینی دیاری بكات.

٥- هەروەها بۆ دیاری كردنی ئاراستە كەنەخشە بنچینەی سەرەكیە بۆ دیاری كردنی ئاراستەكانی(باكور, باشور, ڕۆژئاوا, ڕۆژهەلآت) كە لەچەندین بواری جیاوازدا سودی لێ وەردەگیرێت, ئاراستە یەكێكە لەو كەرەستانەی بەدەست گەشتیارانەوەیە چی گەشتی ئاسمانی یان ئاوی یان وشكانی بێت, بەسەیركردنی نەخشە ئاراستەكەی خۆیان دەدۆزنەوەو بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆن كەمەبەستیانە بەتایبەت لەگەشتوگوزاری دەرەكیدا ئەم ئاراستە دەورێكی بالآی هەیە لەگەشتە جۆربەجۆرەكاندا, هەروەها ئاراستەی نەخشە یەكێكە لە خاڵە بنەڕەتیەكانی نەخشە و بەبێ ئاراستە نەخشەیەكی تەواومان دەست ناكەوێت.

٦- نەخشە لەجوگرافیایی سیاسیدا دەورێكی كاریگەری هەیە, ئەویش لەرێگەی دیاری كردنی ئاراستەكە و ئەو ناوچەیەی كەبۆی دەڕۆیت ئایا ئاووهەواكەی گونجاوە بۆ جەنگ؟ یان ماوەی ئەو شوێنەی كەجەنگەكەی تێدا دەكرێت یان ئەو شوێنەی جەگەكەی تێدا ڕوودەدات, ئەمانە هەمووی خاڵی بنەڕەتی جەنگن و پێش جەنگ ئامادەكاری تەواوی بۆ دەكرێت, ئەم زانیاریانە دەربارەی جەنگ بەئاسانی لەرێگەی نەخشە سیاسیەكانەوە دەستمان دەكەوێت, لەكاتی ئێستا وای لێهاتووە كەموشەكە دوور هاوێژەكانیش پشت بەنەخشە دەبەستێت بۆ بڕینی ماوەیەكی زۆرو پێكانی ئەو ئامانجانەی كەخۆی دەیەوێت, وەك جەنگی ئەمریكاو بزوتنەوەی تالیبان لەئەفغانستان, هەروەها جەنگی ئەمریكاو ئەنصار ئیسلام لەكوردستان ئەوەش لەرێگەی موشكی دوورهاوێژەوە بوو كە لەدەریای سورەوە ئاراستەی بنكەكانی ئەنصار ئیسلامی و تەنانەت كۆمەڵی ئیسلامیشی پێوەبوو كەبووە هۆی كوژرانی زیاتر لە (٦٠) سەربازی كۆمەڵ لەخورماڵ لە ساڵی (٢٠٠٣)دا, هەروەها وەك باسمان كرد نەخشە گرنگترین خاڵە بۆ فرۆكە بۆ ئەوەی ئاراستە و ئامانجەكەی خۆی لەڕووی دوورو نزیكیەوە دیاری بكات كە لەئێستادا فڕۆكە دەورێكی سەرەكی هەیە لەجەنگە جیهانیەكاندا و بەبڕبڕەی پشتی جەنگ دادەنرێت و هۆكارە بۆ سەركەوتنی بەسەر دوژمندا, چونكە لەماوەیەكی كەمدا زۆرترین چالاكی سەربازی ئەنجام دەدات, كەواتە نەخشە خاڵی سەرەكی فڕۆكەوانەكانە لەجەنگدا.

٧- یەكێكی تر لەخاسیەتە گرنگەكانی نەخشە بریتیە لەنواندنی دیاردە جوگرافیە سروشتی و مرۆیەكانی سەر ڕووی زەوی لەسەر نەخشە بەشێوەیەكی ڕونتر و جوانتر و بینینی سەرجەم ئەم دیارادانە لەسەر ئەم نەخشانە, چونكە مرۆڤ ماوەی بینینی بۆ دیاردەكان لەسەر ڕووی زەوە دیاری كراوە, بۆیە نەخشە هاتووەتە كایەوە بۆ

چارەسەرکردنی ئەم کێشەی مرۆڤ و لەهەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەو گەڕان و توێژینەوە کردن لەسەر ئەم دیاردانە, نەخشە لەیەك کاتدا چەندین دیاردە ڕوون دەکاتەوە ئیتر سروشتی بێت یان مرۆیی, نەخشەکانیش بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بەدوو بەشەوە ئەوانیش (سروشتی و مرۆیی) وەك لەسەرەتایی ئەم باسەوە بەخاڵ دیاری کراوە, نەخشە سروشتیەکان دیاردە جیاوازە سروشتیەکان لەسەر ڕووی زەوی ڕوون دەکاتەوە وەك ئاووهەواو بەرزونزمی و دەریا و زەریاکان کە بەلقەکانی نەخشەی سرۆشتی ناسراون, نەخشە مرۆیی ئەو نەخشانەن کەدیاردە مرۆیەکان لەسەر نەخشە ڕون دەکاتەوەو زانیاری ورد و دروستمان دەداتێ لەسەر ئەو دیاردانەو شیکردنەوەیەکی باشیان بۆ دەکات وەك نەخشەی ئابوری و دانیشتوان و سیاسی و گواستنەوەو گەیاندن ... هتد.

## ٥١- زانستی جوگرافیا

زانستی جوگرافیا یەکێکە لەو زانستە کۆن و دێرینانە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی سەری هەڵداوە, تەمەنی زانستی جوگرافیا لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی سەر گۆی زەویدا یەکسانە, کاتێك مرۆڤ لەسەر زەوی دەرکەوت و بۆ گەیشتن بەناوچەکانی دەوروپشتی ڕووبارەکانی تێپەڕکردو پارچە زەویەکی بۆ ژیان و پارچەیەکی تر بۆ کشتوکاڵ هەڵبژارد و پارچەیەکی تری بۆ کەڵك وەرگرتن لەگیاو ڕووەکەکان دەست نیشان کرد, لەهەمان کاتدا زانستی جوگرافیا دەرکەوت.

زانستی جوگرافیاش: بریتیە لەو زانستەی کە لەزەوی و دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی دەکۆڵێتەوە و, وشەی جوگرافیا وشەیەکی ئیغریقی کۆنە و بەواتای وەصفی زەوی دێت.

لەسەرەتادا ئەم زانستە پشت دەبەستێت بەوەصف کردن و زانا گەڕۆکەکان تەنها وەصفی ئەو شتانەیان دەکرد کەدەیاندی, بەڵام زانستی جوگرافیا لەکاتی ئێستادا تەنها گرنگی نادات بەوەصفی دیاردەکانی سەر زەوی و شیکردنەوەیەکی ڕوکەشیان بۆ بکات و دوربێت لەواقیع بەڵکو ئەم زانستە بەشێوەیەك گەشەی سەندوە بووە بەزانستێکی گرنگ و پێویست لەژیانی مرۆڤایەتی ئەمڕۆدا, لەبەرئەوەی ئەم زانستە گەشەیەکی زانستی نوێی کردووە کەپشت دەبەستێت بەشیکردنەوەو پێوانەکردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەکان و بەکارهێنانی نمونەو بیردۆزە نوێکان تیایدا, هەربۆیە بووە بەئاراستەیەکی پراکتیکی کە لەم سەردەمەدا دەناسرێت یان ناودەبرێت بە(جوگرافیای ڕێژەی) یان (بڕی) وە (جوگرافیای پراکتیکی), وە ئەوەی ئەم زانستە

لەزانستەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کەلەم ساڵانەی دوایدا گۆڕانکاریەکی گەورە لەڕێبازی لێکۆڵینەوە کەئەم زانستە پشتی پێ دەبەستێت لەتوێژینەوەدا هاتووە بۆ گەشتن بەڕاستی و ئامانجەکان، ئەم زانستە بەجۆرێك گەشەی سەندووە کەئەو هۆکارو ئامڕازانەی کە لەتوێژینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت بونەتەهۆی کە لەکاتێکی کەمدا بڕێکی زۆر لەداتاو زانیاری دەست توێژەر دەخات کەبەهۆی بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیاو گەشەی ئامارو ڕاگەیاندن و بیرکاری و ئەندازیاری و بەرنامەکانی کۆمپیتەر بۆ شیکردنەوەی زانیاریە جوگرافیەکان وەك بەرنامەی سیستەمی زانیاری جوگرافی (جی، ئای ئێس) بونەتەهۆی پێشکەوتنی ڕەوڕەوەی ئەم زانستە.

## گرنگیەکەی

١- زانستی جوگرافیا زانیاری دەقیق و دروستمان دەداتێ لەسەر شوێن (الموقع)، بۆ نمونە پێگەی کیشوەری ئاسیا بەگوێرەی هێڵەکانی پانی کەدەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (١٠) باشور و (٨١) باکور کەئەمە کاری کردۆتە سەر کیشوەرەکە، بەشەکانی باشوری ئاسیا بەوەجیادەکرێتەوە کەپلەی گەرما تیایدا بەرزە، بەلام ناوچەکانی ناوەند بارودۆخی ئاووهەوا تیایدا یەکسانە، بەلام لەبەشەکانی باکور پلەی گەرمی زۆر نزمە، درێژی هێڵەکانی پانی کاری کردۆتە سەر ئاراستەی بایەگشتیەکانی بەشەکانی باکور کەدەکەوێتە سەر خاڵی هەڵکردنی بای جەمسەری باکوری ڕۆژهەلات بۆ بەشەکانی ناوەڕاستی کیشوەرەکە نزیك خولگەی قرژاڵ، وەهێڵی جەمسەری باکور دەکەوێتە بەر هەڵکردنی بای پێچەوانەی باشور ڕۆژئاوا، بەلام بەشەکانی باشوری کیشوەرەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری بای گشتی بازرگانی باکوری ڕۆژهەلات.

٢- ئەم زانستە لەکاتی ئێستادا زانیاری ورد و دروستمان دەداتێ لەسەر بەرز و نزمی گۆی زەوی، بەجۆرێك باس لەشێوەکانی ڕووی زەوی دەکات وەك ڕێژمی ڕیزە چیاکان و هەموو جۆرە دەشتێك و گردو بان و دۆڵ و کەناری دەریاکان و دیاردەکانی تر گۆڕان کاریەکانیان دەکات.

٣- جوگرافیا دیاردەکانی سەر زەوی دەست نیشان دەکات و شێواز و چۆنیەتی دابەش بوونیان دەست نیشان دەکات لەسەر زەوی، بۆ نمونە دابەش بوونی کانزە جۆربەجۆرەکانی وەك ئاسن و مس و نەوت ... هتد.

٤- زانستی جوگرافیا گرنگی هەیە لەڕووی دۆزینەوەی شوێنی دەرامەتە سروشتیەکان و ڕێو شوێنی گونجاو دادەنێت بۆ چۆنیەتی دەست خستنی ئەم دەرامەتانە بەکەمترین کات و تێچونێکی کەم.

٥- جوگرافیا هەموو ئەو کێشە و گرفتانە دەست نیشان دەکات کەڕوو لەم هەسارەیە

دەکەن وەك (گەرم بوونی گۆی زەوی و تێکچوونی بارودۆخی ئاوو هەوای زەوی و بەبیابان بوون و پیس بوونی ژینگە و لەناوچوونی دەرامەتە سروشتیەکان) کەکاریان لەسەر ڕەورەوەی ژیانی مرۆڤەکانی ئەم هەسارەیە، وەئەو هۆکارانەش دیاری دەکات کەبوونەتە هۆی ڕوودانی شوێنی گونجاو دەست نیشان دەکات بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو گرفتانە .... هتد.

٦- ئەم زانستە هەمیشە لەکاتی جەنگەکاندا بایەخ و گرنگی گەورەی هەبوەو دەبێت بۆ دیاری کردنی شوێنە گرنگەکانی دوژمن و چۆنیەتی ڕووبەڕبونەوەیان و دیاری کردنی ڕەگەزەکانی بەرزونزمی و وشکانی و ئاوی و جۆری ئاووهەوای ئەو ناوچانە لە بەرچاو دەگیرێت لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەکاندا.

٧- یەکێکی تر لەگرنگیەکانی تری زانستی جوگرافیا ئەوەیە کەپێشبینی دەکات بۆ داهاتوو لەهەموو ڕووەکانەوە وەك ئاووهەوا یان دەرامەتە سروشتیەکان یان دارستانەکان و یان دانیشتوان .... هتد.

٨- هەروەها ئەم زانستە لەژینگە جیاوازەکانی سەر گۆی زەوی دەکۆڵێتەوەو بەردەوامیش هەوڵ دەدات هۆکاری دروست بوون و چارەسەرکردنی دیاری بکات، جائەگەر ئەم ژینگە ئاوی بێت یان وشکانی، هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر دروست بوون و سەرهەڵدانی ئەم کێشانە کەڕووبەڕوی ئەم ژینگە جیاوازانە دەبێتەوە، زانستی جوگرافیا دەورو چارەسەری بەردەوام بۆ ئەم کێشە جۆربەجۆرانەی ژینگە بەتایبەت ئەو ژینگانەی کەزۆرتر توشی پیس بوون دەبێت.

٩- هەروەها ئەم زانستە لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر خاك و ئەو هۆکارانە ڕوون دەکاتەوە کەدەبێتە هۆی دروست بوونی خاك، ئەو هۆکارانەش ڕوون دەکاتەوە کەخاك توشی گیروگرفت دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بڕی توانای ئەوخاکە بۆ کشتوکاڵ و دارو درەخت و گژوگیا دیاری دەکات، بەجۆرێك توانای خاك بەپێی دیاری کردنی هایدرۆجینە، ئایا ئەو خاکە گونجاوە بۆ کشتوکاڵە بۆ بەرهەمە جۆربەجۆرەکان یان نا؟ هەروەها لێکۆڵینەوە لەهۆکار و قۆناغەکانی پێك هاتنی خاك و ڕۆڵی هۆکارەکانی سروشتی و مرۆیی لەم بوارەدا و ڕۆڵی ئاووهەوا لەجۆری خاکەکەدا و کەڵك وەرگرتن لەخاك و بڵاوبونەوەی جۆرەکانی خاك لەچوار چێوەی لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستەیەدا.

١٠- زانستی جوگرافیا لێکۆڵینەوە لەنیشتەجێ بوونی دانیشتوان دەکات و باس لەبەرەو پێش چوون و ڕووبەڕو شکڵ و شێوەو جۆری بڵاوبوونەوەی بیناکان لەشار و گوندەکان کەمەبەستی نیشتەجێ بوون لای مرۆڤ و کەڵك وەرگرتنی ئابوری مرۆڤ دروست کراون دەکات.

کەواتە ئەم زانستە باس لەو نیشتە جێ بوونانە دەکات کەمرۆڤ بەهۆیانەوە خۆیان بەزەوی گونجاوەوە دەبەستنەوە، ڕۆڵ و شێوەی یەکەکانی بەردەوام کاریگەری لەکەلتورو ئابوری کۆمەڵگا دەکات.

جا ئەو پێش بینیانە کەکورت خایەن بن وەك پێش بینی گۆڕانکاریەکانی ئاووهەوای هەرناوچەیەك بۆ ماوەی هەفتەیەك یان چەند ڕۆژێك یان پێش بینی درێژخایەن وەك پێش بینی گۆڕان لەئاووهەوا پاش چەندان ساڵی تر ئەویش بەپشت بەستن بەهۆکارەکانی ڕودانی گۆڕان لەو ئاووهەوایە یان هەر هۆکارێکی تر، ئەمەش سودو گرنگی لەوەدایە کەمرۆڤەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ڕووبەڕبونەوەی ئەوەی لەداهاتودا پێش بینی دەکرێت ڕووبدات.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین زانستی جوگرافیا هەموو کێشەو گرفتە سروشتی و مرۆییەکان دیاری دەکات و چارەسەریشی بۆ دەدۆزێتەوە.

## ٥٢- ڕووباری نیل لە میصر

حەوزی ڕوباری نیل ڕوبەرەکەی (٢٩٠٠٠٠٠) کیلۆمەتری دووجایەوە بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی ئەفریقا دەگرێتەوە کەدەکاتە دە یەکی ڕوبەری کیشوەری ئەفریقا، درێژیی ڕوباری نیل لەدورترین سەرچاوەیەوە هەتا شاری ڕەشیدی میصر لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست نزیکەی (٦٧٠٠)کیلۆمەتر دەبێ، حەوزی ڕوبارەکە نۆ دەوڵەتی ئەفریقیایی دەگرێتەوە کەئەمانەن (زائیر، ڕواندا، بۆرندنی، ئۆگەندا، کینیا، تەنزانیا، ئەسیوپیا، سودان، میصر) بەم پێیە نیل بەزۆر ناوچەدا تێدەپەڕێ کە لەڕووی هەلومەرجی سروشتی و ئاووهەواوە بەئاشکرا لەیەکتری جیاوازن، دیارە ئەم ڕوبارە لەناوچە ئیستیوائیەکان دەست پێ دەکات کە بەدرێژایی ساڵ بارانیان لێ دەبارێت، پاشان چەند ناوچەیەکی نیمچە بیابانی دەبڕێ تادەگاتە ناوچە بیابانیەکان، ئەم هەلومەرجە کار دەکاتە سەر ئاستی پشت بەستنی دەوڵەتانی حەوزی ڕوبارەکە بەئاوەکەی بۆ کاروباری ئاودێری، چونکە هەتا بەرەوژور بۆ ناوچە نیمچە بیابانی و بیابانیەکان هەڵکشێین، لەبەر کەمی یان نەمانی باران، پشت بەستن بەئاوی ڕوبارەکە زیاد دەکات.

میسر بە دەوڵەتی ڕێژاوی ڕوباری نیل دەژمێردرێت، ئەم ڕوبارەش ئاو لەسێ حەوزی سەرەکییەوە کۆ دەکاتەوە وەك: بانی ئەسیوپیا کەگرنگترین سەرچاوەی نیلە و نزیکەی لە(٨٥٪)ی داهاتی ساڵانەی ئاوەکەی دابین دەکا، ئاوی ئەم بانە لەچەند ڕوبارێکەوە سەرچاوە دەگرێ گرنگترینیان ڕوباری سوبات، نیلی شین و عەتبەرەیە.

بانی دەریاچە کەمەرەییەکان لەتەنیشت بانی ئەسیوپیاوەیە, ئەم بانە بەدرێژایی ساڵ لەسەرچاوەکانی تر ڕێکوپێک تر ئاو دەکاتە ڕوباری نیلەوە کە لەلای شاری ئەسوان دەگاتە (١٣) ملیار مەتر سێجا ساڵانە. سەرچاوەی سێیەم حەوزی دەریای غەزالە کە لەکۆمەڵێك چەم پێکدێ لەناوچە شاخاوییەکانی سودان و کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست هەڵدەقوڵێن, ئەگەر چی داهاتی ئاوی ئەم چەمانە نزیکەی (١٥) ملیار مەتر سێجایە لەساڵێکدا, بەلام ئەوەی لەم ئاوە دەمێنێتەوە بۆ ڕوباری نیل تەنها (٠,٥) ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا تێناپەڕێ, باقییەکەی تری لەناوچە زۆنگاوەکاندا تی دەچێ.

کاروباری ڕوباری نیل بەپێی چەند ڕێککەوتننامەیەك بەڕێك و پێکی ڕێکخراوەو ئەو ڕێککەوتننامانە سەقامگیری و ئارامییان لەحەوزی ڕوبارەکە دابین کردووە, دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کەزۆربەی هەرە زۆری ئەم ڕێککەوتننامانە لەلایەن دەوڵەتە ئەورووپییەکانەوە بەستراون و تائێستا, سەرەڕای ئەوەی کەتەمەنی هەندێکیان لەسەد ساڵ زیاترە, بەلام بەردەوام کاریان پێ دەکرێ.

لەم ڕووەوە لەساڵی (١٨٩١)دا بەریتانیاو ئیتالیا ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆکرد کەئیتالیای بەوەوە پابەند کرد کە هیچ بەنداوێك لەسەر ڕوباری عەتەبرە دروست ناکاو هیچ کارێك ناکا ببێتە هۆی کەم بونەوەی ئاوی نیل. جگە لەوە لەساڵی (١٩٠٢)دا بەریتانیاو ئەسیوبیا ڕێککەوتنامەیەکیان واژۆکرد کە لەخاڵی سێیەمدا ئەسیوپیای پابەند کردووە کەهیچ کردەوەیەك لەسەر ڕوباری نیلی شین و دەریاچەی تاناو ڕوباری سوبات ناکا کەکار بکاتە سەر بڕی ئاوی ڕوباری نیل.

هەروەها ڕێککەوتننامەیەکیش هەیە لەنێوان میصرو سودان کەساڵی (١٩٥٩) واژۆکراوەو چۆنێتی دابەشکردنی ئاوی ڕوبارەکە لەنێوان هەردووکیاندا ڕێکدەخاو ئەم ڕێککەوتننامەیە تائەمڕۆ کاری پێ دەکرێ.

سەرباری ئەمە ئەو دەوڵەتانەی دەڕواننە سەر ڕوباری نیل گروپێکیان لەنێوان خۆیاندا بەناوی گروپی (ئەندۆگۆ) دروست کردووە کە لە(میصر, سودان, ئوگەندا, کۆنگۆ, بۆرندی, ڕواندا و ئەفریقای ناوەڕاست پێکدێ و هەریەکە لەدەوڵەتانی ئەسوپیا, کینیا, تەنزانیا چاودێرن تێیدا.

## گرنگیەکەی

١- ڕوباری نیل لەمیصردا بەچەندین شێوە سودی لێ وەرگیرێت بۆ بوارەکانی وزەی کارەباو گەشتیاری و گواستنەوەو ئاودێری و ئاوماڵ و ئاژەڵ داری و تەنانەت بۆ بەرهەمی ماسیش.

بە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا دادەنرێت و چەندین بەست و بەنداوی لەسەر دروست کراوە لەمیصردا ئەوانیش: بەنداوەکانی (سەدلعالی یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج و شەش و حەوت)، لەم ڕووەوە میصر سێ وێستگەی بۆ بەرهەم هێنانی کارەبایی لەئەسوان هەیە کە(٢٨٪)ی پێداویستیەکانی کارەبای بۆ دەست بەردەکەن، بەڵام کەمبوونی داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕوبـاری نیل لەماوەی (١٩٧٩- ١٩٨٠) و (١٩٨٧- ١٩٨٨) بەهۆی وشکەساڵی سەرچاوەکانی ئەسیوپیاوە ئاکامی نالەباری لێکەوتەوە، ئەم بارەش کاریگەری هەبوو لەسەر کەمی کارەبا لەم بەنداوانەدا، کەواتە بەهەر کەمبونەوەیەکی ئاوی ڕوباری نیل ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر کەمی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەو وڵاتەدا.

٢- بایەخی نیل بۆ میصر لەوەدا دەردەکەوێ کەمیصر بەتەواوی پشتی بەستووە بەم ڕوبارە بەڕێژە لە (٩٥٪) ئاوی ئەم ڕوبارە بۆ خواردنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ بەکاردێنێت، پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکات لەئاوی خواردنەوە، چونکە زۆربونی ژمارەی دانشتوانی میصر گیروگرفتێکی گەورەیەو لەم بارەیەوە چەند ژمارەی دانیشتوان لەمیصر بەرەو زیادبون بڕوا نەخشەکانی پەرەپێدان دووچاری گرفتی گەورەتر دەبن، لەم سەروبەندەدا پێش بینی دەکرێ ژمارەی دانیشتوانی میصر لەساڵی (٢٠٣٠)دا بەپێی ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی (٢,٥٪) بگاتە (١٤٣,٦١٦,٠٠٠) کەس و بەپێی ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی (٣,٨٪) خۆی دەدات لە (١٦٩,١٩٥,٠٠٠) کەس. چەند ژمارەی دانیشتوانیش زیاد بێ بەرکەوتەی ئاو بۆ یەك کەس ساڵ کەمتر دەبێ، وەك لە خشتەی ژمارە (١٦) ئاماژەی بۆ کراوە.

خشتەی ژمارە(١٦)

زیادبونی ژمارەی دانشتوان لە میصر لە ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٠٢) بە ١٠٠٠ کەس

| ولات | ساڵی ٢٠٠٠ | زیادبون بە پێی ڕێژەی (٣,٨٪) | | زیادبون بە پێی (٢,٥٪) | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٣ |
| میصر | ٦٩٧٠٦ | ١٢٥٨٩٧ | ١٦٩١٩٥ | ١١٥٦٧٧ | ١٤٣٦١٦ |

ساڵی (٢٠٠٠) بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس لەمیصر (٩٣٤)م3 لەساڵێکدا، لەکاتێکدا ئەو بەرکەوتە لە ساڵی (١٩٩٠)دا بریتی بوو لە (١١٢٣)م3 لە ساڵێکداو پێش بینی دەکرێ بۆ ساڵی (٢٠٢٥) بەرکەوتەی یەك کەس لەمیصر تەنها (٦٣٠)م3 بێ لە ساڵێکدا. ئەمەش بەو مانایە دێ کەمیصر کەوتووەتە ژێر ئاستی کەم ئاوی و لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کەئاستی جیهانی بڕی ئەو ئاوەی کە پێداویستی

یەکانی مرۆڤی پێ دابین دەکرێ کەبریتیە لە (١٠٠٠)م3 لەساڵێکدا.

٣- میصر بایەخێکی تایبەتی بە ڕوباری نیل دەدا بۆ دڵنیابوون لە دەستەبەرکردنی ئەمنی خۆراك و بەدەست هێنانی ڕێژەیەکی دیاری کراوی بۆ بژێوی، چونکە میصر بەبێ ئاوی نیل ناتوانێ پەرەپێدانی کشتوکاڵی خۆی مسۆگەر بکات بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە ژمارەی دانشتوانی میصر ساڵ بە ساڵ بەرەو زیادبوون دەچێ و لەگەڵ زیادبونی دانیشتواندا بەرکەوتی بۆ یەك کەس ساڵ بە ساڵ کەمتر دەبێ.

٤- میصر گرنگی تایبەتی دەدات بەڕوباری نیل بۆ دەستەبەرکردنی کشتوکاڵ بۆ میصر نیل سەرچاوەی ئاوە بۆ کشتوکاڵ لەم بارەیەوە (٨٠٪ تا ٩٠٪)ی داهاتی ئاوی بەردەستی میصر بۆ کشتوکاڵ تەرخان کراوە, هەندێ لە ڕاپۆرتە ڕەسمیەکانی میصر ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە لەتوانا دایە لەنێوان یەك ملوێن تا (٢,٤) ملوێن فەدان زەوی تر بکرێ بەکشتوکاڵ, ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەئەگەر بەچاکترین شێوە دەست بەئاوەوە بگیرێ و بەفیڕۆدانی ئاو کەم بکرێتەوەو بڕێکی باشی ئاوی ژێر زەوی دەربهێنرێت, دەتوانرێ بڕێك ئاو لەنێوان (٦,٧) ملیار مەتر سێجا تا (١٥,٧) ملیار مەتر سێجا بخرێتە سەر بڕی ئەو ئاوەی کەبۆ کشتوکاڵ تەرخان کراوە.

خشتەی ژمارە (١٧)

بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری جیا جیا لە میصر لە ساڵی (٢٠١١- ٢٠١٢)

| وڵات | کشتوکاڵ ٪ | ناومال ٪ | پیشەسازی ٪ |
|---|---|---|---|
| میصر | ٨٤ | ٨ | ٩ |

٥- هەروەها بەهۆی بوونی ئاوی ڕوباری نیل لەمیصرداو درێژبونەوەی بۆ ماوەیەکی درێژی و بوونی چەندین بەست و بەنداو وای کردووە کەشتیوانی تێدا بکرێت جائیتر بەمەستی گواستنەوەی گەشتیاران یان شتومەك ... هتد بێت, لەڕێگەی ئەم ڕوبارە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر وڵات هەندێ جاریش بۆ دەرەوەی وڵات گواستنەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت, بۆیە ئەگەر هاتووە ئەم ڕوبارە توشی هەر گرفتێکی کەمی ئاوی ببێت ئەوا سود لێ وەرگرتنی لەدەست دەدات, کەواتە ڕوباری سەرچاوە ژیانە لەمیصردا.

٦- ڕوباری نیل بۆ میصر گرنگیەکەی بەردەوام لەزیادبوندایەو ئەم گرنگیەش بەچەندین شێوە سودی لێ وەردەگیرێت, وەك دروست کردنی چەندین بەنداو کۆبونەوەی بڕێکی زۆر ئاو تێیدا و دەکات ببێتە ناوچەیەکی گرنگی بەرهەم هێنانی ماسی لەو وڵاتەدا, کەئەم سەرچاوەیە بەخواردنێکی سەرەکی بڕێکی زۆری دانیشتوان ئەژماردەکرێت, دواتر ئەم بەرهەمە دەچێتە بواری پیشەسازی قوتونانەوە کەسەرچاوەیەکی ئابوری باشی لێوە دەست دەکەوێت, لەگەڵ ئەوەشدا چەندین

کرێکارو فەرمان بەر لەم بەست و بەنداوانەدا کاردەکەن سەرچاوەی ژیانی خۆیانی پێ دابین دەکەن، ئەمەش وەك هەلێکی کارکردن وایە بۆ ژمارەیەکی دیاری دانیشتوان.

٧- هەروەها ناساندنی شوێنەکان لەسەر ئاستی ولآت هەندێ جاریش لەئاستی دەرەکی، چونکە چەندین پرۆژەی خزمەت گوزاری وەك گەشتیاری و پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوەو گەیاندنی تێدا دروست دەکرێت کەپێشتر هەر بیریشی لێ نەکراوەتەوە، ئەمەش وادەکات ناوچەکە قەرەباڵغ بێت لەدانیشتوان و گەشتوگوزار و کرێکار ... هتد، وەك شوێنی گەشتیاری (شەرم شێخ) کە بەناوبانگترین ناوچەی گەشتیاری دادەنرێت لەمیصرداو ساڵانە بەهەزارەها گەشتیار ڕووی تێ دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ناساندن و قەرەباڵغی دانیشتوان و کە لەسەر ئاستی جیهاندا ئەم ناوچەیە دەنگی داوەتەوە.

٨- بوونی ڕوباری نیل و دروست کردنی چەندین بەست و بەنداو لەسەر ئەم ڕوبارە هۆکارە بۆ خۆش بوونی ئاووهەوا و سروشتی ناوچەکە، ئەویش هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیارو دروست بوونی چەندین ناوچەی گەشتوگوزاری کەساڵانە ڕێژەیەکی زۆر گەشتیاری بیانی و ناوخۆی ڕووی تێ دەکەن بۆ بەسەربردنی کاتێ خۆش و خۆیان بەچەندین یاری جۆراو جۆرەوە خەریك دەکەن وەك (ڕاوەماسی و سواربوونی بەلەم و ... هتد)، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئاوەها ڕوبارێك سەوزایی بۆ ناوچەکە دەگەڕێنێتەوە کەڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەبواری گەشتوگوزاریەوە، کەدیسانەوە کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی ئابوری ولآت.

خشتەی ژمارە (١٨)

ڕوباری نیل و گرنگیەکەی

| ڕێکەوتننامەکان | گرنگیەکەی | تایبەتمەندیەکەی |
|---|---|---|
| ١- ڕێککەوتنامەی ساڵی ١٨٩١ لە نێوان بەریتانیا و ئیتالیا مۆرکرا بەو پێیە ئیتالیاهیچ بەنداوێك لەسەر ئەم ڕوبارە دروست ناکا | ١- بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەو وڵاتانەی کە دەکەونە سەر ئەم ڕوبارەوە. | ١- حەوزی ڕوباری نیل ڕوبەرەکەی (٢٩٠٠٠٠٠) کیلۆمەترە |
| ٢- ڕێککەوتنامەی ساڵی ١٩٠٢ لە نێوان بەریتانیا و ئەسوپیا بەهۆیەوە ئەسوپیا ناتوانێ هیچ کردەوەیەك لەسەر ڕوباری نیلی شین ناکا. | ٢- بۆ بەکارهێنانە جۆربەجۆرەکانی ناومالٌ. | ٢- درێژییەکەی نزیکەی (٦٧٠٠) کیلۆمەتر. |
| ٣- ڕێکەوتننامەی نێوان میصر و | ٣- بۆ دەستە بەرکردنی | ٣- درێژترین ڕوباری جیهانە. |

| | | |
|---|---|---|
| سودان له ساڵی ١٩٥٩ بۆ دابەش کردنی ئاوی ڕوبارەکە لە نێوان هەردوکیاندا. | ئەمنی خۆراك. | |
| ٤- ڕێکەوتننامەی نێوان بەریتانیا و بەلجیکا لە ساڵی ١٩٠٦ له باتی کۆنگۆ. | ٤- بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ کە سەرچاوەی سەرەکی بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ. | ٤- حەوزی ڕوبارەکە نۆ دەوڵەتی ئەفریقا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. |
| ٥- ڕێکەوتننامەی نێوان بەریتانیا و ئیتالیا لە ساڵی ١٩٢٥. | ٥- بۆ گواستنەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تریان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر. | ٥- سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوە بۆ هەریەکە لە وڵاتانی میصر و سودان. |
| ٦- ڕێکەوتننامەی نێوان میصر و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٩. | ٦- سودی لێ وەردەگیرێت بۆ بەرهەم هێنانی ماسی وەك ئەوەی لە سوداندا هەیە و بڕێکی زۆری ماسی لێ بەرهەم دێت | ٦- بەهۆی ڕوباری نیلەوە ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لەسەری کراوە ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە دابین کردووە لەگەڵ پتەوبوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی سەر ڕوبارەکە. |
| ٧- ڕێکەوتننامەی نێوان میصر و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٧. | ٧- بوونی شوێنی گەشتوگوزار وای کردووە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوی تێ بکات. | ٧- ئاوی نیل گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە. |
| ٨- ڕێکەوتننامەی نێوان میصر و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٧. | ٨- ناساندنی وڵات و پێش کەوتنی بەهۆی ئەم ڕووبارە وەك میصر لە ڕێگەی ئەم ڕوبارەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە. | ٨- بەرزترین ڕێژەی لە ساڵی ١٩١٦- ١٩١٧ سەدەی بیست بوو، کە گەیشتە نزیکەی ١١٩ ملیار مەتر سێجا ئاو بوو. |
| ٩- ڕێکەوتننامەی نێوان میصر و ئۆگەندا لە ساڵی ١٩٥٣. | | ٩- هەروەها نزمترین ڕێژەی ئاوی لە ساڵی ١٩٨٤- ١٩٨٥ لەهەمان سەدەدا، کە گەیشتە نزیکەی ٣٤,٨ ملیار مەتر سێجا. |
| ١٠- ڕێکەوتننامەی نێوان میصر و سودان لە ساڵی ١٩٥٩. | | |
| ١١- ڕێکەوتننامەی هەموو دەوڵەتانی نیل لە ساڵی ١٩٨٣. | | |




وێنەی ژمارە (١٠)
ڕووباری نیل لە میصردا

## ٥٣- ڕوبار نیل لە سودان

حەوزی ڕوباری نیل ڕوبەرەکەی (٢٩٠٠٠٠٠) کیلۆمەتری دووجایەوە بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی ئەفریقا دەگرێتەوە کەدەکاتە دە یەکی ڕوبەری کیشوەری ئەفریقا، درێژیی ڕوباری نیل لەدورترین سەرچاوەیەوە هەتا شاری ڕەشیدی میصر لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست نزیکەی (٦٧٠٠)کیلۆمەتر دەبێ، حەوزی ڕوبارەکە نۆ دەوڵەتی ئەفریقیایی دەگرێتەوە کەئەمانەن (زائیر، ڕواندا، بۆرندنی، ئۆگەندا، کینیا، تەنزانیا، ئەسیوپیا، سودان، میصر) بەم پێیە نیل بەزۆر ناوچەدا تێدەپەڕێ کە لەڕووی هەلومەرجی سروشتی و ئاووهەواوە بەئاشکرا لەیەکتری جیاوازن، دیارە ئەم ڕوبارە لەناوچە ئیستیوائیەکان دەست پێ دەکات کە بەدرێژایی ساڵ بارانیان لێ دەبارێت، پاشان چەند ناوچەیەکی نیمچە بیابانی دەبڕێ تادەگاتە ناوچە بیابانیەکان، ئەم هەلومەرجە کار دەکاتە سەر ئاستی پشت بەستنی دەوڵەتانی حەوزی ڕوبارەکە بە ئاوەکەی بۆ کاروباری ئاودێری، چونکە هەتا بەرەوژور بۆ ناوچە نیمچە بیابانی و بیابانیەکان هەڵکشێین، لەبەرکەمی یان نەمانی باران، پشت بەستن بەئاوی ڕوبارەکە زیاد دەکات.

میسر بەدەوڵەتی ڕێژاوی ڕوباری نیل دەژمێردرێت، ئەم ڕوبارەش ئاو لەسێ حەوزی سەرەکییەوە کۆ دەکاتەوە وەك: بانی ئەسیوپیا کە گرنگترین سەرچاوەی نیلەو نزیکەی لە (٨٥٪)ی داهاتی ساڵانەی ئاوەکەی دابین دەکا، ئاوی ئەم بانە لەچەند ڕوبارێکەوە سەرچاوە دەگرێ گرنگترینیان ڕوباری سوبات، نیلی شین و عەتبەرەیە. بانی دەریاچە کەمەرەییەکان لەتەنیشت بانی ئەسیوپیاوەیە، ئەم بانە بەدرێژایی ساڵ لەسەرچاوەکانی تر ڕێك و پێکتر ئاو دەکاتە ڕوباری نیلەوە کە لەلای شاری ئەسوان دەگاتە (١٣) ملیار مەتر سێجا ساڵانە. سەرچاوەی سێیەم حەوزی دەریای غەزالە کە

له‌کۆمه‌ڵێك چه‌م پێكدێ له‌ناوچه شاخاوییه‌كانی سودان و كۆماری ئه‌فریقای ناوه‌ڕاست هه‌ڵده‌قوڵێن, ئه‌گه‌ر چی داهاتی ئاوی ئه‌م چه‌مانه نزیكه‌ی (١٥) ملیار مه‌تر سێجایه له‌ساڵێكدا, به‌ڵام ئه‌وه‌ی له‌م ئاوه ده‌مێنێته‌وه بۆ ڕوباری نیل ته‌نها (٠,٥) ملیار مه‌تر سێجا له‌ساڵێكدا تێناپه‌ڕێ, باقی یكه‌ی تری له‌ناوچه زۆنگاوه‌كاندا تی ده‌چێ.

كاروباری ڕوباری نیل به‌پێی چه‌ند ڕێككه‌وتننامه‌یه‌ك به‌ڕێك و پێكی ڕێكخراوه‌و ئه‌و ڕێككه‌وتننامانه سه‌قامگیری و ئارامییان له‌حه‌وزی ڕوباره‌كه دابین كردووه, وڵاتی سودانیش په‌یوه‌سته به‌چه‌ند ڕێككه‌وتنامه‌یه‌كی گرنگه‌وه وه‌ك ڕێككه‌وتننامه‌ی نێوان میصرو سودان كه‌ساڵی (١٩٥٩) واژوكراوه و چۆنێتی دابه‌شكردنی ئاوی ڕوباره‌كه له‌نێوان هه‌ردووكیاندا ڕێكده‌خات و ئه‌م ڕێككه‌وتننامه‌یه تائه‌مڕۆ كاری پێ ده‌كرێ.

سه‌رباری ئه‌مه ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی ده‌ڕواننه سه‌ر ڕوباری نیل گروپێكیان له‌نێوان خۆیاندا به‌ناوی گروپی (ئه‌ندۆگۆ) دروست كردووه كه له‌(میصر, سودان, ئۆگه‌ندا, كۆنگۆ, بۆرندی, ڕواندا و ئه‌فریقای ناوه‌ڕاست پێكدێ و هه‌ریه‌كه له‌ده‌وڵه‌تانی ئه‌سوپیا, كینیا, ته‌نزانیا چاودێرن تێیدا.

## گرنگیه‌كه‌ی

١- ڕوباری نیل به‌هه‌مان شێوه‌ی میصر له‌سودانیشدا بڕێكی زۆری بۆ مه‌به‌ستی ئاودێری كشتوكاڵی به‌كاردێت و سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كیه بۆ ئاوداشتنی بڕێكی زۆری زه‌وی كشتوكاڵی, ئه‌مه‌ش له‌و ڕوانگه‌یه‌وه كه‌سودان له‌كاروباری كشتوكاڵدا سه‌رباری باران پشتی به‌ئاودێری به‌ستووه, به‌تایبه‌تی له‌دوو هه‌رێمه‌كه‌ی ناوه‌ڕاست و باكور و هه‌ندێ ناوچه‌ی دوو هه‌رێمه‌كه‌ی ڕۆژئاوا و ڕۆژهه‌ڵات, نیل بایه‌خێكی تایبه‌ت له‌په‌ره‌پێدانی كشتوكاڵ له‌سودان په‌یدا ده‌كا.

سودان له‌هه‌وڵی ئه‌وه‌دایه ڕوبه‌ڕی چێنراو له (٤,٥)ملیۆن دۆنمه‌وه بكات به (٩,٥) ملیۆن دۆنم, ئه‌مه‌ش به‌و مانایه دێ كه‌سودان بۆ ئه‌نجام گه‌یاندنی ئه‌م كاره له‌ساڵێكدا پێویستی به (١٤,٨) ملیار مه‌تر سێجایه, واته ئه‌و بره ئاوه‌ی سودان پێویستی پێیه‌تی نزیكه‌ی (٢٣) ملیار مه‌تر سێجا ده‌بێ له‌ساڵێكدا.

بایه‌خی ئاو بۆ په‌ره‌پێدانی كشتوكاڵی له‌وڵاتێكی وه‌ك سوداندا له‌وه‌دا ده‌رده‌كه‌وێ كه له‌ساڵی (١٩٩٢- ١٩٩٣)دا ڕێژه‌ی ئاو بۆ كشتوكاڵ به‌كارهاتووه, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سودان بۆ په‌ره‌پێدانی كشتوكاڵ ناتوانێ ته‌نها پشت به‌ئاودێری ببه‌ستێ به‌ڵكو ده‌بێ له‌چاندنی هه‌ندێ به‌روبومدا پشت به‌بارانیش ببه‌ستێ به‌تایبه‌تی كه

بڕێکـی زۆر بـاران لەسـودان دەبـارێ و لـەم ڕووەوە زیـاد لـە (١٢٠٠) ملم/ سـاڵ لەناوچەکانی باشوری سودان کەدەکەونە سەر کەمەرەی زەوی دەبارێ.

٢- ئاوی نیل کاریگەری گەورەو بەرچاوی هەیە لەدابین کردنـی ئاو بۆ خواردنەوەو بەکارهێنانی لەسوداندا، ئەمـەش بەپێی کـەم و زۆری دابارین کاریگـەری دەبێت، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا سودان پێویستی بەبڕێکی زیاتر لەئاو هەیە بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان، بەم پێیە چاوەڕوان دەکرێ بەرکەوتـەی یـەك کـەس لەئاو لەماوەی ساڵانەی داهاتودا لەوەی ئێستا کەمتر بێ.

سـاڵی (٢٠٠٠) ژمـارەی دانیـشتوانی سـودان نزیکـەی (٣٣) ملیـۆن کـەس بـوو و مەزەندەکارییە دیمۆگرافیـەکان وای بـۆ دەچـن ڕێـژەی دانیـشتوان لـە سـاڵی (٢٠٢٠)دا دەگاتە نزیکەی (٥٣)ملیۆن کەس و لەساڵی (٢٠٣٠)دا دەگاتـە نیکـەی (٦٤,٥) ملیۆن کەس، ئەگەر بەپێی ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی (٣,٨٪) بۆی دەچن ئـەوە ژمارەی دانیـشتوان لەسـاڵی (٢٠٣٠)دا دەگاتـە نزیکـەی (٧٥,٥) ملیۆن کەس.

خشتەی ژمارە (١٩)

بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس لە سودان لە ساڵانی (٢٠٠٠, ٢٠٢٠, ٢٠٣٠)

| وڵات | بەرکەوتی ئاو بۆ یەك کەس (m3/ ساڵ) | | |
|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٣ |
| سودان | ٣٩٣٢ | ١٨٧٥ | ١٤٢٣ |

٣- ئـاو بەدەرامـەتێکی سـەرەکی و خـاڵێکی بنـەڕەتی دامەزرانـدنی پیـشەسازی دادەنرێت لەهەر شوێن و ناوچەیەکدا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بڕێکی زۆری ئاوی ڕوباری نیل لەکاتێکدا کە بەوڵاتی سوداندا تێ دەپەڕەن بەشێوەیەکی زۆر کەم سودی لێ وەردەگرن بۆ بـواری پیـشەسازی ئەمـەش بـەهۆی دواکـەوتنی ئـەو وڵاتـەوە دێـت کەهـەوڵی بـەرەو پێش چوونی نـەداوە، لەسـاڵی (١٩٩٠) بـڕی بـەکارهێنانی ئاو بۆ پیشەسازی لەو وڵاتەدا هیچ نەبوو، چونکە هیچ پیشەسازییەکی تێدانەبوو تا ئاوی بۆ دابین بکرێت لەکاتێکدا لـە (٩٩٪)ی بـۆ کـشتوکاڵ بـەکارهاتووە بەشێوەیەکی دواکەوتووی ئەم کارە بۆ کشتوکاڵ بەکارهێنراوە، بەڵام بەپێی چەندین لێ کۆڵینەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا ڕێژەیەکی دیاری کراو بۆ بـواری پیـشەسازی بـەکارهاتووە کەدەگاتە (١٪)، ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە، بەڵام لەبواری پیشەسازیدا دەتوانن سود لەئاوی نیل وەرگرن بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایدا، کەواتە بەڕێژەیەکی کەمیش گرنگە بۆ بواری پیشەسازی لە سوداندا.

٤- ڕوباری نیل بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەبوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وڵاتی سودان, ئەم ڕوبارە وای کردووە بەئاسانی پەیوەندی بکات بەوڵاتانی دراوسێیەوە, ئەمەش تێکەڵاوی ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە کە وا دەکات دانیشتوانی سودان زیاتر کراوەترین بە جیهانی دەرەوە, جا ئیتر لەڕێگەی ڕێکەوتننامەی ئاوی بێت یان گواستنەوەی ئاوی بێت یان هەرشوێنێکی تر لەڕێگەی ڕوباری نیلەوە پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە دەکەن بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ و ئەوانەی کە بەشدارن لەڕوباری نیلدا وەك (زائیر, ڕواندا, بۆرندی, ئۆگەندا, کینیا, تەنزانیا, ئەسیوپیا, میصر).

خشتەی ژمارە (٢٠)

بەکارهێنانی ئاو بۆ بواری جیا جیا لە سودان لە ساڵی (٢٠١١- ٢٠١٢)

| وڵات | کشتوکاڵ ٪ | ئاوماڵ ٪ | پیشەسازی ٪ |
|---|---|---|---|
| سودان | ٩٢ | ٧ | ١ |

٥- بەهەمان شێوەی وڵاتی میصر سودانیش بەشێوەیەکی باش سودی لەڕوباری نیل وەرگرتووە بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا, ئەویش لەڕێگەی کۆکردنەوەی ئاو لەناوچە بەست وبەنداوەکان و دواتر بەکارهێنانیان بۆ بەرهەمی وزەی کارەبا وەك بەنداوی (ڕوحیرس) بۆ زیادکردنی پاشەکەوت کردنی کەدەگاتە (٧,٧) ملیار مەتر سێجا لەئاو, پاشانیش بەنداوی (سارد و خەستم) کەبڕێکی زۆر ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە, هەروەها لەگەڵ دروست کردنی پرۆژەیەکی نوێ لەچیاکانی (ئۆم) بۆ پاشەکەوت کردنی (٧) ملیار مەتر سێجا, هەندێ لێ کۆڵینەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم پرۆژانە لێیان ڕادەبینرێ بڕێك ئاو کەلەبەرکەوتەی سودان لەئاوی نیل زیاترە بۆ سودان دابین کردنی ئاو.

٦- بەهەمان شێوە کۆکردنەوەی ئاو لەبەست و بەنداوانە تەنها لەبواری کارەبادا سودی لێ وەرناگیرێت بەڵکو لە بواری بەرهەمی ماسیشدا سودێکی تەواوی لێ وەردەگیرێت و وڵاتی سودانیش گرنگی زۆری پێداوە و بەردەوام هەوڵی زیادبوونی ئەم بەرهەمە دەدات لەڕێگەی ئەم بەست و بەنداوانەی دروست کردنی بەست و بەنداوی نوێ بۆ زیادکردنی بەرهەمی ماسی بۆ ناوخۆ و پاشانیش بۆ بازرگانی دەرەکی بەکاری بێنێت, ئەو بەنداوانە وەك بەنداوی (ڕومیرس و سارد خەستم) کەبڕێکی زۆر ماسی تێدا بەخێودەکرێت, لەم ڕووەوە بەرهەمێکی گەورەی هەیە لەماسی, دەتوانێت زیاتر لە(١٠٠) هەزار تەن بەرهەم بهێنێت, کەسەرچاوەکەی ڕوباری نیلە.

٧- سودان بۆ دابین کردنی ئەمنی خۆراك و خۆ بژێوی خۆی هیچ ڕێگایەکی جگە

لەپەرەپێدانی کشتوکاڵ لەپێشدا نیە، لەم سۆنگەیەوە سیاسیەتی پەرەپێدانی کشتوکاڵ بەبەردەوامی سودان هاندەدا هانا بەرێتە بەر پاشەکەوت کردنی ئاو بۆ زیادکردنی ڕووبەری چێنراو، بەتایبەتی کەزیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و پەرەسەندنی ئاستی شارستانی وڵات پێویستی بەبڕێکی زۆرتری ئاوهەیە، لەم ڕووەوە ساڵی (١٩٩٢) حکومەتی سودان دەستپێکردنی پرۆژەی هەڵبەستنی دوجۆگەکەی کنانەو ڕەهدی ڕاگەیاند کەپرۆژەیەکە ئامانجەکەی زیادکردنی ڕووبەری بەراوەو لەم سەروبەندەدا بڕیار وایە جۆگەی کنانە دەوروبەری (١٢٥) ملیۆن دۆنم ئاو بداو جۆگەی ڕەهد (٥٥٠) هەزار دۆنم.

خشتەی ژمارە (٢١)

تەرازوی ئاو لە سودان داو هەندێ پێش بینی

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان ملیۆن | داهاتی ئاو بە ملیار/ م3 | | بەکارهێنانی ئاو بە ملیار/ م3 | | | | کەلێنی ئاو بە ملیار/ م3 | بەرکەوتی یەک کەس م3/ ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەوی | تازە بوەو % | ماڵان | پیشەسازی | ئاودێری | سەرجەم | | |
| ١٩٩٠ | ٢٥ | ٢١,٨ | ٩٨ | ٠,٥٣ | ٠,١١ | ١٥,٨٣ | ١٦,٤٧ | ٥,٦+ | ٨٩٢ |
| ٢٠٠٠ | ٣٣ | ٢٣,٨ | ٩٨ | ٠,٨٣ | ٠,١٧ | ٢٠,٥ | ٢١,٥ | ٢,٨+ | ٧٣٦ |
| ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢٣,٨ | ٩٨ | ١,٥٦ | ٠,٣١ | ٣٢,١٧ | ٣٤,٠٤ | -٩,٧٤ | ٤٤٢ |
| ٢٠٥١ | ١٠٢ | ٢٣,٨ | ٩٨ | ٢,٥١ | ٠,٥ | ٤٧,١ | ٥٠,١١ | ٢٥,٨- | ٢٠٢ |

## ٥٤- جوگرافیای دانیشتوان

جوگرافیای دانیشتوان تاڕادەیەک بەیەکێک لەلقە تازەکانی جوگرافیایی مرۆیی دادەنرێت، بۆیە جوگرافیایی دانیشتوان بەچەند شێوەیەک لەلایەن زانایان و پسپۆڕان کراوەو گرنگترینیان بەوە پێناسە دەکرێت کە( جوگرافیای دانیشتوان ئەو زانستەیە لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کەبەهۆیانەوەتایبەتمەندی جوگرافی شوێنەکان پێکدەهێنێ، هەروەها لەشوێن و کاتدا لەگەڵ دیاردە دانیشتوانییەکان کارلێک دەکا)، هەروەها (زیلنسکی) دەڵێ:( جوگرافیای دانیشتوان گرنگی بەسێ ئاستی جیاواز دەدات کەئەمانەن:

١- وەسفکردنێکی سادەی شوێنەکە و ژمارەی دانیشتوان و تایبەتمەندییەکانی.

٢- ڕاڤەکردنی شوێنجێی ئەو ژمارانەو تایبەتمەندییەکانی.

٣- شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دیاردەی دانیشتوان.

لە ساڵی (١٩٧٦) (کۆرگۆ)ی جوگرافیناس شتێکی زیاتری خستە سەر ئەو

پێناسەیەو وتی: دیمۆگرافیاو جوگرافیای دانیشتوان گرنگی بەیەك بابەت دەدەن، ئەویش دیراسەکردنی مرۆڤە، ئەو دوو زانستە لەبنەڕەتدا زانست گەلی چەندێتین و داتای ئاماری بەکاردەهێنن و ڕوانگەی بابەتیانە بونیاد دەنێن. جیاوازی بنچینەیی نێوان ئەم دوو زانستە ئەوەیە: دیمۆگرافیا جەخت دەکاتەوە سەر (کات)، بەڵام جوگرافیا جەخت دەکاتە سەر (شوێن).

## گرنگیەکەی

١- دانیشتوان لایەنێکی گرنگی هێزی نەتەوەیی کۆمەڵ پێك دێنێت چونکە کار دەکاتە سەر قەوارەی هێزی کارکەرو تەواوی چالاکییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و هەلێکی لەبار بۆ دابەشکردنی کار و زۆربونی پسپۆڕی و هەمە جۆریی شێوەکانی بەرهەم هێنان دەرەخسێنێ.

٢- قەوارەی دانیشتوان هێزێکی سوپایی گونجاوە بۆ پاراستنی کۆمەڵ و دەوڵەت پێکدێنێ، لەبەرئەوە دەوڵەتان گرنگی بەزانینی قەوارەی دانیشتوانی خۆیان دەدەن بەتایبەتی لەڕووی ژمارەو دابەش بوونەوەوە، قەوارەی دانیشتوان لەمەودای دور هێزە، ئەوەش ڕونە کەبەبێ هێزێکی مرۆیی لەبار هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ هێز پەیدابکاو ئەمنی قەومی بپارێزێت، مێژو ڕونی کردۆتەوە کەهەر نەتەوەیەك هێزی پەیدا کردبێ ڕێژەی لەدایکبوون تێیدا هاوتای ئەم مەسەلەیە بووە، وەك ئەڵمانیاو ژاپۆن و دواتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٣- جگە لەوەش تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی کاردەکاتە سەر سیاسیەتی ناوخۆی وڵات، لەوانەش سیاسیەتی کشتوکاڵی کەئەم سیاسیەتەش کار دەکاتە سەر پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا.

٤- لەگەڵ ئەوەشدا زانینی ژمارەی دانیشتوان لەکۆنەوە تاوەکو ئێستا لەکۆمەڵگادا گرنگ بووە، بە تایبەتی بۆ زانینی ژمارەی گەنج، چونکە گەنج بنەمای هێزی کارکەرە لەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و سەربازی.

٥- هەروەها لایەنێکی گرنگی تر لەدانیشتواندا سەرژمێری کردنە بەئامانجی زانستی ژمارەی دانیشتوان و تایبەتمەندییەکانیان گرنگە بۆ پلان دانان بۆ داهاتوو لەسەرجەم بوارەکاندا.

٦- دانیشتوان بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دەستی کارکەر دادەنرێت، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەکرێکار و ئەندازیار و ..... هتد، کە لەسەرجەم چالاکیەکاندا دەور و کاریگەری خۆی هەیە، بۆ نمونە چالاکی کشتوکاڵی دەستی ئیشکەری زۆری دەوێت،

کەرتی کشتوکاڵی بەشێکە لەهێزی کارکەر لەوڵاتەدا کاردەکاتە سەر کەرتی کشتوکاڵ، بێ گومان پێش خستن و باش کردنی جۆری بەرهەم و زیادکردنی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەدەستی ئیشکەر، هەربۆیە بەبێ بوونی دەستی ئیش کەر ناتوانێت سودوەربگرێت لەچالاکیە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ کەلەژیانی ڕۆژانەیدا پێی هەڵدەسێت، لەبەرئەوە دانیشتوان بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لەبەرهەم هێناندا، ئەویش بەهۆی هێزی کار و فیکری فراوان و داهێنانی نوێ و تاقیکردنەوەی ئەمەش بەمەبەست پەیداکردنی جۆرە جیاوازەکان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە هەمە جۆرەکان.

٧- دانیشتوان فاکتەرێکی گرنگی کێشی سیاسی هەرێم یان دەوڵەت پێکدێنێ و ئەم فاکتەرە لەم ڕووەوە کاریگەرییەکەی لەکاریگەریی فاکتەرە سروشتی و ئابورییەکان کەمتر نیە، بەم پێودانگە دەوڵەت بەبێ گەل نابێ، ئەو گەلەش لەچوارچێوەی جوگرافیای ئەو وڵاتە یان ئەو هەرێمە دەژی، دانیشتوان بۆ هەڵسەنگاندنی هێزی دەوڵەت بایەخێکی زۆری هەیە، تەنانەت دەتوانرێ بگوترێ کەفاکتەرە مرۆییەکان گرنگترین فاکتەرن چونکە ئەو دانیشتوانەیان لێ پێکدێ کەلەسەر زەوی نیشتەجێن و داهاتی سروش بۆ خۆیان وەبەردێنن، دەوڵەتیش بۆ خزمەت کردنیان پەیدابووە، هەر مرۆڤیشە کەپرۆسەکانی ئابوری جێ بەجێ دەکات و ڕژێمی سیاسی پێکدێنێ.

٨- دانیشتوان سامانێکی نەتەوەییین و گرنگترین فاکتەری هێزی دەوڵەتن، دەوڵەت یان هەرێمی فرە دانیشتوان بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە یان ئەو هەرێمە هێزی مرۆیی هەیە، زۆری ژمارەی دانیشتوان لە سەردەمی کشتوکاڵ و پاش شۆڕشی پیشەسازی ڕۆڵێکی گرنگی لەتەرازووی هێزدا هەبووە چونکە ئەوسا هێز بەپێی ژمارەی چەکدار کێشانە دەکرا.

٩- لەڕوی سوپاییەوە توخمی دانیشتوان لەهۆیە گرنگەکانی دابین کردنی ئەمنی قەومییە چونکە قەوارەی دانیشتوان هەر یەکەیەکی سیاسی کاردەکاتە سەر دەسخستنی هێزی چەکداری هەمیشەیی و یەدەک، هەر دەوڵەتێک بیەوێ هێز پەیدا بکا یاخود بەهێز بمێنێتەوە، بەبێ زۆری ژمارەی دانیشتوان ئەم مەرامەی بۆ مەیسەر نابێ.

ئاشکرایە کەهێزی چەکدار لەچەند تەمەنێکی دیاری کراو پێکدێ، ئەمەش بەو واتایە دێ کەقەوارەی گەورەی دانیشتوان دنگەی بنەڕەتی پێکهێنانی سوپای گەورە پێکدێنێ، جگە لەمە دەبێ دانیشتوان ئەو توانایەیان هەبێ کەزیانەکانی سوپا لەکاتی جەنگدا بیژێرن، توانای سوپایی پێویستی بەخستنە گەڕی ژمارەیەکی زۆری لاوان هەیە، لەبەرئەوە سەرکەوتنی سوپایی لەکاتی جەنگدا، هاوپێچ لەگەڵ هەندێ فاکتەری

وەك ورەو چەك، بەندە بەژمارەی ئەوانەی دەتوانرێ بۆ جەنگ بنێردرێن و بەندە، بەژمارەی ئەو ژن و پیاوانەی لەبەرەی ناوخۆدا سودیان لێ وەردەگیرێ، دەوڵەت ئەگەر ژمارەیەکی گونجاو لەڕۆڵەکانی بۆ بوژاندنەوەی هەموو زەمینەکەی نەخاتە گەڕ، سەرورو سەربەرز نابێ.

گرنگی زۆری ژمارەی دانیشتوان لەچەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێ، یەکەم دانیشتوان شادەماری ئەو هێزە مرۆییە پێکدێنن کەهەم بۆ بەرگری و جەنگ پێویستە هەم بۆ هەڵسوڕاندنی دەزگا بەرهەم هێنەکان، بەڵام پەرەسەندنی تەکنیکی چەکسازی هەندێ لەڕواڵەتەکانی ئەم دیمەنەی گۆڕی و لەم ڕووەوە هێزی ئەتۆمی و چەکە پێشکەوتوەکان ئەم مەسەلەیە یەکلا دەکەنەوە، بەڵام لێرەش دەوڵەتە فرە دانیشتوانەکان لەدەوڵەتە کەم دانیشتوانەکان زیاتر هەلی ڕزگاربونیان هەیە.

١٠- ئاشکرایە کەداهاتی ئابوری ئەگەر سودی لێ وەرنەگیرێت نابێتە سامان، سود لێ وەرگرتنیش بەبێ ڕەنجی مرۆڤ نایەتە دی، واتە دەبێ دانیشتوان سود لەو داهاتە ببینن بۆ چەککردنی ئاستی ئابوریان، لێرەوە دانیشتوان فاکتەرێکی بنەڕەتی پەرەسەندنی ئابوری هەر هەرێمێك پێکدێنن، ئەویش بەپێی ئاستی زانستی و تەکنیکییان.

پەیوەندی نێوان دانیشتوان و ئابوری پەیوەندی پشت بەیەکتری بەستنە و هەردوکیان کاریگەری قوڵیان لەسەر یەکتری هەیە، چونکە دانیشتوان سەرچاوەی هێزی بەرهەم هێنانی هەرێمن و نێوەنجی گەشەی ئابوری بەندە بەئەندازەی کارایی ئابورییانەوە، ئەمەش کاردەکاتە سەر ئاستی گوزەرانیان، هەروەك پەیوەندی نێوان قەوارەی دانیشتوان و توانای بەرهەم هێنان و چۆنییەتی کەڵك وەرگرتن لەداهاتی سروشت و سیاسیەتی پەرەپێدانە، ئەویش بەسود وەرگرتن لەزانست و تەکنەلۆجیا، بۆ بەدی هێنانی خۆبژێوی و زێدە بەرهەم و سەرەنجام بۆ پەیداکردنی هێزێکی ئابوری کاریگەر، دیارە ئەمەش بەبێ بونی قەوارەیەکی گەورە دانیشتوان نابێ.

١١- ژمارەی گونجاوی دانیشتوان وزەیەکی ئابوری زۆر بۆ هەرێم یان دەوڵەت دابین دەکا بۆ سود وەرگرتن لەداهات و ساغکردنەوەی، لەبەرئەوە هەر دەوڵەتێك ژمارەیەکی گونجاوی دانیشتوانی هەبێ هەلێکی باشتری بۆ دەرەخسێ، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەدەوڵەتەکە لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و کانزاسازیدا هێزی کارکەری لەبەردەستدا دەبێ و بەهرە و شارەزایی جۆراوجۆری بۆ هەلدەکەوێ.

دەوڵەتە کەم دانیشتوانەکان هەندێ جار لەدامەزراندنی پیشەسازی ستراتیجی گەورەدا، وەك پیشەسازی قورس، دوچاری دژواری دەبن، هەروەك ژمارەی گونجاوی دانیشتوانی لێی ڕادەبینرێ بازاڕی خۆماڵی گرنگە بۆ بەرهەم هێنەرەکانی هەرێمەکە

یان دەوڵەتەکە دابین بکا, ئەمەش دەشێ بۆ زیادکردنی هێزی ئابوری دەوڵەت سودی لێ وەربگیرێ.

١٢- دەشێ بگوترێ کەژمارەی دانیشتوان و هێزی کارکەر دوولای یەك هاوکێشەن و زیادبونێکی ژمارەی لەدایکبونی نەوەیەك ئەوەیەك بەواتای زیادبونی هێزی کارکەری بەرهەم هێنەری ئەوەی دواتی دێ, واتە لێرەدا دانیشتوان فاکتەری کۆنتڕۆڵکەری پێشکەوتنن, ئەگەر چی دەوری فاکتەری دیموگرافی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە خەریکە خەفە دەبێ بەڵام ئەستەمە فاکتەرەکانی دیکەی بەرهەم هێنان جێی هێزی کارکەر (دانیشتوان) بگرنەوە.

## ٥٥- کیشوەری ئاسیا

کیشوەری ئاسیا گەورەترین کیشوەرە بەبەراوورد لەگەڵ کیشوەرەکانی جیهان کەڕووبەرەکەی (٤٣٧٣٠٠٠) ملوێن کیلۆمەتر چوار گۆشەیە درێژی کیشوەرەکە (٩٠) پلەیە لەپلەکانی بازنەی پانی ، لەو سەری باکور بۆ ئەو سەری باشور ئەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٧٨)ی باکور و (١٠)ی باشور، هەروەها دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (٣٠) لەسەر سنووری ڕۆژئاوای کۆماری تورکیا (١٩٠)ی ڕۆژهەڵاتی تەنگەبەری بێرنگ کە کیشوەری ئاسیاو ئەمریکای باکور لەیەك جیادەکاتەوە، ئەم کیشوەرە لەبەشی ڕۆژهەڵاتەوە بەسەر زەریادا درێژدەبێتەوە کەبەزۆری دورگەو نیمچە دورگە دەناسرێت وەك دورگەی (ژاپۆن –فلیپین–ئەندەنوسیا–تایوان).

هەروەها بەسەر بەشەکانی بەستەڵەکی باکوردا درێژدەبێتەوە, لەبەشی ڕۆژئاواوە زنجیرە چیاکانی ئۆڕاڵ لەکیشوەری ئەورووپای جیادەکاتەوە، هەروەها ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و دەریای سورو بەشەکانی ڕۆژئاوای دەریای عەرەبی لەکیشوەری ئەفریقای جیادەکاتەوە، وە لەبەشی باشوری کیشوەرەکەوە لەنیمچە کیشوەری هیندی پاکستانیەوە بەسەر زەریای هیندیدا درێژ دەبێتەوە، کوردوستانیش دەکەوێتە ئەم کیشوەرەوە.

ئەم ڕووبەرە فراوانە بووەتە هۆی دروست بوونی جۆرەها بارودۆخی سروشتی، باکوری ئەم کیشوەرە ئەکەوێتە ئەو پەڕی ناوچەی بەستەڵەکی باکور تائەگاتە بەشەکانی باشورو ناوەوەی هەرێمەکانی کەمەرەیی، هەروەها خاسیەتێکی کیشوەری لەئاووهەواکەیدا دەرکەوتووە, بەتایبەتی لەبەشەکانی ناوەڕاستی بەهۆی دوری وشکانییەکان لەکاریگەری دەریاکان کەلە (٣٠٠٠) کیلۆمەتر کەمتر نیە.

هەروەها ناوچەکانی ناوەوەی قارەکە وشکە بەهۆی دووریان لەدەریاوە سەرەڕای

ئەوەش دەورەدراون بەچەندین زنجیرە چیای بەرز کەهاتوچۆ پیایدا زۆر گرانە.

## گرنگی و تایبەتمەندییەکانی کیشوەری ئاسیا

١- کیشوەری ئاسیا بەگەورەترین کیشوەر دادەنرێت لەجیهاندا لەڕووی ڕووبەرەوە, بەشێکی گەورەی دەکەوێتە باکوری هێڵی یەکسانیەوە, بەڵام دوورگەکانی دەکەونە باشوریەوە, هەروەها هێڵی کەمەری بەناوەندی هەریەکەلە (بورینو, سلیس, یومحترە)دا تێدەپەڕێت و زۆربەی دورگەکانی تری دەکەونە باشوری هێڵی کەمەرەییەوە, بەناوبانگترینیان دوورگەی (جاوە, تەیمور, فلورنس).

٢- کیشوەری ئاسیا دەڕوانێت بەسەر جیهاندا لەهەر چوار دەروازەکەیەوە لەڕێگەی زەریاکانەوە جگە لەلای ڕۆژئاواوە نەبێت کەلە ڕێگەی زنجیرە چیاکانی ئۆراڵەوە بەستراوە بەئەوروپاوە, ئەم زنجیرە چیایانە زۆر لەجوگرافی ناسەکان بەسنورێکی سروشتی جیاکەرەوەی دادەنێن, ئەمەش بەهۆی کەمی بەرزییەکەی لەلایەك و بوونی دووکەلێن (فجوتین) لەباکورو باشوریەوە لەلایەکی تری, هەروەها لەنێوان هەردوو کیشوەرەکە لەلای ئەم چیایەدا بارودۆخی سروشتی و مرۆی لەیەکچو درێژ دەبێتەوە, هەندێ لەئاسیایەکان توانیویانە بەسەر ئەم چیایەدا بپەڕنەوەو لەبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا نیشتە جێبن, کۆمەڵێکی تر بەسەر کەلێنی باکوردا ڕۆشتون و لەچاخەکانی ڕابردودا لەباکوری ئەوروپادا نیشتەجێبوون, بەڵام لەڕۆژهەڵاتیەوە زەریای هادی لەکەنارەکانی ڕۆژئاوای هەردوو ئەمریکای جیادەکاتەوە و لەباشورەوە لە ڕێگەی زەریای هیندییەوە دەگاتە ئوسترالیاو کیشوەری جەمسەری باشور, هەروەها لەڕێگەی زەریای هیندیەوە دەگات بەڕۆژهەڵاتی ئەفریقا.

٣- پەیوەندی کردن بەکیشوەری ئاسیاوە لەڕابردو وئێستادا بەشێوەیەکی گەورە لەڕێگەی دەریاو زەریاکانی دەوروبەریدا بووە, لەو ڕووەوە کاریگەری بیانی لەم کیشوەرەدا بەتایبەتی کاریگەری ئەوروپاییەکان بەئاشکرا دیارە لەبەشەکانی دەوروبەری کەبۆ کەشتیوانی بەکار دێت, هەروەها نابێت کاریگەری کردنەوەی نۆکەندی سویس لەساڵی (١٨٦٩) پشتگوێ بخرێت لەڕووی چالاکی پەیوەندی بازرگانی ئاسیاو وڵاتانی جیهان ,دانیشتوانی ئاسیا لەکاتی ئێستادا شوێنێکی دیارو گرنگیان هەیە لەڕووی ئابووری و ڕامیاری جیهانیەوە.

٤- کیشوەری ئاسیا بەوە دەناسرێت کەجیاوازیەکی زۆری لەچڕی دانیشتوانیدا هەیە, وەبەچڕترین کیشوەر دادەنرێت لەڕووی دانیشتوانەوە بەتایبەتی لەناوچەی دۆڵی ڕوبارەکانی باشوری ڕۆژهەڵات, هەروەها لەو بەشانەدا کەناو خاکی بەپیتی

تێدایە, هەروەها لەهەندێ ناوچەی کیشوەرەکەدا چڕی دانیشتوانی مامناوەندەو هەندێ ناوچەی تریش چۆڵن لە دانیشتوان, لەگەڵ ئەمەشدا کیشوەری ئاسیا زۆرترین دانیشتوانی هەیە لە جیهاندا.

٥- کیشوەری ئاسیا بارودۆخی سروشتی و مرۆیی لەیەك ناچێ و جیاوازە, کەبەرزترین لوتکەی (ئەڤرێست) لەگەڵ هەندێ ناوچەی دەشتای ئاسان (منستە کەناگاتە ئاستی ڕووی دەریا, وەك ناوچەی (غور) لەئوردون, هەروەها لەڕووی ئاوهەواوە ساردترین ناوچەی لەجیهاندا دەکەوێتە باکورەوە, هەروەها ناوچەکانی کەمەریی گەرمەو بەدرێژای ڕۆژەکانی ساڵ بارانی لێدەبارێت, وەك لەڕوی ڕووەکی سروشتیەوە هەندێ ناوچەی دارستانی چڕو پڕی تێدایە, وەك هێڵی کەمەرەیی و هەندێ ناوچەشی ڕووتەو هیچ ڕووەکێکی تێدانیە.

٦- کەنارەکانی ئاسیا بەوە ناسراون کەپێچاوپێچی زۆریان تێدایە, لەگەڵ دەرکەوتنی نیوە دوورگەکان وەك نیمچە دوورگەی عەرەب و نیمچە کیشوەری هیندی لەباشورەوە نیمچە دوورگەی گەورە لەدەوروبەری کەناراوەکانی باشوری ڕۆژهەڵات دەرکەوتووە, وەك دوورگەی (سەفالین) ودوورگەی یابان و فلیپین و ئەندەنوسیا لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات, هەروەها سریلانکا و دوورگەی (مالدین) و (لاکریف) لەباشور.

٧- دەرکەوتنی جیاوازییەکی زۆر گەورەو ڕون لەڕوی شارستانی و مرۆییەوە زیاترە لەکیشوەرەکانی تری جیهان.

لەباشوری ڕۆژئاوای کیشوەرەکەوە (کوردو عەرەب و تورك وئێرانیەکان) بڵاو بونەتەوە جگە لەئەرمەن وئازربایجانیەکان ,وەلە هیندو پاکستانیش کۆمەڵە مرۆڤێك هەن کەجیاوازیەکی ئاشکرا لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت لەڕووی شارستانیەوە وەك (ئەفغان-بینجابین-کۆمەڵەی سیخ و بەنفالیەکان), هەروەها مەغۆلەکان لەچین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو باکوری بڵاوبونەتەوە, وە لەبەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکەوە چەند کەمایەتیەکی جۆراو جۆر (متعدد) دەرکەوتوون وەك هۆزەکانی (موی) لەهندی چینی و کۆمەڵی (مورد) لە فلیپین,

هەروەها لەڕووی بەراوردکردنی ئاینەوە ئیسلام لەبەشەکانی باشوری ڕۆژئاوای کیشوەرەکەو لەباشوری ڕۆژهەڵاتیدا بڵاو بۆتەوەو ئاسیا بەمەڵبەندی قورسی (سقل) دادەنرێت.

موسوڵمانەکان (٢٩٪)ی دانیشتوانی کیشوەرەکە پێکدینن ,وە زۆربەیان لە(دورگەی عەرەب و وڵاتانی شام و عێراق و ئێران و تورکیا)دان ,هەروەها ئاینی ئیسلام لەپاکستان وئەفغانستان و هیندو بەنگلادیش و ڕۆژئاوای چین و نیمچە

دوورگەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا بلاوبوەتەوە, لەهەر یەکە لە(بۆرماو تایلەندو چین) ئەم ئاینە لەژاپۆن و هەندێ لەبەشەکانی کۆریا بەباکور و باشوریەوە پەیڕەو دەکرێت ,هەروەها ئاییني مەسیحیش لەناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژئاواو باشوری کیشوەرەکەدا بلاوبووەتەوە.



نەخشەی ژمارە (٢٠) بەرزونزمی کیشوەری ئاسیا

## ٥٦- سەرژمێری دانیشتوان

سەرژمێری کردنی دانیشتوان بریتییە لەژماردنێکی گشتگیری دانیشتوان لەناوچەیەکی دیاری کراو (زۆر جار دەولەت) سەرژمێری دانیشتوان وێنەیەکی نەگۆڕی قەبارە و تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانە لەکاتێکی دیاریکراو کەبەژمارە گوزارشتی لێ دەکرێت، سەرباری ژماردنی دانیشتوان زۆربەی سەر ژمێرییەکان داتای دیکە کۆ دەکەنەوە وەك تەمەن، جۆر، شوێنی نیشتەجێ بوون و شوێنی لەدایك بوون، داهات، پیشە، ئاستی ڕۆشن بیری، ئایین، ئەو زانیاریانەی لەسەر ژمێری کۆ دەکرێنەوە پشت بەمەودای فەراهەم بوونی لایەنی مادی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە دەبەستێ، چونکە سەرژمێری پرۆسەیەکی سەرەکیە و خەرجییەکی زۆری دەوێت و پێویستی بەئەزموونی بالاو پلان ڕێژی هەیە تاسەر بکەوێ.

## گرنگیەکەی

١-زانینی زانیاری دەربارەی ژمارەی دانیشتوان و دابەش بوونیان لەناوچەی دیاری کراودا .

٢-زانینی زانیاری سەبارەت بەپەرەسەندن و گۆڕان کارییە بەردەوامەکانی دانیشتوان وەك (لەدایك بوون ،مردن،کۆچ کردن ،ژن و مێردایەتی ،جیابونەوە.......هتد) .


٣- زانینی ژمارەی دانیشتوان و داتای ورد لەسەر ژمارەو جۆری تەمەن و دیاری کردنی ئاستی تەمەنەکان گرنگی تایبەتی خۆی بۆ دەوڵەت چونکە لەڕێگەیەوە دەوڵەت چەندین سودی لێ وەردەگیرێت ئەگەر بزانین تەمەنی دانیشتوان لەچەندایە ئەوا دەتوانین هێزی کار لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و چالاکی تر دیاری بکەین کە سەرچاوەیە بۆ ئابوری وڵات, لەگەڵ ئەوەشدا زانینی ژمارەی دانیشتوان لەڕێگەی سەرژمێرییەوە دەتوانین بەشێوەیەکی ورد دیاری بکەین.

٤- هەروەها سەرژمێری و دەستکەوتنی زانیاری ورد لەسەر دانیشتوان بەبنەمایەکی سەرەکی هەڵبژاردنیش دادەنرێت, هەر وڵاتێك گەشەی دانیشتوانی نەزانێت ئەوا ژمارەی دانیشتوانیش نازانێت و بەمەش لەکاتی هەڵبژاردندا کێشەی گەورەی بۆ دروست دەبێت و هۆکارە بۆ بوونی هەڵبژاردنێکی نادروست وەك ئەوەی کەئێستا لەکوردستان و عێراقدا هەیە بێ ئەوەی سەرژمێری دانیشتوان بکەن هەڵدەستن بەهەڵبژاردن ئەمەش چەندین کێشەی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە گرفتێکی سەرەکی وای دەکات هەڵبژاردنەکە خەشی زۆری تێ بکەوێت, چونکە وەك باسمان کرد سەرژمێریەکی تەواو نیە بۆ دانیشتوان تابەتەواوی ئاماری دانیشتوان پیشان بدات و لەڕێگەیەوە بەپاکی هەڵبژرادنەکە ئەنجام بدرێت بۆیە هەمیشە کێشە لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دروست دەبێت لەکوردستان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

## ٥٧- گەنم

کشتوکاڵی گەنم لەو ناوچانەدا دەکرێت کەبڕی باران بارینیان لەنێوان (٢٦٠-٧٦٠) ملم, سەرکەوتنی کشتوکاڵ کردنی بەندە بەتوانای ئەو بارانەی کەهەیەتی، خاکی گونجاو بۆ چاندنی گەنم خاکی تێکەڵی گڵی بەپیت و کەم خوێ یە کەڕێژەیی ترشەکەی (٦-٦,٥) بێت, هەروەها لەپلەی گەرمای جیاوازدا کشتوکاڵ کردنی سەرکەوتوو دەبێت بەمەرجێك درێژی وەرزی گەشەسەندن کە ماوەی (١٠٠) ڕۆژ زوقمی تێدا ڕوونەدات, لەبەرئەوە لەو ناوچانەدا کەپلەی گەرما زۆر دێتە خوارێ لەوەرزی بەهاردا کشتوکاڵ دەکرێت, هەروەها بەرزبونەوەیەکی زۆری پلەی گەرما لەگەڵ شێیەکی زۆردا کاردەکاتە سەر کشتوکاڵی گەنم, لەبارەی ئەوەوە کەبەهەڵم بوون کەم بێت لەوەرزی کشتوکاڵدا بارانە کەبباریت بەمەرجێك لەوەرزی پایزدا چالاکی

دەست پێ بكات ئەوە گرنگە بۆ گەشە كردنی ڕووەكە كەپێش ئەوەی وەرزی زستان بێت، بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە كشتوكاڵی گەنمی بەهارە دەردەكەوێت، بەڵام كەمیی باران دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەم هێنان كەم و پچڕ پچڕ بێت.



وێنەی ژمارە (١١)
گەنم لە هەرێمی كوردستان

## گرنگیەكەی

١- گومان لەوەدا نیە كەگەنم چ لەڕووی پێكهاتەی خۆراكەوە چ لەڕووی بایەخی گرنگی لەناو سیستەمەكانی خۆركدا، لەگرنگترین و فراوانترین ئەو بەروبومانەی كشتوكاڵە كەڕوبەڕێكی بەرینی كشتوكاڵی لەدەوڵەتان و كیشوەرەكانی جیهان بۆ خۆی پاوان كردووە، لەو هۆیانەی كەوای كردووە گەنم و بەروبومەكانی بایەخێكی گرنگ هەم لەسیستمی خۆراكدا پەیدا بكەن هەم لەپێكهاتەی بەروبومی زەوی كشتوكاڵدا، ئەوەیە كەگەنم لەڕووی خۆراكەوە هاوسەنگی یەكی باشی لەنێوان كاربۆهایدرات و پرۆتینندا ڕاگرتووە كە لەدواتردا باسی لێوە دەكەین، چەندین سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كەدەشێ گەنم نیوەی پێویستی لەشی مرۆڤ بۆ پرۆتینی ڕووەك دابین بكا.

ئەگەر چی سیستەمی خواردنی دانیشتوانی جیهانی پێشكەوتوو جیاوازە لەسیستەمی خواردنی دانیشتوانی جیهانی گەشە كردوو لەڕووی ڕێژەی بڕی بەروبومە سەرەكیەكانی گەنم، بەتایبەتی نان یاخود سەمون یاخود شتی لەم جۆرە، بەڵام ئەمە ئەوە ناشێوێنێ كەئەم كەرەستە بنچینەیەیی خۆراك لەهەردوو سیستمدا هەیە، لەم ڕووەوەبەرزی ئاستی داهات و ئاستی گوزەرانی وڵاتانی جیهان نەبۆتە هۆی وەلانانی بەروبومی گەنم لەسیستەمی خۆراك و سەبەتەی خۆراكی تاكە كەس و خێزان.

٢- دەنكی گەنم لە(٦٣- ٧٠٪)ی نیشاستەیە، لە(١٥٪)ی ڕۆنە و بڕێكی باش

پرۆتینی تێدایە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٨-١٧٪)، هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکی کاربۆهایدراتە کە لەش بە ووزەی گەرمی پڕدەکاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆرو بڕی ئەو کلۆتینەی کەلەگەنم دایە و جۆر و چاکی ئەو ئاردە دیاری دەکەن کەبۆ نان دروست کردن بەکاردێت، ڕێژەی کلۆتین لەئاردی باش بۆ نان لە(٣٠- ٣٥٪)ە.

٣- هەروەها گەنم ڤیتامین (بی ١، بی٢)ی تێدایە، لەگەڵ بوونی چەندین خوێی کانزایی تێیدا وەك (کالیسۆم و مەگەنیسۆم و ئاسن .... هتد).

٤- گەنم ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەبازرگانی نێو دەوڵەتیداو جێگەیەکی گرنگی هەیە لەئابووری وڵاتاندا، جا وڵاتی هاوردەنی گەنم بێت یان وڵاتی ناردەنی گەنم بێت، لەبەرئەوە گەنم لەبەروبوومە کشتوکاڵییەکانە کە بەردەوام دەچێتە بازرگانی نێو دەوڵەتییەوە ، ئەم شمەکە گرنگی زۆرەو دەسەڵات و حکوم دەداتە دەست وڵاتی ناردەنی گەنم بەسەر وڵاتی هاوردە هەژاردا، وەك هەڵس و کەوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر وڵاتی هاوردە هەژار کەگەنمیان بۆ دەنێرێت، لەبەرئەوە گەنم دەورێکی گرنگی هەیە لەپەیوەندییە بازرگانییە سیاسییەکانی دەرەوە.

ئەمڕۆ دەوڵەتە پەیوەندیدارەکانی جیهان پەییان بەوەبردووە کەپێویستە تەگبیرو هەنگاوی نێودەوڵەتی گونجاو بۆ ڕێکخستنی بازرگانی گەنم هەبن، لەم سەروبەندەدا لەساڵی (١٩٧١) لەژنێڤ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی گەنم مۆر کرا، لەوساتەوەختەوە ئەنجومەنی نێودەوڵەتی گەنم لەئارادایە، کەئەویش کۆمیتەیەکی تایبەت بۆتاوتوێکردنی بازاڕ و هەل و مەرجی تایبەت بەبەرهەم هێنان و بەکاربردنی نرخی گەنمی لێ کەوتەوە، لێرەوە بایەخی ئابووری و ڕێکخستنی بازرگانی جیهانی گەنم بەپێی بنەماو دەستورێکی یاسایی نێودەوڵەتی دەردەکەوێت.

هاتنەناوەوەی گەنم بۆ نێو بواری بازرگانی بەمەودایەکی فراواندا دەنرێت، بەهۆی پێشکەوتنی ڕێگای گواستنەوەو گەیاندنەوەیە لەناوچەی بەرهەمهێنانەوە بۆ ناوچەی بەکاربردنی.

بازرگانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بەتایبەت بازرگانی کردن بەگەنمەوە کاتێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، کەواز لەسیستمی کۆنی بازرگانی کردن بهێنرێت و جۆرە هاوسەنگییەك دروست بکرێت لەنێوان وڵاتی بەرهەم هێنەرو وڵاتی بەکارهێنەردا، بەرەچاوکردنی زیادبوونی دانیشتوان لەپێناو پڕکردنەوەی پێویستی و ئاوەدانکردنەوەو چاککردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان.

٥- گەنم نانی دانیشتووانە کلیلی ئەمنی خۆراکەو بەروبوومی خۆراکی یەکەمە، پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ زیادکردنی بەرهەمەکەی بەجۆرێك کەپێویستییەکانی دانیشتوان پڕ بکاتەوە، کاتێك ئەمنی خۆراکی دێتە دی بەدابینکردنی تواناکانی

مادی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کەسێك لەهەموو کاتێکدا، بەدابینکردنی خۆراکی تەواو تەندروست کەپێویستی ڕۆژانەی خۆراك دابین بکات بەگوێرەی خواستە خۆراکییەکان و دابینی ژیانێکی تەندروست و کارامە بێت، واتە ئاسایشی خۆراك مانای( بوونی کەرەستەی خۆراکی بەشێوەیەك کە پێداویستییە گرنگەکانی دانیشتوان پڕ بکاتەوە لەدابینکردنی کەرەسەی خۆراکی پێویست بۆ دانیشتوانی هەرێمەکە یان دەوڵەتەکە) ، هەموو کەسێك پێویستی بەخۆراکی جۆراو جۆرە بۆمانەوەو بەردەوام بوونی لەژیان ، لەکاتی ئێستادا کێشەی خۆراك هەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەگرتۆتەوە، لەبەر ئەوە کێشەی خۆراك گرنگییەکی زۆری هەیە بەنیسبەت نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کەپەیوەندییان پێوە هەیە، جگە لەگرنگی پێدانی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەو وڵاتانەی کە دەناڵێنن بەدەست کێشەی خۆراکەوە.

٦- گرنگی گەنم لەئەمنی خۆراکدا بەئاشکرا دەردەکەوێت و لەڕیزی پێشەوەی پێویستییە سەرەکیەکانی ئەمنی خۆراکە, قەیرانی خۆراك لەگەوهەردا قەیرانی گەنمە و لەم ڕووەوە هەموو ڕاپۆرت و ئامارە نێودەوڵەتی یەکان کاتێك باسی قەیرانی خۆراك دەکەن, لەو ڕوانگەیەوە مەسەلەکە تاوتوێ دەکەن کەئەو قەیرانە بریتیە لەنەبوونی ئەو بڕەی گەنم کەخواستی جیهانی پێ دابین دەبێ و لەم سەروبەندەدا بەشێکی زۆری بۆچونی ناو ڕاپۆرتەکانی دام ودەزگا نێودەوڵەتیەکان وای بۆ دەچن کە هۆی شێواوی و شپرزیی بازاڕی گەنم بۆ زیاد نەبونی بەرهەم بەئەندازەیەك کەخواستی جیهانی پێ دەستە بەر ببێ, دەگێڕێتەوە و لەم بارەیەوە پێیان وایە ئەم لاسەنگی یە لەئایندەدا تادێ دژواتر و تیژتر دەبێ.

٧- گومان لەوەدا نیە کەگەنم لەگرنگترین بەروبومەکانی جیهانەو لەڕوی قەوارەی گۆڕینەوەی بازرگانییەوە لەپێشی پێشەوە کەرەستەکانی خواردنە, جگە لەوە کەرەستەیەکی سەرەکیشە کە چەمکی ئەمنی خۆراك پێوەی بەستراوەتەوە, بەتایبەتی لەلای دەوڵەتە گەشەکردووەکان کەخۆراکی ڕۆژانەی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانیان پشت بەگەنم دەبەستێ, جگە لەوەی کەزۆربەی وڵاتە گەشەکردووەکاندا گەنم یەکێ لەگرنگترین کەرەستە هاوردەکان پێکدێنێ, لەبەرئەوە وڵاتە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنان و ناردنی گەنم دەتوانن وەك چەکێکی گوشاری ئابوری لەدژی وڵاتە کڕیارەکان بۆ بەدی هێنانی ئامانجە سیاسی و ستراتیجی یە جیاواز و تێکهەڵکێشەکان بەکاری بێنن.

# ٥٨- کیشوەری ئەوروپا

کیشوەری ئەوروپا یەکێکە لەکیشوەرە بچوکەکان لەنێوان کیشوەرەکاندا، ئەم کیشوەرە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٦-٧١) پلەی باکورو هێڵی درێژی (١٠) ڕۆژئاوا و (٦٧) پلەی ڕۆژهەلات، دەکەوێتە نیوە گۆی باکوری زەویەوە، پێوانەی ڕوبەرەکەی دەگاتە نزیکەی (١٠,٦) ملیۆن کیلۆمەتر دووجا، بەمە کەمترە لە(٧٪) یان (٨٪) کۆی ڕوبەری وشکانی، ئەمە زیادە لەئوسترالیا و بچوکترین کیشوەری جیهانیشە وە ئەگەر بەراوردبکرێت لەگەڵ کیشوەری ئاسیا چوار ئەوەندەو نیو لەکیشوەری ئەوروپا گەورەترە.

لەسەر نەخشە ئەم کیشوەرە وەك نیمچە دورگەیەکی گەورەیەو لەکیشوەری ئاسیاوە درێژ بۆتەوە بەرەو ڕۆژئاوا، کیشوەری ئەوروپا لەباکورەوە زەریای بەستەڵەکی باکورو لەڕۆژئاواوە زەریای ئەتڵەسی و لەباشورەوە دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش سنوری ئاوی کیشوەرەکە پێکدێنن، لەڕۆژهەلات لەوشکانی بەکیشوەری ئاسیاوە بەستراوەتەوە تەنها زنجیرە چیایەکی نزم کەبریتیە لەزنجیرە چیای ئۆراڵ لەیەکیان دادەبڕێت.

چڕی دانیشتوانی ئەوروپا جیاوازە بەشێوەیەکی ئاشکرا، تێکڕای لەزەویە نزمەکان لەڕۆژئاوای کیشوەرەکە نزیکەی (٩٣٠) کەس لەیەك کیلۆمەتر دوجا بۆ نمونە ئەبینی ئەم ڕێژەیە کەم دەبێتەوە هەرچەندە بەرەو باکوری یان ڕۆژهەلاتی کیشوەرەکە بڕوین.

تێکڕای چڕی لەنەرویج (٣٥) کەسە لەیەك کیلۆمەتر دوجادا. دانیشتوانی ئەم کیشوەرە لەپێشەنگی ولاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکانە کەبەشداری لە(٥٠) بازرگانی جیهانی دەکەن.

هەروەها ئەم کیشوەرە هاوبەشی ئەکات لەئامادەکردن و بەرهەم هێنانی زیاتر لەنیوەی بەرهەمە خۆراکیەکان بۆ دانیشتوانی گۆی زەوی بێجگە لەو کانزا زۆرەی کەلەناوەکەیدایەو بۆتە هۆی دەوڵەمەندی و بەکاربردنی لەپیشەسازیدا.

## گرنگی و تایبەتمەندی کیشوەری ئەوروپا

١- بچوکترین کیشوەرە لەدوای کیشوەری ئوستراليا کەڕووبەرەکەی دەگاتە (٤٣٧٣٠٠٠) ملیۆن کیلۆمەترچوارگۆشە.

٢- دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی پانی (٧٨-١٠) باکورو ،هێڵی درێژی (٣٠-١٩٠) هەتا بەرزایەکانی ئۆراڵ،ئەمەش مانای ئەوەیە کەزۆربەی ناوچەکانی دەکەوێتە

چوارچێوەی هەرێمی مامناوەندی باکور.

٣- هەروەها تایبەتمەندە بەوەی کەوشکانیەکەی تاکو قولایەکی زۆر ئاوی دەریاکان دەچێتە ناوی .

٤- زۆربەی پێچاوپێچی کەنارەکانی درێژبوونەوەی بەڕادەیەکی زۆر ئەمەش وای لێ کردووە لەپێشەنگی هەموو کیشوەرەکان بێت لەدرێژی کەنارەکانی بەبەراوورد بەرووبەرەکەی و درێژی کەنارەکانی دەگاتە (٤٠هەزار)کم, ئەمەش وای کردووە لەم ناوچەیەدا کەنداوی دەریای زۆربێت و زۆربەشیان دەست بدەن بۆ درووست کردنی بەندەر .

٥- فراوانی وشکانی ئەوروپا لەڕۆژهەلات و تەسکی لەڕۆژ ئاوا.

٦- بەچڕترین کیشوەر دادەنرێت لەدوای کیشوەری ئاسیا.

٧- تەنها پێنج دەولەت لەکیشوەرەکە سنوری ئاویان نییە پێیان دەوترێت دەولەتە داخراوەکان وەك (لۆکسمبۆرگ,سویسرا,نەمسا,چیك,هەنگاریا,سلۆڤاکیا) .

٨- هەروەها تایبەتمەندە بەزۆری نیوە دوورگە, وەك (نیوە دوورگەی ئەسکەندەناڤیا, بەلقان, ئیتالیا, ئیبریا(ئیسپانیاوپرتوگال)....هتد.

٩- هیچ زەویەك نابینرێت کە ٦٤٠ (چوار میل) دوربێت لەئاوەوە, ئەوەش وای کردووە کەگرنگیەکی تایبەتی هەبێ لەڕووی ئابوری و ئاووهەواوە.

١٠- چڕی دانیشتوانی لەهەموو کیشوەرەکانی دیکە زۆر ترە لەدوای ئاسیاوە.

١١- دەربارەی سنوری کیشوەرەکە لەباکوری دەریای بەستەلەکی باکورەوە وە لەڕۆژئاوای ئۆقیانوسی ئەتلەسیەوە, لەباشوری ئاوەکانی دەریای ناوەڕاست و ئاوی تەنگەبەری بۆسفۆڕو دەردەنیل و مەمەڕە و دەریای ڕەش لەڕۆژهەلاتی, سنورەکەی ڕوون نیە لەنێوان ئەم کیشوەرەو کیشوەری ئاسیا, چیاکانی ئۆڕاڵ و ڕووباری ئۆڕاڵ و بەرزایەکانی قەوقاز دادەنرێت بەسنوری جیاکەرەوەی هەردوو کیشوەرەکە.

١٢- بچوکترین کیشوەرە دوای کیشوەری ئوسترالیا.

١٣- لەڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتنی تەواوی بەخۆیەوە بینیوە لەسەر ئاستی کیشوەرەکانی تر.

١٤- کیشوەری ئەوروپا شێوەی نیمچە دورگەیەکی وەرگرتووە.



نەخشەی ژمارە (٢١) بەرزونزمی کیشوەری ئەورووپا

## ٥٩- جۆ

جۆ لەڕووی وەسفی ڕووەکییەوە لەخێزانی نەجیلییە، ڕووەکێکی گیاییە، قەد ڕاوەستاوە، خاکی گونجاو بۆچاندنی جۆ خاکی تێکەڵی بەپیتە لەگەڵ ئەوەشدا بەرگەی سوێری خاك دەگرێت, بەشێوەیەکی گشتی لەگەنم دەچێ گەڵاکانی گەورەن، ڕەگەکەی ڕیشاڵی یە لەڕەگی گەنم دەچێ لەڕووی پێك هاتن و بڵاو بونەوەیان، دەگەنە قوڵی (١-٣)م، گوڵی جۆ لەگوڵی گەنم دەچێت، گوڵەکەی ئاوێتەیە وەکو گوڵی گەنم لەچەند گلۆکەیەك پێکهاتوەو هەرگلۆکەیەك یەك گوڵی تێدایە، دەنکی جۆ درێژییەکەی لەنێوان( ٨-١٢) ملم، ئەستوورییەکەشی (٢-٣) ملم, جۆ لەگەنم زیاتر بەرگەی گەرمای بەرز و بارانی کەم دەگرێت بۆیە زیاتر لەو ناوچانەدا دەکرێت کەڕێژەی باران بارینیان کەمەو پلەی گەرمیان بەرزە, وەك چاندنی جۆ لەناوچەکانی باشورو ناوەڕاست و چاندنی گەنم لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان (باکور).

### گرنگیەکەی

١- لەڕووی بەهای خۆراکییەوە بەهای خۆراکی جۆ وەك بەهای خۆراکی گەنم و شێلمە، دەتوانرێ جۆ تێکەڵ بەگەنم بکرێ بەڕێژەیەکی دیاری کراو، بۆ سوود وەرگرتن لەبەرهەمی ناوخۆی جۆ، لەجیاتی هێنانی ئەو بڕە گەورەیە لەگەنم ساڵانە، دۆزینەوەی جۆرە یەکسانییەك لەنێوان بەکارهێنان و بەرهەم هێنانی گەنم و جۆی ناوخۆدا.

٢- ڕێژەی بەکارهێنانی جۆ بۆخۆراکی مرۆڤ نزم دەبێتەوە، بەهۆی پێش کەوتنی چاندنی دانەوێڵەی پەسەند ( گەنم و برنج) لەلایەن دانیشتووانەوە

٣- جۆ بەگرنگترین دانەوێڵەی ئالیك دادەنرێت و یەکێکە لەو بەروبوومانەی کەوەك

پێکهاتەی ئالیك بەکاردەهێنرێت بۆ ئاژەڵ، تۆوەکەشی دەوڵەمەندە لەمادەی نیشاستەو پرۆتین کەبڕی ڕێژەکەی دەگاتە ( ١٢٪ )، وەك ئالیکی دانەوێڵە ئالیکی سەوز بەکاردەهێنرێت بۆ ئالیکی ئاژەڵ.

٤- جۆ لەدروست کردنی خواردنەوە کحولییەکان وەکو بیرەو ویسکی بەکاردەهێنرێت.

٥- جۆ لەدروستکردنی مۆڵت بەکاردەهێنرێت، لەمۆڵت جۆرێك لەهەنگوین دروست دەکرێت کەدەچێتە دروستکردنی شیرینییەوە، هەروەها مۆڵت دەچێتە دروستکردنی سرکەو خەمیرەوە.

٦- جۆ لەدوای لێکردنەوەی توێکڵەکەی پێی دەڵێن جۆی مرواری، بۆ بواری پزیشکی و خواردنی منداڵ بەکاردێت.

٧- زانایانی ژینگە بۆیان دەرکەوتووە کەجۆ توانای هەیە بۆ کەم کردنەوەی پیس بوونی ژینگە لەتیشکی گەردوونی وەك تیشکی سەروو وەنەوشەیی.

٨- گرنگی جۆ لەئەمنی خۆراکداو لەکاتی برسێتی و کەم بارانی دا جێگەی گەنم دەگرێتەوە، لەدروستکردنی ناندا لەلادێ هەژارەکاندا بەکاردەهێنرێت، واتە لەکاتی کەم گەنمیدا جۆ دەبێتە ماددەیەکی سەرەکی خۆراکی ئادەمیزادو دەکرێتە نان، یاخود وەك لەکاتی سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری لەساڵی (١٩٩١ ) بەسەر عێراقدا، زۆربەی دانیشتووانی هەژارو کەم دەرامەت جۆیان دەکردە نان لەبەر بەرزی نرخی گەنم توانای کڕینی گەنمیان نەبوو، لەبەرئەوە جۆ جێگەی گەنم دەگرێتەوە لەبارودۆخی سەختی و گۆڕانی ئابووری دا.

٩- جۆ لەئێستادا گرنگییەکی گەورەی جیهانی هەیەو دەچێتە نێو بواری بازرگانی نێودەوڵەتییەوەو بەبڕی گەورە، بەتایبەتی لەدوای فروان بوونی مەودای بەکارهێنانی وەك ماددەیەکی سەرەتایی لەزۆر پیشەسازی دا.



نەخشەی ژمارە (٢٢)
دابەش بوونی بەروبومەکانی دانەوێڵە لە جیهاندا (جۆ)

# ٦٠- ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا

یەکێکە لەوڵاتە پێشکەتووەکانی جیهان و دەکەوێتە کیشوەری ئەمریکای باکور، لەنێوان هێڵی پانی(٢٥- ٤٩) باکور و هێڵی درێژی (٦٧- ١٢٥) ڕۆژئاوای هێڵی گرینج، شوێنی جوگرافیا وڵاتەکەش دەکەوێتە نیوەی باکوری گۆی زەوی یەوە و دەورەدراوە بەزەریای ئەتڵەسی لەبەشی ڕۆژهەڵات و زەریایی ئارام (هادی) لەبەشی ڕۆژئاواو زەریایی بەستەڵەکی باکور لەبەشی باکوری کەنەدایەو کەنداوی مەکسیك و دەریای کاریبی دەکەونە بەشی باشورییەوە، چەندین جۆر هەرێمی ئاووهەوای بەهۆی جیاوازی بەرزونزمی ڕوی زەوی، هەروەها چەندین جۆر خاکی تێدایە کەهەموو جۆرە بەروبومەکانی کشتوکاڵی تێدا دەکرێت، بەوڵاتێکی پیشەسازی و بازرگانی گرنگ دادەنرێت لەجیهاندا کەبەردەوام پاڵەپەستۆ دروست دەکات بۆ دەوڵەتانی دوژمنی.

## گرنگیەکەی

١- شوێنی جوگرافیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگی یەکی تایبەتی هەیە و لەسێ لاوە بەئاو دەورە دراوە، لەباشورەوە کەنداوی مەکسیك و دەریایی کاریبی و لەڕۆژهەڵاتەوە زەریایی ئەتڵەسی و لەڕۆژئاواوە زەریایی هادی و لەباکورەوە کەنەدا، ئەم سێ لایەی کە بەئاو دەورەدراوە گرنگی تایبەتی هەیە لە ڕووی گواستنەوەوە چونکە گواستنەوەی ئاوی هەرزانترین ڕێگای گواستنەوەیە لەجیهاندا، بۆیە گرنگترین ڕێگەی بازرگانی دەکەوێتە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوای ئەوروپا کەنزیکەی لە (٨٠٪)ی بازرگانی جیهانی تێدا دەکرێت.

٢- شوێنی فەلەکی وڵاتەکە کەمەبەستمان لەشوێنە بەگوێرەی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، کەدەکەوێتە نێوان هێڵی پانی(٢٥- ٤٩) باکور و هێڵی درێژی (٦٧- ١٢٥) ڕۆژئاوای هێڵی گرینج، ئەمەش دەبێتە هۆی جۆراوجۆری هەرێمە ئاووهەوایەکان و بەمەش جۆراوجۆری بەروبومە کشتوکاڵ بەدوادا دێت.

٣- گرنگی پێش کەوتنی ئەمریکا لەڕوی کشتوکاڵی و پیشەسازی یەوە کەئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەزۆر لەبەروبومە کشتوکاڵییەکان بەشێوەیەی بازرگانی بەرهەم دەهێنێت و بەشداری پێ دەکات لەبازاڕی ناوخۆی و دەرەکی دا کەهەندێ لەم بەروبومانە دەچنە پیشەسازییەوە جگە لەمەش بوونی دەستی کارکەری هەزاران لەهەردوو بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ کەزۆربەیان پسپۆڕن لەم دوو بوارەدا لەوڵاتانی ترەوە هاتوون.

٤- ئەمریکا بەشوێنێکی گرنگی بازرگانی جیهانی دادەنرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەشوێنێکی ستراتیجی وەرگرتووە کەبەردەوام گرنگیەکی تایبەت و بەهێزی هەیە،

هۆکاری ئاسانی گواستنەوەیە چ لەڕێگەی وشکانی یەوە بێت یان ئاوییەوە بێت، کەڕێگای ئاوی وەك پێشتر ئامارەمان بۆ کرد بەڕێگەیەکی بازرگانی هەرزان دادەنرێت، ئەوەش بریتیە لەڕێگای گواستنەوەی ئاوی نێوان ڕۆژهەلاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوای ئەوروپا بەتایبەت ولاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا لەڕێگەی زەریایی ئەتلەسیەوە، کەولات گەلێکی پێش کەوتوون لەسەرجەك بوارەکاندا بەتایبەت بواری پیشەسازی و بازرگانی کەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.

هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لەڕێگەی ئەم ڕێگە بازرگانیەوە دەتوانێت بڕێکی زۆر شمەك و بەروبومە جیاوازەکانی کشتوکال و پیشەسازی و هەنارده بکات و لەهەمان کاتیشدا نەوت هاوردە بکات لەڕێگەی دەریای ناوەڕاست بۆ زەریایی ئەتلەسی لەوێوە بۆ ئەم ولاتە، هەروەها لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت کالا بازرگانیەکان بگەیەنێتە ناوچە جیاوازەکانی جیهان، بەتایبەتی ناردنی بڕێکی زۆر بەرهەمی کشتوکالی وەك گەنم کەبەگەورەترین و فراوانترین هەرێمەکانی گەنمی بازرگانی دادەنرێت لەجیهاندا کەدەتوانێت بڕێکی زۆر بنێرێتە دەرەوە لەڕێگەی بازرگانیەوە، لەگرنگترین جۆرەکانی گەنمەشامی لەو لیستەدایە کەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەناردەی دەکات وەك بەروبومێکی کشتوکالی لەوانەش گەنمەشامی (ڕەق و نەرم و زستانە و بەهارە).

٥- هەروەها تۆڕەکانی گواستنەوە بەشێوەیەکی گشتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپێش کەوتوترین ڕێگاکانی گواستنەوە دادەنرێت لەڕوی جۆر و چۆنییەتی یەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی ئەمریکا بەستراوەتەوە بەو ڕێگایانەی کەگیراوەتە بەرمەبەستیش لەم ڕێگا ئاویانە وەك دەریاچە گەورەکان و ڕوباری میسیسپی کەڕۆلێکی گرنگیان بینی لەدۆزینەوەی بەشێکی فراوانی کەنەدادا. هەروەها گواستنەوەی لەڕێگەی نۆکەندی پەنەماوە یەکێکە لەپێش کەوتوترین ڕێگەکانی گواستنەوەی ئاوی لەئەمریکادا کەبڕێکی زۆر شمەکی جۆراوجۆر دەنێرێت بۆ ئەمریکای ناوەڕاست و باشور.

٦- بوونی هەمە جۆرەی ئاووهەوا لەم ولاتەدا وای کردووە لەڕوی جوگرافیای سیاسیەوە گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە ئاووهەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چالاکیە جۆربەجۆرەکانی جەنگ، هەروەها ڕوبەری فراوانی ولات وای کردووە کەدیسان لەڕوی جوگرافیایی سیاسیەوە گرنگی هەبێت، چ بۆ بەرگری کردن بێت یان بۆ هێرش کردن بێت لەکاتی جەنگەکاندا، هەروەها شوێنی ئەمریکا گونجاوەو دوورە لەکێشە جیهانیەکان چونکە ولاتی ئەمریکا دورە دەستە و لەکێشە و بەربەرەکانیەکاندا

کەمتر توشی زەرەرە و زیان دەبێت هەرچەندە بەڕێژەیەکی زۆریش بەشداری جەنگ و بەربەرەکانیە نێودەوڵەتیەکان دەکات.

٧- هەروەها بەهۆی فراوان ڕوبەرەکەیەوە وای کردووە چەندین جۆری ئاووهەوای تێدا دروست بووە، ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵیە جۆراوجۆرەکان، بۆیە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین جۆر بەروبومی جیاوازی تێدا بەرهەم دەهێنرێت کەپەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەسەر باری ئابوری وبازرگانی، هەروەها ڕێژەیەکی زۆری لەم بەرهەمە کشتوکاڵیانە دەنێرێتە بازاڕە گەورەکانی جیهانەوە لەڕێگەی بازرگانی دەرەکیەوە.

٨- هەروەها بڕێکی باش بەرهەمی نەوتی تێدا بەرهەم دەهێنرێت و لەباشترین جۆری نەوت لەجیهاندا و نرخەکەشی بەرزترین نرخی تۆمار کردووە لەجیهاندا لەبەرامبەر ناوچەکانی تری جیهاندا، بەڵام ئەم ڕێژەی بەرهەمی نەوت بەشی ناوخۆی ئەمریکا ناکات بەهۆی پێش کەوتنی لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژانەدا بە تایبەت لەبواری پیشەسازی، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی یەکانی پشت بەهێنانی نەوت دەبەستێت لەدەرەوە، لەگرنگترین کێڵگە نەوتیەکانیش لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتیە لەکێڵگە نەوتیەکانی کالیفۆرنیا کەبەرهەمیان زۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا کێڵگە نەوتیەکانی ئالاسکا کەبەگشتی لەجۆری باشن، هەروەها کێڵگەکانی باشوری پێنج دەریاچەکە، نرخی نەوتەکەشی بەرزترین ڕێژەی تۆماردەکات لەکاتی فرۆشتندا کەدەگاتە (٩١,٣) لەمانگی ئازاردا.

٩- هەروەها جۆراوجۆری ئاووهەوا لەم وڵاتەدا وای کردووە وڵاتێکی گەشتیاری خۆش نەک لەسەر ئاستی کیشوەرەکە بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش ناوبانگی دەرکردووە و بەیەکێك لەوڵاتە گەشتیاریەکانی جیهان دادەنرێت و ناوی چووەتە ئەو لیستەوە کەلەپێشەوە وڵاتان دێن لەڕوی گەشتوگوزارەوە کەساڵانە بەملیۆنەها گەشتیار ڕوی تێ دەکات بۆ مەبەستی گەشتوگوزار، بەمەش داهاتی ساڵانەی گەشتیار دەگاتە ملیارەها دۆلار، کەبەپێی دوایین ئامار کەلەکۆتایی ساڵی (٢٠١٢)دا بڵاوکرایەوە داهاتی گەشتوگوزار لەو وڵاتەدا گەیشتە زیاتر لە(٥٦) ملیار دۆلار لەو ساڵەدا، هەروەها بونی هەمە جۆرەکانی دەرامەتی ئاو وەك ئاوی (سەر زەوی، ژێر زەوی، دابارین)، هەروەها بوونی چەندین تاڤگەو دەریاچەو ڕوباری هۆکاری سەرەکین بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ ئەو وڵاتە.

١٠- هەروەها زۆری جۆراوجۆری کانزا فلزیەکان لەم وڵاتەکە چەندین کانزای بایەخی دارو گرنگن لەڕووی ئابوری پیشەسازی و لەهەمان کاتیشدا بڕێکی زۆری کانزای تێدایە وەك کانزاکانی مس کەدەگاتە نزیکەی (٣٤٪) بەرهەم هێنانی مس

لەجیهانـدا کەزۆربـەی دەکـەوێتـە ناوچـە بەرزاییـەکانی ڕۆژئـاوا لەباشـوری ڕۆژئـاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها قورقوشم کەبڕێکی زۆری لێ بەرهەم دێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـاڵتون لـەکالیفۆرنیاو ناوچـە جیاجیاکـانی ڕۆژئـاوا لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دەردەهێنرێـت، هـەروەها زیـو لەبەرزاییـەکانی ڕۆژئـاوای دەردەهێنرێت، هەروەها چەندین کانزای تری تێدایە وەك فۆسفات و جیوە و پلاتین و یۆرانیۆم.

١١- ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا دادەنرێـت بەگـەورەترین دەوڵـەتی بازرگـانی لەجیهاندا لەبەر ئەم هۆیانەی:

ا- بوونی کەرەستەی سەرەتایی کشتوکاڵ و ئاسن.

ب- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تایبەتمەندە بە پێشکەوتنی پیشەسازی.

ج- بەرزبونەوەی ئاستی بژێوی هەر تاکێکی ئەمریکی.

د- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زاڵە بە ڕێژەی لە (١٢٪) لە هاوردە و ناردەنی لە جیهاندا.

ح- بەرهەمـەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لـە ئـەوروپا و جیهـان بڵاوبووەتەوە.

ر- بەرهـەم هێنراوەکـانی ویلایـەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـریتین لـە مەکینـە و ئۆتۆمبێل و فرۆکە و خۆراك.

١٢- هەروەها جۆراوجۆری ئاووهەوا جۆراوجۆری ڕووەکی سروشتی بە دوادا دێت، بەمـەش چـەندین جـۆر ڕووەکی جیاوازی تێدا دەردەکـەوێت کـە هەنـدێکیان لـە بـواری پیشەسازی بەکاردێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا شـوێنێکی گرنگـی ئـاژەڵ لەوەڕاندنـە لـە سەر ئاستی جیهان.




نەخشەی ژمارە(٢٣)
یەکە سیاسیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## ٦١- کیشوەری ئەفریقا

کیشوەری ئەفریقا بەشێکە لەجیهانی کۆن کەپێک دێت لە(ئاسیا و ئەوروپاو ئەفریقا) لەباکوریەوە کیشوەری ئەوروپا شۆڕ دەبێتەوە کەدەریای ناوەڕاست لەکتریان جیا دەکاتەوە, ئەم دوو کیشوەرە لەیەک تر نزیک دەبنەوە بەتایبەتی لەتەنگەبەری شاخی تاریق کەماوەی نێوانیان تەنها (١٤)کم زیاتر نیە.

ئەم کیشوەرە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٧)ی باکورو (٣٥)ی باشوری وەهێڵی یەکسانی تێپەڕ دەبێت بەناوەڕاستیداو دەیکاتە دو بەشی تاڕادەیە یەکسان.

لەڕۆژهەلات و باکوری ڕۆژهەلاتی کیشوەری ئاسیا شۆڕ دەبێت و دەریای سور جیایان دەکاتەوە وە درێژبوونەوەی لەهەردو کەنداوی سوێس و عەقەبە. پێشتر هەردو کیشوەری ئەفریقاو ئاسیا لەڕێگای بەرزەخی سوێس کەدرێژیەکەی (١٢٥)کم بەیەک دەگەشتن, بەلام کردنەوەی نۆکەندی سوێس لەسالی (١٨٦٩) بووە هۆی ئەوەی ئەفریقا ببێتە دوورگەیەکی گەورە, لەگەڵ ئەوەشدا دەریای سور پانتایەکەی (١٨٠)کم تێناپەڕێت, لەیەک نزیک دەبنەوە لەگەروی بابلمەندەب کەماوەی نێوانیان تەنها (٢٧)کم دەبێت سنورەکەی لەڕۆژئاواوە زەریای ئەتلەسی لەڕۆژهەلاتەوە زەریای هندی, وەلە باشور زەریای باشور کەلەکیشوەری جەمسەری باشور جیای دەکاتەوە .

کیشوەری ئەفریقا شێوەی دوو لاکێشەی بەیەکەوە نوساو لەڕۆژهەلات و ناوەڕاست وەردەگرێت, درێژیەکەی لەباکور بۆ باشور (٨٠٠٠)کم و پانتایەکەی (٧٦٠٠)کم. ڕووبەرەکەی نزیکەی (٣٠) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و بەپلەی دووەم دێت لەڕوی ڕوبەرەوە لەدوای کیشوەری ئاسیا.

## تایبەتمەندی و گرنگی کیشوەری ئەفریقا

١- درێژبوونەوەی بەهەردوو نیوەگۆی باکورو باشوری گۆی زەوی, وە بەهەموو لایەکی جیهان دەگات لەباکورو لەڕێگای دەریای ناوەڕاست دەگاتە کیشوەری ئەوروپا, لەڕۆژهەلات لەڕێگای زەریای هندی دەگاتە ئاسیا, وە لەڕێگای زەریای باشوردا دەگاتە کیشوەری جەمسەری باشور.

٢- جۆراو جۆر بون لەدیاردە سروشتی و مرۆییەکان جۆراو جۆر بونە سروشتیەکان دەردەکەوێت لەچیا بەرزو تیژەکان و بۆ دەشتە فراوانەکان و بانەڕوو تەختەکان.

٣- لەڕووی مرۆییەوە جۆراو جۆر بوونێکی زۆر لەدانیشتوانی دەردەکەوێت کەژمارەیان (٤٠٠) ملیۆن کەس زیاترە بەرزترین بالا لەبۆرندی بۆ کورتە بالاکانی کۆنگۆ .

٤- هه‌روه‌ها زۆربه‌ی ڕه‌گه‌زه‌کانی سه‌ر ڕووی زه‌وی گرتۆته خۆی هه‌رله‌زنجیه‌کان (ڕه‌ش پێسته‌کان)و تاکو قه‌وقازه‌کان وه تامه‌غۆله چینیه‌کان که‌شێوه‌یان له‌مالاگاشی (مدغشقه‌ر) ده‌رده‌که‌وێت و ئه‌م جۆراو جۆریه زۆرتر بووه دوای مالاگاشی ونیشته جێبوونی وئاسیایه‌کان و ئه‌وروپیه‌کان له‌ڕۆژهه‌لات و باشوریدا.

٥- زیاتر له‌هه‌موو کیشوه‌ره‌کانی تری جیهان که‌وتۆته به‌رشالاوی داگیرکه‌ری نوێ، داگیرکه‌ر ته‌نها به داگیرکردن و نیشته جێبوون نه‌وه‌ستاوه به‌لکو هه‌ولی نه‌هێشتنی دانیشتوانیان داوه ژماره‌ی ئه‌وانه‌ی به‌کۆیله گیراون و گواستراونه‌ته‌وه بۆ هه‌ردوو ئه‌مریکا مه‌زه‌نده ده‌کرێت به (٢٠) ملیۆن که‌س که‌چی ته‌نها (١٥) ملیۆن به‌ساغ و سه‌لامه‌تی گه‌شتونه‌ته جێ.

٦- په‌رتبوونی ڕامیاری ئه‌مه‌شیان له‌ژماره‌ی یه‌که ڕامیاریه‌کانی ده‌رده‌که‌وێت که‌زیاتره له‌(٥٠) ولات نیجیریا زۆرترینیانه له‌ڕووی دانیشتوانه‌وه ژماره‌یان زیاتره له‌(٨٢) ملیۆن که‌س.



نه‌خشه‌ی ژماره (٢٤)
به‌رزونزمی کیشوه‌ری ئه‌فریقا

## ٦٢- کیشوه‌ری ئه‌مریکای باکور

کیشوه‌ری ئه‌مریکای باکور له‌هه‌رچوار لاوه به‌ئاو ده‌وره‌دراوه جگه له‌سنووری مه‌کسیک نه‌بێت، ده‌که‌وێته نێوان زه‌ریای به‌سته‌لکی باکور له‌باکوره‌وه‌و ده‌ریای کاریبی له‌باشوره‌وه، نۆکه‌ندی په‌نه‌ما له‌ئه‌مریکای باشووری جیاده‌کاته‌وه و هه‌روه‌ها زه‌ریای ئه‌تله‌سی له‌ڕۆژهه‌لاته‌وه‌و زه‌ریای هێمن له‌ڕۆژئاواوه ده‌وره‌یانداوه.

ئه‌مریکای باکور به‌شێوه سێگۆشه‌که‌ی له‌باشووری خولگه‌ی قرژاله‌وه درێژده‌بێته‌وه هه‌تا ده‌گاته بازنه‌ی جه‌مسه‌ری باکور، که‌ئه‌مه‌ش وایکردووه فراوانترین به‌شه‌کانی کیشوه‌ره‌که بکه‌وێته ناوچه‌ی مامناوه‌ندییه‌وه به‌هه‌ردوو به‌شه‌که‌یه‌وه ساردو فێنک، چونکه ئه‌و بنکه سێگۆشه‌یه‌ی که هه‌یه ده‌که‌وێته باکورییه‌وه.

کیشوەرەکە لەڕووی ڕووبەرەوە بەپلەی سێ یەم دێت لەدوای هەریەکە لەکیشوەری ئاسیاو ئەفریقا.

لە ڕووی ئەسترۆنۆمیەوە ئەمریکای ئەنگلۆسەکسۆنی دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٧)ی باکور و (٣٥)ی باشوری گۆی زەوی.

وە هێڵی درێژی (١٠٠)ی ڕۆژئاوا تێپەڕ دەبێت بەناوەڕاستی کیشوەرەکەدا لەباکورەوە بۆ باشور، بەمەش نیوەی کیشوەرەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەم هێڵەو نیوەکەی تریشی دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەم هێڵە.

## تایبەتمەندی و گرنگی کیشوەری ئەمریکای باکور

١- کیشوەری ئەمریکای ئەنگلۆسەکسۆن (باکور) بەسێیەم کیشوەری جیهان دەژمێرێت لەڕووی ڕووبەرەوە لەدوای هەریەکە لەئاسیاو ئەفریقا، کەڕووبەرەکەی دەگاتە (٣١,٥) ملیون کیلومەتر دووجا.

٢- کیشوەری ئەمریکای باکور لەهەر چوار لاوە بەئاو دەورەدراوە جگە لەسنووری مەکسیك نەبێت، کەدەکەوێتە نێوان زەریای بەستەڵکی باکور لەباکورەوەو دەریای کاریبی لەباشورەوە نۆکەندی پەنەما لەئەمریکای باشوری جیادەکاتەوە، هەروەها زەریای ئەتلەسی لەڕۆژهەڵاتەوەو زەریای هێمن لەڕۆژئاواوە دەورەیانداوە .

٣- لەڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٧)ی باکور و (٣٥)ی باشور، وەهێڵی یەکسانی تێپەڕدەبێت بەناوەڕاستیدا و دەیکاتە دوو بەشی تاڕادەیەك یەکسان.

٤- ئەمریکای باکور لەکیشوەرەکانی تر جیادەکرێتەوە بەدرێژبونەوەی زنجیرە چیاکانی لەبەشەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەر لەباکورەوە تادەگاتە باشور،ئەمەش وای کردووە کیشوەرەکە لەباکورەوە کراوەبێت لەبەردەم بای ساردی جەمسەریدا بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا وە لەهەمان کاتدا کراوەبێت لەبەردەم بای شێداری نیمچە گەرم کەلە باشورەوە لەکەنارەکانی مەکسیکەوە دێت لەوەرزی هاویندا.

٥- ئەمریکای باکور پێنج دەریاچەی گەورەی تێدایە، ئەم پێنج دەریاچە فراوانە لەگەڵ کەناڵێك کە دەست دەدا بۆ کەشتیوانی وایکردووە کە کەشتیەکان بگەنە ناو کیشوەرەکە، هەروەها بەستنەوەی کیشوەرەکەی بەجیهانی دەرەوە زیاتر کردووە .

٦- لەڕووی دەرامەتی ئاووە دەوڵەمەندە بەچەندین ڕووباری درێژو پڕئاو وەك ڕووباری ئەمازۆن و ڕووباری ئۆرینکۆ و ڕووباری ڕیۆدۆلابلاتاو ڕووباری سان فران سیسکۆ.



نەخشەی ژمارە (٢٥) بەرزونزمی کیشوەری ئەمریکای باکور

## ٦٣- کیشوەری ئەمریکای باشور

ئەمریکای لاتینی لەسێ لاوە بەئاوی زەریای و دەریاکان دەورەدراوە. کەنداوی مەکسیك و سنووری نێو دەوڵەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەکسیك سنووری باکوری کیشوەرەکە پێك دەهێنن, وە زەریای ئەتڵەسی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکە, وە زەریای هێمن دەکەوێتە ڕۆژئاوای کیشوەرەکە.

لەڕووی ئەسترۆنۆمی, ئەمریکای لاتینی دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٣) پلەی باکووری گۆی زەوی, بازنەی پانی (٥٦)ی باشووری گۆی زەوی. بەم شێوەیە (لەم ڕووەوە) هێڵی یەکسانی بەسێ یەکی باکووردا تێپەڕدەبێت, وە خولگەی کارژۆڵەش تارادەیەك بەناوەڕاستیدا تێپەڕ دەبێت.

## تایبەتمەندی و گرنگی کیشوەری ئەمریکای باشور

١-فراوانترین شوێن لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا درێژ دەبێتەوە لەسەر نزیکەی (٥٠) پلەی درێژی, ئەمریکای باشور لەشێوەی دورگەیەکی گەورەدایە کەلە هەموو لاکانیەوە بەئاوی زەریاکان دەورەدراوە (بەتایبەتی دوای کردنەوەی کەناڵی پەنەما), لەخۆرئاواوە بەزەریای ئارام دەورەدراوە, لەڕۆژهەڵاتەوە زەریای ئەتڵەسی درێژ

دەبێتەوەو سوڕانەوەکەی تەواو دەکات لە باکوری کیشوەرەکەدا لەسنوری دەریای کاریبیدا, بەڵام لەباشوری دا ئاوی ئەتڵەسی و ئاوی ئارام تێکەڵ بەیەك دەبن بۆ پێك هێنانی زەریاییەك کەئەمریکای باشور جیادەکاتەوە.

٢- لەڕووی ئەستڕۆنۆمی، ئەمریکای لاتینی دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٣) پلەی باکوری گۆی زەوی, بازنەی پانی (٥٦)ی باشوری گۆی زەوی، وە درێژ دەبێتەوە لەسەر (٥٠) هێڵ وە درێژ دەبێتەوە لەسەر نزبکەی (٥٠) پلەی درێژی.

٣- هەروەها زنجیرە چیاکان بەگرنگترین ڕواڵەتی بەرزونزمی دادەنرێت. بەرزاییەکانی (ئەندێز) گرنگترینیانە , کە بەیەکێك لە درێژترین زنجیرە چیاکانی جیهان دەژمێرێت, کەلە کەنارەکانی دەریای کاریبیەوە دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتەوە بەرەو باشوری کیشوەرەکە.

٤- هەروەها تایبەتمەندە بەچەند بانێکی گرنگ وەك بانی بەرازیل و بانی مەکسیك و بانی پەتاگۆنیا, هەروەها چەندین دەشتی گرنگی تێدایە وەك دەشتی ئۆرینکۆ و پاراگوای و ئەمازۆن.

٥- چڕترین دارستان و ڕووەکی سروشتی تێدایە کەدەکەونە دارستانەکانی ئەمازۆن لەبەرازیل, کەدارەکانی بەشێوەیەکی چڕو پڕن و ناهێڵن خۆر بگاتە سەر زەوی.



نەخشەی ژمارە (٢٦)

بەرزونزمی کیشوەری ئەمریکای باشور

# ٦٤- کیشوەری ئوستراليا

کیشوەری ئوستراليا بچوکترین کیشوەری جیهانە, بەتەواوی کەوتۆتە نیوەی باشوری زەوی, ئەم کیشوەرە لەهەموو کیشوەرەکانی تر نزمترە چونکە لەڕووبەری (٣) ملیۆن تەنها لە (٧٪) بەرزیان لە (٦٩)م بەرزترە کەبەرزترین لوتکەی دەگاتە (٢٢٢٩)م لەئاستی ڕووی دەریا دەکەوێتە (کوشیسکو), هۆی نزمی ڕووی ئەم کیشوەرە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبونەوەی زەوی ئەم ناوچەیە بۆ پرۆسەی ڕامالین بەدرێژای چاخە جیۆلۆجیە جیاوازەکان ئەمە سەرەڕای شوێنی کیشوەرەکە, ئەم کیشوەرە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٧,٦) ملیون کیلۆمەتر چوار گۆشە, لەهەموو لایەکەوە بەئاو دەورەدراوە, زەریای هێمن لەڕۆژهەلات و باکوری ڕۆژهەلات, زەریای هیندی لەڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاواوە.

لەڕووی ئەسترۆنۆمی ئوستراليا کەوتۆتە نێوان بازنەی پانی (١١-٤٤) باشورە وە هێلی درێژی (١١٢-١٥٣) ڕۆژهەلات. خولگەی کارژۆلە بەناوەڕاستی کیشوەرەکەدا تێپەڕ دەبێت, وەماوەی نێوان بەشی باکورو باشور دەگاتە (٣٨٦٢) کم. کیشوەری ئوستراليا تاڕادەیەك یەك پارچەیی پێوە دیارە.

## گرنگی و تایبەتمەندی کیشوەری ئوستراليا

١- دوورگەیەکی گەورەیە لەباشوری گۆی زەویە و هاوبەشە لەگەڵ کیشوەری بەستەڵەکی باشور لەم خەسلەتدا جیاوازە لەکیشوەرەکانی تر.

٢- جیاوازی هەیە لەگەڵ کیشوەرەکانی تردا بەوەی کەنەبەستراوەتەوە بەهیچ بارستەییەکی وشکانی ترەوە و دەوری دراوە بەزەریاکان لەهەر چوارلاوە.

٣- ئوستوراليا و نیوزلەندە دادەنرێت بەنیشتیمانێکی نوێ, مرۆڤی سپی ئەورووپی (سپی پێستەکان ) بەتایبەتی ئینگلیزەکان.



٤- کیشوەری ئوستراليا تاکە کیشوەرە کەپێکهاتووە لەیەکەیەکی ڕامیاری ئەویش دەوڵەتی ئوسترالیای

نەخشەی ژمارە (٢٧)
بەرزونزمی کیشوەری ئوستراليا

## ٦٥- سامانی ئاژەڵ

سامانی ئاژەڵ بەگرنگترین ئەو بەروبومانە دادەنرێت کەکاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ , هەروەها سامانی ئاژەڵ چەندین بەروبومی جۆراوجۆری تێدا دەست دەکەوێت کەکاریگەری لەسەری ئابوری وڵات, بۆیە ئاژەڵەکان بەگشتی و ئاژەڵیماڵی بەتایبەتی بەخێو دەکرێن بۆ مەبەستی دەست کەوتنی سامانی ئاژەڵ, ئەم جۆرە گیانەوەرانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کەدەورێکی زۆر گرنگ لەژیانی مرۆڤدا هەیە, چونکە تەنیا سەرچاوەی مادەی خۆراك نین و بۆ مرۆڤ و بەس, بەڵکو دەبنەمایەی دەست خستنی شوێنی حەوانەو جل و بەرگیش بۆی و تەنانەت یاریدەی ئادەمیزاد دەدەن بۆ راپەڕاندنی کاروباری کشتوکاڵیش, بۆیە تادێت ڕووبەری ئەو زەوییانەی گیانەوەریان تێدا بەخێودەکرێت زۆرتر دەبێت, بۆ نمونە لەوەڕگا هەمیشەییەکان ئێستای سەر زەوی لە(٢٥٪)ی هەموو ڕووبەری زەوی پێك دێنێ و مرۆڤ بەردەوامە لەزیادکردنی بەرهەم چاك کردنی جۆری ئەو بەرهەمە.

## گرنگیەکەی

١- سامانی ئاژەڵ وای لێ هاتووە بۆتە لایەنێکی گرنگ لەداهاتی نەتەوەیی گەلێك لە دەوڵەتە هەمە جۆرەکانی جیهان, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەو سامانی ئاژەڵە لەهەندێ دەوڵەتدا بایەخی زیاترە تاهەندێ دەوڵەتی تر, بۆ نمونە سامانی ئاژەڵ بونەتە بڕبڕەی داهاتی نەتەوەیی گەلێك شوێنی وەك (نیوزلەندە و ئوستراليا و ئەرجەنتین).

٢- سامانی ئاژەڵ بەشداری لەبازرگانیی جیهانیدا دەکات, نەك تەنیا بەگۆشت و شیرەمەنی خۆری بەرهەم هێنان, بەڵکو بازرگانی یەکە ئاژەڵی زیندوش دەگرێتەوە, هێندە هەیە کەبایەخی ئەم سامانە لەبازرگانیدا جیاوازی هەیە لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی ترو پلە و پایەیەکی بەرزی ئەوتۆی هەیە بەڕادەیەك کەهەرچی دەینێرێتە دەرەوە بریتیە لەو سامانە و هەندێکیشیان زۆربەی ئەوانەی دەیان نێرنە دەرەوەبریتین لەم سامانە وەك ئوستراليا.

سامانی ئاژەڵ لەو شتانەی دەوڵەتان دەیان نێرنە دەرەوە بەبڕی بەرهەمەکانیان لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بەژمارەی دانیشتوانیانەوە بەندە.

بۆ نمونە بازرگانیی ناردنە دەرەوەی گیانەوەری زیندوو تاڕادەیەکی زۆر ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە لەنزیك بازاڕی ئەم گیانەوەرانەوەن, بۆ نمونە مەکسیك و کەنەدا نزیکن لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە و ئێرلەندەش نزیکە لەبەریتانیاوە,

بەلام هەلکەوتنی شوێنەکە لەبازرگانی گۆشتدا ئەو کار تێکردنەی نی یە چونکە داهێنراوە نوێیەکان هۆی گواستنەوەیان ئاسان کردووە بەتایبەتی ڕێگای دەریا کەبۆ ماوەو مەودای دوور بەکاردێت, بۆیە زۆربەی ولاتانی نیوە گۆی باشوری زەوی لەبازرگانی نێوان دەولەتاندا بەشدارن بەتایبەتی ئوسترالیاو نیوزیلەندە و ئەرجەنتین, هەرچەندە بازاڕەکانیان دەکەونە نیوە گۆی باکوری زەوی بەتایبەتی کیشوەری ئەوروپا, ئەمەش دەشیٚ بەپلەی یەکەم گۆشتی مەڕ بگرێتەوەو دوا بەدوای ئەمەش گۆشتی گا دێت کەهەندیٚ لەولاتەکانی نیوە گۆی باکوری زەوی بەشداریی تێدا دەکەن, وەك هۆلندا و دانیمارك کەسیٚ یەکی بازرگانی یەکانیان دەگرێتەوە.

هەروەها وەك ئەوەی ئێستا کەئێران بڕێکی زۆر سپیایی لەماست و دۆو بەرهەمەکانی تر سامانی ئاژەلٚ ڕەوانەی کوردستان دەکات لەڕێگەی ئەم بازرکانیەوە بۆیە بووتە سەرچاوەیەکی داهاتێکی باش بۆ ئەم ولاتە.

٣- بەرهەمە ئاژەلیەکان لایەنێکی گرنگیان لەداهاتی کێلگەدا پێك هێناوە لەو هەموو شێوە کشتوکالە جیاوازانەی بایەخیان بەبەخێوکردنی گیانەوەر داوە, بەلام بایەخەکەی لەشێوەیەکی کشتوکالییەوە بە شێوەیەکی تر دەگۆڕێت, ئەم گۆڕان و جیاوازیەش لەسەر ڕوی هەموویانەوە لەلەوەڕاندنی بازرگانیدا دەردەکەوێت, چونکە لەوەڕگاکان بۆ تاقی کردنەوەی بەکاردێن و پایەیەکی گرنگیان لەشێوەی بەرهەم هێنانی سپاییدا دەبێت چونکە زەوی بەبەروبومی ئالف دادەچێنرێت, بەلام لەکشتوکالی تێکەلاودا شان بەشانی چاندنی بەروبومی تر دەبێتە سەرچاوەی دووەم, لەکاتێکدا بایەخەکەی لەشێوەی لەوەڕاندنی سەرەتایدا تەنیا بۆ پێك هێنانی سەرچاوەی تاکە داهاتی بەرهەم هێنەکە نی یە, بەلکو هۆ جیاوازەکانی گوزەرانی پیٚ دەبەخشێت وەك جل و بەرگ و شوێنی نیشتەنی وەك خانوبەرە.

٤- بایەخی سامانی ئاژەلٚ وەك سەرچاوەیەکی خۆراك پالٚی بەو دەولەتانەوە ناوە کەلەوەڕگایان کەمە بۆ جیاکردنەوەو تەرخان کردنی ڕوبەرە زەوییەکی زۆر بۆ ئالف چاندن هەرچەندە پێویستی یان بەبەروبومی کشتوکالٚی هەیە وەك لەهەرێمی میصر, هەروەها لەگەلٚ بەکارهێنانی زەوی بۆ چاندنی بەروبوم لەناوچە کشتوکالٚییە بڕنیەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا, پێویستی بۆ ئاژەلٚ وەك سەرچاوەیەك بۆ ئیش و کاری ناوکێلگە پالٚ پێوەنەرێکی ترە بۆ ڕوکردنە بەخێوکردنی ئاژەلٚ بە مەبەستی جیٚ بەجیٚ کردنی کاروبارەکانی کێلگە وەك بەخێوکردنی مانگاو گامێش لەباشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیاو هەرێمی میسر.

٥- بەخێوکردنی ئاژەلٚ دەرفەتی کارکردن بۆ ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان دەهێنێتە دیٚ, جائەمە لەڕووی چاودێرییەوە بێت یاخود بۆ کارکردن لەو پیشەسازییانەی

بەروبومی ئاژەڵیان وەك کەرەستەی خاو تێدا بەکاردەهێنرێت وەکو پیشەسازی گۆشت کردنە قوتو و خوری چنین و پیشەسازیی پێستەو پێستە خۆش کردن. هەروەها هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لەدانشتوانی ئەو وڵاتانە دروست دەکات چ وەك کرێکار بێت یان وەك ئەندازیار یان وەك هەر پیشەیەکی تر لەو بوارەدا، هەروەها دامەزراندنی چەندین جۆر پیشەسازی هەر لەو ناوچانەدا بۆ بەرهەم جۆراوجۆرەکانی سامانی ئاژەڵ کەهۆکارە بۆ دەست کەوتنی بڕێکی زۆر داهاتی ئابوری بۆ وڵات و پاش ئەوەی چونە پیشەسازیەوە دووبارە لەڕێگەی بازرگانی دەرەکیدا بەکاردێت.

٦- هەندێك بەرهەمی ئاژەڵ دەبنە سەرچاوەیەکی داهاتی ناسەرەکی لەشێوەکانی کشتوکاڵی وەك هێلکە و مریشکداری و گیانەوەری فەرودار و بەخێوکردنی ماسیش بەسەرچاوەیەکی تری داهات دادەنرێت، جائەمە چ بۆ مەبەستی بژێوی بێت، وەك باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یامەبەستی بازرگانی بێت، وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و هۆڵندەو دانیمارك ئیتاڵیا.



نەخشەی ژمارە (٢٨)
دابەش بونی سامانی ئاژەڵ لە عێراق وەك نمونە

## ٦٦- ڕوبەر

ڕوبەر یەکێکە لەخاڵە بنەڕەتیەکانی پێکهاتنی دەوڵەت و بەبێ ڕوبەر هیچ دەوڵەتێك دانامەزرێت، دەوڵەتان لە ناویەکدا لەڕوی ڕوبەرە جیاوازن و هەردەوڵەتێك لەناوکێکی بچوکەوە یان لەچەند ناوکێکەوە گەورە بووە و گەشەی کردووە، پاشان دەستی بەسەر زەوی تردا گرتووەو دەوڵەتی لێ پێکهێناوە، هەتا ڕوبەری دەوڵەت فراوان بێت دەوڵەت زیاتر سودو کەڵکی لێ وەردەگرێت لەڕوی سەربازی و سیاسی و ئابوری و .... هتد، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو دەوڵەتانەی کەڕوبەریان کەمەو بەمەش کەمتر سودی لێ وەردەگیرێت بەتایبەت لەڕوی سیاسی و سەربازییەوە چونکە ترسی لێ دەکرێت لەکاتی جەنگدا بەرامبەر دوژمنەکانی وەك ڕوبەرە بچوکەکەی ئیسرائیل کەبەردەوام هەوڵ دەدات لەسەر زەوی وڵاتانی دراوسێی جەنگ دروست بکات بۆ

ئەوەی خۆی لەهێرشی دەرەکی بپارێزێت چونکە ڕووبەرەکەی کەمەو بەئاسانی داگیردەکرێت.

## گرنگییەکەی

١- ڕووبەری دەوڵەت بەیەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت دەژمێرێت چونکە بەبێ ڕووبەر دەوڵەت دروست نابێت، بۆیە کەمی و زۆری کاریگەری باش و خراپ لەسەر وڵات بەجێ دەهێڵێت وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد.

٢- گەر ڕووبەر فاکتەری سەرەکی نەبێت لەدەست نیشان کردنی هێزی سیاسی دەوڵەتدا، بێگومان فاکتەرێکی گرنگە، گەر ئەو ڕووبەرە گەورەیە هاوشان بوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان و وەبەرهێنانێکی باشی دەرامەتەکان ئەوە مانای سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی بەهێزە، ڕووبەری گەورە جۆراوجۆریتی ئاووهەوای لێ دەکەوێتەوە، ئەمیش جۆراوجۆریتی بەروبوم، ڕووبەری گەورە جۆراوجۆریتی پێکهاتە جیۆلۆجیەکەی لێ دەکەوێتەوە، کانزای جۆراجۆر لەوڵاتەکەدا دەردەهێنرێت، زۆرینەی دەوڵەتە گەورەکان گرفتی کەمی زەوی و زۆری دانیشتوانیان نیە، ڕووبەری گەورەی دەوڵەت یارمەتی بڵاوبوونەوەی دانیشتوان و پیشەسازیەکان دەدات ئەمەش لەئامانجە ژێوارییەکانی دەوڵەتە.

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**گەورەی قەبارەی دەوڵەت (ڕووبەر بە کیلۆمەتر دووجا)**

| دەوڵەت | ڕووبەر بە کیلۆمەتر دووجا |
|---|---|
| ڕوسیا | ١٠,٤٠٢,٠٠٠ |
| کەنەدا | ٩,٩٧٠,٦١٠ |
| چین | ٩,٥٧٢,٩٠٠ |
| ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ٩,٥٢٩,٠٢٦ |
| بەرازیل | ٨,٥١١,٩٥٦ |
| ئوسترالیا | ٧,٧٨٢,٣٠٠ |
| هندستان | ٣,١٦٦,٤١٤ |
| ئەرجەنتین | ٢,٧٨٠,٠٩٢ |

٣- گرنگی ڕووبەری گەورە لەکاتی جەنگدا دەردەکەوێت، ئەم گرنگیە لەودەستەواژە سەربازییەدا بەرجەستە دەبێت کەدەڵێت (بەرگری لە قوڵاییەوە)، هەتا ڕووبەری زەوی وڵاتەکە گەورەتربێت زیاتر دەتوانێت بەرەو قوڵایی و ناوەوە لەبەردەم دوژمندا بکشێتەوە، بەمە هەلی مانەوەو خۆڕاگری زیاتری بۆ دەرەخسێت، وەکو ئەوەی ڕوسەکان کردیان لەجەنگی دووەمدا، توانییان سوپایی ئەڵمانیەکان بەرەو قوڵایی

زەوی ڕوسیا کێش بکەن، بۆ ئەوەی هێز و تواناکانی کەم بکەنەوە، پێش تریش لەساڵی (١٨١٢)ز دا هەمان کاریان لەگەڵ سوپاکەی ناپلیۆندا کرد، لەبەرەی ڕۆژهەڵاتی دوریش هەمان شێواز ڕویدا، کاتێ ژاپۆنیەکان شارە کەناریەکانی چینیان داگیرکرد، چینیەکان بەرەو ناوەوەو بەرەو ڕۆژئاوا لەبەریاندا کشانەوە. بەڕادەیەك دەڵێن (٦٠) ملیۆن چینی ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە، ڕویان کردۆتە ڕۆژئاوا.

٤- بەهای ڕوبەری گەورە لەڕوی کاریگەرە سیاسیەکەوە جیاوازە لەنێوان دەوڵەتەکاندا، ئەو دەوڵەتانەی ڕوبەرەکانیان گەورەیە و بەکەڵکی نیشتەجێ بوون و وەبەرهێنان دێت کاریگەری و دەسەڵاتی زۆرترە لەڕووی سیاسیەوە، وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاڕادەیەکیش ڕوسیا و چینیش، بەڵام دەوڵەتی تر هەیە ڕوبەرەکانیشیان گەورەن، زۆرینەیان هێشتا بەهای ئابوری زەویەکانیان دەرنەکەوتووە، یان نیشتەجێ بوون لەسەر ئەو زەویانەی وەبەرهێنانیان گرانە، وەك ئەوەی زەویەکە بیابانی بێت و هەژاریش بێت لەدەرامەتەکانی ئاودا، یان زەویەك بێت بەفری هەمیشەی دایپۆشێت ئاووهەوایەکی سەرپەڕی هەبێت یان دارستانە خولگەییە باراناوییەکان کەزەویەکانی داپۆشیبێت، وەك زۆرینەی زەویەکانی (ئوسترالیا، سیبریا، بیابانی گەورەی ئەفریقا، هەردوو ئاوەزێڵی ئەمازۆن و کۆنگۆ).

٥- کەواتە دەردەکەوێت چەند ڕوبەرە گەروەیە لەبارو گونجاوبێت بۆ نیشتەجێ بوون و وەبەرهێنان ئەوەندە لە پایەو پلەی سیاسی دەوڵەتەکە بەرزدەبێتەوە، بەڵام بێ سودی ئابوری ئەو ڕوبەرە گەورانە یان نەدۆزینەوەی بەهای ئابوری و نیشتەجی بوونی زەویەکە بەلایەنێکی خراپە دادەنرێت لەسەر هێزی دەوڵەتەکە، لەبەرئەوە بە پێویست گەورەی ڕوبەر بەفاکتەری یەك لایی کەرەوەی هێز دانانرێت بۆ دەوڵەتەکە.

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

**بچوکی قەبارەی دەوڵەت (ڕوبەر بە کیلۆمەتر دووجا)**

| دەوڵەت | ڕوبەری دەوڵەت بە کلیۆمەتر دووجا |
|---|---|
| فاتیکان | ٠,٤٤ |
| مۆناکۆ | ١,٩٥ |
| ناورۆ | ٠٢١,٢٠ |
| سان مارینۆ | ٦١,١٩ |
| لختن شتاین | ١٦٠,٠٠٠ |
| باربادوس | ٤٣٠,٠٠٠ |
| ئەندۆرا | ٤٦٨,٠٠٠ |
| سەنگافورە | ٦٢٢,٠٠٠ |

# ٦٧- شێوەی دەوڵەت

شێوە ڕەگەزێکی گرنگی دەوڵەتە چ لەڕوی بەرگری کردنەوە بێت لەدەوڵەتەکە لەئاست دەست درێژیە دەرەکیەکاندا یان لەڕوی دەسەڵاتی سیاسی ناوخۆییەوە بێت بەسەر زەویەکانی دەوڵەتەکەدا, ئەو دەوڵەتانەی شێوەکانیان پێکەوەیی نیە ناتوانن وەك دەوڵەتە شێوە پێکەوەییەکان بەرگری لەخۆیان بکەن, پێکەوەیی نەبوونی شێوەی دەوڵەتێك لەڕوی سیاسیەوە, ئەبێتە مایەی دروست بونی کێشەی هەرێمایەتی بۆ ئەو دەوڵەتە لەو کاتانەدا کەجیاوازی سروشتی و مرۆیی و سەربازی گرانی هاتووچۆ و گەیاندن لەدەوڵەتێکدا هەبێت ئەو کات ئەم بارودۆخە خاندەر دەبێت بۆ بزوتنەوە سیاسیە جیا خوازەکان, ئارەزووی سەربەخۆیی و جیابونەوە لەناو بەشەکانی دەوڵەتەکەدا سەرهەڵدەدات.

## گرنگیەکەی

١- شێوەی دەوڵەت یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکیەکانی دەوڵەت کەڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر دەوڵەت لەڕوی سیاسی و سەربازییەوە, بەجۆرێك ئەو دەوڵەتانەی کەیەك پارچەن و دەوڵەتی پێکەوەین توانای بەرگە گرتنی هێرشی سەربازی زیاتری هەیە, بەمەش پێگەیەکی بەهێز لەبواری سەربازی و عەسکەری دروست دەکات, کە بەیەکێك لەخاڵە بنەڕەتیەکانی جەنگ و کاروبارەکانی دادەنرێت, بۆ نمونە دەوڵەتی شێوە نمونەیی یان ڕێك و پێك یان کۆ و پێکەوەیی, ئەو دەوڵەتانە کەشێوەکانیان لەبازنەوە نزیکە, سەرە پارچە و زمانە و بەشی دەرپەڕیوی لێ جیانەبۆتەوە لەسەر زەوی وڵاتێکی تر, باشترین نمونەش بۆ ئەم جۆرە شێوانە ئۆرۆگوای و ئیکوادۆرو ڕۆمانیاو زمیبابۆی و کەمبۆدیا.

٢- بەپێچەوانەوە ئەو دەوڵەتانەی کەشێوەکانیان پێکەویی نین ناتوانن بەشێوەیەکی باش بەرگری بکەن لەکاتی جەنگدا, چەندین نمونەش بۆ ئەم هەیە وەك ژمارەیەك دەوڵەت هەیە لەجیهاندا لەکۆمەڵە دوورگەیەك پێکهاتووە, زۆرینەیان لەباشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادان, وەك ئەندۆنسیا, فلیپین, ژاپۆن, نیوزیلاندە, ئەم جۆرە دەوڵەتانە لەکاتی بەرگری کردندا توشی گرانی و ناڕەحەتی دێن, بووە هۆی درێژی زۆری سنورەکان و زۆری پارەوە ئاویەکان درێژبونەوەی زۆری سنورە ئاویەکان زۆر لەو گرفتانەیان بۆ دروست دەکات کەپەیوەندی بەئاوە هەرێمایەتیەکانەوە هەیە, تەنانەت بۆ ئەودەوڵەتانەشی بەم پارەوەنەدا تێدەپەڕن.

بۆ نمونە ئەندونسیا لە(١٣٦٧٧) دورگە پێکهاتووە و گەورەترین کۆمەڵە دورگەیە

لە جیهاندا, درێژبوونەوەکەی لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەگاتە (٥١٥٩) کیلۆمەتر, بەڵام درێژبونەوەکەی لەباکورەوە بۆ باشور نزیکەی نیوەی ئەو ماوەیەیە.

٣- پێکەوەیی نەبوونی شێوەی دەوڵەتێك لەڕوی سیاسیەوە, دەبێتە مایەی دروست بوونی کێشەی هەرێمایەتی بۆ ئەو دەوڵەتە لەو کاتانەدا کەجیاوازی سروشتی و مرۆیی و سەربازی گرانی و هاتووچۆ و گەیاندن لەدەوڵەتێکدا هەبێت ئەو کات ئەم بارودۆخە خاندەر دەبێت بۆ بزوتنەوە سیاسیە جیا خوازەکان, ئارەزووی سەربەخۆیی و جیابونەوە لەناو بەشەکانی دەوڵەتەکەدا سەرهەڵدەدات.

٤- هەروەها شێوازی دەوڵەت کاریگەری هەیە لەسەر گواستنەوەی وڵات, باشترین و ئاسانترین گواستنەوە لەدەوڵەتی شێوە نمونەییە واتا شێوەی بازنەی, ئەم شێوەیە پێکەوەبەستنی وڵاتەکە بەتۆڕێکی ڕێگای گواستنەوەو هاتووچۆ ئاسانترین دەکات, گواستنەوەی شمەك و خەڵکی بەکەمترین کات و کەمترین خەرج کردن, هەر ئەم شێوەیە زیاتر یارمەتی تێکەڵاو بوونی دانیشتوان دەدات, وەك وڵاتانی (سیرالیۆن, پۆڵندا, ڕۆمانیا) کەشێوەی بازنەییان وەرگرتووە.

٥- هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کەشێوەیەك زیاتریان هەیە وەك ئەو ڕوبەرە زەویەی ئیتاڵیا پێکهێناوە, بۆمان دەردەکەوێت کەفرە شێوەیە, بێ گومان ئەمە وادەکات یەکێك لەهەرێمەکانی دەوڵەتەکە دەسەلاّت و کاریگەری سیاسی زیاتر بێت لەهەرێمەکانی تر, ئەمەش کێشەی ناوخۆیی لێ دەکەوێتەوە, کەڕەنگە پاڵپێوەنەر بێت بۆ جیاکردنەوەی هەندێ بەش لەدەوڵەت دایکەکە.

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

**پێوەری پێکەوەیی و جۆرەکانی شێوەی دەوڵەت**

| دەوڵەتەکە | پێوەرەکەی | جۆرەکانی |
|---|---|---|
| ئۆرۆگوای | ١٠٥ | شێوە نمونەیی یان ڕێکوپێك یان کۆ و پێکەوەیی. |
| ڕۆمانیا | ١٣٧ | ئەو دەوڵەتانەی کە زیاتر لە شێوەیەك لە خۆ کۆدەکەنەوە. |
| هەنگاریا | ١٤٦ | ئەو دەوڵەتانەی کە لە دوو بەش پێکهاتوون. |
| سویسرا | ١٦٤ | ئەو دەوڵەتانەی کە لە کۆمەڵێك دورگە پێکهاتوون. |
| بەلجیکا | ١٦٧ | دەوڵەتە شریتیەکان. |
| مەکسیك | ٢٥٨ | |
| شیلی | ٣١٠ | |

## ٦٨- گەشتوگوزار

گەشت و گوزار: گواستنەوەی کەسەکانە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بەمەرجێك کاتی سەردانی کردنەکەی لە(٢٤)کاتژمێر زیاتر و لەساڵێك کەمتر نەبێت، هەروەها بۆ مەبەستی مادی و خوێندن یان بۆ کارکردن یان بۆ مانەوەی هەمیشەی نەبێت ، بۆیە بەم سەردانی کردنە دەوترێت گەشت و گوزار.

گەشتوگوزار دوو جۆرە

١-گەشتوگوزاری ناوخۆی: گواستنەوەی کەسەکانە(خەڵك)لەناوچەیەك بۆ ناچەیەك لەسنوری سیاسی وڵاتێکدا کەبە گەشت و گوزاری ناوخۆی ناودەبرێت.

٢- گەشت و گوزاری دەرەکی(بیانی): گواستنەوەی کەسەکان (خەڵك) لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی کە کەبەگەشت و گوزاری دەرەکی ناودەبرێت.



وێنەی ژمارە (١٢) ناوچەیەکی گەشتوگوزاری لە شارباژێر

## گرنگییەکەی

١- لەرووی بازرگانی و ئابورییەوە:گەشت و گوزار بەگرنگترین بازرگانی پێشکەوتوویی ئەم سەردەمە دەژمێردرێت،کەدەتوانێت بەهۆیەوە سەرچاوەیەکی ئابوری زۆرمان دەست بکەوێت کە بەبڕبڕەی پشتی هەندێ وڵات دادەنرێت،هەروەها گەشت و گوزار بنەمایەکی گرنگی بازرگانیەو هیچی کەمتر نییە لەو شمەك و کاڵانەی ترکەبازرگانی پێوە دەکرێت و سەرچاوەی ژیانی نەك سەدان بەڵکو هەزاران کەسە لەچەندین وڵاتی جیهاندا پێوەبەندە,گەشتوگوزار بەئاسانترین بازرگانی دادەنرێت لەنێوان ووڵاتاندا,کەبەسەرماییەکی کەم کەلە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی گەشتوگوزاردا خەرج دەکرێت دەتوانین داهاتێکی زۆرمان دەست بکەوێت.بۆ نمونە وڵاتی تورکیا کەدەکەوێتە نێوان کیشوەری ئاسیا و ئەوروپاوە بەهۆی گەشتوگوزارەوە

بازرگانییەکی بەهێز و سەرنج ڕاکێشی هەیە نەك لەسەر ئاستی ناوچەکە بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان,کەواتە گەشتوگوزار بازرگانییەکی پێش کەوتوو سەرنج ڕاکێشی لێ بەرهەم دێت کە هاوشانی دەرامەتە سروشتیەکانە.

هەروەها لەڕووی ئابورییەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا پێش کەوتنێکی بەهێزو خێرا لەبواری گەشتوگوزاردا ڕوویدا,ئەمەش کاریگەری لەسەر بواری ئابوری وولاتانی جیهان هەبووە,کەبەسەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەندێك ولات دادەنرێت,وەك چۆن نەوت و سەرچاوە سروشتیەکانی تر کەسودی لێ وەردەگیرێت لەبواری ئابوریدا,سەرەڕای ئەوەی ئەم سەرچاوە سروشتیانە زۆرجار بەرەو نەمان و لەناوچوون چوون یاخود دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگەی ناوچەکە,ئەمە سەرەڕای بوونی خەرج کردنی بووجەیەکی زۆرو بەردەوام بۆ ئەوەی داهاتێکی باشمان دەست بکەوێت,بەلام ئەگەر سەیری گەشت و گوزار بکەین دەبینین بەبێ ئەوەی ڕووبەڕوی ئەو گرفتانە ببێتەوە دەتوانین بەبووجەیەکی کەم ئابوریەکی بەهێزمان دەست بکەوێت و بەهۆیەوە سەرجەکەم کایەکانی ژیانی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە پێش بخەن و ئاواتەکانیان بەدەست بهێنن,چەندین دەوڵەت توانیویانە بەئاسانی شیکاری ئەم هاوکێشەیە بکەن وەك وولاتانی (تورکیا,لوبنان,فەرەنسا,ئیتالیا,ئیسپانیا,کەنەدا,میصر,کوریا ... هتد),هەروەها ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایدا گەشەسەندێکی بەهێز لەبواری گەشتوگوزاردا سەری هەڵداوەو کاریگەری لەسەر بواری ئابووری هەرێم هەبووە,بەهۆی ئەمن و ئاسایش و دابینکردنی خزمەت گوزارییەکانی گەشتوگوزارییەکانی گەشتوگوزار وای کردووە گەشتیارێکی زۆر سەردانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان بکەن,بەجۆرێك بڕی داهاتی گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی ٥٦ ملوێن دۆلار کە ژیانی بڕێکی زۆری دانیشتوانی لەسەرە,بۆیە کاریگەری گەشتوگوزار لەسەر لایەنی ئابوری کوردستان لەچەند ساڵی داهاتوودا هیچ لەدەرامەتە سروشتیەکانی وەك نەوت یان کشتوکاڵ کەمتر نییە کەبڕبڕەی پشتی داهاتی ئابووری هەرێم لەقەلم دەدرێت,کەواتە دەتوانین بایەخی ئابوری گەشتوگوزار لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١-گۆڕینەوەی دراو لەنێوان ولاتاندا کەبڕێکی باش پارەی جیاوازی بیانی دەست دەکەوێت و دەبێتە هۆی زۆربونی پارەی جۆراو جۆر لەولاتداو کاریگەری باشیشی لەسەر لایەنی ئابوری بەجێ دەهێلێت,بۆ نمونە هاتنی گەشتیارێکی زۆری ئێرانی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق لەبۆنە ئاینیی و نەتەوەیەکاندا,بەمەش بڕێکی پارەی زۆرلە(تمەن) دەست دەکەوێت کەجیاوازن لەپارەی ولاتی خۆت.

ب- دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگە.
ج- سەرچاوەی داهاتی زۆر خێزانە لە ئەو ناوچانەی گەشت و گوزار کە گەشتیاران ڕووی تێدەکات.

٢- لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە: گەشت و گوزار بەلایەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتی دادەنرێت،ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەدەبێتە هۆی پێشکەوتن و بەهێز بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان دەوڵەتان و ناوچە جیاوازەکانی یەك دەوڵەتدا بەشێوەیەکی فراوان دروست دەبێت، بۆیە هەر تاکێك لەم کۆمەڵگایە ئاشنا دەبێت بەچەند کولتوری کۆمەڵگای جیاواز کەلە ئەنجامی تێکەڵ بوون سەری هەڵداوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەدەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی،هەروەها هۆکاریشە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لەولاتاندا، چونکە گەشت و گوزار بەپیشەسازیەکی نوێ و پێشکەوت و دادەنرێت و وادەکات بەدەیان و هەزاران کەس لەو ولاتە گەشتیاریانەدا بەم پیشەسازییەوە خەریکبن،کەبەداهاتی ڕۆژانەی خۆیانی دەزانن و پشتی پێ دەبەستن بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیی، ئەم هەلی کار دابینکردنە لەلایەن گەشت و گوزارەوە وادەکان ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرز ببێتەوە و بەدووریان دەگرێت لەچەندین کرداری ناشیرین کەلە ئەنجامی بێکاری سەری هەڵداوە،ئەمەش بەرز بونەوەی ئاستی بژێوی خێزانی لەکۆمەڵگادا بەدوادا دێت، بۆیە کێشەی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی کێشەی خێزانیەکان زۆر کەم دەبێتەوەو لەهەندێ شوێن هەر نامێنێت، هەروەها هۆکارێکی تر ئەوەیە پەیوەندی نێوان گەشتیارو دانیشتوانی ئەو شوێنەی کەگەشتیار ڕووی تێدەکات بەهێزی دەکات و لەڕووی کۆمەڵایەتی بەتەواوی تێکەڵ بەیەکتری دەبن و چەندین خورەوشتی جوان لەیەکتری فێر دەبن و بە شێوەیەکی باش لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دێنن، هەروەها گەشت و گوزار دەبێتە هۆی قوڵبون و تێکەڵ بوونی شارستانیەت لەنێون گەشتیاران و دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکان کە لەئەنجامی تێکەڵبوونی گەشتیاران و ئەندامانی کۆمەڵگاکەوە دێتە دی، هەروەها گەشت و گوزار بەتایبەت گەشت و گوزاری ناوخۆی دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەنێوان کۆمەڵگاکاندا، ئەمە جگە لەوە لەڕێگەی گەشت و گوزارەوە هەندێ لەکەلەپورە میلیەکان زیندو دەکاتەوە،وەك پیشەسازیە دەستیەکان لەئەو ناوچانەی کە گەشتیار ڕوی تێدەکات،ئەمە سەرەڕای بوژاندنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی دانیشتوانی ناوخۆی ئەو ناوچانە، کەواتە گەشت و گوزار ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەری بەهێزی هەیە چونکە دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی ئاشتی نێوان گەلان و تێکەلاو بوون لەڕووی داب و نەریت و خورەوشتە کۆمەڵایەتیەکان ئەمەش وادەکات پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز بێت و ئاشتی و ئارامی بێتە کایەوە

لەشوێنی جونگداو لەبەربەرەکانێدا.

٣- لەڕووی دەرونیەوە: بێگومان گەشت وگوزار کاریگەری بەهێزو بەرچاوی هەیە لەسەر لایەنی دەرونی لەهەر کۆمەڵگاو ناوچەیەك بێت لەجیهاندا، ئەویش لەڕێگەی حەسانەوەو بەسەر بردنی کاتێکی خۆش لەماوەی گەشتەکەدا بۆ ئەو گەشتیارانەی کەڕودەکەنە ناوچە گەشتیارییەکان چونکە گەشت و گوزار ئامانجی سەرەکی بریتیە لەحەسانەوەی دڵ و دەرونی گەشتیار لەکاتی گەشت کردنیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی لایەنی دەرونی و دەست پێکردنەوەی کارو چالاکیەکانی ڕۆژانە بەشێوەیەکی باشترو خێراتر، هەروەها لەکاتی سەردانیکردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشت و گوزارییەکان چەندین دیاردەی خۆش و ناوازە دەبینێت کەلەسەر کارکردن ناتوانێت بیان بینێت وەك ڕوبەڕوی سەوزایی و پانتاییەئاوییەکان و شوێنە گەشتیارییەکان یان ئەشکەوت، کەدەبێتە هۆی ئارامی دەرونی هاولاتیان و گەشتیاران،کەواتە لێرەوە دەر دەکەوێت گەشت و گوزار بەهۆکارێکی سەرەکی گرنگی ئارامی دڵ و دەرونی گەشتیاران دادەنرێت.

٤- لەڕووی ژینگەوە: گەشت و گوزار دەتوانین وەك بنەمایەکی گرنگ دیاری بکەین بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگە، لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا بەهۆی زۆر بونی ژمارەی دانیشتوان و زۆری پیشەسازییە بەرهەم هێنەکان و ئۆتۆمبیل.....هتد، کەهۆکارن بۆ پیس بونی ژینگە، بەلام ئەگەر سەیری پیشەسازی گەشت و گوزار بکەین دەبینین تاکە پیشەسازییە کە گرنگی بەپاك ڕاگرتنی ژینگە دەدات و هەوڵ دەدات بیپارێزێت لە پسبوون لە ڕێگەی گرنگی دان بە سەوزایی و دەرامەتی ئاوەکان باخچەی ئاژەڵەکان، چونکە ئەگەر ئەمانە پیس بوون ئەوا دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە بۆیە گەشت و گوزار هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە پاك ڕای بگرێت،بەم پاراستنەش گرنگی بەژینگە دەدرێت سودی ژینگە تەواو دەبێت، چونکە جوانی ژینگە یەکێکە لەو هۆکارانەی کەگەشتیار ڕادەکێشێت وەك وڵاتی ئیسپانیا کەبەهۆی ڕێکخستنی بنەماکانی گەشت و گوزار و گرنگی دان بەسەوزایی و پاك کردنەوەی شەقامەکانی شارەکان و پاراستنی دەرامەتی ئاوی و پاراستنی باخچەی ئاژەڵی و پاك ڕاگرتنی شوێنی گەشتیاران وای کردووە ژینگەی پاك و جوان بێت، ئەگەر بەراوردی بکەین بەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کەزیاتر پشت بەپیشەسازیەکانی تر دەبەستێت و هۆکارە بۆ بوونی ژینگەیەکی پیس کەکاریگەری هەیە لەسەر کەئەدا بەڕێژەی ١٠٪ کەئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر لایەنی سیاسی نێوان ئەو دەوڵەتانە، ئەمە لەکاتێکدا ڕێژەی سەردانی کەرانی گەشتیار بۆ ئیسپانیا زیاترە وەك لەولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بێگومان پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە،ئەگەر گرنگی بەم بنەما ژینگەییانە نەدرێت، کە

دەتوانین بە بنەمای گەشت و گوزاریش دیاری بکەین، ئەوا گەشت و گوزار بە گەورەترین پیس بوونی ژینگەی دادەنرێت، بۆیە لەم کاتەدا ڕێژەی گەشتیار ساڵ لەدوای ساڵ زیاددەکات بەهۆی بوونی ئەو ئاسایش و دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ گەشتیاران و هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی تاکەکانی کۆمەڵ،وای کردووە خواستی گەشت و گوزار و بنەماکانی پێشکەتنی گەشت و گوزار بەرەو دواکەوتن و لەناوچون بچێت، کەهۆکای پیس بوونی ژینگە بەدوای خۆیدا دێنێت،کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت گەشت و گوزار بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت بۆ پاراستنی ژینگە لەپیس بوون ئەگەر بنەماکانی گەشت و گوزار پارێزراو بن.

٥- لەڕێگەی گەشت و گوزارەوە دەتوانین شوێنەوارە دێرینەکان بپارێزرێت و نەهێڵێت لەناوچن، چونکە شوێنەوارە دێرینەکان هۆکارێکی گرنگی گەشت و گوزارە لەهەرشوێنێکدابێت، بۆیە هەمیشە گەشت و گوزار هەوڵ دەدات بەهەموو شێوەیەک پارێزگاری لەشوێنەوارەکان بکات کەپێویستە لەسەر دەوڵەت ئەم کارە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی گەشت وگوزار وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەمەش بەسودو بەرژەوەندی شوێنەوار تەواو دەبێت، کەواتە بەهۆی گرنگی گەشت و گوزار هەوڵ دەدرێت شوێنەوارە دێرینەکان بپارێزرێت لەتێکدان و تەنانەت هەوڵی نۆژەنکردنەوەشی بدرێت و هەوڵی پاراستنی ئەو کەل وپەلانە بدرێت کەدەخرێنە ناو مۆزەخانە، چونکە مۆزەخانە ڕێژەیەکی باش گەشتیار بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت،لەگەڵ ئەوەشدا پاراستنی قەڵا دێرینەکان لەڕێگەی تازەکردنەوە بۆئەوەی وەک خۆی بمێنێتەوەو گەشتیار ڕووی تێبکات،وەک قەڵای هەولێر کەئێستا بەشێکی زۆری نۆژەن کراوەتەوە بۆ پاراستنی، هەروەها ئەشکەوتەکان کە دیسان شوێنەوارێکی کۆنن و بایەخی گەشت و گوزاری تایبەتیان هەیە،کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە گەشت وگوزار تاکە هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکان وەک ئەشکەوت و کەلە پورەکانی مۆزەخانەو قەڵاکان کەئەمانە بایەخی گەشت وگوزار زیاد دەکەن.

٦- هەردەم گەشت وگوزار هۆکارێکی گرنگە بۆ بەهێز بوون و پتەوبونی ئاینێتەکان لەنێوان دەوڵەتاندا کەبەگەشت وگوزاری دەرەکی ناسراوە یان لەنێوان ناوچەکانی یەک دەوڵەتدا کەبەگەشت وگوزاری ناوخۆی ناسراوە، وایان لێدەکات لەیەکیان نزیک بکاتەوە لەڕێگەی تێکەڵ بوون بەیەکتری، ئەمەش گرنگی گەشت وگوزار زیاد دەبێت و هۆکارە بۆ بوونی چەندین دیاردە کەپێشتر ڕوینەداوە وەک بوونی مزگەوت لەهەمان کاتدا بوونی کڵێسە لەیەک ناوچەدا ئەمەش پێکەوە ژیان لەنێوان ئایینە جیاوازەکان دروست دەکات، هەروەها هۆکارە بۆ تێکەڵ بوونی چەندین حیزب و وڵات بەتایبەتی لە ناوخۆی یەک وڵاتدا،کەسۆزو هەستی یارمەتیان بەرامبەر یەکتری بەهێزو پتەوبێت بۆ

بەرگریکردن لەو خاك و نیشتیمانەی کە تیایدا دەژین، ئەم هۆکارانە کەباسمان کرد دەیسەلمێنێت کەگەشت وگوزار (گەشت وگوزاری ناوخۆی)هۆکارێکی گرنگە بۆ دروست بونیان و بەرەو پێش چونیان.

**نەخشەی ژمارە (٢٩)**

**گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان**



# بەشی سێ یەم

## گرنگی دیاردە سروشتی ومرۆییەکان لە هەرێمی کوردستان

### ٦٩- ڕووەك لە هەرێمی کوردستان

ڕووەکی سروشتی بەشێوەیەکی گشتی ئەوڕووەکانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی سروشتی دەڕوێن لەناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بێ ئەوەی مرۆڤ دەستی لەڕووان و سەوزبوون و گەشەکردنیدا هەبێت واتە سروشت هۆکارە بۆ دروست بون و سەوزبونیان، ئەم ڕووەکەش لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر فراوان دەردەکەوێت و زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوەو کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی کاری تێ کردووە لەوانەش (ئاووهەوا، بەرزونزمی، خاك، دەرامەتی ئاو) کەبەرپرسن لەپەیدابونیان و دابەش بوونی جوگرافیان لەهەرێمی کوردستان و جیهانیش.

ڕووەکی سروشتی بەشێوەیەکی گشتی لەهەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت بۆ دووجۆری سەرەکی ئەوانیش بریتیە لە:

١- پشتێنەی دارستانی سروشتی و گژوگیا.

٢- پشتێنەی ڕووەکی ئستێپس.

### گرنگیەکەی

١- لەهەرێمی کوردستان جۆراوجۆری ڕووەکی سروشتی دەورێکی باڵاو کاریگەری هەیە لەسەر دابین کردنی لەوەڕگاو ئالف و ئالیك بۆ ژمارەیەکی زۆر لەهەموو جۆرە ئاژەڵەکان کە بەملیۆنەها سەر ئەژماردەکرێت، بە تایبەت لەدوای ساڵی (٢٠٠٨)وە بەهۆی کەمی باران لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق وای کردووە کەڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەوەی هەرێمی کوردستان ئاژەڵ ڕوبکاتە ئەم ناوچەیە، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەڕووەکی سروشتی دەبەستێت بەهەموو جۆرەکانیەوە وەك (دارستان و گژوگیا و ڕووەکی گەرمە سێر)، ناوچەی ستێپس کەبەشێك لە لەوەڕگای هەرێمی کوردستان پێکدێنێت بەلەوەڕگایەکی زۆر باشە دادەنرێت بۆ ئاژەڵەکان، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کەلەوەڕگا لە هەرێمی کوردستان پشت

بەڕووەکی سروشتی دەبەستێت بۆ ئاژەڵەکان.

هەروەها لەو ناوچانەش هەیە کەبڕی باران بارینیان لەنێوان (٧٠٠- ٩٥٠)ملم دایە کەپشتێنەی دارستانی بەڕوو ناسراوە بەهۆی زۆری بڕی باران بارینیان ڕووەکی سروشتی و گژوگیای زۆری تێدا دەردەکەوێت و ئاژەڵەکان پشتی پێ دەبەستن لەبناری چیا نوشتا و پێچە سادەکاندا هەیەو درێژ دەبێتەوە لەباکوری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات لەگرنگترین چیاکانی بریتیە لەچیای (بێخر و سپی لە ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک، پیرمام و سەفین لە هەولێر، قەرەداغ و سەگرمە و بەرانان لە کەرکوك و سلێمانی).



وێنەی ژمارە (١٣)
ڕووەکی لێوار چەم و ڕوبارەکان

٢ - ڕووەکی سروشتی لەهەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکی یە بۆ خۆش کردنی ئاووهەواو ڕاگرتنی پلەی گەرمی بەشێوەی تاڕادەیەك هاوسەنگ، بەم هۆیەشەوە ئاووهەوای هەرێمی کوردستان لەڕوی پلەی گەرمی بارانەوە جیاوازە لەناوچەکانی تری عێراق، چونکە ڕووەکی سروشتی بەتایبەت دارستانەکان سنورێك بۆ ئەو گەرما زۆرەی هاوین و سەرما سەختەی زستان دادەنێت و کەشێکی یان ئاووهەوای مامناوەندو دڵڕفێن و تەندروست بۆ هاولاتیان دەرەخسێنێت، هەروەها دارستانەکان ڕۆڵی سەر زەوی دەبینن لەوەرگرتنی تیشکی خۆر بەوەش بەرزترین گەرما لەکاتی ڕۆژدا لەناوچە دارستانەکان لەلوتکەی درەختەکاندا دەبێت، دواتر گەرما بەرەو ڕوی زەوی کە سێبەر دەگوێزرێتەوە، بۆیە ئەو هەوایەی لەناو دارستانەکە دایە ساردترە لەو هەوایەیی کە لەدەشتەکاندا یان لەناوچە ڕوتەوە بووەکاندایە، بەڵام لەشەودا ئەم کردارە پێچەوانەوە دەبێتەوەو هەوای نێو دارستانەکان گەرمترن لەهەوای دەشتەکان، چونکە هەوای ناو دارستانەکان بەهۆی لق و چڵ و پۆپەکانی درەختەکانەوە پارێزراون، لەبەرئەوە دارستانەکان لەهەر شوێنێکدا بێت سیستەمێك دروست دەکەن

هاوشێوەی شنەبای دەریاو وشکانی کەدارستانەکان ڕۆڵی دەریا دەبینن.

لەبەرئەوە کوردستان بەشێکی زۆری بەسەوزایی ڕووەکی سروشتی داپۆشراوە، هەروەها بۆ جوان کردنی ڕووەکی سروشتی هەر ناوچەیەك کە تێیدا بڕوێن ئەمەش بەڕونی لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت بەتایبەت هەتا بەرەو باکورو باکوری ڕۆژهەڵات بڕۆین چڕی دارەکان زیاد دەکات بەهۆی بەرزونزمی زیاتر دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێش دروست دەکات.

٣- هەروەها بونی ڕووەکی سروشتی هۆکارە بۆ پاکردنەوەی هەواو ژینگەی ئەوناوچەی کەتێیدا دەژی و ڕاستەوخۆ هەناسەدانی مرۆڤی پێوە بەندە، چونکە مرۆڤ و ڕووەك لەهەناسەداندا دوو کرداری تەواوکاری یەکترین و هیچیان بێ ئەوەی تریان نایکرێ، مرۆڤ گازی (ئۆکسجین) هەڵدەمژێت و (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) دەداتەوە، بەڵام ڕووەك (دووەم ئۆکسیدی کاربۆن) هەڵدەمژێت و (ئۆکسجین) دەداتەوە، ئەمەش کارێکی گرنگ لەژیانی مرۆڤ دەکات لەهەناسەداندا چونکە ڕووەك بەردەوام هۆکاری سەرەکی یە بۆ دابین کردنی ئۆکسجین بۆ ژیانی مرۆڤ، هەروەها ڕووەکی سروشتی بەو ڕێژە زۆرەی کە لەکوردستادا هەیە کار لەژینگە دەکات و وادەکات کاریگەرییە خراپەکانی کەم بکاتەوە وەك کەم کردنەوەی تەپوتۆز و خۆڵ، هەرچەندە شارەکانی هەرێمی کوردستان تائێستا ژینگەیان پاك نیە بەهۆی ئەوەی کەڕێژەی ڕووبەری سەوزییان کەم و ناگاتە ستانداری جیهانی، لەکاتێکدا بەپێی ستانداری جیهانی دەبێت شارە گەورەکان لە(٢٠- ٢٥٪) سەوزییان تێدا بێت بۆ ئەوەی بەردەوام هەوای پیسی شارەکان پاك بکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ڕێژەی سەوزایی لەشاری سلێمانی کەمترە لە (٥٪) و لەشاری هەولێرنزیکەی لە (١٥- ٢٠٪)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانی ژینگەی لەهەرێمی کوردستان.

٤- هەروەها سود لەهەندێ جۆر ڕووەکی سروشتی وەك گژوگیاو دارەکانی تر وەردەگرن بۆ مەبەستی خواردن لەناوچە جیاوازەکاندا وەك خواردنی بەڕوو و قەزوان و بنێشت و چەندین داری تر، دارستانی بەڕوو گەورەترین ڕووبەری دارستانی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت کەدەگاتە نزیکەی لە (٨٥٪)ی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی کەبڕی باران بارینیان لە (٧٠٠ دەست پێ دەکات بۆ ١٨٠٠)ملم، لە هەمان کاتیشدا چەندین جۆر گژوگیا بەکاردێت بۆ ئاژەڵداری و هەروەها بۆ خواردنیش بەکاردێت وەك (سێپەرە، سپێدان، ...هتد)، هەروەها ئەو گژوگیایانەش کە بۆ خواردنی مرۆڤ دەست دەدەن وەك (کنگر، قارچك، ڕێواز، پازیانە ...هتد) کە لەئێراندا ساڵانە (٢٠٪)ی دانیشتوان پشت بەگژوگیای سروشتی دەبەستێت بۆ خواردنەوە بەتایبەت لەو وەرزانەی کەبەشێوەیەکی ئاسان ئەم گژوگیایانە دەست دەکەون، کەواتە

دەردەکەوێت خۆراکی (٢٠) ملیۆن کەس لەئێراندا لەسەر ئەم گژوگیایانە کەکاریگەری لەسەر لایەنی ئابوری ئەو وڵاتە کەم دەکاتەوە چونکە ئەم گژوگیایە سروشتی و خەرجی کەمی دەوێت، بەڵام لەکوردستان هێشتا بایەخی تەواو نەدراوە کە بەسەرچاوەیەکی ئابوری باش دادەنرێت بۆ وڵات.

٥- هەروەها ڕووەکی سروشتی چەندین جۆری هەیە وەك چۆن بۆ خواردنی مرۆڤ و ئاژەڵ گرنگە بەهەمان شێوە بۆ دەرمانی پزیشکی دەورێکی باڵایان هەیە، بۆ نمونە داری بی گرنگی خۆی هەیەو هەندێ دەرمان لەتوێکڵکەی دەردەهێنرێت وەك مادەی گرژ کەری سود بەخش لەچارەسەرکردنی ڕۆماتیزم و ئەنفلۆنزا و مەلاریاو چەندین نەخۆشی تر دەگەرێت.

٦- بەهەمان شێوە ڕووەکی سروشتی چۆن گەلێك داو دەرمانی لێ دروست دەکرێت لە بواری ئابوریشدا بە چەندین جۆری جیاواز سود لێ وەردەگیرێت وەك سنەوبەر.

٧- هەروەها ڕووەکی سروشتی بەگرنگترین هۆکارە سەرەکیەکان دادەنرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کەم بونەوەی ڕامالین لەناوچە لێژاییەکان ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کەچڕ و پڕن درەختەکانیان هۆکارە بۆ کەم کردنی خێرایی ئاو، بۆیە ڕوپۆشی ڕووەکی ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ دەبینێت لەجێگیرکردن و پارێزگاری کردنی خاك لەو ناوچە شاخاویی و نیمچە شاخاویانەی کوردستان وای کردووە ڕێژەی ڕامالین کەم بکاتەوە، لەبەرئەوە ڕوپۆشی ڕووەکی بایەخی گەورەی هەیە لەچاکردنی خاك و ڕێکخستنی هاوسەنگی ئاوی خاك و کەم کردنەوەی داڕوتان و داڕوخانی بەرەکان، بەوەش دەبێتە ڕۆپێوێکی پارێزەر کەڕوی خاکەکە دادەپۆشێت و لەڕوتبونەوە دەیپارێزێت، بەڵام بەهۆی بڕینیان لەم چەند ساڵەی کۆتایی سەدەی ڕابردودا وای کردووە ڕوپۆشی ڕووەکی بەرەو نەمان بچێت و هەرئەمەش بووە هۆی زۆری ڕامالین، بەڵام ئەم کردارە (پیشەی داربڕین) لە کاتی ئێستا کەمی کردووە بەهۆی باش بوونی گوزەرانی خەڵکەوە دورکەتونەتەوە لە پیشەی داربڕین، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەکێشە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان سوتانی دارستانە سروشتیەکانە کە بەرەو کەم بونەوەو لە ناوچون دەچن، ئەمەش هۆکارە بۆ زیادبونی ڕێژەی ڕامالین، جائیتر ئەم سوتانە بەهۆی هاوڵاتیانەوە بێت یان بەهۆی جەنگە یەك لەدوایەکەکانی بێت کەڕوبەڕوی کوردستان بووەتەوە، کەواتە دەردەکەوێت ڕووەکی سروشتی کاریگەری سەرەکی هەیە لەکەم کردنەوەی ڕامالین لەناوچە شاخاوی و نیمچە شاخاوییەکان لەهەرێمی کوردستان.

٨- ڕوپۆشە ڕووەکیەکان ناوەندێکی سروشتی زیندوو بۆ زۆربەی ئاژەڵ و باڵندە کێویەکان پێکدێنێت، بۆیە زۆری ڕووەکی سروشتی بەم شێوە وای کردووە بێتە

لانکەی ئاژەڵە کێوی و باڵندە و مێرووەکان کە بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەژمێرێت، وەحەشارگەیەکە بۆ خۆپاراستن و دەست کەوتنی ژیانیان لەم دارستانانەدا کەئێستا چەندین جۆری گیانەوەری کێوی تێدا دەبینرێ وەك (ئاسك و پڵنگ ... هتد) لە ناوچەی بارزان، هەروەها بونی بەراز وئاسك لەچیایی بالآمبۆ لەقەزای هەڵەبجە لەپارێزگای سلێمانی کەدیسانەوە دیمەنێکی جوانی بەخشیوە بەناوچەکە، ئەمە جگە لەچەندین باڵندەی کێوی وەك هەڵۆ.


٩- ڕووەکی سروشتی کاردەکات بۆ درەنگ خستنی توانەوەی بەفری کەڵەکە بووی چیاکان، کەیارمەتی درێژبونەوەی ڕێکردنی ئاودەدات بەشێوەیەکی بەردەوام، جگە لەوە دارستانەکان یارمەتی زیادبونی ئەگەری دزەکردنی ئاو دەدەن بۆ ناو زەوی، کەدواتر دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاوی ژێر زەوی دەریاچە و ڕووبارەکان، ئەمەش لەهەرێمی کوردستان دەردەکەوێت بەتایبەت لەوەرزی زستان کە لەناوچە چیاکان ڕێژەیەکی باش بەفرو بارانی لێ دەبارێت و ئەم دیاردەیەش بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت وەك لەچیاکانی (پیرەمەگرون، قەندیل، شنروێ، هەورامان، ... هتد).

١٠- یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی ڕووەکی سروشتی لەهەرێمی کوردستان بریتیە لەبوونی ناوچەی گەشتوگوزار بەهۆی ئەم ڕووەکە سروشتیانەوە، بۆیەڕووەکی سروشتی بایەخێکی گەورەی هەیە لەسەر هەڵدان و پێش کەوتنی گەشتوگوزار، چونکە ڕووەکی سروشتی ئاووهەوا خۆش دەکات و دیمەنێکی جوان و دڵڕفێن بۆ مەڵبەندەکانی گەشتوگوزارییەکان دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووپۆشە ڕووەکیەکان ناوەندێکی سروشتی و زیندوو بۆ زۆربەی ئاژەڵە کێوەکان و باڵندە کێوەکان پێك دەهێنن کەگەشتیار بەرەو خۆی ڕادەکێشێت هەربۆیە هەندێ جار گەشتیاران ئارەزووی دەکات ئەم ئاژەڵ و باڵندە کێویانە ڕاو بکات یان ببینینی، لەبەرئەوە ئەو ئاژەڵانە تاك و ناوازەن، هەروەها لەگەڵ چەند هۆکارێکی تری وەك تەندروستی و پاکی هەوا وا دەکات ڕووەکی سروشتی بەگرنگترین هۆکار دابنرێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و خۆش کردنی ناوچە گەشتوگوزاریەکان کە لەهەرێمی کوردستاندا بڕێکی زۆر لەڕووەکی سروشتی تێدا هەیەو هۆکاری سەرەکی بۆ بڵاوبونەوەی ناوچە گەشتوگوزاریەکان و ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار کە لەناوچەکانی ترەوە ڕوی تێ دەکەن وەك ناوچەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق و لەسەر ئاستی دەرەوەش گەشتیارانی وڵآتانی ئێران کەژمارەیەکی زۆر ڕوو دەکەنە هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی ڕووەکی سروشتی و ئەو خاسیەتە باشانەی کەهەیەتی لەناوچەکەدا وەك پێشتر باسمان کرد.

## خشتەی ژمارە (٢٥)

### ڕووبەر و چڕی و ڕێژەی دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان

| جۆری دارستان | سیمانی | هەولێر | دهۆك | کەرکوك | دیالە | موصل | ٪ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دارستانی چڕ | ٢٩٩٦٠٠ | ٩٢٥٢٠٠ | ٩٦٤٧٢٠ | – | – | ٢٩١٢٠٠ | ٪٣٦,٢ | ٢٥٨٠٧٢٠ |
| دارستانی مامناوەند | ٣٨٤١٢٠ | ٢٦٥٤٨٠ | ٤٠٦٦٠٠ | ٧٢٠٠ | – | ٩٦٦٠٠ | ٪١٦,٣ | ١١٥٢٨٠٠ |
| دارستانی کراوە | ١٣٤٠٨٨٠ | ١١٩١٥٦٠ | ٦٨٦٢٨٠ | ٦٥٦٠٠ | ٩٦٠٠ | ١٢٦٥١٠ | ٪٤٧,٥ | ٣٣٧٦٤٤٠ |
| کۆ | ١٦٨٦٠٠٠ | ٢٧٧٩٦٠٠ | ٢١٧٦٩٠٠ | ٧٢٧٠٠ | ٩٦٠٠ | ٣٧٦٥٠٠ | ٪١٠٠ | ٧١١٠٤٠٠ |




**نەخشەی ژمارە (٣٠)**

**دابەش بونی ڕووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستان**

# ٧٠- خاك لە هەرێمی کوردستان

خاك بەو توێژاڵە یان چینە تەنکە هەڵوەشاوە دەوترێت کەتاوێرەکانی بەرگی بەردینی داپۆشیوە و ئەستوریەکەی لەنێوان چەند سانتیمەترێك یان چەند مەترێکدایە، خاك لەماوەی چەند ساڵێکی کورتدا دروست نابێت، بەڵکو چەندان سەدەی پێویستە بۆ نمونە دروست بوونی (٢,٥) سانتیمەتر لەخاك پێویستی بە (٣٠٠- ٩٠٠) ساڵ هەیە.

خاکی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەخاك گرنگەکانی جیهان بەهۆی ئەو بەپیتی و بەرەکەتەی کەهەیەتی بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ جۆری تاوێرو توخم و کانزاکان لەهەندێ شوێنی خاکی کوردستاندا ڕۆڵی گرنگی هەیە لەدیاری کردنی ڕێژەی بەپیتی خاکەکەو دەوڵەمەندی بەمادە کانزاییەکانی ناوخاك، هەرئەمەشە وای کردووە گڵی خاکی شارەزوور و بتوێن بەیەکێك لەخاکە بەپیتەکان دادەنرێت چونکە پێکهاتەی کانزایی لەچیاکانی دەوروبەریەوە هاتووە کە لەجۆری بەردی ئاگرین و گۆڕاون، هەتا تاوێرەی ناوچەکە هەمە جۆربێت خاکی ناوچەکە بەپیت تر دەبێت.

خشتەی ژمارە (٢٦)

جۆرەکانی خاك و گرنگیەکەی لە هەرێمی کوردستان

| جۆرەکانی خاك | ڕێژەی مادەی ئەندامی بە (٪) | هۆکاری پێکهاتنیان | گرنگیەکەی |
|---|---|---|---|
| خاکی قاوەی سۆرگ | ٠,٥ | - جیۆلۆجیای ناوچەکە و جۆرەکانی کەڤەر.<br>- تۆپۆگرافیا.<br>- ئاووهەوا.<br>- ڕووەکی سروشتی.<br>- مرۆڤەکان. | - هۆکارە بۆ دابین کردنی خۆراك بۆ مرۆڤایەتی.<br>- جۆری خاکی باش دەبێتەهۆی ناساندن و پێشکەوتنی وڵات.<br>- هۆکارە بۆ زۆری و جۆراوجۆری ڕووەکی سروشتی و کشتوکاڵ.<br>- بەهۆکارێکی گرنگی دامەزراندنی پیشەسازی دادەنرێت.<br>- کەمی ڕێژەی خوێ تێیدا.<br>- بەهۆی بە پیتی هۆکارە بۆ نشتەجێ بوونی بڕێکی زۆر لادێ نشین. |
| خاکی قاوەی گەنم ڕەنگ | ١- ٢ | | |
| خاکی کەستەنائی | ١-٤ | | |
| خاکی لیسۆسۆڵ | ١ | | |
| خاکی چیاکان | ٥ | | |
| خاکی چێرنۆزیەم | ٤-٨ | | |

## گرنگیەکەی

١- خاك بەیەكێك لەو كەرەستەو داهاتە سروشتیە سەرەكیانە دادەنرێت كەڕوی زەوی داپۆشیەوە, خۆراك و پۆشاك بۆ ئادەمیزادو تێكڕای زیندەوەرانی تری لەسەر گۆی زەوی دابین دەكات, جگە لەوە كە ئاو لەو شتە پیسانەی تێكەڵاوی بوون پاكی دەكاتەوەو دەیپاڵێوێت و وای لێ دەكات جارێكی تر بۆ بەكاربردن دەست بدات.

٢- خاك بەهۆكاری پێش كەوتن و ناساندن باس دەكرێت, بۆیە زۆربەی پێشكەوتن و پەرەسەندنی شارستانیەتە كۆنەكان و بەردەوام بونیان پەیوەندیەكی توندو تۆڵیان هەیە بەپیتی خاكەوەو بەهۆیەوە ناوبانگیان دەركردووە, لەهەرێمی كوردستانیش بەهۆی بەپیتی خاك و باشی جۆرەكەی بۆ كشتوكاڵ وای كردووە ناوبانگی هەبێت لەسەر ئاستی جیهان بەجۆرێك بۆ یەكەم جار كشتوكاڵ لەگوندی (چەرمۆ)ی نزیك چەمچەماڵ لە(٧٠٠) ساڵ پێش زایین دۆزراوەتەوە, ئەوەش هۆكارێكی سەرەكی بەپیتی خاك بووە لەهەرێمی كوردستان كەوای كردووە ناوبانگی زیاتر بڵاوبێتەوە.

٣- خاك بەیەكێك لەهۆكارە گرنگ و بەبەهاكان دادەنرێت بۆ ڕووەك و گژوگیا لەهەرێمی كوردستان بەهۆی باشی جۆری خاكی هەرێمی كوردستان و جۆراوجۆرییەكەی لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر وای كردووە بەرهەمی ڕووەكی سروشتی جۆراوجۆری تێدا بڕوێت كەبایەخی تایبەتی هەیە لەزۆر ڕووەوە بۆ هەرێمی كوردستان لەهەموو بوارەكانی ژیاندا, بۆیە ڕووەك لەڕێگەی خاكەوە ئاو و خوێی تواوە هەڵدەمژێت و خۆراكی خۆی پێ دابین دەكات, هەروەها تەنیا خاك لەڕێگەی كردارەكانی زیندەگیەوە توانای ئەوەی هەیە یاریدەی ڕووەك بدات بۆ گەشە كردن بەشێوەیەكی زۆرتر لەبەردە بنەڕەتیەكاندا كەلێیانەوە پێكهاتوون, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەری زۆر هۆكار لەسەر بەردە بنچینەییەكاندا و گۆڕانی زۆربەی خەسڵەتە بنچینەییەكان و گۆڕانیان بۆ مادەی گڵ و خۆڵ.

وەك پێشتر باسمان كرد خاك ناوەندێكە بۆ پێدانی ئاووهەواو خۆراكی پێویست بەڕووەك لەپێناو گەشەكردن و زۆربوندا, بەپیتی خاك و دەوڵەمەندی بەمادەی كانزایی و مادەی ئەندامی كاردەكاتە سەر ڕووەك لەڕوی جۆرو قەبارەو چڕیەوە, باشترین نمونە بۆ ئەمە ناو دۆڵەكان بەهۆی ئەوەی خاكەكەی كەستانەییەو قوڵە گونجاوە بۆ ڕواندنی گژوگیا, بەڵام ناوچەی گردەكان كەئەستوری خاك كەمترە گژوگیای كەمترە, یان ئەو لاپاڵی چیایانەی كەخاكی پێوە نەماوە بەهۆی ڕاماڵینەوە لەئێستادا هیچ ڕووەكێكی لێناڕوێت.

٤- هەروەها خاك هۆكارە بۆ دروست بوونی ڕووەك و گەشەكردنی بەشێوەیەكی

به‌رده‌وام، هۆکاریشه بۆ بوونی جۆراوجۆری کشتوکاڵ و به‌رهه‌مه کشتوکاڵییه‌کان له‌هه‌رێمی کوردستان وه‌ك به‌رهه‌مه‌کانی (گه‌نم، جۆ، گه‌نمه‌شامی، برنج، نۆك، نیسك ...هتد) که‌ئێستا هه‌ندێ به‌رهه‌میان به‌هۆی گرنگی نه‌دان به‌چاندییان به‌رهه‌مه‌کانیان به‌ره‌و نه‌مان و که‌م بونه‌وه چوون وه‌ك (برنج، گه‌نمه‌شامی، ... هتد)، له‌کاتێکدا گه‌نم ساڵانه‌ی ده‌گاته زیاتر (٣٠٠) هه‌زار ته‌ن له‌ناوچه جیاوازه‌کانی کوردستان و جۆش به‌هه‌مان شێوه ڕێژه‌یه‌کی به‌رز تۆمارده‌کاتله به‌رهه‌مدا به‌تایبه‌ت له‌و ناوچانه‌ی که‌ڕێژه‌ی دابارین که‌مه وه‌ك ناوچه‌کانی گه‌رمیان له‌سنوری نێوان هه‌رێمی کوردستان و عێراقی عه‌ره‌بی، چونکه جۆ زیاتر به‌رگه‌ی پله‌ی گه‌رمی و که‌می باران ده‌گرێت له‌به‌رامبه‌ر گه‌نم و به‌رهه‌مه‌کانی تری کشتوکاڵدا، که‌واته ده‌رده‌که‌وێت جۆراجۆری به‌رهه‌می کشتوکاڵی به‌رهه‌می جۆراوجۆری خاکه له‌هه‌رێمی کوردستان، هه‌روه‌ها خاك به‌پێی قوڵی و ته‌نکی کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر جۆر و بڕی به‌رهه‌مه‌که بۆ نمونه خاکی لاپاڵه‌کان له‌ناوچه‌ی شاخاوییه‌کان ته‌نکتره وه‌ك له‌ده‌شته‌کان به‌تایبه‌تی ده‌شتی ناو چیایه‌کان، خاکی چیا به‌و خاکه ناسراوه که‌به‌ڵکی کشتوکاڵ نایه‌ت به‌هۆی داروتان و نه‌مانی چینی سه‌ره‌وه‌ی خاکه‌که.

٥- خاك به‌شێوه‌یه‌کی گشتی فاکته‌ری بنه‌ڕه‌ته بۆ دامه‌زراندنی پیشه‌سازی له‌هه‌ر ناوچه‌یه‌کدا بێت له‌سه‌ر ڕووی گۆی زه‌وی، جائه‌وه پیشه‌سازییه سوك بێت یان قورس بێت، پیشه‌سازییه قورسه‌کان پێویستیان به‌بڕێکی زیاتر له‌خاك وه‌ك پیشه‌سازی ئاسن و پۆڵا، ئه‌گه‌ر له‌م ڕووه‌وه سه‌یری خاکی هه‌رێمی کوردستان بکه‌ین ده‌بینین زۆر گونجاوه ئه‌گه‌ر وه‌ك بنه‌مایه‌کی پیشه‌سازی به‌کاردێت چونکه کوردستان خاوه‌ن ڕووبه‌رێکی زه‌وی زۆره بێ ئه‌وه‌ی سودی لێ وه‌ربگرێت له‌هیچ بوارێکدا، هه‌ربۆیه له‌سه‌ر جۆره پیشه‌سازییه‌کدا بته‌وێت دایمه‌زرێنێ له‌ڕوی خاکه‌وه کێشه‌ی نیه وه‌ك دامه‌زراندنی چه‌ندین کارگه‌ی چیمه‌نتۆ و ئاو و ڕستن و چنین و دۆشاو و توتن که‌هه‌ندێکیان ئێستا به‌هۆی ئاوڕنه‌دانه‌وه‌ی حکومه‌ته‌وه داخراون و له‌ناوچون، که‌واته ده‌رده‌که‌وێت کوردستان به‌هۆی ئه‌و ڕووبه‌ره زۆره‌ی خاکه‌وه گونجاوه بۆ بواری پیشه‌سازیه جۆربه‌جۆره‌کان دروست کردنیان و په‌ره‌سه‌ندیان.

٦- خاك ده‌ورێکی گرنگ و باڵای هه‌یه له‌دیاری کردنی سنور هه‌ر وڵاتێکدا، به‌جۆرێك هه‌ر وڵاتێك خاکی دیاری کراوی نه‌بێت ئه‌وا به‌وڵات دانانرێت، بۆیه ده‌توانێت بڵێن خاك یه‌کێکه له‌بنه‌ما سروشتیه‌کانی ده‌وڵه‌ت داده‌نرێت و کاریگه‌ری هه‌یه له‌سه‌ر ده‌وڵه‌ت، هه‌رێمی کوردستانیش وه‌ك هه‌رێمك له‌عێراق به‌هۆی نه‌بوونی خاکێکی دیاری کراوه‌وه وای کردووه سنورێکی دیاری کراوه‌ی نه‌بێت که‌ئه‌مه‌ش وه‌ك کێشه‌یه‌کی سه‌ره‌کی وایه بۆ جیاکردنه‌وه‌ی له‌عێراق، ئه‌مه‌ش به‌هۆی چه‌ندین ناوچه‌ی

جێ ناکۆك لەنێوان هەرێم و بغداد وەك (کەرکوك و خانەقین و دوبز ... هتد) کەبەردەوام کێشە بۆ هەردوولا دروست دەکات, ئەم کێشەیەش پەرەی سەندووە و کاریگەری هەبووە لەسەر سەرجەم بواری ئابوری و سەربازی و بازرگانی هەرێم, کەواتە خاك تاکە هۆکاری گرنگە کەوای کردووە هەرێم بەردەوام لەکێشەدابێت لەگەڵ ناوەند (بغداد) کەبەردەوام ئەم ناوچە سنوریەکەی بەناجێگیری ماتەوە, لەکاتی ئێستادا هەردوو حکومەتی هەرێم و بغداد هێزێکی زۆریان لەناوچەکەدا کۆکردۆتەوە بۆ سەندنەوەی ناوچەکان لەیەکتری بەتایبەت هەرێم خاڵی سەرەکی ئەوەیە کەمادەی (١٤٠) جێ بەجێ بکرێت کەتایبەتە بەگەڕاندنەوەی عەرەب بۆ باشورو ناوەڕاستی عێراق و ئاسایی کردنەوەی ناوچەکە کەهۆکارە بۆ خستنە سەری خاکی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆسەر هەرێم.

٧- خاك هۆکارە بۆ نیشتەجێ بوونی لادێ نشیەنەکان, ئەم دیاردەش لەهەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت و دەبینین ڕێژەیەکی زۆر گوند نشینی تێدا نیشتەجێ بوون بەهۆی بوونی خاکی بەپیت و سەرچاوەکانی تر کەهۆکارە بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵداری کەبژێوی پلەیەکی لادێیەکان لەهەرێمی کوردستاندا, وەك نیشتەجێ بوونی لادێکان لەدەشتی شارەزوور لەلادێکانی (لامەرکەزی و گردی گۆ و تەپی سەفا و خاك و خۆڵ ... هتد) کەڕێژەیەکی باش خەڵکی تێدا نیشتەجێ بووە بەهۆی بەپیتی خاك بۆ کشتوکاڵ, کەبەردەوامیش بایەخ و گرنگی ئەم لادێیانە زیاد دەکات لەبواری نیشتەجێ بوون, کەواتە خاك هۆکاری نیشتەجێ بوونی لادێکانە لەهەرێمی کوردستان.

٨- یەکێك لەسیفەتە گرنگەکانی خاکی هەرێمی کوردستان کە لەناوچەی خوارو ناوەڕاستی عێراق جیا دەکاتەوە بەهۆی کەمی ڕێژەی خوێ تێیدا, ئەمەش وادەکات کەناوچەی ناوەڕاست و خواروی عێراق بەکەڵکی کشتوکاڵ و ڕووەکی سروشتی نەیەت چونکە ڕێژەیەکی بەرز خوێی تێدایە کەبوار بەگەشەسەندن و سەوزبونی ڕووەك نادات لەناوچەکەدا, بەپێچەوانەوە خاکی هەرێمی کوردستان ڕێژەی خوێی زۆر کەمە تەنها لەو ناوچانەدا نەبێت کەهاوسنورن لەگەڵ عێراقدا (ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی هەرێم) کەڕێژەی خوێی تێدا تاڕادەیەك بەرزە لەبەرامبەر ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان, بۆیە هەتا بەرەو باکورو باکوری ڕۆژهەلات بڕۆین ڕێژەی خوێ کەم دەکات, لەبەرئەمەشە هەمە جۆرە ڕووەك و کشتوکاڵی تێدا سەرکەوتوو دەبێت بەپێی ڕێژەی باران بارین, کەواتە سیفەتی کەم خوێ یەکێکە لەخاڵە گرنگەکانی خاکی هەرێمی کوردستان.




**نەخشەی ژمارە (٣١)**
**نەخشەی توانستی بەرهەم هێنانی خاك لە هەرێمی کوردستان**

## ٧١- بەرزونزمی هەرێمی کوردستان

شێوەکانی ڕوی زەوی لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار دروست بوون، وەك جوڵەی تەکتۆنی و چەمانەوە و شکان و قڵیشانی زەوی و کردارەکانی کەشکاری و ڕامالین و نیشتەنی، ئەم هۆکارانە سروشتین وکاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دروست بوونی دیاردەکانی بەرزونزمی لەسەر ڕووی زەوی کە مرۆڤ دەستی تێدا نەبووە، هەروەها هەندێکی تریان بەهۆی جوڵەی زەوی و مێژووی جیۆلۆجیەوە دروست بوون، هەروەها بەرزونزمی تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لەسەر دروست بوونی ژینگە جیاوازەکان، هەروەها کاریگەری گرنگی هەیە لەگشت تایبەتمەندییەکانی تر وەك (ئاووهەوا، خاك، ڕێڕەوی ئاوی، ڕووەکی سروشتی)، هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا

نمونەیەکی ڕون و ئاشکرایە، دیارە جیاوازی لەشێوەکانی ڕوی زەوی نەك تەنانەت لەسەر سروشتی ناوچەکە کاریگەری هەیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر مرۆڤ و چالاکیەکانیشی هەیە.

## خشتەی ژمارە (٢٧)

## چیاکان و گرنگیەکەیان لە هەرێمی کوردستان

| چیا | بەرزی بە مەتر | شوێنی جوگرافیا | گرنگیەکەی |
|---|---|---|---|
| گارە | ٢١٦٠ | چیاکانی ڕۆژهەڵاتی زێی دیجلە و زێی بادینان(پارێزگای دهۆك) | ١-هۆکاری سەرەکی بۆ دروست بونی ڕووەکی سروشتی جۆراوجۆر. ٢- هۆکارە بۆ دروست بونی چەندین جۆر هەرێمی ئاووهەوای. ٣- دیمەنێکی جوان دەبەخشێت بە ناوچەکە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی گەشتوگوزار. ٤- هۆکارە بۆ کەمی و زیادی ڕێژەی باران چونکە هەتا لە ئاستی ڕوی دەریوە بەرزببینەوە دابارین زیاد دەکات. ٥- لە بارە بۆ دروست کردنی چەندین بەنداو. ٦- گرنگ وەك ناوچەیەکی سەربازی. ٧- بوونی چەندین بەرهەمی سروشتی کە وەك خۆراك بەکاردێت. ٨- ناوچە چیاکان لانکەی چەندین جۆر گیانەوەر. |
| پیرس | ١٦٢٤ | | |
| خێری | ١٤٧٠ | | |
| پیران | ١٦٥٢ | | |
| بێخێر | ١٣٠٢ | | |
| باگرمان | ١٠٢٤ | | |
| ئاکرێ | ١٥٤٨ | چیاکانی نێوان زێی بادینان و زێی بچوك (پارێزگاری هەولێر) | |
| هەریر | ١٤٤١ | | |
| خانزاد | ١٥٣٠ | | |
| پیرمام | ١٠٩٠ | | |
| سەفین | ١٤٧٥ | | |
| هەیبە سوڵتان | ١٢٠٦ | | |
| سەری ڕەش | ١٣٠٥ | | |
| بەرانان | ١٣٧٣ | | |
| باواجی | ١٢٦٦ | چیاکانی نێوان زێی بژوك و سنوری ئێران (پارێزگای سلێمانی) | |
| بەمۆ | ١٨٣٨ | | |
| بالأمبۆ | ١٥٨٥ | | |
| بازیان | ١٥٤٤ | | |
| سەگرمە | ١٧٢٧ | | |
| قەرەداخ | ١٠٢٧ | | |
| گلە زەرد | ١٧٩٥ | | |
| هەنجیرە | ١٣٧٢ | | |
| شەنگار | ١٤١٢ | | |

## گرنگیەکەی

١- بەرزونزمی کاریگەری هەیە لەسەر ڕووەکی سروشتی و بەگرنگترین فاکتەری سروشتی دادەنرێت بۆ سەوزبون و گەشە کردنی لەهەر ناوچەیکدا بێت, بەرزی لەئاستی ڕوی دەریاو لێژی و ئاراستەی لێژی هۆکارێکە بۆ ڕواندنی جۆر و ڕەی ڕووەکی سروشتی, هەروەها بڕی بەرزی لەئاستی ڕوی دەریاوە کاریگەری لەسەر ڕەگەزەکانی ئاووهەوا (پلەی گەرمی, شی, ڕوناکی, دابارین) هەیە, ئەمەش کاردانەوەی ڕاستەخۆ لەسەر گەشەکردن و دابەش بوونی ڕووەکی سروشتی و جۆری ڕووەکەکە دەبێت, بۆ نمونە دارستانی (بەڕوو, مازوو) لەبەرزایی نێوان (٤٥٠-١٨٠٠)مەتر هەیە وەك لەچیاکانی (هەیبە سوڵتان, بالأمبۆ, شنروێ, قەرەداغ. سەگرمە) هەیەو لەسەرەوەی ئەم ئاستە (دەوەن, داری بچوك) بەرچاودەکەوێت لەدوای ئەمیش گژوگیا کەبەناوی نیمچە ئەلبی ناسراوە هەیە لەخوار ئەم بەرزیەش گژوگیای ستێپس دەڕوێن.

٢- بەرزونزمی کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر ئاووهەوای هەرێم دروست کردووەو وای کردووە چەندین جۆر ئاووهەوای جیاواز بەدی بکرێت لەڕووی پلەی گەرمی و دابارینەوە, بەجۆرێك هەتا لەباشوری ڕۆژئاواوە بەرەو باکور و باکوری ڕۆژهەلأت بڕۆین پلەی گەرمی دادەبەزێت و ڕێژەی باران و بەفر (دابارین) زیاد دەکات, بەرزترین ڕێژەی باران بارانیش دەگاتە (١٣٥٠) ملم لەپێنجوێن, هەروەها هەمان شێوەش پلەی گەرمی دادەبەزێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی تابەو ئاراستە بڕۆین لەئاستی ڕوی دەریا بەرزتردەبینەوەو بەمەش پلەی گەرمی بەرەو دابەزین دەڕوات, چونکە بەبەرزبونەوە بۆ هەریەك مەترێك (٠,٦) پلەی گەرمی دادەبەزێت, پلەی گەرمی جیاوازە بەپێی بەرزی لەئاستی ڕوی دەریا بۆ نمونە لەپێنجوێت تێکڕایی پلەی گەرمی (١٢,٤)ە و لە سلێمانی (١٩,٢) و لەچەمچەماڵ (٢٠,١) لە کەرکوك (٢٢,١).

هەروەها بەرزونزمی تەنها کارییگەری لەسەر پلەی گەرمی نیە بەڵکو کاریگەری لەسەر جۆر و بڕی دابارینیش هەیە, بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەر (٣٣)مەتر لەئاستی ڕوی دەریا بەرزبونەوە بڕی باران بەڕێژەی (١-٥٪) زیاد دەکات, هەرئەمەش وای کردووە تالەباشوری ڕۆژئاواوە بەرەو باکوری ڕۆژهەلأت بڕۆین بڕی باران بارین زۆرتر دەبێت بۆ نمونە (کەرکوك و چەمچەماڵ و سلێمانی و پێنجوێن) تارادەیەك هەموویان لەسەر یەك هێڵی پانین بەلأم بەهۆی ئەوەی جیاوازن لەڕوی بەرزی لەئاستی ڕوی دەریاوە تێکڕای ساڵانەی ئەو بارانەی لێیان دەبارێت جیاوازە, وەك دەبینین ئاستی بەرزی لەکەرکوك (٣٣١)مەتر و چەمچەماڵ (٧١٨)مەتر و سلێمانی (٨٥٣)مەترو

پێنجوێن (١٣١١)مەتر, بەڵام تێکڕایی بارانی ساڵانە تێیاندا بەم جۆرەیە: لە کەرکوک (٣٧٠,٢)ملم و چەمچەماڵ (٤٩٨,٥)ملم وسلێمانی (٧٠٠,٢)ملم وپێنجوێن (١٢٦٣)ملم, جگە لەوە ڕێژەی بەفر بارین لەپێنجوێن زۆرە لەسلێمانی ماناوەندییە, بەڵام لەچەمچەماڵ کەم و لەکەرکوک بەدەگمەن دەبارێت وەك لەخشتەی ژمارە (٢٨) ئامارەی بۆ کراوە, بۆ نمونە لەساڵی (٢٠١٢- ٢٠١٣)دا ڕێژەکەیان بەم جۆرە بووە لەپێنجوێن زیاتر لە(١٢٠) ساتیمەتر و لەسلێمانی نزیکەی (٥٠) سانتیمەتر و لەچەمچەماڵ کەمتر لە (٥) ساتیمەتر و لەکەرکوك نزیکەی (١) ساتیمەتر.

خشتەی ژمارە (٢٨)

ڕێژەی پلەی گەرما و دابارین بە پێی بەرزی لە ئاستی ڕوی دەریا

| شوێن | بەرزی بە(م) | پلەی گەرمی | باران بە ملم | بەفر بە سم |
|---|---|---|---|---|
| کەرکوك | ٣٣١ | ٢٢,١ | ٣٧٠,٢ | ١٢٠ |
| چەمچەماڵ | ٧١٨ | ٢٠,١ | ٤٩٨,٥ | ٥٠ |
| سلێمانی | ٨٥٣ | ١٩,٢ | ٧٠٠,٢ | ٥ |
| پێنجوێن | ١٣١١ | ١٢,٤ | ١٢٦٣ | ١ |

٣- جۆراجۆری بەرزونزمی هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە, لەکاتێکدا دیمەنێکی سروشتی جوان بەناوچەکە دەبەخشێت و وای لێ دەکات ناوچەیەکی گەشتوگوزاری سروشتی زۆر جوان دروست بکات, هەرچەندە شێوەکانی سەرووی زەوی سەرنج ڕاکێش جۆراوجۆر بن ئەوەندە باشتر دەبێت لەپەرەسەندن و پێش کەوتنی گەشتوگوزاردا, چونکە ئەمە خاوەنی چەندین دیاردەی جۆراوجۆرن کەوا دەکات ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بەلای خۆیدا ڕابکێشێت وەك (چیا بەرزەکان, کەناری دەریا و ڕوبارەکان, دەشتەکان, دۆڵەکان, بانەکان), کەهەر گەشتیارێك حەز لەجۆرێك سەردانی بۆ ئەم شوێنانە دەکات, هەندێکیان سەردانی ناوچە دەشتاییەکان دەکەن و هەندێکی تریان سەردانی ناوچە چیاکان دەکەن و هەندێکی تریان سەردانی کەناری ڕوبارەکان دەکەن, هەروەها بوونی چەندین دیاردەی جیمۆرفۆلۆجی ناوازە و کەم وێنە وەك (کەندڕ و دەربەندی نێو چیاکان و دۆڵەکان و تاڤگە و کانیاوە کارستی یەکان و کانزاییەکان لە ناوچەکەدا لە وەرزی زستاندا دیسانەوە هۆکارێکی باشە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار, لەگەڵ ئەوەشدا ناوچە چیاکان ئاووهەوایەکی پاکژی هەیەو چەندین جۆر گیانەوەرو باڵندەی کێوی و خۆش بوونی ئاووهەوا وای کردووە ئەم ناوچانە ببنە شوێنێکی گەشتیاری گرنگ, کەواتە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان گونجاوترین ناوچەی عێراقە بۆ گەشتوگوزار بەوپێیەی کەساڵانە بەهەزارەها گەشتیار سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن بەتایبەت لەکاتی دابارین و بەفرو وەرزی هاوین بەهۆی نزمی پلەی

گەرمی لەم وەرزەدا.

٤- بەرزونزمی جیاواز هۆکارە بۆ دابارینی ڕێژەیەکی زۆر لەباران و بەفر لەناوچەکەدا، ئەم دابارینەش لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە وەك لەپێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد، بۆیە ئەگەر تەماشای هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین ڕێژەیەکی زۆر باران و بەفر لێ دەبارێت، ئەمەش یارمەتی زۆربوونی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دەدات، بەجۆرێك هەتا بەرەو بەرزاییەکان بڕۆین دابارین زیاتر دەبێت ودەبێتە هۆی زیادبوونی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، دواتر بۆ چەندین بواری جیاواز سودی لێ وەردەگیرێت وەك کۆکردنەوەی لەبەنداوەکاندا بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا، هەروەها بەهۆی بەرزونزمی و زۆری ئاو تێیدا چەندین تاڤگەی تێدا دروست بووە کە کاریگەری هەیە لەسەر پێش کەوتنی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا، هەروەها زۆری دەرامەتی هۆکارە بۆ دەست کەوتنی بڕێکی زۆر بەرهەمی ماسی لەڕێگەی ڕاوکردنی لەڕوباری و دەریاچەو بەنداوەکاندا.

٥- بەرزونزمی بەهەمان شێوە کاریگەری هەیە لەسەر دروست بونی خاك و بەپیتی، ئەو ناوچانەی کەدەکەونە لاپاڵی چیاکانەوە بەباشترین و بەپیترین خاك دادەنرێن بەهۆی ڕامالینی خاکەکە لەچیاکەوە بۆ ئەم پێ دەشتانە بەوەش بڕێکی زۆر نیشتەنی تێدا کۆبووەتەوەو خاکێکی پێگەیشتوی چاکی ئامادەکردوە بۆ کشتوکاڵ و بوارەکانی تری بەکارهێنانی خاك، وەك خاکی دەشتی شارەزوور لەبناری چیاکان لەبناری چیایی شنروێ و هەورامان کە بەباشترین شوێن دادەنرێت بۆ کشتوکاڵی گەنم. بۆیە لەناوچە چیاکاندا بەشی سەرەوەی چیایەکە خاکی کەمە یان هەر نیەتی بەڵام نێوان چیاکان و دۆڵەکان قوڵی خاك تێدا زۆرە و بەخاکێکی بەپیت دادەنرێت.

٦- بەرزونزمی لەهەرێمی کوردستان بەهایەکی ئابوری بەهێزو گرنگی هەیە بەتایبەت لەو بوارەی کەچەندین شوێنی گونجاوی تێدا بۆ دروست کردنی بەست و بەنداو و گلدانەوەی بڕێکی زۆر ئاو، کە لەئێستادا ئاو دەرامەتێکی سروشتی زۆر گرنگە لەناوچەکەدا، بەجۆرێك بازرگانی نێوان عێراق و ئێران و عێراق و تورکیای خستووەتە کێشەیەکی مەترسیدار و وای لێ کردووە بەبێ بوونی ڕێکەوتنی ئاو هیچ ڕێکەوتنێکی بازرگانی نەبەستن وەك ئەوەی لەم دواییەدا ئێران ئاوی ڕوباری ئەلوەنی گرتەوەو ئەوەش وای لەعێراق کرد پێشنیاریان کرد تائاوی ئەو ڕوبارە بەرنەدرێتەوە هیچ ڕێکەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا نەبەستن، بەڵام لەهەرێمی کوردستان ئەم کێشەیە نیە ئەگەر حکومەت پلان هەبێت بۆ دروست کردنی بەنداو لەکوردستان کە لەئێستادا زیاتر لە (١٥) بەنداو پێشنیاز کراوە بۆ دروست کردن گرنگترینیان بەنداوی بێخمەیە کە بەتەنها نزیکەی (١٧) ملیار مەتر سێ جا ئاودەگرێت، لەگەڵ

ئه‌وه‌شدا بڕی تێچونی که‌می ده‌وێت چونکه ناوچه‌که به‌شێوه‌یه‌کی سروشتی گونجاوه بۆ دروست کردنی به‌نداو, هه‌روه‌ها له‌م به‌نداوانه‌دا چه‌ندین سودێکی لێ وه‌رده‌گیرێت وه‌ك به‌رهه‌م هێنانی وزه‌ی کاره‌با و ده‌سکه‌وتی به‌رهه‌می ماسی و گونجاندنی گه‌شتوگوزار و ڕه‌خساندنی هه‌لی کار بۆ خه‌ڵك, هه‌روه‌ها به‌کارهێنانی وه‌ك کارتێکی فشار بۆ حکومه‌تی عێراق, ئه‌مه‌ش وا ده‌کات حکومه‌تی عێراق په‌نا بۆ کوردستان ببات چونکه زۆربه‌ی سه‌رچاوه ئاوییه‌کانی عێراق له‌کوردستاندایه.

٧- هه‌روه‌ها ناوچه چیاکان که‌خۆی ده‌بینێته‌وه له‌به‌رزونزمیه‌کاندا لانکه‌ی ژماره‌یه‌کی زۆر باڵنده‌و ئاژه‌ڵی کێوین, ئه‌مه‌ش دیمه‌نێکی جوان ده‌به‌خشێته ناوچه‌که له‌ڕوی گه‌شتوگوزارییه‌وه واده‌کات ژماره‌یه‌کی زۆر گه‌شتیار سه‌ردانی ئه‌م ناوچه‌یه بکات بۆ بینینی ئه‌م ئاژه‌ڵانه که‌ئێستا به‌هۆی قه‌ده‌غه‌کردنی ڕاوکردنی ئه‌م ئاژه‌ڵ و باڵنده کێوییانه ژماره‌یان زۆر بووه‌وه له‌چه‌ند ناوچه‌یه‌ك ده‌رده‌که‌ون, که‌واته وه‌ك بنه‌مایه‌کی سروشتی گه‌شتوگوزاری ئه‌ژمارده‌کرێت که له‌پێشتردا ڕومان کردۆته‌وه.

٨- هه‌روه‌ها ناوچه به‌رزونزمیه‌کانی هه‌رێمی کورستان چه‌ندین جۆر به‌روبومی تایبه‌تی لێ به‌رهه‌م ده‌هێنرێت که‌هه‌رچه‌نده که‌مه به‌ڵام له‌ڕوی ئابوریی و ته‌ندروستی یه‌وه گرنگی زۆری هه‌یه وه‌ك گوێز که به‌زۆری ده‌که‌ونه ناوچه‌کانی نێوان عێراق و ئێران له‌باکوری ڕۆژهه‌ڵات له‌ناوچه‌ی هه‌ورامان, جۆرێ باش گوێزی تێدا به‌رهه‌م دێت و ده‌ستکه‌وتێکی ئابوری گرنگی بۆ دانیشتوانی ئه‌و ناوچانه په‌یدا ده‌کات و واده‌کات ژماره‌یه‌کی دیاری خه‌ڵك پێوه خه‌ریك بن و داهاتی ڕۆژانه‌ی خۆیانی پێ دابین بکه‌ن, هه‌روه‌ها له‌ڕوی ته‌ندروستیشه‌وه به‌به‌رهه‌مێکی گرنگ ده‌ژمێرێت, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا چه‌ندین به‌رهه‌می تری تێدایه بۆ خوارد وه‌ك (به‌ڕوو, قه‌زوان, بنێشت) وه‌ك خواردن سودی لێ وه‌رده‌گیرێت به‌ڕێژه‌یه‌کی که‌متر.

٩- ناوچه چیایه‌کان ده‌توانرێت وه‌ك شوێنێك بۆ پرۆسه سه‌ربازییه‌کان به‌کاربهێنرێت, که‌سه‌رچاوه‌ی به‌هێز و پته‌وه بۆ خۆحه‌شاردانی سه‌ربازی به‌تایبه‌ت چالاکیه سه‌ربازییه بچوك و ماوه‌کورته‌کان, به‌هۆی شوێنی زۆر خۆحه‌شاردانی شاردنه‌وه‌ی که‌ل و په‌له سه‌ربازییه‌کان که له ناوچه ده‌شتایی ونزمه‌کان کارێکی گرانه, له ناوچه چیاکاندا ده‌توانرێت به‌سه‌ربازییه‌کی که‌مه‌وه به‌رگریه‌کی زۆر بکه‌ن به‌هۆی به‌رز و نزمی زۆر و فراوان و له‌هه‌مان کاتیشدا بوونی به‌فرو باران و سه‌رما به‌تایبه‌ت له‌وه‌رزه سارده‌کاندا, ئه‌مه‌ش به‌ڕوونی له‌هه‌رێمی کوردستاندا ده‌رده‌که‌وێت که به‌رده‌وام کورد چیایی وه‌ك هاوڕێ و پشتیوانی خۆی زانیوه له جه‌نگه‌کاندا بۆیه به‌ڕێژه‌یه‌کی که‌م پێشمه‌رگه‌وه ڕووبه‌ڕوی سوپایه‌کی وه‌ك ڕژێمی به‌عس ده‌بونه‌وه له‌ساڵه‌کانی (١٩٥٠ تا ١٩٩١) که‌به‌رده‌وام کورد چیاکانی وه‌ك حه‌شارگه‌یه‌ك به‌کارده‌هێنا و دواتر


لەرێگەی شەڕی پارتیزانیوە زۆری بۆ حکومەتی عێراق هێنابوو تا لەکۆتایدا لە ساڵی (١٩٩١) بەپشتیوان گەل توانیان بەعس لەکوردستان دەربکەن, ئەگەر بڵێن ناوچە بەرزونزمیەکان بەتایبەت چیاکان هۆکاری یەکەم و سەرەکیە لەسەرکەوتنی کورد بەسەر ڕژێمێکی گەورەی وەك بەعسدا ئەوا هیچ زیادەڕەوییەکی تێدا نیە.

١٠- ناوچە بەرزنزمیەکانی هەرێمی کوردستان بەچەندین دەرامەتی سروشتی بەناوبانگ ناسراون وەك (نەوت, ئاسن, مس ... هتد), کە بە سەرچاوەیەکی ئابوری و سیاسی و بازرگانی دادەنرێت بۆ هەرێم لەبەر ئەوەی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خۆی پێش بخات بە تایبەتی دەرامەتی نەوت کە داهاتێکی سەرەکی هەرێمی کوردستان و دەگاتە (٩٥٪)ی داهاتی هەرێم.

١١- بوونی چەندی جۆر دار لە ناوچانەدا کە وای کردووە لە کاتی گرانی نارەتیدا بەکاربێت وەك سەرچاوەیەکی گرنگی سوتەمەنی کەخەڵك لە بری نەوت گاز بەکاری دەهێنا بەتایبەت لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کەعێراق کەوتبووە ژێر گەمارۆیەکی ئابوری نێودەوڵەتی ئەمەش وای کرد پەنا بۆ ناوچە چیایەکان ببرێت بۆ دەست کەوتنی دار وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی سوتەمەنی.



وێنەی ژمارە (١٤)
ناوچە بەرزونزمیەکانی هەرێمی کوردستان



نەخشەی ژمارە (٣٢)
بەرزونزمی هەرێمی کوردستانی عێراق

## ٧٢- دەشتەکان لە هەرێمی کوردستان

دەشتەکان بەو ناوچە تۆبۆگرافیە نزمانە دەوترێت کە لەناوچە چیاکان و بانەکان نزمترە لەئاستی ڕوی دەریاوە, دەشتەکان بەهۆی چەند خاسیەتێکەوە لەناوچەکانی تری سەر زەوی جیادەکرێتەوە چونکە دەشتەکانی بەشوێنی کۆبونەوەی دانیشتوان و بازرگانی و گواستنەوەو دامەزراندنی پیشەسازی دادەنرێت لەبەرئەوە دەتوانین لەم ناوچانەدا بەئاسانی پەیوەندی پەیوەندی بکرێت بەیەکەوە لەنێوان ناوچەك بۆ ناوچەیەکی تر لەماوەیەکی کەمدا.

دەشتەکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە(١٠) دەشتی گرنگ کەدابەش بون لەنێوان ناوچە نیمچە چیاکان و ناوچە چیاکان و گرنگی زۆریان بۆ هەرێم هەیە چ لەڕوی ئابوریەوە بێت یان بازرگانی یان گواستنەوە بێت ڕۆلی خۆی دەبینێت لەپێشکەوتنی هەرێمی کوردستاندا, ئەم دەشتانەش بریتیە لە(شارەزوور, سلێمانی, ڕانیە, بازیان, هەریر, زاخۆ, حەمرین, دیبگە, هەولێر شەنگار), ئەم دەشتانە جیاوازن لەدانەیەکەوە بۆ دانەیەکی تر بەهۆی هەڵکەوتە و باری ئاووهەوا .... هتد, ئەمەش وادەکات سەرچاوەی گرنگیان جیاوازبێت بۆ هەرێمی کوردستان.

خشەی ژمارە (٢٩)

تایبەتمەندی هەندێ دەشت لە هەرێمی کوردستان

| ناوی دەشت | درێژی بە کم | پانی بە کم | تێکڕایی بەرزایی/ بە مەتر | شوێنی جوگرافیا |
|---|---|---|---|---|
| شارەزوور | ٤٥ | ٢٥ | ٥٥٠ | پارێزگای سلێمانی |
| سلێمانی | ٦٤,٥ | ١٤,٥ | ٦٥٠ | پارێزگای سلێمانی |
| ڕانیە | ٣٠ | ٣٠ | ٥٥٠ | پارێزگای سلێمانی |
| بازیان | ١٥ | ١٠ | ٥٥٠ | پارێزگای سلێمانی |
| هەریر | ٢٠ | ١٥ | ٥٠٠ | پارێزگای هەولێر |
| زاخۆ | ٣٥ | ٦ | ٦٠٠ | پارێزگای دهۆك |

## گرنگیەکەی

١- دەشتەکانی هەرێمی کوردستان چەندین سودی لێ وەردەگیرێت ئەویش بەهۆی ئەوەی کەئەم دەشتانە لەڕووی مرۆیی و ئابوورییەوە گرنگترین بەشی تۆبۆگرافیایی هەرێمی کوردستان پێك دێنن، بۆیە ئەم دەشتانە بەردەوام بایەخیان زیاد دەبێت چونکە بەگرنگترین ناوچە دادەنرێن بۆ کۆبونەوەی دانیشتوان تێیدا و گرنگترین مەڵبەندەکانی دانیشتوانی هەرێمی تێدایە وەك شاری سلێمانی و هەولێر کەژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی تێدا کۆبۆتەوە بەهۆی ئاسانی هاتووچۆو گواستنەوەو پەیوەندی کردن.

٢- ئەم دەشتانە بەگرنگترین مەڵبەندی گەشتیاری دادەنرێت، چونکە شوێنی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانە نزیك لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانەوە هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکی گەشتیارانە کە سەردانی ئەو ناوچانە دەکەن بەمەش دەبنە مەڵبەندی داواکاری گەشتوگوزار.

٣- دەشتەکانی هەرێمی کوردستان بەگرنگترین ناوچە دادەنرێت بۆ بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ، بەجۆرێك دەتوانین چەندین جۆر کشتوکاڵی تێدا بچێنرێت وەك دانەوێڵ و سەوزە و میوە بەهەموو جۆرەکانیانەوە کە لادێنشینەکان بەشی خۆیانی لێ دابین دەکەن و ئەوی تریشی دەنێرنە بازاڕی شارە گەورەکان، لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەم بەرهەمانە زۆربوون ئەوا لێی دەنێرێتە دەرەوە بۆ عێراق و وڵاتانی تری عەرەبی بۆ نمونە بەرووبومی هەنار بەهۆی زۆرییەوە کەساڵانە بڕێکی زۆری لێ بەرهەم دەهێنرێت ودەنێردرێتە دەرەوە بۆ عێراق و کوێت و ئەردەن و سعودییە کە بەباشترین جۆری هەنار دادەنرێت لەسەر ئاستی ناوچەکە، هۆکاری زۆری ئەم بەرهەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ئاو و خاکی بەپیت لەم ناوچانەدا، هەروەها بەرهەمێکی زۆری گەنم و جۆ لەم دەشتانەدا.

دەشتەکانی ئەم ناوچەیە لەبارترین و گونجاوترین شوێنە بۆ سەرکەوتنی کشتوکاڵ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەتەختی زەوی کشتوکاڵی گرنگترین مەرجە بۆ سەرکەوتنی پیشەی کشتوکاڵ، چونکە زەوی تەخت و دەشتایی بەکەمی توشی ڕاماڵین و داماڵین دەبێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر تایبەتمەندی فیزیایی خاك و ئەستوورییەکەی و توانای لەخۆ گرتنی ئاو و پیاڕۆیشتنی ڕەگەکانی ڕووەك بۆ ناو خاك، ئاسانی بەکارهێنانی ئامێر و ئامڕازە کشتوکاڵیەکان گونجاوە بۆ دامەزراندنی سیستەمی ئاودێری باش، ڕوی زەوی تەنها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری نابێت لەسەر کشتوکاڵ، بەڵکو بەشێوەی ناڕاستەوخۆش کاریگەری هەیە لەسەر خاك و ڕووەکی سروشتی و ڕێگاکانی هاتوچۆ، چونکە دەشتەکان بەهۆی تەختیانەوە ئاسانە

بۆ هاتوچۆ، بەڵام ناوچە چیاییەکان هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەی تێدا کەمەو کۆسپە لەبەردەم کشتوکاڵ.

٤- وەك باسمان کرد بەهۆی ئاسانی گواستنەوەو پەیوەندی کردن و گەیاندنی شمەك و کاڵا بازرگانیەکان، لەهەمان کاتیشدا گواستنەوەی بەنرخێکی کەم و لەکاتێکی کەمدا وای کردووە ببێتە مەڵبەندێکی گرنگی دانیشتوان، لەهەمان کاتیشدا ئاسانی و کەمی تێچون لەدروست کردنی خانو و ڕێگاوبان لەناوچە دەشتەکاندا هۆکارە بۆ بوونی زۆری دانیشتوان لەم ناوچانەدا، بۆیە جیاوازی زۆر لەڕوی ئابوری و کاتەوە هەیە لەنێوان خانویەك یان پرۆژەیەك یان ڕێگەیەك لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا چونکە سلێمانی بەرزونزمی زیاترە وەك لەشاری هەولێر.

٥- ناوچە دەشتاییەکانی هەرێمی کوردستان لەڕوی دەرامەتی ئاوەوە دەوڵەمەندن (دابارین، سەر زەوی، ژێر زەوی)، بۆیە کشتوکاڵی تێدا زۆر بەرهەم دێت، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی دارستان بەدرێژای کەناڵە ئاویەکان لەزۆربەی ناوچەکاندا، ئەمەش دیمەنێکی جوانی بەخشیەوە بەناوچەکە لەڕوی گەشتوگوزارەوە بونەتە هۆی ڕاکێشانی گەشتیاران بەلای خۆیانداو بەسەربردنی چالاکیە گەشتوگوزارییەکاندا لەناوچەکەدا وەك هاوینەهەواری چەق چەق و زەڵم و سەرچنار و سەرای سوبحان ئاغا.

٦- دەشتەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی نزیکیان لەناوچە شاخاوی و گەشتوگوزاریەکان کەڕوبەری زەویان کەمە، بۆ خزمەت گوزارییەکان ژێرخانی ئابوری، دەتوانرێت ئەو شارو شارۆچکانەی نێوان ئەم دەشتانە بکرێتە مەڵبەندی پێش کەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان وەك شوێنی حەوانەوە و یارگاکان و فرۆکەکان و چێشتخانەکان و گازینۆ و کامپ و خزمەتگوزارییەکانی تر.

٧- هەروەها بەهۆی دەشتەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەتوانێت بەئاسانی پەیوەندی لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی هەرێمدا بکەین، بۆ نمونە ناوەندی پارێزگای سلێمانی کەشاری سلێمانی خۆی دەکات و دەکەوێتە دەشتی سلێمانیەوە کەوتووەتە سەر ڕێگای سەرەکی بەستنەوەی پارێزگا بەهەرێم و بغداد لەلایەك و بەستنەوەی بەهەندێك لەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەکی ترەوە وەك سنەو بانەو مەریوان لەڕێگەی سلێمانی - چوارتا- پێنجوێنەوە بەکرماشان لە ڕێگەی سلێمانی- هەڵەبجە- کرماشان بەپێچەوانەوە.

٨- بەهۆی ئەوەی ناوچە دەشتاییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی تەخت و ڕوبەری زەویان زۆرە و ئاوی پێویستیان هەیە لەهەمان کاتیشدا گواستنەوەو گەیاندن و پەیوەندی کردنی تێیاندا ئاسانە و نرخی گواستنەوەشی کەمە لەگەڵ

چه‌ندین خاسیه‌تی تر وای کردووه ئه‌م ده‌شتانه گونجاو بن بۆ دروست کردنی چه‌ندین پیشه‌سازی جۆراوجۆر, به‌لام به‌داخه‌وه تائێستا بایه‌خی پێنه‌دراوه له‌لایه‌ن حکومه‌ته‌وه و بگره ئه‌وانه‌شی له‌سه‌رده‌می رژێمی به‌عسدا دروست کراون له‌ناوچون وه‌ك كارگه‌ی په‌تاته له‌ناحیه‌ی سیروان هه‌روه‌ها چه‌ندین كارگه‌ی تر كه‌لایه‌نێكی ئابوری باشی هه‌بوو, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا چه‌ندین كارگه‌ی تر دامه‌زراوه له‌ده‌شتی سلێمانی له كاتی ئێستادا كار ده‌كه‌ن وه‌ك كارگه‌ی چیمه‌نتۆ و كارگه‌ی ئاو ... هتد.

٩- هه‌روه‌ها به‌هۆی ته‌ختی زه‌وی له‌ده‌شته‌كاندا وای كردووه گونجاوبێت بۆ به‌خێوكردنی ئاژه‌ڵ بۆ به‌رهه‌می سپیایی و گۆشت كه‌داهاتێكی به‌هێزی چه‌ندین وڵاتی وه‌ك (ئوستراليا, ئه‌رجه‌نتین, نیوزیله‌نده) پێكدێنێت, هه‌رچه‌نده له‌ناوچه چیاكانیشدا ده‌كرێت, به‌لام به‌خێوكردن بۆ به‌رهه‌می سپیایی یان بۆ گۆشت له‌ناوچه ده‌شته‌كاندا زۆر گونجاوه چونكه ناوچه ده‌شتاییه‌كان سیفه‌تی زۆریان تێدایه وه‌ك له‌پێشتر ئاماژه‌مان بۆ كرد بۆیه حكومه‌ت شوێنی ته‌خت و له‌بار هه‌ڵده‌بژێرێت, باشترین شوێنیش ناحیه‌یی سیروان له‌ده‌شتی شاره‌زوور به‌باشترین شوێن داده‌نرێت بۆ به‌خێوكردنی ئاژه‌ڵ ئیتر بۆ هه‌رمه‌به‌ستێك بێت, چونكه خاسیه‌ته‌كانی دامه‌زراندنی كارگه و به‌خێوكردنی ئاژه‌ڵی تێدایه.

## ٧٣- گه‌شتوگوزار له هه‌رێمی كوردستان

گه‌شتوگوزار بزوتنه‌وه‌یه‌كی ئابوری زۆر گرنگه‌و ساڵ به‌ساڵیش گرنگیه‌كه‌ی زیاد ده‌كات, له‌هه‌رێمی كوردستانیشدا سه‌باره‌ت به‌كه‌رتی گه‌شتیاری, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌وڵی كه‌م لێره‌و له‌وێ هه‌یه به‌لام به‌به‌راوورد به وڵاته پێشكه‌وتووه‌كان تائێستا دواكه‌وتووه, ئه‌م دواكه‌وتنه‌ش له‌سه‌ره‌تادا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ حكومه‌تی عێراق و شه‌ڕه یه‌كبه دوایه‌كه‌كانی عێراق له‌گه‌ڵ كورده‌كان و ئێران و كوێت و هاوپه‌یمانان و شه‌ڕی ناوخۆ (چونكه له هه‌ر شوێنێك شه‌ڕ هه‌بێت بزوتنه‌وه‌ی گه‌شتیاری ده‌وه‌ستێت) و دابڕانی هه‌رێم به‌ڕووی جیهانداو نه‌بوونی ڕاگه‌یاندنێكی جیهانی بۆ ده‌رخستنی بارودۆخی گه‌شتیاری بۆ گه‌شتیارانی جیهان, سه‌ره‌ڕای ئه‌وانه‌ش پێداویستیه‌كانی گه‌شتیاری له‌هه‌رێم فه‌راهه‌م نه‌كراوه جگه له‌چه‌ند هه‌وڵێكی سه‌ره‌تایی و بچوك كه به‌به‌راوورد به‌وڵاته گه‌شتیاریه‌كانی جیهان زۆر زۆر كه‌مه.

گرنگییەکەی

١- گەشتوگوزار بەئاسانترین بازرگانی دادەنرێت لەنێوان وولاتاندا,کە بەسەرمایەیەکی کەم کە لەپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی گەشتوگوزاردا خەرج دەکرێت دەتوانین داهاتێکی زۆرمان دەست بکەوێت.

هەروەها لەرووی ئابورییەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا پێش کەوتنێکی بەهێزو خێرا لەبواری گەشتوگوزاردا ڕوویدا,ئەمەش کاریگەری لەسەر بواری ئابوری ولآتانی جیهان هەبووە,کەبەسەرچاوەی سەرەکی داهاتی هەندێك ولآت دادەنرێت,وەك چۆن نەوت و سەرچاوە سروشتیەکانی تر کەسودی لێ وەردەگیرێت لەبواری ئابوریدا,سەرەڕای ئەوەی ئەم سەرچاوە سروشتیانە زۆرجار بەرەونەمان و لەناوچوون چوون یاخود دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگەی ناوچەکە,ئەمە سەرەڕای بوونی خەرج کردنی بووجەیەکی زۆرو بەردەوام بۆ ئەوەی داهاتێکی باشمان دەست بکەوێت, بەجۆرێك بڕی داهاتی گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی ٥٦ ملوێن دۆلار کەژیانی بڕێکی زۆری دانیشتوانی لەسەرە,بۆیە کاریگەری گەشتوگوزار لەسەر لایەنی ئابوری کوردستان لەچەند ساڵی داهاتوودا هیچ لەدەرامەتە سروشتیەکانی وەك نەوت یان کشتوکاڵ کەمتر نییە کەبڕبڕەی پشتی داهاتی ئابوری هەرێم لەقەڵم دەدرێت,کەواتە دەتوانین بایەخی ئابوری گەشتوگوزار لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

أ-گۆڕینەوەی دراو لەنێوان ولآتاندا کەبڕێکی باش پارەی جیاوازی بیانی دەست دەکەوێت و دەبێتە هۆی زۆربونی پارەی جۆراو جۆر لەولآتداوو کاریگەری باشیشی لەسەر لایەنی ئابوری بەجێ دەهێڵێت،بۆ نمونە هاتنی گەشتیارێکی زۆری ئێرانی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق لەبۆنە ئاینیی و نەتەوەیەکاندا،بەمەش بڕێکی پارەی زۆرلە (تمەن) دەست دەکەوێت کەجیاوازن لەپارەی ولآتی خۆت.

ب- دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگە.

ج- سەرچاوەی داهاتی زۆر خێزانە لەئەو ناوچانەی گەشت و گوزار کەگەشتیاران ڕووی تێدەکات.

٢- بەهۆی گرنگی گەشت و گوزار هەوڵ دەدرێت شوێنەوارە دێرینەکان بپارێزرێت لەتێکدان و تەنانەت هەوڵی نۆژەنکردنەوەشی بدرێت و هەوڵی پاراستنی ئەو کەل وپەلانە بدرێت کەدەخرێنە ناومۆزەخانە، چونکە مۆزەخانە ڕێژەیەکی باش گەشتیار بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا پاراستنی قەلآ دێرینەکان لەڕێگەی تازەکردنەوە بۆئەوەی وەك خۆی بمێنێتەوەو گەشتیار ڕووی تێبکات، وەك قەلآی هەولێر کەئێستا بەشێکی زۆری نۆژەن کراوەتەوە بۆ پاراستنی، هەروەها

ئەشکەوتەکان کەدیسان شوێنەوارێکی کۆنن و بایەخی گەشت و گوزاری تایبەتیان هەیە، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کەگەشت وگوزار تاکە هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکان وەك ئەشکەوت و کەلە پورەکانی مۆزەخانەو قەڵاکان کەئەمانە بایەخی گەشت وگوزار زیاد دەکەن, بۆیە گەشتوگوزار لەهەرێمی کورۆدستان لەم چەند ساڵەی پێشودا پێش کەوتنی گەشتوگوزار بەهۆی گرنگی دان بەشوێنە درێنەکان و پاراستیان کەوای کردووە ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕوی تێ بکات جائیتر گەشتیاری ناوخۆی بن یان دەرەکی.

٣- لەڕووی ژینگەوە: گەشت و گوزار دەتوانین وەك بنەمایەکی گرنگ دیاری بکەین بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگە،لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا بەهۆی زۆر بونی ژمارەی دانیشتوان و زۆری پیشەسازییە بەرهەم هێنەکان و ئۆتۆمبیل.....هتد،کەهۆکارن بۆ پیس بونی ژینگە،بەلاَم ئەگەر سەیری پیشەسازی گەشت و گوزار بکەین دەبینین تاکە پیشەسازییە کە گرنگی بەپاك ڕاگرتنی ژینگە دەدات و هەوڵ دەدات بیپارێزێت لەپسبوون لەڕێگەی گرنگی دان بەسەوزایی و دەرامەتی ئاوەکان باخچەی ئاژەڵەکان،چونکە ئەگەر ئەمانە پیس بوون ئەوا دەبێتە هۆی پیس بوونی ژینگە بۆیە گەشت و گوزار هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە پاك ڕای بگرێت،بەم پاراستنەش گرنگی بەژینگە دەدرێت سودی ژینگە تەواو دەبێت،چونکە جوانی ژینگە یەکێکە لەو هۆکارانەی کەگەشتیار ڕادەکێشێت, کوردستانیش وەك هەموو وڵاتە گەستیاریەکانی جیهان تاڕادەیەکی باش ئەم خاڵەی جێ بەجێ کردووە توانیویەتی سودێکی باشی لێ وەبگرێت.

٤- هەردەم گەشت وگوزار هۆکارێکی گرنگە بۆ بەهێز بوون و پتەوبونی ئاینێتەکان لەنێوان دەوڵەتاندا کەبە گەشت وگوزاری دەرەکی ناسراوە یان لەنێوان ناوچەکانی یەك دەوڵەتدا کەبەگەشت وگوزاری ناوخۆی ناسراوە، وایان لێدەکات لەیەکیان نزیك بکاتەوە لەڕێگەی تێکەڵ بوون بەیەکتری، ئەمەش گرنگی گەشت وگوزار زیاد دەبێت و هۆکارە بۆ بوونی چەندین دیاردە کەپێشتر ڕوینەداوە وەك بوونی مزگەوت لەهەمان کاتدا بوونی کڵێسە لەیەك ناوچەدا ئەمەش پێکەوە ژیان لەنێوان ئایینە جیاوازەکان دروست دەکات ئەم دیاردەیەش بەڕوونی لەهەرێمی کوردستان دەردەکەوێت، هەروەها هۆکارە بۆ تێکەڵ بوونی چەندین حیزب و وڵات بەتایبەتی لەناوخۆی یەك وڵاتدا، کەسۆزو هەستی یارمەتیان بەرامبەر یەکتری بەهێزو پتەوبێت بۆ بەرگریکردن لەو خاك و نیشتیمانەی کەتیایدا دەژین، ئەم هۆکارانە کەباسمان کرد دەیسەلمێنێت کەگەشت وگوزار (گەشت وگوزاری ناوخۆی)هۆکارێکی گرنگە بۆ دروست بونیان و بەرەو پێش چونیان, لەهەرێمی کوردستان گەشتوگوزار ئەم پێکەوە ژیانەی دروست کردووە نەك

لەنێوان دوو دینی جیاواز بەڵكو لەنێوان چەندین نەتەوەی وەك نەتەوەكانی (كورد, عەرەب, تورك, كلدانی, ئاشوری) كەبەیەكەوە دەژین بێ ئەوەی كێشە لەنێوانیاندا دروست بێت ئێستاش وای لێ هاتووە ژن و ژن خوازی لەنێوانیاندا ڕوی داوە ئەمەش بەبەهێزترین هۆكار دادەنرێت بۆ ئەم پەیوەندییانە, ڕەنگە ئەم پەیوەندی تەنها هی گەشتوگوزار نەبێت بەڵام كاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەم لایەنانەی كەباسمان كرد.


٥- لەڕووی دەرونیەوە: بێگومان گەشت وگوزار كاریگەری بەهێزو بەرچاوی هەیە لەسەر لایەنی دەرونی لەهەر كۆمەڵگاو ناوچەیەك بێت لەجیهاندا،ئەویش لەڕێگەی حەسانەوەو بەسەر بردنی كاتێكی خۆش لەماوەی گەشتەكەدا بۆ ئەو گەشتیارانەی كەڕودەكەنە ناوچە گەشتیارییەكان چونكە گەشت و گوزار ئامانجی سەرەكی بریتیە لەحەسانەوەی دڵ و دەرونی گەشتیار لەكاتی گەشت كردنیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی لایەنی دەرونی و دەست پێكردنەوەی كارو چالاكیەكانی ڕۆژانە بەشێوەیەكی باشترو خێراتر، هەروەها لەكاتی سەردانیكردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشت و گوزارییەكان چەندین دیاردەی خۆش و ناوازە دەبینێت كەلەسەر كاركردن ناتوانێت بیان بینێت وەك ڕوبەڕوی سەوزایی و پانتاییەئاوییەكان و شوێنە گەشتیارییەكان یان ئەشكەوت، كەدەبێتە هۆی ئارامی دەرونی هاولاتیان و گەشتیاران، كەواتە لێرەوە دەر دەكەوێت گەشت و گوزار بەهۆكارێكی سەرەكی گرنگی ئارامی دڵ و دەرونی گەشتیاران دادەنرێت, هەرێمی كوردستانیش بەهۆی ئەو هۆكارە سروشتی و مرۆییانەی كەهەیەتی وای كردووە ببێتە ناوچەی گەشتیاری گرنگ گەشتیار بۆ هەمان مەبەست ڕوی بكاتە ناوچە گەشتوگوزارییەكان لەناوچە جیاوازەكانی كوردستان وەك (ئەحمەد ئاوا, بێخاڵ, جوندیان, گەلی عەلی بەگ, شەقلاوە, ئامێدی, ئاوێسەر, سۆلاڤ .... هتد), بۆ مەبەستی حەوانەوەو ئارام بونی جەستە كەلەكاتی كاركردنەكاندا توشی دەبیت ئەمەش بەیەكێك لەخاڵە گرنگەكانی گەشتوگوزار دەدانرێت.

**خشتەی ژمارە (٣٠)**

**ژمارەی گەشتیاربۆ هەرێمی كوردستان لە ساڵی (٢٠١٢) و گرنگیەكەی**

| شوێن | ژمارەی گەشتیار | گرنگییەكەی |
|---|---|---|
| سلێمانی | ١٦٠٢٠٣٢ | ١- گرنگە بۆ حەسانەوەی دڵ و دەرونی گەشتیاران لە ناوچە گەشتوگوزارییەكاندا. |
| هەولێر | ١٤٥٠٠٠٠ | ٢- بۆ بەهێز بوونی پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكانلە نێوان ناوچە جیاوازەكاندا. |

| | | |
|---|---|---|
| دهۆك | ١٥٠٠١٧٨ | ٣- هۆكارە بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگە.<br>٤- هۆكارە بۆ پاراستنی شوێنەوارە دێرینەكان لە تێكچون و لەناوچون.<br>٥- گەشتوگوزار بە ئاسانترین بازرگانی دادەنرێت.<br>٦- لە ڕوی ئابورییەوە زۆر گرنگە و داهاتێكی باشی هەیە بۆ ئەو وڵاتانەی كە هەیەتی. |
| گەرمیان | ٣٦٤٠٠٠ | |
| كۆ | ٤٩١٦٢١٠ | |




نەخشەی ژمارە (٣٣)
گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستان

## ٧٤- كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان

چالاكی كشتوكاڵی گرنگترین و كۆنترین چالاكیە لەهەرێمی كوردستان كەخەڵكی پێیەوە خەریك بوون و یەكەم ناوچەی كشتوكاڵی هەر لەكوردستاندا و جیهاندا دۆزراوەتەوە لەگوندی چەرمۆی نزیك چەمچەماڵ كەمێژووەیەكی كۆنی هەیەو بەپێی بیروڕای توێژەران مێژویەكەی دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠) ساڵ پێش زاین، كەواتە دەردەكەوێت چالاكی كشتوكاڵی یەكەمین چالاكی مرۆییە لەكوردستان كەدانیشتوانەكەی پێیەوە خەریكن و داهات و خۆراكی خۆیانیان لێ دابین كردووە.

## گرنگیەکەی


گرنگیەکەی کەبەردەوام مرۆڤ پشتی پێ دەبەستێت

١- کشتوکاڵ یەکێکە لەو چالاکیە کۆنانەیە کەبەردەوام مرۆڤ پشتی پێ دەبەستێت بۆ پەیداکردنی خۆراکی خۆی و بژێوی ڕۆژانە, وەك بەرهەمی گەنم کە لەکۆنەوە بۆ خۆراك دەست دەدات و کوردستان ڕێژەیەکی بەرز گەنمی تێدا چێنراوە و گەنم کۆنترین و گرنگترین جۆری دانەوێڵەیە بەسەرچاوەیەکی بژێوی دادەنرێت, هەندێ لەلێ کۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەجیهانداو مێژوویەکی دێرینی هەیە, لەجیهاندا لە هەرێمی کوردستان لەگوندی کەیەکەم ناوچەی بەرهەم هێنانی گەنم لەجیهاندا لە هەرێمی کوردستان لەگوندی چەرمۆی نزیك چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە کە(١) کیلۆمەتر لەشاری چەمچەماڵەوە دوورە, هەروەها گەنم وەك پێکهاتەیەکی خۆراکی سەرەکی بۆ دابین کردنی خۆراکی ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان, لەگەڵ ئەوەشدا لەجۆرەکانی خۆراکدا بەگرنگترین و فراوانترین بەروبومی کشتوکاڵی دەژمێرێت, بۆیە بەردەوام ئەم بەرهەمە خۆراکیە گرنگە و بەرەو زیاد بوون چووە, تائەوەی بگاتە ئەوەی خۆراکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دابین بکات کەبەردەوام حکومەت لەهەوڵدایە بۆ زیادکردنی بەرهەمەکەی, بەجۆرێك ساڵ لەدوای ساڵ بەرخەمەکەی زیادکردووە, بۆیە بەرهەمی گەنم لەساڵی (٢٠٠٦)دا لەهەرێمی کوردستان گەیشتە (٥٩٢٣٤٨,٩) تەن.

٢- هەروەها بەروبومە کشتوکاڵیەکان بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ئالفی ئاژەڵ دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان وەك لۆکە کە بۆئالیکی ئاژەڵ سودی لێ وەردەگیرێت, هەروەها جۆش وەك خواردنی ئاژەڵ سودی لێ وەردەگیرێت.

٣- بەروبومە کشتوکاڵییەکان دەچنە بواری پیشەسازییە جۆربەجۆرەکانی وەك جۆ دەچێتە بواری پیشەسازییەوە, هەروەها لۆکەش دەچێتە بواری پیشەسازی ڕستن و چنین, هەروەها توتن بەشداری پیشەسازی جگەرە دەکات, هەروەها لۆکە گرنگی ئابوری هەمەلایەنەی هەیە و چەندین بەرهەمی لێ دەردەهێنرێت وەك ڕۆن و سابون لە دەنکەکەی.

٤- هەروەها بەروبومە جیاوازەکانی کشتوکاڵ دەچێتە بواری بازرگانی نێودەوڵەتیەوە وەك گەنم جۆ و لۆکە و توتن کەبەردەوام بایەخیان زیاد دەکات بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی کەوەك خۆراکی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێن, بەڵام لەهەرێمی کوردستان سود لەم بەرهەمانە وەرناگرێت وەك بازرگانی دەرەکی چونکە بەشی پێداویستی ناوخۆی ناکات, بەڵام لەبازرگانی ناوخۆدا بەتایبەت بۆ ناوچەکانی تری عێراق سودی لێ وەردەگیرێت و بڕێکی زۆر بۆ دەنێرێت لەڕێگەی بازرگانی ناوخۆوە.



نەخشەی ژمارە (٣٤)
دابەش بوونی بەروبومە کشتوکاڵیەکان لە هەرێمی کوردستان

## ٧٥- نەوت لە هەرێمی کوردستان

نەوت سوتەمەنیەکی شلە لەناوجەرگەی زەوی دەردەهێنرێت, لەسەردەمە کۆنەکانەوە مرۆڤ ناسیویەتی و بەکاری هێناوە بۆ گەلێك مەبەست, بنەمای دروست بوونی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ مادەی ئەندامی ئەو گیانەوەرانەی کەملیۆنان ساڵ لەمەوبەر ژیاون و ژێر نیشتەنیەوەو دوچاری پاڵەپەستۆو گەرمی بەرز هاتوون و مادەکانی گۆڕان بۆ ئاوێتەیەکی هایدرۆکاربۆنی.

کۆنترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەنەوتی لێ دۆزراوەتەوە کوردستانە گڕی دانەمرکاوەی بابە گوڕگوڕ هەر لەکۆنەوە ناسراوە, یەکەم جار لەساڵی (١٩٢٥) کۆمپانیای نەوتی عێراق کەپێکهاتبوو لەکۆمپانیاکانی ئەمەریکی و بەریتانی و فەرەنسی و هۆڵەندی دەستیان کرد بەپشکنینی نەوت و دەرهێنانی, پاشان لەساڵی (١٩٢٧) کۆمپانیای نەوتی خانەقین کەسەر بەکۆمپانیای ئەنگلۆ- ئێرانی بوو لەناوچەی نەفتخانە دەستی کرد بەدەرهێنانی نەوت و لەپاڵاوگەی ئەلوەند بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ, لەساڵی (١٩٣٤) بەرهەم هێنانی کێڵگەی بابەگوڕگوڕ دەستی پێ کرد, نەوتی هەرێمی کوردستان لەزۆر ناوچەی سەرەکیدا لە شێوەی عەمبار کۆبۆتەوە, بۆیە ئێستا لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە(٥٠) شوێنی کوردستان دەگەڕێن بەدوای نەوتدا لەلایەن کۆمپانیا جیاوازەکانی جیهانەوە.

## گرنگیەکەی

١- بەسەرچاوەیەکی سەرەکی سوتەمەنی دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان کەشوێنی خەڵوزی گرتووەتەوە و لەکۆنەوە بەکاردێت ئەویش بەهۆی سیفەتە باشانەی کە لەنەوتدا هەیە بۆ بەکارهێنانی وەك سوتەمەنی، ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر بەدروستی بەکاربێت سوتەمەنیەکی خاوە.

ب- توانای دەرپەڕاندنی وزەی لەخەڵوز زیاترە.

ج- تێچونی گواستنەوەی بەبەراوورد لەگەڵ سوتەمەنی تر کەمتر بەتایبەت خەڵوز.

د- هۆکارەکانی گواستنەوەی زۆرە.

ه- بارکردن و داگرتنی ئاسانە.

٢- وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی لەبواری ئابوری و داریدا سودی لێ وەردەگیرێت لەهەر ولاتێکدا کەهەبێت، کوردستانیش بڕێکی زۆر نەوتی هەیە کەڕۆژانە نزیکەی (١٠٠ بۆ ١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت داهاتی سالآنەی هەرێم پێکدەهێنن و دەینرێنە دەرەوە لەرێگەی بازرگانیی دەرەکیەوە وەك سەرچاوەیەکی ئابوری بەردەوام پشتی بەم دەرامەتە سروشتیە گرنگە دەبەستن، بەشێوەیەك کەنەوت داهاتی سالآنەی هەرێم پێکدێنێت بەرێژەی زیاتر لە (٩٥٪) پشت بەبەرهەمی نەوت دەبەسترێت بۆ دابین کردن و پڕکردنەوەی داهات.

٣- هەرێمی کوردستانەوە بەهۆی نەوتەوە پێش کەوتنێکی بەرچاو و ناوبانگییەکی زۆری پەیداکردووە، بە جۆرێك ولآتانی جیهان ڕوو لەم هەرێمە دەکەن بۆ وەبەرهێنانی گەورە چونکە بڕێکی زۆر پارەی دەست دەکەوێت بە تایبەتی لە دەرهێنانی نەوت کە کۆمپانیای (ئیکسۆ مۆبێل)ی گەورەی ئەمریکی و جیهانی بەهۆی زۆری قازانجەوە لە بیرە نەوتەکانی هەرێمی کوردستاندا وای کردووە کە ناوچەی باشور و ناوەڕاستی عێراق بەجێ بهێڵێت، بەمەش کورستان بەرهەمێکی زۆر نەوت بەرهەم دەهێنێت و دووبارە بەشداری بازرگانی جیهانی دەکات کەهۆکارە بۆ ناساندنی هەرێمی کوردستان و ڕوتێ کردنەی کۆمپانیای وەبەرهێنەری نەوتی زیاتر بۆ هەرێم، هەر بەهۆی گرنگی نەوتەوە کێشەکانی هەرێم و بەغداد لەنێوان یەکتریدا بەردەوام بەرەو توندتر و خراپتر دەڕوات و وای کردووە هێزێکی زۆر لەناوچەی کەرکوك و دەوربەری کۆبکەنەوە بۆ یەکتری ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەناوچەی کەرکوك بەناوچەیەکی پڕ نەوت و کانزا دەدانرێت و نەوتەکەی ئەوەندە زۆرە ئەگەر بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت ئەوا سالآنە بەشی نزیکەی (٥٠) ملیۆن دانیشتوان دەکات.

٤- نەوت بەگرنگترین دەرامەتی سروشتی دەژمێرێت کەبەشداری دەکات لەپیشەسازیە جۆربەجۆرەکاندا، بەلآم لەهەرێمی کوردستان تەنها بۆ بواری پیشەسازی


بەرهەم هێنانی کارەبا بەکاردێت و ساڵانە بڕێکی ئێجگار زۆر کارەبای پێ دابین دەکەن بۆ هاوڵاتیان و بەرپرەی پشتی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان.

٥- هەروەها نەوت وەك سەرچاوەیەکی وزە بەردەوام بایەخی و گرنگی زیاد دەکات دانیشتوان بەردەوام پشتی پێ دەبەستێ بۆ خۆ گەرم کردنەوە و چێشت لێنان و نان کردن و پێداویستیەکانی تری ڕۆژانەی ناوماڵ کەوەك پێداویستیەکی سەرەکی لەهەرێمی کوردستاندا بەکاردێت بەتایبەت لەو وەرزانەی کەپلەی گەرمی زۆر دادەبەزێت (زستان) و دەگاتە چەندین پلە ژێر سفر بڕێکی زۆر بەفر دەبارێت بۆ چەندین ڕۆژ دەمێنێتەوە بەتایبەت لەناوچە چیایەکان.

٦- نەوت چەندین بەرهەمی گرنگی لێ دەردەهێنرێت کەپاش ئامادەکردنی دووبارە وەك کەرەستەیەکی پێویست بەکاری دێنن گرنگترینیشیان بریتیە لەبەنزین کەیەکێکە لەپێکهێنەرەکانی نەوت کەلەکوردستاندا بەشێوەیەکی فراوان و بەربلاو بەکاردێت بەتایبەت بۆ ئیش پێ کردنی ئۆتۆمبێل، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بەرهەمی تری وەك گریس و ڕۆنی ڕەش و بەنزینی تەیارە و .... هتد، کەڕۆژانە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت بۆ پێداویستیەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی هەرێم.

٧- وەك پێشتر لەبواری پیشەسازیدا باسمان کرد نەوت و بەرهەمەکانی بەشدارییەکی گەورەو کارە دەکەن لەدروست کردن و بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەهەرێمی کوردستان بەجۆرێك هەر کەم کوریەك لەبەرهەم هێنانی نەوتتدا ڕوبدات ڕاستەوخۆ بڕی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەهەرێمی کوردستان کەم دەکات، کەواتە نەوت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکاردێت بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لەهەرێمی کوردستان.

٨- لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارییەکی گەورە دەکات لەبازرگانی جیهانیداو سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابوری کوردستانە کەدەگاتە لە(٩٥٪) داهاتی هەرێمی کوردستان، بۆیە سەرجەم بەرهەێنانەکانی کوردستان پشت بەبەرهەێنانی نەوت و فرۆشتنی دەبەستن بۆ پڕکردنەوەی لایەنی ئابوری بوژاندنەوەی کەرتە جیاوازەکانی وەك (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گواستنەوە .... هتد).




نەخشەی ژمارە ٣٠
دابەش بونی نەوت و گاز و بۆریەکانی گواستنەوە وپالاوگەکان لە هەرێمی کوردستان

## ٧٦- باران لە هەرێمی کوردستان

جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان بڕ و جۆری باراندا لەهەرێمی کوردستاندا, لەناوچەیەکەوە بۆ ناچەیەکی ترو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەپێی ئەو داتانەی کەلەوێستگەکاندا هەیە ئەمە ڕون دەکەنەوە, بەجۆرێك بەرزترین ڕێژەی باران بارین لەناوچەی پێنجوێن دەبارێت و دەگاتە نزیکەی (١٣٥٠)ملم بەهۆی بەرزی لەئاستی ڕوی دەریاوە, ئەم ڕێژەیەش کەم دەکات هەتا بەرەو باشوری و باشوری ڕۆژئاوا بڕوین تادەگاتە (٣٠٠) ملم لەناوچەی خانەقین, ئەم جیاوازی کەم و زۆری باران بارینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە بەرزونزمیە جیاوازە لەنێوان ناوچەکانی کوردستاندا.

### گرنگیەکەی

١- باران بەگەورەترین و گرنگترین سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان, بەجۆرێك بڕێکی زۆر باران لێ دەبارێت و لەهەندێ ناوچەش دەگاتە نزیکەی (١٣٥٠)ملم وەك لەپێنجوێن ئەوەش بەهۆی بەرزی لەئاستی ڕوی دەریاوەیە, بۆیە دەرامەتی ئاو لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو

دەکەوێت پێویستی بەوڵاتانی دەرەوە نیە ئەگەر پلان بۆ ئەو ڕێژە بارانە دابنرێت کەساڵانە لەهەرێمدا دەبارێت, بۆیە هۆکارە بۆ دەرکەوتنی چەندین چەمی هەمیشەی و کانی و کارێز و بیرەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە کەبەردەوام جوتیاران پشتیان پێ دەبەستن بۆ کشتوکاڵ و ئاودێریٚ بەکاری دێنن, کەواتە باران باران هۆکارە بۆ زۆری سەرچاوەکانی تری ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی لەهەرێمی کوردستان.

٢- ئەم بڕە بارانە زۆرەی کەلەهەرێمدا دەبارێت سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ ئاوی خواردنەوە کە لەڕێگەی بیر و کانی و کارێزەکان و بەست و بەنداوەکانەوە دەست دەکەوێت و ئاوی خواردنی پێ دابین دەکرێت بۆیە بەهەر کەم بونەوەیەکی ئاوی باران ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ئاوی خواردنەوەی ئەو شوێنانەی کەئاماژەمان بۆ کرد و بەڕێژەیەکی زۆر کەم دەکات و لەهەندێکیشیاندا بەرەو نەمان و لەناچوون دەبنەوە وەك کانی و کارێزەکان و بیرەکان, ئەم دیاردەیەش بەڕونی دەرکەوت پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٨)دا توشی کەم ئاوییەکی لەڕادەبەدەر بوو وای کرد کەئاو لەپارێزگای هەولێر (١٥٠)م دابەزی, بەهۆی ئەم دیاردەوە دەرکەوت کەباران گرنگی تایبەتی هەیە بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە لەهەرێمدا, بەڵام ساڵانی (٢٠١١- ٢٠١٢- ٢٠١٣) ڕێژەی باران بارین ئاسی بووە ئەمەش وای کرد ئاوی کانی و کارێز و بیرەکان بەرزبینەوە بۆ نزیك ئاستی پێش ساڵی (٢٠٠٨) بەتایبەت لەساڵی (٢٠١٣) کەڕێژەی باران بارین پێوانەیەکی تازەی تۆمارکرد لەبەرامبەر (١٠)ساڵی ڕابردوودا.

٣- هەروەها بەهۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی دادەنرێت بۆ ئاوداشتن و ئاودێری کشتوکاڵ و بەروبومە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کەجوتیاران ڕاستەوخۆ سودی لێ وەردەگرن بۆ ئاوداشتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان, وەك کۆبونەوەی ئاو لەبەنداوی دەربەندیخاندا کەڕوبەرێکی زۆر زەوی ناوچەی گەرمیان بەراو دەکات و سودی لێ وەردەگرن بۆ کشتوکاڵ جۆربەجۆرەکان لەو ناوچانەدا, بۆیە لەم ساڵدا (٢٠١٣) بەهۆی زۆری ڕێژەی باران بارانیەوە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەربەندیخان لەڕێگەی چەندین پرۆژەوە پێشنیاری ئەوەیان کردووە کەچەندین دۆنم زەوی لەگوندەکانی ناوچەی پێباز بکەن بەبەراوو ئەویش لەڕێگەی (غەتاس)ەوە بۆ ئەوەی ئاوەکەی بۆ کشتوکاڵ بەکاربێت و بەفیرۆ نەڕوات, هەروەها لەڕێگەی بارانەوە چەندین بەروبومی گرنگ لەکوردستان هەڵی سەوزبونیان دەست کەوتووە بێ ئەوەی پشت بەئاودێری ببەستن وەك بەروبومی (گەنم, جۆ) کەبەبەروبومێکی گرنگی هەرێمی کوردستان دادەنرێن بەتایبەت گەنم کە بەخۆراکیەکی سەرەکی دانیشتوان دادەنرێت بەهۆی بارانەوە ساڵانە بەهەزاران تەن لەکوردستاندا بەرهەم دێت و ئابوریەکی باشی لێوە

دەست دەکەوێت، ڕووبەری دابین کراو بۆ ئەم دوو بەرهەمە سەرەکیە دەگاتە زیاتر لە (٤٥٪)ی ڕووبەر زەویە کشتوکاڵیەکانی هەرێمی کوردستان کەجۆ بەتەنها نزیکەی (١٥٪)ی ئەم ڕووبەرەی پێکهێناوە، کەواتە دەردەکەوێت باران سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و کەمی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی زیانێکی زۆر کە بەزیانی جوتیاران کۆتایی دێت و دواتریش کار لەباری ئابوری وڵات دەکات.

٤- هەروەها زۆری باران بارین خاڵێکی بنەڕەتی بۆ سەوزبون و گەشەکردنی ڕووەکە سروشتی و دەست کردەکانی کوردستان کەچەندین گرنگی تایبەتی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان وەك:

أ- زۆری ڕووەك دەبێتە هۆی خۆشکردنی ئاووهەوا.

ب- پاك کردنەوەی ژینگە لەو هەوا پیسەی کەڕۆژانە ڕوبەڕوی ناوچەکە دەبێتەوە.

ج- ڕەخساندنی ناوچەیەکی پاك و خۆش و لەبارە بۆ گەشتوگوزارو ڕاکێشانی برێکی زۆر گەشتیار بۆ ئەو ناوچەی کەسەوزدەبێت تێیدا وەك ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ناوچە چیاکانی باڵەمبۆ و قەرەداغ و سەفین وهەیبەسوڵتان.

د- هەروەها بەخشینی دیمەنێکی جوان بەناوچەکە کەدوبارە کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان لەهەرێمدا.

٥- بەهەمان شێوە ڕووەکەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بوونی برێکی زۆر گژوگیا بەهەموو جۆرەکانی کەسەرچاوەیەکی سەرەکی لەوەڕگاییە بۆ دابین کردنی خۆراکی ئاژەڵ کەڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بڕی بارانەوە، بۆیە کەم و زۆری کاریگەری جیاوازی دەبێت لەسەر ئەم جۆرە گژوگیایانە، بۆیە بەهۆی ئەو جۆرە جیاوازانەی گژوگیا لەکوردستاندا وای کردووە ببێتە ناوچەیەکی گرنگی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکان بەتایبەت ناوچەی گژوگیایی ستێپس کە بەگرنگترین ناوچەی لەوەڕگا دادەنرێت لەجیهانداو لەهەرێمی کوردستانیش بەهۆی بونی بڕی باران زۆرەوە گونجاوە بۆ لەوەڕگا.

٦- باران کەیەکێکە لەڕەگەزە سەرەکیەکانی ئاووهەوا کاریگەری و گرنگی هەیە لەسەر چالاکیە سەربازیەکان و وادەکات چالاکیەکان کاریگەریکەیان لاواز بکات ئەمەش بەڕونی لەهەرێمی کوردستاندا ڕوی داوەو باران وەك سەرچاوەیەك وەك بەرگری بەکارهاتووە بەتایبەت کاتی سەردەمی ڕژێمی بەعس کەپێشمەرگە کەم بووە بارودۆخە ئاووهەوایەکانیان دەقۆستەوە و بەکاریان دەهێنا وەك کەرەستەیە بۆ ڕووبونەوەی هێزەکانی عێراق لەزۆربەی جاریشدا سەرکەوتوو دەبون بەتایبەت لەو کاتەی کەساردو باراناوی بوون وەك وەرزی زستان لەناوچە چیایەکان.

٧- ڕەگـەزەکانی دابـارین بەتایبـەت بـاران سەرچـاوەیەکی سـەرەکی یـە بۆزیندوبونەوەی زەوی پاش ئەوەی توشی وشك بون و مردن دەبێت وەك خوای گەورە لەئایـەتی (٦٥)ی سـورەتی (النحـل)دا دەفـەرموێت:(هـەر خـوا بـاران لەئاسمانـەوە دەبارێنێت و زەوی پێ زیندوو دەکاتەوە دوای ئەوەی کە مردبوو).

٨- باران بەگرنگترین ڕەگـەزەکانی کـەش دادەنرێـت کـە بەرپرسە لەدروسـت بـوونی خاك چونکە ئـەوە سەرچاوەی سـەرەکی ئـاوی ڕووی زەویـە, جائـەم ئـاوە یـان زەوی دەبڕێت و بەناو مادەکانیدا لەخاك و مادە بنچینەییەکان و بەردەکانیدا ڕۆچێت تالـەناو عەمبارەکانی نـاوەوەی زەویـدا جێگیردەبێـت, لـەکاتی چـوونی بـەناو ئـەم مادانەشـدا, ڕۆڵێکی سـەرەکی دەبینێـت لەپرۆسـەکانی دروسـت بـوون و پێکهێنـانی خاکـدا, یـان ئـەوەتا بەسـەر ڕووی زەویـدا دەڕوات و ڕێڕەوجۆگەلـەی ئـاویی دروسـت دەکـات, کەئەمەش کار دەکات لەسـەر هـەڵکۆڵینی بـەردەکان و ڕامـاڵینی مادەکـان و نیشتنیان بەشێوازی جۆراجۆر, ئەم پرۆسانەش ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لەدروستکردنی مادەی بنچینەیی لافاوەکـان و ئـەو خاکـەی کەبەهۆیـەوە دروسـت دەبێـت. ئـەم دیـاردەش لەهـەرێمی کوردسـتان دەردەکـەوێت سەرچـاوەیە بـۆ دروسـت بـونی خـاك بەتایبـەت لـەبناری چیاکان کـاتێ بـەهۆی بـارانی زۆرەوە ڕای دەمـاڵێ و خـاکێکی بەپیت دروست دەکات.



نەخشەی ژمارە (٣٦)
هێڵی یەکسانی باران بارینی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان

## ٧٧- بەفر لە هەرێمی کوردستان

جیاوازیـەکی زۆر هەیـە لـەنێوان بڕ و جۆری بـەفر بـارین لەهـەرێمی کوردسـتاندا, لەناوچـەیەکەوە بـۆ ناچـەیەکی تـر و لەکاتێکـەوە بـۆ کـاتێکی تـر بـەپێی ئەوداتانـەی کەلەوێستگەکاندا هەیـە ئەمـە ڕون دەکەنـەوە, بەجۆرێك بـەرزترین ڕێـژەی بـەفر بـارین لەناوچـەی پێنجـوێن دەگاتـە زیـاتر لـە(١٠٠) سـانتیمەتر و لـە حـاجی ئۆمـەران زیـاتر لە(٢٠٠)سانتیمەتر تۆمارکراوە, ئەم ڕێژەیەش بە هەمان شێوەی باران کەم دەکات هەتا

بەرەو باشوری و باشوری ڕۆژئاوا بڕوین هەتا وای لێ دێت زۆر بە دەگمەن بباریت لە ناوچەکانی خانەقین و کەرکوك ناوچەکانی تری گەرمیان, ئەم جیاوازی کەم و زۆری بەفر بارینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرزونزمیە جیاوازە لە نێوان ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا بەمەش سەرچاوەی ئاوە لەو ناوچانەی کە بڕێکی زۆری لێ دەبارێت بە تایبەت ئاوی ژێر زەوی وەك ناوچەکانی هەورامان کە بەهۆی زۆری بەفری چیاکانی هەورامانەوە بەردەوام ئاوی زۆرە وەك تاڤگەی ئەحمەد ئاوا بەهەمان شێوە لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران بەهۆی زۆری ڕێژەی بەفرەوە ئاوی ناوچەکە زۆرە.

## گرنگییەکەی

١- بەفر دەورێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لەسەر ئاوی ژێر زەوی و بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ زیادبوونی بەتایبەت لەو ناوچانەی کە ڕێژەی بەفر بارینیان زۆرە و بەردەوام بە بەفر داپۆشراون, ئەمەش بە هێڵی هەمیشەی بەفر ناودەبرێت و دەناسرێتەوە, هەروەها توانەوەی بەفر بەشێوەیەکی لەسەرخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ئەم زیادبوونە, چونکە هێواش دەتوێتەوە و بەوەش دەچێتە ناو چینەکانی ژێرەوەی زەوی کە سودی هەیە بۆ زیاد بوونی ئاوی ژێر زەوی, وەك لەو ناوچە چیایانەی کە بەرزییەکەیان زیاترە لە (٣٠٠٠)مەتر ئەمەش بە ناوچەی هەمیشە بەفر یان هێڵی سنوری بەفر ناسراوە وەك پێشتر ئامارەمان بۆ کرد کە بەفر بەدرێژای ساڵ لەم ناوچانەدا دەمێنێتەوە.

هەروەها بۆ ماوەی وەرزێك یان چەند مانگێك لە ناوچەیەکدا بباریت و بمێنێتەوە بەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر زیادبونی بڕی ئاوی ژێر زەوی لەو ناوچانەدا, ئەمەش بە ڕونی دەردەکەوێت لەناوچە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە بە تایبەت لەناوچەکانی هەورامان کە بەفر بارین لە ماوەی مانگەکەکانی زستاندا بەزۆری دەبارێت (تشرینی یەکەم, تشرینی دووەم, کانونی دووەم) کە بڕێکی زۆر بەفر دەبارێت کە هەندێ جار دەگاتە نزیکەی (٩٠)سانتیمەتر, بەڵام لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا ئەم بەفرە کەڵکە بووانە توشی توانەوە دەبن و بڕێکی زۆریان لێ دەتوێتەوە و پێش ئەوەی وەرزی هاوین بێت هەموو دەتوێتەوە تەنها لە چەند شوێنێکی کەمی نەبێت وەك چاڵە گەورەکان ئەمەش کاریگەری لەسەر زۆربونی ئاوی ژێر زەوی هەیە, بۆیە سەرچاوی ئاوی ئەحمەد ئاوا بەستراوەتەوە بەو دابارینە بەفرەی کە لە ناوچەکەدا دەبارێت و لە مانگەکانی دواتردا بەهۆی بەرزی پلەی گەرمیەوە دەتوێتەوە و دەچنە ناخی زەوی و

دواتر لە ڕێگەی ئەم تاڤگە و سەرچاوەکانی تری ئاوی ژێر زەوی دەردەکەون.

٢- وەك چۆن سەرچاوەیە بۆ ئاوی ژێر زەوی بە هەمان شێوە هۆکارێکی باشە بۆ زیادبوونی ئاوی ڕووبار و دۆڵەکان کە ناسراوە بە ئاوی سەر زەوی، وەرزی توانەوەی بەفر سودی تەواو لە ئاوی بەفر وەردەگرێت و بڕێکی باشی دەچێتە ناو ڕووبار و دۆڵەکان بە شێوەی ئاوی سەر زەوی بەرەو دەریا و دەریاچەکان ڕێ دەکات و تێدا کۆدەبێتەوە، وەك (ناوچە کانی حاجی ئۆمەران و پێنجوێن و هەورامان و ڕانیە و ئامێدی ... هتد) کە بڕێکی زۆر ئاویان هەیە لە وەرزی بەهاردا بەهۆی توانەوەی بڕێکی زۆری بەفر کەلە هەندێ ناوچەدا زیاترە لە (١) مەتر وەك (پێنجوێن و حاجی ئۆمەران) کەواتە بەفر گرنگیەکی زۆری هەیە چ بۆ ئاوی سەر زەوی بێت یان بۆ ئاوی ژێر زەوی.

٣- کاریگەری هەیە لەسەر بواری گەشتوگوزار و ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ئەو ناوچانەی کە بەفر لێ دەبارێت، چونکە بارینی بەفر لە هەندێ ناوچەی جیهاندا هەرنابارێت و لە هەندێ ناوچەی تریشدا بە دەگمەن دەبارێت، بۆیە گەشتیارانی لە کاتی بارینی بەفردا ڕوودەکەنە ناوچە چیاکان و بە چەندین یارییەوە خەریك دەبن وەك شەڕ تۆپەڵ و هەروەها خواردنی بەفر و یاری کردن لەسەری چونکە لەساڵێکدا چەند جارێك دەبارێت و ماوەیەکی کورت و دیاری کراودا، بۆیە گەشتیار هەوڵ دەدەن لەکاتی بونی بەفردا ڕوبکەنە ناوچەکە، وەك ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بڕێکی باش بەفری لێ دەبارێت بە تایبەت ناوچە شاخاوییەکان بەمەش بڕێکی زۆر گەشتیار لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە ڕوی تێ دەکەن بۆ بینی بەفر بارین و یاری کردن و خواردنی، بۆیە بە دیاردەیەکی ناوازە و خۆش دادەنرێت بەلای ئەوانەوە چونکە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بەفر بارین زۆر دەگمەنە و لە زۆربەی ساڵەکانیشدا هەر نابارێت.

جگە لەوەش بارینی بەفر لەهەر ناوچەیەکدا بێت دیمەنێکی جوان و ناوازە دەبەخشێتە ناوچەکە لەناوچەکانی تری جیادەکاتەوە کەبەفری لێ نابارێت بەوەش دیمەنێکی سروشتی زۆر جوان و سەرەنج ڕاکێش دێنێتە کایەوە کەجیاوازە لەهەموو دیاردە سروشتیەکانی تر چونکە جوڵەی گیانداران و مرۆڤ لەم ماوەیەدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت.


٤- هەروەها بەفر خاسیەتی باش و سودمەندیشی زیاترە کە بەردەوام سودی لێ وەردەگیرێت و گرنگیشی زیاد دەبێت لەو ناوچانەی کە لێی دەبارێت گرنگترینیان بریتیە لەوەی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕێکی زۆر شێی خاك، ئەم دیاردەیەش لە هەرێمی کوردستان وەك سەرچاوەیەك بۆ شێی خاك لەو وەرزانە سودی لێ وەردەگرێت بۆ وەرگرتنی بڕێکی باش شێ بۆ خاك.

٥- هەروەها زۆری بەفر بارین و کەڵەکە بون و بۆ ماوەیەکی زۆر و دروست بونی سەرمایەکی سەخت هۆکارە بۆ دەست کەوتنی خۆراکی هەندێ لە گیانەوەران لەوکاتە وەك ورچ, کە لە ڕابردودا ئەم گیانەوەرە لە کوردستاندا هەبووە بەڵام ئێستا ئەگەر هەشبێت ناتوانێ دەردەکەوێت چونکە یەکسەری دەیکوژن, هەروەها لە کاتی بەفر و سەرمادا هەندێ لە گیانەوەر خۆیان حەشاردەدەن بۆ خۆپاراستن لە گیاندارە دڕەندەکان وەك ئاسکی کێوی کە ئێستا لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتووە.

٦- - ڕەگەزەکانی ئاووهەوا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەکاروبارە جەنگیەکانەوە هەیە لەڕووی هێرش بردنەوەبێت یان لەڕووی بەرگرییەوە دەوری خۆی دەبینێت و کاریگەریەکەی دەردەکەوێت, یەکێك لەو ڕەگەزانەی بریتیە لەبەفر کەڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت کەلەجەنگدا دەبێت و بایەخ و حسابی تایبەتی بۆ دەکرێت بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت هێرش بکەن سەر وڵاتانی دوژمنەکانیان, بۆیە دەبێت بەردەوام ئاگایان لەبارودۆخی ناوچەکەبێت لەڕووی ئاووهەواوە بەتایبەت لەڕووی بەفر بارینەوە چونکە بەفربارین دەبێتە هۆی وەستانی هەموو کردەسەربازیەکان و دابەزینی پلەی گەرمی بۆ ژێر سفر کەدەبێتە هۆی سست بوون و لەناوچوونی چالاکی سەربازی ڕەق بوونەوەی بڕێکی زۆر سەرباز کەدواتر شکان و دۆڕانی جەنگی بەدوادا دێت, بۆ نمونە ناوچە چیایەکانی کوردستان بڕێکی زۆر بەفری لێ دەبارێت ئەمەش وای کردووە کە کور لەسەردەمەکانی پێشودا سودێکی زۆری لێ وەربگرێت لەباری سەربازیدا چونکە کوردەکان لەو ناوچانەدا جەنگیان دەکرد کەبەبارینی بەفر کاریگەری هەبوو لەسەریان وەك هێزێك پشتیوانی لێ دەکرد چونکە بەفر لە سەرایەکی سەخت و گرتنی ڕێگاوبان و چالاکیەکانی ئاسمانی ڕادەگرێت کەبەقازانج کورد کۆتایی دەهات و بەڕێژەیەکی کەم پێشمەرگەوە ڕوبەڕوی ژمارەیەکی زۆر سەربازی بەعس شەڕیان دەکردو لە زۆربەی کاتەکانیشدا دەبووە هۆی سەرکەوتنیان, بۆیە دەبێت حسابی تەواو بکرێتەوە بۆ ئاووهەوا بە تایبەت ڕەگەزی بەفر چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆ و بەردەوام هەیە لەسەر ئاستی کاروبارە جەنگیەکان وەك دابەزینی پلەی گەرمی و گرتنی ڕێگاوبانەکان و وەستانی سەرجەم چالاکیەکان.

### خشتەی ژمارە(٣١)
### ڕێژەی بەفر بارین لە ساڵی (٢٠١٣)دا و گرنگییەکەی لە هەرێمی کوردستان

| شوێن | ڕێژەکەی بە (سم) | گرنگییەکەی |
|---|---|---|
| پیرمام | ٢٠ | – گرنگی هەیە وەك لایەنی سەربازی. |
| سۆران | ١٠ | – گرنگ بۆ حەوانەوە و دەست کەوتنی هەندێ خۆراکی ئاژەڵ. |
| ڕەواندوز | ١٠ | – دەبێتە هۆی زیادبونی بڕی شێ لە خاکدا. |
| مێرگەسور | ٣٠ | – گرنگە وەك بواری گەشتوگوزار. |
| چۆمان | ٤٠ | – سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ زیادبونی ئاوی ژێر زەوی. |
| حاجی ئۆمەران | ١٥٠ | |
| ئاکرێ | ١١ | |
| زاوێتە | ٨ | |
| مانگیش | ١٤ | |
| بازێ | ٢ | |
| ئامێدی | ٥٢ | |
| سەرسەنگ | ٤٨ | |
| بامەڕنی | ٦٠ | |
| دێرەدوك | ١٥ | |
| دینارتە | ٣٣ | |
| کانی ماسی | ٥٣ | |
| پێنجوێن | ١٠٠ | |
| شارباژێڕ | ٤٠ | |
| هەورامان | ٣٥ | |





نەخشەی ژمارە (٣٧)
تێکڕای ژمارەی ڕۆژانی بەفر بارین ساڵانە لە هەرێمی کوردستان

# ٧٨- بەست وبەنداوەکانی کوردستان

١- بەنداوی دوکان: ئەم بەنداوە لەدەربەندی دوکان لەسەر زێی بچوک دروست کراوەو دەکەوێتە ڕۆژئاوای دەشتی ڕانیەو لەڕۆژئاوای شاری سلێمانیەوە بە (٦٠) کیلۆمەتر دوورە, عەمباراوی دوکانی بریتیە لەعەمباراوێکی کۆنکریتی کەوانەییە, درێژییەکەی لەڕۆخی لای ڕاستەوە بۆ ڕۆخی لای چەپ (٣٦٠) کیلۆمەتر دەبێت, بەرزاییەکەی (١١٦,٥)مەترە, لەلای ڕاستی بەنداوەکەوە تونێلێك بەقولایی (١٢,٥)مەتر هەڵ کەنراوە, دەرگایەکی ئاسنیان تێ خستووە, بۆ ئاوبەردان و ئاو گرتنەوە بەکاری دەهێنن, هەروەها پێنج کۆنی تێدایە, کەمەرەکانیان (٣,٦٥)مەترەو لەپێش هەرکونێکدا تۆربینێکی گەورە دانراوە بۆ دروست کردنی کارەبا کە مەبەستی هەرە گەورەیە لەدروست کردنی بەنداوی دوکان, کۆکردنەوەی ئاوی ڕوباری زێی بچوك, بەتایبەتی لەکاتی بوژانەوەو زیادبونی ئاودا, بۆ ئەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان ژێر ئاو نەکەون, بۆجێ بەجێکردنی ئەوکارەش چاڵێکی یەکجار زۆر گەورە لەپشت دیواری بەنداوەکە دروست کراوە, کەپانیەکەی (٢٦٠)کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و (٦,٨- ٨,١) ملیار مەتر سێجا سێگۆشە ئاو دەگرێت, ئەستوری بنکەی خوارەوە (٥٠)مەترە, ئەم بەنداوە (١٢٠) هەزار کیلۆوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت, بەڵام لەکاتی ئێستادا ئەم بەنداوە بەرهەمی کارەبا زۆر کەمەو دەگاتە نزیکەی (٢٥) کیلۆوات بەرهەم دەهێنێت.

٢- بەنداوی سیروان: ئەم بەنداوە لەسەر ئاوی ڕوباری سیروان هەڵکەوتووە, ئەم بەنداوە لەدیوارێکی کۆنکریتی پێکهاتووە کەدرێژییەکەی لەم بەرەوە بۆ ئەو بەر (٤٧٥)مەتر دەبێت و بەرزییەکەی (١٣٥)مەتر دەبێت, لەپێش بەنداوەکەدا چاڵێکی گەورە دروست کراوە کەجێگەی زیاتر لە(٣)ملیار مەتر سێگۆشە ئاو دەبێتەوەو ئامانجی سەرەکی لەدروست کردنی بەنداوی دەربەندیخان, کۆکردنەوەی ئاوی ناوچەکە, بەتایبەت لەکاتی بوژانەوەی ئاو و زۆربونیدا, تاخاك لەمەترسی زیانی لافاو و ژێرکەوتنی گوندەکان ڕزگار بکات و هەروەها بەروبومە کشتوکاڵییەکانی ئەو ناوچەیەش لە هاویندا بە چاکی ئاو بدات و بۆ پەیداکردنی وزەی کارەبا, بەڵام ئێستا ئەم بەنداوە گرنگی نەماوە بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا چونکە بەتەواوی پشت بەسەرچاوەکانی تری وەك سوتەمەنی دەبەستن بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا, بۆیە ئێستا لەم بەنداوەدا تەنها (٢٠) میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنرێت, ئەم بەنداوە لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن کۆمپانیایەکی بەریتانیەوە دروست کراوە.



وێنەی ژمارە (١٥)
بەست و بەنداوەکان

## گرنگیەکەی

بەنداوەکانی کوردستان گرنگی و خاسیەتی تایبەت و دیاریان هەیە لەسەر هەر ناوچەیەك کەتێیدا دروست بکرێت، ئەم بەنداوانە سودی لێ وەردەگیرێت بۆ چەندین بوار لەچالاکیە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ لەژیانی ڕۆژەنەدا، لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئەم بەست و بەنداوانە بەرز ڕادەگیرێت بەتایبەت لەو ناوچانەی کەڕاستەوخۆ دەکەونە سەر ئەم بەنداوانە، ئەم گرنگی و تایبەتمەندیانەی بەنداواوەکان دوای ساڵەکانی پەنجا دەردەکەوت ئەویش بەهۆی دروست کردنی هەردوو بەنداوە گەورەکە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کرد بەمەستی چەندین ئامانج بەکاردەهێنرا کە تائێستاش هەر ئەو گرنگییە ماوە بگرە لەهەندێ ڕووەوە زیاتریش بووە بەهۆی کەمی باران لەناوچەکەدا، بۆیە هەوڵ دەدەین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا گرنگی بەست و بەنداوەکان لەسەر هەرێمی کوردستان ڕون بکەینەوە.

١- دروست کردنی بەنداوەکان لەهەرێمی کوردستان ئاسان کاری تەواوی کردووە بۆ ئاوداشتنی بڕێکی زۆر لەزەوی یە کشتوکاڵیەکانی خوار بەنداوەکان، ئەمەش لەم چەند ساڵەی دوایدا بەتایبەت دوای ساڵی (٢٠٠٨) بەهۆی کەمی بڕ باران لەوەرزی زستان کەکاریگەری هەیە لەسەر کەمی ئاو لەم ناوچانەدا بۆیە بڕی ئاو لەهاویندا کەمی کردووە، ئەم بەنداوانە دەورێکی گرنیان بینوە لەکۆکردنەوەی ئاو و پاشان بەکارهێنانی لەوەرزی وشك (هاوین) و کەم بارانیدا کە لەوەرزی زستاندا بڕێکی زۆر ئاوی تێدا کۆبووەتەوەو پاشان لەوەرزی هاویندا بەکارهێنراوەو سەرف کراوە بۆ ئاداوشتنی کشتوکاڵ، بۆ نمونە لەزۆربەی بەنداوەکانی کوردستان بەتایبەتی بەنداوی دەربەندیخان ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت و بڕێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی پێ ئاودێری دەکرێت لەناوچەکانی گەرمیان و بەرەو خوارتر، بۆیە لەساڵی (٢٠١٣)دا بەهۆی بارانی بڕێکی زۆر باران لەو ساڵەداو هاتنی ئاو بۆ ناو ڕوبارەکە زۆر بەرزبویەوەو گەیشتە نزیکە (٦٩٠)مەتر لەیەك چرکەدا ئەمەش وای کرد بڕی ئاوەکەی تەنها لە یەك و شەو و ڕۆژدا زیاتر لە (٥) مەتر

بەرزبێتەوە هەر لەم کاتەدا بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەربەندیخان پێشنیاری کرد بۆ دابین کردنی بڕێکی زیاتری ئاوداشتنی زەویەکانی ناوچەی پێباز لەگەرمیان کەدەگاتە بەراو کردنی نزیکەی هەزاران مەتر زەوی کشتوکاڵی لەو ناوچانەدا , بەنداوی دەربەندیخان نزیکەی (٣) ملیار مەتر سێجا ئاو دەگرێت و کێشەی بێ ئاوەی لەوەرزە وشك و کەم بارانەکاندا چارەسەر دەکات و سودی لێ وەردەگیرێت.

٢- بەست و بەنداوەکانی کوردستان گرنگی یان بەردەوام هەبوو بۆ هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقی عەرەبیش, چونکە بەردەوام بڕێکی باش لەوزەی کارەبا بەرهەم دەهێنا کەهەتا ساڵی (٢٠٠٥)بە سەرچاوەیەکی سەرەکی و نایاب دادەنرا لەکوردستاندا بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەهەرێمدا, هەروەها بڕێکی پارەی کەمیش تێ چووە لەبەرامبەر ئەو کارەبای کەئێستا حوکمەتی هەرێمی کوردستان پێش پێ دەبەستێت لەڕێگەی نەوت و گازەوە دەست دەکەوێت, کەکاریگەری تەواویشی هەیە لەسەر کوردستان بۆ پیس بوونی ژینگە, لەگەڵ ئەوەشدا بڕێکی پارەی زۆر زیاتری دەوێت, بەڵام بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا لەبەنداوەکاندا ئاسانتر و هەرزانتر دەست دەکەوێت, بۆ نمونە نزیکەی (١٢٠) هەزار کیلۆوات کارەبا لەبەنداوەکەدا بەرهەم دەهێنا کەئێستا بەهۆی پشت بەستن بەسەرچاوەکانی سوتەمەنی بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا ئەم برەیە کەم بووەتەوە ڕۆژانە دەگاتە تەنها (٢٠) میگاوات کارەبا بەمەش بووەتە سەرچاوەی دووەم لەهەرێمی کوردستان بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا.

٣- خاڵێکی تری بەهێز لەدروست کردنی بەست و بەنداوەکان لەهەرێمی کوردستان بریتیە لەدەرکەوتنی بزاڤی گەشتوگوزار لەو ناوچانەی کە بەست و بەنداوی تێدا دروست کراوە, چونکە ئەم ناوچەیە ڕێژەیەکی باش ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە, ئەمەش وادەکات گەشتیارێکی زۆر بەرەو خۆی ڕابکێشێت ببێتە ناوچەیەکی گرنگی گەشتوگوزار لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان, بۆیە حکومەتی هەرێمی ناچار کردووە هەستێت بەدابین کردنی خزمەت گوزاری لەو شوێنانە کە بەست و بەنداوی لێیە, بۆ نمونە ژمارەیەکی زۆری گەشتیارسەردانی هەردوو بەنداوی (دوکان- دەربەندیخان)دەکات , نەك هەر گەشتیاری ناوخۆ بەڵکو گەشتیاری عێراقی و ئێرانی و تەنانەت وڵاتانی تری وەك تورکیاو وڵاتانی کەنداویش سەردانی ئەم ناوچانە دەکەن و بەچەندین پیشەی گشتوگوزاری وەك (مەلەکردن, ڕاوە ماسی .... هتد) خەریك دەبن لەو شوێنە گەشتوگوزاریانەدا کەڕێژەکەیان بەردەوام لەزیادبوندایە.

٤- وەك باس کرا سەرچاوەیەکی باشە بۆ کۆکردنەوەی ئاو و بەکارهێنانی لەکاتی پێداویستیدا بەتایبەت لەو ناوچانەی کەبڕی باران بارین کەمترە, کەسەرجەم بەنداوەکانی کوردستان ڕەچاوی ئەم خاڵانەیان کردووە, ئەویش بەهۆی جیاوازی بڕی باران بارین

لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی ترو لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، کە ئەمەش بەردەوام توشی مەترسی لەناوچونی کشتوکاڵی لێ دەکرێت بەهۆی کەمی ئاوی بارانەوە لەناوچەکەدا بۆ بەکارهێنانی کشتوکاڵ، بۆیە لەڕێگەی ئەم بەست و بەنداوانەوە مەترسی لەناو چونیان لێ ناکرێت چونکە لەوەرزە وشکەکان ئاوەکانیان بەکاردێنێت.

٥- بەست و بەنداوەکان کاریگەریەکی تەواوی هەیە لەسەر کەم کردنەوەی مەترسیەکانی لافاولەو ناوچانەی کە دروست دەکرێت، بەتایبەتی لەو وەرزانەی کەبڕی باران بارین زۆرە، بۆ نمونە بەنداوی دوکان کە لەسەر زێی بچوك دروست کراوە لەگەڵ ئەوەی چەندین ئامانجی دیار و گرنگی هەیە، بەڵام مەبەستی هەرە گەورە لەدروست کردنی ئەم بەنداوانەدا کۆکردنەوەی ئاوی ڕوباری زێی بچوکە، بەتایبەت لەکاتی بوژانەوە و زیادبونی ئاودا، بۆ ئەوەی بەشەکانی تری باشوری کوردستان ژێر ئاو نەکەون، کەبڕێکی زۆر ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە کەنزیکەی (٦-٨) ملیار مەتر سێجا ئاوی لەم بەنداوەدا کۆدەبێتەوە.

٦- خاڵێکی تری گرنگی بەست و بەنداوەکان لەهەرێمی کوردستان بریتیە لەدابین کردنی بڕێکی زۆر لەئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوان، کەئێستا لەهەرێمی کوردستان پشتی پێ دەبەسترێت و دەگەیەنرێتە شارەکان، بۆ نمونە ئاو لەدوکانەوە گوزراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی بۆ مەبەستی خواردنەوەی دانیشتوان و پێداویستیەکانی ڕۆژانە کەهۆکارە بۆ بەردەوام بونی چالاکیە مرۆیە جۆربەجۆرەکان لەناوچەکەدا، هەروەها لەڕووی تەندروستی پشکنینەوە تەوای بۆ کراوە کەهیچ کێشەیەکی نی یە بۆ خواردنەوەو بەکارهێنانەکانی تری ڕۆژانە.

٧- هەروەها کۆکردنەوەی ئاو لەناوچەیەکدا کەبەبەست وبەنداو ناسراوە سەرچاوەیەکی باشە بۆ بەرهەمی ماسی،چونکە لەڕێگەیەوە دەتوانین ماسی تێدا بەخێو بکرێت و بەرهەمێکی باشی لێوە دەست بکەوێت کەسەرچاوەیەکی سەرەکی خۆراکە بۆ ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان، هەروەها دەتوانین بەهۆی زۆر بەرهەمی ماسی چەندین پیشەسازی دابمەزرێنین لەناوچەکەدا وەك پیشەسازی لەقوتونان و ناردنە دەرەوەشی لەڕێگەی بازرگانی و ئەوەی کەزیادە لەدانیشتوان، تائێستا گرنگی بەم بەرهەمە نەدراوە کەسەرچاوەیەکی باشە بۆ دانیشتوان بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا تەنها کارێك کەحکومەتی هەرێم کردوویەتی بریتیە لەقەدەغەکردنی ڕاوەماوەسی لەسەرەتایی مانگی پێنجەوە بۆ نیوەی مانگی شەش، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ خزمەت گوزاریەکی بۆ دەست کەوتنی ئەم بەرهەمەو خستنە بواری پیشەسازی بەکارهێنانەوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرهەمەکە بەکاردەهێنن بۆ خواردنەوە بێ بچێتە بواری پیشەسازییەوە، ئەم بەرهەمە لەهەرێمی کوردستان زۆر بەکەمی بایەخی پێ دەدرێت

لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان چەندین بەنداوی گرنگی تێدایە بۆ بەرهەم هێنانی ئەم بەرهەمە وەك بەنداوەکانی (دوکان، دەربەندیخان) کەهەردووکیان نزیکەی (١٠) ملیار مەترسێجا ئاو دەگرێت و دەتوانرێت بە ملیۆنەها ماسی تێدا بەخێوبکرێت بۆ دەست کەوتنی داهاتێکی باش، جگە لەهەندێ بەست و بەنداوی تری بچوك و پێشنیار کراوە کەبڕێکی زۆر زیاتر ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە.


**خشتەی ژمارە (٣٢)**

**بەنداوەدروست کراوەکانی کوردستان و گرنگیەکەیان**

| بەنداو | شوێن | بەرزی بەنداوەکە بە مەتر | پاشەکەوت کردنی ئاو بە ملیار م3 | گرنگی |
|---|---|---|---|---|
| موسڵ | ٥٨کم لە باکوری شاری موسڵ دروستکراوە | ١٤ | ١٣,٧ | - بەکارهێنانی بۆ کشتوکاڵ لە کاتی کەمی ئاویدا بە تایبەت لەو وەرزانەی کە باران نابارێت (هاوین). |
| دوکان | لە دوری ٦٠کم لە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی دروست کراوە. | ١١٦ | ٦,٨ | - بۆ لایەنی گەشتوگوزار و پەرەسەندنی گەشتوگوزار بەهۆی ئەم بەنداوانەوە لە ناوچەکە زۆر |
| دەربەندیخان | لەسەر ڕوباری سیروان دامەزراوە. | ١٣٥ | ٣,٧ | زیادی کردووە. - بۆ بەرهەم هێنانی بڕێکی زۆر لە |
| حەمرین | لە خوار بەنداوی دەربەندیخان لەسەر ڕوباری سیروان لە ناوچەی مەنسور جەبەل لە چیای حەمرین بە دوری ١٢٠کم لە باکوری ڕۆژهەلاتی بەغدا دروست کراوە. | ٢٢ | ٣,٩ | بەرهەمی ماسی کە خۆراکێکی سەرەکی دانیشتوانە. - بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا کە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە ساڵانی پێشودا. - بۆ مەبەستی دابین کردنی ئاوی |
| دهۆك | دەکەوێتە سەر ڕوباری دهۆك لە باکوری شاری دهۆك. | ٥٢ | ٤٨ | خواردنەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان. |
| دوبز | دەکەوێتە سەر ڕوباری زێی بچوك لە نێوان وێستگەی کارەبای دوبز و شارۆچکەی پردێدا. | — | — | - بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکانی لافاو بە تایبەت لەو ناوچانەی کە دەکەونە خوار بەنداوەکانەوە. |

## خشتەی ژمارە (٣٣)
## ناو و شوێن و جۆری بەنداوە پێشنیار کراوەکانی هەرێمی کوردستان

| بەنداو | شوێن | جۆری بەربەست | بەرزی/ م | عەمباری بە ملیۆن/ م |
|---|---|---|---|---|
| عوزێم | ڕوباری عوزێم | بە بەرد پڕکراوە | ٦٥ | ١,٢٧ |
| کەوڵۆس | ڕوباری چەقان | بە بەرد پڕکراوە | ٦٠ | ٨٣ |
| باکوری عوزێم | لقەکانی عوزێم | – | – | – |
| ڕەزگە | باشوری هەریر | بە بەرد پڕکراوە | ٥٠ | ٤٠ –٤٥ |
| جەمرگە | ڕۆژهەلاتی هەولێر | بە بەرد پڕکراوە | ٣٨ | ٢٠ |
| ئەڵوەند | ڕوباری ئەڵوەند | بە بەرد پڕکراوە | ٤٠ | ١٥٠ |
| شەدەڵە | ڕوباری تابین | بە بەرد پڕکراوە | – | – |
| شەقلاوە | دۆڵی شەقلاوە | بە بەرد پڕکراوە | ٤٥ | – |
| باسەرە | چەمی باسەرە | بە بەرد پڕکراوە | ٥٠ | ١٠٠ |
| تۆبزاوە | کۆیە | بە بەرد پڕکراوە | – | – |
| چەق چەق | سەرچنار | بە بەرد پڕکراوە | ٦٠ | ٢٢ |
| شاور | نزیل ڕانیە | – | – | – |
| زاخۆ | ڕوباری خاپور | بە بەرد پڕکراوە | ٣٠ | – |




نەخشەی ژمارە (٣٨)
سامانی ئاوی لە هەرێمی کوردستان

# سەرچاوەکان

١- هاوڕێ ياسين محمد ئەمين, لێكۆڵینەوەيەك لە جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق, چاپی یەکەم, سلێمانی, ٢٠١١.

٢- ئیبراهیم ئیبراهیم شريف,وە/ خلیل كريم محمد و ئەحمەد علی ئەحمەد, جوگرافیای کەش, چاپخانەی پیرەمێرد, چاپی یەکەم, سلێمانی, ٢٠١١.

٣- حسام الدين جاد,وە/ محمد چيا, جوگرافیای ئاسان, چاپخانەی چوارچرا, چاپی یەکەم,٢٠١١.

٤- د. علی ئەحمەد خانم, وە/ گۆران ڕەشید ئیمامی, جوگرافیای ئاووهەوا, پرۆژەی تیشك,چاپی یەکەم,٢٠٠٩.

٥- د. عەبدولا عەتەوی, وە/ د. جەزا تۆفیق تالب و ئەحمەد علی ئەحمەد, دەوڵت و كێشە نێودەوڵەتیەکان,چاپخانەی ڕەنج, چاپی دووەم, سلێمانی,٢٠٠٧.

٦- محمد حسن سەرگەینێلی, گەردوونناسی لە سایەی قورئان و فەرمودەدا, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, چاپی یەکەم,هەولێر,٢٠٠٨.

٧- محمد حسن, زەوی ناسی, چاپی یەکەم, هەولێر, ٢٠١٣.

٨- پ.ی .نەقشبەندی، ئازاد ئەمین، جوگرافیایی کەش وهەوا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٩- دلشاد هەورامی, گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست,کتێبی دووەم, لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان, سلێمانی,٢٠٠٧.

١٠- حمە ڕەشید نادر هەورامی,کوزارە,پرۆژەی تیشك,چاپی دووەم,٢٠٠٩,سلێمانی.

١١- میقداد علی ئەحمەد, ڕێبەری بابەتە کۆمەڵایەتیەکان(بەشی جوگرافیا), چاپخانەی زانا,چاپی یەکەم,سلێمانی,٢٠١٢.




نرخی شەش هەزار دینار

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا